گەلاوێژی نوێ

گۆڤاڕێکی ئەدەبی و ڕووناکبیریی

بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژە

ژمارە (24-23) ساڵی 2001

ئازادی .. داهێنان .. ئەقڵانیەت

خاوەنی ئیمتیاز:

بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ

سەرنووسەر:

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری نووسین:

لەتیف هەڵمەت

دەستەی نووسەران:

عەتا قەرەداغی سەلاح محەمەد

سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید

مۆنتیاژ: ستار قادر

پەیوەندی لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبێت

ژمارە یەکی گەلاوێژی نوێ لە (مایسی ۱۹۹۷)دا دەرچووە

ناونیشان: سلێمانی — شەقامی سالم — بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ ٢٣٨٥٦

کلیلی گەلاوێژی نوێ لەسەر ئینتەرنێت: http://home.bip/hawre/

پەیوەندی کردن لەهەندەرانەوە: سەنتەری سلێمانی (تەلەفۆن ٠٠١٢١٢٨٩٦٣٣٠٤) (فاکس ٠٠١٢١٢٨٩٦٣٣٠٥)

تایپی کۆمپیوتەر: سوڵماز ناسر — مۆنتاژو فەرزو ئۆفسێت: (جلیل حسین) چاپخانەی داناز — چاپی بەرگ: ئۆفسێتی دلێر

نرخ بۆ ناو وڵات (١٠) دینار — بۆ هەندەران (٧) دۆلار

بابەتەکانی ئەم ژمارەیە	لاپەڕە

کاوە حاجی عزیز ٣
پێنجەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ
ڕێبوار سیوەیلی ٧
لەستایشی (کە)دا
شاهۆ سەعید ٣٨
ئاوێزانی ئافرەت‌و سروشت دەربارەی گوتاری هاوشوناسی لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا
ناصر باباخانی ٦٠
چەند لایەنە قۆناغێکی نوێ لەشیعری کوردیدا
کەمال مەعرەف ٧٥
کێشەی دزیی ئەدەبی
نەجم ئەڵوەنی ٨٧
جوگرافیای دەق
بەهات حەسیب قەرەداغی ١٠٩
کۆچی گەنجی کورد بەرەو هەندەران
فەرهاد پیرباڵ ١٣١
زارو مارەکان
ئاکۆ کەریم مەعروف ١٥٢
مەملەکەتی تاریکی
خالد خاکی ١٥٧
مۆنالیزا لەچاوی منەوە فرمێسک ئەبارێنێ
دانا فایەق ١٦٠
نهێنیەکانی ئەودیو وێنەی ژەنراڵ
سەمەد ئەحمەد ١٦٣
بەیەک گەیشتنی حەزەکان
زەینەب یوسفی ١٦٨
نیوەی ون بوو
سیامەند هادی ١٧٤
گەڕانەوەی پیاوێک لەتاریکیدا
منصور حامیدی ١٧٨
سنووری فەرامۆشی
کاوە حاجی عەزیز ١٨١
دیدارێک لەگەڵ دکتۆر کەمال مەعروف
سەلاّحە رەش ١٨٩
عەشقنامەی شاعیرێکی سپی
وریا جلی زاد ١٩٦
دەستەکانی ئاشوب
فوزیە سوڵتان بەگی ٢٠١
سەفەر
عیرفان مستەفا ٢٠٧
گەڕانەوە بۆ ڕۆشتنی با
هەورامان وریا قانع ٢١٨
سەلامێک بۆ نیشتمان
سەلام مستەفا ٢٢٥
تەرمێک لەولای نیشتمان
عیرفان ئەحمەد ٢٣٧
لەرینەوەی پەردەکانی شەو

ڕاپرسی ٢٤٢
ڕۆشنا ئەحمەد
ئافرەت لەنێوان عەقڵ‌و جەستەدا ٢٤٨

ئا: کاوە حاجی عەزیز

پێنجەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ

سەرلە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ۲۰۰۱/۱/۱۵ بە ئامادەبوونی بەڕێز مام جەلال و بەڕێز کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ی.ن.ک و ئەدیبان و ڕووناکبیرانی سلێمانی و هەولێر و گەرکوک و ئێران، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ بە دروشمی {وروژاندنی پرسیارەکانی داهێنان ڕامان لە ئاسۆی ئایندەمان} لە هۆڵی دیالۆگ پێنجەمین فێستیڤاڵی سالانەی خۆی سازکرد. سەرەتا بەڕێز مەلابەختیار بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و سەرپەرشتیاری گشتی فێستیڤاڵ لێدوانێکی کورتی لەسەر ڕەوتی فێستیڤاڵ پێشکەش کرد کە تیایدا جەختی لە سەر ئەوە کرد کە مەوداکانی ئازادی و سەربەستی تەواو هەبووە لە بەشداری کردنی فێستیڤاڵدا و هیچ بەرهەمێك سانسۆری لە سەر نەبووە، دواتر داوای لە بەڕێز مام جەلال کرد کە وتەیەک پێشکەش بە ئامادەبوان بکات. بەڕێزیش وێڕای سوپاس وتەیەکی مێژوویی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد کە تیایدا مژدەی ئاشت بوونەوەی گشتی ڕاگەیاند و بۆ جارێکی تر دووپاتی کردەوە کە

سەرۆکی بنکەی ئەدەبی و رۆناکبیری گەلاوێژ لە لایەن بەڕێز رەئوف عوسمان سەرۆکی بنکەی خوێندرایەوە.

پاشان بروسکەی پیرۆزبایی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە لایەن شاعیری بەڕێز دڵشاد عەبدوڵڵا خوێندرایەوە، بە دوای ئەمەدا وتەی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری لە لایەن بۆ سەر عەبدوڵڵا قەرەداخییەوە پێشکەش کرا بە دوای ئەم بروسکانەدا بەڕێز د.ئیحسان فوئاد جێگری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی وتەیەکی بەو بۆنەیەوە خوێندەوە پاشان بەرنامەی فێستیڤاڵ دەستی پێکرد، سەرەتا هەریەك لە شاعیران جەوهەر کرمانج و هاشم سەراج وەك میوانی فێستیڤاڵ شیعریان خوێندەوە.

دوای نێوەڕۆی هەمان ڕۆژ یەکەمین دیداری (کامەران موکری) بۆ شیعر دەستی پێکرد کە تێیدا هەریەك لەم شاعیرە بەڕێزانە شیعریان خوێندەوە (ئیسماعیل بەرزنجی، عیرفان ئەحمەد، مدرك زاڵی، فەوزیە سوڵتان بەگی، سەلام مستەفا، عەبدوڵڵا ئەحمەد) ئەم دیدارە شیعریە لە لایەن خاتوو (لەیلا عەلی)یەوە بەڕێوە دەچوو شیاوی باسە بەڕێز بەهزاد کوردستانی وەك میوان بەشداری خوێندنەوەی شیعری کرد.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ١/١٦ دووەمین دیداری ئومێد ئاشنا بۆ شیعر سازکرا و هەریەك لەم بەڕێزانە بەشداریان تیادا کرد (وریا جەلیزادە، لەتیف فاتح فەرەج، عیرفان مستەفا، ڕۆژهەڵەبجەیی، دڵشاد ئەحمەد، رەنج شوکر توفیق). بەڕێز یاسین قادر بەرزنجی کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد.

سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژیش دیداری سێیەمی (مەستوورەی ئەردەڵانی) بۆ شیعر سازکرا و هەریەك لەم شاعیرانە شیعریان تیاخوێندوە (عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، محمد کوردۆ، لەیلا عەلی، موحسین ئەدیب، هەورامان وریا قانع، سەڵاحە ڕەش، ڕوبار عەبدول لەتیف، ئیدریس عەلی) بەڕێز حەمید عەبدوڵڵا بانەیی کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد.

سەرلە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠١/١/١٧ یەکەمین دیداری (شەهید شاکر فەتاح) بۆ چیرۆك دەستی پێکرد ئەم چیرۆك نووسە بەڕێزانە بەشداریان تیادا کرد (خالد خاکی لە سەقز، سەمەد ئەحمەد لە کەرکوك، ئاکۆ کەریم مەعروف لە سلێمانی). هاوکات بۆ بەڕێز پشتیوان گوڵپی کۆڕەکەی بەڕێوەدەبرد.

دوانیوەڕۆش دووەمین دیدار دەستی پێکرد و هەریەك لەم بەڕێزانە چیرۆکیان خوێندەوە (دانا فایق لە سلێمانی، د.فەرهاد پیربااڵ لە هەولێر، زەینەب

یوسفی له سنه). بـرای بـه‌ڕێز پێشـڕه‌و حسـێن ئـه‌م دیداره‌ی به‌ڕێوه ده‌برد.

سـێیه‌مین دیـدار کـه لـه ڕۆژی پێنـج شـه‌ممه ٢٠٠١/١/١٨ سه‌ر له بـه‌یانی ده‌سـتی پێکـرد ئـه‌م به‌ڕێزانه به‌شداربیان تیـدا کرد (مه‌نسـور حـامدی لـه مه‌هاباد، سیامه‌ند هادی له سلێمانی، حه‌سه‌ن نـازدار له هه‌ڵه‌بجه) چیرۆکنووس کـاك محمـد ره‌شید فـه‌تاح وه‌ك میـوان چـیرۆکێکی خوێنـده‌وه شـیاوی باسـه شاعیری به توانا سه‌ڵاح محه‌مه‌د ئه‌م دیداره‌ی ده‌بـرد به‌ڕێوه.

سه‌ر له ئێـواره‌ی هـه‌مان ڕۆژ دیداری لێکۆڵینه‌وه بـۆ د.کـامیل به‌سـیر ده‌سـتی پێکـرد ئـه‌م دوو بـه‌ڕێزه بابه‌تیان تیا پێشکه‌ش کرد ناسر باباخانی لـه بوکـان بابه‌ته‌که‌ی بـه ناونیشـانی (شـێوازی چـه‌ند لایه‌نـه ڤۆنـاغێکی نـوێ لـه شـیعری کوردیـدا) شـیاوی وتنـه ئاماده‌کاری ئـه‌م ریپۆرتـاژه بابه‌ته‌که‌ی خوێنـده‌وه. دووه‌م بابـه‌ت بریتـی بـوو (لـه ستایشـی کـه‌ردا) کـه ڕێبوار سیوه‌یلی ئاماده‌ی کردبوو. شیاوی باسـه ئـه‌م ئێواره کۆڕه برای به‌ڕێز کاك حه‌مید عه‌بدوڵڵا بانـه‌یی به‌ڕێوه‌ی ده‌بـرد و گفتوگۆیـه‌کی تێروته‌سـه‌لی له‌سـه‌ر بابه‌ته‌که‌ی کاك ڕێبوار کرا.

سـه‌رله‌به‌یانی ڕۆژی هـه‌ینی ٢٠٠١/١/١٩ دووه‌مـین دیدار بۆ ئه‌م به‌ڕێزانه سازکرا که ئه‌م دوو بابه‌ته‌ی تیا خوێندرایه‌وه دزیی ئـه‌ده‌بی لـه لایـه‌ن دکتـور کـه‌مال مه‌عروف، کۆچی گـه‌نجی کـورد بـه‌ره‌و هـه‌نده‌ران لـه لایه‌ن به‌ڕێز به‌هات حه‌سیب قه‌ره‌داخی. ئه‌م کۆڕه لـه لایه‌ن سالار گوڵپی‌یه‌وه ده‌برابه‌ڕێوه.

سه‌ر له ئێـواره‌ی هـه‌مان ڕۆژ دووبابـه‌ت پێشـکه‌ش کران یه‌که‌میان له لایه‌ن کاك شاهۆ سه‌عیده‌وه بوو به ناونیشـانی (ئـاوێزانی ئـافره‌ت و سروشـت لـه شـیعره‌کانی شـێرکۆ بێکه‌سـدا) هـه‌ڵگری بـه‌ڕێز مه‌لابه‌ختیار وه‌ك میوانێك به‌شداری له‌م فێستیڤاڵه‌دا کردو بابـه‌تێکی گرنگـی تیـا پێشـکه‌ش کـرد کـه مشتومرێکی زۆری لێکه‌وته‌وه ئه‌م کـۆڕه‌ش لـه لایـه‌ن کاوه حاجی عه‌زیزه‌وه به‌ڕێوه چوو.

سـه‌ر لـه بـه‌یانی ڕۆژی شـه‌ممه چواره‌مـین دیـدار ده‌ستی پیکرد که هه‌ریه‌ك له‌م به‌ڕێزانه بابـه‌تیان تیـا خوێنده‌وه: (جوگرافیای ده‌ق: نه‌جم ئه‌ڵوه‌نی، دڵشاد مسته‌فا: یـاده‌وه‌ری بینـین، سـه‌ڵاحه‌دین ئاشـتی: خه‌یام و چوارینه‌کانی) ئه‌م دیداره‌ش به‌ڕێز عـه‌بدوڵڵا ئه‌حمه‌د بـه‌ڕێوه‌ی ده‌برد.



پـاش نیـوه‌ڕۆی ڕۆژی ٢٠٠١/١/٢٠ خه‌ڵاتـکـان دابه‌شکران و ناوی خـاوه‌ن خه‌ڵاتـه سـه‌رکه‌وتووه‌کان ئاشـکرا کـرا. سـه‌ره‌تا کـاك لـه‌تیف هه‌ڵمـه‌ت وتـاری لیژنـه‌ی هه‌ڵسـه‌نگاندنی شیعری خوێنده‌وه

که بریتیی بوو لە بەڕێزان: فەرەیدون بەرزنجی، سەلاح محەمەد، د.دڵشاد عەلی، لەتیف هەڵمەت.

پاشان بەڕێز محەمەد رەشید فەتاح وتاری لێژنەی هەڵسەنگاندنی چیرۆکی خوێندەوە کە بریتیی بوو لە بەڕێزان: مستەفا سالّح کەریم، عومەر مارف بەرزنجی، عبدالله تاهیر بەرزنجی، محەمەد رەشید فەتاح.

وتاری لێژنەی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوە لە لایەن بەڕێز د. محەمەد دلێر خوێندرایەوە. لێژنەکەیش پێکهاتبوو لە بەڕێزان: دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ، سامی هادی، عبدالله تاهیر بەرزنجی، رەئوف عوسمان، دکتۆر محەمەد دلێر ئەمین.

چالاکیەکانی نێو فێستیڤاڵ:

(١) کردنەوەی پێشەنگای شیعرو شێوە بەناونیشانی (مردنی ئەندازەیی پەنجە شێتەکانی شەیتان) بۆ برای شاعیر (فەرید زامدار).

(٢) پێشاندانی بیبلۆگرافیای چاپەمەنی و راگەیاندنەکانی کوردستان ئامادەکردنی: کاوە حاجی عزیز.

(٣) پەردە لادان لەسەر پەیکەری شاعیری ناودار (سالم) بەهاوکاری رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان (ناوەندی چالاکی لاوان).

(٤) پیشان دانی فیلمی کۆتاییەکان کە لە دووەمین فێستیڤاڵی کورتە فیلمدا حەوت خەڵاتی تایبەتی پێبەخشراوە و بەرهەمی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان بووە.

(٥) هەر لەم فێستیڤاڵەدا خەڵاتی تایبەت بەم لایەن و بەڕێزانە پێشکەش کرا:

١. تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.
٢. کەنالّی ئاسمان کوردسات.
٣. تەلەفزیۆنی خاك.
٤. تەلەفزیۆنی سۆسیالیست.
٥. تەلەفزیۆنی ئازادی.

٦. تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان.
٧. رۆژنامەی کوردستانی نوێ.
٨. رۆژنامەی هەڵوێستی کوردستان.
٩. بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ ــ لقی کەلار.
١٠. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

هەریەك لەم بەڕێزانەی خەڵاتیان وەرگرت:

أ.ئەحمەد محەمەد وەك شاعیرێکی لێرکی کە زۆرترین بەرهەمی لەو بوارەدا نوسیووە.

ب.موحسین ئاوارە ــ شاعیر.

ج.رۆستەم باجەلان ــ شاعیر.

شیاوی باسە ئەم دوو بەڕێزە وەکو دوو شاعیری حەفتاکان رێزیان لێنرا.

(٦) وەزارەتی رۆشنبیری چوار خەڵاتی تایبەتی ئامادەکردبوو ئەویش بەم شێوەیە:

سێ خەڵاتی تایبەت بۆ هەریەك لەم ئەدیب و شاعیرە کۆچ کردووانە:

(حمە سالّح دیلان، ع.ح.ب، جەلال تەقی.)

هەروەها خەڵاتێکیشی پێشکەش بە برای بەڕێز ئازاد جوندیانی کرد کە زۆربە بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە لە رۆژنامەی هەرێمی کوردستان.

خەڵاتەکانی لێکۆڵینەوەی پێنجەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژی ساڵی ٢٠٠١

١. خەڵاتی یەکەم بۆ دەقی (لە ستایشی کەردا)ی رێبوار سیوەیلی.

٢. خەڵاتی دووەم بە هاوبەشی بۆ ئەم دوو دەقە:

أ. ئاوێزانی ئافرەت و سروشت ـ شاهۆ سەعید.

ب. شێوازی چەند لایەنە قۆناغێکی نوێ لە شیعری کوردیدا نووسینی ناسر باباخانی.

٣. خەڵاتی سێیەم بۆ:

أ. دزیی ئەدەبی ـ دکتور کەمال معروف.

ب. جوگرافیای دەق نووسینی نەجم ئەلوەنی.

ج. کۆچی گەنجی کورد بەرەو هەندەران نووسینی بەهات حەسیب قەرەداغی.

٤. خەڵاتی تەقدیری بۆ ئەم دوو بابەتە:

أ. خەیام و چوارینەکانی نووسینی سەلاحەدین ئاشتی.

ب. یادەوەری بینین نووسینی دڵشاد مستەفا.

ڕێبوار سیوەیلی:

لە ستاییشی (کەر) دا

(بە ئینسانکردنی حەیوان لە جیهانبینی نالی دا)

ناوەڕۆک:

پێشەکی

- عاقڵ و کەر

یەکەم: مێژووی کەر

- ئەدەب و کەر

دووەم: بە دەنگهاتنی کەر

سێهەم: بیرکردنەوە لە حەیوان

چوارەم: کەری ناو مرۆڤ، مرۆڤی ناو کەر

پێنجەم: بیرکردنەوە بە شیعر

- تێڕوانینی ئامرازگەرایانە لە سرووشت

- پەراوێز و سەرچاوەکان

پێشەکی:

((عاقڵ)) و ((کەر))

لە واقیعی هەموو کولتوورەکانی مرۆڤایەتیدا کەر ئاژەڵێکی بە کەم گیراوی بێزراوە، مرۆڤ بە درێژایی مێژووی ئاگایی خۆی، لەو کاتەوە خۆی وەکو کائینێکی ((عاقڵ)) ناسیوە و دووچاری وەهمی خۆ بەگەورەترزانی بووە لە ئاست گیاندار و سرووشتدا، بەشێکی زۆری عەقڵی خۆی بەکارهێناوە تا خۆی لەوانە جیابکاتەوە و هەموو هەوڵێکیش بدات لە کەر نەچێت. کەر لەبەردەمی مرۆڤدا سنووری ناعاقڵی و دەبەنگی و بە هەموو شت رازیبوونە و مرۆڤ هەرچییەک بێت نابێت بهێڵێت بچێتە، یان بخرێتە خانەی کەرەوە. گرێی نەبوون بە کەر، یا خود بەکەر نەبوون و وەک کەر لێنەهاتن و بەکەر بانگ نەکردن، هەڕەشەی نەنووسراوی هەر کولتوورێکە بۆ سەر

ئەندامەکانی خۆی لە کاتێکدا ئـەو ئەرکانـە جێبـەجێ ناکـەن کـە لێیـان چـاوەڕێ دەکرێـت، یـا خـود وەکـو ئەرکی دانپیانراو و پەسەند کراو پێناسە دەکرێن.

ئێمـە لـە زمـانی رۆژانـەی خۆمـاندا چـەندین دەستەواژەمان هەیـە کـە لـە پشـتیانەوە ئـەو هەڕەشەیە خۆی شاردۆتەوە و بـە وشـەی کـەرو وەک کـەر وایـە و گوێدرێـژ و کەرسـیفەت و کـەرتڕ و کەرەبەرەڵڵا و کەری لات و کەری گەڕ و کـەری بـار و کـەری تەممـەڵ و هتـد. رازێنراونەتـەوە. ئـەم دەستەواژانە پێـش هـەموو شـتێ رەنگدانـەوەی ئاستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و شارستانین کە هیچ بەهایەکی بۆ مرۆڤ و فەردانیەت تێدا نییە، هـەروەها ئیشـکردنی عـەقڵ و تـێڕوانینێکن کـە یاسـایەکی مەدەنیانـەی نیـە بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئاکـار و هەڵسـوکەوتی ئەندامـەکانی نـاو کۆمەڵگاکـەی. لێرەشـەوە، ژیـانی رۆژانـەی هـەر یـەکێ لـە ئێمـە هەوڵدانێکی بەردەوامە تاکو کەسـایەتی و جموجـووڵ و چالاکیەکانمان لەبەر حوکمی ئەو دەربڕینە زمانی و نیشانە سایکۆلۆژییەکانیاندا هەڵنەسەنگێنرێت. ئێمـە نـابێت بـەیڵێن وەک کـەر حسـابمان بـۆ بکرێـت، نـەک لەبەر ئەوەی مافی ئینسانیمان پارێزراوبێت، بەڵکو لە بـەر ئـەوەی ئـەو مافانـەش لـە دەسـت نـەدەین کـە پارێزگاریمان لێکردوون.

بەڵام کەر لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا چییـە بێجگـە لـە گیاندارێکی زەحمەتکێش و بێماف و مـاندوو، کـە بـە درێژایـی ژیـانی خزمـەتی بەشـەری کـردووە و ملـی چەوسـاندنەوەی لـە بـەردەمی زەبـری دەسـەڵاتی مرۆڤـدا کـەچکردووە؟ ئایـا نـاکرێت لەبـەر رۆشـنایی رەفتاری مرۆڤ لەگـەڵ ئـەم گیانداڕەدا، گـەڵێ گرێـی سـایکۆلۆژی و کەسـایەتی خـودی ئـەو مرۆڤـەمان بـۆ دەرکـەوێ؟ مەگـەر مێـژووی کـەر چییـە بێجگـە لـە مێژووی کەم توانایی مرۆڤ بۆ بیرکردنەوەی لە ژیانی ئەم گیانداڕە و مێژووی فەرامۆشکردنی مافەکانی ئەم گیانداڕە لە چاو گیانداڕەکانی تردا، بۆ نمونە ئێستر، ئەسپ و مایین کە نزیکترین ئاژەڵن لە کەرەوە، چ لـە رووی خێزانـەوەو چ لـە رووی ژینەتیکییـەوە!؟ ئـەو هەموو مەراییەی ئینسان بـۆ هێسـتری دەکـات و ئـەو هـەموو پیاهەڵگوتنـەی لەسـەر ئەسـپ و ئـەو هـەموو خـاوێنی و بەرەکەتـەی بـە مـاینی بەخشـیوە لـە چییـەوە هـاتووە؟ ئەگـەر لـە هـەمان کـاتدا لەسـەر حسـابی چەوسـاندنەوەی بـەردەوامی کـەرەوە نـەبووبێ؟ بۆچـی بـە دیـاری نـاردنی ئەسـپ لـە سوڵتانێکەوە بۆ سوڵتانێك مایەی شانازیی بووە و بە دیاری ناردنی کەر مایەی شەرمەزاری و بەکـەمگرتن؟ بۆچـی سـەر دیوارەکـانی کۆشـکی مـیر و بـەگزادان و نەقشی سەر فەرشی هەڵواسراوی لادیواری دیوەخـان و ڕاڕەوی سەراکانی سوڵتان بە دیمەنی ئەسپ و شێر و پڵنـگ و هتـد. رازێنراوەتـەوە و کـەر بـە تـەواوی تیایاندا نادیارە؟ ئایـا بەڕاسـتیی لەپشـت هـەموو ئەمانەوە ترس لەکەر، ترس لە ئیمازی مرۆڤ بۆ کـەر و کەرایەتی، خۆی نەشاردۆتەوە؟.. ئایا ئـەوە عـەقڵ نیـە کـە بـەردەوام حوکمـی کـردووە مـرۆڤ بەشێکی زۆری وزەی خۆی بۆ خۆ بەدوورگرتن لە کەر تـەرخان بکات؟

بە کورتی: لە کۆیدا عـەقڵ ئامادەبووبـێ، تـرس لـە کـەر ئامـادەبووە و لەوێشدا وێنـەی مـرۆڤ بـۆ کـەر وێنەیـەکی خـراپ و بەکـەمزانراو بـووە، سـنوورێکی دەروونـی بـووە بـۆ ئـەوەی بەهۆیـەوە خۆمـان لـە سـەرچاوەی ترسـەکەمان جیابکەینـەوە. کـەریش لـە واقیعـدا هـەر وەکـو ئاژەڵـە بێنـازە بـێ کەسـایەتی و مەندەکە ماوەتەوە.

بەکـەم:
مێژووی کـەر

کـەر یـەکێ لـە کۆنـترین ئاژەڵـە مالیـیەکانـە، لـەوە ئەچێ مرۆڤ پێش شەش هەزار ساڵ بۆ یەکەمین جار لـە خـواروی زۆنگـاوی نیـل، لـە میسـر، کەوتبێتـە تێهـەڵدان و چەوسـاندنەوەی ئـەم ئاژەڵـە. سـەرچاوەکان ئـەوە باسـدەکەن کـە هـەر لـە دێرزەمانـەوە لـەو ناوچەیـەدا گوێدرێـژی بـەرەڵڵای ئـەفریقایی ژیـاون و مرۆڤـی ناوچەکـەش کەوتوونەتـە گرتنەوە و دەستەمۆکردنیان. هەندێك لە ئاژەڵناسـان

ئەو کەرەی عەقڵی خۆی بەکارهێناو رایکرد (ئیزۆب)

رایان وایە ئەم جۆرە گوێدرێژە بە باوکی هەموو جۆرەکانی ئەم ئاژەڵە لە دنیادا دائەندرێت.[1]

لە یۆنانی کۆندا، بە تایبەتی لە چاخی فەرمانڕەوایی (مایکینیەکان)ـەوە، کەر (*onos*) ئاژەڵێکی ناسراو بووە. لە چەند جێگەیەکی شیعرەکانی هۆمێری شاعیریشدا ناوی کەر و هێستر هاتووە[2]. نووسەرانی بابەتە کشوکاڵییەکان و مێژوونووسانی سرووشت، گرنگییەکی زۆریان داوە بە باسکردنی خەسڵەتەکانی ئەم ئاژەڵە لە پەیوەندیی بە ژیانی مرۆڤەوە، ئەمە جگە لەوەی ناوهێنانی کەر لە حەکایەت، کۆمیدیا و پەندی پێشینانی گریکیدا رۆڵێکی گرنگی هەیە. وەک چۆن ئێمە ئێستا لە ژیانی رۆژانەی خۆماندا چەندین جار گوێمان لێدەبێت کە خەڵک بەیەکتر دەڵێن: رێوی، بەراز، گۆلک وهتد. ئەوەو وشەی ((کەر))یش لە لای گریکەکان هەمان مانای میتافۆری هەبووە بۆ وەسفکردنی مرۆڤ و خەسڵەتەکانی. وێڕای ئەوەی کە یۆنانەکان لە بواری گواستنەوە، کشتوکاڵ و ئاشگێڕاندا سوودیان لە توانای گوێدرێژ وەرگرتووە، ئەوە تا ئەندازەیەکیش گۆشتەکەی خوراوە و شیرەکەشی وەک جۆری لە دەرمانی ئاراییش و خۆجوانکردن، بەکار هێنراوە[3].

گوێدرێژ لە لای یۆنانەکان نەک هەر تەنیا وەک ئاژەڵێکی سیفەت گەمژە و ((کەر)) بیری لێکراوەتەوە، وەک سوکراتی ئەفلاتوون لە گفتوگۆی فایدۆن ((پەرەگرافی: 81e 5)) ئاماژەی بۆ دەکات و سەرخۆشبوون و بەلەسەبوونی مرۆڤ دەشوبهێنێ

بە سیفاتەکانی کەر، بەڵکو بە ئاژەڵێکی فزوولی، سەرنجڕاکێش و لەڕووی جنسیشەوە بە ((ئیغراکەر)) ناوی براوە. ژمارەیەکی زۆر لە نەخشی هەڵکەنراوی سەر پارەی ئەو سەردەمە، بە روونی خەسڵەتی ئیغراکەرانەی ئەم ئاژەڵە بە هۆی پیشاندان و بەرجەستەکردنی ئالەتە زلەکەیەوە دەردەخەن.

لە کاتێکدا کەر لە لای گریکەکان بە پلەی یەکەم توانای جنسی و ئەمجا بە هۆی میزاجە نا ــ مۆسیقاییەکەیەوە، سەودا و مامەڵەی خراپ بەبیر دەهێنێتەوە، ئەوە لە لای میسرییە کۆنەکان سێمبوولی شەڕ و نەهامەتییە. لە لای یۆنانیەکانی شاری ئەسکەندەرییەش دەنگوباسی ئەوە هەبووە، کە گوایە یەهودییەکان خودای خۆیان لە شێوەی کەللەسەری گوێدرێژێکدا بەرجەستە کردووە. ئەم قسەیە هەر تەنیا زادەی ورده ناکۆکیی نێوان ئاینزا یۆنانی و یەهودییەکانی ئەو سەردەمە بێت، یاخود واقیعێکی مێژوویی، ئەوە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە تەورات و ئینجیل لە ئاستێکی نرخداردا باسی گوێدرێژیان کردووە[٤].

دەوروبەری چوارهەزار ساڵ پێش ئێستا، گوێدرێژە ماڵییە دەستەمۆکراوەکان دەبرێنە خواروی ئەوروپا و لەوێشەوە بە تەواوی جیهاندا بڵاودەبنەوە. لە چاخەکانی ئەوروپای ناوەڕاستدا، کە سەردەمی زێڕینی خوداناسیی کلاسیکی و غەرقبوونی موفەسیرە و مەسیحییەکانە لە ناو تێکستە ئایینیەکاندا، کەر بەختی لە هەموو کاتێ زیاتر بووە: نرخێکی زۆریان بۆ داندراوە و تەنانەت جەژنێکی تایبەتییان بە ناوی ((ئاهەنگی کەران))ەوە بۆ گێڕاون[٥]. بێگومان ئەمەش هەروەکو پێشتر نووسیم: لەبەر ئەوەی لە ((تەورات))دا، گوێدرێژ وەکو ئاژەڵێکی گرنگ باسکراوە کە لە لای خودا شوێنێکی تایبەتی هەیە. لە نامەی دووەمی ((پەترۆس))دا، ئایەتی {16,2}[٦]، تەورات رووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە تیایدا هاتووە، کە چۆن گوێدرێژەکەی حەزرەتی (بیلیام) کاتێ لە رێگایدا بەرەو شاری (بالاك) و لەدەرووی نێوان دوو شاخدا، سێ جار فریشتەی یەزدان دەبینێت و لە جێگەی خۆی دەوەستێت، بەبێ ئەوەی بیلیام لەمە تێبگات. کاتێکیش فریشتەکە لە بیلیام دێتە گۆ، گلەیی و سەرزەنشتی دەکات و پێی دەڵێ: ((ئەگەر ئەم حەیوانە گوێڕایەڵە نەدەبووە تکا کارت و یارمەتیدەرت، ئێستا ملت بەم شمشێرە پەڕێنرابوو چونکە تۆ فریشتەی یەزدانت نەبینی))[٧].

لێرەدا بە روونی دیارە کە تەورات جگە لەوەی سیفەتی گوێڕایەڵی بە کەر دەبەخشێت، ئاواش پلەی بەرز دەکاتەوە بۆ سەرئاستی رزگارکەری مرۆڤ، بەو پێیەی حەیوانێکە دەبینێت و لە ئاست فریشتەی یەزداندا گوێناداتە فەرمانەکانی مرۆڤ.

ئەدەب و کەر

جگە لە نیگارەکان، میناتۆرەکان، کتێب و نووسراوە مێژوویی و ئایینیەکان، لە ئەدەبیاتی گەلانیشدا کەر بەرجەستە بووە و باسیکراوە، بەڵام وەنەبێ لەوێش حاڵی باشتر بێت.

چیرۆکەکانی ئیزۆپ، کە یەکەمین کەسێکە حەکایەتی بچووك بچووکی سیحراوی لەسەر ئاژەڵان بۆ گێڕابینەوە، هەوڵدانی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵی بەر لە ئێستای مرۆڤن تاکو پتر لە ژیان و دیاردەکانی ناوی تێبگات. ئیزۆپ دنیایەکی سەرسوڕهێنەر و پڕ لە زیندوویی هەیە و بە شێوەیەك حەکایەتەکانی دەباتە ئاستێ، کە تا ئێستاش بەلامانەوە سەرنجڕاکێش بن. یەکێ لەو فیگەرانەی ئیزۆپ ئیشی لەسەر کردووە ((گوێدرێژە)) و حەکایەتی ((کەر و هێسترى لوتبەرز))، ((ئەو کەرەی کەوڵی شێرى کرده بەر)) و ((ئەو کەرەی خۆی دەرباز کرد)) لە بەناو بانگترین ئەو حەکایەتانەن[٨].

لەم حەکایەتانەدا کەر ئاژەڵێکی ماندووی سادەیە و ئەرکی خۆی بە زیادەوە جێبەجێدەکات و خۆی ناخاتە ریزی ((هێسترە لوتبەرزەکان))ەوە کە بە شانازییەوە دەچن بۆ بەرەکانی جەنگ و لەوسەرەوە بە لاتی و تێکشکاوی دەگەڕێنەوە، یان ئاژەڵێکە لە ژێر ستەم و جەوردا بیر لە گۆڕینی ((ناسنامە))ی خۆی دەکاتەوە و کەوڵی شێر لەبەر دەکات، بەڵام

ئاشکرا دەبێت و ریسوا دەکرێ، یاخود لەو کاتەدا دوو مرۆڤ دەیبینن و دەکەونە شەڕ لەسەر ئەوەی کەرەکە بۆ کامیان بێت، ئەم ((عەقڵی خۆی)) دەخاتە کار و زیرەکانە فرسەت دەهێنێ و لە دەستیان رادەکا!

بەهەر حاڵ لەلای ئیزۆپ کەر بۆ خۆی وەک ئاژەڵێك جێگەی مەبەست نیە، خودێکی نییە، بەڵکو فیگەرێکە، نمونەیەك و پارسەنگێکە بەدەست راوییەوە بۆ روونکردنەوەی پلەی داکەوتنی عەقڵی مرۆڤ و نیشاندانی ملکەچی و هەندێجار یاخیبوونیش بەکار دەهێنرێت، بەبێ ئەوەی خودی ئەم ئاژەڵە ببێتە جێگەی سەرنجی ئیزۆپ.

کۆنترین دەقێکی نووسراوی ئەدەبیی کە بە تەواوی بۆ کەر تەرخان کرابێ، یاخود باسی ئەم گیاندارەی تیا هاتبێ، بریتیە لە داستانی ((مەسخبوونی لوکیۆس)) یان (*Lukius Metamor-fose*)ی نووسەرێکی نەناسراوی سەردەمی ئیمبراتۆریەتی رۆمانی. ئەوەی لەم بەرهەمە ماوەتەوە، بریتیە لە دوو دەستنووسی لەبەرانووسراو، یان کورتکراوەی بەرهەمە سەرەکییەکە، کە یەکێکیان بە ناوی ((کەری ئاڵتوونی))یەوە ناوبانگی رۆیشتووە و نووسەرەکەیشی ناوی (ئەپولیتووس) بووە، ئەپۆلیتووس نوسەرێکی رۆمی بووە و لە ساڵی 125ی زایینیدا لە شاری (مداورۆج)ی جەزائیری ئێستادا، کە ئەو دەم لە ژێر دەسەڵاتی رۆمییەکاندا بووە، هاتۆتە دنیاوە [9] لە تەمەنی لاویدا هاتۆتە قورتوبە، کە ئەودەم سەنتەرێکی رۆشنبیریی بووە و پاشان بەرەو ئەسینا رۆیشتووە تاکو ((فەلسەفەی ئەفلاتوون، مێژووی سرووشت، هەندەسە، ئەستێرەناسی، یاسا، مۆسیقا، شیعر)) و لە هەموشیان گرنگتر هونەری ((رەوانبێژی)) یان ((ئاخاوتن)) بخوێنێ.

بەسەرهاتەکانی ناو داستانی ((کەری ئاڵتوونی)) رەنگدانەوەی هەموو ئەم لایەنە زانستیانەیە و ئەنجامی سەفەرەکانی نووسەرن بەناو مەڵبەندە جیاوازەکاندا، وەک گوتاربێژێکی گەڕیدە و لێزان و خاوەن حیکمەت لە کۆکردنەوە و پێکەوە بەستنی مەبەستدارانەی رووداوەکان.

کورتەی ئەم نووسراوە دەگمەنە ئەوەیە، وەک نووسەرەکەی راستەوخۆ نووسیویە: ((خوێنەرانی هێژا: من لەم حەکایەتانەدا چەند بەسەرهاتێکی جیاواز پێکەوە کۆدەکەمەوە، تاکو بە جۆرێ دایانبڕێژمەوە کە جێگەی چێژ بینینی تۆ بێت. لێرەدا گوێ بیستی بەسەرهاتی مەخلوقاتی سەیرو سەمەرەو مرۆڤەکان دەبیت، کە چۆن بە سەرسوڕهێنەرترین شێوە مەسخ دەبن بۆ ئاژەڵ و دەشبنەوە بە خۆیان)) [10].

یەکێك لەو مرۆڤانەش کە مەسخ دەبێ و دەبێتە گوێدرێژ، قارەمانی رۆمانەکە خۆیەتی و ئێمە هەموو بەسەرهاتەکان لە روانگەی ئەمەوە گوێ بیست دەبین. قارەمانێ کە بە شێوە گوێدرێژە و بە بیرکردنەوە مرۆڤ و ئەمەش گێڕانەوەکانی هێندەی تر شیرینەکات.

هەر بە شوێنپێی کارەکەی (ئەپۆلیتووس)دا، نووسەرێکی دیکەی نەناسراو، هەستاوە بە کورتکردنەوەی هەمان داستان و لە هەمان کاتیشدا کەمکردنەوەی رەهەندە ئایینیەکەی، کە بەناوی ((گوێدرێژێك))ەوە بە ئێمە گەیشتووە [11]. قارەمانی ئەم دەقە کورتکراوەیە، {بەڵام لە گەلێك رووەوە جیاواز لە دەقی ((کەری ئاڵتوونی))} گەنجێکی دەوڵەمەندە بە ناوی ((لوکیوس)) و خەڵکی شاری ((پاترای)) رۆمانییە. لوکیوس لەسەر سەفەری بازرگانییە و باوکی، (کە کابرایەکی سیاسەتمەدارو دەوڵەمەندە)؛ داوای لێدەکات لە سەفەرەکەیدا نامەیەکی بۆ بگەیەنێتە یەکێ لە هاوڕێکانی کەلە شاری (هەیپاتا)ی جادووبازان و سیحربازانی وڵات دەژی. کاتێ لوکیوس دەگاتە ئەوێ و فریوی عەشقی کارەکەری هاوڕێکەی باوکی دەخوات، کە ناوی (پالایسترا)یە، تێدەگات کە ژنی کابرای خاوەنماڵ جادووگەرەو شەوانە بە هۆی خواردنەوەی شلەمەنییەکی گیراوەوە؛ دەبێتە مەل و لە پەنجەرەیڕا دەداتە شەققەی باڵ.

لوکیوس لاوێکی بیست ساڵانە و پڕە لە خەونی فڕین. لەگەڵ دۆستە کارەکەرەکەی ڕێکدەکەوێ، کە بۆ تاقیکردنەوەش بووە، ئەو دەرمانەی بۆ بدزێت و ئەویش بیخواتەوە و بداتە شەققەی باڵ. وەڵێ دوای ئەوەی دەرمانەکە دەخواتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە هەڵەیەک لەو کارەیدا هەیە، چونکە وردە وردە سم و تووک و گوێ دەردەکات و دەبێتە گوێدرێژ بەبێ ئەوەی خەسڵەتە ئینسانیەکانی خۆی بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بینین لەدەست بدات. تاقە ئومێدێ لوکیوس هەیەتی ئەوەیە، کە بە خواردنی گیایەک، کە (پالایسترا)ی کارەکەر پێی گوتووە، دەبێتەوە بە خۆی. بەڵام بۆ بەختی ئەو، وەرزی پەیدابوونی ئەو گیایە هێشتا زۆری مابوە. ئیدی ئێمە لێرەوە لەناو بەسەرهاتە سەرەنجڕاکێشەکانی لوکیوسی بەکەر بوودا ڕۆدەچین: ئەم کاروان دەیداتە ئەویتر و ئەم خاوەن دەیفرۆشێ بەو کڕیار. سەیر لەوەدایە خەڵک هێدی هێدی لە کارامەیی ئەم گوێدرێژە بە ئاگادێن و لە بۆنەی تایبەتیدا بەشداری پێدەکەن و بەخششێکی زۆریش دەدەنە خاوەنەکەی، یەکێک لەو بۆنانە ئەوەیە کە لە کەرناڤاڵێکی جنسیدا لوکیوسی بەکەربوو دەبێت بچێتە لای ئافرەتێک و کاری وای لەگەڵدا بکات و بەهەرحاڵ لەگەڵ ئافرەتەدا زۆر خۆشی لێڕادەبووڕێ!

بەسەرهاتی لوکیوس بەشێوەیەکی کامەران کۆتایی نایەت، بەڵام کۆمیدیانەیە: ئەو دوای ئەوەی دەبێتەوە بە مرۆڤ، دەڕواتەوە بۆلای هەمان ئافرەت کە لە کەڕنەڤاڵەکەدا لەگەڵیدا رایبواردبوو. بەڵام ژنە دەستی بە ڕووەوە دەنێت و فڕێی داوێتە دەرێ، چونکە ئەو لوکیوسی تەنیا وەک ((کەر)) دەوێ نەک وەکو مرۆڤ، تەنانەت زۆریشی لەبەر گران دەبێ کە لوکیوس بۆتەوە بە خۆی و ژنە هەرەسێ نائومێدیش دەبێ!

وێڕای ئەدەبیاتی نوکتە و سەرگەرمیی و بەیتە میللییەکان و ئەدەبیی منالان، کەر لە لای نووسەر و شاعیرێکی وەک (لافۆنتین)یش جێگەی خۆی هەیە. لەو بەرهەمەیدا کە بە ناوی ((حەکایەتەکانی لافۆنتین))ەوە بە ئێمە گەیشتووە[12] بەسەرهاتی دەیان کەری بارگران، لە خۆبایی، لاساییکەرەوەی حەیوانەکانی دیکە (بەتایبەتی سەگ)، کەری لەبەڕەی خۆپتر قاچڕاکێشاو، حەسرەتخواردوو بۆ ڕۆژگارێ کە خاوەنێکی باشی هەبووە و هتد.. بەرچاو دەکەوێ، تا ببێتە عیبرەت بۆ ئەو مرۆڤانەی دەیانەوێ بە هۆی ناشکوریکردن، لاساییکردنەوەی خەڵکانی تر و نازکردنەوە خۆیان فەرز بکەن.. کەر لە لای لافۆنتینیش بە هەمان شێوەی لای ئیزۆپ، معیارێک و فیگەرێکە تا مرۆڤ بە دوورەپەرێزیی لە ڕەفتارەکانی، هەوڵبدات لەریزی کەران حسابی بۆ نەکرێت!

خاڵی هاوبەش لەناو ئەو دەقانەدا کە ناوم بردن و چەندین دەقی دیکەی وەک کەرەکانی لای (مەلای مەشهوور و سەعدیی شیرازی و مامۆستا قانع)ی خۆشمان؛ ئەوەیە کە ببنە شوێنی دەرز وەرگرتن و لێوەفێربوونی مرۆڤ تاکو مرۆڤیش بەهەمان دەردی ئەو کەرانە نەچێت[13] لەناو ئەم دەقانەدا کەر وەک ئاژەڵێکی سەربەخۆی خاوەن سرووشتێکی حەیوانیی تایبەت نەخراوەتە روو، خاوەنی ئێستاتیکای خۆی، میزاجی خۆی و زمان و خودێتی خۆی نییە. کەر وەک بەشێ لە دنیای سرووشت و تەنانەت وەک دروستکراوێکی یەزدانیی کە جێگەی شانازیی ئیماندار و نمونەی دەستڕەنگینی خودا بێت، تەماشای نەکراوە. ئەم دەقانە ناتوانن وێنای ئێمە بۆ ئەم ئاژەڵە بخەنە ژێر پرسیارەوە و ناچارمان بکەن بەجۆرێکی دیکە بیری لێبکەینەوە

دووەم

بەدەنگهاتنی کەر

لە ناو ئەو مێژووەوە دواجار کەر بەدەنگ دێت، دێتە زمان و لە ڕێگەی لۆژیکی مرۆڤەوە، ئیعتیبار بۆخۆی دەگێڕێتەوە و دەبێتە بابەتێکی گرنگ لە ئەدەبیاتی جیدی میللەتاندا. لە ئەدەبی کوردیدا نالی ئەو شاعیرە مەزنە مرۆڤدۆستەیە کە گوتاری هیومانیستانەی خۆی بە ئاوڕدانەوە لە گیاندارێکی بە

پـــەراوێزکراوی چەوســـاوە، هێنـــدەی دیکـــە بەرفراوانەکات و بەمکارەیشی خـۆی لـە گـەلێك لـەو شاعیرانەی خۆرهەلات جیادەکاتەوە کـە دەشێت لـە بـواری جوانکاریی شیعریدا بـە مامۆســتای ئـەویان دابنێـین. نـالی شـاعیری شوێندەسـت دیـاری ئـەو بابەتانەیە کە لـە رەوتـی شیعری کلاسیکیدا هێنـدە بایـەخیان پێنـەدراوە. ئـەو شـیعری کلاسـیکی لـە کۆشکە شـکۆدارەکانی خـۆی، لـە یاسـا و بابەتـە ئاشـــکراکانی خـــۆی، لـــە پانتاییـــە بـــەمیرات بۆچێماوەکانی خۆی رزگار دەکات و ئاشـنای دەکـات بـە پانتاییـــەکانی پـــەراوێز و رووبـــەرە حـــەرام و بێزراوەکـان، بـە بێئـەوەی لـەمکارەدا جوانکـاریی شیعری کلاسیکیی بکاتە قوربانیی.

لەپشت گوتاری شیعریی نالییەوە، مرۆڤێ دەبینین لە نێوان سروشت و جیهانی کۆمەلایەتیدا، لە نێوان ئاسمـان و گـەردوون و شتەکاندا دەژی، بـەلام ئـەو ناتوانـێ خـۆی بێت، ناتوانـێ تـەحقیقی خـۆی بکـات ئەگەر لەهەمان کـاتدا توانـای بـەراوردکردنی خـۆی، وەك سەنتەرێکی بیرکەرەوە، بە گیاندارەکـانی دیکـە نەبێت کە کەوتونەتە دەرەوەی ئـەو بەسـەنتەربوونی مرۆڤـــە و بـــە کـــائینی ناهوشـــیار و ناهۆشمـــەند مـــەحکومکراون. نـالی لـــە رێگـــەی بەدەنگـــهێنانی کـەرەوە، لـە رێگـەی باسـکردنی جوانـــی و مـیزاج و تواناکـانی ئـەم گیـاندارە بـێزارو مـەحکومکراوەوە، رادیکاڵـترین جـــۆری هیومـــانیزم بەرهـــەمدەهێنێ: هیومانیزمـێ کـە توانـای هەیـە گـەورەیی خـۆی لـە رێگـەی بینینـی بـێزراو و فەرامۆشکراوەکانەوە بینـا بکات، بەبێ ئەوەی شەرم لەمکارەی بکات.

****

سەرەتای شیعرە ریوایەتئامێزەکەی نالی بە دەنگێ

ئەو کەرەی پێستی شێری کردە بەر (ئیزۆب)

دەستپێدەکات کە دەنگی بڕوابەخۆبوون و دڵنیایی و مژدەهێنەرە، دەنگێکە هاتووە تا راشکاو و بڵند بێتەگۆ و سەرنجمان بەرەو ئەو بابەتە رابکێشێ کە شاعیر دەیەوێ ریوایەتی بکات، واتە بەرجەستەی بکاتەوە و بیشیعرێنێ. دەنگی (هەی..) دەنگی شادییکە کە لە پشتییەوە ساتەوەختی گەیشتن بە راستییەك و ئاشکرابوونی نهێنییەك ئامادەیە و شاعیریش بەو راستییە گەیشتووەو ئەو نهێنییەی لێئاشکرابووە و ئێستاش هاتووە تا لە ناو ئەو خۆشیی و سەرسامیەدا بۆ ئێمە بدوێت. دەنگی (هەی) کلیلی تێگەیشتنە لەو گۆشەنیگایەی نالی لێیەوە ریوایەت دەکات و ئەم دەنگەش قووڕساییەکی زۆری هەیە لەسەر هەندێ لە بەیتەکان، کە پاشان دێمەوە سەر ئەم باسە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە لەسەری بوەستین، نیوەی یەکەمی بەیتی یەکەمە کە پڕە لە دەلالاتی سەیرو گرنگ، وەك ئەوە وایە شاعیر لە مەجلیسێکا خۆی لە بەردەم کۆمەڵێ لە هاوەڵ و خەڵکانێکدا بینیبێتەوە، کە داوای سەلماندێکیان لێکردبێ و ئەویش بەوە گۆکردنی ئەو دەنگە هاتبێتە قسەکردن، یاخود بەوە دەچێ شاعیر لە دوورڕا دەرکەوتبێ و نەیتوانیبێ ئەو خۆشی و کامەرانی و نەشئەیە کۆنترۆڵ بکا، کە لە ئەنجامی لێخوردبوونەوە شیعریەکانیەوە پێیانگەیشتووە و هاواری لەو مەجلیسە کردبێ: (هەی) بە واتای گوێڕادێرن و سەرنجبدەن، قسەکانتان ببڕن، ئەوا من هەواڵێکی سەیرم بۆ هێناون کە ئەنجامی ئاشکرابوونی نهێنییەکە و راستییەکتان بۆ بەیاندەکەم کە ناشێیت لێی بێئاگا بین.

دەنگی (هەی) لێرە بەدواوە کاری خۆی دەکات و بێدەنگییەك بە دوای خۆیدا دەهێنێ و هەموو لە مەلا خدر رادەمێنن، ئاخۆ دیسانەوە ئەم خانەقانشینە چ پرسیارێکی دیکەی شیعری لەلا دروستبووبێ؟ لە ناو ئەم فەزا کۆمەڵایەتی و بێدەنگییەدا، زەمینەی بەردەوامبوونی شاعیرەکەمان لەسەر قسەکردن دەڕەخسێت و ئەویش وەکو گوتاربێژەکانی یۆنانی کۆن، ئاگایانە و زیرەکانە فەزای بێدەنگییەکە دەقۆزێتەوە و بەردەوامیی وەردەگرێت تاکو بە ((قووەتی حیکمەت، زۆرترین مەعنایی گەورە بە لەفظی کەم و بچوك، ئەدا بکا))[١٤]:

(هەی.. کەڕێکم بوو،)

بەڵام ئایا خەبەری ئەوەی (من)ی ناو دەقەکە کەڕێکی هەبوە، بەسە بۆ ئەوەی گوێگرانی ئەو دەمەی شاعیر و ئێمەی خوێنەر لە ئێستادا بمانەوێ بەردەوام لە بێدەنگیدا بمێنینەوە و بەسەرسامییەوە گوێبگرین؟ وەك ئەوەی شاعیر لەگەڵ درکاندنی خەبەرەکەیدا ئەم پرسیارەی دەرك پێکردبێت و دەروونشیکارانە تێگەیشتبێت لە ناوەڕۆکی ئاشکرا و مەئلووفی خەبەرەکەی. لەوە ئەچێ نالی زیرەکانە تێگەیشتبێ کە راگەیاندنی ئەوەی کەڕێکی هەبووە، هەر لە بنەمادا نابێتە خەبەرێکی سەرنجڕاکێش و سەرسامکەر. ئەمەش لەبەر ئەوەی وشەی (کەر) ناوێکی هێندە ئاشنایە و هێندە بەمانا وەسفی نێگەتیڤ بارگاوی بووە، کە ئیدی هیچ تازەییەکی تیا نییە تاکو وەك خەبەرێ رابگەیەنرێ، چونکە یەکێ لە خەسڵەتە بنەماییەکانی هەر خەبەرێ بریتییە لەو تەکانەی بەهۆی ((تازەیی)) و ((نائاشنابوونەکەیەوە))، دەیدات بە گوێماندا. خەبەر راگەیاندنی رووداوێکە کە سەرسامان دەکا و دەستمان لەو شتانە پێهەڵدەگرێ کە تاکو کاتی بیستنی خەبەرەکە پێیانەوە خەریکبووین.

دوای کردنەوەی دەرگای قسە، دەنگی ناوەوەی شیعرەکە، یا خود شاعیر، بۆتاوێ دەوەستێ و رادەمێنێ بەبێ ئەوەی خەیاڵ و زەینی خۆی لەژێر کاریگەریی ئیقاعی گۆکردنی وشەی (کەر) رزگاری بکات، واتە هێشتا ئاوازی پیتەکانی {((کاف)) ((هاء)) و((ر))} لە گوێیدا دەزرنگێتەوە و هەر ئەم ئاوازەشە کە نالی لەو بارودۆخی وەستانە شیعرییە رزگار دەکات بەوەی کە وشەیەکی هاو مۆسیقای ((کەر))ی بیر بخاتەوە کە وشەی ((پەیکەر))ە[١٥]:

کەواتە هاوسەنگییەکە بەمجۆرە دەستەبەر دەبێ:

هەی کەڕێکم بوو، چ پەیکەر؟

لەمکارەشدا نالی پەیڕەوی لە ((نیمچە ڕێسا))یەکی زمان دەکات، کە مرۆڤەکان لە ڕێگەیەوە هەم مانایەك بەیاندەکەن و هەم بێمانایییەکیش. لە زمانی کوردیدا دەڵێین: (تەختە) و (مەختە)، (ئافرەت) و (مافرەت)، (حەج) و (مەج)، (پوور) و (موور)، (برا) و (مرا)، (سەرکردە) و (مەرکردە)، (حیزب) و (میزب)، (سەقافەت) و (مەقافەت)، (نووسەر) و (مووسەر) و بەوجۆرە.. وەکو دەبینین لەبەشی یەکەمی هەریەکێ لەم دەربڕینانەدا مانایەکی تەواو هەیەو لە بەشی دووەمیشدا کەمکردنەوەی مانا، هەموو ئەم دەربڕینانەش بەیانکەری حاڵەتێکی دەروونیی مرۆڤن بۆ ئاسانکاری گفتوگۆ و ئاخاوتن لە فەزایەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا. وەك ئەوەیە نالیش خۆی لە فەزایەکی ئەوتۆدا بینیبێتەوە کە ئیشتیاقی ئەو بۆ گەیاندنی خەبەرەکەی دەیخاتە سەر ڕێگای چوونە سەر ئەو ((نیمچە ڕێسایە)). بەڵام بەبێ ئەوەی بەشی دووەمی دەربڕینەکەی کەمکردنەوەی مانا بێت، بەڵکو پڕکردنەوەی مانای دەربڕینی یەکەمە، پڕکردنەوەی مانای وشەی ((کەر))ە بە مانای ((پەیکەر)).

لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە نالی بە زمانی شیعر دەدوێ، شیعریش وەزیفەی دیکە بە زمان و وشەکان دەبەخشێ و تەنانەت شاعیر دەخاتە ناو داوی زمان و دەلالەتە هەمە چەشنەکانییەوە. نالی پاش ئەوەی بە ڕاگەیاندنی خەبەرەکەی بێدەنگییەکی دروستکرد و بۆی ئاشکرابوو کە ئەو خەبەرە بە تەنیا ناتوانێ ئێمە وەکو گوێگر لە بێدەنگیدا بهێڵێتەوە، هەروەها تەماعی خۆیشی بۆ بەردەوامیی لە قسەکردندا، دەبوو خەسڵەتێکی نامەئلووف و چاوەڕواننەکراو بە کەرەکەی ببەخشێ، کە ئەویش ((بە پەیکەر کردنیەتی)) و لەم ڕێگەیەشەوە هەم خۆی بەرپرسیار کرد کە بەردەوامبێ لە وەسفکردنی ئەو کەرە پەیکەر ئاسایەدا، هەم ئێمەشی ناچار کرد لە چاوەڕوانیدا بمێنینەوە و بەردەوامبین لە گوێگرتن و خوێندنەوەی دەقەکەی.

بەمجۆرەش نیوەی یەکەمی بەیتی یەکەم دەبێتە کلیلی تێگەیشتن لەسەرجەمی شیعرەکە. لێرەدایە کە نالی دەیەوێ بڵێت ئەو کەرەی ئەو هەیبووە کەڕێکی ئاسایی نەبووە و بۆ سەلماندنی ئەمەشە داوامان لێدەکات بۆ وێناندنی ئەو کەرە، بیر لە (پەیکەر) بکەینەوە. بەمجۆرەیش بۆ ساتەوەختێك و دیسانەوە لە ژێر کاریگەریی ئەو خرۆشە شیعرییەدا کە شاعیری هانداوە بۆ قسەکردن. نالی دژایەتییەك لە نێوان مانای وشەی (کەر) و (پەیکەر)دا دەهێنێتە دی: هەرچی وشەی (کەر)ە ئاماژەیە بۆ گیاندارێکی چوارپێ کە لە سرووشتدا دەژی و خاوەنی گەڵێ خەسڵەتی تایبەت بۆ خۆیەتی و لە هەموشیان گرنگتر ئەوەیە دەجوولێ: فۆرمی خۆی بەپێی حاڵەتە جیاوازەکان دەگۆڕێ و وزەی جەستەیی خۆشی توانای ئەم جموجوولەی بۆ دابین دەکات. لە کاتێکدا وشەی (پەیکەر) ناوە بۆ بەرهەمێکی کولتووریی کە دروستکراوی دەستی مرۆڤە و ئاوێنەی پلەیەکی جواناسیی ئەو مرۆڤەیە و خودی پەیکەرەکەش توانایەکی نییە بیجوولێنێ و فۆرمی خۆی جێگیرە و ناگۆڕێت مەگەر بەگواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. بۆیە لێرەوە تێدەگەین کە پێچواندنی (کەر) بە (پەیکەر) ناشێیت هیچ بەڵگەیەکی هەبێت جگە لەوەی شاعیرەکەمان دەکەوێتە ناو تۆڕێکی زمانەوە، کە ناچاری دەکات لە ژێر کاریگەریی ئاوازی وشەی یەکەمدا، وشەی دووەمیش بدرکێنێ، بەبێ ئەوەی حسابی بۆ دژایەتی مانای ئەم دوو وشەیە کردبێ.

بەڵگەیەکی دیکەی ئەم ڕاڤەکردنەم لە نیوەی دووەمی هەمان بەیتی یەکەمەوە دەهێنمە دەست کە تیایدا نالی لە ئاستی مانادا دەگەڕێتەوە بۆ وەسفی کەڕێکی تایبەت نەك پەیکەر. واتە دەکەوێتە ژماردنی خەسڵەتی ئەو گیاندارەی کە (طەی کەری هەوراز و لێژە، سینە پانە، مووچە کورتە، شانە بەرزە) و دواجاریش (گوێدێژە):

هەی کەڕێکم بوو، چ پەیکەر؟ طەی کەری هەوراز و لێژ

سینه پان و، موچه کورت و، شانه بەرزو، گوێ درێژ..

لێرەشەوە، واتە ئە نیوەی دووەمی بەیتی یەکەمەوە تاکو نیوەی یەکەمی بەیتی نۆیەم و پاشان هەموو بەیتی دەیەم، نالی دەکەوێتە ناو چنینێکی زمانی وەسفیی و بەراوردکارییەوە، دەکەوێتە ناو موبالەغەیەکی شیعرییەوە بەبێ ئەوەی بتوانێت لەم رێگەیەوە ((نائاساییبوونی کەرەکەی)) بسەلمێنێ و کرۆکی ئەو راستییەمان پێبڵێت کە لە بەیانکردنی دەنگی (هەی) لە نیوە بەیتی یەکەمدا مژدەی پێداوبووین. ئەوەی نالی لە بەشێکی زۆری ئەم دەقەدا دەیکات، بریتیە لە وەسفکردنێکی لە راددەبەدەری ((کەرە شیعرییەکەی) بە جۆرێ کە ئێمە نەتوانین لە بەشێکی زۆری ئەو وەسفانەدا کەری راستەقینە، کەرە بەرەڵڵا و بە ئەڵغام قاچپەڕیو و بریندارببووەکانی ناو واقیعی خۆمان بناسینەوە..

نالی لە ناو ئەو بازنەی وەسف و پیاهەڵدانەدا کە بە پشتیوانیی هونەرەکانی بەلاغە و تەکنیکی شیعری کلاسیکی بۆی مەیسەر دەبێ و (هەندێ کەس ئەمە بەراوورد دەکەن و بە وەسفی ئەو بۆ خۆشەویستەکەی خۆی و دواجار دێمەوە سەر ئەم لایەنەش)، بەردەوام درکاندنی ((خەبەرە بنەڕەتییەکە)) دوادەخات و خۆی لەناو پانتاییەکی زماندا گێرۆدە دەکات، کە هیچ پرسیارێکی گرنگ و مانایەکی قوڵ بەرهەم ناهێنێ و بگرە لەناو خۆ دووبارەکردنەوەدا گیر دەخوات. من پێموایە هەر ئەمەشە وادەکات زمان نەتوانێت هەستێ بە ئەرکە هەرە سەرەکییەکەی خۆی کە شکاندنی وێنای ئێمەیە بۆ ژیان و دووبارە سازدانەوەیەتی لە شیعردا. بۆیە ناهەقی ناکەم گەر بڵێم؛ نالی لە بەشێکی زۆری ئەم دەقەیدا، بە پێچەوانەی زۆربەی دەقەکانی دیکەیەوە، زمان نەک وەکو ئیمکانێ دەبینێ بۆ تەقاندنەوەی مانا و لێرەشەوە زمان دەکاتە ئامانج بۆ بەرجەستەبوونی جیهانە شیعرییەکەی؛ بەڵکو لێرەدا زمان دەکاتە هۆکارێکی مەسرەفکردن بەبێ ئەوەی توانای بداتێ بۆ بەرهەمهێنانی مانای دیکە و بۆ ئاشکراکردنی نادیارەکان.

وەلێ مادام شیعر لە بنەمادا تێکشکاندنی وێنای ئێمەیە بۆ ژیان و شتەکان و پەیوەندییەکان و سرووشت و گیاندارەکان و دروستکردنی دنیایەکی دیکەیە لەناو دەقدا، کە تیایدا هەموو شتێ جیاوازە؛ ئەوە ناکرێ ئەم کارەی نالی تەنیا ئامانجی ئەوەبێت کە وەسفی کەرێکمان بۆ بکات، چونکە ئێمە دەزانین لەبەردەم شاعیرێکداین کە خاوەنی جیهانبینی و سیستەمێکی گوتاری و لێخوردبوونەوەیە لەژیان و گەردوون و مرۆڤ، لەبەر ئەوە ناشێیت کارکردی زمان لەناو ئەم شیعرەدا تەنیا لەسەر ئاستی وەسفەکانی نالی بۆ کەرێکی تایبەت بچووکبکەینەوە. ناکرێت مانای سەرجەمی شیعرەکە لەبەر رۆشنایی رەهەندی گیانەوەردۆستی لە بیری نالیدا لێکبدەینەوە، بەڵکو پێویستە لە خەسڵەتەکانی جیهانبینی نالییەوە بگەڕێینەوە بۆ مانا ئیحتیمالییەکانی ناو ئەم دەقە.

یەکێك لەو رێگایانەی من لێرەدا بۆ ئەو مەبەستە دەیگرمە بەر، بریتیە لە دۆزینەوەی شادێرەکانی مانای دەقەکە و خستنەڕووی بواریێکی دیکەی خوێندنەوەی ئەم شیعرە بەو جۆرەی بتوانێ بیسەلمێنێ، کە نالی هەر تەنیا شاعیرێ نەبووە لە کاتی دەستبەتاڵیدا پەنای بۆ کێش و قافیە و خۆتاقیکردنەوە لە بواری رەوانبێژیدا بردبێ؛ بەڵکو پێش هەموو شتێ ئەو مرۆڤێ بووە بە رۆئیا و جیهانبینییەکەوە روویەڕووی جیهان و دیاردەکانی ناوی بۆتەوە. بە مانایەکی دیکە: ئێمە لەبەردەم شاعیرێکداین کە لە جیهان و مرۆڤ و گەردوون رادەمێنێ و پرسیار دەکات و دواجار لە رێگەی نووسینەوە ماتەریاڵیەتێك بە جیهانبینی و بیرۆکە و پرسیارەکانی دەبەخشێت. بەڵام مەرج نیە لە کۆی ئەو تێکستانەی بەرهەمیان دەهێنێ ئەو جیهانبینیە

هـەمان ئاسـتی جوانکـاری و پلـەی مـەعریفی و رۆچوونـی قـولّ وەربگرێ، بۆیـە کـاتێك رووبـەڕووی دەقێکـی دەبینـەوە کـە نـاتوانێت لـەو ئاسـتانەدا تینوێتیمان بشکێنێ، ئـەوە رێگـەی چارەسـەر ئـەوە نیـە کـە بـەدگومان بـێ لـە ئاسـت سـەرجەمی ئـەو جیهانبینییـەدا. بـەڵکو گرنـگ ئەوەیـە لـە رێگـەی ئاشنابوونمانەوە بە خەسـڵەتەکانی کـۆی جیـهانبینی ئەو شاعیرە، لە رێگەی قەرزکردنی رووناکییـەوە لـەو دەقانـەی دیکـەی شـاعیر، کـە بونیـادی ئـەو جیهانبینییـەیان لەسـەر وەسـتاوە، بتوانـین تیشـك بخەینـە سـەر ئـەو شـادێرانەی کـە دەشـێت لـەناو چەندین دێڕی ساکار و وەسفئامێزدا بیاندۆزینەوە کە زمانیـان هێناوەتـە سـەر ئاسـتی بـەکاربردنی ئامرازگەریانە.

دۆزینـەوەی ئـەو شـادێرانە لـە هـەمان کـاتدا کـە پرۆسەیەکی رەخنەییە، ئاواش پرۆسەیەکە پێویسـتە تەی بکرێت بۆ دۆزینەوەی قوڵاییەکانی شاعیر لـەناو پانتاییـە چاوەڕواننـەکراوەکاندا و ئاشـکراکردنی ئـەو گەوهەرەی کە شاعیر لـە ریـزی خشـڵە ئاسـایی و لـە مس و فافۆن دروستکراوەکاندا دانـاون.. بـە راسـتی دەشکرێ ئابڕووی سەرجەمی دەقێکی لاواز لەناو یەك دێڕی هەمان دەقدا بکڕینەوە.

لەم روانگەیەوە ئەم دەقە بـەهای خـۆی سـەبارەت بـە جیـهانبینی شـیعریی نـالی و گرنگییەکـەی لـە بەرهەمـهێنانی جیهانبینییـەکی ئـەوتۆدا، لـە نیـوەی بـەیتی یەکـەم و نیـوەی بـەیتی نۆیـەم و سـەرجەمی بـەیتی یازدەهـەمدا چەسپاندووە و من پێمـوایە بـۆ تێگەیشـتن لـە ئاسـتە قوولّەکانی مانـای ئـەم دەقـە پێویستە لەو دوو نیوە بەیتە و لە بەیتی کۆتایی، ورد ببینەوە، کە لـە هـەمان کـاتدا یەکێتییـەکی مانـاییش پێکدەهێنن بە بێئەوەی هەست بە چاوپۆشیکردن لـە ئاسـت دێڕەکـانی دیکـەدا بکـەین. بـا ئـەو دوو نیـوە بەیتە و بەیتی کۆتایی بنووسینەوە و پاشان بـە جیـا و لە پەیوەندییان پێکەوە راڤەیان بکەین:

نیوەبەیتی یەکەم:

{هەی کەڕێکم بوو، چ پەیکەر؟}

نیوە بەیتی نۆیەم:

(عاقڵێ بو ناوی کەر بو،}

بەیتی یازدەهەم:

{چەندە پێم خۆش بـو زوبـانی حـاڵی دەیـوت ((نالیا))

هەردو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ.}

هەی کەڕێکم بوو، چ پەیکەر؟

لەم نیوە بەیتەدا نالی نەك هەر بانگەوازی ئـەوەمان دەدات بە گوێدا کە خاوەنی کەرێك بووە، بەڵکو نـرخ و جوانـی کەرەکەشـی بـە ئامـاژەکردن بـۆ (پەیکـەر) وەك قیاسێك دەستنیشـان دەکـات. واتـە مەسـەلەکە هـەر بـە بێگیـانکردنی گیـاندارێك، یـا خـود بـە پەیکەرکردنی ئـاژەڵێك دوایـی نایـە؛ بـەڵکو هـەنگاوی یەکەمیش دەنێـت بـۆ بـەرز کردنـەوەی ئـاژەڵیش بـۆ ئاسـتی مـرۆڤ و ئەمـەش لـە چـەند ئاسـتێکدا دەردەکەوێ.

یەکەم: پێش هەموو شتێ پێچووانـدنی کەرەکـەی بـە پەیکـەر، گواسـتنەوەی بووێکـە لـە دۆخـی سروشتییەوە بـۆ دۆخـی کولتـووری، ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی کـەر وەك ئـاژەڵێك گیاندارێکـە لـە نـاو سروشـتدا، بـەڵام کاتـێ کـەر دێتـە نـاو شـیعرەوە و رەگـەزی ((ریوایـەت)) دەبێتـە هـێزی بەرجەستەکردنەوەی ئەو گیاندارە لەناو زماندا، ئەوە رێخۆشکەرییەکیش دەکـرێ تـاکو دۆخـی سروشـتیی ئەو ئاژەڵە ببێتە دۆخێکی کولتووری کـە ئەمـەش لـە ناو زمان و پاشان لە زاراوەی (پەیکەر)دا بەرجەسـتە دەبێـت؛ چونکـە ئێمـە دەزانـین چ پەیکەرسـازی و چ (نوسین) دوو ئاستی پێشکەوتنی کولتووریی مرۆڤمان بۆ دەسەلمێنن.

دووەم: کـاتێك نـالی دۆخـە لـە سروشـتەوە دەگوازێتـەوە بـۆ کولتـوور، لـە کـەرەوە بـۆ پەیکـەر، ئـەوە هـەنگاوێکیش دەنێـت بـۆ پێچوانـدن و نزیکخسـتنەوەی کـەرە پەیکەرئاساکەی لـە مـرۆڤ، وەلێ دیسانەوە مرۆڤێکی بە کولتوورکراو کە پەیکەرە

کەرو تەماعی لەمرۆڤدا

و پەیکەر دروستکردنیش دەلالاتی تایبەتیی خۆی هەیە کە بەلای منەوە دوانیان زۆر گرنگن: لە رووی ئایینییەوە پەیکەر هەم دابەزاندن و لاساییکردنەوەی سیمای وێناکراوی خواوەندەکانە لەسەر شێوەی مرۆڤ و بەرجەستە کردنەوەیانە لەسەر سیمای ئینسان، وەک ئەوەی لە میژووی پەیکەرسازیی ئایینەکان و دواجار لە کولتووری رازاندنەوەی شاری یۆنانی و رۆمانیدا دەیبینین. پاشان لە رووی میژووییەوە، پەیکەردروستکردن بۆ مرۆڤ بریتیە لە هەوڵدانێک بۆ گرەو بردنەوە لە زەمەن، بەوەی مرۆڤە پەیکەربۆکراوەکە لەو دیو سنورەکانی زەمەنەوە، لەودیو تێپەڕینی سااڵ و سەدەکانی بەنەمریی بهێڵینەوە.

کەواتە ئێستا دەتوانین بڵێین: نالی بەم پێچواندنە زیرەکانەیە و لە ڕێگەی پرۆسەی گواستنەوە لە دۆخی سروشتییەوە بۆ دۆخی کولتووریی، چەند ئامانجێکی جێبەجێکردووە: یەکەم فۆرمێکی زمانیی تایبەت، واتە زمانی شیعر، بە کەر دەبەخشێت و ئەمەش ددانپیانانێکی زیاترە بە بوونی کەر لە ناو ئەدەبدا، وەک ئاژەڵێکی بەکەم سەیرکراو لە کۆمەڵگادا، چونکە کەر دەکاتە کائینێک لەناو زماندا.

دووەم: لە ڕێگەی نزیکخستنەوەی فۆرمی ((کەر)) لە فۆرمی ((پەیکەر))ەوە، فۆرمی مرۆڤیشی پێدەبەخشێت و دەیکاتە هاوشانی ئەمەی دواییان. دواجار بەوەی نالی کەر وەک پەیکەر دەخاتە روو، ئەوە پلەیەکی نەمربوونیشی بۆ دەستەبەر دەکات بە تایبەتی لە ئاستە کولتوورییەکەدا، چونکە وەک گوتمان لە رووی میژووییەوە پەیکەرسازیی بۆ مرۆڤ واتە نەمرکردنی ئەو مرۆڤەی کە شایانی نەمرێتییە و پێویستە لە ڕێگەی پەیکەرەوە بەرجەستەی بکەینەوە.

نالی لەم بەیتەدا و لە هەنگاوی یەکەمدا نااڵێت کەرەکەی ئەو لە جەوهەردا وەک مرۆڤ وایە و هاوتای مرۆڤە و شتی لەم بابەتە، چونکە گەر وای گوتبا، لە زیادەڕۆییەکی شیعریی زیاتر نەدەبوو، بەاڵم ئەو مەبەستێتی بڵێت و گوتوشیەتی کە: لە رووی فۆرمەوە کەرەکەی لە شێوەی پەیکەردا بووە یان بەراووردی کردووە بە پەیکەر تاکو نزیکیشی بخاتەوە لە شکڵی کولتووریانەی مرۆڤ کە پەیکەرە.

بە بڕوای من هەموو ئەمانە سەرەتا و پێشەکین بۆ خۆرزگار کردنی زیاتری شاعیر لە زمانی وەسفەکانی، کە لە بەیتەکانی دیکەدا نغرۆیان بووە، تاکو خۆی فرێبداتە ناو باوەشی ماناوە و هێدی هێدی ئامادەیان بکا بۆ کێشە سەرەکی و کرۆکی مەبەستە شیعری و فەلسەفییەکەی و درکاندنی ئەو کەشفە شیعرییەی کە هەر لە سەرەتای بەیتی یەکەمەوە بەهۆی دەنگی (هەی)یەوە مژدەی پێدابووین. نالی لە نیوەی بەیتی نۆیەمدا هەنگاوێکی دیکە لەو رازە نزیکمان دەخاتەوە و دەاڵێت: ئەوەی پێشتر بە کەر و پەیکەر وطەی کەر و تا دواییمان ناوبرد، تەنیا بە ((ناو)) کەرە، دەنا لە جەوهەردا عاقڵێکی خۆش سلووکترە لە سەد ئاواڵ و هاوڕێی گێژ و وێژ:

عاقڵێ بوو ناوی کەر بوو:

بەخشینی سیفەتی عەقڵ بە کەر، یان بە ئاژەڵ، جگە لەوەی سەندنەوەی بەشێ لە سەروەریی مرۆڤە کە بە تەنها کائینێکی عاقڵ ناوی رۆیشتووە، ئەوە بەرهەمهێنانی مانایەکی دژیشە بۆ چەمکی عەقڵ، چونکە پێشتر هەر عەقڵ لە پشت ناولێنانی زمانیانەی (کەر)ەوە ئامادەیە و ئەوە عەقڵە کە میکانیزمەکانی ئیشکردنی زمان دەبات بەڕێوە و

وادەکات کە ئێمە لەناو زمانی کوردیدا بە گۆکردنی پێکەوەیی پیتەکانی (کاف و هاء و را) ئاژەڵێکی تایبەتیمان بیر بکەوێتەوە. نالی لێرەدا عەقڵی یەکەم کە ناوی (کەر)ی بەم ئاژەڵە بەخشیوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و سەر لە نوێ ئەم ئاژەڵە بە هۆی عەقڵێکی ترەوە، یان ئاستێکی دیکەی عەقڵەوە ناودەنێتەوە و دەیکاتە عاقڵ و ناوی (کەر) لە جەوهەرەکەی جیا دەکاتەوە و دەڵێت ئەم ئاژەڵە لە جەوهەردا عاقڵێکە و تەنیا بەناویا (کەر)ە. لێرەشدا ئاشکرایە نالی ((ناو)) ناکاتە پارسەنگ بۆ ناسینەوەی شتەکان و بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی بووەکان لە دنیادا. هەروەکو چۆن لە بەیتی حەوتەمیشدا:

گوێ درێژێ بار و کورتان بەرز و، پالانی بەزین چوست و وریاتر لە گوێ کورتانی پالانی و گێژ

ئامادەیە جەوهەری مرۆڤ، کە کائینێکی گوێ کورتە، بە (گێژ و وێژ) پێناسە بکات، ئاواش لە نیوەی یەکەمی بەیتی نۆیەمدا بەراشکاوی ئامادەیە جەوهەری گوێدرێژ بە جەوهەرێکی عاقڵ ناو ببات و لە هەموو مانا پێشینەکان بەتاڵی بکاتەوە. لە راستیشدا نالی بەمکارەی دەکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ ئەو ریوایەتەی ئایینە تاکخوداکانی وەک یەهودیەت و مەسیحیەت و ئیسلام، کە دەڵێت: یەزدان لە شێوەی خۆیدا مرۆڤی خەڵقکرد و داوای لە حەزرەتی ئادەم کرد تاکو ناو لە گیاندارەکان بنێت و بەمەش جەوهەریان دەستنیشان بکات و ناوببێتە قەدەری ئاژەڵیی ئەوان و لێرەشەوە سەروەریی مرۆڤ بالادەست بکات بەسەر ژیانی ئەوانەوە.. هەروەها نالی ئەو پەیمانە هاوبەشەی ناو زمانێکی دیازیکراویش، لێرەدا زمانی کوردی، دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە لەسەردەمێك لە سەردەمەکاندا هەستاوە بە دانانی سێ نیشانە (ك،ه،ر) بۆ ئاماژە کردن بە گیانەوەرێکی تایبەت کە دەشیا هەرناوێکی دیکەی لێبنرایە..

بەڵام هەروەکو بینیمان ئەمانە هەمووی پێشەکییەکن بۆ ئامادەکردنی ئێمە و گوێگرەکانی ئەوسای شاعیر تا بتوانین خۆمان لەبەردەم ئەو تەکانە شیعری و کەشفی حەقیقەتەدا رابگرین، کە نالی پێی گەیشتووە و دەیەوێت لە رێگەی ئەم شیعرەوە بە ئێمەشی رابگەیەنێ و ناچارمان بکات پرسیار لە ئاست بوونی ئینسانیانەی خۆماندا بکەین و بە سەرجەمی ئەو ناسنامەیەدا بچینەوە کە تا ئێستا بۆخۆمانمان پێکهێنابوو، شانازیمان پێوە دەکرد و پێمانوایە هەرگیز گۆڕانی تێدا رووناداتا. وەک ئەوەی نالی بیەوێت بەم شیعرەی ئەو پێناسە ئەرستۆییە بۆ شیعر بسەلمێنێ کە دەڵێت: شیعر باسکردنی ئەو رووداوانەیە کە دەشێت روو بدەن.

ئێمە بینیمان، سەرەتا نالی کەری لە واقیعەوە گواستەوە ناو تێکست، بەمەش کەمێ ئیعتباری بۆ ئەو ئاژەڵە گێڕایەوە بەوەی کە کردیە ماددەیەکی ناو زمانێکی تایبەت کە زمانی شیعرییە، پاشان بەراووردی کرد بە پەیکەر، کە بەرهەمێکی کولتوورییە و رەنگدانەوەی ئاستێکی بەرزی هەستی جواناسیی مرۆڤە لە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دنیادا و لە هەوڵدانیا بۆ نەمرکردنی سیما و فۆرمی خۆی و خواوەندەکانی، بەمکارەیشی ویستی کەر بهێنێتە ریزی مرۆڤەوە. پاشان نالی هەستا سیفەتی (عاقڵ)ی بەکەر بەخشی و بەمەش خۆی خستە بەردەم رەتکردنەوەی دوو سیستەمی ناو لێنان کە یەکێکیان ئایینی و ئەویدیکەیان کۆمەڵایەتی بوو.

ئەوەی نالی لە دواین بەیتی شیعرەکەیدا دەیکات هەم درێژەپێدەری ئەو هەنگاوانەیە و هەم راگەیاندنی ئەو مژدەیەشە کە لە رێگەی کەشفەکەیەوە بۆی ئاشکرا بووە. نالی دوای ئەوەی لە نیوە بەیتی نۆهەمدا سیفەتی (عاقڵ)ی بە کەرەکەی بەخشی، ئێستا لە بەیتی یازدەهەمدا (زمان)یشی پێدەبەخشێت بەو پێیەی زمان ئاوێنەی عەقڵ و لەهەمان کاتیشدا ناسێنەری عەقڵە. کەواتە کەرەکەی نالی نەک هەر کائینێکی عاقڵە، بەڵکو قسەکەریشە و بە زمانێکی حاڵی و رەوانیش دێتە ئاخاوتن:

چەندە پێم خۆش بو زوبانی حاڵی دەیوت ((نالیا))
هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ

مانایەکی دیکەی ئەم دێرە شیعرە ئەوەیە کە دەڵێت: جیاوازیی نێوان حەیوان و ئینسان جیاوازیی نییە لە نێوان عەقڵ و نا عەقڵ و لە نێوان زمان و بێزمانیدا، واتە جیاوازیی نیە لە جەوهەردا، بەڵکو جیاوازیی ئێمە لە فۆرم و شێوەدایە، جیاوازییە لە ئاستی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەدا کە یەکێکمانی لەسەر ئاستی شێوەیەوە بە (گوێدرێژ) ناوبردبووە و ئەوی دیکەشمانی هەر لەسەر هەمان ئاستەوە بە (گوێ کورت) ناوناوە. نالی لێرەوە دەگاتە پێناسەیەکی جەوهەری بۆ حەقیقەتی بوونی خۆی کە هیچ جیای ناکاتەوە لە حەقیقەتی بوونی کائینەکانی دیکە، تەنانەت بێزراوترینیشیان لە لایەن عەقڵەوە، کە (کەر)ە! بۆیە نالی دڵی خۆشە و سادەترە لە هەر کاتێ، چونکە چیدی خۆی (بەپێی حاڵەتە شیعرییەکەی) وەک سەروەرێك بەسەر شتەکان و بووەکانی ناو جیهانەوە نابینێت، بەڵکو خۆی لەناو شتەکان و لە کەنار بووەکانی دیکەدا دەبینێت و گوێناداتە ئەو گوتارە ئایینی و ئادۆلۆژی و فەلسەفیانەی کە بوونی ئینسان دەکەنە سەنتەر و بوونی کائینەکانی تریش بە بوونێکی پەراوێزی و کەم بایەخ تەماشا دەکەن.

لێرەوە نالی جیهانبینییەکی پێچەوانەی جیهانبینی ((دیکارت))ی بەرهەمدەهێنێ کە تیایدا ئاگایی و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبێتە سەنگی مەحەك بۆ بوون و بۆ بەسەنتەرکردنی ئینسان لە گەردووندا: (من بیردەکەمەوە، کەوابێ هەم).

نالی هەر لە سەرەتاوە بە پێچەوانەی دیکارتەوە بیردەکاتەوە: ئەو لە رێگەی بە پەیکەرکردنی کەرەوە هەوڵی بە ئینسانکردنی حەیوان دەدات و پاشان لە رێگەی بە حەیوانکردنی مرۆڤ و پێبەخشینی عەقڵ و زمانەوە بەکەر، حەیوان دەکاتە خاوەنی خودێتی و سۆبژێکت، چونکە ئەو کەرەی کە بە زمانێکی ڕوون و

ژیانی شارستانی مرۆڤ بەبێ کەر مەحاڵە!

ئاشکرا به شاعیر دەڵێت: (نالیا: هەردوو حەیوانین..) کەڕێکە خاوەنی سۆبژێکتی خۆیەتی، کەڕێکە بیردەکاتەوە و ئەو راستییەش کە بە نالیی ئینسانی دەڵێت، ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیەیە. نالی لەوەدا لە دیکارت جیا دەبێتەوە کە وەك دیکارت حەقیقەتی بوونی خۆی لە ئەنجامی بیرکردنەوە و ئاگایی خۆیەوە ناهێنێتە دەست، بەڵکو لە ڕێگەی بینینی ئەویتر و لە زمانی ئەویترەوە بەو حەقیقەتە دەگات، کە ئەویش بوونی حەیوانیانەی خۆیەتی. هەروەها لێرەدا نالی جارێکی دیکە جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دەباتەوە سەر فۆرم نەك سەر جەوهەر، واتە ئەوان لە جەوهەردا هەمان شتن وەلێ لە شێوەدا یەکێکیان گوێ کورتە و ئەویدیکەیان گوێدرێژە.

** ** **

بیری شاعیرانەی نالی بیرێکی یەکسانخوازە نەك جودا خواز، بیرێکە لەسەر بنەمای خۆ بەیەکسان تەماشاکردنی مرۆڤەوە لە ئاست گیانەوەرەکان و بووەکانی تردا ئیشدەکات، نەك لەسەر خۆ بەرزکردنەوە لە ئاستیاندا. نالی دڵخۆشیی خۆی لە ئەنجامی سەروەریی خۆیەوە بەسەر کائینەکانی تردا دەبینێت، بەڵکو لەوەدا دەیبینێت کە خۆی لە بەرامبەریاندا بە یەکسانی ببینێت و لە زمان و کۆژانیان تێبگات و لەم ڕێگەیەشەوە زیاتر لە خودی خۆی تێبگات. نالی لە ڕێگەی پێچواندنی (کەر) بە (پەیکەر) و پاشان لە ڕێگەی عەقڵبەخشین و هێنانەزمانی حەیوانەوە ((خود))یێك بە حەیوان دەبەخشێت و ئەوجا ئەو خودە بەرز دەکاتەوە بۆ پلەی ئامادەیی ((ئەویتر)) لە بەردەم ((من))ی دەقە شیعرییەکەیدا. بەم پێیە نالی لە حەیوان ((ئەویتر))یێك دروست دەکات و لەم ڕێگەیەشەوە بەشێك لە حەقیقەتی خۆی لە ئامادەیی و حزووری حەقیقەتی ئەویتردا دەبینێت. هەروەها شاعیرەکەمان ئامادەیی خۆی لە بەرامبەر ئامادەیی حەیوانێکی دیکەدا بە ئامادەبوونێکی نیسبی دەقەبڵێنێ (چونکە ((ئەویتر)) مافی ئاخاوتنی هەیەو مانای خۆی هەیە لەسەر شتەکان و بەمەش مانای شاعیر دەبێتە مانایەکی نیسبی))؛ بەمکارەیشی ئاشکرای دەکات کە جەوهەری مرۆڤ بۆ ئەو، لەم شیعرەدا، جەوهەرێکی نەگۆڕ و ڕەها نییە کە مرۆڤ لە فۆرم و عەقڵ و زمانەوە دەستی کەوتبێ، بەڵکو جەوهەرێکی هاوبەشە و لەگەڵ حەیوانەکانی تردا بەشیکردووە و ئەمەش نالی دڵخۆشدەکا و بە پڕتاو لە حوجرەکەی وەدەردەکەوێ بۆ ناو هاوەڵ و ئاشناکانی و هاواریان لێدەکات تاکو گوێی بۆ رادێرن.. بەڵام ئایا بەڕاستی حەیوان بیردەکاتەوە؟ کەر قسان دەکا؟ بۆچی نالی ئەم ڕاستییە، (واتە ڕاستیی حەیوانیبوونی خۆی) لەسەر زمانی کەرەوە دەبیستێت؟ بۆچی نالی حەق بە خۆی دەدات نوێنەرایەتی کائینێك بکات کە ئێمە دەزانین تاکە پەیوەندیی پێیەوە پێش هەموو شتێ پەیوەندیی ئینسانە بە ناخی خۆیەوە، چونکە ئێمە دەزانین ئەوەی قسە دەکات نە نالییە و نەحەیوانە، بەڵکو زمانە و لە زماندایە ئێمە گوێمان لە دەنگی حەیوان دەبێت و دەشزانین کە زمان، بە تایبەتی زمانی نووسین دیاردەیەکی تایبەت بە دنیای مرۆڤەکان؟

لێگەڕێن لە بەشێکی دیکەدا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە بگەڕێین.

سێهەم:
بیرکردنەوە لە حەیوان

بیهێنەرەوە پێشچاوی خۆت هەندێ نانی ڕەق لە تەشتێکدا و چەند تۆپکڵە شووتییەك لە تەشتێکی تردا بۆ مانگایەك دادەنێین و هەر زوو بۆمان دەردەکەوێ پەلاماری ئەوەی دووەمیان دەدات. بەڵام مانگاکە هەڵنابژێرێ. ئەگەر سەگێکی بەرەڵڵا لە جادەیەکی قەرەباڵغ پەیپەوە و لە ژێر تایەی سەیارەکاندا نەفلیقایەوە، بە مانای ئەوە نیە ئەو سەگە بە باشی حساب و ئیحتیاتی خۆی وەرگرتووە، ئەگەر لە چەقی جادەکەشدا، لە سەرخەتی ناوەڕاست وەستا، بە مانای ئەوە نیە دەیەوێ چاوێ بە بارودۆخەکەدا بگێڕێتەوە، چونکە سەگ بارودۆخەکان هەڵناسەنگێنێ. هەروەها ئەگەرچی

تووتـی رسـته لـه دوای رسـته فـێر دەبێـت و لەبـەر دەیانلێتەوە، ئەمە بە مانای ئەوە نییە تووتی قسان دەکا!

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئێمە چۆن دەزانین کـە ئەم ئاژەڵ و باڵندانە لە نێوان شتێك و یـەکێکی تـردا هـەڵنابژێرن، چـۆن دەزانـین ئـەوان حسـابی بارودۆخەکان ناکەن و چۆنیش دەزانین کە قسـان ناکەن و بیرناکەنەوە؟ رەفتـاری مانگاکـە لەبـەردەم نانـەرەق و تۆپکلّـە شـووتییەکاندا لـە هـەڵبژاردنێك دەچێـت. وەسـتانی سـەگەکە لـە پیاچوونـەوە و هەڵسەنگاندنێکی بارودۆخەکە دەچێـت و ئایـا مەگـەر قسـەکانی تووتیـش لـە وشـە و رسـتەی مانـادار پێکنەهاتوون؟

راستییەکەی ئەوەیـە ئێمـەی مـرۆڤ هـەردەم لـە خودی خۆمانەوە لە بوونەوەرەکانی دیکە تێدەگەین، ئێمە خۆمان لە سیما و رەفتاریـاندا دەبینینـەوە، بـە تایبـەتیش لـە سـیما و رەفتـاری ئەوانـەیاندا کـە دەستەمۆمان کـردوون چونکە بـاش دەیانناسـین و لێمانـەوە نزیکـن، ئەگـەرچی چـارلز داروێـن (١٨٠٩ - ١٨٨٢) لە کۆتایی سەدەی رابردوودا بڕوای وابوو کـە حەیوانـەکان لـە ڕێگ ەی دەنگیانـەوە تـەعبیر لـە هەستەکانیان دەکەن[١٦]. بـە کورتـی: مـرۆڤ توانـا و میزاج و سیفاتەکانی خـۆی دەگوێزێتـەوە بـۆ سـەر ڕەفتـاری حەیواناتـەکانی تـر، بـە تایبـەتی کاتـێ بـە ((تورە))، ((شادمان)) و ((بێزار)) وەسفیان دەکات. هەروەها جاری وا هەیە خۆشمان لە سیمای گژوگیا و ڕووەکەکانی تریشدا دەناسینەوە، بـە تایبـەتی کاتـێ دەبینـین لـە گەرمـەی نەشـونمادا وشـك هـەڵدێن و ئەمـەش بـەوە لێکدەدەینـەوە کـە بـاش خزمـەت نەکراون، نازیان نەکێشراوە و ئاگامان لێیبان نەبووە. ئیدی لێرەوە ئاسانە لەناو گۆرانی و شیعرەکاندا و لە دوای نائومێدبوونمـان لـە عەشـق و پەیوەندییـەکان، خۆمـان بـە ((گوڵـی ژاکـاو)) ((لاولاوی سیسـبوو))، ((خونچـەی نەپشـکووتوو))، ((گوڵـی بـەجێماو))، ((پووشی زەردهەڵگەڕاو))، ((پەڕی دەم با))، ((لقـی شکاو))، ((درەختـی تـەنیا))، ((دارستانی خـەم)) و دەیان دیمەنی دیکە بچوێنین.

هەر چۆنێ بێـت، ئێمـە لـە تێگەیشتنی خۆمـان لـە ئاژەڵـە مـاڵی و ڕووەکەکان دڵنیـاین و دەزانـین کـە ئەوانـە بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـان بـیر دەکەنـەوە و هەستدەکەن و دڵخۆش و دەردەدار دەبن، بەڵام ئەی بۆچـی هـەمان دڵنیـایی لـە ئاسـت پڵنـگ و بەرازەکێوییەکاندا، لـە ئاست وڕچ و گورگـەکاندا، لـە ئاست مـار و کرمـەکاندا هەست پێناکـەین؟ ڕێـك ئالێرەدایـە کـە دەردەکـەوێ تێگەیشتنی مـرۆڤ لـە حـەیوانات و سروشـت هەمیشـە تێگەیشـتنێکی بەرژەوەندخوازانـە و سـنووردارە و مەبەسـتێکی تایبـەتی لـە دواوەیـە: هـەموو لـە خـەمی فـەوتانی ئاسکەکان، ((ئەو ڕەگەزە دەگمەنە))دان، کـەچی دەبێت کەو و پـۆڕ و ماسییەکان سـاڵانە ڕاوبکرێـن و شەوانە لە قەسابخانەکانی شاردا، کاتێ هاوواڵتیان لە خەودان، بە دەیان حەیوان بەتەور لەسـەریان بدرێـت تاکو بۆ سبەی بێگۆشت نەبین!

لە دنیای خودی مرۆڤەوە ناشێیت لە دنیای ئـاژەڵ حـاڵی ببـین. حەیوانـەکان یـەکتری دەخـۆن و پارچەپارچـە دەکـەن بـەبێ ئـەوەی دووچـاری خۆخوارنـەوە ببن و ویژدانیـان بکەوێتـە عەزابـەوە و هەست بە گوناە بکـەن!. حـەیوانات هیچ مۆراڵێـك و قیەمێکی ئەخلاقییان نیـە، هـەر لەبـەر ئـەوەش هیچ یاسایەکی ئەخلاقی و مۆراڵێك پێشـێل ناکـەن. ئـەوان هیچ نەرێت و کۆمەڵگایەکیان نیە، هەربۆیەشە هەرگیز ڕووندادات نەوەیەك لە ئاژەڵان بە جۆرێکـی جیـاواز لـە باوو باپیرانیان بژین. بیرکردنەوە لـەوەی لـە جیـهانی ئـاژەڵاندا نـاکۆکی بکەوێنـە نێـوان دوو نـەوەوە، نەوەیەك شۆڕش بکا بەسەر شێوازی ژیانی نەوەیەکی دیکەدا، لـە کۆمیدیایـەك زیـاتر نـابێت. بـە کورتـی حەیوانـەکان مێژوویـان نیـە و هـەموو ئەمـەش پێماندەڵێت: کـە ئاژەڵـەکان نـاتوانن پـەیوەندییان هەبێ بەوەی کە هەیـە، واتـە حـەیوانات نـاتوانن بیر بکەنەوە.

بەڵام گەیشتن بەم راستییە زۆر یارمەتیمان نادات، کاتێ مرۆڤ دێت و بە ئازارەوە پێماندەڵێ: ((حەیوانێکی هەبووە، بیری کردۆتەوە..)) وڵاخدارێ پێماندەڵێ کە هێسترەکەی خۆی بینیوە ((گریاوە))و دواجار لە خەرەندێوە ((خۆی فڕێداوەتە خوارەوە)). منالێك پێماندەڵێ: ((جوجکەکانی پێیان وتووە دانەوێڵەمان بۆ رۆکە)) و دواجار شاعیرێکیش دێت پێماندەڵێ کە گوێی لێبووە کەرەکەی پێیگوتووە ((هەردوو حەیوانین)) و هیچ جیاوازیمان نییە ئەوە نەبێ تۆ گوێ کورت و من گوێدرێژم!

** **

هەستکردن بە هاوەردی لەگەڵ ئەو گیاندارە بەستەزمانەدا کە هەمان جەوهەری حەیوانیی ئێمەی هەیە، ئەو ئاگاییەمان لەلا دەخولقێنێ کە ناچارمان دەکا مل بۆ گەلێك شت بدەین و بۆ ساتێ بێینە سەر ئەو بڕوایەی کە: بەڵێ، دەشێت حەیوانەکان بیر بکەنەوە. ئیدی لێرەدا بە تەواوی نازانین مانای بیرکردنەوە بە دەقیقی چی دەگەیەنێ؟ ئەمەیان کێشەیەکی هێندە گەورە نیە.

ئەگەر حەیوانات بەو بیرۆکانەیان دەزانی کە لە بارەی ئەوانەوە لەسەری ئێمەدان، تێڕ پێمان پێدەکەنین و لێرەشد ەوە دەورەکان بە تەواوی هەڵدەگەڕانەوە: چونکە پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ حەیوانەکاندا بە زۆری لەسەر یەك بنچینە بەندە، کە ئەو بنچینەیەش پەنجەنومای ((بەپایەدارمانەوەی سەروەرایەتی مرۆڤ)) دەکات. کاتێ راوچی بۆ تەنککردنی ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان و ترساندنی درندەکان لە پێش وەرزی راوکردندا، ئەوە دەکات کە دەیکات، بۆ ئەوە نیە تا بانێندە و ئاژەڵەکانی دیکە لەو درندانە بپارێزێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە خۆی جێگەی حەیوانە گۆشتخۆرەکان بگرێتەوە و لاساییان بکاتەوە. ئەو بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت بەمکارەی جێگەی درەندەکان دەگرێتەوە. فیلەکانی سێرك لەسەر دوو قاچ رادەوەستن، هێسترەکان سەما دەکەن و سەگە ئاوییەکان تۆپێن دەکەن. بەمجۆرەش ئێمە ئاژەڵەکان ناچار دەکەین لە خۆمان بچن، چونکە ئێمە خۆمانمان لەواندا ناسیوەتەوە. راستە دەشێت ئاژەڵەکان لەو بارودۆخانەدا کە لاسایی مرۆڤ دەکەنەوە، وەڵامی ((پێویستی ئینسان)) دەدەنەوە بەوەی گوێیی لێبگیرێت و ملکەچیی بکرێت و ئەمەش چێژێکی پێدەبەخشێت، بەڵام پێموایە هۆی سەرەکیی هەر لەوەدا نییە کە مرۆڤ چێژ لەو ئاغایەتیەی خۆی بەسەر ئاژەڵەکانەوە دەبینێت، بەڵکو هۆی سەرەکیی کاتێ دێتە دەست کە حەیوانەکان دەگەنە سەر سنووری کۆمیکییەکان و تەنانەت سەر ئەو سنوورانەی کە لاساییکردنەوەکەیان لە مەترسیی نزیکیان دەخاتەوە. ئەوە حەزی ئێمەیە و دڵخۆشکردنی ئێمەیە بە بینینی ساتەوەختی تێکشکانی حەیوانەکان، بەسەرنەکەوتنیان لە ئەنجامدانی لاساییکردنەوەکەیاندا، کە وامان لێدەکات لەئاست رەفتارە نائاساییەکانیاندا سەرمان بسووڕمێ و بە کەوتنەخوارەوەیان لەسەر پەیژە و تەنافەکانی سێرك، بدەینە شریخەی پێکەنین و چەپڵە لێدان.

بۆچی ئاژەڵەکان لە کاتی لاساییکردنەوەی مرۆڤدا گاڵتەجاڕانەو پێکەنیناوی دێنە پێشچاو؟

یەکێك لەوەڵامەکان ئەوەیە کە بڵێین: ئێمە بەو ئاژەڵانە پێدەکەنین کە دەیانەوێ ببنە مرۆڤ، چونکە باش دەزانین کە هەوڵدانەکەیان مەحکومە بە تێکشکان، دەزانین کە ئاژەڵەکان مرۆڤ نین و ئەم دوانە جیاوازییان هەیە. ئێمە بەو هێسترەی ناو سێرك پێدەکەنین کە لە وەڵامی پرسیاری (دوو و سێ) چەند دەکات، پێنج جار سەر رادەوەشێنێ. تەنانەت ئەوپەڕی بەرگریکەرەکانیش لە توانای حەیواناتەکان بۆ بیرکردنەوە، کاتێ ئەم بارودۆخە دەبینن، دەست لە بیروڕای خۆیان دەکێشنەوە بۆ ئەوەی بڵێن: هێسترەکانی سێرك قسان دەکەن و دەزانن کە سێ و دوو دەکاتە پێنج و سەر راوەشاندنەکەیان نیشانە وەڵامی ئەوانە!

یۆنانە کۆنەکان مرۆڤیان وەك بوونەوەرێك پێناسە دەکرد کە خاوەنی ((لۆگۆس))ە لەم حاڵەتەشدا

چەمکی لۆگۆس چەندین مانای هەیە: زمان، هزر، و ئاوەز و تاد. لە بنەڕەتدا وشەی لۆگۆس (*logos*) لە وشەی لێگۆ (*lego*)وە هاتووە، کە مانای وتن، بیرکردنەوە، یا خود ژماردنیش دەدات بەدەستەوە. دیارە کەس نایەوێ بڵێت حەیوانات توانای قسەکردنیان هەیە، بەڵام زۆرن ئەوانەی دەڵێن کە ئازەڵ بیر دەکەنەوە. کێشەکە لەوەدایە قسەکردن و بیرکردنەوە هەر یەک شتن، یاخود سەر بەهەمان توانا و میکانیزمی هزرین، و هەردووکیان کردەیەکی لۆگۆسین. پرسیار لەوەدایە بۆچی ئەمڕۆ خەڵکانێکی زۆر هەن کە بڕوایان وایە حەیوانات توانای بیرکردنەوەیان هەیە، کەچی هەرگیز دان بە توانای هیچ ئازەڵێکدا نانێن بۆ قسەکردن؟ رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە ئەمڕۆ لایەنگیریی بۆ بیرکردنەوە زۆر بەربڵاوتر بێت لە لایەنگیری بۆ قسەکردن.

چوارەم:
کەری ناو مرۆڤ، مرۆڤی ناو کەر

سەبارەت بە پەیوەندیی ئەم شیعرەی نالیی مەزن بە دنیای ئازەڵەوە، ناکرێت هەر وەکو لایەنگیری ئەو بۆ حەیوانێکی بەنەفرەتکراوی بێزراوی پلەنزم تەماشای بکەین، چونکە ((سیحر و حیکمەت))ی شیعرەکە لە ژێر زەبری ئەم مانایەدا بەتاڵ دەبێتەوە.. شیعریش جوانی خۆی لەوەدا بەدەست ناهێنێ کە لەسەر پانتایی نوسراو دەیڵێت، هێزی بەیانکردن لە شیعردا سەرجەمی هێزی ئەو شیعرە نییە و قسەی شاعیریش هەر لە ناو چوارچێوەی ئەو مانایانەدا بەند ناکرێت کە بەیانیکردوون. شیعر لۆژیکی خۆی هەیە، میکانیزمی خۆڕووتکردنەوەی خۆی هەیە و سات و زەمەنی خۆی هەیە کە جیایە لەو سات و زەمەنەی شیعرەکە وەک دەقێ بەرجەستە دەکات. نالی بۆ خۆی تەواو ئاگایە بەرامبەر بەو ڕەهەندەی شیعر کە خۆی لەسەر پانتایی کاغەز نادات بەدەستەوە و هەمیشە پێش بەرجەستەبوونی نووسراویانەی شیعرێک، بارودۆخێکی دیکە هەیە کە دەشێت ناوی بنێین شیعر لە ئاستی ((رووداودا))، رووداویش ئەو قۆناغەی سەرهەڵدانی شیعرە کە بۆ شاعیران خۆشیان روون نیە[17].

لەسەرەتای دیوانی نالیدا بەیتێك هەیە کە ئەو بێتوانابیەی شاعیر لە ئاست بەیانکردنی ساتی رووداوی شیعریدا دەردەخات و نالی دەڵێت: ئەوە حیکمەتی شیعرە ناهێڵێت رووداو بەیان بکرێ و بەرجەستە بکرێ. حیکمەتی شیعر خۆی ڕێگرە لە بەردەم بەرجەستەکردنی رووداوە شیعرییەکەدا، هەروەکو چۆن بۆ دروستکردنی ژیانێك پێویستمان بە دڵێکی بەهێز هەیە، واتە بێهێزی دڵ وەك سەرچاوەیەك بۆ پایەدارکردنی ژیان، خۆی لە خۆیدا ڕێگرە لەبەردەم ئامادەکردنی ئەو هێزەدا کە ژیان دروستدەکا، یان ((ئینشای دەکا)):

((نالی)) نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە
ئەمما نییەتی قووەتی دڵ، قودرەتی ئینشا.

من هەرگیز نامەوێ مانای شیعرەکەی نالی لە ((هەستی بەرزی ئەودا بۆ دڵسووتان بە گیانەوەران)) (وەك مامۆستایانی موددەریس لە لێکدانەوەکەیاندا، لاپەڕە: ۲۲۸ ـ ۲۲۹ی دیوانی نالیدا، دەفەرموون) قەتیس بکەم، چونکە بێگومانم لە هەبوونی ئەو هەستە بەرزە لەلای شاعیرەکەمان، بەڵام ئەوەی سەرنجم رادەکێشێ هەستی دڵسووتانی شاعیریشە بە لاوازیی مرۆڤ کە هەمیشە وادەزانێت ((سەروەری گیاندارەکانە)) و نالی لێرەدا ئەو سەروەرییە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بەلایەکی دیکەدا، ئەوەی نالی دەیەوێ لە زمان کەرەکەیەوە بیڵێ، لە راستیدا خۆزگەو تەمەننای خۆیەتی بۆ هێنانە کایەی هەستێکی ئینسانیی ((گونجاو))، نەك ((ئینسانییەتێکی سەروەر))، چونکە ئەوەی نالی لە زمان کەرەکەیەوە دەیڵێت، نەك هەر حەقیقەتی جیهانی ئازەڵ نییە، بەڵکو تەمەننای نالی و خۆزگەیەتی بۆ بەدەنگهاتنی ئازەڵ لە ئاست دنیای مرۆڤدا. نالی لە خۆیەوە، لەناخی خۆیەوە دەڕوانێتە حەیوان و رەنگە بیەوێت بە مرۆڤ بڵێت، تەنانەت کەریش لە جەوهەری حەیوانیانەیدا

وەك خۆت وەهایە، ئیدی چ پێویست دەکات تۆ لافی خۆ بەگەورەزانی و فیز بەسەر کائینەکاندا لێبدەیت بەناوی عەقڵەوە لە کاتێکدا عەقڵ ناتوانێ سنوور بۆ دەڕندەییەکانت دابنێ؟. من پێموایە ئەمە ساتەوەختی تووڕەیی شاعیرێکی هەست ناسکە لە ئاست دنیایەکدا کە مرۆڤەکانی لە ژیانێکی تەبا نامۆ بوون و فۆرمی ئینسانییان چیدی پاساوی ئینسانییەتیان ناداتەوە (هەروەکو چۆن دەشێت ئەمە ساتی تووڕەیی ئێمەش بێت لە ئینسانییەتی خۆمان کە ناچارمان دەکا ئەم تەئویلە بۆ دەقەکەی نالی بکەین). ستراتیژی نالی لەم شیعرەدا، دابڕ نییە لە کۆی ستراتیژی جیهانبینی نالی لە تێڕوانینیا بۆ مرۆڤ و لە رەخنەگرتنیا لە ریاکاری و سۆفیگەرایی و چاوبەستکردن و درۆکردن و دووڕوویی. نالی وەك ژیاندۆستێك، وەك مرۆڤدۆستێکی رەخنەگر، چاو لەو هێزە شەڕانیانەی ناخی ئینسان ناپۆشێت کە مرۆڤایەتی مرۆڤ پێشێل دەکەن. ئەو لەیەك کاتدا جوانییەکانی ژیان و مرۆڤ دەکاتە ماددەی شیعری و هێندەی دیکە جوانیان دەکات {کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی دڵداری و وەسفین و ئەمەش بەڵگەیەکی چاکە بۆ ژیاندۆستی و جیهان ویستییەکەی ئەو}[18]، لە هەمان کاتیشدا درزێوییەکانی ژیان و کەمتەرخەمیەکانی مرۆڤ دەداتە بەرتیری رەخنە و بەسانایی لێیان خۆش نابێ.

بۆیە من پێموایە نوسینی شیعرێ بۆ کەر، بە پلەی یەکەم نیشانەی دروستبوونی هوشیاریی نیە لە ئاست گیاندارانداء نیشانە دەرکردنی مانیفێستێك نیە بۆ بەرگریکردن لە حەیوانات؛ هێندەی ئەوەی نیشانەی رەخنەیە لە کەمتەرخەمیی مرۆڤ لە ئاست چەسپاندن و سەلماندن و گەشەدان بە ئینسانیەتی خۆی. نالی ئەرکی ((بوون بە ئینسان)) لە ئاستە فۆرمالیستیەکەیدا نابینێت، واتە بەلای ئەوەوە هەرتەنیا بەس نیە لەسەر دوو پێ بڕۆین، دوو دەستمان هەبێ، ((صائم الدهر))، ((قائم اللیل)) بین و گوێمان کورت بێت. نالی لەسەر بنەمای فۆرمی جەستەوە پێناسەی ئینسان ناکات، دەبێ لەجەستەدا ئینسانیەت هەبێ. ئەو ئینسان هەر لە روانگەی خولقەتەوە، کە روانگەیەکی ئایینیە، نابینێ کە بۆ یەکجار و بۆ هەمیشە وەك ئینسان هاتبێتە دنیاوە؛ بەڵکو ئەووەزیفەی ((بەئینسانبوون)) دەگێڕێتەوە بۆ جەوهەرێکی حەیوانیانە، کە لەگەڵ هەموو حەیواناتی تردا هاوبەشن. کەواتە ئینسانبوون لای نالی بریتیە لە تێگەیشتن لە مانای ئەو جەوهەرە هاوبەشە، وەك سەرەتایەك بۆ هەنگاونان بەرەو ئینسانیەت، نەك دڕەندەییکردن لە پێستی مرۆڤدا.

لەپشت ئەم شیعرەوە رووداوێك هەیە، کە شیعرەکە بەرجەستەی نەکردووە تاکو ئێمە ناوەڕۆکی شیعرەکە بە گەڕانەوە بۆ ئەو رووداوە شییبکەینەوە. ئەوەی شیعرەکە بەرجەستەی کردووە بریتیە لە پرۆسەیەك کە تیایدا حەیوان دەکرێتە ئینسان، کەر دەبێتە عاقڵ، بێزمانی زمانی دەپژێ. هەموو ئەمەش بوارمان دەداتێ کە بڵێین: ساتی بە ئینسانبوونی حەیوان لەم شیعرەدا، بەڵگەیە لەسەر تووڕەیی شاعیر لە چۆنێتی ئیشکردنی ئینسانەکان بە عەقڵ و بە ئینسانیەتی خۆیان. کاتێ کەر دەبێتە عاقڵ، بە مانای ئەوەیە شاعیرەکەمان نائومێدە لە ئاست وەزیفەی ئینسانیانەی عەقڵدا و ئینسان بە شایانی ئەو ئیمتیازە نازانێ کە عەقڵی هەبێت، بۆیە ئەم توانایەی لێدەستێنێتەوەو دەیبەخشێتە حەیوانێك کە ئینسانەکان بە ((هەموو عەقڵی خۆیانەوە)) بە ((کەر))، واتە ((بێعەقڵ)) ناویان ناوە. هەروەها کاتێ زمان بە بێزمان دەبەخشێت، دیسانەوە ئیمتیازێکی دیکە لە ئینسان دەستێنێتەوە کە توانای قسەکردنیەتی لەسەر ژیان و دیاردەکانی، بەڵام کاتێ زمان لە وەزیفە سەرەکیەکەی لادەدات و مرۆڤ ناتوانێ لەبارەی ژیانی خۆیەوە، خودای خۆیەوە، دەروبەری خۆیەوە بدوێت، شاعیر تەمەننا دەخوازێت کە ئەو زمانە بۆ حەیوان بایە تاکو راستییەکانمان بۆ بەیانبکات. وەك ئەوەی بیەوێ بڵێت: ئەگەر زمان بە حەیوانەوە دەبوو، دەبوو زمانی راستیی گوتن و رۆشنگەری و هوشیاری و تاد.

به پێچەوانەی سیمای شیعرە کەوە کە هەندێجار لە کۆمیدیا نزیکدەبێتەوە، ئەوە پێموایە بونیادی شاراوەی ئەم شیعرە لە بارودۆخێکی ماندوویی شاعیرەکەیەوە بەدەست تونـدوتیژی و گـرژی و فشاری ژیانی کۆمەڵگاوە هەڵقوڵا بێت. رەنگە بەردەوام دووبارە بوونەوەی هەندێ رەفتار و گوفتاری ماندووکەر لە ژیانی کۆمەڵایەتی نالیدا، هۆی هەرە سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم شیعرە بووبێت. بۆ بەڵگەی ئەم قسەیەش، جگە لەوەی دیوانی نالی پڕە لەو شیعرانەی کە تیابـاندا رەخنەی توند ئاراستەی ئاستەکانی نـەزانی و کەمتەرخـەمی و سسـتی و بێموبـالاتیی دەسـتە و توێژەکـان دەکـات، لـەو میکانیزمەشەوە دەهێنم کە لەم شـیعرەدا ئیشـی پێکراوەو دوو لایەنی وەرگرتووە:

یەکەم: بە مێیینەکردنی نێر و
دووەم: سڕینەوەی زەکەر.

یەکەم، بە مێیینەکردنی نێر:

ئەگـەر لایـەنی یەکـەم وەربگریـن، واتـە بـە مێینـەکردنی نێر، ئـەوە هـەر زوو بـە وەسـفەکانی شاعیردا تێدەگەین، ئەو کەرەی باسی دەکات دەبێت (نێرەکـەر) بووبێـت، نـەك (ماکـەر)! بـەڵام سـەیر لەوەدایە لـە زۆربـەی ئـەو خەسڵەت و وردەکـاری و تەشبیهاتانەدا کە وەسفەکانی لەسەرەوە بینا دەکـا، خەسڵەتی (مێیینە و نەرم و نیان و شیرین) زاڵ دەبن و لێرەشەوە هەندێ لە نووسەران باشیان پێکاوە کـە دەڵێن: وەسفەکانی نالی بۆ کەرەکەی نزیکدەبنەوە لە وەسـفی ئـەو بـۆ دڵدارەکـەی![19] بـەڵام مـن لـە ڕاڤەکردندا لـەو نووسـەرانە جیـا دەبمـەوە و پێموایـە ئەو وەسفانەی نالی، گرنگییان لەوەدا نیە کە وەسفی دڵدارەکـەیمان بـیر بهێننـەوە، بـەڵکو لـە بنـەمادا پـەیوەندیی هەیـە بـە ((جیـهانبینیی شـاعیرانەی نالی))یـەوە، کـە زۆربـەی کـات شتەکان لـە دۆخـی مێیینـەیی خۆیـاندا دەبینـێ و بـەردەوام هـەوڵدەدات جیـهان و دەروبـەر و دیاردەکـان و سرووشـت و تـاد. بەمێیینە بکات و ئەمـەش پەیوەندییـەکی پتـەوی بـە ئامـادەیی بـەردەوامی پرنسـیپی ((نـا تووندوتیژی))یەوە هەیە لە دنیای شیعری نـالیدا. نـالی بەپلەی یەکەم شاعیری عەشق و ژیانە و ئەمەش لـەو هـەموو شـیعرانەیدا دەردەکـەوێ کـە بـۆ مـرۆڤ و سرووشـت و شـتەکانی نووسـیون. شـاعیرێ لـە بیرکردنەوەیدا لە سرووشت گەیشتبێتە ئەوەی هێندە بەڕوونی بڵێت:

((کانی دەزێن بە ئاو و، درەخت ئاوسن بە با
شایی بەهارە، بولبولە داماد و غونچە بوك))

نـاتوانێت جیـهان لـە ڕەگـەزە تووندوتیـژی و سـیما گرژەکانی ڕووت نەکاتەوە و ڕەگەزی نێرانەی جیـهان ڕەش نەکاتـەوە.. لـێرەوە وەسـفەکانی شـاعیر بـۆ کەرەکەی چەندە لە ئاستی مانادا کەمبایەخن، کەچی بـۆ خوێندنـەوەی کـۆی جیـهانبینیی ناتوندوتیژانـەی نالی و، لەوەدا کە هەوڵدانی ئەون بۆ بـە مێینـەکردنی نێر، بایەخی تایبەتییان هەیـە. سـەیر لەوەدایـە نـالی لەم وەسفانەدا بۆ نێرەکەرەکەی هێندە خـۆی دەدات بەدەست شەپۆلەکانی بە مێیینەکردنـەوە، کـە ئیـدی یـەکێك لـە ئەندامـە هـەرە گرنگـەکانی کـەری لـەبیر دەچێتـەوە کـە حەیتـە گـەورە و سـەربە گوێبەندەکەیـەتی! و لێرەشـدا دەگەینـە سـەر باسکردنی لایەنی دووەمی میکانیزمی ناو شیعرەکە.

دووەم، سڕینەوەی زەکەر

نالی لە وەسفی ((سەر و کەللـە و سـینەی پـان))ی کەرەکەیەوە دەستپێدەکا، تاکو دەگاتە ((سم و پێی لە تووکدا شاراوەی))، کەچی زەکەری کـەر، (کـە لـە ڕووی ئەفسانەیی و مێژووییەوە بۆتە هۆی ئەو هەموو ناوبانگ و گوێبەندنانەوەیە بۆی)، لەبیر دەکات!. ئەم بیرکردنـە هـەر هۆیـەکی لـە پشـتەوە بـێ و هـەر چۆنێك لێکـی بدەینـەوە، نـاتوانێت بەشێك نـەبێ لـە پرۆسـەی ((ڕەتکردنـەوەی تووندوتیـژی)) لـە ڕێگـەی فەرامۆشـکردنی زەکـەرەوە. زەکـەر یەکێکـە لـە ڕەمزەکانی زەبر و لێدان و تووندوتیژی و تەنانـەت لـە مـەیدانی پێکهـەڵپڕژانی کۆمەڵایـەتیدا کاتـێ کەسـێك

هینەکەی کەر ڕەوانەکراو دایك و خوشکی یەکێکی تر دەکا، ئەوە ڕادەدی ئەو تووندتیژی و تووڕەییەش کەشفدەکا، کە ئەو کەسە بەرامبەر کەسی بۆ روتنەکراو هەیەتی..

نالی لە دنیایەکدا ئیشدەکات کە دنیای شیعر و بەرهەمهێنانی جوانی و مانایە، ئەم دنیایەش جێگەی بەرجەستەکردنی خەسڵەتی تووندوتیژیی نێرانەی تیا نابێتەوە و شەپۆلی ئەو وەسپانەی بە جۆرێ لەگەڵ خۆیان بردوویانە کە زەکەر وەك ڕەمزی تووندوتیژی لەیاد بکا. دیارە ئەمەش پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە خۆزگەی نالییەوە بۆ سڕینەوەی تووندوتیژی لە هەمو دنیادا و تەمەننای ئەوە بۆ دروستکردنی جیهانێکی تەبا، کە تیایدا ئینسان و حەیوان یەك جەوهەریان هەیە و هیچیان لە جەورهەدا لەویتریان لە پێشتر نین. لێرەوە وەسفەکانی نالی بۆ کەر، دواجار لەناو نەرمییەکی سەرسوڕهێنەری ئەوتۆدا ئارام دەبنەوە، کە نالی شاعیر توانای هەبێ لە ((زمانی کەر)) تێبگات و هیچ سنووردێك لە نێوان حەیوانیەتی ئینسان و عاقڵێتی حەیواندا نەمێنێت.

بۆ زیاتر سەلماندنی ئەو دوو میکانیزمەی پێشتر، کە نالی بە هۆیانەوە نەرمییەك بەوەسفەکانی دەدات، لە شیعرەکەدا میکانیزمێکی دیکەش هەیە، کە بریتیە لە بەوشەکردن و بەزمانککردن و لەوێشەوە بە مەفهوومکردنی (دەنگ و زمان)ی کەر: نالی یەکێ لە خەسڵەتە هەرە بێزارکەرەکانی کەر، کە (زەرین)ە و ئیقاعێکی نامۆسیقیایی هەیە، دەکاتە ((رستەی زمانیی)) و دەیخاتە سەر ((ریتمی قسەکردن)) و ئاخاوتنی ئینسان. لە ڕاستیدا نالی بەهیچ شێوەیەك نایەوێ لە شیعرەکەیدا دەنگی ناسازی کەرمان بەبیر بهێنێتەوە، بەڵکو کاتێ ئاوڕ لەم لایەنە دەداتەوە، دەنگی زەرین ((تەرجەمەی سەر زمانی ئاخاوتن)) دەکات و دەڵێت: {چەندە پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیوت: ((نالیا))}، کە دیارە ئەمەش لە هەڵبژاردنێکی ئاگایانەی شاعیر دەچێت بۆ بەرجەستەکردنی ئەو دەنگە، لە کاتێکدا دەیتوانی لە میانەی وەسفەکانیدا بۆ کەر، سیفەتێکی تایبەتیش بە دەنگی زەرینەکەی ببەخشێ و ئەویشمان لێبکاتە نەغمەیەی خۆش.

** ** **

پێنجەم:

بیرکردنەوە بە شیعر

پرسیاری گرنگ لەم بەشەدا ئەوەیە: ئایا ئەگەر بمانەوێ لە چوارچێوەی کێشەکانی ئێستاماندا بیر لەم شیعرە بکەینەوە و بیری پێبکەینەوە، واتە ئاسۆی دەقەکە لە ڕێگەی خوێندنەوەیەوە، ببەستین بە ئاسۆی دنیای خۆمانەوە، پێویستە چ ڕێگایەك هەڵبژێرین؟ ئایا دەتوانین ئەم دەقە وەك ڕوانگەیەك، وەك (پرسپێکتیف)ێك بەکار بهێنین بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر لە ئێستای خۆمان؟ بە مانایەکی دیکە دەپرسم: ئایا شیعر دەتوانێت ئیزافەیەك بخاتە سەر دنیای بیرکردنەوە و ئاسۆی ژیان و بوونمان؟

لێرەدا نامەوێ سەبارەت بە ((شیعر و بوون))، بە ((شیعرییەتی بوون) و ((عەقڵانیەتی شیعر)) و ئیلتیزامی شیعر بە بوونێکی بەهادارانەی ئینسانییەوە، بدوێم. ئەم باسەم لە شوێنێکی دیکەدا خستۆتەڕوو[٢٠]، بەڵکو هەوڵدەدەم لەسەر ئاستی دوورەگەزەوە کە پێکهێنەری بنەڕەتیی شیعرەکەن، واتە ڕەگەزی (خوازە، یان میتافۆر) و ڕەگەزی (فەنتازیا) وەڵامی بەشێکی ئەو پرسیارانەی پێشوو بدەمەوە و بۆ ئەمەش پشت دەبەستم بە بیرکردنەوەی فەیلەسووفی فەرەنسی (پۆڵ ریکۆر) لە تێگەیشتنیدا بۆ ڕەگەزی میتافۆر و فەنتازیا.

ریکۆر لە میانەی بیرکردنەوە فەلسەفیەکانیدا لەمەڕ زمانەوە، لەوەتێگەیشت کە نەك هەر دەبێ تێگەیشتنی فەلسەفیانەی بونیادگەری لە زمان ڕاستبکرێتەوە، بەڵکو کەوتە ڕەخنەگرتنیش لە سەرجەمی ئەو نەرێتەی ناو کولتووری فیکریی خۆرئاوا کە تیایدا هەوڵدەدرێت زمانی میتافۆریانەی پشت بەستوو بە وێنەسازی، بچووکبکرێتەوە بۆ سەر ئاستی زمانێکی بێمانا و بێبایەخی ڕازاندنەوەی دەقەکان. ئەمەش ریکۆری بەرەو ڕەخنەیەکی قوڵ لە نەرێتی هونەری ڕەوانبێژیی تەقلیدی (فن الخطابه)

بـرد، کـه لـه کتێبـه ((میتـافۆری زینـدوو)) یـان ((ئیستیعارەی زینـدوو))دا (١٩٧٥) رەنگیدایـەوە و پاشـانیش لـه هـەندێ وتـاریدا گەڕایـەوە سـەر ئـەم مەسەلەیە[٢١].

لـەم کارانـەدا ریکـۆر دەیـەوێ بڵێـت، تـەنیا ئـەو میتافۆرانە بـە زیندوویـی دەمێننـەوە، واتـە دەتوانـن شتێکی زیاتر لە مانای حەرفی دەقـەکان بخەنـە روو، کـە وەسـفێکی دیکـەی دنیـا دەکـەن و سـیمای هەمـەڕەنگیی جیـهان بـە شـێوەیەکی تـر پێشـکەش دەکـەن. بـەمجۆرەش دەقـی میتـافۆری، دەبێتـە دەقێکی لاساییکەرەوە، واتە (میمیسیس) بەوجۆرەی کە ئەرستۆ لە کتێبی (شیعر)دا باسی دەکا: میتـافۆر ئـەو شتە پێشاندەدات کـە دەیناسـین و هـەر بـەو جۆرەش لە میانـەی پیشـاندانەوەیدا مانـای نـوێ بـە هـەمان شت دەبەخشێت. کەواتـە میتـافۆر هـەر بـە تـەنیا دووبـارە نووسینەوەیەکی نومایشـیی، یـاخود وێنـەیی نیـە کـە مەسـەلەیەکمان بـە وشـەی دی بـۆ باسبکا، بەڵکو جۆرێکی تازەی تێگەیشتنە لە خۆمان و لە جیهان و شـتەکان. هەرئـەوە دووبـارە ناکاتـەوە کە پێشتر دەیزانین، بەڵکو ئامـاژە بۆ ئیمکانی تـازەی تێگەیشـتنیش دەکـا. کتێبـی ((میتـافۆری زینـدوو)) هوڵدانێکی سەرنجڕاکێشە بۆ بەکراوەیی هێشـتنەوەی تێگەیشتنی مەعریفیانە لە جیهان و بـوون، نـەک هـەر بـە هـۆی بیرکردنـەوەی ((عەقڵانیانـەی رووتـەوە))، بـەڵکو بـەهۆی ((شـیعر و هونـەر))ەوە. لـە خـودی خۆیدا میتـافۆر دەچوێندرێت بـە شـیعر، یـاخود بـە مینـاتۆری هەمـەڕەنگ دەچوێنـدرێ و مرۆڤیـش لەرێگـەی زمـانی شـیعرەوە فـەنتازیای خـۆی گەشـە پێدەدات و دنیای خۆی مینـاتۆریزە دەکـا بـە جـۆرێ کـە مـەوداکانی ژیـانی بـەرفراوان و هەمـەڕەنگ بـن. ریکـۆر لـە شـوێنێکدا گوتویـە: ((بـە گۆڕانکـاریی لـە فەنتازیادا، مـرۆڤ بوونـی خـۆی دەگۆڕێـت))[٢٢] ئـەم بڕوابوونـە بـەوەی کـە وێنـەکانی زمـان و فـەنتازیا دەتوانن تێگەیشتنی مرۆڤ لە هەلومەرجـەکانی ژیـان و ئیمکانەکانی گەشە پێدەن، خـاڵێکی گرنگە لەهـەر هـەوڵدانێکی تیۆریانـەدا بـۆ تێگەیشـتن لـە شـیعر و بەستنەوەی ئاسۆکانی دەقـی شـیعریی بـە ئاسـۆی جیهانی خۆمانەوە، کە ئەمەش مەسـەلەیەکی گرنگـی فەلسەفەی تەئویل و هیرمنوتیکای (گادامیر)ە.

** **

ئێستا دەمەوێ بڵێم: دەقی ئەم شیعرەی نـالی وەک زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی دەقێکی میتـافۆریی، یـاخود ئیستیعاریيە[٢٣]. بەڵگەش بـۆ ئـەم قسـەیە ئەوەیە کـە بگوتـرێ: پێـش هـەموو شتێ ئـەم دەقـە دەقێکـی (شـیعری)یـە و لـە (زمـان)دا بـە ئێمـە گەیشتووە و میتـافۆریش شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی ئیشکردنی زمـان، کەواتـە شـیعرەکە بەڵگەیـەک نیـە لەسـەر رووداوێکـی مێژوویـی، یـان کۆمەڵایـەتی و سیاسـی، بـەڵکو بەڵگەیـە لەسـەر ((ئیشـکردنی فـەنتازیا)) و لێرەشـەوە بـە تـەواوی پێناسـەکەی ریکۆری لەگەڵدا دەگونجێ، چونکە دەقێکە خولقـاوی فەنتازیایە و پەیامەکەشی: گۆڕینی وێنـای مرۆڤـە بـۆ کـەر، کـە لـێرەدا وشـەی (کـەر) هـەم فیگـەرێکی ئیسـتیعاریە بـۆ حـەیوان بـە تایبـەتی و هـەم فیگەرێکیشـە بـۆ سرووشـت بـە گشـتی، چونکـە وەک پێشتر نوسیم، پرۆسـەی ئیشـکردنی ئـەم شـیعرە گواسـتنەوەی سروشـتییە بـۆ کولتـوری، قـایلبوونی عەقڵە بۆ بێعەقڵ و پێبەخشینی زمانە بە بێزمان، کـە پێشتر بە دوور و درێژی لەم لایەنانە دووام.

بە واتایەکی دیکە: ئێمە دەتوانین لەم روانگەیەوەو لەسەر بنەمای ئەم شیعرەوە، یاخود لەسەر پوختەی گوتـاری ئـەم دەقـەوە، بـاس لـە تـێڕوانینی فەلسـەفیانەی شـاعیرەکەمان بکـەین سـەبارەت بـە سرووشت و حـەیوان و مـرۆڤ. واتـە ئـەم دەقـە وەک بەڵگەی ((بیرکردنەوەی شاعیرانەی ئینسان لە دنیا)) تێبگەین کە لە هەمان کاتیشـدا دەتوانـین بـەراوردی بکـەین بـە بیرکردنـەوەکانی دیکـەی مـرۆڤ لـەناو مێـژووی فەلسـەفەدا سـەبارەت بـە سرووشـت و حەیوانات و پەیوەندیی مرۆڤ پێیانەوە. ئەم شـیعرە بەڵگەیـە لەسـەر بیرکردنـەوە لـە جیـهان بـەهۆی فـەنتازیاوە، نـەک عـەقڵی پەتییـەوە، واتـە بەشداریکردنی فەنتازیایە لـە فراوانکردنـی ئاسـۆکانی

ژیـــان و رەخنەیـــە لـــە سیســـتەمەکانی دیکـــەی تەفسیرکردنی دنیا. جۆرێکـی تـازەی تێگەیشـتنە لـە خۆمان و لە جیهان. هەر ئەوە دووبارە ناکاتـەوە کـە پێشتر دەیزانین، بەڵکو ئامازە بۆ ئیمکانی تێگەیشتن و زانینی تازەش دەکا. وەک ریکۆر دەڵێ، ئـەمجۆرە دەقانـە: هـەوڵدانێکی سەرنجڕاکێشـن بـۆ بـەکراوەیی هێشتنەوەی تێگەیشتنی مەعریفیانـە لـە جیـهان و بوون، نەک هەر بـە هـۆی بیرکردنـەوەی عەقڵانیانـەی رووتـــەوە، بـــەڵکو بـــەهۆی شـــیعر و هونـــەرەوە. سرووشتی میتافۆریانەی ئەم جـۆرە دەقانـە هـەر لـە حەرفەکانیاندا نییە، بەڵکو دەتوانن شتێکی زیـاتر لـە مانـای حـــەرفیی دەقـــەکان بخەنـــە روو، چونکـــە وەسفێکی دیکەی دنیا دەکەن و سیمای هەمەڕەنگیی جیهان بەشێوەیەکیتر پێشکەش دەکەن.

هەموو ئەم خەسڵەتانەش لە ناو دەقەکەدا، هانمان دەدەن تاکو بەشـێوەیەکی وردتـر هـئو جیهانبینیانـە دەستنیشان بکەین کە جیهانبینی ناو دەقەکە لەسەر سرووشـت و حـەیوان، بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ رەخنـــەیان لێدەگرێـــت. ئەگـــەر وەکـــو لـــەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان ئاشـکرابوو، ئـەم دەقـەی نـالی ئەنجامی بیرکردنەوە بێت لـە مـرۆڤ و بەرهەمـهێنانی هیومانیزمێکی رادیکاڵ بێت لەناو زمانی کوردیدا، کـە تیـایدا ئینسان بـە پێچەوانـەی سیستەمە باوەکـانی بیرکردنەوە و تیۆری خولقەتی ئـایینی، نـەک هـەر بـە سەنتەر و سەروەر ناکرێت، بـەڵکو دەشخرێتە ریـزی حەیواناتـەکانی تـرو ،ەک هـەر حـەیوانێکی دیکـە تەماشـای دەکـرێ، ئـەوە شـتێکی ئاشـکرایە کـە جیـــهانبینی نـــاو دەقەکـــە وەک رەخنەیـــەکی ناڕاستەوخۆی لێدێت کە جیهانبینی میکانیکیانـە و ئامرازگەرایانە، کە دوو ئاراستەی فیکری ناو مێـژووی فەلسـەفەن لـە تـــێڕوانینی مرۆڤـدا بـۆ سرووشـت و حەیوانات.

بۆیە لێرە بەدواوە دەمەوێ، ئەگەرچی بە کورتیش بێت، کـەمێ لەســـەر تـــێڕوانینی ئامرازگەرایانـــە بـــۆ سرووشت بوەستم تاکو زەمینەیەکی پـتر ئاشـکرا بـۆ تێگەیشتن لە شیعرەکەی نالی، وەک رەخنـەگرتن لـەو جیهانبینییە بێتە ئاراوە. پێموایە ئەمە خاڵێکی نوێیە کە ئێمە دەتوانین لە شـیعری کلاسـیکی کوردییـەوە، ئـامرازی رەخنـەگرتن لـــە ئاراســـتەیەکی فیکـــری فەلسەفیی خۆرئاوا، بەدەسـت بـهێنین. رەنگـە هـۆی هەرەسەرەکیی ئەم هەوڵدانەش گیرۆدەیی ئێستامان بێت بەدەست هـەمان جیـهانبینی ئامرازگەرایانـــەوە لەناو کۆمەڵگە و کولتووری خۆماندا. بە خۆڕایـی نیـە ئەم شـیعرەی نـالی خـۆی بـە دەستەوە دەدات تـاکو بـەوبارەدا بیخوێنینـەوە، چونکـە کۆمـەڵگای کـوردی ئـەمڕۆ زیـاتر لەهـــەر کاتـــێ گەشـــەی داوە بـــەبیری ئامرازگەرایانـە لـەبارەی سرووشـــت و حەیواناتـــەوە: چیـدی دیاردەکـــانی گۆشـــتخواردنی بـــە لێشـــاو، زیـادەڕۆیی لـــە ســـەربڕینی حـــەیوانات و پەلـــەوەر و راوکردن، بەڵگەی برسێتی ئەم نەتەوەیە نین، یا خود پێویسـتییەکی فیسـیۆلۆژی و تەندروسـتیانە نـــین، بـــەڵکو ئـــەنجامی گەشەســـەندنی ئـــەو تێڕوانینـــە ئامرازگەرایانەیە لەسـەر سرووشـت و حـەیوانات، کـە پێیوایە هەموو شتێ، هەموو زیندەوەر و دیاردەیەکی سرووشـتیی لـە خزمـــەت و لـــە پێنـــاوی ســـەروەریی مرۆڤیدایە. لێرەوە تێدەگەین بۆچی مرۆڤی ئێمە پـتر لەهـــەر کاتـــێ پەلاماردەرانـــە بۆتـــە گۆشـــتخۆرێکی سەرسووڕهێنەر، چێشـتخانەکانی ئێمـە کێبەرکێیانـە لەسەر ئـەوەی کامیـان ژەمەگۆشـتی زۆر لەبـەردەمی میوانەکانیاندا دابنێن و قەسابخانەکانی ئێمە شـەوانە بۆچـــی بەســـەدان حـــەیوانی هەمـــەجۆریان تێـــدا سـەردەبڕدرێ و میوانداریـیەکانی نـاو مـاڵی کـوردی بوونەتـە خـۆ کوتـانێکی بەپەلـە بـۆ ئـــەوەی هـــەموو دەعوەتێکـــی بـــاش و ((شـــەرافەتمەندانە)) لـــە رازاندنەوەی سفرەیەکی پڕ گۆشتدا بچووک بکەنـەوە، بەبێ ئەوەی هیچکامێ لەمانـە بـەرەو تێگەیشتنێکی دیکە لە حەیوانات و بەرەو بیرکردنەوەمان بـەرێت لـە گیانـــەوەرەکانیتر. ئێمـــە تـــەنیا مەســـرەفدەکەین و

تەنیا قوربانیمان دەوێ بۆ بەردەوامیی خۆمان لە رێگەی گۆشتەوە.

تێڕوانینی نامرازگەریانە لە سروشت

مێژووی فیکر بۆمان دەگێڕێتەوە کە مرۆڤ بە درێژایی ژیانی خۆی بۆ تەفسیر کردنی پەیوەندیی نێوان خۆی و سروشت و حەیوانەکانی تر، پەنای بۆ چەند سیستەمێکی لێکدانەوە، یاخود تێڕوانین بردووە. یەکێك لەو تێڕوانینانەش ئەوەیانە کە شیعرەکەی نالی رەخنەی لێدەگرێت و رەتیدەکاتەوە. لێگەڕێن کەمێ بڕوانینە ئەو ئاراستەیەی کە بە ((تێڕوانینی نامرازگەرایانە لە سروشت)) ناوبانگی دەرکردووە و چەند بیرمەندێکی بەناوبانگیشی راپێچی ناو غەفڵەتەکانی خۆی کردووە[٢٤].

مرۆڤ لە هەموو سەردەمەکانی ژیانیدا ناچاربووە بەمەبەستی دابینکردنی بژێوی خۆی، سوود لە سروشت وەربگرێت و کاری تێدا بکا و دەستبخاتە شێوەی بەڕێوەچوونیەوە. ئەم رەوەندە کە پێیدەگوترێ رەوەندی بەرهەمنێنانی ماتەریاڵی، شتێك نییە چاوی لێبپۆشرێت و لە پەیوەندیش بەمکارەوە سروشت هیچ شتێ نیە بێجگە لە ئامراز و هۆکارێك. لەم روانگەیەوە مرۆڤ ناتوانێ تێڕوانین و تێگەیشتنی ئامرازگەرایانەی بۆ سروشت و هەرچی لە سروشتدایە، نەبێت.

بەپێی تێڕوانینی بێغەل و غەشی ئامرازگەریانە بۆ سروشت، ئەوە سروشت بە هەموو مانایەکی بریتیە لە ئامرازێك لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤدا. سروشت خۆی لە خۆیدا هیچ نرخێکی نیە، نرخی سروشت تەنیا بەوەدا دەستنیشان دەکرێ، کە تا چەندێ ئامرازێکی پێویستە بۆ ژیانی مرۆڤ. ئەم قسەیە هەر تەنیا سروشتی بێگیان ناگرێتەوە، بەڵکو رووەك و حەیواناتیش دەگرێتەوە، کە لە پێناوی مرۆڤدا دروستبوون.. هەر لەم تێگەیشتنەشەوەیە کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بە حەیوانە ماڵییەکانی وەك مانگا، مریشك و کەر و وڵاخەبەرزەکانی دیکە دەگوترێ: هۆیەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی! بە هەمان شێوە، ئەم تێڕوانینە، سروشت بە شوێنی سەرگەرمی و کات بەسەربردن، واتە بە هۆکارێکی خۆ سەرقاڵکردنی مرۆڤ دادەنرێ لە کاتی دەستبەتاڵیدا.

مەرج نیە تێڕوانینی ئامرازگەرایانە، سروشت وەك مەتریاڵێکی بێبایەخ تەماشا بکات. چونکە مرۆڤ توانای هەیە بەرژەوەندیە ئایندەییەکانی خۆی ببینێت و سەرچاوە سروشتییەکان بەجارێ کوێر نەکاتەوە. ئەمە جگەلەوەی سنوور هەیە بۆ ئەوەی تا چەند دەتوانین سروشت و ژینگە پیس بکەین و دەشزانین لە کوێدا هارمۆنیا و هاوسەنگیی ئۆرگانیانەی ژیان تێکدەچێت.

تێڕوانینی ئامرازگەرایانە لە سروشت لەسەر جیاکردنەوەیەکی بنەبڕی نێوان مرۆڤ لەلایەك و باقی هەموو سروشت لەولای تەوە، بەندە. لە روانگەی مێژووی ئایدیاکانەوە ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی هەیە بە کەم تەماشاکردنی بووە خاکییەکان، بە تایبەتیش بە جەستە و کارکردەکانی، کە مەسیحیەت بە درێژایی سەدەکان کاری بۆ کردووە. تێگەیشتنی ئامرازگەرایانە رەگی خۆی دەباتەوە سەر تەورات، بە تایبەتی لە داستانی خوڵقەتدا کە تیایدا هاتووە: یەزدان لەسەر وێنەی خۆی بە شەری دروستکرد و رێگەی پێدا سەروەری گشت دروستکراوەکان بێت. بەمکارە مەسیحییەت لە فیکری ئەوروپیدا برەوێکی زۆری بە پرۆسەی کەم تەماشاکردنی بووە زەمینییەکان و سروشت بەگشتیی دا و لێرەشەوە تێدەگەین بۆچی بناغەی تێڕوانینی ئامرازگەرا لە رێنیسانسەوە هێندە پتەو بووە، بە تایبەتی کاتێ ئەم بناغەیە پشتی بەستووە بە تێگەیشتنێکی تەنکۆزانستی بۆ سروشت و مرۆڤ. یاخود دەتوانین بڵێین: بە تایبەتی لەو سەردەمەوە کە تێگەیشتنی زانیستیانەی پشت بە تەکنەلۆژیا بەستوو بۆتە تاقە تێگەیشتن لە سروشت، ئەوە ئامرازگەرایی بەردەوام گورزی خۆی لەو سروشتە وەشاندووە[٢٥].

کەواتە تێدەگەین بۆچی هەمیشە تێگەیشتنی ئامرازگەرایانە لە سرووشت گرێدراوە بە تێگەیشتنێکی میکانیکییەوە لە هەمان بابەت. راستییەکەی ئەوەیە زۆر پێش ئەوەی زانستی سرووشت توانا سەرسوڕهێنەرەکەی لەبەکار هێنانی تەکنیکدا بخاتە روو، زانای ئینگلیزی فرانسیس بیکۆن (١٥٦١ ـ ١٦٢٦) توانیبووی بیرۆکەی تێگەیشتنی ئامرازگەرایانە لە سرووشت لەسەر ئیقاعێکی تەکنەلۆژی دابڕێژێ. ئەو گوتبووی: ((زانست دەسەلاتە))[٢٦] و ئەمەشی بەو جۆرە لێکدەدایەوە کە بڵێت: ناسینی یاساکانی سرووشت پێشمەرجن بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ دەستبخاتە کاروباری سرووشتەوە و ناچاری بکا بەو جۆرە بێت کە مرۆڤ خۆی دەیەوێ. دیارە بیکۆن بیری لەوەکردۆتەوە کە بە ناسینی یاساکانی سرووشت، واتە بە دەسەلات پەیداکردن بەسەر سرووشتدا، ئیدی مرۆڤ مافی هەموو جۆرە دەستێوەردان و بەکارهێنانێکی ئەو سرووشتەی دابینکردووە.

لەسەردەمی زێڕینی تێگەیشتنی میکانیکیانەدا لە سرووشت، واتە لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا، پەیوەندیی مرۆڤ بە سرووشت و ئاژەڵەکانەوە، پەیوەندییەکی ئامرازگەرایانەی ڕووت بوو، کە تیایدا گیاندارەکان وەک مەکینەیەک تەماشایان دەکرا، فەیلەسووفی فەرەنسی، دیکارت (١٥٩٦ ـ ١٦٥٠) دەیگوت، کە حەیوانات جۆرێکن لە مەکینە، هاوار هاوار و قیژەقیژەکەشیان نەک هەر تەعبیر نیە لە ئازار و دەرد، بەڵکو دەبێت وەک دەنگی لێدانی زەنگی سەعات گوێبیستی بین و هیچیتر[٢٧].

بەلای دیکارتەوە جگە لە ((ئاگایی مرۆڤ))، ئیدی هەموو دیاردەکانی دیکەی ناو واقیع دیاردەی میکانیکین، کە تەنیا لە جیسمی مەتریالی بزواو پێکهاتوون و بەیەکدا دەدرێن. واتە هەموو زیندەوەرەکان جگە لە مرۆڤ، بریتین لە ئامێری میکانیکی و سیستەمی بایۆلۆژیاش لە سیستەمێکی میکانیکی زیاتر هیچیتر نیە. دیکارت هێندە لەم تێگەیشتنەی خۆی دڵنیایە کە بتوانێ بڵێت، تەنیا مرۆڤ، یا خود تەنیا ئاگایی مرۆڤە کە هەڵدەستێ بە نواندنی چەند چالاکییەکی سایکۆلۆژیانە. حەیوانات ئامێرێکی میکانیکی زۆر ئاڵۆزن بەبێ هیچ پەیوەندییەک بە دنیای ئاگاییەوە و هەر لەبەر ئەوەشە کە ناتوانن هەست بە ئازار و دەرد و خۆشی بکەن. بە مانایەکی دیکە: قیژەی ئاژەڵێک لە ئازاردا وەک لێدانی زەنگی سەعاتێکە بە دیوارەوە.

هەڵبەتە ئەم تێڕوانینە ئامرازگەرایانە لە سرووشت و حەیوانات لەگەڵ تێڕوانینی هەموو کولتوورەکاندا وێکنایەتەوە. هەموو کولتورەکان لەبەر هۆی ئایینی، یان ئەخلاقی و یاسایی بێت، وەک یەک تەماشای هەموو حەیواناتەکان ناکەن. لە زۆربەی کولتوورەکاندا جۆرێ لە ڕێزگرتن هەیە لە ئاست هەندێ ئاژەڵ و پەڕەندەدا، کە ئەم ڕێزگرتنەش بۆ نمونە لە یاسای پاراستنی ئاژەڵان، لە جۆری سەربڕین و سزابڕینەوە بۆ ئەوانەی بە شێوەیەکی ناشرین هەڵسوکەوت لەگەڵ حەیواناتدا دەکەن، ڕەنگیداوەتەوە. ئەو ئاژەڵانەی ئەمجۆرە یاسایانە دەیانگرێتەوە، وەک هۆکارێک یان وەک ئامرازێک تەماشا ناکرێن، ئەگەرچی بەهای ئەمان لەچاو ئەو نرخەدا مە بۆ مرۆڤ دادەنرێت زۆر کەمترە. مەڕ و مانگا لەلای کورد هەر چەند پیرۆز و بەنرخ بن، هێشتا نرخی مرۆڤێکیان پێنابەخشرێت، با ئەو مرۆڤە کەمئەندامیش بێت.

گرنگیدانی فەیلەسووفانی سەردەمی ڕۆشنگەرییش بە توانای زانستە سرووشتییەکان، هەر بەلای تێگەیشتنێکی ئامرازگەرایانەدا دەیشکاندەوە. ئیمانوئیل کانت (١٧٢٤ ـ ١٨٠٤) کە یەکێک بوو لە ڕۆشنگەرە هەرە عەقڵانی ووردبینەکان، ڕستەیەکی گەڵێ گرنگی بۆ سەر بیری مرۆڤدۆستیی ئەوروپی زیادکرد: ((هەرگیز بۆمان نییە تەنیا وەک هۆیەک مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا بکەین، بەڵکو دەبێت هەمیشە مرۆڤ ئامانجی مامەڵەکردنەکەمان بێت))[٢٨]. تێگەیشتنێکی دیکە لەم ڕستەیە ئەوەیە کە بگوترێ: جگە لە مرۆڤ، بۆی هەیە لەگەڵ هەموو شتێکی دیکە

تەنها وەك هۆیەك مامۆستا بكەین و لێرەشەوە جارێكی دیكە سەروەریی مرۆڤ بەسەر هەموو گیانەوەرەكانی دیكەوە، وەكئەوەی لە كتێبی تەورات و ئینجیلدا هاتبوو، جەختی لەسەر دەكرایەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە زمانێكی فەلسەفی.

یەكێك لە ئەنجامەخراپەكانی ئەم تێڕوانینە ئامرازگەرایانەیە بۆ سرووشت و بووەكانی ناوی ئەوەیە، كە مرۆڤ هەرگیز رێگا بەخۆی نەدات لەبەر خاتری سرووشت خۆی، سنووری دابنێ بۆ سوود وەرگرتنی لەو سرووشتە. بە مانایەكی دی: تەنیا ئەو كاتە مرۆڤ دەست هەڵدەگرێ لەبەكارهێنانی سرووشت كە زیانی تیا بێت بۆ خۆی. كاتێك مریشكەكان بەو هەموو نازو گرنگیپێدانەوە بەخێو دەكەین، مەبەستمان نرخدانان نیە لەسەر مریشك وەكئەوەی كە لە سرووشتدا هەیە. بەڵكو بۆ ئەوەیە هەرچی زووترە قەڵەو بێت و سەری ببڕین. یاخود لەسەردەمێكدا كە دەتوانین دوورترین رێگا بەهۆی هۆیە تەكنەلۆژییەكانی گواستنەوەوە ببڕین ئیدی ژمارەی كەرە بەڕەڵاّ و ولاّخەبەرزە بێخاوەن و بەرەڵاّكراوەكان پتر دەبێت، چونكە تەنیا لەبەر خاتری پێویستییەكانی مرۆڤ، حساب بۆ گیاندارەكانی دیكە دەكرێ و مالّیی دەكرێن، كاتێ هۆی خێراتر و بەهێزتر پەیدا دەبن. ئیدی ئەوانەی پێشتر (مالّی)مان كردبوون (بەرەڵاّ) دەكەین. لەنێوان ئەم دوو پرۆسەیەشدا، واتە لەوێوە كەمرۆڤ مێژوویەكی دوور و درێژی لەگەڵ مالّیكردنی ئاژەڵ و پەڕندەكان هەیە و لەو ساتەوە كە ئیدی پێویستیی پێیان نامێنێ و بەرەڵاّیان دەكاتەوە ناو سرووشت، بێوەفاییەكی نەبڕاوەی مرۆڤ ئامادەیە، كە ئەمەش لەو خۆ بەسەروەر زانینەیەوە هاتووە كە ناڵی لە شیعرەكەیدا رەخنەی لێدەگرێ.

** **

لە راستیدا ئەگەر بشێت وەك چەمكێكی فیكری باس لە ئاراستەیەكی مرۆڤدۆستی لە شیعری ناڵیدا بكەین، ئەوە ئەم ئاراستەیە جۆرێكی زۆر تایبەتە و لەزۆر خاڵدا لەو ئاراستەیە جیا دەبێتەوە كە لە تێڕوانینی ئامرازگەرایانەدا، كە وەكو گوتم: ئاراستەیەكی بەرهەمهاتووی ناو فیكری خۆرئاوایە، بەرجەستە بووە.

پێش هەموو شتێك ناڵی لەم شیعرەدا قاییل نییە بە جیاكردنەوەی سنورێك لە نێوان سرووشت (كە تایبەت بێت بە حەیوانات) لە لایەكەوە و سرووشت (وەك شوێنی ژیانی مرۆڤ) لەولای تەرەوە. ئەمەشمان بەلایكەمەوە لەسێ ئاستدا بۆ ئاشكرا دەبێت: یەكەم، لەو گواستنەوەیەدا كە پێشتر ناوم نا ((گواستنەوە لە سرووشتەوە بۆ كلتوور)) و پاشان ((بەئینسانكردنی حەیوان)) لە رێگەی ئەو گواستنەوەیەوە، كە پێویست ناكات چیدی لەسەری بڕۆم دووەم: حەیوان لێرەدا ئامراز و هۆكار نیە و نرخی خۆی وەك بوونێك لە خۆیدا هەڵگرتووە، نەك بەوەدا كە تا چەندێ خزمەتی مرۆڤ دەكا، واتە جەوهەری كەر وەك حەیوانێك (لە سرووشتدا) بەهۆی سوودەكانییەوە بۆ مرۆڤ بەدەست نەهاتووەو سێهەم: كەر وەك گیانەوەرێكی سرووشتیی، یەكسانەكرێتەوە بە گیانەوەرێكی دیكەی سرووشتیی كە ئینسانە. كەواتە بە پێچەوانەی بیری ئامرازگەراوە، كە دێت مرۆڤ لە لایەك و سرووشت و بووەكانی لەولای تەرەوە بە شێوەیەكی رەها لێكدی جیا دەكاتەوە؛ ناڵی دێت ئەم دوو لایەنە تێكەڵ دەكاتەوە بەیەكتر و لە نرخیشیاندا یەكسانیان دەكاتەوە بەیەكدی، چونكە هەردووكیان بە پێی جەوهەری ((حەیوانی)) خۆیان سەربەیەك سرووشتن..

هەروەها ناڵی لە شیعرەكەیدا ئەو هاوكێشەیەی فرانسیس بیكۆن كە دەیگوت: ((زانست دەسەڵاتە))، هەڵدەگێڕێتەوە بۆ هاوكێشەیەكی دیكە، كە دەڵێت: زانست كامەرانی و بەختیاریيە لە رێگەی ئەو تێگەیشتن و رۆشنگەرییەوە كە سەبارەت بە شتەكان و دیاردەكان پێماندەبەخشێت و ئیزافەی دەكاتە سەر كۆی مەعریفەمان لەسەر دنیا و خۆمان و شتەكان. لێرەدا زانست و زانین هۆیەك نییە بۆ دەستبەسەر راگرتن و كۆنترۆڵكردن، بەڵكو رێگایەكە

بۆ تێگەیشتن و رۆشنگەریی زیاتر. ئەو رۆشنگەرییەی نالیی خۆشبەختکردووە و شتەکانی بۆ روونکردۆتەوە ئەوەیە کە ((پلە و توانای تێگەیشتنی ئینسان)) بەرز دەکاتەوە تا سەر ئاستی تێگەیشتن لە حەیوانەکانی دیکە و بەمەش ((سنووری تێگەیشتن)) بە شێوەیەکی گشتی، بەرفراوان دەکات. لە ئەنجامی ئەمەشەوە، شاعیرەکەمان هەم خۆیی و هەم حەیوانێکی دیکە بەجۆرێکی تر کەشفدەکاتەوە، پاشانیش لە ئاکامی ئەم کەشفکردنەوەیەدا بە زانینێکی دیکە دەگات کە یەکسانبوونی خۆیەتی لە جەوهەری ((حەیوانیەت))دا لەگەڵ کەر.

نالی لەگەڵ تێڕوانینی ئامرازگەرایانەی کانت و دیکارتیشدا بۆ سرووشت و حەیوانات، دەکەوێتە ناکۆکییەوە: چونکە نە خۆی تەسلیمی مرۆڤپەرستییە سنووردارەکەی کانت دەکات و تێۆلۆژیا بەرهەمدەهێنێتەوە و خۆی بەدەست ریوایەتی ئایینی خولقەتەوە دەدات، نە وەکو دیکارتیش ((ئاگایی)) دەکاتە پارسەنگی جیابوونەوەی ئینسان لە حەیوان. نالی لە لایەکەوە، (وەك لە شوێنێکی دیکەی ئەم باسەدا بینیمان) ((خود)) دەبەخشێتە حەیوان و ئەم خودە حەیوانییەش خودێکی ئاگا و قسەکەرە و جەوهەری بیری شیعرەکەش هەر لەسەر زاری ئەم ((خود))ەوە بە ئێمە دەگات: ((هەردو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ)).

ناکرێ لێرەدا راناوی تاکی قسەکەر کە بە ((ئەمن)) تەعبیری لێکراوە، راناوی قسەکەرێکی ئاگا نەبێ، چونکە خەبەری ((هەردوو حەیوانین)) و گوزارەی ((ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ)) لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ((من))ی قسەکەر و ((تۆ))ی قسەبۆکراوەوە هاتووە؛ کە ئەم جیاکردنەوەیە لە هەمان کاتیشدا هەڵگری ئاستێکی ئاگاییە لەسەر جیاوازیی ئەو ((من)) و ((تۆ))یە وەکو دوو یەکەی سەربەخۆی زیندوو. ئەمە جگەلەوەی نالی بەهیچ جۆرێك حەیوان وەکو ئامێرێکی ئاڵۆز نابینێ و بگرە لە ئاستێکی ئەوتۆدا دەیبینێ کە بە ((زمانێکی حاڵی)) هەستیاریی خۆی بۆ ئینسان دەردەبڕێت.

بەڵام دیسانەوە دەمەوێت بڵێم: لە دوای هەموو ئەم تەئویلانە ئێمە هێشتا لەبەردەم دەقێکی نووسراودایین و هەرچی پێمان گەیشتووە و دەتوانین تەئویلی بکەین، شتێکە لەسەر کاغەز پێمان گەیشتووە. لەبەر ئەوە هەر گوتنێ لەمبارەیەوە بە هەڵواسراوی و لە ژێر گوماندا دەمێنێتەوە، یەك شت نەبێ: ئەویش ئەوەیە کە ئێمە سەروکارمان لەگەڵ دنیای شاعیرێکدا هەیە کە بەچەندین فرسەخی زەمەنیی لێمانەوە دوورە؛ بۆیە بەهیچ شێوەیەك ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین؛ کە خوێندنەوەکانی ئێمە بریتین لە بەرهەمهێنانەوەی حەقیقەتی دنیای ئەو شاعیرە. لە راستیدا هەر هەوڵدانێکی ئێمە بە ئاراستەی بەرهەمهێنانەوەی حەقیقەتی دەقی شاعیرێکی وەکو نالی، چ سوودێکی نابێت ئەگەر لەهەمان کاتدا نەمانەوێ لەو رێگەیەوە دنیای خۆشمان بەرهەمبهێنینەوە. بۆیە کاتێ من دەنووسم، ناکرێ ئەم شیعرەی نالی وەکو مانۆستێك لە پێناوی گیانەوەردۆستیدا بخوێنینەوە، مەبەست ئەوە نیە هێزی شیعرەکە لەم پێناوەدا لاواز بکەم. بەڵکو دەمەوێت جەختبکەمەوە لەسەر ئەو جیهانبینییە شیعرەی کە لێرەدا بە پلەی یەکەم لەسەر ئینسان بەرجەستە بووە و لەگەڵ جیهانبینی ناو دەقەکانی دیکەی هەمان شاعیردا وێکدێتەوە.

کەواتە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڵێم: نالی لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە ئینسان، بیر لە حەیوان دەکاتەوە و لەوێشدا حەیوانێك هەڵدەبژێرێ کە مرۆڤ توانایەکی زۆری عەقڵیی خۆی بەکارهێناوە تاکو لەو نەچێت و بەو بەراوورد نەکرێت و بەناوی کەرەوە بانگ نەکرێ! کەچی نالی رێك دێت لە دژی ئەم توانا عەقڵییە ئیشدەکات و عەقڵێکی دژ دەخاتە کار، نەك هەر تەنیا بەمەبەستی بە ئینسانکردنی حەیوان، بەڵکو زیاتر بەمەبەستی پێبەخشینەوەی رەهەندی ئینسانیانە بە مرۆڤ، ئەمەشمان لەو خاڵانەدا بۆ دەرکەوت کە مرۆڤدۆستیی نالی لەو مرۆڤدۆستییە جیا

دەکەنـــەوە، کـــە لەســـەر دیدێکـــی ئامرازگـــەراوە دروستبووە و بە هۆی پشت بەستنی بە تەکنەلۆژیا و ئـامێر، پـەیوەندیی نێـوان ئینسـان و سروشـت و ئینسان و بوونەوەرەکانی دیکەی ناو سروشت ئـاڵۆز دەکات و دواجار بە یەکتریان نامۆ دەکا.

لەدوای ئەم شیعرەوە هیچ خۆش نییە ئینسان بیت و دنیات پڕکردبێ لە تووندوتیژی و بـاروت و ئـەڵغام، چونکە هـەموو ئەمانـە نیشـانەی بـێ عەقڵییـەکی کوشندەن، نیشانەی نائامادەیی عـەقڵێکی دژن، ئـەو کاتـەش کـێ سـنووری نێـوان کـەر و عـاقڵ، مـرۆڤ و حەیوان دیاری دەکات؟ کـەس بەتـەما نـەبێت چیـدی لەم زەمانەیەدا کەرە بەرەڵڵاکان بێنـە گـۆ و ئێمـەش لە زمانیان حاڵی ببین، چونکە چیدی گوێیەکی بیسەر نـەماوە تێیـان بگـات و ئـەوانش تاسـەر ئێسـقان بـە تەقینەوەی ئەڵغامەکان بریندارن و بستێ سـەوزاییش نەماوە بۆنی باروتی نـەگرتبێ و پڕ نەبێت لـە پارچـە تەل و لەگەڵ هەر پارووێ گڕ و گیادا مشـتێ قـاپۆڕی فیشەك نەچێتە گەرووپانـەوە.. گومـانم هەیـە لـەوەی چیدی کەرەکان جەوهەری حـەیوانیی خۆیـان لەگـەڵ دڕندەیی ئینسـاندا بـەش بکـەن، رەنگـە ئەوکاتانـەی حەیوانەکان بیرمان لێدەکەنەوە، لەبەر خۆیانەوە، بە قێزەوە لە رستەیەك زیاتر هیچیترمان پێنەڵێن: مرۆڤ بـەم هـەموو عەقڵـەوە لـە چ تەنیاییـەکی کوشـــندەدا دەژی؟!

* * *

کۆپنهاگن، هەولێر: ۱۹۹۷ ـ ۲۰۰۰

پەراوێزەکان:

١. لەمبارەیەوە بڕوانە ئەم سێ سەرچاوەی خوارەوە: Heiderose og Andreas fischer N: *A*Esl – Liv. Skarv Høst og søn, s. 5, 1990.

ـ الموسوعة، المجلد الاول، ط. الاولى ١٩٨٥ صـص: ١٥٤ ـ ١٥٩

ـ مەحمود زامدار: کۆمیدیای کەرایەتی. لە بڵاوکراوەکانی کۆمـەڵی هونـەری کـوردی لـە سـوید، ١٩٩٥: چ. یەکـــەم، ستۆکهۆڵم. ل: ٩وبەرەو دوا.

٢. CHR.. Gorm Tortzen: *A*Eslet. S.26.

٣. Ibid, s. 26.

٤. سەبارەت بە وێنەی کەر لە تەورات و ئینجیلدا بڕوانـە تـەورات و ئینجیـل: ((مـاتیۆس: ئایـەتی 2,21 و لـــەوەدوا، یۆحەننا:12،15 و زەکـەریا: 9,9، هـەروەها تەماشای ئـەم سەرچاوەیە بکە:

CHR.. Gorm Tortzen: Introduktion til *A*Eslet (En studie I den pseudolukianske roman Lu – cius eller *A*Eslet). "Studier fra Sprog – og Oldtids forskning", København: 1988.

جگە لە تـەورات و ئینجیـل، قورئـانی پـیرۆزیش لـە چـوار شوێندا ناوی کەری هێناوە کە وا لە خوارەوە دەیاننوسمەوە:

یەکەم: لە سوورەتی (بەقەرە)دا ئایەتی (٢٥٨): ((و انظر الى حمارك و لنجعلك ءاية للناس و انظر الى العظام كيف ننشزها ثم نكسوها لحما فلما تبين له قال اعلـم ان الله علـى كـل شـيء قدير)).

دووەم: لە سوورەتی (نحل/ ئایـەتی ٧ بـۆ ٨): ((الخيـل و البغال و الحمير لتركبوها و زينة و يخلق مالا تعلمون)).

سێهەم: لە سـورەتیی (لوقمـان/ ئایـەتی ١٨ بـۆ ١٩): ((و اقصد في مشيك و اغضض في صوتك ان انكر الاصـوات لصـوت الحمير)).

چوارەم لە (جمعه/ ئایەتی ٤ بۆ ٥): ((مثـل الذيـن حملـوا التوراتة ثم لم يحملوها كمثل الحمـار يحمـل اسـفارا بئـس مثـل القوم الذين كذبوا بئايات الله و الله لايهدى القوم الظالمين)). (لە دۆزینەوەی ئەم سورەتانەدا منەتباری خاتوو (سوهام)م کە لە رەمەزاندا قورئانی خەتم کـردەوە و لەهـەر جێگەیـەکدا باسـی ئەم ئاژەڵە هـاتبوو، بـۆی نوسیمەوە، هـەروەها سوپاسـم بـۆ مامۆسـتا قاسـم غـەفوور حەسـەنی ئـامۆزام، بـــەم بۆنەیـــەوە قورئانێکی تایبەتی کردمە دیاری).

٥. *A*Esl – Liv, s. 5.

٦. Nick Cave: Da aeslet så engelen (And the Ass saw the Angel). Nordisk Bogprduktion, Denmark, 1991, s. 1.

٧. Anna Spphie Seidelin: Genfortaeller Det Gamle testemente. Sesam 1981, s. 158 – 160.

٨. *A*Esop. Fabler: gendigtet af Vagn Lundbye, Hernov: 1996, s. 7-8 og 109.

٩. CHR. Gorm Tortzen: Introduktion til *A*Eslet, s. 29...

١٠. Apuleus: Det gyldne *A*Esel. Oversat fra Latin af Otto Gelsted, Sant Ansgars Forlag, København, 1997. S. 9.

١١. CHR. Gorm Tortzen: *A*Eslet...

١٢. La Fontaine. Fabler: Komplet udgave Gendigtet af Johannes Møllehave, Hernv, 1986, (Fable 4, 10, 11, 14, 15, 17, and 21),

١٣. لە ناو ئەو دەقانەدا کە بە تایبەتی بۆ کەر تەرخانکراون، من ئەوەی مامۆستا قانع بە نزیکترین دەق دەزانم لە کەری واقیعی و راستەقینەوە. رەنگە هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ژیانی قانع و شارەزایی تەواوی لە وردەکارییەکانی ژیانی لادێنشینەکانی کوردستان و ئاگاداریی ئەو لەو تێکەڵییەی نێوان ژیانی مرۆڤ و حەیواندا، کە بێگومان ئەو جۆرە ژیانە دەیسەپێنێ. قانع بە پێچەوانەی نالییەوە، وەک لە پاشاندا دێمەوە سەری، بەش و ئەندامەکانی ئەناتۆمیی کەر ناسرێتەوە لە ژماردنی سیفاتە حەیوانییەکانیشدا تیژبین تر ەیە. بۆ دەقی شیعرەکانی قانع بگەڕێوە بۆ:

ـ دیوانی قانع: کۆکردنەوەو لە چاپدانی، بەهەشتی: مامۆستا بورهان قانع، چ، یەکەم ١٩٧٩، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی. ل ٩٣ ـ ٩٤ و ١٤٨ ـ ١٤٩.

١٤. ئامازەیە بەم بەیتەی نالی، کە تیایدا ئاگایی شاعیر وەک کەسێ کە بیر لە شیعر وەک داهێنان دەکاتەوەو دەتوانم بڵێم: بە چاوێکی رەخنەگرانەوە تەماشای شیعر دەکات، رەنگیداوەتەوە:

((نالی)) عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا
مەعنایی زۆر و گەورە لە لەفظی کەم بچووک.

بڕوانە: دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، محمدی مەلاکەریم پیاچوونەوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد: ١٩٧٦، ل: ٢٦٠.

١٥. مامۆستایانی مدریس زۆر بە وردی و تیژبینانە ئامازەیان بەم هاوئاوازییە کردووە. بڕوانە دیوانی نالی، ل: ٢٢٥.

١٦. Henrik DAHL: Kommunikation og massemedier, in: Sosiologi, 1999, s. 203.

١٧. ((شیعر وەک رووداو، شیعر وەک بەرهەم)) ناونیشانی بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی بڵاونەکراوەم بە ناوی (شیعرییەتی بوون) کە تیایدا هەوڵمداوە ئەم دوو چەمکە شیبکەمەوە.

١٨. لەمبارەیەوە بڕوانە پێشەکیی دیوانی نالی، ل ٥٣و بەرەو دوا لە نووسینی مامۆستای کۆچکردوو فاتح عبدالکریم.

١٩. بۆ نمونە بڕوانە: مەحمود زامدار: کۆمیدیای کەرایەتی؛ سەرچاوەی پێشوو، بە تایبەتی لە لاپەڕە:٧٠ وە بۆ لاپەڕە:٧٥.

٢٠. بڕوانە وتاری ((شیعرییەتی بوون))، کە لە پەراوێزی ژمارە: (١٧)دا باسیکراوە.

٢١. Peter Kemp: Tid og fortaeling. intoduktin til Paul Ricaeur. S. 17-18.

٢٢. P Kemp: ibid, 19.

٢٣. دیوانی نالی، ل: ١٨.

٢٤. لەمبارەیەوە بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە کە ئیلهامبەخشی یەکەمی باسەکەم بووە:

Carsten B. Pedersen: Naturen og - teknikken. 1994, s. 242 – 247.

پێویستە بڵێم لە بواری مێژووی فەلسەفەدا باس لە چەند تێڕوانینێ دەکرێ لەسەر سرووشت کە گرنگترینیان ئەمانەن: (تێگەیشتنی میتۆلۆژی لە بەرامبەر عەقڵانیدا بۆ سرووشت، تێگەیشتنی عەفەوی، تێگەیشتنی رۆژانەی ئاسایی، تێگەیشتنی گشتگیر بۆ سروشت، واتە تێگەیشتن لە سرووشت وەک یەکەیەکی لێکدانەبڕاو، پاشانیش تێگەیشتنی ئامرازگەرایانە لە سرووشت).

٢٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٤٧.

٢٦. د. لوبروتون: انثروبولوجيا الجسد، الفصل الثاني، من ص: ٢٧ الى ٦٠.

٢٧. Descartes Metafysiske meditationer. S. 179 – 195.

٢٨. Kant: Grundlaeggelse af moralens metafysik. s

سەرچاوەکان:

- Heiderose og Andreas fischer N: *A*Esl – Liv. Skarv Høst og søn, 1990.

- CHR.. Gorm Tortzen: *A*Eslet..

- CHR.. Gorm Tortzen: Introduktion til *A*Eslet (En studie I den pseudolukianske roman Lu cius eller *A*Eslet). "Studier fra Sprog – og Oldtids forskning", København: 1988.

- Nick Cave: Da aeslet så engelen (And the Ass saw the Angel). Nordisk Bogprduktion, Denmark, 1991.

- Anna Spphie Seidelin: Genfortaeller Det Gamle testemente. Sesam 1981.

- *A*Esop. fabler: gendigtet af Vagn Lundbye, Hernov: 1996.

- Apuleus: Det gyldne *A*Esel. Oversat fra Latin af Otto Gelsted, Sant Ansgars Forlag, København, 1997.

- La Fontaine. Fabler: Komplet udgave Gendigtet af Johannes Møllehave, Hernv, 1986.

- Henrik DAHL: Kommunikation og massemedier, in: Sosiologi, 1999.

- Peter Kemp: Tid og fortaeling. intoduktin til Paul Ricaeur.. 1999.

- Carsten B. Pedersen: Naturen og teknikken. 1994.

- Descartes Metafysiske meditationer. Danmark.

- Kant: Grundlaeggelse af moralens metafysik. Danmark.

ـ تەورات و ئینجیلی پیرۆز به زمانی عەرەبی و دانمارکی.

ـ قرآن الکریم (تفسیر و بیان مع اسباب النزول للسیوطی و...) اعداد: (الدکتور محمد حسن الحمصی) ١٩٩٧.

ـ د. لوبروتون: انتروبولوجیا الجسد. ١٩٩٣.

ـ الموسوعة، المجلد الاول، ط. الاولی ١٩٨٥.

ـ مەحمود زامدار: کۆمیدیای کەرایەتی. ستۆکهۆڵم ١٩٩٥.

ـ (شیعرییەتی بوون) لێکۆڵینەوەیەکی بڵاونەکراوەی خۆم.

ـ دیوانی قانع: کۆکردنەوەو لە چاپدانی، بەهەشتی: مامۆستا بورهان قانع، چ. یەکەم ١٩٧٩.

ـ دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم. محمدی مەلاکەریم پیاچوونەوە. بەغداد: ١٩٧٦.

ـ رێبوار سیوەیلی: چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی مەلاخدری نالی، کۆپنهانگن: ١٩٩١.

ـ رێبوار سیوەیلی: مەستوورە لە روانگەیەکی ترەوە، کۆپنهاگن: ١٩٩٢.

شاهۆ سەعید (زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆییەکان)

ئاوێزانی ئافرەت و سروشت

دەربارەی گوتاری هاوشوناسی لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا

پێشکەشە بە تینا.....

پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوەی لایەنێکی ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەس، کەبریتیە لەگوتاری هاوشوناسی (خطاب التماهی Indentification Discourse)، ئەوگوتارەی بەبڕوای ئێمە سێنتەری بزوێنەری ئەو ئەزموونەیەو، ئامادەیی لەژوربەی دەقەکانی ئەو شاعیرەدا هەیە. لەو ئاستەشدا بەشێوەیەکی وردتر قسە لەسەر هاوشوناسیی نێوان ئافرەتو سروشت دەکەین. پاشان پەنجە دەخەینە سەر وێنەیەکی دیاری ئەو بابەتەو، دوو دەقی شیعری بەنمونە دەهێنینەوە: (مانگو زەریا)و (مردنی مانگێك)، دواتر هەوڵدەدەین لەدیدێکی رەخنەیی، سیمیۆتیکی، بەراوردکاریەوە بیانخوێنینەوە. هۆکاری بە نمونەهێنانەوەی ئەو دوو دەقەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێکی سەرەکی:

١- شیعریەتی هەردوو دەقەکە بەتوخمی گێڕانەوە (السرد Narrative) موتوربەکراوە، کە لەبنەڕەتدا توخمێکە تایبەتە بەجۆرەکانی دیکەی ئەدەب، نزیکیو لێکچون لەنێوان کارەکتەرەکانی هەردوو دەقەکەشدا هەیە، کەدواتر تیشکی دەخەینە سەر.

٢- لەهەردوو دەقەکەدا دوالیزمەکانی (مرۆڤ/ گەردوون)، (نێر/ مێ)، (ئەوین/ ڕق).. کە زادەی پرسیارە ئەنتۆلۆژیو غەریزیەکانی مرۆڤن ئامادەیی ڕاستەوخۆیان هەیە، لەکاتێکدا لەئەزموونی شێرکۆدا پرسیارەکانی (خاك، نیشتمان، نەمریو، مانەوە)- بەواتا سیاسیو لۆکاڵیەکانیان- پرسیاری سەرەکیو گەورەرین، بەمانایەکیتر جیاوازی نێوان ئەم دوو دەقە لەگەڵ دەقەکانی تری ئەزموونی شێرکۆبێکەسدا بەگشتی ئەوەیە کەلە ئەزموونی شێرکۆدا پرسیارە گەردوونیو ئەنتۆلۆژیەکان بەچڕترین شێوە لەوێنەی خاكو بەرەنگاریو

شکستو هەستانەوەو... هتد.. دا بەرجەستە دەبن، بەڵام لەم دوو دەقەدا هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، پرسیارەکان روخساڕێکی دی دەپۆشن، کەدواتر هەوڵی ئاشکراکردنیان دەدەین.

۳- لەستراکتوری هونەریی هەردوو دەقەکەدا ڕەگەزی دەمامك (القناع Mask) بەکارهاتووە، کەیەکێکە لەڕەگەزە سەرەکیەکانی ئەفسانەو فانتازیای هونەری. لەئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەسیشدا دەمامك یەکێکە لەتوخمەکانی تەوزیفکردنی گوتاری هاوشوناسی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدەروازەیەکی تیۆری دەربارەی چەمکاندن (مفهمه)ی چەند کەرەستەیەکی ڕەخنەیی دەستپێدەکا. پاشان لەبەشی یەکەمدا دەربارەی ڕەگەزی هاوشوناسی لەئەزموونی شاعیردا بەگشتی قسە دەکەین. لەبەشی دووەمو کۆتایشدا لەدیدێکی ڕەخنەیی سیمیۆتیکیەوە هەردوو دەقی ناوبراو دەخوێنینەوە... بەوهیوایەی بتوانین لەئاستێ ئیستاتیکیەکانی ئەو دوو دەقەو ئەزموونی شیعریی شێرکۆبێکەس بەگشتی نزیك ببینەوە.

دەروازەیەکی تیۆری

(۱) دەق و ناماژە پەنهانەکان:

لەپشت هەموو قسەیەکی وتراوەوە قسەیەکی نەوتراو و، لەپشت هەموو دەقێکی نوسراوەوە دەقێکی نەنوسراو .ەیە. ئەگەر ئەم قسەیە بنەمایەکی سەرەکیی میتۆدی دەرونشیکاری بێت، کە پێی وایە لەپشت ئاگاییەوە نائاگاییو، لەپشت هەموو ڕەفتارێکی هوشیارانەوە ئەنگێزەیەکی چەپێنراو هەیە[i].. ئەوا بێگومان بنەمای میتۆدێکی تری ڕەخنەییشە کەبریتییە لە نیشانەناسی (علم العلامات Semiotics)[ii]. ئاشکراکردنی هێڵە پەنهانەکانی ژێرخانی زمان بنەمای سەرەکیی نیشانەناسییە، کەدەکرێ لەسەر ئاستی ئاخاوتنی گشتی سایکۆلۆجیای کولتوری پێ بخوێنرێتەوە، لەسەرئاستی دەقیش ئەو هەرێمە پەنهانانەی پێ ئاشکرا بکرێ کەدەق- یان بەرهەمهێناوە[iii]. بەڵام مەبەستی سەرەکیی ئێمە خوێندنەوەی نائاگایی دەقنوس ــ شاعیر نییە، بەڵکو مەبەستمان خوێندنەوەی نائاگایی دەقە، جیاوازیش لەنێوان ئەو دوو ئاستەی نائاگاییدا هەیە، چونکە نائاگایی دەقنوس بەندە بەپێگەی مرۆڤەوە لەمێژوودا، واتە بەندە بەچەند زانیارییەکی تایبەت بەژیانو ژینگەو مێژووی دەقنوسەوە، کەرەنگە هێندە بەئاسانی چنگمان نەکەون. بەڵام نائاگایی دەق بەندە بەسیستمی بەرهەمهێنانی نیشانەکانەوە لەنێو ستراکتوری دەرەکیی دەقدا، واتە بەندە بەدەسکەوتنی ئەو کۆدانەی کە لە ڕێگایانەوە هێماکان دێنینە قسەو داخڵی ستراکتوری ناوەکیی دەق دەبین، چونکە (ڕەخنە پرۆسەیەکە بۆ ڕاڤەکردنی دەق، لەپێناو ئاشکراکردنی مانا قوواڵەکاندا، زمانی ئەدەبیش کۆمەڵە نیشانەیەکە کەدەبێ ڕاڤەبکرێن بەمەبەستی ئاشکراکردنی ژێرخانی دەق[iv]). ئەوەی لەم پرۆسەیەدا یاریدەدەرمانە بریتییە لەسروشتی شیعرو تایبەتمەندیی پێکهاتەکانی کەتا ئاستێکی زۆر لەڕێگای هارمۆنیی ناوەکیی دوور لەدەستێوەردانی دەرەکی لەدایك دەبێو دەخولقێ، هەروەکو مارتن هایدرگەر-یش ئاماژەیەك دەکا: شیعر ئەو قسە پەتیو ئەبستراکتەیە پێویستی بەکەسی قسەکەر نییە، چونکە شیعر خۆی لەڕێگای بەدوایەکداهاتنی ناوەکییەوە (تداعیات داخلیە) لەدایك دەبێو دەخەملێ، دەقنوسیش تەنها سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکا[v]. لێرەوە کاتێ دەڵێین گوتاری هاوشوناسی سێنتەری بزوێنەری شیعری شێرکۆبێکەسە دەمانەوێ بڵێین ئەو گوتارە سەرەچاوەیەکی پەنهانی بەرهەمهێنانی وێنە زەینیەکانەو، دەکەوێتە هەرێمێکی پەنهانی نائاگایی دەقەوە.. بەڵام داخۆ وردتر مەبەستمان لەو گوتارە چییە؟

(٢) گوتاری هاوشوناسی:

لەزمانی رەخنەی نوێدا گوتار (الخطاب Discourse) بەڕەوتێکی تایبەتی سیستمی نیشانەکان بۆ گەیشتن بەئامانجێکی دیاریکراو دەڵێن[vi]. لای میشێل فۆکو بریتیە لەکۆمەڵە وتەزایەك کەبەیەك شێوە فۆرمەلە دەبنو وەك ئاستێکی سیمیۆتیکی لەمێژوودا دووبارە دەبنەوە، بەشێوەیەك ئەو گوتارە دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لەمێژوو[vii]. کاتێك ئەم هاوکێشەیە دەگوێزرێتەوە ناو ئەزموونی شاعیرێك، گوتار رۆڵی ئەو چەقە سیمیۆتیکیە دەبینێ کە ئاستێکی ئەزموونەکەی لەسەر دادەمەزرێ، لەگەڵ دەقەکاندا دووبارە دەبێتەوە. بەڵام بێگومان هەمیشە وەك ئاستێکی بینراو خۆی نمایش ناکا، بەڵکو زۆرجار لەشێوەی تارماییدا لەگەڵ مۆتیڤە شاراوەکاندا ئاشکرا دەبێ.

هاوشوناسی (التماهی Identiftication) زاراوەیەکە لەبنەڕەتدا سیگمۆند فرۆید بەکاری هێناوە[viii]. دواتر بازنەی بەکارهێنانی فراوانتر بوو، جگە لە بواری دەرونشیکاری لەبواڕەکانی تری وەك رەخنەی ئەدەبی و زانستە مرۆییەکانیشدا بەکارهات. بریتیە لەپرۆسەیەك کەمرۆڤ لەژێر کاریگەریی ئەنگێزەکانی نائاگاییدا ئەنجامی دەداو، هەوڵدەدا خۆی بەکەسێکی دیکە بچوێنێ[ix]، وەك ئەوەی کەمنداڵ لاسایی باوك یا کەسێکی گەورەتر لەخۆی دەکاتەوە. بەکارهێنانی چەمکی هاوشوناسی لەرەخنەی ئەدەبیدا نزیکایەتی لەگەڵ بەکارهێنانە سایکۆلۆجیەکەیدا هەیە، بەڵام مەرج نییە پرۆسەی هاوشوناسی لەدەقدا تەنها لەنێوان مرۆڤەکاندا رووبدات (وەك دەقنووس و کارەکتەرە وەهمیەکانی نێو دەق بۆ نمونە)، بەڵکو زۆرجار لەنێوان مۆتیڤ و وێنەو رەگەزە زەینیەکاندا روودەدا. بەمانایەکی تر پرۆسەی هاوشوناساندن لەدەقدا بریتیە لەو ئاوێزانبوونەی کە دوور لەهوشیاریی دەقنوس لەنێوان دوو مۆتیڤ، دوو وێنە، یان دوو جەستەدا روودەداو، زۆرجار شوناس دەگۆڕنەوەو رۆڵی یەکتر دەبینن.

(٣) شیعریەتو گێڕانەوە:

دابڕانی شیعر لەیادەوەری یەکێکە لەوکێشانەی کەلەجیهانی ئەمڕۆدا رووبەڕووی شیعری نوێ دەبێتەوە. بەبڕوای برۆدسکی[x]: بەهۆی پوکانەوەی ریتمی دەرەکیی دەقەوە، چیتر شیعر لەیادەوەریدا بەزیندویی نامێنێتەوە[xi]. بەڵام رەنگە ئەوە مەترسییەك بێت کەتەنها رووبەڕووی شیعر وەك رەگەزێکی تایبەت ببێتەوە، نەك (شیعریەت) وەکو وزەیەکی ئیحائیو ئیستاتیکی کەلە تێکڕژانو تێکەڵاوبوونی بەردەوامدایە لەگەڵ رەگەزە ئەدەبیو هونەریەکانی تردا. بۆیە ئێستا کەم رۆمانو دراماو فیلمو چیرۆك هەن کە تائاستێکی زۆر بەشیعریەت موتوربە نەکرابن. واتە شیعر سنوری ئەو بازنە تایبەتەی جارانی خۆی بەزاندوە. بەڵام کاتێ تەماشای ئەزموونی شاعیرێکی وەك شێرکۆبێکەس دەکەین، دەبینین کێشەکە لای ئەو جۆرێکیترە کەوتۆتەوە. ئەو ستراکتوری هونەری بەشێوەیەك دادەڕێژێ کەنەك تەنها رازی نابێت توشی دابڕان ببێت لەگەڵ یادەوەریدا، بەڵکو هەوڵێکی بێوچان دەدا بۆ ئەوەی دەقەکانی لەیادەوەرییەکی دەستە جەمعیدا بپارێزێ، ئەویش نەك بەوەی شیعر بگوێزێتەوە نێو کایەکانی تری ئەدەبو هونەر، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەڕێگای گواستنەوەی رەگەزو توخمی کایەکانی تر بۆ ناو ستراکتوری دەقە شیعریەکان. داستان، دراما، چیرۆك، یاداشتو، دیمەنە میژوییەکان کەدەچنە خانەی گێڕانەوە (السرد)ەوە رووبەڕێکی فراوانی دەقی شیرکۆیی داگیردەکەن. واتە شێرکۆ تائاستێکی زۆر سەرکەوتوە لەوەی شیعریەتو گێڕانەوە پێکەوە گرێ بداو، بیانکاتە خەسڵەتێکی سەرەکیی زۆربەی دەقەکانی.

گێڕانەوە Narrative سیستمێکی ئەدەبییە، پشت ئەستورە بەچەند یاساو بنەمایەك کەلەسەر بناغەی چەند وتراوێکی زمانەوانی دادەمەزرێ بەمەبەستی فۆرمەلەکردنی چەند رووداو و وێنەیەك کە

دەرەنجامێکی دیاریکراوی لێدەکەوێتەوە[xii]. واتە گێڕانەوە لەبنەڕەتدا رەگەزێکی تایبەت بەشیعر نییە، بەڵام بەو پێیەی یەکێك لەخەسڵەتەکانی شیعر بەشیعرکردنی هەر شتێکە کەرەنگە لە کۆنتێکست-سیاق-ێکی دیاریکراودا هەڵگری ئیحای شیعری نەبێت[xiii]، بەڵام ئەوکاتەی دەگوێزرێتەوە بۆ ناو شیعرو، بەپرۆسەی لادان (إنزیاح) لەیاسا باوەکانی زماندا تێدەپەڕێ دەبێتە شیعر[xiv]، ئەوکاتە گێڕانەوەش مۆرکێکی شیعری وەردەگرێ، هەروەکو لەئەزموونی شیرکۆبێکەسدا دەردەکەوێ.

کاتێ شیعر بەڕەگەزەکانی گێڕانەوە موتوربە دەکرێ، بنەما ستراکتۆریەکانی گێڕانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێو دەق. لەمەیدانی لێکۆڵینەوە سیمیۆتیکیەکاندا هاوبەشییەکی زۆر لەنێوان تیۆرەکانی سۆرێۆ، پرۆپ و، گریماس دەربارەی پێکهاتەکانی ستراکتوری گێڕانەوە هەیە[xv]. بەڵام پێدەچێ تیۆرەکەی گریماس لەهەردوو ئەوەی تر خوێندنەوەی رەخنەیی زیاتری پێئەنجام درابێت[xvi]. بەپێی ئەو تیۆرە هەر دەقێك رەگەزی گێڕانەوەی لەخۆگرتبێ پێویستی بە سێ دوالیزمەی بزوێنەر هەیە کەبریتین لە: (بکەر/ مۆتیف)، (ئەنگێزە/ وەرگر)، (یاریدەردەر/ نەیار)[xvii]. واتە لەڕێگای جوڵەی ئەو سێ دوالیزمەیەوە کەشەش کارەکتەری سەرەکییان لێدەکەوێتەوە، هەروەها لەڕێگای پێوەندی دیالیکتیکی نێوان ئەو کارەکتەرانەوە بنەماکانی گوتاری گێڕانەوە لەدەقدا بەرجەستە دەبێ. لە بەشێکی ئەو نمونە شیعرییانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا دێن هەوڵدەدەین ئەم تیۆرە پراکتیزە بکەین.

بەشی یەکەم

نافرەت/ خاک

(ا)هاوشوناسیی مرۆڤ/ سروشت:

یەکێك لەئەدگارە دیارەکانی گوتاری هاوشوناسی لەئەزموونی شێرکۆبێکەسدا بریتیە لە شوناسگۆڕینەوەی نێوان سروشتو مرۆڤ. ئەمەش بابەتێکە لەلایەن چەند نووسەرێکی تیۆری ئاماژەی پێدراوە، بۆ نمونە بەختیار عەلی لە (نێرسیسی کوژراو)دا دەڵێ: (لە ئەزموونی شێرکۆدا شتەکان گەوهەری خۆیان ون دەکەن(...) شوناسی خۆیان لەدەرەوەو لەناو سیستمێك پەیوەندیی ئاڵۆزدا وەردەگرن. واتە نەك تەنها مرۆڤ خودی خۆی دەدۆزێنێ (...) بەڵکو لەئاستی سروشتیشدا سروشتی شێرکۆیی گەوهەری خۆی دۆزیوەتەوە (...) سروشتی شێرکۆیی سروشتێکی تری. خەسڵەتەکانی مرۆڤ تێکەڵاو ماناکانی بووەو، ئامانجێکی دیکە بەوێنە ئاڵۆزەکانی سپێردراوە[xviii]) دواتر دەڵێ (مرۆڤاندنی سروشت جۆرێکە لەزیندوگەرایی، کەزیندوگەراییەکی سیاسییە[xix]) پاشان جەخت لەسەر ئەوەدەکا کە (ئامانجی شێرکۆ گۆڕینی سروشتە بۆ بەشێك لەجەستەی نەتەوەو، دابڕاندنی لەمانا سروشتیە ئاساییەکان[xx]). واتە بەبڕوای بەختیار گوتاری هاوشوناسی بەئاراستەی مرۆڤاندنو سیاساندن (تسیس)ی سروشتدا جوڵە دەکا. سەرەڕای ئەوەی ئەمە دەسنیشانکردنێکی گرنگەو وەستانێکی قوڵی دەوێ، بەڵام بێگومان گوتاری هاوشوناسی لەئەزموونی شێرکۆدا لەوە فراوانترە تەنها بەئاراستەیەکدا جوڵە بکا، چونکە لەپرۆسەی شوناسگۆڕینەوەدا- هەروەکو بەختیاریش ئاماژەی پێداوە- تەنها یەك لایەنی پرۆسەکە خەسڵەتە سروشتیەکانی خۆی لەدەست نادا، بەڵکو لایەنی بەرامبەریش ناتوانێ پارێزگاری لەسەربەخۆیی خۆی بکا، بەتایبەتی قسەی ئێمە لەسەر شوناسگۆڕینەوەی نێوان وێنە زەینیەکانو کارەکتەرەکانی نێو دەقە، نەك دۆخی سایکۆلۆجی مرۆڤەکان. بەمانایەکی تر ئەگەر لە ژیانی واقعیدا پرۆسەی هاوشوناسیی نێوان دوو مرۆڤ لەسەر بنەمای مەسخ بوونی شوناسی سایکۆلۆجی یەکێکیانو، موتوربەبوونی بە شوناسی کەسی دووەم

دابەزرێ، ئەوا ئەو پرۆسەیە کە دەچێتە دەقەوە سروشتێکی جیوەیی (زئبقی) وەردەگرێو لەدۆخێکی تایبەتدا ناگیرسێتەوە. واتە مەرج نییە لەشیعری شێرکۆدا تەنها قوربانی بەسروشت بدرێ لەپێناو پرسیارێکی سیاسی یان نەتەوەییدا، یان تەنانەت مرۆییشدا. بەڵکو زۆرجار بەپێچەوانەوە سروشت ئامادەییەکی هێندە کاریگەری هەیە، کەلە پێناو وێناکردنو بەرجەستەکردنیدا قوربانی بەپرسیارە سیاسیو نەتەوەییو، مرۆییەکانیش دەدرێ. رەنگە ئەوەی لەنائاگایی دەقی شێرکۆییدا ئامادەیە سروشت نەبێت، بەڵام فەرهەنگی ئەو وشانەی کە ستراکتوری دەرەکی هەموو دەقەکانی پێدادەڕێژرێ فەرهەنگێکی سەراپا سروشتئامێزە، تائەو ئەندازەیەی پرسیارە سیاسیو مرۆییەکان لەبەردەم دیکتاتۆریەتی ئەو سروشتەدا هێندە سانا دەبنەوە بەشێکی مەغزا سەرەکیەکانی خۆیان لەدەست دەدەن. لێرەوە گەشتێکیتر دەستپێدەکەین بۆ گەڕان بەدوای ئەو پرسیارو گرێو تارماییانەی لەپشتی سروشتی شێرکۆبێکەسەوە خۆیان حەشارداوە، کەرەنگە زۆرجار زادەی سیستمێك لەئاماژەکانی ژێرخانی دەق بنو پێویستیان بەهێنانەقسەی ئاستە قوڵو پەنهانەکانی نائاگایی دەق هەبێت.

(٢)نافرەت: نەڵقەیەکی ون.. چەقبێکی بزوێنەر:

لەئەزموونی شێرکۆبێکەسدا سیانەی (سروشت– شۆڕش– شکست) رەگەزێکی سەرەکیی مانا دەرەکیو سادەکانن. واتە ئەگەر بەشێوەیەکی سەرپێییو لەڕوانگەی (گریماس)ەوە لەو سیانەیە بدوێین ئەوا سروشت وەك مۆتیڤ ئامادەیی هەیە، (شۆڕش)یش وەك کارەکتەری پاڵەوان (بکەر) پارێزگاری لەرەگەزی (شوێن) دەکا، هەرچی (شکست)یشە کە لەوێنەکانی وەك (مەرگ، خاپوربوون، هەرەسهێنان‌و، داگیرکردنەوەو.... هتد)دا بەرجەستە دەبێ رۆڵی کارەکتەری (نەیار) دەبینێ. ئەو سێ رەگەزە لەبازنەیەکی داخراودا دووبارەدەبنەوە، واتە دوای هەموو شکستێك سەرلەنوێ ستراکتوری شوێن (کوردستان) بەشوێن کارەکتەری پاڵەوان (شۆڕش)دا دەگەڕێ، (شکست)یش ئەو چاوەڕوانیەیە کە لەئاسۆدا تێکەڵ بە خەونی ئازادکردنی شوێن دەبێ. بەڵام لەگەڵ هەموو دووبارەبوونەوەیەکدا وێنە زەینیەکان زیاتر دەبڕیسکێنەوە، جیهانبینیی شیعری قوڵترو، ئاسۆکانی خوێندنەوە لەبەردەم رەخنەدا فراوانتر دەبێ. بۆیە پێویستە لەنهێنی ئەو موفارەقەیە بپرسین؛ واتە نهێنی دووبارەبوونەوەی هاندەرەکانی هوشیاری کەلەسەر ئاستی ماناکردنی سادەیی لەسەر ریتمێکی رۆتینئامێز جوڵە دەکا، کەچی هەموو جارێکیش بەرهەمهێنی داهێنانی گەورەترو لەدایکبوونی دەقی ئیحائامێزی زیاترە. لێرەوە ئێمە گریمانەیەك پێشکەش دەکەینو، هەوڵ دەدەین بەرگری لێبکەین، بەبڕوای ئێمە ئەڵقەیەکی ون لەشیعری شێرکۆبێکەسدا هەیە کەتائێستا کەمبایەخانە تەماشای کراوەو خوێندنەوە رەخنەییەکان بەجدی لەسەری نەوەستاون. ئەو ئەڵقە ونە شتێك نییە جگە لە ئافرەت، واتە جگە لە رەگەزی مێ کەلەسەر ئاستی ستراکتوری دەرەکی ئامادەییەکی بەرتەسکی هەیەو، ئەو کاتەیشی کەئامادەیە رۆڵی کۆمبارسو کارەکتەری لاوەکی دەبینێ نەك پاڵەوانو کارەکتەری سەرەکی. بەڵام لەبەرامبەردا ئەو ئەڵقە ونە سێنتەری بزوێنەری ئەزموونی شێرکۆییە بەگشتی، منداڵدانی هەموو خۆزگەو وێنە زەینیەکانە بۆ گەیشتن بەبەهەشتێکی ون، ئەنگێزەیەکی چەپێنراوی نائاگاییە کە لەڕێگای ئاراستەگۆڕین (تحویل)ەوە بەمانا مارکۆزیەکەی[xxi]، لەشێوەی ئەفراندن (ئامادەیی سروشت، ململانێ، روبەڕووبوونەوە، شۆڕشو، شکستو، .... هتد)دا بەرجەستە دەبێ، (سروشت)یش لە هەردوو دۆخی ئازادکراو و لاقەکراو (مغتصب– بفتح الصاد)دا

وێنەیەکی ئاراستەگۆڕاوی ئەو ئەڵقە ونەیە، بەشێوەیەك زۆرجار ئافرەتو سروشت لە دۆخێکی ئاوێزانبوونی پەنهاندا شوناس دەگۆڕنەوە. شیتاڵکاری (تفکیك)ی بەشێکی زۆری دەقەکان ئەو ئاستی ئاوێزانبوونە نیشان دەدا.

لەئەزموونی شێرکۆدا شتێك نییە ناوی غەزەل، یان شیعری ئەویندارێ بێت. هەرچەندە رەگەزی مێ- وەك وێنە- لەشیعری ئەودا ئامادەیە، هەندێ جاریش ئامادەییەکی ئیستاتیکییە، بەڵام ئامادەییەکە زادەی تەکنیکی شیعرە نەك ئەنگێزە ئیرۆسیەکان. لەهەندێ نمونەی زۆر دەگمەنی ئەزموونی شێرکۆدا جۆرێك لەشیعرمان بەرچاو دەکەوێ کەلە رواڵەتدا وەك شیعری ئەویندارێ، واتە پێچەوانەی ئەم گریمانەیە خۆی نیشان دەدا، بۆ نمونە لە پوستەرە شیعری (هەڵوەرین)دا دەڵێ:

ئەو گوڵەی دابووت لەقژت
نیگامی کرد بە پەپولەو
بەئاسمانی هۆڵدا فڕی،
هەتا لەسەری نیشتەوە.
کەکردتەوەو،
پێشەکەش یەکێکی ترت کرد
لەوساتەدا
ئەی گوڵ پەری
لەنێوانی پەنجەکانتا
پەپولەی چاوم هەڵوەری[xxii].

ناوەڕۆکی ئەم دەقە لەرواڵەتدا ناوەڕۆکێکی ئەوینداریيە، بەڵام لەراستیدا ئەوەی ئامادەیە ئافرەتێك نییە کە غەریزە ئیرۆسیەکان وێنای بکا، بەڵکو بەشت کردنی ئافرەتە لەپرۆسەیەکی هونەریی، جوانکاری، بەلاغیدا، کەتا ئاستێکی زۆر پشت ئەستورە بەهونەرەکانی چواندنو میتافۆرو دژبوون، هەروەها بەرەگەزی گێڕانەوە (السرد) موتوربەکراوە. واتە ئەوەی لەپشت ئەم دەقەوە ئامادەیە شاعێرێکی سنعەتکارە نەك عاشقێکی خاوەن ئەنگێزەی ئیرۆسی. ئەگەر زۆر بەخێرایی لەسەر ئاستێکی قوڵتری دەقەکە بوەستین، ئەوا دەکرێ هەمان ئەو (سیانە)یەی کەپێشتر ئاماژەمان پێدا (نیشتمان- شۆڕش- شکست) وەك سێ رەگەزی ئاراستەگۆڕاو لەم دەقەشدا دەسنیشان بکرێ:

ئافرەت ←— مەعشوق —→ نیشتمان (مۆتیف)
نێر- پاڵەوان ←— عاشق —→ شۆڕش (بکەر)
نێر- لاقەکەر ←— دوژمن —→ شکست (نەیار)

لەهەندێ دەقی تردا ئافرەت ئامادەبوونێکی ئاکتڤتر وەردەگرێ، بەڵام تەنها وەك لقە وێنەیەك بەشداری لەگەڵ چەندین لقە وێنەی تردا دەکا، لەپێناو نمایشکردنی وێنەیەکی گشتی، یان گەیاندنی پەیامێکدا کەئافرەت مۆتیف نییە بەڵکو تەنها کارەکتەرە، بۆ نمونە لەشیعری (تەنها یەکێکمان)دا هاتووە:

منداڵەکان: پەرەسێلکەو
ژنەکانمان: دارو درەختی پایزەو
پیرەکانیشمان: لەئەسپی شەکەت ئەچوون.
هەموو تەڕتەڕ، چۆڕاوگەبووین.
تەنها یەکێکمان نەبێ کە لەژێر چەترەکەی خۆیدا
یەك دڵۆپ باران لێی نەداو
لەهەموویشمان ئارامتر بوو
ئەویش منداڵی ژێر چەتری
چەرمی سکی ژنەکەم بوو!...[xxiii]

لەم دەقەدا هەرچەندە ئافرەت وەك کارەکتەرێك ئامادەیی هەیە، بەڵام لەراستیدا وەك مۆتیف ئامادەیی نییە. تاقە وێنەیەکی سەرەکی کەهەموو لقە وێنەکان دەچنەوە سەریو، بزوێنەری سیمیۆتیکی تەواوی دەقەکەیە، وێنەی (منداڵ)ی ژێر چەرمی سکی ژنەکەیە. لەساناترین خوێندنەوەشدا وێنەی کارەکتەرێکە بەرجەستەکەری مۆتیفی دەقەکەو مۆتیفی ئەزموونی شێرکۆییە بەگشتی، کەبریتیە لە گوتاری بەرەنگاریو نەمریو مانەوە لەفەزایەکی سیخناخ بەمەرگو رەهێڵەو هەڕەشەکانی لەناوچوون.

بەڵام نمونە هێنانەوەی ئەمجۆرە دەقانە تەوەری سەرەکی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە نییە، چونکە پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە ئێمە قسە لە ئامادەبوونێکی دیکەی ئاراستەگۆڕاوی ئافرەت دەکەین کە ئامادەبوونێکی ناڕاستەوخۆیە لەشێوەی ئەڵقەیەکی وندا، ئافرەتێکە لەپشت ستراکتوری روالەتئامێز (البناو السطحی)ی دەقەکانەوە ئامادەیەو، هێندە بەئاسانی خۆی ئاشکرا ناکا. لەوتارێکدا بەناونیشانی (سەرهەڵدانو هەرەسهێنانی وێنەی باوک لەشیعری شێرکۆبێکەسدا[xxiv]) ڕێبین هەردی ئاماژە بۆ ئامادەیی گرێی ئۆدیبو وێنەی دایکێکی ون لەشیعری شێرکۆبێکەسدا دەکا، بەڵام- وەک خۆی دەڵێ- زۆر لەسەری ناوەستێو، تەنها نمونەیەکی شیعری دەهێنێتەوە کە دایک وەک وێنەیەکی ئاشکراو بەرجەستە ئامادەیە نەک وێنەیەکی ونی ژێرخانی دەق: (دایە حەزدەکەم زیندوبم.. بە زیندویی لاوانەوەتم گوێ لێبێ..[xxv]) واتە وێنەی دایکێک بەنمونە دەهێنێتەوە زیاتر بەرهەرمی هوشیاربیە، نەک گرێی ئۆدیبو ئەنگێزەکانی نائاگایی. بەمانایەکی تر هەرچەندە دەکرێ ئەو ئاماژەیەی ڕێبین بکرێتە کلیلێک بۆ گەڕان بەدوای تارمایی دایک لەنێو دەقە پەنهانەکاندا، بەڵام ناکرێ بیکەینە کلیلی خوێندنەوەی نائاگایی نووسەر لەڕێگای نائاگایی دەقەوە، چونکە وەک فرۆید دەڵێ: هەمیشە دەقنوسەکان ئارەزوو و خەونە چەپێنراوەکان دەدەنە پاڵ تارمایی نێو دەقەکان نەک خۆیان[xxvi] واتە دەبێت لەنێو تارماییەکاندا بۆ ئاستەکانی نائاگایی بگەڕێین، نەک لەنێو کارەکتەرە بەرجەستەکاندا. بەواتایەکی تر ئەوە ئیشی ڕەخنەگر نییە باس لەپەیوەندیی نێوان ئەنگێزە چەپێنراوەکانو پەرچەکردارە ئاشکراکانی ئەو ئەنگێزانە بکا.. بەڵکو بەپێچەوانەوە، دەبێت بەشوێن ئەنگێزەیەکی دەروونیدا بگەڕێ کەتا ئاستێکی زۆر سرکەو بەئاسانی لەستراکتۆرە دەرەکیەکانی دەقدا ناگیرێ.

لەلایەکی ترەوە مەرج نییە تارمایی ئافرەت تەنها وێنەی دایکێکی ون بێت، چونکە ئەگەر بەلێکدانەوە فرۆیدیەکەیشی بێت یەکێك لەنیشانەکانی گرێی ئۆدیب ئەوکاتە دەست پێدەکا کە وێنەی ئافرەت وەک مەعشوق لەگەڵ وێنەی ئافرەت وەک دایکدا شوناس دەگۆڕنەوە[xxvii] جگەلەوە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵی هێنانە قسەی ئاستە قوڵەکانی نائاگایی دەقنوس نادەین، چونکە ئەوەی لەبەردەستدایە تێکستە نەک تێکستنوس، جیهانی نێودەقە نەک جیهانی دەقنوس، جیهانی دەقنوسیش تائاستێکی زۆر تایبەتەو، ڕەنگە جگە لەچەند زانیارییەکی دیاریکراو شتێکی ئەوتۆمان چنگ نەکەوێ.

(٤) شەهیدبوون... گەڕانەوە بۆ منداڵدان:

لە (ئیستاتیکای شوێن)دا باشلار دەڵێ: بەشێکی زۆری فەیلەسوفە ئەبستراکتەکان هێشتا شوێنی حەوانەوەو ئارامیی خۆیان نەناسیوە، کەچی هەوڵدەدەن ئاسۆ دوورەکان ببینن، واتە لەهەوڵی ناسینی گەردووندان لەکاتێکدا هێشتا ناومالّی خۆیان نەناسیوە[xxviii]. بەبڕوای ئەو فەیلەسوفە فینۆمینۆلۆجیستە بۆ ئەوەی ڕەگەزی شوێن بناسین دەبێ لەیەکەمین شوێنەوە- واتە لەمەنزلّی منداڵییەوە دەست پێبکەین-، چونکە لەوێندەر گەردوون بەچڕترین شێوە کورت دەبێتەوەو دەبێتە منداڵدانی هەموو خەونەکان. هەروەها ئاماژە بۆئەوە دەکا کە کاتێ ئێمە یادەوەریمان دەگەڕێنینەوە بۆ شوێنە دوورەکان ڕۆڵی مێژوونوس نابینین، بەڵکو ڕۆڵی شاعیر دەبینین؛ کاتێکیش کە توشی نیگەرانیو هەڵچوون دەبین ئەوا دەمانەوێ قەسیدەیەك بنوسین کەپێمان نانوسرێ[xxix] لێرەوە شاعیر هەمیشە بەدوای بەهەشتێکدا دەگەڕێ کەونی کردووەو، بێهودە هەوڵدەدا گەرمایی ئەو بەهەشتە بەزیندوویی بهێڵێتەوە. شیعر لەیەکێك لەئاستەکانیدا بەرهەمی ئەو گەڕانە پێچەوانەیەیە بەرەو منداڵی، قۆناغی

ناسینی شتەکان بۆ یەکەمین جار. بەڵام لەراستیدا هەموو خەونی گەڕانەوەیەك بۆ منداڵی، خەونی گەڕانەوەیە بۆ ئامێزی یەکەمین مرۆڤ، شوێنی میهرو ئارامیەکی رەها:

ئاخ بۆ چاوێ، بۆ گەردنێ، بۆ کاکۆڵێ
هێشتا بۆنی یەکەم ڕێحانەی ئەوینو
بۆنی یەکەم ماچی نمەو
هێشتا بۆنی یەکەم جێژوانو، بۆنی گەڕەکی سەرگۆڵو
بۆنی گڵەکەی مەڵکەندیو بۆنی وەیسیان
لێوە ئەهات. کەتەمتومانێ دایپۆشین[xxx].

لەم چەند دێڕەدا رەگەزی مێ (دایك)+ شوێن (گەڕەکی منداڵی) شوناس دەگۆڕنەوەو ئاوێزانی یەکدی دەبن. گەڕەکی منداڵی وێنەی شوێنێکی پاکیزەو لاقەنەکراوە، شوێنێك کە ئارامیەکی رەها مسۆگەر دەکا. داگیرکردنی ئەو شوێنە واتە زەوتکردنی ئامێزی دایك. خەون بینین بەگەڕانەوە بۆ شوێنێك کە لەگەڕەکی منداڵی بچێت، واتە خەون بینین بە ئامێزێکەوە کە لەئامێزی دایك بچێت. وێنەی خاکێك کەلە دوژمنێکی لاقەکەر رزگاری بووبێت لەوێنەی ئامێزی دایکێك دەچێ، کەمندا حەز ناکا لەگەمارۆی دەربچێ:

لەنێو ئەم شاخو داخەدا
ئەوا بۆ دووسا ئەچێ
هەرچواردەورم بەخۆشەویستی گیراوە
هەرچواردەورم بەخۆشەویستی تەنراوە
ئەمە تاقە ئابڵوقەدانێکە، گیانم
حەزبکات چڕتر بێتەوەو
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ
زیاتر لێی نزیك بێتەوە
ئەمە تاقە ئابڵوقەدانێکە هەتا
بازنەکەی بێتەوە یەك
هەتا زیاتر بخایێنێ
ئازاد ترم!...

ئەمە تەنها ئابڵوقەدانێکە کەمن
ئاواتمە لێی دەرباز نەبم!..[xxxi]

بینینەوەی ئازادی لەنێو ئابڵوقەدا، ئەنگێزەیەکی چەپێنراوی منداڵی لەپشتە، کەلەڕاستیدا جۆرێکە لەخۆزگەی گەڕانەوە بۆ منداڵی– نەمری... خۆزگەی جوڵەی کات بەپێچەوانەی یاسا ئاساییەکانی زەمەنەوە. ئەگەر جوڵەی ئاسایی کات تەمەن بەرەو مردن– گۆڕ بەرێ، ئەوا جوڵەی پێچەوانەی کات مرۆڤ بەرەو نەمری– منداڵدان دەبا. بەڵام ترسێك کەلە ناخەوە شێرکۆ رادەچێنێ وێنەی مردنێکی ئاسایی دوور لە ئەفسونە، دوور لەئامێزی (دایك+ خاك)، دوور لەگەرمایی منداڵدانێك کە ئاوێزانبوونو ئارامیەکی رەها مسۆگەر دەکا. هەربۆیە کاڵبونەوەی وێنەی دایك لە کاڵبوونەوەی وێنەی نیشتمانێك دەکا کە دوژمنێك زەوتی دەکا، هاتنی ئەو دوژمنەش لەهاتنی بێوە پیاوێك دەچێ کەدایکی لێ دەستێنێتەوە:

ئەتبینی چۆن تەنیایی بێوەژنێکو...
تەنیایی مەرگو کوردستان... لەیەك ئەکەن!
ئەتبینی چۆن کەنامۆیی ئەبێ بەبێوەپیاوێکی
سەر ڕووتاوەو بێوەژنێکی پایزە مارەئەکات[xxxii].

بەڵام لەجیهانی شێرکۆییدا جۆرێکی تر لەمەرگ هەیە کەمەرگێکی ئەفسونیەو زادەی خۆزگەیەکی چەپێنراوە، مەرگێکی پیرۆز کەلە دەرەوەی یاسا سروشتیەکانی کاتو شوێنەوە وێنەی خۆیمان نیشان دەدات، مەرگێك کەلە هەناویدا هەڵگری مانەوەو نەمرییە. مەرگێك کەلەسەر ئاستی شەخسی لە دەستکاریکردنی یاسا سروشتیەکانی کاتو، لەهێنانەوەی دایك بۆ زەمینو زەمانێکی تردا بەرجەستە دەبێ:

لە پەردەی T.V یەوە، دێتەدەر
ئەگاتە بەردەمو ئەکەوێ، هەڵ ئەسم، دایکمەو
مێژوومە باوەشی پیائەکەم. لەپێشدا پاڵتۆکەی
بەرخۆمی پیائەدەم.

چی مابێو چی هەبێ لەخۆراك بۆی دێنم.
دواتریش ئەیخەمە جێگەکەی دایکمەوەو
لێفەکەی ئەویشی پیائەدەم. ئەیدوێنم.
تائەنوێ[xxxiii]
بەڵام ئەو ئەفسونە لەسەرئاستی نیشتمان لەوێنەی شەهیدبوون و ئاوێزانبوون لەگەڵ منداڵدانی خاکدا بەرجەستە دەبێ، چونکە وەك چۆن دایكو خاك شوناس دەگۆڕنەوە بەهەمان شێوە منداڵدانی دایكو منداڵدانی خاکیش شوناس دەگۆڕنەوە. وەك چۆن دایك دووگیان دەبێو منداڵی دەبێ، خاکیش ژان دەیگرێو دەزێ. دواجار وەك چۆن ئارامی رەها لەگەڕانەوەدایە بۆ منداڵدان، بەهەمان شێوە نەمریی لەگەڕانەوەدایە بۆ منداڵدانی خاك (شەهیدبوون و ئاوێزانبوون لەگەڵ خاکدا):

ئاسمان وتی:
ئەو زەوییە وا ئەزێ
زەمین وتی:
ئەوشاخە ئەڵێی ماینی ئاوسەو
ژان بەجوانووی شۆڕشەوە ئەگرێ
(.....)
هەموو سااڵێ لەم وەرزەدا
لەم کازیوەی بەیانەدا
بوومەلەرزەی بابەگوڕگوڕ
کوڕی وەکو مامەڕیشەو دارای ئەبێ[xxxiv].

(٥) میتۆوییەکی نێر.. خاکێکی مێ:

لەخۆزگەی گەڕانەوەدا شێرکۆ بێکەس تووشی دوو شۆکی ترسناك دەبێ؛ یەکێکیان سیستمێکی کولتوورییە کەڕێگەنادا کۆڕەکانی بگەڕێنەوە باوەشی دایکەکان[xxxv]. شۆکی دووەمیش لەوێنەی داگیرکەرێکی لاقەکەردا بەرجەستە دەبێ کەوێنەی دووەمی ئامێزی دایك (گەڕەکی منداڵی- خاك- نیشتمان) داگیردەکاو لاقەی دەکا. واتە لەئەزموونی شێرکۆدا تەنها رەگەزی مێو خاك شوناس ناگۆڕنەوە، بەڵکو رەگەزی نێرێکی لاقەکەرو دوژمنێکی داگیرکەریش شوناس دەگۆڕنەوە. هەڵاتن لەدەست زەمەنو خۆزگەی گەڕانەوەی پێچەوانەوە بەرەو منداڵی، هەڵاتنە لەدەست دوژمنێکی داگیرکەرو خۆزگەی گەڕانەوەیە بۆ خاکێکی پاکیزەی لاقەنەکراو.

لێرەوە ئەگەر خاك رەگەزێکی مێنیە بێت، ئەوا جوڵەی ئاسایی کات کە میتۆوییەکی پەتریارکی لغاوی دەکا، نێرینەیە. خاك هەمیشە وێنەی بوونەوەرێکی لاقەکراوو، میتۆووش وێنەی بوونەوەرێکی لاقەکەرە. لەمیتۆووی نێردا دوای ئەوەی جەستەی ئافرەتەکان دەکرێنە کێڵگەی تاقیکردنەوەکانی پیاوی یەکەم (دکتاتۆرو هاوشێوە بچوکەکانی لە خانە بچوکەکاندا)، نۆرە دەچێتە سەر خاكو بەکێڵگەکردنی زەوی. واتە دوای ئەوەی پیاوی یەکەم زۆربەی ژنەکان لاقەدەکا، دەبێ فراوانترین رووبەڕی خاکیش داگیربکاو تۆورێژی بکا، ئەو کاتەیشی کەزەوی بەمۆڵەت دەدرێتەوە بە کۆیلەو جوتیارەکان، ئەو بەخشینە بەندە بەمەرجی گەڕانەوەی بەشێکی زۆری بەروبووم و داهاتەکان بۆ خەزێنەی پیاوی یەکەم، بەهەمان شێوە (سورانە) سەندنەوەی لەزەتی یەکەمە (لەزەتی لاقەکردن لەشەوی یەکەمدا) لەجەستەی پیاوە بچوکەکانی رەعیەت[xxxvi].

لە کولتورێکی لەو جۆرەدا- واتە کولتورێکی فیودالی پەتریارکی- بەدەستهێنانی خاكو دەستەبەرکردنی رووبەڕێك زەوی بۆ چاندنی تۆو گەورەترین دەسکەوتی نێرینەکانە؛ کاتێکیش وێنەی خاكو وێنەی ئافرەت شوناس دەگۆڕنەوە هەردووکیان لەکێڵگەیەك دەچن بۆ پیتاندنی تۆوی کولتورێکی پەتریارکی. ئیدی پارێزگاری لەو کێڵگەیە

پارێزگاریکردنە لەشەرەفی ئەو کولتورە. بەڵام لەفەزایەکی لەو جۆرەدا، لەپشت پارێزگاریکردنەوە لەخاك بەها نیشتمانیو نەتەوەییەکان ئامادە نییە، بەڵکو بەها پەتریارکیو ترادسیۆنە نێرینەکان ئامادەن، چونکە خاك ئەو رووبەرە نییە کە نەتەوە دەپارێزی بەڵکو ئەو تاقیگەیەیە کە هەمیشە نێریەتی کولتور دەپارێزێ. لەبەرامبەردا پارێزگاریکردن لەشەرەف بریتیە لە پارێزگاریکردن لەو بەشەی جەستەی ئافرەتەکان کەمۆلکی تایبەتی نێرەکانو تاقیگەی پیتاندنی تۆوەکانیانە. لەفەزایەکی سیخناخ بەم ئاوێزانبوونە پەتریارکی، فیودالّی، تیۆلۆجییەی نێوان وێنەی ئافرەتو زەویدا.. میتافۆرەکانی شیعرو زمان بەدەرنین لەمیتافۆرەکانی کولتورو تراسیۆن، بۆیە لەهەندێ دەقی شێرکۆدا شوێنە حەرامەکانی جەستەی ئافرەتو شوێنە پیرۆزەکانی جەستەی خاك شوناس دەگۆڕنەوە، هەروەها کەرەستەکانی بزواندنی هیمەتو غیرەتی نیرێنە بۆ بەرگریکردن لەشەرەفی خێزان لەگەڵ بزواندنی هیمەتو غیرەتی نەتەوە بۆ بەرگریکردن لەخاك شوناس دەگۆڕنەوە:

یەکێ نەما
بچێ بەپیر کوردستانی ئازارەوە !
پلەی پەیژە هەمووی شکا.
هەربەشانی خۆمانەوە
تادوا چەکیش
ئەتك کرا.
ولاتە دەستگیرانەکەم
رووتو قووت بوو
بەبەرچاوی خۆمانەوە
دەست بۆ قوتکەی مەمکی ئەبرا[xxxvii]

لەم پەرەگرافە شیعرییەدا زۆر بەئاشکرایی دیارە جەستەی خاکێکی داگیرکراو و ئافرەتێکی لاقەکراو شوناس دەگۆڕنەوە، لەبەرامبەردا زۆر بەڕوونیش ئەوە دیارە کە ئامێری شۆڕش (چەك) ئەتك دەکرێ کە هاوشوناسی خەساندنی ئامێری نێرایەتییە.

بەشی دووەم

نافرەت/ گەردوون

(١)هاوکێشەیەکی نوێ هاوشوناسی:

لەبەرامبەر سیانەی (نیشتمان- شۆڕش- شکست)دا شێرکۆبێکەس نیشتمانێك دەلاوێنێ کەلاقەدەکرێ، گۆرانی بۆ تارمایی سوارچاکێك دەچڕی کەلە دووڕەوە دێتو نیشتمان ڕەها دەکاو فۆبیای (شکست)ێك دەڕەوێنێتەوە، کە وەك نەفرەتێکی ئەزەلی بەشوێن جەستەو یادەوەریی دەستە جەمعی نەتەوەیەکەوەیە. تەواوی میتافۆرو وێنە زەینیەکان دەچنە خزمەتی ئەو پرۆژەیەوە، واتە تۆخکردنەوەی تارمایی ئەو سوارچاکەو ڕەواندنەوەی فۆبیای ئەو نەفرەتە ئەزەلییە، بەڵام ئەو خەونە تا ئەوشوێنە بڕەکا کەجیهان جیهانی دەقە نەك جیهانی واقعیی دەرەوەی دەق، ئەو چرکانەی کەئەو دوو جیهانە بەیەکدادەکێشنو وێنەکانیان تێکەڵی یەکدی دەبن. ئیدی شکست دەبێتە تاقە کارەکتەر، زنجیرەی نوچدانە مێژوییەکان لەوێنەی نەفرەتێکی ئەزەلیدا دووبارە دەبنەوە[xxxviii]. لەکاتێکی وادا شاعیر جگە لەدوو هەڵبژاردن هیچی دیکە لەبەردەمیدانییە، یان دەبێ دەستبەرداری گوتاری لاواندنەوەی نیشتمانێکی مێنیە بێو، دەستبداتە پیاهەڵدانی مێژوویەکی نێرینە، ئەوەش چرکەی مەرگی شاعیرو ساتەوەختی لەدایکبوونی ئایدیولۆجیستە؛ یان دەبێ بەشوێن ئەو وێنانەی ئافرەتدا بگەڕێ، کەتیایاندا هێشتا ڕەگەزی مێ لەگەڵ ڕەگەزی نیشتماندا شوناس دەگۆڕێتەوە.. لەو وێنانەدا ئافرەت بوونەوەرێکی پەتییە، ئەو ئەنگێزانەشی کەوێنای دەکا ئەنگێزەی مرۆیی و ئیرۆسین. بێگومان شێرکۆبێکەس وەك شاعیرێك کە وێنە زەینیەکانی نێو دەقی لەوێنە واقیعەکانی دەرەوەی دەق پێگرنگترە، کەمجارو لەکەم شوێندا تووشی هەڵبژاردنی یەکەم دەبێ... بەڵام لەحاڵەتێکی وادا هەڵبژاردنی دووەم، واتە باوەشکردن بەئافرەتدا

وەك بوونەوەرێکی گەردوونی نەك وەك وێنەیەکی هاوشوناس لەگەڵ رووبەڕێکی دیاریکراوی زەویدا، دەبێتە دیاردەیەکی تری ئەزموونی شێرکۆیی[xxxix].

بەگەردونیکردنی ئافرەت واتە ئامادەبوونی ئافرەت وەك کێشەیەکی هیومانی سەربەخۆ دوور لەکێشە لۆکاڵی و ئایدیۆلۆجی و نەتەوەییە تایبەتەکان. بۆیە شێرکۆبێکەس تائەو شوێنە پەنادەبا بۆ چواندنی خاك بەئافرەت کەکێشەکانیان لەیەك دەچێ، واتە هەردووکیان لاقەکراوو داگیرکراون. بەڵام کاتێك ئەو هاوکێشەیە وەك خۆی نامێنێ، واتە ئەو کاتەی ئافرەت وەك خودی خۆی ئامادەیەو لایەنی هاوکێشەیەکی ئەوینداری پەتییەو ئەنگێزە ئیرۆسیەکان وێنای دەکا، یان ئەو کاتەی پارچە خاکێکی نیشتمان ئازاد دەبێو، ئیتر ئافرەت وەك بوونەوەرێکی تەنهاو بێ هاودەرد دەمێنێتەوەو چیتر بوونەرێك شك نابات شوناسی لەگەڵدا بگۆڕێتەوە، لەوکاتەدا شێرکۆ پەنا دەبا بۆ ئەو رووبەرانەی تری سروشت کە تا ئاستێکی زۆر لەئافرەت دەچنو، تائاستێکی زۆر بەپاکیزەییو دوور لەمەترسیەکانی لاقەکردنو داگیرکردن ماونەتەوە. واتە پەنا نابا بۆ چواندنی سروشتی داگیرکراو بەئافرەتی لاقەکراو، بەڵکو بەپێچەوانەوە پەنا دەبات بۆ چواندنی ئافرەتی پاکیزە بەسروشتی پاکیزەو ئازاد. واتە لەدۆخی یەکەمدا ئەوەی لەهۆشیاریدا ئامادەیە وێنەکانی سروشتێکی داگیرکراوە کە لەپشتیەوە وێنەکانی ئافرەتێکی لاقەکراو خۆی حەشارداوە، بەڵام لەدۆخی دووەمدا ئافرەت وەك خۆی وەك کێشەیەکی گەوهەریی ئامادەیە، بەڵام بەرەگەزەکانی سروشت تەعبیری لێدەکرێ.. ئەوەش حاڵەتێکی هاوشوناسیو ئاوێزانبوونی داهێنەرانەیە، لەیەکەمیاندا سروشت سیمای ئافرەت وەردەگرێو لەدووەمیاندا بەپێچەوانەوە ئافرەت دەمامکی سروشت دەپۆشێ.

بۆ زیاتر روونکردنەوە لەم بەشەدا دوو دەق بەنمونە دەهێنینەوە، کە لەهەردووکیاندا ئافرەت وەك لایەنێکی ئەویندارێ مرۆیی و وەك کێشەیەکی کولتووری ئامادەییان هەیە، بەڵام بەسیمای ئافرەتەوە دەرناکەوێ، بەڵکو لەپشت دەمامکی سروشت (مانگ)ەوە خۆی نمایش دەکا.

(٢)ئافرەت لەپشت دەمامکی مانگەوە لەدەقی (مانگو زەریا)دا:

دەقەکە:

زووتر.. زووتر
ئەم (مانگ)ە نا
مانگێکی تر هەبوو جوانتر
دەمووچاوی ئێجگار گەشتر
ئاو شێتی بوو، ئاو شەیدای بوو
هەموو شەوێ لەکەناردا
ئەهات ئەچوو بەتەمای بوو!
بەڵام مانگ لەو لووتە لابوو
زەریا وێستی بەفێڵ بیگرێ
شەپۆل هەرچەند خۆی هەڵبڕی
دەمی نەگەیشتە رووممەتی.
مانگ بە ئەنقەست نازی ئەکرد
بۆ چاوشارکێ لەژێر چوخمەکانی هەورا
خۆی ون ئەکرد!
هەتا جارێ بەسەفەرێ
مانگ کۆچی کرد بۆ بیابان
تاچەند شەوێ نەهاتەوە
کەهاتەوە تەپو تۆزو خۆڵی قاقر
لەدەمووچاوی نیشتبوو
تریفەی قژی خۆڵاوی
پۆشاکی زیوینی بەری
گەرد لێ نیشتوو.
ئەو کاتەی مانگ گەڕایەوە
ئاو نوستبوو.
مانگ بڕیاریدا خۆی بشوا
بەپەلە پەل
جلەکانی بەری داکەند

رووەو زەریا هەنگاوی نا
شلّەژابوو
مانگ پێی لەسەر بەردێ دانا
بەرد زۆر لووس بوو
شلّپەیەك هات
مانگ خلیسکا
مانگ نوقم بوو.
زەریا وەك شێتو هار هەستا
بۆ مانگ گەڕا
سەری کردو خواری کردو
دەستی بەناو بنیا گێڕا
هەر چووەسەر
هەر هاتە خوار
مانگ هەرنەبوو
لەو شەوەوە هەڵچوون و داچوونی زەریا
لەدایك بوو[xl].

خوێندنەوە:

لەم دەقەدا رەگەزی گێڕانەوە زۆر بەچڕی تەوزیف کراوە، بەشێوەیەك د .توانین بڵێین چیرۆکی نێوان دوو کارەکتەرمان بۆ دەگێڕێتەوە، یەکەمیان (مانگ)و ئەوی تریان (زەریا)یە. بەڵام بێگومان مانگو زەریاو رەگەزەکانی تری سروشت کەبەشداری لەچنینی ستراکتوری ئەم چیرۆکەدا دەکەن، شتێك نین جگە لە کۆمەڵێك دەمامك کەپاڵەوانە راستەقینەکانی پشتەوەیان مرۆڤن، ناوەرۆکی سادەی چیرۆکەکەش کە پەیوەندییەکی ئەویندارێ وێنا دەکا ناوەرۆکێکی مرۆیی پەتییەو، تیایدا سروشت تەنها رۆڵی دەمامك دەبینێ.

مانگ لەم دەقەدا دەمامکی رەگەزی مێ (ئافرەت– مەعشوق)ە، زەریاش دەمامکی رەگەزی نێر (عاشق)ە.. ناوەرۆکی دەقەکەش بریتیە لەگێڕانەوەی چیرۆکی ئەویندارێ نێوان ئەو عاشقو مەعشوقە، کەلە رواڵەتدا بەسەر سێ قۆناغی سەرەکیدا دابەش دەبێ:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی لەدایکبوونی عەشق لەنێوان دەریا (دەمامکی نێر)و مانگ (دەمامکی مێ). ئەو قۆناغەیە کەمانگ تیایدا سەرنجی زەریا بۆلای خۆی رادەکێشێو خۆی بۆ نمایش دەکا، زەریاش هەوڵدەدا بیگرێ بەڵام ئەو نازدەکاو تەسلیم نابێ.

قۆناغی دووەم: قۆناغی لێك دابڕان، قۆناغی کۆچی مانگو، تاوسەندنی شەپۆلو ئازاری خۆشەویستی زەریا.

قۆناغی سێیەم: قۆناغی هاتنەوەی مانگ، کەهاوکاتە لەگەڵ خنکانو ونبوونە تاهەتاییەکەیدا.

بەڵام لەڕاستیدا ستراکتوری پەنهانو ناوەکیی ئەم شیعرە چیرۆکێکی ترمان بۆ دەگێڕێتەوە جیاواز لەم چیرۆکە. پێش ئەوەی دەستبکەین بەگێڕانەوە ئەو چیرۆکەی تر، باهەوڵبدەین چەند (کۆد)ێکمان چنگ کەوێو، بیکەینە کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی ژێرخانی دەق:

أ/ مانگ لەزۆربەی دەقەکانی شێرکۆبێکەسدا دەمامکی رەگەزی مێو، سیمبولی بوونەوەرێکی مەمسوخە، کەلە کۆمەڵگادا بەپەچەوە، لە نێو دەقیشدا بە دەمامکەوە دەبینرێ. واتە تراڕیسیۆنی کەلتور دەگوازرێتەوە بۆ نێو زمانو، دەبێتە تراڕیسیۆنی دەقیش. چەندین نمونەی شیعریی شێرکۆمان لەبەردەستدایە کەتیایدا مانگ ئەو رۆڵە دەبینێ:

لەگۆمێکدا، ئاو بوو بە بەئاوێنە بۆ مانگ
مانگ ئەوشەوە خۆی گۆڕیبوو
هاتو وێستی لەبەر گۆمدا
ئارایشت کاو قژ داهێنێ
لەپڕێکدا
لەدوورەوە بەگڤە گڤ
(با)ی تووڕە هات
ئاوێنەکەی وردو خاش کرد[xli].

ب/لەشیعری شێرکۆدا دوو وێنەی مانگ هەیە، واتە دوو وێنەی جیاوازی ئافرەت هەیە، کەلە راستیدا یەک وێنەیە، بەڵام لەدوو دۆخی جیاوازدا، یەکەمیان: وێنەی مانگ وەک مێینەیەکی پاکیزە، سەرک، بە بەرزاییەوە، دانابەزێتە سەر زەوی. دووەم: وێنەی مانگ وەک مێینەیەکی لاقەکراو، رامکراو، کە لەئاسمانەوە دادەگیرێتە سەر زەوی. لەهەندێ نمونەشدا داگیرکردنی خاک (وەک وێنەی ئاراستەگۆڕاوی لاقەکردنی ئافرەت کەپێشتر باسمان کردووە) لەگەڵ لاقەکردنی مانگدا شوناس دەگۆڕنەوە. لە دەقی (ژەهر)دا وێنەی هاوشوناسی (خاک+ ئافرەت+ مانگ) زۆر بەڕوونی بەرجەستە دەبێ:

بەر لەوەی کەکفن دزانی مەولەوی (...)
بەمردویی بازنی دەستو موستیلەی
عەنبەر خاتوون دابکەنن
بەمردویی نقێمی چاوی هەڵبجە دەربهێنن
بەمردویی لاقەی مانگی کوژراو بکەن (....)[xlii]

ج/لەزۆر دەقی شێرکۆدا (ئاو– زەوی) دەمامکی رەگەزی نێرە بەرامبەر دەمامکی رەگەزی مێ (مانگ– ئاسمان). هەربۆیە کردەی سەرکەوتن (لەزەمینەوە بۆ ئاسمان) جوڵەی نێرە بۆلای مێ. بەڵام کردەی پێچەوانە (واتە دابەزین لە ئاسمانەوە بۆ زەمین) جوڵەی مێیە بۆلای نێر. بۆ نمونە لەشیعری (شایی شەهید)دا هاتووە:

تامانینی ئازادیی بووک نەگاتەجێ
مانگ بۆ زاوام دانەبەزێ
ئەم شاییە دوایی نییە![xliii]

د/بەم پێیە وێنەی دایک، وەک رەگەزێکی مێینە، تەنها لەگەڵ خاکدا شوناس ناگۆڕێتەوە بەڵکو لەهەندێ شوێندا (وەک لەخاچو مار....)دا بەدی دەکرێ، لەپشت دەمامکی مانگیشەوە ئامادەیە:

ئاخ بۆ دایکم!
ئاخ بۆ مانگێ لەسەرەتای هەڵهاتندا کەوتە خوارێ!
ئاخ بۆ خەونێ لەسەرەتای هەڵفڕیندا کەوتەخوارێ!
ئاخ بۆ دەنگێ لەبەرزایی چریکەدا کەوتە خوارێ![xliv]

هـ/لەزۆربەی ئەو دەقانەدا کەمانگ وەک کارەکتەرێک ئامادەیی هەیە، کارەکتەری نەیار (لاقەکەر)یش ئامادەیە. هەندێ جار ئەو نەیارە لەوێنەی رێگری نێوان عاشق مەعشوق (ئاوو مانگ)دا بەرجەستە دەبێ، وەک لەنمونەی لقی (أ)دا دەردەکەوێ... هەندێ جاریش وەک دوژمنێک کەمانگ زەوت دەکاو دایدەگرێتە سەر زەوی، وەک لە نمونەی لقی (ب)دا دەردەکەوێ.

لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵانەو، بە بەکارهێنانی ئەو کەرەستە رەخنەییانەی کە (گریماس) بۆ خوێندنەوەی گوتاری گێڕانەوە پێشنیاری کردوون، ئێمە هەوڵدەدەین جارێکی تر چیرۆکی ئەویندارێ نێوان دەمامکەکان لە دەقی (مانگ و زەریا)دا بخوێنینەوە.

بەگوێرەی تیۆرەکەی گریماس ئەو دەقانەی کەبە توخمی گێڕانەوە موتوربەکراون لەسەر سێ دوالیزمەی سەرەکی دادەمەزرێن، کەشەش کارەکتەری سەرەکییان لێدەکەوێتەوەو، بزوێنەری سەرەکی دیمەنە چیرۆکیەکانی نێو دەق پێکدەهێنن، بریتین لە: (بکەر/ مۆتیف)، (ئەنگێزە/ وەرگر)، (یاریدەدەر/ نەیار). بەم پێیە دەکرێ نەخشەی رۆڵی کارەکتەرەکانی نێو دەقی (مانگو زەریا) بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژین:

بکەر/ مۆتیف ◄—— زەریا/ ئەوینێکی نەمر
ئەنگێزە/ وەرگر ◄—— ئیرۆس/ مانگ
یاریدەدەر/ نەیار ◄—— شەپۆلدان/ خنکان

دەقەکە بەوێناکردنی (مانگ)ێک دەستپێدەکا، کە پێشتر هەبووەو ئێستا نەماوە، مانگێک کە لەو

مانگەی ئێستا گەشترو جوانتر بووە. واتە هەر لەسەرەتاوە دوو وێنەی (مانگ)مان پیشان دەدا کە لەیەکدی جیاوازن:

مانگی زوو× مانگی ئێستا

مانگێکی گەشترو جوانتر× مانگێکی ئاسایی

لەراستیدا هەردووکیان وێنەی یەك (مانگ)ن بەڵام لەدوو دۆخی جیاوازدا، یەکەم: مانگ لە دۆخی پاکیزەییدا، کەجوانترو گەشترە، چونکە هێشتا تەسلیم نەبووەو، دانەبەزیوەتە سەر زەوی. دووەم: مانگ لەدۆخی تەسلیم بوون، خۆڕووتکردنەوەو، چوونە ئامێزی (زەریا)دا، کەلە وێنەی مانگێکی ئاسایی (مێینەیەکی دوور لەئەفسونی دۆخی یەکەم- ئەوینی پاکیزەیی)دا بەرجەستە دەبێ. ئەم کەرتبوونەی وێنەی مانگ هەمان ئەو کەرتبوونەی وێنەی ئافرەتە کەلە ئەزموونی شێرکۆبێکەسدا بەگشتی ئامادەیی هەیە.

لێرەوە دەقەکە بەوێناکردنی دۆخی یەکەمی مانگ دەست پێدەکا، کەرۆڵی (وەرگر) دەبینی. بەڵام کارەکتەری سەرەکی زەریا (نێرینە)یە کەرۆڵی (بکەر) دەبینی، کەسەرەتا دەیەوێ مانگ لەئامێز بگرێ، بەڵام ئەو خۆی بەدەستەوە ناداو پارێزگاری لەدۆخی یەکەمی (دۆخی پاکیزەیی) دەکا. بێگومان ئەنگێزەی بزوێنەری بکەرو وەرگر (زەریاو مانگ) عەشقو (ئیرۆس)ە، بەڵام مۆتیڤی پەنهان لای زەریای نێرینە تەنها چنگ کەوتنی ئەو عەشقە نییە، بەڵکو هێشتنەوەی تاهەتایی ئەوعەشقەو، بەنەمرکردنیەتی، واتە هێشتنەوەی سیحری قۆناغی یەکەمی خۆشەویستی. ئەوەی سروشتی ئەم مۆتیڤە دادەڕێژێ (خەونی گەڕانەوە)یە، کەخەونێکە- هەروەکو پێشتر باسمانکرد- رووبەرێکی فراوانی نائاگایی ئەزموونی شێرکۆبێکەس داگیردەکا. لەهەندێ دەقی شێرکۆدا خەونی گەڕانەوە لەوێنەی شەهیدبوونو، هێشتنەوەی شۆڕش لە قۆناغی منداڵیو، راکردن لەدەست شکست (نەفرەتی ئەزەلی)دا بەرجەستەدەبێ. لەهەندێ دەقی تریشدا خەونی گەڕانەوە بۆ گەڕەکی منداڵیو، ئامێزی دایکو، هەڵاتن لەدەست ئەو چرکەساتانەی یادەوەری کە وەك دێوەزمە دایکو گەڕەکی منداڵی نوقمی تەمتومان دەکەن، وێنەیەکی تری گەڕانەوەیە بۆ رابردوو. لەم دەقەشدا خەونی گەڕانەوە لای (زەریا) فۆرمێکی دیکە وەردەگرێ، خەونی گەڕانەوەیە بۆ قۆناغی منداڵیی عەشق، بۆ لەئامێزگرتنێکی دیکەی (مانگ) کەلە یەکەم لەئامێزگرتن بچێ. واتە لە هەرسێ فۆرمەکەدا بکەر نێرو، وەرگر مێو، مۆتیڤیش خەونی گەڕانەوەیە.

لەم نێوەندەدا دوو کارەکتەری دیکە هەن کەپێکەوە رۆڵی دوالیزمەیەکی بزوێنەری تری چیرۆکی دەقەکە دەگێڕن؛ یەکێکیان یاریدەدەر (شەپۆلو هەڵچونو داچوونی بەردەوامی بکەر- زەریا)یە لەپێناو گەڕانەوەو، دۆزینەوەی وێنەیەکی مانگدا کە لەوێنەی یەکەمی بچێ. دووەمیشیان (نەیار)ە، کردەی خنکانی مانگ، کە وەك دژە کارەکتەرێك رێگەنادا ئەو خەونی گەڕانەوەیە بێتەدی. تێبینی دەکرێ هەرچەند کارەکتەری بکەر (زەریا)و کارەکتەری نەیار (خنکان) لە دژە پەیوەندییەکی بەردەوامدان، بەڵام هەردووکیان لەرەگەزی نێرن. چونکە وێنەی زەریا لەدەقەکەدا، وێنەی عاشقو خنکێنەریشە. ئەم کەرتبوونەی وێنەی نێر لەنێوان دوو کارەکتەری پۆزەتیڤو نێگەتیڤی دژبەیەکدا، رەگەزێکی سەرەکی شیعری شێرکۆبێکەسە. بۆ نمونە هەرچەندە (شۆڕشگێڕو داگیرکەر)، کە دوو کارەکتەری سەرەکیی ئەزموونی ئەون، لەدژە پەیوەندییەکی بەردەوامو کێبڕکێیەکی بەردەوامدان بۆ ئازادکردنی خاك لەلایەکو لاقەکردنی لەلایەکی ترەوە، بەڵام هەردووکیان لەرەگەزی نێرن. واتە ئەگەر لەدەقەکانی تردا هاوبەشیی نێوان ئەو دووکارەکتەرە لە نێربوونیاندا زۆر بەڕوونی دەرنەکەوتبێ، ئەوا لەم دەقەدا لەوێنەی یەك

کارەکتەر بەڵام لەدوو رۆڵی جیاوازدا بەدی دەکرێن (زەریای عاشق/ زەریای خنکێنەر).

لێرەوە ئەگەر سەرلەنوێ چیرۆکی خۆشەویستی نێوان مانگو زەریا بگێڕینەوە، دەکرێ بڵێین ئەو چیرۆکە لە چەند قۆناغێکی سەرەکیدا چڕ دەبێتەوە:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی خۆشەویستی پاکیزەییو، تەسلیم نەبوونی مانگ.

قۆناغی دووەم: قۆناغی ئاوابوونی مانگ، وەک ئاستێکی غەیبوونی مەعشوقو، نزیکبوونەوەی لە وێنەی فریشتەیەکی ئاسمانی.

قۆناغی سێیەم: قۆناغی تێکچوونی هاوکێشەی ئەو خۆشەویستیە پیرۆزە، واتە قۆناغی رووتبوونەوەی مانگو، دابەزینی لەئاسمانەوە بۆ زەمینو، خلیسکانی بۆ نێو ئامێزی زەریا.

قۆناغی چوارەم: قۆناغی مەرگی مانگ وەک کارەکتەرێکی پیرۆزو، لەدایکبوونی وێنەیەکی تری مانگ، کەهەموو سیحرو ئەفسونی یەکەمجاری لەدەست داوە.

قۆناغی پێنجەم: قۆناغی خەونی گەڕانەوە، خەونی جوڵەی کات بەپێچەوانەوە، بۆ ساتەوەختێک کەعەشق لەقۆناغی منداڵیدایەو مەعشوق لەوێنەیەکی پیرۆزدایە.

قۆناغی شەشەم: قۆناغی بەریەککەوتنی خەونی گەڕانەوە لەگەڵ واقعی دابڕاندا؛ کەملمالنێی (دەریا/ دەریا)، واتە (نێر/ نێر)ی لێدەکەوێتەوە، نێرێک بەدوای بوونێکی رەمزیی مێدا دەگەڕێ و، نێرێک بەدوای بوونێکی جەستەیی مێدا دەگەڕێ. ئەگەر ئەم هاوکێشەیە وەک ئاستێکی گشتی ئەزموونی شێرکۆ بەگشتی تەماشا بکەین، دەبینین هاوشوناسیی (خاک+ ئافرەت+ مانگ) لەبەردەم جوڵەی جیاوازی ئەو دوو کارەکتەرە نێرینەیەدا لەدوو پرۆژەی جیاوازدا بەرجەستە دەبێ، یەکەم: پرۆژەی پیرۆزکردنو پاراستنو بەنەمرکردن لەلایەن کارەکتەری یەکەمەو (شۆڕش+ منداڵ+ زەریای عاشق)؛ دووەم: پرۆژەی داگیرکردنو لاقەکردنو خنکاندن لەلایەن کارەکتەری دووەمەوە (داگیرکەر+ لاقەکەر+ زەریای خنکێنەر).

لەم دەقەدا لەپشت شێرکۆی چیرۆکبێژەوە، شێرکۆی شاعیر ئامادەیە، کەتەنها پەیوەندیی نێوان کارەکتەرەکان رێك ناخا، بەڵکو پەنا دەبا بۆ گرنگترین رەگەزی شیعریش کە بریتیە لەلادان (إنزیاح) لەرەوتی ئاسایی زمان بۆ دروستکردنی شۆکی وەرگرتن (صدمه التلقی). رەنگە لەم دەقەدا ئەو شۆکە لەدوا وێنەدا بەرجەستە ببێ، واتە وێنەی لەدایکبوونی هەڵچوونو داچوونی زەریا (المد والجزر) لەئەنجامی گەڕانی بەردەوامی زەریا بەدوای ئەوینێکی وندا لەنێو قوڵایی خۆیدا. ئەم وێنەیە لەگەڵ واقعێکی زانستیدا شوناس دەگۆڕێتەوە، کە رەنگە سەرەتا بمانترسێنێ، چونکە لەڕوانگەتدا هەمیشە وادەزانین فیزیا وەک بابەتێك بکوژی وزە ئیحائیەکانی میتافیزیکە، ئەو رووبەرەی کە خەیاڵدانی هەموو وێنە زەینیەکانو ئەفسانەکانو سیمبولەکانە. بەڵام ئەو کلیلدانە شیعرییەی دەقەکە، قسەیەکی (هێربەرت رید)مان دێنێتەوە یاد کەدەڵێ: (تاکو زانست قووڵتر بەناخی ژیاندا رۆبچێ، خۆیمان زیاتر وەک ئەفسانە نیشان دەدا[xlv])، پەیوەندی نێوان سیمبولو ئیستاتیکاش رەسەنایەتیەکی قوڵی لەنێو زانستو مێژوودا هەیە[xlvi].

(٣)مەرگی نافرەت: مەرگی سروشت... لە دەقی (مەرگی مانگێك)دا:

دەقەکە:

دوێ شەو مانگ کەوتە دەریاچەی (دوکان)ەوەو کەس نەیزانی.

ئەوینێکی کەسك خنکاو..

ئاوازێکی سپی مردو... کەس نەیزانی.

دوێ شەو مانگ کەوتەخوارەوە

مانگ کەوت بەسەر نیشتمانداو

نیشتمانیش دانەچڵەکی‌و
مێژووش خەبەری نەبۆوەو.. کەس نەیزانی.
دوێ شەو مانگ کەوتە دەریاچەی دوکانەوەو
لەکەناری پایزێکدا، وشە وشەو گەڵاگەڵا
درەختی شیعر هەڵوەری.
دوێنێ شەوێ.. دڵۆپێکی سمێڵ بابڕ.. ریش
خەناوی لەدەڕاڵی چەرماوەندا
لەناو بێدەنگی شێداری جەنگەڵێکدا
کەدانەویی
تاریکیی کرد بەدەسکێشو
کڵاوێکی فەتواچنی لەسەرکردو
مانگە شەوێکی سەربڕی.
دوێنێ شەوێ خەرمانەیەك لەخەمی من
لەناو خۆێندا گێژی خواردو قریشکانی‌و
شوشوبەندی سایەقەیەك هاڕەی کردو
ستارەی کوژراو دابارێو
بەڵام کەسیش پێی نەزانی.
دوێ شەو مانگ کەوتە خوارەوەو... پرشنگ پژاو،
تریفە کەوتە ناو ژێوەو.. زێ بوو بەتابوونی
زیوین.
خەونی هەپرون کەوتە سەرئاو. هەناسە بوو
بەتەمێکی سەر
قەشقۆڵی‌و فرمێسك بوو بە وردە ماسی‌و
تاوان بوو بەقەوزەی روویار. ئاو زریکەی
هەڵپژاوبوو،
ئاو ژنێکی گوندی چەقۆو ئاو کچێکی هۆزی رۆو
عەشیرەتی زەردە ماربوو، سەربەرەوخوار
رائیەکردو
کەزیەکانی شەپۆلی خۆی ئەپینەوەو
سەری ئەکێشا بە بەرداو
جەستەی عەشقی هەلاهەلاو وردو خاشی
ئەگەیاندە مەیتخانەکەی دێرینی شار،
بەڵام ئەوسایش... لەوەتەنی نێرینەدا..

لەنیشتمانی سمێڵو لەقانونی ناو جەمانەو
ئەفسانەدا
نێرێك خەبەری نەبۆوەو
یاسا خەبەری نەبۆوەو
دادگا خەبەری نەبۆوەو
کەس نەیزانی!
هەموو جارێ خێڵ چرای مەمکی خەزاڵێ
ئەشکێنێتو
هەموو جارێ خێڵ تابوتێ لەداری حەد
دائەتاشێ بۆ (خەج)ێکو
هەموو شەوێ ریشێ بەخوێنی شیعرێکی مێینەی
من
پاراوئەبێ بۆ علیمانی ناو بەهەشتو
هەموو جارێو هەموو جارێ
شمشێرکی نوورانی دێو
(شیرین)ێکم لەبەرمااڵەوە ئەپێچێو ئەیفڕێنێ!
دوێ شەو مانگ کەوتە دەریاچەی دوکانەوەو
ئاو سوێی بۆوەو.. ئەوینێکی کەسك خنکاو
ئاوازێکی سپی مردو
هەڵبەستێکی نارنجیی من دڵی وەستاو
کەس نەیزانی![xlvii]

خوێندنەوە:

لەپشت ئیدیۆمو وێنە مەجازیەکانی ئەم دەقەوە دیمەنەکانی چیرۆکێکی راستەقینە بەدی دەکرێ کە لەچەند ساڵی رابردوودا لەکوردستان رووێداوە.[xlviii] مۆتیڤی دەق: کوشتنی ئافرەتێکە، بکەر خێڵە، ئەنگێزە: کولتورێکی نێرینەیە، لەبەرامبەردا وێنەیەکی ئاراستە گۆڕاوی دیکەی ئافرەتمانِ هەیە کەنیشتمانێکی نتمو بێدەنگەو بەپێی دابەشکردنەکەی گریماس رۆڵی کارەکتەری (یاریدەر)ی بکەر دەبینێ.

بەڵام لەم دەقەشداو، سەرەڕای ئامادەیی چیرۆکێکی واقعی بەوپەڕی قورساییەوە لەنێو وێنەکانیدا چیرۆکێك کە کارەکتەرەکانی مرۆڤی

واقعین‌و تەختی شانۆکەی ناوچەیەکی کوردستانە...
سەرلەنوێ ئافرەت دەمامکی مانگ دەپۆشێتەوە،
سەرلەنوێ سروشت دەبێتەوە بەتەنها کارەکتەرو
قسەکەر بەناوی مرۆڤەکانەوە. واتە ئامادەیی
سروشت، وەك وێنەیەکی ئاراستە گۆڕاوی ئافرەت
لەنائاگاییدا، هێندە کاریگەرە تەنانەت وێنە
واقعیەکانی بەرهەمی هوشیاریش ناتوانن دوور
لەسیماو روخساری ئەو دەربکەون‌و جوولە بکەن.

ئەگەر لەدەقەکانی پێشووی شێرکۆدا لەپشت
وێنەکانی خاکی داگیرکراوەوە وێنەی ئافرەتێکی
لاقەکراوو، لەپشت سیحری چاو ناوچە
رزگارکراوەکانەوە سیحری گەڕانەوە بۆ ئامێزی دایك‌و
گەڕەکی منداڵی بەدی کرابێ... ئەوا لەم دەقەدا
هاوکێشەکە بەتەواوی پێچەوانە دەبێتەوە: لەپشت
وێنەی ئافرەتێکی ئیرۆسییەوە وێنەی سروشتێکی
سرك‌و شۆڕشگێڕێکی یاخی‌و، لەپشت وێنەی کوشتنی
ئەو ئافرەتەشەوە وێنەی کوشتنی سروشت‌و
بەرجەستەبوونی ئەڵقەیەکی تری نەفرەتێکی دەستە
جەمعی‌و ئەزەلی بەدی دەکەین. لەبەرامبەردا لەپشت
کولتوری نێرینەی خێڵەوە کولتوری دیکتاتۆریەت‌و
داگیرکردن دەبینین.

لەم دەقەدا ئافرەت لەنێوان دوو وێنەی جیاوازدا
کەرتبووە:

یەکەم/ وێنەی ئافرەتێکی رەهاو سرك بە
بەرزاییەوە (مانگ) کەحوکمی کوشتن‌و خستنە
خوارەوەی لەلایەن کولتوری خێڵەوە دەردەچێ‌و
جێبەجێش دەکرێ.

دووەم/ وێنەی ئافرەتێکی لاقەکراو، بێدەنگ،
مەمسوخ (نیشتمان) کە لەسەر زەوی رامکراوەو، بە
بەرچاوی ئەویشەوە مەراسیمی کوشتنی (مانگ)ی
کچی جێبەجێدەکرێ:

(مانگ کەوت بەسەر نیشتمانداو
نیشتمانیش دانەچڵەکی..)

لەدەقەکانی پێشووی شێرکۆدا لەبەرامبەر ئەم دوو
وێنەیەی ئافرەتدا، دوو وێنەی نێریشمان هەبوو،
نێرێکی لاقەکەر (دوژمن– داگیرکەر)، نێرێکی
رزگارکەر (شۆڕشگێڕو وێنەکانی)، بەڵام لەم دەقەدا
پەشێوی دەکەوێتە ئەو هاوکێشەیەوە، چونکە
ئەوەی ئامادەیە تەنها وێنە نێگەتیڤەکەی نێرینەیە:
(دیرۆکێکی سمێڵ بابڕ/ کلاوێکی فەتواچن/ هۆزی
رق/ نیشتمانی سمێڵ/ قانونی جامانە/ وتەنی
نێرینە...)، بەڵام وێنەی دووەم، واتە وێنە
پۆزەتیڤەکەی نێر ئامادەنییە:

ئافرەت ← مانگ (پاکیزە)
ئافرەت ← نیشتمان (رامکراو)
نێر ← ؟ (.....)
نێر ← مێژووی خێڵ (رامکەر)

واتەی ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا ونە وێنەی نێرێکی
رزگارکەر (شۆڕشگێڕ)ە، واتە چرکەی ئەو رووداوە
چرکەیەرجەستەبوونی (شکست)ە، کە وەك
نەفرەتێکی ئەزەلی بەدوای یادەوەرییەکی دەستی
جەمعییەوەیە، ئەوەی لاقە دەکرێ‌و دەکوژرێ تەنها
ئافرەت نییە، بەڵکو وێنە ئاراستە گۆڕاوەکانی
سروشت‌و نیشتمانیشە.. ئەوەیشی کە دەکوژێ‌و
دەخنکێنی تەنها خێڵ نییە بەڵکو وێنە ئاراستە
گۆڕاوەکانی داگیرکەریشە:

(هەموو جارێ خێڵ مەمکی چرای خەزاڵ
دەشکێنێت‌و
.....
شمشێرێکی نورانی دێ‌و
شیرین–ێکم لەبەرماڵەوە ئەپێچێ‌و ئەیفڕێنێ!)
(ماڵ)یش لەم دێڕەی سەرەوەدا وێنەیەکی دیکەی
(گەڕەکی منداڵی)یە، ئەو شوێنەی کە وەك پێشتر
باسمانکرد، هەمیشە لەگەڵ وێنەی ناوچە پاگیزەو
رزگارکراوەکاندا شوناس دەگۆڕێتەوە. واتە لەم
دەقەدا شکست لە تراژیدی ترین وێنەدا بەرجەستە
دەبێ (کوشتنی ئافرەت+ داگرتنی مانگ بۆ سەر

زەوی+ نیشتمانێکی رامکراو و مێژوویەکی نوستوو..). بۆیە دەکرێ بڵێین کوشتنی مانگ وێنەیەکی ئاستە گۆڕاوی کوشتنی ئەوبەشەی سروشتە کە رۆژێ لەرۆژان پاکیزەبووەو، لانەی وێنە پۆزەتیڤو شۆڕشگێڕەکەی نێرینە بووە، لەهەندێ دەقی شێرکۆشدا شێوە پەیامانێك لەنێوان مانگو چیا (خاکی پاکیزەو رزگارکراو)دا دەبینین.

کەمانگ هەڵهات

یەکەم چەپکە تریفەی خۆی

پێشکەش بە لووتکەی بەرزکرد[xlix].

لەژێرخانی دەقی شێرکۆییدا کە ئاوێزانبوونی (ئافرەت+ خاك+ مانگ) لە لوتکەدایە.. چیا تەنها وێنەی ئەو سروشتە نییە کە دااڵدەی ئەو جەنگاوەرانە دەدا کە لەدەسەاڵتی خێڵی گەورە (دەوڵەت) یاخی دەبن، ئەو دەوڵەتەی رەعیەتی خۆی بۆ بۆمباو چەکی کۆمەڵکوژ سزادەدا.. بەڵکو دااڵدەی ئەو عاشقە ئیرۆسیانەش دەدا کە لەدەست شەریعەتی خێڵە بچوکەکان رایانکردووە، ئەو خێڵانەی کە ئەندامە مێینەکانیان بەتەورو قامچیو خنکاندن سزادەدەن. بۆیە ئەوانەی کە لەدەست جەبەروتی خێڵی گەورە (دەوڵەت) هەڵدێن، روودەکەنە چیا.. ئەوانەیشی دوور لەسانسۆری شەریعەتی خێڵە بچوکەکان بیر لە عەشقو (حەرام) دەکەنەوە، بەخەیاڵو فەنتازیا روودەکەنە مانگ، لەخۆڕاش نییە کە تەواوی شیعری کالسیکی کوردی خۆرهەاڵتیدا، لەسایەی سانسۆری کەلتوری نێرینەدا، (مانگ) ئیدیۆمی روخساری مەعشوقو ئەو روویەرەی سروشتە کە بەرهەمهێنی خەیاڵی عیرفانیو ئەینی پاکیزەییو زیندەخەونی نزیکبوونەوەیە لە (حەرام).[l]

لێرەوە چیاکە شوێنی چاندنی تۆوی یاخبوونە لە خێڵی گەورە (دەوڵەت)ن لەگەڵ (مانگ) کە شوێنی چاندنی تۆوی عەشقو یاخبوونە لەترادیسیونی دەوڵەتی بچوك (خێڵ) شوناس دەگۆڕنەوە. لەبەرامبەردا داگیرکردنەوەی یەکەم هاوشوناسی رامکردنی دووەمە.

واتە لەپشت دوالیزمەی (ئافرەت/ خێڵ)ەوە تارمایی دوالیزمەی (کوردستان/ دەوڵەت) بەدی دەکرێ، نێوەندی بزوێنەری ئەو وێنە زەینیانەی کەئەم دوو دوالیزمە هاوشوناسە بەرهەم دێنن غەریزەی مانەوەیە، غەریزەی دەقنوسێکی نێر بۆ الی بوونەوەرێکی مێ لەپێناو مانەوەی جۆر (نەسلی مرۆڤ)دا، کە هاوشوناسە لەگەڵ غەریزەی تاکێکی کورد بۆالی خاکێکی مێ کە وێنەیەکی ئاراستە گۆڕاوی ئامێزی دایکە. ئەنگێزەی غەریزەی یەکەم هێزی (ئیرۆس)ە، ئەنگێزەی غەریزەی دووەمیش ئەفسانەیەکی نێۆلۆجییە (هاتنە دەرەوە لەخاك گەڕانەوە بۆ خاك).

بەاڵم لەبەرامبەر ئەو خەونی ئاوێزانبوونەی نێر لەگەڵ مێو، کورد لەگەڵ خاکەکەیدا، ئاستەنگێك هەیە کەمێژوویەکی نێرینەیە. لێرەوە دژبوونێك لەنێوان ستراکتوری (شوێن)و ستراکتوری (کات)دا دروست دەبێ.. (شوێن) خەسڵەتی بوونەوەرێکی مێینە وەردەگرێ، چونکە پێگەی کێڵێنو زەوتکردنو داگیرکردنە، بەاڵم (کات) سەر بەمێژوویەکی نێرینەیە (... دێرۆکێکی سمێڵ بابڕ.. ریش خەناوی...)، لەخەنەگرتنی ریشی دێرۆك ئاماژەیەکە بۆ دۆخی سادۆماسۆشیی مێژوویەکی نێرینە لە کولتورێکی خێڵەکیدا، کە نێر تیایدا لەیەك کاتدا سەروەرو کۆیلەشە، سەروەری بەردەم ژنەکانو، کۆیلەی بەردەم پیاوە گەورەکانی خێڵ.[li]

ئەگەر شوێن بوونەوەرێکی مەمسوخ بێت، ئەوا کات بوونەوەرێکی مەسخکەرە، بوونەوەرێکە هەمیشە خۆی دووبارەدەکاتەوە، هەندێ جار لەوێنەی پاوێکدا خۆی نمایش دەکا کە ریشی بەخوێنی شیعرە مێینەکان پاراودەکا.. هەندێ جاریش لەوێنەی شمشێرێکی نوورانیدا بەرجەستە دەبێ، کەئاماژەیەکی دوو فاقەیە بۆ ئامێری پیرۆزی نێرینەو، ئامێری جەنگو فتوحاتیش.. کە دوێنێ (شیرین)ێکی رفاندووە، ئەمڕۆش لەبەرچاوی دایکێکی

رامکـراوی مەمسـوخ (نیشـتمان)دا کچێکـــی تـــری سەردەبڕێ.[iii] بەمجۆرە بوونەوەرێکی قوربانی لەگـەڵ نیشـتمانێکی قوربـانیدا ئـاوێزانی یـەکدی دەبـــن‌و جەللادی خێڵـی بچوکیش لەگـەڵ دیکتـاتۆری خێڵـی گـەورە (دەوڵـەت)دا شـوناس دەگۆڕنـەوەو، یـــەک سیمای یەکتری دەپۆشن.

لەبری کۆتایی

لەو شوێنەوەی ئەڵقەی خوێندنەوەیەکی رەخنەیی، سیمیۆتیکی راڤەگـەریی ئـەزموونی شـاعیرێکی وەکـو شـێرکۆبێکەس کۆتـایی دێـت، دەرگـــا لەبـــەردەم ئەڵقەیـەکی نـوێو خوێندنەوەیـەکی نـوێی لایـەنێکی تـری ئـەو ئەزموونـــەدا والاّ دەبـــێ. واتـــە لەگـــەڵ چـەکداربوون بەهـەر میتۆدو کەرەسـتەیەکی نـوێی رەخنەییدا بواری خوێندنـــەوەو گـەڕانی نـوێ بـە نێـو دەهلیزو خانە شاراوەکانی دەقی شێرکۆییدا فراوانـتر دەبـێ. بـەڵام بەهـەرحاڵ ئـەوەی ئێمـە لـەم گەشـتە رەخنەییەدا چنگمان کەوت دەکرێ لەچـەند خـاڵێکدا چڕببێتەوە:

□ هاوشوناسـی رەگـەزێکی گرنگـو سـەرەکیی ئەزموونی شیعریی شێرکۆبێکەسە بەگشـتیو، چـەقی بزوێنـــەری بەشـــێکی زۆری ئـــەو وێنـــە زینیانـــە، کەهەمیشـەو لەگـەڵ هـەموو داهێنـانێکی نـوێی ئـەو شاعیرەدا لەبریسکانەوەدان.

□ بوونەوەرێك کە وەك تارمایی لەژێرخانی دەقـی شێرکۆییدا خۆی حەشـەرداوەو، زۆر بەئاسـتەم نـەبێ نـابینرێ، ئافرەتـــە.. کـــە لەســتراکتوری دەرەکیـدا ئەڵقەیەکی ونو لەستراکۆری ناوەکیشـدا رەگـەزێکی بزێوو هەمیشە ئامادەیە.

–ئاوێزانبوون، یان هاوشوناسیی نێـوان ئـافرەتو سروشت ئەدگارێکی سەرەکیی گوتاری هاوشوناسییە لەئەزموونی شێرکۆبێکەسدا.

□ شـێرکۆ شـاعیرێکە لەسـەر ئاسـتی جیـهانبینی ترسێکی گەورەی لەیادچوونەوەی کارەساتە دەسـتە جەمعییـەکان لەلایـەکو، ترسـێکی گەورەشـی لـــە دووبارەبوونـەوەی ئـەو کارەسـاتانە لەلایـەکی تـــرەوە هەیە.. بۆیـە ئـەو هەمیشـە گەریدەیـەکی بـەردەوامی نێو دوالیزمەکانە: نێر/ مێ، داگیرکـەر/ خـاك، زەوی/ ئاسمـان، شـۆڕش/ شکسـت، مانـەوە/ شـەهیدبوون.. هتد.

□ بۆ هێشـتنەوەی گـەرمایی وێنـەکان شـێرکۆ پـــەنادەبا بـــۆ گواســـتنەوەی یادەوەرییـــەکی دەستەجەمعی بۆ نێو دەقـەکانی، بـەڵام بـەو پێیـەی ئـەو یادەوەرییـە ملکـەچی کولتورێکـی نێرینەیـە، میکـانیزمی ئـەو کولتـورەش بەشـێوەیەکی ئاراسـتە گۆڕاو دەبێتە میکانیزمی بەرهەمهێنانی وێنە لـەدەقی ئەودا.

□ گێڕانەوە ئەو رەگەزە ئەدەبیەیە کەهەمیشە شیعریەتی دەقی شێرکۆیی پێ موتوربە دەکرێ.

□ لـەدەقی شـێرکۆییدا ئـافرەت بوونـەوەرێکی شەرمنە، زۆرجار لەوێنەی سیمبولو، هەندێ جـاریش بەدەمامکی سروشتییەوە دەردەکەوێ. مانگ یەکێکە لـەو دەمامکانـەی کـە زۆرجـار ئافرەتـەکان لـــەدەقی شێرکۆدا دەپێوشن.

□ لـەکاتی پێچەوانبوونـەوەی پەیوەندیـەکاندا واتە لەوکاتانەدا کە ئافرەت وەك خۆی ئامادەیە نـەك وەك تارمایی.. هاوکێشـەکانیش پێچەوانـە دەبنـەوە، واتـە پرسیارەکانی خاكو نیشـتمان لەپشـت وێنـە ئاراســـتە گۆڕاوەکـــانی ئافرەتـــەوە وەك تارمـــایی دەردەکەونەوە، چونکـە هاوشوناسـی ئـەو گوتارەیـە کـە سـەرەڕای هاوکێشـە پێچەوانـەکان، ئـــەو وەك میکانیزمێکی جێگیر کاردەکاو وێنەکان بەرهەمدێنێ.

–ئاوێزانبوون، یان هاوشوناسیی نێـوان ئـافرەتو سروشت ئەدگارێکی سەرەکیی گوتاری هاوشوناسییە لەئەزموونی شێرکۆبێکەسدا.

□ شـێرکۆ شـاعیرێکە لەسـەر ئاسـتی جیـهانبینی ترسێکی گەورەی لەیادچوونەوەی کارەساتە دەسـتە

پەراوێزەکان:

١. دەرونشیکاریو نیشانەناسی وەك دوو میتۆدی جیاوازی رەخنەیی بۆ خوێندنەوەی دەق ناسراون، بەڵام لەڕاستیدا نزیکی لەنێوان هێڵە سەرەکیەکانی هەردوو میتۆدەکەدا هەیە، چونکە هەردووکیان جۆرێکن لە هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی ژێرخانی دەق. میتۆدی دەرونشیکاری هەوڵدەدا لەپشت هوشیاریی دەقەوە ئەنگێزەکانی نائاگایی ئاشکرابکا، بەهەمان شێوە نیشانەناسی هەوڵدەدا لەپشتی دیاردە زمانەوانیە ئاشکراکانەوە سیستەمی بەرهەمهێنانی نیشانەکانو ئاستە سیمیۆتیکیەکانیان دەستنیشان بکا. راڤەکردنی سایکۆلۆجیانەی دەق وەك ئاراستەیەکی رەخنەیی زیاتر بەندە بەناوی فرۆیدو تێزەکانی قوتابخانەی دەرونشیکاریەوە، بەڵام لەڕاستیدا پەیوەندیی نێوان (رەخنەودەروناسی) مێژوویەکی دوورترو گشتیتری هەیە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

David Daiches, Gritcal Approaches to Literature.
(Second edition, London & Nework: Longman, 1981), P.P. 329-350.

٢. هەردوو زاراوەی سیمیۆتیکاو سیمیۆلۆجیا لە لێکۆڵینەوە رەخنەییەکاندا بەکاردێن، بەڵام یەکەمیان زیاتر لەلایەن ئەنگلۆسەکسۆنیەکانو، دووەمیشیان زیاتر لەلایەن فەرەنسیەکانەوە بەکاردێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی فردینان دۆسیوسێر لەکتێبی (چەند وانەیەك دەربارەی زمانناسی)دا ئاماژەی بۆبنەماکانی زانستێك کرد کەپێی وابوو لەپاشەڕۆژدا دەخەملێو ناوی نا سیمیولۆجیا. هەرچەندە تائێستا زۆر تۆیژەر بەیەك مانا هەردوو زاراوەکە بەکاردێنن، بەڵام بەبڕوای گریماس سیمیۆتیکا Semiotics زیاتر گرنگی بەسیستمی نیشانە جیاوازەکان دەدا، لەکاتێکا سیمۆلۆجیا Semiology زیاتر پەیوەندیدارە بەئاستی تیۆری زانستەکەوە. بڕوانە: سیزا قاسم و نصر حامد أبوزید، مدخل الی السیمیوطیقا مقالات مترجمه ودراسات. (ط٢، القاهره– الدار البیضاء: دار الیاس، ١٩٨٦)، ص ١٧٣–١٧٤.

٣. هەندێ جار ئالۆزیو پەشێوی دەق، لەپشت خۆیەوە چەند مانایەك حەشار دەدا، کە دەکرێ لەڕێگای کەرەستە سایکۆلۆجیەکانەوە تیشکی زیاتری بخرێتە سەر، لەمبارەیەوە بڕوانە:

David Daiches, Critical Approaches to....., P. 338

پەنابردن بۆ ئەو کەرەستە سایکۆلۆجیانە ئەرکێکی میتۆدی (نیشانەناسی)شە، کەهەندێ توێژەر بەبەشێك لەدەروناسی کۆمەڵایەتی لەقەڵەمی دەدەن، بڕوانە: جابر عصفور، تعریف بالمصطلحات الأساسیة فی ملحق کتاب أدیث کیرزویل عصر البنیویه. (بغداد: دار أفاق عربیه، ١٩٨٥)، ص ٢٨٧.

٤. النقد والدلاله نحو تحلیل سیمیائی للأدب، محمد عزام. (دمشق: وزاره الثقافة، ١٩٩٦)، ص ٤٢.

٥. دەربارەی ئەو تێزەی هایدگەر بڕوانە: مارتن هیدجر، إنشاد المنادی قراوه فی شعر هولدرلن وتراکل. (ط١ ؛ بیروت:المرکز الثقافي العربی، ١٩٩٤)، ص ٩ـ١٠.

٦. بڕوانە: جابر عصفور، المصدر السابق، ص ٢٧٠.

٧. هـ. س. پ، ل ٢٧٠.

٨. التحلیل النفسی من فروید الی لاکان، عدنان حب الله. (لبنان: مرکز الإنماء القومی)، ص ١٤٧

٩. بڕوانە: هـ. س. پ، ل١٥٠.

١٠. برۆدسکی یەکێکە لەشاعیرە گەورەکانی کەجیهان کەخەڵاتی نوبڵی پێبەخشراوە، بڕوانە: علی الشوك، علی هامش ندوه شعریه فی لندن..، الثقافة الجدیده، ٢٥٥، ایار– حزیران، ١٩٩٣، ص ٢٧

١١. هـ. س. پ، ل٢٧.

١٢. بڕوانە: فی اخحطاب السردی.. نظریة کریماس، محمد ناصر العجیمی. (الدار العربیه للکتاب، ١٩٩٣)، ص ٣٥.

١٣. لەمبارەیەوە بڕوانە: کمال أبودیب، فی الشعریه. (ط ا، بیروت: مؤسسة الابحاث العربیه، ١٩٨٧)، ص ١٤.

١٤. بڕوانه: جان كوهن، بنيه اللغه الشعريه. ت: محمد الولى و محمد العمرى. (ط١، الدار البيضاء: دار توبقال للنشر، ١٩٨٦)، ص٩.

١٥. بڕوانه: النقد والدلاله نحو منهج سيميائى..، ص٨٢.

١٦. زۆربەی ئەو لێكۆڵینەوانەی لە روانگەی رەخنەی مۆدێرنەوە باس لەستراكتورى هونەرىى گێڕانەوە دەكەن زیاتر جەخت لەسەر تیۆرەكەی گریماس دەكەن، بۆ نمونه بڕوانه: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠–٨٧. هەروەها: محمد ناصر العجيمى، فى الخطاب السردى، ص٤٠. هەروەها بڕوانه: رامان سلدن، النظرية الأدبية المعاصره، ت: سيعد الغانمى، (ط١، بيروت المؤسسة العربيه للدراسات والنشر، ١٩٩٦)، ص ٩٣.

١٧. النقد والدلاله، ص ٨٣.

١٨. نێرسيسى كوژراو..تراژیدیای كەرنەڤاڵیو پەیوەندی بەمێژووەوە .بەختیار عەلی، تیرێژەكانو شیعری شێركۆبێكەس. (چ١، سلێمانی: لەبڵاوكراوەكانی بنكەی ئەدەبیو روناكبیری گەلاوێژ، ١٩٩٩)، ل ٦٣–٦٤.

١٩. هـ. س. پ، ل٦٤.

٢٠. هـ. س. پ، ل٦٥.

٢١. دەربارەی ئەم چەمكە بڕوانە فەسڵی یەكەمی كتێبی (ئیرۆسو ژیار)ی هێربەرت ماركیوز. دەقی ئەو فەسڵە لەژێر ناونیشانی (ئامادەیی فرۆید لەدەقەفەلسەفیەكاندا) بەكوردی بڵاوبۆتەوە. بڕوانە: گۆڤاری سەردەم، ژ: ٩، ٢٠٠٠. ل ١٥٨–١٦٥.

٢٢. كازیوە ـــ شیعری پوستەر، شێركۆبێكەس. (سلێمانی: چاپخانەی زانكۆ، ١٩٧٨)، ل ٧.

٢٣. دیوانی شێركۆبێكەس. (سوید: ١٩٩٠)، ل ٦٩٣.

٢٤. تیرێژەكانو شیعری شێركۆبێكەس..، ل ١٧١–٢٠٧.

٢٥. هـ. س. پ، ل ١٩٥.

٢٦. بڕوانه: جان لوی بودری، (فرويد والإبداع الأدبي)، ت: موريس أبو ناضر. مجله الفكر العربى المعاصر، ٢٣، ك١/ ١٩٨٢–ك٢/١٩٨٣، ص ١٩٥.

٢٧. بڕوانه: التحليل النفسيى من فرويد الى لاكان، ص ٩٧.

٢٨. بڕوانه: جاستون باشلار، جماليات المكان. (بغداد: دار جاحظ للنشر، ١٩٨٠)، ص ٣٤.

٢٩. هـ. س.پ، ل٤٤.

٣٠. خاچو مارو رۆژمێری شاعیرێ. شێركۆبێكەس. (چ، سلێمانی/ چاپەمەنی خاك، ١٩٩٨)، ل٦٦.

٣١. ئابڵوقەدان ـ دیوانی شێركۆبێكەس، ل٦١٦.

٣٢. خاچو مارو رۆژمێری شاعیرێ، ل٧١.

٣٣. خاچو مارو...، ل ٣٤٨.

٣٤. دیوانی شێركۆبێكەس، ل٨٣٤–٨٣٥.

٣٥. ئەم شۆكە لەدوو فەرمانی باوكانەدا بەرجەستەدەبێ؛
یەكەم: یاساغە منداڵەكان بچنەوە ئامێزی دایكیان.
دووەم: یاساغە دایكەكان منداڵەكانیان بگرنەوە خۆیان ، یان بیانگەڕێننەوە نێو منداڵدانیان.
بڕوانه: التحليل النفسى من فرويد الى لاكان..، ص ١٠٣.

٣٦. جۆرج تەرابیشی كتێبێكی زۆر گرنگی لەمبارەیەوە هەیە تیایدا بەدرێژی باس لەرەنگدانەوەی كولتوری پەتریاركی لەرۆمانی عەرەبیدا دەكا. لەسەرەتای ئەو كتێبەداو لەبابەتێكدا بەناونیشانی (سێكساندنی پەیوەندیە شارستانیەكان)، باس لەو كولتورە نێرینەیە دەكا كە رۆچۆتە نێو هەموو كایەكانەوە تەنانەت سیستمی ژیانیشەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جورج طرابيشى، شرق و غرب رجوله وأنوثة.. دراسه فى أزمه الجنس والحضارة فى الروايه العربيه. (ط٣؛ بيروت: دار الطليعة، ١٩٨٢)، ص٥–١٧.

٣٧. دیوانی شێركۆ بێكەس، ل ٤٦٢.

٣٨. لەراستیدا گوتاری مانەوە لای شێركۆ بێكەس پەرچەكردارێكی هوشیاریيە بەرامبەر فۆبیایەكی پەنهان كە دەكرێ بە (نەفرەتێكی ئەزەلی) لەیادەوەری مێژوودا ناوی ببەین، هەرچەندە كۆششی بەشێكی زۆری دەقەكانی شێركۆ بەئاراستەی لەیادبردنەوەی ئەو

فۆبیایەدا جولّەدەکا.. بەلاّم لەکاتی بەریەککەوتنی جیهانی نێو دەق‌و جیهانی دەرەوەی دەقدا ئەو نەفرەتە زیندو دەبێتەوە، بۆ نمونە بڕوانە ئەم چەند دێڕە:

ئەوەتەی کۆچ هەیە کۆچ ئەکەم
ئەوەتەی گڕ هەیە ئەسوتێم
ئەوەتەی ئاو هەیە ئەخنکێم
ئەوەتەی تیغ هەیە قوربانیم
ئەوەتەی خاك هەیە بێ خاکم
ئەوەتەی شاخ هەیە من تلۆر ئەبمەوەو
ئەوەتەی دار هەیە لێئەدرێم!
من لەپێش موساوە ئاوەڕەم.
پێش مەسیح من خاچم
پێش قوڕەیش من زیندەبەچاڵ‌و
پێش حسەین من سەری بڕاوم!
(خاچ‌و مارو رۆژمێری...، ل ٣١٥)

٣٩. کێشەی ئافرەت وەك کێشەیەکی هیومانی‌و، وەك کێشەی بوونەوەرێك کە حەزدەکا دوور لەملمانێ‌و، شەڕو کوشتاری نێرینەکان بژی، تەوەرێکی تری شیعری شێرکۆیە، بۆ نمونە بڕوانە (شعیری: لاورا، دیوانی نسێ، ل ٨٩). شێرکۆ زۆرجار ئافرەت وەك بوونەوەرێکی گەردوونی وێنا دەکا کەهێشتا سرکەو، بەلاّم هەمیشە نێچری ترادسونە نێرینەکانە، چەندین نمونەی شیعری ئەومان لەمبارەیەوە بەرچاو دەکەوێ تەنها بۆ نمونە بڕوانە هەردوو دەقی (زریکە)و (مەرگی مانگێك).

٤٠. دیوانی شێرکۆبێکەس، ل ٥٤٤–٥٤٦.
٤١. دیوانی شێرکۆبێکەس، ل٦٣٠.
٤٢. دیوانی شێرکۆبێکەس، ل٩٨٠
٤٣. دیوانی شێرکۆبێکەس، ل٨٣٠.
٤٤. خاچ‌و مارو رۆژمێری شاعیرێ، ل ٦٥–٦٦.
٤٥. هربرت رید، طبیعة الشعر ـ ت: عیسی علی العاکوب. (دمشق: وزاره الثقافة، ١٩٩٧)، ص ١١٣.
٤٦. بۆزانیاری زیاتر لەمبارەیەوە بڕوانە:
Five Approaches of Literary Criticism. Wilbur S. Scott. (New york: Macmillan publishing company, 1962), P.86.
٤٧. شێرکۆبێکەس، نسێ. (سلێمانی: چاپخانەی رەنج، ١٩٩٩)، ل ١٠٣–١٠٦.
٤٨. کورتەی ئەو چیرۆکە واقیعیەی کەئەم دەقە وێنای دەکا بریتیە لەکوشتنی ئافرەتێك لەلایەن کەس‌وکارو ئەندامانی خێڵەکەیەوە دوای ئەوەی تاوانبار دەکرێ بەوەی کە گوایا توخنی درەختێکی حەرام کەوتووە. دەگێڕنەوە کە مەراسیمی ئەو کوشتنە بەشێوەیەکی ترسناك جێبەجێکراوە.. شەوێك لەشوان قوربانیەکە پەلکێش دەکرێ بۆ سەر دەریاچەیەك‌و بە بەردێکی قورسەوە دەبەستێتەوەو فڕێ دەدرێتە ناو ئاوەکەوە.
٤٩. دیوانی شێرکۆبێکەس، (پێڵۆ)، ل ٥٨٣.
٥٠. ئەگەر هەر لەئەدەبیاتی نوێی کوردیدا بەدوای ئەو وێنانەی مانگدا بگەڕێین کە وەك رووبەرێکی بیرکردنەوە لەحەرام عاشقە چەپێنراوەکان پەنای بۆدەبەن.. دەکرێ وێنەی مانگ لەچیرۆکی (حەسار)ی شێرزاد حەسەندا بەنمونە بهێنینەوە کەلە یەکێك لەدیمەنەکانیدا ئارەزووی یەکێك لەکچەکانی حەسار دەبزوێنێ‌و، ئەویش دوگمەی کراسەکەی دەترازێنێ‌و، سینگ دەداتە بەرتیشکەکەی.
٥١. زۆرجار گرێی (خەساندن) زادەی ئەو ترسەیە، ترس لە کولتورێك کە شەرعیەت دەبەخشێ بە پیاوی یەکەم (بالاّ) لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی مەترسیدا نێرایەتی لەپیاوەکانی تری رەعیەت وەردەگرێتەوە بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو گرێیە: التحلیل النفسیی من فروید الی لاکان. لبنان: مرکز الانماو القومی، ص ١٠١–١٠٢.
٥٢. تێبینی دەکرێ ئەو قوربانیە میژووییانەی کەشاعیر لەدەقی (مەرگی مانگێك)دا یادیان دەکاتەوە، هەموویان لە رەگەزی مێینەن (خەزاڵ، خەج، شیرین..) هەموشیان ئەفسانەی یادەوەرییەکی نەتەوەیی‌و دەستەجەمعین.

ناسر باباخانی

چەند لایەنە قۆناغێکی نوێ
لە شیعری کوردیدا

پێشەکی

لە کۆنەوە سەبارەت بە تاریفی شێعر بیر و بۆچوون گەلێکی جیاواز هەبووە. بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەم تاریفانە لە چەند خاڵدا هاوبەش بوون: خەیاڵ، بیر و هەست. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم کە بە پێی کات و لە شوێنی جۆربەجۆردا رادەی کەم و زۆری ئەو خاڵە هاوبەشانە جیاوازی هەبووە.

بۆ وێنە خەیاڵ لە شێعری رۆمانسیدا زۆر بەرجەستە دەبێ. کەچی لە شێعری ریئالدا ئەوە عەقڵ و بیرە کە بەسەر خەیاڵدا زاڵە. کەوا بوو بە پێی سەردەم و لە لووتکە بوونی شێوازێکی ئەدەبی، بابەتە شێعرییەکە دەکەوێتە ژێر تیشکی ئەم بزوتنەوە ئەدەبییە و تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە بە خۆوە دەگرێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و رامیاری، تەنانەت شوێنی جوغرافیای ئەم وڵاتانە. بەڵام شێعری هاوچەرخی ئەمڕۆکەی جیهان، هەڵگری قاڵبێکی تایبەتی نییە، بەڵکوو شێعرە بەرزەکانی دنیا و بابەتەکانی تری ئەدەبی ــ چیرۆک، رۆمان و... ــ شێوازێکی چەند لایەنەیان تێدا دەبیندرێ. بۆ وایە؟

وڵامی ئەم پرسیارە بە سووکە ئاوڕێك بۆ سەر شێوازی رۆمانتیسم دەدەمەوە.

وەختێ لە فەڕانسە شۆڕشێکی ئەدەبی، بە شوێن وەرگرتن لە بیر و باوەڕی ((ژان ژاك رۆسۆ)) بە نێوی رۆمانتیسم لە ساڵەکانی ۱۸۲۰ تا ۱۸٤۰ پێك دێ، ئەو شێوازە لە ساڵەکانی ۱۹۳۰ تا ۱۹۵۰ لە کوردستان بە هۆی مامۆستا ((ئەحمەد هەردی))، دەگاتە چڵەپۆپە. هەروەك دەبینین ماوەی سەد ساڵ مەودای زەمانی هەیە تا بزوتنەوەی رۆمانتیسم لە ئورووپا پا دەگوێزرێتەوە بۆ کوردستان بەدی هاتنی رۆمانتیسم لە ئورووپا بنەمایەکی هاوبەشی هەیە. هەر چەند لە باری زەمانێوە نزیك بە سەدەیەك جیاوازیان هەیە.

به ئاکام نەگەیشتنی شۆڕشی فەڕانسە لە سازدان و راگرتنی حکوومەتێکی نەتەوەیی و تێکشکانی ((ناپلۆن بۆناپارت)) لە لایەك و خوێڕێگەری و بەڕەڵایی و عەییاشی چینی نەجیب زادە لە لایەکی ترەوە بوو بە هۆی شۆڕشێکی رۆشنبیری لە ئەندێشە و بیرو باوەڕی خەڵك بە گشتی و رووناکبیران بە تایبەتی. سەرهەڵدانی ئەم شێوازە لە کوردستانیش دەگەڕێتەوە سەر راپەڕینەکانی ((شێخ مەحمودی نەمر)). تێکشکانی ئەم شۆڕشە، هەر ئەو شوێنەی لەسەر شاعیران و ئەدیبانی کورد دانا کە بە ئاکام نەگەیشتنی شۆڕشی فەڕانسە لەسەر ئەدیبەکانی ئەو ولاتەی دانابوو، هەڵبەت بە ڕەچاوکردنی تەواوی تایبەتمەندییەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری. باسی گرفتەکانی ئابووری، فەلسەفی و کۆمەڵایەتیش بمێنێ بۆ هەلێکیتر.

بۆ وڵامی پرسیارەکەی پێشوومان ئەم پێشەکییە پێویست بوو. ئێستا لەهەر شوێنێکی دنیا کە سەرهەڵدانێکی نوێی ئەدەبی دێتە گۆڕێ. لە کەمترین ساتدا بە هۆی کەرەسەکانی پەیوەندی (رادیۆ، تێلویزیۆن، ماهواره، گۆڤار و کتێب و...) دەگاتە دوورترین دوڕگەی جیهان. مەودای سەد ساڵەی راگوێزتنی رۆمانتیك لە ئوروپاوە بۆ کوردستان، رەنگە ئەگەر ئێستا بوایە بە هۆی ئەو ئامرازانەی ناوبردەم کردن لە کەمتر لە دە ساڵان دا پڕ بووباوە. ئەوەتا رۆمانی کوێری ((ژۆزێ ساراماگۆ)) کە خەڵاتی ١٩٩٩ی زایینی پێشکێش دەکرێ، هەر لەو ساڵەدا لە گۆڤاره کوردییەکاندا ئەم رۆمانە و سەرجەمی بەرهەمەکانی ((ساراماگۆ)) دەکەوێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە. هۆی ئەمەش هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد پەیوەندی نەتەوەکانی جیهانە بە یەکەوە لە ڕێی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەدەبی لەم بوارەدا.

کە وابوو ئەدەبیاتی ئێمە بە شوێن وەرگرتن لە ئەدەبیاتی جیهانی، لەگەڵ پاراستنی فەرهەنگ و کەلەپووری گەلی کورد، دەتوانێ شێوازی چەندلایانە، وەك تایبەتمەندی هونەری هاوچەرخ بە خۆوە بگرێ. ((ساراماگۆ)) وێنەی هەرەبەر چاوی ئەو نووسەرانەیە کە لە بابەتەکانیاندا لەسەر بنەمای فۆلکلۆر و کولتووری نەتەوەی خۆیان شێوازێکی چەند لایەنە دەکار دەکەن. رۆمانی کوێری ئەو شێوازانەی بە ئاشکرایی تێدا بەدی دەکرێ:

ڕێئالیزمی جادوویی، تاریکی کابووسەکانی سوڕێئالیستی، باس و وەسفی تازە و رووحداری سروشت، سەمبۆلیسم و رووداوی نەگونجاو لەگەڵ عەقڵ و مەنتیق.

مەبەستم لە هێنانی ئەو پێشەکییە ئەوەیە کە، کاتی ئەوەی بەسەر چووە شاعیر خۆی بە شێواز و قاڵبێکی تایبەتییەوە ببەستێ. وەك هێندێك لە دۆستان کە پێیان وایە شێوازی ڕێئالیسم فریشتەی ڕزگاریدەری ئەدەبی گەلەکەمانە، تەنیا بەو تاوانەی کە کوردین و کوردیش دەبێ واقیعخواز بێ! لە بیرمان نەچێ منداڵی ئەورۆ لە جیاتی ڕەوڕەوە سواری ((کمك مادر)) دەبێ!!

دەڵێی رۆمانی کوێری کە باس لە گرفتەکانی کۆمەڵ دەکا و لە ڕێئالیسم دوورەپەرێزی کردووە، شاکارێکی سەرکەوتوو نییە!

با لە باسەکەمان لاڕێ نەبین و بەو وردەزانیاریە لەمەڕ شێوازی چەند لایەنە بەرەو پێشوازی شێعری ((تەعبیری خەونێکی ئاڵۆز))ی بەڕێز کاك ((قاسمی موئەیەدزادە ـ هەڵۆ)) بڕۆین.

تەعبیری خەونێکی ئاڵۆز

شێعری تەعبیری خەونێکی ئاڵۆز، شێعرێکی بەرزە. ئەم شێعرە لە باری فۆرمەوە هەوڵی داوە زمانێکی نوێ بێنێتە ئاراوە. ئەم تەقالایە لە هێندێك شوێن دا بە ئاکام دەگا و بە گشتی ئەم زمانە، زمانێکی نوێیە و بەڕێز کاك ((قاسم موئەیەدزادە)) لەم شێعرەدا بە تایبەتی دەبێتە خاوەنی دەنگێکی سەربەخۆ.

بـــــه پێچەوانـــــەی ســـــاختارگەرایی (*Structuralism*) کـه دەقـی تـەنیا لـــه رووی زمانەوە هەڵدەسەنگێنێ، بە بڕوای من بۆ چوونـه نـاو دنیای شێعری هەڵۆ پێویستە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری، رامیاری و رەواننناسی خۆی و کۆمەڵگەکەی رەچاوکەین.

باسمان لەوە کرد هەڵۆ هەوڵ دەدا زمانێکی نوێ لە شێعرەکانیدا بخولقێنێ، بەڵام ئەوە بـەم مانایە نییە کـه زمـان لای ئـەوە وەک ـــ فۆرمالیســتەکان (*Formalist*) ـ ئامانجی سەرەکی بـێ. زمـان لـە لای هـەڵۆ کەرەســەیەکە، ئامرازێکـه بـۆ دەربڕینـی دنیـای تایبـەت بـه خـۆی. هێنـدێ جـار هـەڵۆ، بـه دڵەراوکێی هەمیشـەیی خـۆی، بـه پێـی ئـەم وتەیـەی ((رۆمـەن یاکۆبسـێن)) کـه دەڵـێ: "چـەند پـات بوونـەوەی دەنگەکان لـه نـاو وشـەکانی "متجـانس" هەوڵێکە بۆ جۆرێ سـازدانەوەی سـەرلەنوێی زمـان"، دەمانخاتـەوە ئـەم گومانـەوە کـه شـێوازی چـەند لایەنـەی ئـەم شێعرە فۆرمالیسـمیش دەگرێتـە بـەر خـۆی. کاتـێ دەقـی شێعرەکە چـاو لێدەکـەین و لـه هێنـدێ شـوێن تووشـی ناسـیاوی سـڕینەوە (*Defamiliarization*) دەبـین، لەسـەر قسـەی پێشوومان زیاتر پێ دادەگرین.

شێعری تەعبیری خـەونێکی ئـاڵۆز، وەک شـیعرێکی بالا (*Super Poem*) پێویسـتی بـه رەخنـەگرێکی وردبین هەیـە تـا سـەرلەنوێ دەقەکـه بنووسـێتەوە و وەردی داتەوە.

خـاڵێکی بـەرچاو لـەم شـێعرەدا روانینـی جیـاوازی (*Subrersation*) خوێنەرانـه. واتـه یـەک رسـتەی شێعری لە لایەن چەند خوێنەرەوە، چـەند مەبەستی جیاواز دەدا بە دەستەوە. ((رۆلان بـارت)) دەڵـێ: " ئەو دەقەی تەنیا یـەک لێکدانـەوە هـەڵبگرێ، ئـەدەب نییە".

کەش و هەوای ئەم شـێعرە نائاسـاییە، دارماڵـە لـه رووداوی سامناک و غەیری عەقڵانی. ئەتمۆسفێری زاڵ بەسەر شێعرەکە تاریکی کابووسەکانی سوریئالیستی دێنێتەوە بیری خوێنەر.

شـاعیر لـەم شـێعرەدا لـــه سەمبۆلیسـم زۆر نزیـک دەبێتەوە. بۆیە وەک سەمبۆلیستەکان پەنا بۆ قـالبی شـــێعری رۆمـــانتیک تەنانـــەت پارناسیســـمیش (*Parnassism*) دەبا.

تـەعبیری خـەونێکی ئـاڵۆز، تـەعبیری ژیـانی ئـەو ســـەردەمەی جـــەماوەری ســـەر گـــوێ زەوییـــە. سـەردەمێک کـه زۆردار چنگـی ناوتـــه بینـی هـەژار. سەردەمێک کە پێوەرەکانی ئەخلاقی کۆمەڵ هیچ نرخ و بایخێکی نییە. شاعیر لە سەدەیەکدا دەژی کە ژیان بۆتە ژان و لێکدا لێکدا ژان لە ناو ژاندا سەرهەڵدەدا.

هەڵۆ، بە دەکارکردنی شێوازێکی چەندلایەنە، ئاگا یا نابەئاگا، شیعرێکی بـاڵا دەخولقێنـێ، کاردانـەوەی ئەم شێعرە لە کۆمەڵی ئەدەبیدا زۆر بەرچاوە.

خوێندنەوەی سەرلەنوێی دەقە شێعرییەکە

دوێنێ شەوێ لە خەونمدا،
پەیتا پەیتا
قورقوشمیان لە گەرووم دەکرد.
کە راپەڕیم
خرم خرم ددانی رقهەڵگرتنم دادەکرۆشت
دوێنـی شـەوێ لـه خـەونمدا چەقـــەی کۆکەڵاشـکم دەجوو،
لەبەر تاڵی بە دم و چاوی داوەڵما تف دەکردەوە.

دەستپێکی ئەم شـێعرە، خـەونێکی ئـاڵۆزە. ئـاڵۆز وەک بیر و باوەڕی سوریئالیستەکان. نووسەر زەین و بیری بە شێوەیەکی نیوەوشـیار، چەشـنی خـەون لـه خزمەت قەڵەم دادەنێ تا جڵـەوی ئەسپی زەینـی بـۆ هەر کوێ دەبا، ببـا. ئـەوەش لـه تایبەتمەندییـەکانی نووسەری سوریئاله.

شـاعیر هـەر لـه ســـەرەتاوە فـەزا و ئەتمۆسـفێری داسەپاو بەسەر شێعرەکەدا بۆ خوێنەر دیـاری دەکـا.

فەزایەکی سامناك، لیۆرێژ لە وێنەی ترسێنەر و نائاسایی. خەونێك کە بە ناخۆشترین جۆری ئەشکەنجە دەست پێدەکا، قورقوشم لە گەرووکردن، ئەشکەنجەیەکی تاقەت پرووکێن و کەڵبەزێن، کە شاعیری لە خەوێ رادەپەڕێنێ. هێنان و بردنی چەقەی کۆکەلاشك، سەمبۆلێکە لە کارێکی بێهوودە و چەند پات بوونەوەی شتێکی پڕ و پووچ. رەنگە شاعیر هەرچی شەوە، ئەم خەونە تاڵەی دیتبێ بۆیە بە جووتنی کۆکەلاشکی شوبهاندووە !

دەکارکردنی سەمبۆل گەلێکی نائاسایی بە قەولی ((ئالبێر ماری ئێشمیدێت)) هەوڵێکە بۆ پێکهێنانی زمانێکی نوێ. با بزانین کاك ((قاسمی موئەیەدزادە)) لەو هەوڵەدا تا چ رادەیەك سەردەکەوێ.

بۆ تەعبیری ئەم خەونە چوومە لای هەتاو،
هەتاو، پێکەنی و چی نەکوت.
دوێنێ شەوێ لە خەونمدا،
چیا بۆ دەریا دەگریا.
بۆ تەعبیری ئەم خەونە چوومە لای هەور،
هەور بەسەر مندا گریا و هیچی نەکوت.
دوێنێ شەوێ لە خەونمدا،
تەرمم لەسەر بێشکەی شوپۆلان رادەژا.
بۆ تەعبیری ئەم خەونە چوومە لای باوکم
باوکم رۆیی و هیچی نەکوت.

شاعیر بۆ تەعبیری خەونەکەی پەنا دەباتە بەر هەور و هەتاوو باوکی. کە ئەمانە هەرسێك لە سروشت و کۆمەڵدا دەوری سەرەکی دەگێڕن. هەتاو وەك سەرچاوەی تین و رووناکی، هەور وەك چاوەی ئاو و باران و باوك وەك دەسەڵاتداری بنەماڵەی کوردەواری. بەڵام هیچیان توانای لێکدانەوەی ئەم کابووسەیان نییە. شاعیر بێدەسەڵاتە، بۆیە پەنا بۆ هەور و هەتاوو باوکی دەبا. رەنگدانەوەی ئەم بێ توانایییە لەم رستەیەدا وەدیاردەکەوێ: تەرمم لەسەر بێشکەی شەپۆلان رادەژا. با بەیەکەوە سەرنج بدەینە رستەیەکی دیکە لەم کۆپلە شێعرە: چیا بۆ دەریا دەگریا.

هاوبەشی "یا" لە وشەکانی چیا، دەریا و دەگریا، بایخی هارمونی سەمبۆلیستەکانمان دێنێتەوە یاد. فۆرم و رووساختی ئەم رستەیە ئەوەیە کەبەفری کێو و چیاکان دەتوێتەوە و بەرەو چەم و رووبار و لە ئاکامدا بەرەو دەریا دەڕوا. بەڵام مەبەستی دەروونی شاعیر، رەنگە جۆرە دڵتەنگییەك بێ، وەك دڵتەنگی چیا نشینەکان بەرەو ئاوەدانی! گریان قەرینەی ئەم دڵتەنگییە دەدا بە دەستەوە.

دوێنێ شەوێ لە خەونمدا
گورگێکی گەڕ،
بە کلکی رێوێکی گەڕۆڵ
شمشاڵی بۆ شوان لێدەدا
شوانیش خرپ بۆی خەوتبوو.
چوارپێ کارتی داوەتی دەبرد بۆ شەگەل،
ـ ئێمە لێمان گێڕاونەوە،
بۆ هاتنی ئێوەی بەڕێز
بۆ زەماوەندی ددان گۆشتی تازە
رۆژ، نادیار.
کاتژمێریش دیاری نەکراو. ـ
ئەم خەونەم بۆشوان گێڕاوە.
گۆچانی لە مل مەڕێك کرد.
سەری بڕی و کەوڵی کرد و
جەرگ و دڵ و سیپەلاکی خوارد و گوتی:
((ئەمەش تەعبیری خەونەکەت))

((ئێستێفان مالارمێ)) لە ئالاهەڵگرانی شێوازی سەمبۆلیسم، تەعبیری وای دەکار کردووە کە تەنیا و تەنیا بۆ خۆی توانیوێتی لێکیداتەوە و لێی حاڵی بێ. سەمبۆلەکانی ئەم شێعرە، نائاسایین، واتە پێویستی بە وەرد بوونەوەیەکی ئەوتۆ هەیە تا دمامکیان لە روو

هەڵگرێ. بەڵام هێندێ جار بۆ رەخنەگری بە ئەزموونیش ئەو سەمبرلانە نادۆزرێنەوە.

گورگ، رێوی، شوان، چوارپێ و شەگەل کارەکتێرەکانی ئەم بەشە لە شێعری تەعبیری خەونێکی ئاڵۆزن. ئەم سەمبۆلانە نوێنەری کەسایەتییەکانی دنیای هاوچەرخن. گورگێکی درِ بە فێڵ و تەڵەکەی رێوێکی بەرِەڵڵا شوانیان فریوداوە و چوارپێی پارێزەری مێگەل وەک وەرگێڕکەیەک، شەگەل بەرەو کوشتارگا دەبەن تا ددانی گورگ و رێوی لەگەڵ گۆشتی تازەی شەگەل رەشبەڵەک بگرن. ئەویش کەنگێ؟ کات و ساتێکی نادیار، یا نا هەموو رۆژێ، هەموو کاتێک و هەموو ساتێک لە چوار قورنەی دنیایە دەکرێ ئەو زەماوەندە خوێناوییە ساز بدرێ. ئەگەر لێم بەئیراد نەگیرێ کەڵک لەوتەی ((دلۆز)) وەردەگرم کە پێی وایە نەبوونی شوێن، تایبەتمەندی هونەری مۆدێرنە. کە وابوو هەڵۆ بۆلای مۆدێرنیتەش پەلکێشی کردووە!

پیتی "گ" لە وشەکانی گورگ و گەرِ و گەڕۆل ئاهەنگێکی دەروونی دەدا بە شێعرەکە و پێداگری پێشەوای سەمبۆلیسم ((شارڵ بۆدلێر))مان دێنێتەوە یاد کە بۆ ئاهەنگی دەروونی و هارمونیک بوونی وشەکان نرخێکی زۆر قایل بوو. خاڵێک کە وەک کەلەبەر دەکەوێتە سەر ئەم بەشە لە شێعرەکە ئەوەیە کە "وحدت موضوعی" (یەکێتی بابەت) نەپارێزراوە، لە سەرەتا شوان خەوی لێکەوتووە کەچی لە دواییدا خەونەکە تەعبیر دەکا! هەتا ئێرە ئەم شێعرە دەتوانێ شێعرێکی سەرکەوتوو بێ. بەڵام تازە شاعیر دەست بە گێڕانەوەی خەونەکەی دەکا.

دوێنێ شەوێ لە خەونمدا
دەنێو جەرگەی دڵی دەردا
ددانی دەردێکی تازە چزووی دەردا
کە راپەڕیم،
زەوی زاری ئاوااڵ کرد،
گوڵاڵەیەک دەنێو گوللە و پووکە و خوێندا سەری هەڵدا
دەستی دڕوو رادەوەشا بە گژە با
بۆ تەهینەت بەخێوی شەو

شاعیر ژانی دەرد و ئازار دەگەیێنێتە ئەو پەڕی خۆی. بۆیە لە نێو جەرگی دڵی دەرد دا، ددانی دەردێکی تازە دێتە دەرێ گوڵاڵە، هیچ شوێنێک نییە، سەری لێ بێنێتەدەر، چون زەوی پڕە لە پووکە و خوێن. بەڵام هەر ناچارەو سەر لە نێوان ئاسن و خوێن وەدەر دەنێ، لە جیاتی پشکووتنی بزەی گوڵاڵە بەدەم شنەی شەماڵەوە. گژەبای درِ، دەستی دڕوو بۆ بەخێر هاتنی مەزهەری تاریکی و رەشایی خێوی شەو رادەوەشێنێ. شاعیر لە سەنایعی ئەدەبیش خافڵ نییە و لە جیناس، خوازە، وێچواندن و ناتەبایی کەڵک وەردەگرێ. دڵی دەرد و دەستی دڕوو و خێوی شەو خوازەکانی ئەم بەشە لە شێعرەکان و جیناسێکی تەواویشی تێدا بەدی دەکرێ. ئەویش "دەردا"یە کە هەم بە مانای سەرهەڵدانە و هەم بە مانای لە ناو دەرد دایە. زەوی تەژی لە ناپاکی و شەرِ و بێ عەدالەتییە و لە هیچ شوێنێ سۆزەی سەرهەڵدان و راپەڕینێک نایە، تەنانەت گوڵاڵەی بێتاوان دەبێ لە نێو گوللە و پووکە و خوێن سەرهەڵدا.

دوێنێ شەوێ لە خەونمدا
دێوەزەمە جەرگ و دڵی منی دەخوارد
پەنجەی براکەمی دەکرۆشت
بە هاوریشمی پرچی خوشکم،
دەم و پەڵی دەستڕێوە.
بە ئێسکی پەراسووی باوکم.
ددانەکانی دەئاژنیوە.
کە راپەڕیم.
ـ با ـ لە کووچە لانکی بەتاڵی رادەژاند.

شاعیر لەم بەشە لە شێعرەکەیدا، وێنەی دێوەزمەی خەونەکەی بۆ خوێنەر دیاری دەکا و بۆ لای مێژوو پەلکێشی دەکا. دێوەزمەیەك کە ولاتی خەونی شاعیری داگیر کردووە؛ داگیرکەری خاکەکە شێتی. دێوەزمە برای شاعیر لە ناو دەبا. سووکایەتی بە خوشکی دەکا. باوکی دەکوژێ. با، هەر ئەو گژەبایەی دەستی دڕوو بۆ بەخێرهاتنی خێوی شەو رادەوەشێنێ، لانکەی بەتاڵ رادەژێنێ، ئەم لانکەیەی کە دەبوایە هیوای دوارۆژ بێ. شاعیر هەروەك لە سەرەتادا، بێدەسەلاتی خۆی بەم رستەیە نیشان دا: تەرمم لەسەر بێشکەی شەپۆلان رادەژا.

راژانی لانکی بەتاڵیش بەدەست گژەباوە، وەك جەختێك دادەنێ لەسەر بێ توانایی و بێ دەسەلاتی پێشووی. بە رای من، شاعیر دەبا ئەو هەلەی لێرەدا قۆستباوە و لانکی بەتاڵی کردبا بە لانکی خۆی کە کەسی تێدا نییە، ئەم شێوەیە شوێنێکی چاکتری لەسەر خوێنەر دادەنا، واتە بەمجۆرەی نووسیبا: ((با لە کووچە لانکی بەتاڵمی رادەژاند)).

جادووگەرێك لە کەلاوە
مەشکەی خوێنی خەڵکی دەژاند.
بە پەتکی ماری زمانی،
پەڕەسللێرەکەی دەخنکاند.
تۆ کوولەکەی زمانی خەڵکی دەتروکاند.
پەڕ و باڵی هەڵفڕینی هەڵدەپرووزاند.
تەسبیحێکی بە چنگاڵی دەستەوە بوو
نا... ببوورن
دەنکەکانی کەللەی سەری بنیادەم بوو.
بنێشتی نەرمایی گوێچکەی منداڵێکی ساوای دەجوو.

شاعیر لە چەندین جێگە دەڵێ: ((کە راپەڕیم))؛ کەچی راپەڕینەکەشی هەر لە خەو دایە. بڕوانە کاتێ لە خەو رادەپەڕێ چۆناوچۆن تابلۆی جادووگەرێکت بۆ دەکێشێتەوە کە تەنیا لە عالەمی خەو و خەیاڵدا دەگونجێ. جادووگەرێك کە ولاتی شاعیری کردووە بە کەلاوە و لە هیچ کردەوەیەکی دژ بە ئێنسانی تێنافکرێ. لە ژاندنی مەشکەی خوێنی خەڵك، خنکاندنی پەڕەسللێرەکەی ئازادی، هەڵپووزاندنی باڵی هەڵفڕین هەتا جووتنی نەرمایی گوێچکەی ساوایەك. دەبێ ئەو جادووگەرە کێ بێ؟ بێجگە لە ولاتانی داگیرکەر و چەوسێنەر، کە هەر چەشنە هاواری رزگاری لە گەروودا دەخنکێنن.

((ئۆکتاوێپان)) دەڵێ: "شێعر لە وشە پێك دێ، لە یەك کاتدا تێدەکۆشێ مەبەستێك بزر و بەرز کا". واتە دوو شێوەی پێچەوانە دێنێتە گۆڕێ. بزر و بەرز بوونی یەك مەبەست لە شێعرێکدا دەبێ هاوسەنگ بن. لە شێعری تەعبیری خەونێکی ئاڵۆزدا هێندێك جار مەبەستەکە وەها بزر دەبی کە خوێنەر بە بێوازی لێی تێدەپەڕێ کە بە داخەوە ئەو تەم و مژە خەستە سەر لە رەخنەگریش دەشێوێنێ. ((ئەرەستوو) کوتەنی: "تایبەتمەندی سەرەکی نووسین روون و ئاشکرا بوونێتی بەو مەرجەی ساکار نەبێت". تروکاندنی تۆو کوولەکەی زمانی خەڵك، دیکتاتۆری داسەپاو بە سەر گەلە و دەرهێنانی زمانی ئازادیخوازانە لە پشتە سەر پا.

نینۆکی پلووسکی خوێن و
قژی سووری، تاقگەی بەراوەژووی گڕ بوو
گوێچکەکانی کونە مێرووی پیتی مۆرس و
زاری هێلانە زەرگەتە و ژەنگەسووڕەی
تەوس و تیس و تانەوبوختان و درۆ بوو
کلکی پردی دووپشکی دوژمنایەتی و
هەناسەی رەشی دووکەڵی پشوو سوار بوون.

شاعیر کە زیاتر درێژە بە تایبەتمەندییەکانی دێوەزمە دەدا، شێعری شاری خوالێخۆشبوو مامۆستا ((سواڕەی ئێلخانیزادە))مان دێنێتەوە بیر. کە ئەویش هەر بەم شێوە وەسفییە (*Discription*) شار دێنێتە بەر چاوی خوێنەر. هەڵبەت هەردوو بە

شێوەیەکی نێگاتیو. جیاوازیشیان جگە لە فۆرم و زمانی دارشتن نێوەرۆکە، کە باری سیاسی شێعرەکەی هەڵۆ لە هی ((سوارە)) پترە.

لەم بەشە لە شێعرەکەدا رەنگە تەواوی وێنەکانی دێوەزمە بۆ خوێنەر روون بێ. بەڵام رستەی: ((کلکی پردی دووپشکی دوژمنایەتی)) هەڵدەگرێ زیاتر قسەی لەسەر بکرێ. دیارە کلك لە چوارپێیان دا وەک ئەندامێکی خواروی لەشیان دێتە هەژمار. هەر بۆیە شاعیر دووپشکی دوژمنایەتی لە کلکی دێوەزمەڕا دەپەڕێنێتەوە. مەبەست ئەوەیە، وڵاتانی داگیرکەر بۆ چەوساندنەوەی گەلانی ژێردەست لە چین و تورکیا خوارەوەی کۆمەڵ ڕا دەست پێدەکەن.

لەپی دەستی،
جێگەی مۆڵی گورگ و بەراز و ڕێوی بوو.
لاقەکانی تاکوو ئەژنۆ و بە عەردا رۆچووبوونە خوارێ.
چاوەکانی گۆمی خوێن بوو
جێگەی مەلە و قڕنەگۆمەی دێوەزمە و رمۆزنە
نووشتەی ئەسکەناسی بە مل رەشەگادا هەڵدەواسی
زەنگۆڵەی دەکردە گوارەی گوێچکەی کەللەشێری شەرزەو
بە کلکی گوێدرێژیدا هەڵدەواسی.
ئاوری بە خاك دەگۆڕێوەو
بای دەفڕۆشت و ئاوی دەکڕی.

ئەو تەعبیرانەی هەڵۆ دەکاریکردوون، بۆ خوێنەر نامۆن و نایاب. بەڵام دەکارکردنی تەعبیری چاوەکانی گۆمی خوێن بوو لەبەر ئەوەی کە تەعبیرێکی سواوە، لە شێعرەکەدا زەق دەنوێنێ. لەپی دەستی دێوەزمە جێگای حەسانەوە و حاوانەوەی هێزی شەڕ و بەدکردەوەیە.

ئاکاری دێوەزمە بە دڵنیایی لە وێنەکەی جوانتر و رازاوەتر نییە. بڕوانە چۆن نووشتەی ئەسکناس بە ملی رەشەگادا هەڵدەواسێ. لێرەدا شاعیر دوو مەبەستی سەرەکی بەیەکەوە لکاندووە. دێوەزمە سەمبۆلی وڵاتێکی داگیرکەرە و لە ڕێگەی خورافات و شتی پڕ و پووچەوە دەیەوێ، خۆ باوێتە سەر شان و ملی گەل و ئەسکناس قابیل بەرەشەگا دەزانێ، واتە دەیەوێ دەوڵەمەندی بێهونەر و ئەدەب و بێبیر و باوەڕ لە سەرووی گەلەوە بێ. دێوەزمە، هەروەها سەمبۆلێکە لە شەیتان، بۆیە ئاوری بە خاك دەگۆڕێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بەم ئایەتە شەریفەی قورئانی پیرۆز: ((قال انا خیرٌ منه خلقنی من نار و خلقته من طین)) واتە: من لە ئەو گەورەترم، ئەمنت لە ئاور خوڵقاند و ئەوت لە خاك خوڵقاند. مامۆستا ((هێمن)) لە شێعری "گاو و گەردوون"دا سەبارەت بە دێوەزمە ئاوا دەڵێ:

شەتەك درا لە دار درەنگانی شەو
لاوێك لە سەر رزگار بوونی وەتەنی
وێڕای تەقەی دەسڕێژی دەستەی ئاگر
دێوەزمەی رەش دەیکوت و پێدەکەنی
جێژنی شایان گا و گەردوونی دەوێ
خوێنی گەش و فرمێسکی روونی دەوێ

بەڵام کردەوە دژێوەکانی دێوەزمە، هەر بەوە کۆتایی نایە و زەنگۆڵە دەکاتە گوارەی گوێچکەی شێری شەرزە و بە کلکی گوێدرێژیدا هەڵدەواسێ. ئەمە ئەوپەڕی سووکایەتی کردنە بە ئاڵاهەڵگرانی خەباتی گەل بە دژی داگیرکەران.

قڕقڕۆچکەی عەنقای عەشقی هەڵدەلووشی و دەڵەمەی هێلکە قەقنەسی سەرهەڵدانەوەی هەڵدەقوڕاند.
دانەکانی پێکەنین و لێوی بزەی
وەبەر چەرخی کەڵپی بێبەزەیی دەدا.
چەند پات بوونەوەی پیتی "ق" لە وشەکانی قڕقڕۆچکە، عەنقا، عەشق و قەقنەس دا دەنگی مۆسیقای هەڵقوڕاندنی هێلکە دەگەیێنێتە گوێی خوێنەر. ئەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بە بافتی لەفزی

(*Verbal Texture*) ناوبردە کراوە. هەروەك ((فروغ فرخزاد)) لە شێعرێکدا دەڵێ:

دانەهای زرد تخم کتان
زیر منقار قناری‌های عاشق من می‌شکنند

لێرەشدا چەند پات بوونەوەی پیتی "ق" لەو وشانەی سەرێدا دەنگی شکاندن دەگەیێنێتە خوێنەر. عەنقا و هێلکەی قەقنەس سەمبۆلی سەرهەڵدان و رزگارین، کەچی دێوەزمە بێبەزەییانە لە ناویان دەبا.

به تەبەنەی شاخەمار و
داوە دەزووی جالجالۆکە،
کلاوی ونبوونی دەچنێ بۆ سوغرە جن!

شاعیر لە وێنەکێشانی دێوەزمەدا دەگاتە لووتکە. دێوەزمە کلاوێکی دەچنێ بۆ سوغرەجن، کەتان و پۆیەکەی داوی جالجالۆکەیە و دەرزی و تەبەنەکەی شاخەمار. جا کلاوێك بێ و بۆسەری سوغرەجن، هەر دەبێ ئاوا بێ کە شاعیر بۆی چنیوە! ئاشکرایە کلاوی سوغرەجن دیاردەیەکی غەیری عەقلانییە و شاعیر پشت بە فابل (*Fable*) و ئەفسانە دەبەستێ و دنیای چەند لایانەی شێعرەکەی پتەوتر دەکا.

دوو دووپشك پەپوولەیەکیان دەکرماند.
چوار چوارپێ پێشەیان دەکرۆشت.
دەستفرۆشێك، دەستی دەفرۆشت.
قەسابێك، زگی خۆی دەدڕی
نەججارێکیش پەنجەرەیەکی ساز دەکرد، لە ئێسقانی کارژۆڵەیەك.
ماریك لەسەر هێلکە کەو پاپۆکەی خواردبوو.
هەڵۆی مەرگ!
قەرەپوولی بۆمبی خووشەیی هەڵداویشت،
بەسەر بووکی بەدبەختیدا.

روانینی جیاواز دەبێتە هۆی ئەوە کە، دەق چەند تەئویل هەڵبگرێ. قەساب بۆ زگی خۆی دەدڕی؟ دەستفرۆش بۆ دەستی دەفرۆشێ؟ بڵێی لەبەر بێدەرەتانی بێ؟ بڵێی لە داخان بێ؟ بڵێی شاعیر دڵەڕاوکێی خۆی بە فرۆشتنی دەستی دەستفرۆش دەمرکاندبێ؟

کارژۆڵەی نمادی بێتاوانی و بەستەزمانی، لە ئێسقانی، پەنجەرە چێ دەکرێ، هەرچەند نەججارپیش بە نابەدڵی ئەو کارە دەکا، هەروەك قەساب و دەستفرۆش. دێوەزمەی زاڵ بەسەر فەزای ئەم چیرۆکە شێعرە، بڕستی لە هەموو لایەك بڕیوە و تەنیا وەرگێرکەکانی دێن و دەچن و مەیداندارێ دەکەن. هەروەك مار کە بە ناحەق لەسەر هێلکەی کەوان پاپۆکەی خواردووە، ئەو هێلکە کەوەی قەڕارە ببێتە بار و دوارۆژ نەغمەی ئازادی بچڕێ!

هەڵۆی مەرگ! هەڵۆ لە ئەدەبیاتی ئێمە و دنیادا سەمبۆلی رزگاری و سەربەرزییە و ئەم خوازیە بە بڕوای من ناتوانێ جێ بگرێ. هەروەك رۆژهەڵاتن و رۆژئاوابوون لە فەرهەنگی تەواوی دنیادا مانای ژیان و مەرگە و ناتوانین جێگەی ئەم دووانە بە بیانووی ناسیاوی سڕینەوە ـ ئەگەر خواستی شاعیر ئەوە بێ ـ بگۆڕین.

لە ژێر دیواری تەمو تۆز
دوو بێچوە مەیموونی بزۆز
کایەیان دەکرد پێکەوە
بە شووشە مەڕمەڕی تازەی دوو چاوی شین.
لەسەر گێلاسی دوو گوارەی دوو گوێچکەی هەڵپچکڕاوی
کیژێکی سەر و قژ ئاڵۆز.

لەم بەشە لە شێعری تەعبیری خەونێکی ئاڵۆزدا، شوێن پەنجەی کۆپلە شێعرێکی ((شێرکۆ بێکەس)) لە قەسیدەی "دەربەندی پەپوولە" بە راشکاوی دیارە و شاعیر راستەوخۆ کەڵکی لێوەرگرتووە. لێرەدا چاوی شین بە مەڕمەڕی شووشە شوبهێندراوە و لە شێعری ((شێرکۆ بێکەس))دا گلێنەی چاوی بە مێوژ تەشبیە کراوە بەڵام ساختاری هەر دوو شێعر یەك شتە. شاعیر هاوەردی دەکا لەگەڵ منداڵانی

ولاتەکەی کە بە دڕندانەترین شێوە کەوتوونەتە بەر تەوژمی پەلاماری دێوەزمە.

زڕدایکێك، ئەنگوتکی دڵی زڕکچەکەی لە تیر دەدا.
ڕێوێکی پیر، بێچووە گورگێکی شیر دەدا

ئەو ئیماژەی (*Image*) شاعیر بە، لە تیر دانی ئەنگوتکی دڵی کیژۆڵەیەك لە لایەن زڕدایکێوە بە دەستەوەی دەدا، نیشاندەری دەستی بالای شاعیرە لە سازدانی وێنە ئیماژدا. کارەکتێرەکانی سەرەکی خەونەکە، لە سەرەتادا گورگ و ڕێوی بوون. بەڵام ئێستا مەودایەکی زەمانی تێپەڕیوە و ڕەنگە گورگ بە لەعنەتی خودای شاد بووبێ و بێچووەکەی جێی گرتبێتەوە و ڕێوی پیری دەرحەق بنەماڵەی گورگ ئەمەگناس، یانە و دەرسی بۆ بێچووە گورگ دانابێ.

کتکێکی ڕەش قاچکی بێچووەکەی خۆی دەخوارد
ورچێك،
بازە لێنی دەکرد.
بەدم و لووتی هەناسە هەستی سەربەستی
بە پێچەوانەی بۆچوونی هێندێك کەس کە پێیان وایە کە هەڵۆ تەنیا کایە بە وشە دەکا، ئەبێ ئەو ڕاستییە بدرکێنم کە ئەمە کایەکی سێحراوییە. هەروەك ((حەمە سەعید حەسەن)) دەڵێ: "ڕاستە شێعر یاری کردنە بە وشە، بەڵام گەمەیەکی ئەفسووناوییە نەك بێتام".

بەڕێز ((حەمە سەعید حەسەن)) لە کتێبی "سپاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی" کە وەك مانفێستی دووەمی وێران لە لایەن بەڕێز دوکتور ((فەرهاد پیربالّ))ەوە دەرکراوە ڕەخنەی دەگرێ و هێندێك لە شێعرەکانی ئەم کتێبەی زیاتر پێ شۆخییە تا شێعر، مالّم قەبرە بۆچوونەکەشی هەوە، بڕوانە: ((زریان زیپکەی زاری زەماوەندی زیقنی زەمانی تێدا دەزێ!!!))

((حەمە سەعید حەسەن)) فاکت لە فۆلکلۆر دێنێتەوە تا دوکتور ((پیربالّ)) پێی وانەبێ بەم مانفێستەی، نوێ کردنەوەی هێناوەتە گۆڕێ.

((چوومە چەمی چەقان ــ چەقڵ چەڵتووکی دەتەقان)).

هەڵسەنگاندنی شێعرەکەی سەرێی ((فەرهاد پیربالّ)) و ئەم نموونە فۆلکلۆرییە دەخەینە ئەستۆی خوێنەر. ورچ بە دم و لووتی هەناسەی هەستی سەربەستی بازەڵێن دەکا واتە سەربەستی ئیزنی پێنادرێ تا هەناسە بکێشێ. ((نەزار قەبانی)) دەڵێ: "شێعر هەڵپەڕکێ بە وشەیە و شاعیران شێتانە هەڵدەپەڕن" گەڕی ڕەشبەڵەکی وشەی کاك ((قاسمی موئەیەدزادە)) سەیر هەمەڕەنگ و قیت و قۆزن بە پێچەوانەی دێرە شێعرەکەی ((فەرهاد پیربالّ)).

لاوێك شەقی لە کاژیلەی سەری دایك و باکی دەدا
کوندێك،
لە سەر دار هەناری سینەی کونتر لە سی نەی
لەسەر دوو هێلکەی کڵۆڵی، هەڵنیشتبوو.
دوو هەژدیها،
لە قاپیلکەی لە دایك بوونی پیلانێکی زۆر گەورە
سەریان تازە هێنابوەدەر
گژەبا بە ژێی ژێتاری دارتێلەکان
ئاهەنگی مەرگی لێدەدا.
زمانم وەسیمی ڕووتی هەستێکی گیان سووتێن
کەوت و
بوو بە کلکی دووپشکی ڕەش
بوو بە گۆچان
بوو بە مار و بوو بە هەژدیها بێئامان.

شاعیر قامك لەسەر گرفتێکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی دادەنێ. ڕێز نەگرتنی لاوان لە دایك و بابەکانیان. هەڵۆ لەم خەونە ئالۆزەدا بە شێوەیەکی سەمبۆلیك باس لە دەردی سەرنجی نەدانی دایکان و بابانیش دەکا تا کەس سەری بێکڵا و نەمێنێتەوە ئەو کاتەی دەڵێ: ((کتکێکی ڕەش قاچکی بێچووەکەی خۆی دەخوارد)). پشیلەی ڕەش ڕەمزی شوومی و نەگبەتیشە.

ژۆرم هەوڵ دا ئەم رستەیەم بۆ لێکنەدراوە، بە
راستی مەبەستی شاعیر چیە؟ ئایا سیپەلاکی بە دار
هەناری سینە شوبهاندووە و بۆیە کونترە لە سی
نەی؟ کە وێناچێ وابێ، چون ئەگەر گریمان وابێ
دەبێ خوێنەر یا رەخنەگر زانستی ئەناتۆمی بزانێ تا
بۆی دەرکەوێ سیپەلاك وەك لق و پۆپی دارهەنار
بڵاوە.

تەلەقەژۆن فیتووی لێدەدا
بۆ ئەسپی تینووی خەیاڵێکی پووچی
پێچەڵاوپووچ.

بۆمبێکی ساعەتیان لە نێو رادیۆکەمان نابۆوە
بۆمبێکی ساعەتیان لە ژێر زمانی من دانابۆوە
بۆمبێکی ساعەتی لە نێو کاتژمێرە باغەڵێکەم
دوو بۆمبی ساعەتی لە نێو گلێنەی دوو چاوەکانم
دوو بۆمبی ساعەتی لە نێو لۆکەی هەرتك
گوێچکەکانم
بۆمبێکی ساعەتی گەورە لە نێو مێشکم
بۆمبێك لە نێو باغچەکەمان
بۆمبێك لەبەر دەرکی حەوشەی
دەرك و فام و تێگەیشتن
بۆمبێك لە نێو بارە لۆکەی هەوری سپی
بۆمبێك لە نێو بارە رەژی هەورێکی رەش
بۆمبێك لە نێو بووکە شووشەی منداڵێکی
سەرەتایی
بۆمبێك لە نێو گرێپووچکەی پەروەندەیەکی
جینایی
بۆمبێکی ساعەتی بچووك،
لە نێو بۆمبێکی گەورەتر.
بۆمبێك لەسەر رێگەی مێژوو
بۆمبێك لە ژێر نەخشەی کۆنی جوغرافیا
بۆمبێکی زۆر گەورە لە ژێر مەعنای قوواڵی شێعری
باران
بۆمبێکی زۆر گەورە لە ناو کۆشکی هەتاو.
گەورەترین بۆمبی ساعەتی ئاتۆمیان
لە نێو بەردی
کاتژمێری
دڵی پڕم
دانابۆوە...

شاعیر، پیسی لێقەوماوە! لە هەر شوێنێك سەر
هەڵدەبڕێ، بۆمبە کە لە کەلێن و قوژبنان
ناویانەتەوە. بۆمب، سەمبۆڵی بۆسەی پیلانێکە و
وەك لەمپەرێك بەرگری لە تێگەیشتن و دەرك و فامی
خەڵك دەکات. پیلانێکە کەلەسەر رێگەی مێژووی
گەلێك داندراوە. پیلانێکە کە دم و چاو و گوێی
شاعیری بەستووە. تەنانەت گەورەترین بۆمبی
ناووکی (ئەتۆمی) لە ناو دڵی پڕی شاعیر داندراوە، تا
ئەو دڵە کە کانگای ئەوین و خۆشەویستییە و رەنگە
دڵەپڕەکە بیهەوێ هێندێ باسی بدرکێنێ لە ناو بچێ.
ئاخر ئەم درکاندنە بۆ پەز زەرەری هەس!

شاعیر هەروەك پێشتر هیچ شوێنێك بۆ سەرهەڵدانی
گوڵاڵە نادۆزێتەوە، لێرەش بە بۆمب کارەساتێ
دەخولقێنێ. کارەساتێك کە لە تەواوی رووداوو
دیاردەکانی کۆمەڵدا رەنگ دەداتەوە.

دەکار کردنی ناتەبایی (*Paradox*) لە نێوان
لۆکەی هەوری سپی و رەژی هەورێکی رەش و دانانی
بۆمب لە ناو ئەم هەورانە پێداگری شاعیرە لەسەر
قووڵایی کارەسات. واتە مەودای کارەسات لە
مینهایی بێبڕانەوە تا بەعەلاوەی بێبڕانەوەیە.

خوێندنەوەی ئەم بەشە لە شێعرەکە، نابەئاگا
هێندێك رەنگ دەخاتە بیری خوێنەر بۆ وێنە: باغچە
(کەسك و سەوز)، گرێپووچکەی پەروەندەی جینایی
(رەش)، کۆشکی هەتاو (زەرد)، رێگەی مێژوو
(سوور)، لۆکەی گوێچکە (سپی)، دڵ (سوور) و...

دوێنێ شەوێ لە خەونمدا
قش قش رووحی پەپوولەیەك
لە نێو قیلی قەهرو رق و قیندا دەکوڵی.
کە راپەڕیم، سەری بڕوا
لەسەر تەرمی سەربڕاوی خۆی دەگریا.

تەرمی بێسەر
سەری بڕوای خۆی دەبرد بە دیاری
بۆ سوڵتانی نادیاری
دەریای فرمێسك.

رەوالّەتی ئەم شێعرە، شاعیرێکی رەوانپەریش نیشان دەدا، بەلاّم لە باری رەواناسیەوە (*Psychology*) کاتێ ئەم وتەی ((فرۆید)) دەبیسین کە بڕوای بە بەشی نابەئاگای (*Unconscious*) مێشکی مرۆ هەیە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم شێعرە باسی کەسایەتی دووهەمی مرۆ دەکا کە لەگەلّیا دەژی. ((جەلالی مەلەکشا)) یەکێك لەو نووسەرانەیە کە دایمە ململانی ئەم کەسایەتییەیە. ((جەلال)) لە شێعرێکدا کە هی دنیای خەونە دەلّێ: "تەرمی خۆمم بە کۆلّەوە بوو!"

پەپوولە رەمزی گیانە و بە پێی هێندێك باوەڕی خورافی گیانی ئینسان بووە، کە وابوو ئەمە رووحی ئینسانە کە لە کۆمەلّدا دیل و یەخسیرە. ئەوە نییە تەرمی بێسەر، سەری خۆی بە نیشانەی خۆبەدەستەوەدان و دیل کردنی بیر و عەقلّی دەباتە دیاری بۆ سۆلتان.

گرین قاقا پێدەکەنێ و پێکەنین گوڕ گوڕ دەگریا.

ئەسپی رەشی سەرکەشی ئاسمانی شەو دەیحیلاند.

لەم خەونە ئالۆزەدا، هەرچی شتە پێچەوانەیە. شەویش وەك مەزهەری تاریکی، وەك ئەسپێکی سەرکەش دەحیلێنێ چون هەتاو بێ دەسەلاّتە. گریانی پێکەنین و پێکەنینی گریان بابەتێکە زۆر جار وەك مەبەستێك لە لایەن شاعیرانی تر دەکار کراوە و باری عیرفانی دەدا بە تێمی شێعرەکەوە.

شێعرێك، پڕ بە زاری هەموو دەریاکان دەخرۆشا:

((ئینسانییەت بەستوویەتی،
ئینسانییەت بەستوویەتی لە مەلّبەندی بەستەلّەکی
کفری تف هەلاّویشتنی ژێری سیفری
موتلّەقی مینهای بێ بڕانەوە.
بەستوویەتەوە زنجیری کەپڕەی قافیە،
دەست و پێی شێعری زەردی گەلاّرێزان.
پاییزێکی زۆر ناخۆشە.
نابارێ شەکراوی بزە لە هیچ دارە شەکرە سێوێك.
نابارێ پەپوولەی ئەوین لە هیچ هەورە سپیلەکەیەك.
نابارێ پەڕی نەستەرەن لە بالّی هیچ فڕندەیەك.
کڕێوەی گەلاّی پەنجەیە و رەهێلّەی بارانی فرمێسك.
تەمتومانی شلّەژانە و تۆقینی زراوی زەندەق.
گەردەلوولی هەناسەیەکی درێژە.
لە بادیەی سینەیەکی زۆر بەتاسە.
پاییزێکی زۆر ناخۆشە،
زۆر ناخۆشە،
زۆر ناخۆشە،
شەختە لێیداوە تەماتەی دلّی بێستانی تەراوەت.
دۆك لێیداوە ترێ رەشەی دارەمێوی باخی ئەوین.
شەختە لێیداوە هەناری ترش و شیرینی باخی ژیان.
پشتاوپشت دەگەڕێنەوە عەقرەبەکانی ئینتیزار.
شل بوونەوە پێچ و مۆرەی بزوتنەوە.))

ئەگەر ئەم قەسیدە شێعرە یەك دوو ترۆپك و لووتکەی هەبێ بە دلّنیایی ئەم بەشە یەکێك لەو ترۆپکانەیە. تایبەتمەندییەکانی شیوازی رۆمانتیسم لەم بەشەدا بەرچاوە. رەش بینێکی تێکەلّ بە دنیایەکی خەیالاّوی. شاعیر بە هۆی شێعرەکەیەوە هاوار دەکا: ئینسانییەت بەستوویەتی، لە هیچ شوێنێکدا، ئاوا بە راشکاوی باسی کەوتنە ژێر پێی ئەخلاقییات ناکا. بڕوانە ئەم تەعبیرە شێعرییە بەرزانە:

نەبارینی شەکراوی بزە لە دارە شەکرە سێو،
نەبارینی پەڕی نەستەرەن لە بالّی فڕندە، شەختە لێدانی تەماتەی دلّی بێستانی تەراوەت، دۆك لێدانی ترێ رەشەی دارەمێوی باخی ئەوین و...

له دواین بەشی شێعرەکەدا شاعیر باس لەوە دەکا
که گەل نوستووە. عەقرەبەکانی پێشکەوت بۆ دواوە
دەگەڕێتەوە، هۆیەکەشی شل بوونەوەی پێچ و
مۆرەی بزوتنەوەیە.
هۆ پەپوولە پاییزە بەستەزمانەکە!
پەڕەکانت بۆ وەریون؟
کام گژەبا پەڕەکانتی وەبەر جەنجەڕ و خەنجەری
کەڵپی داون؟
باڵەکانت بە مەقەستی
کام زریانی بێبەزەیی هەڵقرتاون؟
هۆ فریشتەی چاوەڕوانی روانی رەوان!
تێکڕمانی رەوحی رووحم بۆ هێناوی بە دیاری
لە دیاری بۆمباردومانی هەناسە.
لەم بەشە لە شێعرەکەدا، شاعیر کە ویژدانی
کۆمەڵە، هاوەردی لەگەڵ کۆمەڵگاکەی دەکا و
پرسیاریان لێدەکا کە هۆی بێ دەرەتانیان چیە؟
شاعیری راستەقینە لە رووحی خۆی چاوپۆشی دەکا
و بە دیاری پێشکەشی گەلی ئەکا.
هۆ... هێژا فریشتەکانی جەهەننەمی قەهرو
عەزاب!
دەقاودەق رەسمی دۆزەخێکی وام بۆ کێشاون بە
وردبینی،
کە سەدان دۆزەخی ئێوەی دەبێ بدەن لە مزگێنی.
مامۆستا ((شێرکۆ بێکەس)) بە شێوەیەکی دیکە
ئەم دۆزەخەی لە "دەربەندی پەپوولە"دا باس دەکا:
دۆزەخم بێ کزەبا نییە
تا ئەمرێ هەناسەی ساردتانی بەش ئەکات
دۆزەخی هەڵۆ دەستکردی خۆیەتی و دۆزەخی
((شێرکۆ)) بە یارمەتی دیتران ساز دەدرێ. ئەم
دۆزەخەی شاعیر بۆمان دەکێشێتەوە و لەودا
پەپوولە ـ گیانی ئینسان ـ قش قش دەکوڵێ، و زۆر
ئازار و ئەشکەنجەیتر، بە کورتی ئینسانییەت
بەستوویەتی و زۆر لە جەهەننەمی هێژا فریشتەکان
بەسامترە.

هۆ سوڵتانی دەریای ئەوین!
وێنەی مرواری فرمێسکم بۆ هێناوی بە دیاری
لەسەر چاوەی هەستێکی خاوێنی رووناڕا.
دەبێ کام سەرچاوەی هەستی خاوێن بێ کە
مرواری لێهەڵجێندرێ، چاو نەبێ؟
ئەی سوڵتانی چیای بەرزی!
وێنەی هەتاوی زێڕینم بۆ هێناوی بە دیاری
لە ئاوێنەی فرمێسکی پڕشنگداری چاوەکانمدا.
هۆ رووحی گەورەی دەریاکان!
هۆ ئاوێنەی هەورەکانی رەش و سپی!
ئەڵقەی شەپۆلی دەریای کوڵینم بۆ هێناوی بە
دیاری
لەسەر لەپی دەستی دڵما.
هۆ هێژا دوو فریشتەی تەحریری خێر و شەڕان!
نامەیەکی رەش و سپیم بۆ هێناون بە دیاری،
لە شەوگاران و رۆژگارانی تەنیایی،
لە ئەوپەڕی پەڕیوە بوونی هەبووندا.
هۆ باڵندە باڵ سەوزەکە!
وێنەی گوڵێکی سووری
باغێکی دوورم بۆ هێناوی بە دیاری،
دەگەڵ گەڵای پەنجەی خەناوی و خوێناوی.
ئەی حۆری و فریشتەکانی بەهەشتی هەتا هەتایی!
رووحی پەپوولەیەکی نوورانیم بۆ هێناون بە دیاری.
کە شۆهرەتی، "پاییزە"یە لە بەهاری نەمامیدا.
ئەلا ئەی سوڵتانی جەنگەڵەکانی هەڵدڕین!
غەریبێك بە تەوەرداس و تەوری بەیان،
هاتۆتە شەڕی پلینگ و بەوری بەیان
بەبێ چاوەدێری شێری پشت ئەستووری.
شاعیر بۆ هاوەردی و خۆبەخت کردن، لە هیچ خۆ
ناپرینگێوێ. لە وجوودی خۆی توێ توێ دیاری دەبا
بۆ دیاردەکانی سروشت کە ئەوانیش سەمبۆلی چین و
توێژەکانی گەلن. ئەم بەشە لەو شێعرە کەش و
هەوایەکی تایبەتی هەیە و عێرفان و میتا فیزیك
دێنێتە بەرچاو.

شاعیر لەم کۆپلە شێعرەدا، لـە پارادۆکسـی نـهێنی (*Hidden Paradox*) بـــەهرە وەردەگـــرێ: شەپۆلی دەریای کوڵین، دوو فریشتەی تەحریری خـێر و شەڕ، پەنجەی خەناوی و خوێناوی، پاییز و بەهار، نامـەی رەش و سـپی، هـەوری رەش و سـپی. رەگ و ئاژۆ کردنی رۆمانتیسم بە کۆ بوونـەوەی دژەکـان بـە پێـی بۆچوونـی ((شلیگێل)) لـــەم کۆپلـــە شـێعرەدا وەدیار دەکەوێ.

دەکار کردنی پاردۆکسی نـهێنی لـە لایـەن شـاعیر، دەبێتە هۆی ئەوە کە خوێنەر تووشی رامانێکی قوول بێ. ئەم وێنە ناتەباییـ هەر تایبەتی بە هەڵوە نیە و زۆر لەمـەوپێش دەکارکراوە و ((نـالی)) بـە شـێوەی پارادۆکسی ئاشکرا دەڵێ:

حەرەکاتم سەکەنات و سەکەناتم حەرەکات
چوستە سستی، قەوییە زەعیف و سەریعە کەسەلم

یـان مامۆستا ((عـەبدوڵڵا پەشـێو)) بـە شـێوەی پاردۆکسی نهێنی دەڵێ:

من پشتێکی بریندارم
لە قامچی خۆم ڕاپەڕیوم

غـەریبێك هاتۆتـە شـەڕی پڵینـگ و بـەبری بـــەیان.
بەچی؟ بە تەوەرداس و تەوری بـەیان. ئـەم غەریبـە، شاعیرە کە بە هێزی شێعر و بەیانی خۆی بەرەنگاری زۆرداران و زلهێزانی کۆمەڵ بـووە. ((حەمـە سـەعید حەسەن)) وتـەنی: "ئەوە شـێعرە لێناگـەڕێ شـاعیر چاو لە ناپاکی و تاوان بپۆشێ". ئەگەر بڕوامـان بـەم ڕاستییە هـەبێ کـە شـاعیر ویژدانـی کۆمەڵـە، هـەڵۆ، ویژدانێکی وریا و بەخەبەری هەیە.

دوێنێ شەوێ لە خەونمدا،
تریفەی سێحری زێوێنی شێعری بەدرم دەدۆزێوە،
تا هەڵبەستی سەرمەستی
کۆتری سەربەستی هەستی لە ڕوو بهۆنمەوە.
دوێنێ شەوێ لە خەونمدا،
پۆلێ شەپۆلی پڕشنگی سەوزی تاوم دەدۆزێوە،
تـــا وێنـــەی ئاوێنـــەی شـــێعری کەســـکی بـــە سەردابێنمەوە.

کە ڕاپەڕیم،
شـێعری ڕووتـــی زەردی گەڵایـەکی هـــەڵوەریوم وا هۆندەوە،
کە وێنەی داری بێ بەرو بەرگی دەهێنا بەر چاوان.
کە ڕاپەڕیم،
حەیرانی ژانی بریـنی
بەرزترین چیاکانم وا تێهەڵکرد
کە وێنەی لەعلی گرینی جەرگی دەهێنا بەرچاوان.
کە ڕاپەڕیم،
ئاهەنگی فڕینی پێڵی
گەورەترین دەریاکانم وا خوێندەوە،
کـە سـەرتاپای ئـەندامی ســـەراپا خوێنـــی مـــەرگی دەهێنا بەرچاوان
ئەڕێ ئەمن پەڕە کەسك و سوورەکانی پشـکووتنی پشکۆ نەبووم
لە ئاگردانی سەرسەوزی گوڵی سووری
هەوەڵ باخی یومن و هاتا؟
ئایا من بازی سەر شانی مێژوو نەبووم،
بەر لەوەی کە گەڵای پەڕەکانی هوما هەڵوەڕێنن و
لق و پۆپی باڵەکانی بقرتێنن؟
داخۆ من مێژووزانێکی گەورە نەبووم،
بەر لەوەی کە مێژوو پەڕ و پۆ دەڕێنێ و
دوو شاخی ڕەشی لێ بڕوێ؟
شـــاعیر کێیـــە؟ پـــەڕە کەســـك و ســـوورەکانی پشـــکووتنی پشـــکۆ؟ بـــازی سەرشـــانی مێـــژوو؟ مێژووزانێکـی گـەورە؟ شـاعیر لەگـەڵ ئـەوەیدا کـە شـانازی بـە ڕابـردووی دەکـا، وردە ئاشـێرەیەك بـە تەناسۆخی ڕووح دەکا، دیارە کـاك ((قاسـم)) دنیـای تایبەت بە خـۆی هەیـە و ڕوانینێکـی عێرفـانی هەیـە. ئەم ڕەمز و ڕاز و تـەم و مـژە، وتـەی ((ئـاڵبێر مـاری ئێشـمیدێت)) دێنێتـەوە یـاد کـــە ســـەبارەت بـــە سەمبۆلیسم دەڵێ: "هێندێك سۆفیگەری تێدا دەبینن و شـوێنی عیرفـانی ڕابـردووی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا". شاعیر دواتـر بـە ڕاشـکاوی باسـی ئـەم سـۆفیگەرییە دەکا.

حوبارا نیم!

حوبارانیم، هێلانەیەك بە كوێرەوەری سازكەم و
پاشانیش پێی نەزانمەوە !
وەبیرم دێ لە عەسری رامسیسی دووهەم
وێنەگرێكی گەورە بووم
وێنەی سەیرم دەكێشانەوە بێوێنە، لەسەر پێستی
ئاسكەكێوی
هەندێكیان لێ ڕادەمام و
دەمسووتاندن
لە ترسی تۆڵەی زیلئەوتاد.
دەگریان و فرمێسكەكانم
دەتكاند سەر خۆڵەمێشی شاكارە سووتاوەكانی
تەیار بوو بۆ با بردن.
با دەیبردن خۆڵەمێشی تابلۆكانی نهێنی
بالانوێنی قەساوەت و بێبەزەیی
وەبیرم دێ، كە دواین جار
تابلۆیەكم كێشایەوە.
تابلۆیەك بە درێژایی ڕێگەی شەوگار،
بە پانایی قورسترین هەنگاو بەرەو قەڵای مەرگ،
لە تاقمێك دیلی بەسراوە لە یەكتر
بە گوریسی ئاخێكی زۆر دوور و درێژ.
كە گڕم دا، تەنها گوریسەكە سووتا.
شاعیر هەمیسان ئاماژە بە تەناسوخی ڕووح ئەكاو
پێیوایە لە ڕۆژگارانی دوور، وێنەگەرێكی ئاوارە
بووە. وێنەگەرێكی ڕاستەقینە، كە تابلۆكانی
ڕەنگدانەوەی گیر و گرفتەكانی كۆمەڵگای خۆیەتی.
شاعیر وێنەگەرو وێنەگەریش شاعیرە. هەردووكیان
دەرەوەست. هەردووكیان هەست بە ئازارەكانی گەل
دەكەن و بە هەست كردن بەم ئێش و ئازارانە شاكار
دەخوڵقێنن. یەكیان تابلۆ، یەكیان شێعر. بەڵام
هەردووكیان لەبەر كەش و هەوای پڕ لە زوڵم و زۆری
پەنا بۆ تەم و مژ دەبەن. ئەوە نییە شاعیر تەنیا بە
شێوەیەكی ڕەمزاوی دەدوێ و وێنەگەر لە ترسی
تۆڵەی زیلئەوتاد تابلۆكانی دەسووتێنێ. ئەم
تابلۆیەی شاعیر تابلۆی شۆڕشە.
لە پڕێكا دیم دیلەكان هاتنە دەرێ و
هەڵاتن ڕوو وەدەریای خوێن.

بوون بە شەپۆل.
دەریا سەیر تۆفانی بوو!
شەپۆلەكان دەگەیشتنە هەورەكان!
هەورەكانیش، بۆ ئاسمانی هەر كوێیەك با
دەیبردن،
ڕێژنە بارانی فرمێسك و خوێن دەباری بەسەر وێدا.
گوڵی سووری شێعر و داری سەوزی مۆسیقا شین
دەبوون،
هەزار هەزار،
بەر لەوەی كە هومای هەتاو،
لە قاپێلكەی كازیوە، سەر بێنێتە دەر.
كاتێ بەندی كوێلایەتی دەپسێ، دیلەكان بەیەكەوە
ڕزگار دەبن و بەرەو دەریای خوێن (كانگای شۆڕش)
دەڕۆن و هاوڕێ لەگەڵ تەواوی چین و توێژەكانی
كۆمەڵ، شۆڕش سازدەدرێ.
شۆڕش و هەڵچوون، بارستایی دەگاتە هەورەكان،
ئەمە بە مانای لووتكەی شۆڕشە، گوڵی سووری
شێعری شاعیر و داری سەوزی مۆسیقا شین دەبن
هەزاران هەزار بەر لەوەی كە هومای هەتاو لە كازیوە
خۆ وەدەرخا، واتە هیوا و ئاوات لە ڕێ دایە.
دوێنێ شەوێ لە خەونمدا،
ماڵەكەمان بە باڵی پەنجەرە فڕی!
لە تاپۆی سەوزی
سێبەری دار گوێزەكەی حەوشەكەمان
پرسیارم كرد، تەعبیری ئەم خەونە چییە؟
تاپۆ كوتی: ها! نابینی؟
لە هەوری هەستی سەربەستی، بارانی گوڵ
دەبارێت و
پەنجەرەكان چەپڵە لێدەدەن بۆ باران...!
هەڵۆ لە دواین بەشی شێعرەكەیدا، ڕۆچنەیەك لە
هیوا دەبینی و لە داهاتوویەكی ڕووناك دەدوێ.
پەنجەرە، كە ڕەمزی هیوا و نوور و ڕووناكی و
كەرەسەی پەیوەندییە، ئەم قەرینەیە دەدا بە
دەستەوە.
لە سەرەتای شێعرەكەدا، هەور و هەتاوو باوك
عاجزن لە تەعبیری خەونەكەی شاعیر. لە كۆتاییدا

تاپۆی سەوزی سێبەری داره گوێزی حەوشە، ئەم خەونە لێکدەداتەوە. دەکرێ ئاوا بڵێین، داره گوێزی حەوشەی مامۆی باوکی شاعیر، بە یارمەتی تیشکی هەتاو و بارانی هەور پەروەردە دەبێ و ئەوسا وەڵامی شاعیر دەدەنەوە. کە وابوو هەر سێ هەورو هەتاو و باوك لە تەعبیری ئەم خەونە ئاڵۆزەدا دەور دەگێڕن.

ئیتر ورچ ناتوانێ بە هەناسەی هەستی سەربەستی بازەڵێن بکا، بەڵکوو لە هەوری هەستی سەربەستی بارانی گوڵ دەبارێ و پەنجەرکان بە هیوایەکی بەرز، چاوەڕوانی هاتنی گوڵانی سەربەستی دەکەن. تەعبیری چەپڵەی پەنجەرە، دەگەڕێتەوە سەر ئاهەنگی هارمونیکی لۆپەکانی باران و شووشەی پەنجەرە.

کۆتایی

کاتێ بە سەر پەنجەوە شێعری "تەعبیری خەونێکی ئاڵۆز" ی ((قاسمی موئەیەدزادە)) دەخوێنیتەوە، دنیایەکی غەیری عەقڵانی دێتە بەرچاو کە لە میتافیزیك نزیك دەبێتەوە و ئەمەش ئەو شیمانە دەسەلمێنێ، کە لە باری فکرییەوە سەمبۆلیسم شێوازی سەرەکی ئەم شێعرە زیاتر دەکەوێتە ژێر تیشکی فەلسەفەی ئیدیئالیسم کە ئەویش لە میتافیزیك ئیلهام وەردەگرێ. شاعیر باس لە بەربەرەکانی هەمیشەیی خێر و شەڕ دەکا. عەنقا، هەڵۆ، هوما، قەقنەس، باڵندەی باڵ سەوز، شەگەل، مەر، پەڕەسللێرکە، کەڵەشێر، کارژۆڵە، پەپوولە، کەو و... لە لایەك و گورگ، ڕێوی، دێوەزمە، مار، بەراز، ورچ، ژەنگەسووره، دووپشك، جاڵجاڵۆکە، کوند، هەژدیها و... لە لایەکی تر.

هەروەها دەکارکردنی هێندێ رستەی نامۆ و وشەی جێنەکەوتوو لە ئەدەبیاتی شێعریدا، کە لە لێکدانەوەکەدا ئاماژەم پێکرد، تا رادەیەکی بەرچاو بایخ دانی شاعیر بە سازدانی زمانێکی سەربەخۆ و نزیك بوونەوە لە فۆرمالیستەکان نیشان دەدا. وشە کەرەسەیەکە لە دەست هەڵۆدا، کە بە شێوەی تایبەت بەخۆی کەڵکی لێوەردەگرێ و لە راستیدا بابەتەکەی پێ ئیمزا دەکا. ئەو نهێنییە کە بە شێوەی سەمبۆلیسم لە وشەی ئەم شێعرەدا بەدی دەکرێ، دەگەڕێتەوە سەر روانین و زمانی تایبەت بە شاعیر و هەست بە ژیان لە قۆناغێکی تایبەتی زەمانیدا.

بنەمای ئەم شێعرە لەسەر پرسیار دانراوە. شێعری راستەقینەش پرسیارکەرە نەك وەڵامدەر. شێعری پرسیارکەریش حەق دەخاتە ئەستۆی خوێنەر نەك ئەرك. لە راستیدا تەعبیری خەونێکی ئاڵۆز سەرەتای دەسپێکی قۆناغێکی نوێیە لە شێعری ئەم بەشەی کوردستانا. هەروەك پێشتر باس کرا، لەم شێعرەدا شێوازێکی چەند لایەنە دەبیندرێ. ئەوەش بەم مانایە نییە شاعیر پێشتر بە مەبەستێکی دیاری کراو ئەم ڕێبازەی گرتبێتە بەر، بەڵکوو ئەوە ڕەخنەگرە کە ئەم لایانانە دەخاتە ڕوو.

ئەوەی کە من بۆ باس کردنی ئەم شێعرە لە شێوەی ڕەخنەی تەکمیلی *(Pluralistic Approach)* کەڵکم وەرگرتووە دەگەڕێتەوە سەر دوو خاڵ:

١. ئەم شێعرە خۆی خاوەنی چەندین شێوازی ئەدەبییە و بۆ لێکدانەوەشی پێویستە لە تەواوی ڕێبازەکانی ڕەخنەیی کەڵك وەرگرین.

٢. ڕادەی زانیاری ڕەخنەیی لە نێو ئێمەدا نەگەیشتۆتە ئەم قۆناغە، تا ڕەخنەگر بتوانێ لە ڕەخنەیەکی سەربەخۆ (تەنیا یەك شێوازی ڕەخنەیی) کەڵك وەربگرێ.

کۆتایی باسەکەم بەم ڕستەیە تەواو دەکەم کە بە پێی هێرمێنۆتیکێکی *(Hermeneutic)* کە ((هرش)) باوەڕی پێی هەبووە کە بۆ لێکدانەوەی دەقێکی ئەدەبی نییەتی نووسەر دەبی ڕەچاوکرێ، با بەیەکەوە بوونی هەڵۆ لە تەعبیری خەونێکی ئاڵۆزدا هەست پێ بکەین.

كێشەی دزیی ئەدەبی

كێشەی دزیی ئەدەبی شوێنێكی فرە مەزنی لە رەخنەی ئەدەبی عەرەبی كۆن دا داگیركردووە، لەڕاستی دا زاراوەی دزیی زاراوەیەك نیە بۆ لۆمە كردن، بەڵكو زاراوەیەكی گشتییە بەجۆرەها وەرگرتن دەگوترێت هەندێ جار بۆ مەبەستی شكاندنی شاعیرو كەم كردنەوەی رەسەنایەتی بەكاردێت، وەرگرتن ـ پێشوونان، وەرگرتن نەك بەڕێگای گواستنەوە، بەڵكو وەرگرتنی كەرەسەی سەرەتایی بۆ پیشەكەی پاشان داهێنان و ئەفراندنی تێدا بكات، كێشەی دزی ئەدەبی، كێشەی نێوان شیعری كۆن و نوێیە، كێشەی رەسەنایەتییە، كێشەی لاسایی كردنەوەو نوێ كردنەوەیە لەشیعردا، كێشەی كارتێكردن و كار لێ كردنە لەشیعردا.

ئەوەی پاڵی پێوەنام كە لەم باسە بكۆڵمەوە، ئەوەیە كە كێشەی دزیی ئەدەبی لە ئەدەبیانی عەرەبی دا شوێنێكی دیاری هەیەو لەئەدەبیاتی ئەوروپی دا بەجۆرێكی تر مامەڵەی لەگەڵدا كراوە، وە لەئەدەبیاتی كوردیشدا وەكو پێ ویست لەسەری نەنووسراوە. جا بەپێ ویستم زانی كە تیشك بخەمە سەر ئەم لایەنەو بۆ ئەم مەبەستەش لەباسەكەمدا هەوڵم داوە لەهەموو پوویەكەوە لەدزی ئەدەبی بتۆژمەوە وەكو پێناسەی دزیی، كێشەی دزیی كردن، بیروڕای ڕەخنەگرانی كۆن و نوێ، جۆرەكانی دزیی، دەق ئاوێزان لەئەدەبیاتی ئەوروپیدا ، جۆرەكانی دەق ئاوێزان..هتد.

پێناسەی دزیی شیعری

ئەوەی دەست بەسەر دارایی خەڵكی تر دابگرێت پێی دەوترێت دز، هەروەها ئەوەی دەست بەسەر بیرو بەرهەمی ئەدەبی دابگرێت دیسانەوە دزە لێرەدا زاراوەیی دزیی ئەدەبی بەشێوەیەكی گشتی و زاراوەیی شیعریی بەشێوەیەكی تایبەتی سەری هەڵدا.

جا بابزانین لەفەرهەنگەكاندا چۆن لەباسی دزیی دواون، لەفەرهەنگی (المحیط)دا بەم شێوەیە پێناسەی كراوە ((وەرگرتنی مالّی غەیرە))[1] بەڵام پێناسەیدزیی لەزاراوەی ڕەوانبێژان و رەخنەگران دا((ئەوەیە كە شاعیر شیعری كەسێكی تر وەربگرێت یاخود هەندێ شیعری تاڵان بكات))[2] بەڵام لەفەرهەنگی (المعجم المفصل فی الأدب)دا بەم جۆرە

هاتووه((ئەدیبێ قسەی کەسێکی تر وەربگرێت و بیکاتە مولکی خۆی))[٣] ڕەخنەگران بەشێوەی جیاواز لە باسی دزی کردن دواون، (ابن قتیبه)واژەی وەرگرتنی بەکاربردووە، (أبو الفرج الاصفهانی) لە الأغانی دا واژەی ((گاولکردنی بەکارهێناوە))[٤] د. محمد مندور: واژەی ((دزیی کردنی بەکار بردووە))[٥].

(ابن شهید)لە چەمکی دزی شیعری گەیشتووە، لەم بارەیەوە تێ گەیشتنێکی ئاشکراو ڕوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا وشەی(دزیی) بەکار نەهێناوە، بەڵکو گۆڕیویەتی بە وشەی وەرگرتن. بیروڕاکانی (ابن شهید) شوێنی ڕێز لێ گرتنە ئەمەش بۆ ئەو ڕۆشنبیرییە فراوانەی دەگەڕێتەوە کە لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی زۆری دیوانی شاعیراندا پەیدای کردووە))[٦].

گیل دولوز (*Gilles Deleuze*) دەڵێ: ((دزیی کردن، غەش و لاساریی کردنەوەو ڕوونووس و چنینە لەسەر شێوازی کەسانی تره))[٧].

کێشەی دزی کردنی شیعر

کێشەیەکە بەشێکی زۆری کتێبی عەرەبی بەخۆوە گرتووە، تەنانەت کتێبێك نادۆزێتەوەکە باسی دزی کردنی تێدا نەبێ، هەریەکەش گفتوگۆی لەسەر بابەتەکانی پێشی خۆی کردووە. شتی بۆ زیادکردووە، ڕەگی زۆر کۆنە بۆ چەرخی جاهلی دەگەڕێتەوە، دیارە گومانی تێدا نیە کە دزی کردن بەخەوشی شاعیر دادەنرێت، لەپلەو پایەی داهێنانی دێنێتە خوارەوە، چونکە مانای وایە کە قەریحەی شیعری نیە، بێ هێزەو کەم توانایەو شارەزایی داهێنانی لاوازە.

د.محمد مندور دەڵێ((کێشەیەکی ترسناکە، نەك لەبەر ئەوەی ڕەخنە گرانی عەرەبی پێوەی خەریك بووون، بەڵکو لەبەر ئەوەی باس لە زانستی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ڕەسەنایەتی شاعیری یاخود نووسەری پێشوونان یاخود هاوچەرخانی دەکات))[٨]. هەروەکو چۆن کێشەی دزی ئەدەبی بەندە بەڕکەبەری لەنێوان لایەنگرانی شیعری کۆن و لایەنگرانی شیعری نوێ، شاعیرانی کۆن دەڵێن پێشرەون بۆ شاعیرانی نوێ، شاعیرانی نوێش دەڵێن تەجاوزی شیعری کۆنیان کردووە، وێنەو مانای نوێی شیعریان داهێناوە.

((ئەگەر کێشەی دزی شیعر وەکو سەرەتاو ئامانج بەڕەخنەوە پەیوەست بێ، ئەوا هەندێ لە ڕەوانبێژان باوەڕیان وایە لەڕووی ناوەرۆکەوە بە ڕەوانبێژییەوە پەیوەندی داره))[٩].

جۆرەکانی دزیی

١- النسخ(لەبەر نووسینەوە): نەسخ لەزماندا مانای گواستنەوەی دەقێك یاخود نووسینەوەی وشە بە وشەی کتێبێکە.

٢- السلخ(کەولکردن): واتە وەرگرتنی مانای ئالۆگۆڕ کردنی واژەکەی.

٣- المسخ: گوێزتنەوەی وێنەیەك بۆ وێنەیەکی ناشیرین تر.

٤- الاصطراف:شاعیر بەبەیتێك سەرسام دەبێت و دەیکا بەهی خۆی.

٥- الانتحال: مانای وایە شاعیر شیعری شاعیرێك بکا بە مولکی خۆی.

٦- الادعاء:دزی کردنی شاعیر لەکەسێکی تر شاعیر نەبێت.

٧- النظر والملاحظة(تێ روانین و تێ بینی): مانای وایە مانایان یەکسان دەبێ، جگە لەوەرگرتنی واژە بەنەهێنی.

٨- الاختلاس (ست بەدزیی شاردنەوە): ئالۆگۆڕ کردنی مانا لەمەبەستێکەوە بۆمەبەستێکی تر.

٩- الموازنە (هاوسەنگی کردن): وەرگرتنی بنیاتی وشەکان.

١٠- المذمومة:

أ. دزیی بەئاشکرا کەواژەو مانا دەگرێتەوە لەهەموویان خراپ تر.

ب. دزیی بەنەهێنی کە پێ ویستی بە زیرەکی هەیە.

١١- الالتفاط والتلفیق: دانانی دێڕێک لەرێکخستنی چەندان دێڕی تر[١٠].

هەڵوێستی ڕەخنەگرانی کۆن

وەرگرتنی باش و وەرگرتنی خراپ، لەڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە وەلامی ئەم پرسیارە بەدەردەکەوێ ڕەخنەگران بەلایانەوە شیعر ماناو واژەو بیرو وێنەیە.

ڕەخنەگرانی کۆن لەدەربڕینی هەڵوێست دا پشتیان بەم ڕایانە دەبەست کە وەرگرتنی بیر، فکرەیەکی ڕووتە هیچ خەوشی تێدا نییە، چونکە بیر کەلەپوورێکی گشتییەو دەخرێتە ڕوو، هی کەس نییەو لەکەسیش قەدەغە نییە، بەڵام وێنەی، تایبەتی لەشیعردا، ئەمیان لایەنی هونەری دەگرێتەوە، پەیوەندی بەخودی شاعیرەوەیە، کەهەست و بیری تێدا دەردەبڕێ، بۆیە ئەم لایەنە نابێ بگۆێزرێتەوە و وەربگیرێت. زۆربەی زۆری ڕەخنەگرانی عارەب وەرگرتنی بیریان بەتاوان نەزانیوە، لەڕوانگەی ئەم ڕەخنەگرانەوە پیشەی هونەری پێوانەکەی لەبەها هونەریەکەیەتی کە داهێنان و ئەفراندنی تێدا بەدەردەکەوێ، بەتەنها بیری ڕووت کەرەسەی خاوی شیعرە، جا ئەگەر شاعیر بیری پێشوو یاخود بیری هاوچەرخ وەربگرێت هیچ نەنگی تێدا نییە مادام بەشێوەیەکی هونەری دەیخاتەڕوو)[١١].

(ابی هلال العسکری)دەڵێ:((پێویستە کە شاعیر بیری پێشووی خۆی وەربگرێت)[١٢].

(الجاحظ)دەڵێ:ئەگەر سەیریشیعری کۆن و نوێ مان بکەین دەبینین یەک لەیەکتری وەردەگرێت، بەلای (جاحظ)ەوە وەرگرتنی مانا شتێکی باوە لەشیعری کۆن و نوێ دا، ئەم وەرگرتنەش هیچ زیانی تێدا نییە، چونکە مانا فڕێ دراوە، کەلەپوورێکی شیاوە بۆ هیچ کەس وەرگرتنی یاساغ نییە))[١٣].

(الأمدی) دەڵێ: ئەوانەی درک بەزانستی شیعر دەکەن دەبینن کە دزی ماناکان هەڵەیەکی گەورە نییە))[١٤]. ئەمەش مانای وایە کە بەلای (الأمدی)یەوە دزی کردنی مانا دیاردەیەکی ترسناک نییە، بەڵکو کارێکی باوی هاوچەرخانەیە.

بەلای (ئەبو هلاله)وە کاتێ شاعیر شیعر دەنووسێ ماناکەی لەئاسمانەوە بۆ نایەت، بەڵکو لەئەنجامی بیرکردنەوەو خوێندنەوە دروست دەبێت، بۆیە شتێکی سروشتییە کە مانای کەم و زۆر بقۆزێتەوە، مادام بەشێوەیەکی باش وێنەی بکێشێ و بیخاتە بەر چاوان))[١٥].

دیارە(ابو هلال) داهێنانی مانا بەفرمانێکی بێ وێنە دادەنێ، کەم وا هەڵ دەکەوێ کە شاعیر بیرێک بدۆزێتەوە کە پێشتر دەرنەبڕابێت، چونکە داهێنانی مانا شتێکی ئاسان نییە، بەتەنیا لەزروف و ئەزمونی تایبەتی نەبێ بۆ هیچ شاعیرێ مەیسەر نابێ.

مۆلێر دەڵێ: من مانای باش وەردەگرم، هونەری تێدا دەنوێنم، لەگەڵ ئەوەشدا مۆرک و کەسایەتی مۆلێر دیارە. ڤیکتۆر هۆگۆو ژمارەیەک لەشاعیرانی تر نوێنەری ڕۆمانتیکن، سەرەڕای ئەمەش کارەکانیان خاسیەتی تایبەتی هەیە، هیچ نەهێنی یەک نییە لەڕەسەنایەتی ئەم شاعیرە گەورانە، سەرپشکن لە وەرگرتنی ئەوەی دەیخوێننەوە، بەجۆرێ دەبێتە بەشێک لەبیروڕاو هەست و سۆزیان))[١٦]. بەلای بەشێکی تر لە ڕەخنەگران وەرگرتنی خەوشدار دزی کردنی وێنەیە.

القاضی الجرجانیدەڵێ:وێنەی هونەریی نەک واژەکانی دزی کردنی خەوشدارە، چونکە واژەکان لەنێوان کەسانی هاوزماندا بەکاردێت، دزی کردنی وێنە گەورەترین تاوانە دەخرێتە پاڵ شاعیر لەم چەرخەدا))[١٧]. القاضی الجرجانی ڕوونی کردەوە کە دزی نەخۆشێکی کۆنە، شاعیرەکان یەک لەیەکتری

قەریحەی شیعریان پەرەپێداوە پشتیان بەماناو واژە بەستووە، هەروەها ڕوونی کردەوە کە دزی دیاردەیەکە وەکو (توارد الخواطر)تەنیا جوداوازی واژەی تێدایە، پاشان شاعیرە نوێخوازەکان بەگواستنەوەو وەرگەڕاندن و گۆڕین و ریزکردن بەرنامەکەیان شاردۆتەوە. (الأمدی)دەڵێ: ئەوەی سەیری ئەم کتێبە دەکات، پێ ویستە پەلە نەکات و بڵێ ئەوە لەمە وەرگیراوە تاکو بیر لەمانا دەکات بەبێ واژە، دزراو لەشیعردا گواستنەوەی مانایە نەک واژەکەی))[18] دزی واژەکان دیاردەیەکە، بەزۆری شت بەدزی شاردنەوەی پێ دەوترێت، یاخود تاڵان کردن یان ئابڕو بردنی پێ دەڵێن))[19].

نوێخوازەکان کە لەم کێشەیان کۆڵیوەتەوە بەلایانەوە دزی واژە لە سنوری دەست درێژکردنی بەرهەمی کەسانی ترو وەرگرتنی بیرەکانیان ناوەستێ، بەڵکو تێ پەڕاندنی شتی تر دەکات، وەکو لاسایی کردنەوە، لێ وەرگرتن، ڕەخنەگران پێوانەیەکیان هەبووە لە کێشەی دزی دا ئەویش ئەوەیە کە دانیان بەوەرگرتن کردووە، هەر هەموش لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە دزی کردنی وێنە ناشیرین ترین دزی کردنە.

جا لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات ، ئەویش ئەوەیە ئەگەر وەرگرتنی مانا خەوش نەبێ، ئەدی بۆچی ئەم هەموو نووسینانە لەسەر دزی ئەدەبی نووسراون وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەگەڕێتەوە.

١- گێڕانەوەی شیعرو ئەزبەرکردنی هۆیەك بووە، بۆ پارێزگاری کردنی شیعری کۆن و بەتایبەتی شیعری جاهلی عارەبەکان زۆر درەنگ نووسینی شیعریان زانیوە، حیکایەت خوان یەکەم سەرچاوەو دوا سەرچاوە بووە بۆ ناساندنی بەرهەمی پێشوویان، لەکاتی گێڕانەوەی بابەتی ئەدەبی دا ، شوێنی گواستنەوەو وەرگرتن بەدیار ناکەوێ.

٢- دان پێدانەنانی شاعیر، پاڵی بەڕەخنەگرەکانەوە ناوە کە پەنجە بۆ شوێنی وەرگرتن درێژ بکەن، جا ئەو وەرگرتنە، وەرگرتنی بیر یاخود وێنە بێت. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە فرە کتێب لەسەر دزی شیعری بنووسرێت.

٣- شاعیران پڕوپاگەندەی داهێنانیان کردووە، بۆنموونە(الصاحب بن عباد)دەڵێ:(المتنبی)بەوە خەوشدار نابێ کە مانا لە(ابی تمام) وەردەگرێت، ئەمە دیاردەیەکی شیعری کۆن و نوێیە، بەڵکو بەوە خەوشدار دەبێ، کە پڕوپاگەندەی داهێنان دەکات و پاکانەی ئەوە دەکات کە لەوەرگرتن بێ ئاگایە))[20].

دزیی شیعری لەڕوانگەی ڕەخنەی نوێ وە

لێرەدا بیروڕای ڕەخنەگرە نوێ خوازەکان دەخەینە ڕوو کە چۆن سەیری دزی شیعری یان کردووە، تا چەند بەبیروڕای ڕەخنەگرە کلاسیکیەکان کاریگەر بوونە.

١- د. تەها حسین، ڕایەکی خێراو ناتەواوی هەیە دەربارەی دزی کردن، ڕەتی ئەوەی دەکاتەوە کە شاعیر مانا یاخود واژە لە شاعیرێکی تر بدزێ، دەڵێ: ئەمەی بەم کارە هەڵستێ شاعیر نییە دزی کردن خەوشێکی گەورەیە پێ ویستە شاعیر خۆی لێ دوورخاتەوە، چونکە مانای خەڵکی تر وەربگرێت و واژەکەی بگۆڕێ، هیچ شتێکی تێدانییە، لەڕاستی دا گواستنەوەیە نەک داهێنانە))[21].

٢- د.محمد مندور دەڵێ: نابێ بڕیاری گۆترە بەسەر شاعیرەکان بدرێت، هەروەکو کۆنەکان پەیڕەویان دەکرد، تۆندڕەویان دژ بە شاعیرەکان ئەنجام دەدا، زۆرجار بڕیاری دزی کردنیان بەسەر دەسەپاندن و هەموو شتێکیان بەدزی کردن، لەقەڵەم دەدا، پێ ویستە ئەو زاراوانە جیابکرێنەوە کە بەدزییەوە پەیوەندی دارن،

وەکو دزی کردن کارتێ کردن، ئیلهام وەرگرتن، لێ وەرگرتن، ئەم هەموو زاراوانەی لە کتێبەکەیدا کە بەناوی(النقد المنهجی عند العرب) دا شی کردۆتەوە کە لەگەڵ بیروڕاو پرۆگرامی پێشینان جوداوازە و ناکۆکە.

بۆیە پێ ویستە ئەم شتانە لێکتر جودا بکرێنەوە.

١- الاستیحیاء(سروش): (مانای وایە شاعیر یاخود نووسەر لەئەنجامی خوێندنەوەی کتێبی تر مانایەکی نوێ دادەهێنێ.

٢- استعاره الهیاکل (خواستی پەیکەرەکان): شاعیر یاخود نووسەر بابەتی قەسیدەکە یاخود چیرۆکەکە لە داستانی گەلی یان لەداستانی میژوویی وەردەگرێت.

٣- التأثر(کارلێ کردن):شاعیر یاخود نووسەر رێبازی هونەری یاخود شێوازی هەنەری وەردەگرێت و لەوانەیە وەرگرتنێکی ناهۆشیارانە بێت.

٤- لەکۆتاییدا دزی کردن دێت، ئەویش مانای وایە کە ڕستەیەك یاخود بیرێکی بنچینەیی بدزێت و پەنجە بۆ سەرچاوەکەی درێژ نەکەیت))[٢٢].

٣- ڕاکەی د. محمد زکی العشماوی نزیکە لەڕای د. محمد مندور ئەویش دەڵێ: نابێ بڕیاری دزی بەسەر هەموو شتێ بدرێت بەتەنیا ئەگەر کەسی دووەم دەستەواژەی یەکەمی بەتەواوی گواستەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بەسەرچاوەکەی بکات، بەڵام وێکچوونی هەندێ واژە یاخود نزیکی هەندێ مانا بەدزی دانانرێت)) د.محمد زکی دەڵێ:(ابن الرومی) بەیتێکی شیعری لەدەستەواژەی حافظ وەرگرت، دەکرێ ئەوەی چاوی شیعری هەبێ، تێکەڵاوی چەمکی دزی بکات و جیاوازی تاڕادەیەك لەنێوان دزی کاریگەری و ئیلهام و لێ وەرگرتن نەکات))[٢٣].

ئەم هەموو بیروڕا جیاوازانەش ڕەخنەی العربی دەوڵەمەندو بیرو بەخششی ئەدەبی فراوان تر کرد کە بووە هۆی لەدایك بوونی چێژی جوداوازەوە))[٢٤].

ئەو بابەتانەی کە دزی کردنی تێدا نییە

١- مانای هاوبەش وەکو وێکچواندنی جوانی بەڕۆژو مانگ، بەخشندە بەدەریا، ئازایی بەشێر.

٢- مانای داهێنەر ئەو مانایەی کە خودی شاعیر دەیدۆزێتەوە.

٣- ئەو مانایەی شاعیر وەری دەگرێت وبۆی کەم و زیاد دەکات.

٤- ئەو مانایەی شاعیر وەری دەگرێت و بە شێوەیەکی هونەری جوان دای دەڕێژێتەوە کە لەگەڵ وێنەی یەکەمدا جودا واز دەبێت.

٥- دیسانەوە بەدزی دانانرێت، ئەگەر لەبەر نووسینەوەو روونووس کردن و لەبەرگرتنەوە نەبێت.

٦- واژەی ئاڵ و گۆڕکراو و ناسراو ناچێتە خانەی دزییەوە.

٧- مانای جوداواز دیسانەوە ناکرێ بەدزی دابندرێت.

پێناسەی التناص دەق ناوێزان لە نەدەبیاتی نەوروپی دا

دیاری کردنی(التناص) دەق ئاوێزان لە لێکۆڵینەوەی (*Anniek Bouillaguet*)ئەنیك بویاگیە دا بەمانای خواستنی وتاری دانەرێکی تر نەك بە مانا خوازەکەی دێت[٢٥].

لەلای ژولیا کریستیڤا بڕینی دەستەواژە وەرگیراوەکانی دەقەکانی تر[٢٦]. ژولیا کریستیڤا پێناسەیەکی تری دەکاتە و دەڵێ: ((بڕین و ڕاست کردنەوەو ئاڵ و گۆڕی نێوان یەکەی سەر بەدەقە جوداوازەکانە)[٢٧] لێرەدا چەمکی (*intertexte*) المتناص هاتەکایەوە کە ڕەخنەگر(جینی) بەم جۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێ: زۆر شت لەدەقەکان وەردەگیرێت بەڵام مەرکەزیەتی خۆی دەپارێزێ. کەنووسەر باوکی دەقەکەیەو لەئەنجامی گۆڕین و ئاڵ و گۆڕدا دەق ئاوێزان چێ دەبێ.

لەهەمان کاتدا (میشیل ئۆریفیە) دەڵێ: ئەو دەقەی هاوبەش دەبن لەدەق و توخمە نوێ کانی لەپەنتایی لاپەڕەداو لەسنووری مایەکەیدا بێ ئەوە سوود لەشتی تر وەربگرێت. ڕیزی بڕگەکان تێک بداو، جەخت لەسەر هەندێ دێر بکات بەپیتی جوداوان)چاپی بکات. وەکو جۆرج سیمون لەڕۆمانەکەیدا کە پێشتر باسمان کرد چەند دێرێ لەمارسیل برۆست وەردەگرێت.

٣- الترصیح (ڕازاندنەوە) (*Enchâssement*)نوسەر بەئەنقەست دەقی خۆی بەهەندێ ڕەگەزی کۆن دەڕازێنێتەوە.

٤- التشویش(*Poranomase*)سەر لێ شێوان نووسەر بە ئەنقەست هەندێ بڕگە لەدەقی تەرخان کراو دەستی تێ وەردەداتو یاری پێ دەکاو دەیشێوێنێ. کڵود سیمون لە ڕۆمانەکەیدا هەندێ کۆپلەی لەڕۆمانی (البحث عن الزمن الضائع)مارسیل برۆست وەردەگرێت و دەیشێوێنێ.

٥- الاضمار أو القطع(*L`ellipse*)بەجێناو کردن و فرێدان) لێرەدا نووسەر وەرگرتنی بڕاو پەیڕەو دەکات، یانی کورت کردنەوەی ئاخاوتن بەجۆرێك لە هەڵگێڕانی دەق لەڕووە ڕەسەنەکەی و ڕوویەکی تری پێ ببەخشێ، کە خوێنەر چاوەڕێ نەکات(لۆتریامون) لەپاڵەوانی مالدرودا شێوەی باو دەبڕێت.

٦- التصخیم او التوسع(*L`amplification*) (قەبەکردن یان فراوان کردن) لێرەدا نووسەر بەپێچەوانەی ڕەفتاری لەوەوپێش دەق دەگۆڕێ، هەڵی دەگێڕێ بەوەی کە زیاتر دەوڵەمەندی دەکات. (لۆتریامون) قوڵایی مرۆڤ و دەریای بۆدلێر فراوان دەکات و جەخت لەسەر زیانی مرۆڤ بەرامبەر دەریا دەخاتەڕوو.

٧- القلب او العکس(*L`interversion*)ئەم شێوەیە بەزۆری باروە لە دەق ئاوێزاندا ،

هاوبەش لەنێوان جۆرەکان و پەگەزە جیاوازەکاندا جێ بەجێ دەبێت بۆ نموونە کلۆدسیمۆن (*Clud simon*) لەڕۆمانەکەیدا (جەنگی فارسال)(*Bataille de phasale*)وەسفی تابلۆکانی کردووەو لەسەری نووسیوە.

٢- الخطیة(*Linearisation*)نووسین دیاردەیەکی نووسراوە پابەندە بە بەردەوامی ڕێزەکانەوە، ئاسۆییە وەکو ئەوەی لەزۆربەی زمانەکاندا بەرچاو دەکەوێ. وەکو لە چینی و یابانی دا دەبینرێت.

پلە بە پلە دەق بۆ نووسەر دێتە پێشەوەو پلە بە پلە بەچەند شێوەیەك دەنووسرێتەوە، نووسەر بەئەنقەست بەچەشنی پاکتاوکردنی ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی دەق کە لەگەڵیا هاو ئامێز دەبن،

بەتایبەتی لەلاسایی کردنەوەی گاڵتەجاڕیدا. لۆتریامون هاودەق بووە لەگەڵ بۆدلێر، بۆنموونە بۆدلێر رێڕەوی بەرەو مرۆڤە، لۆتریامون بەرەو دەریای دەبات[٣٠].

٨- تغییر مستوى المعنى: ئەمەش بەگواستنەوەی مانای بۆ ئاستێکی تر، لۆتریامون لەقیامەتەکەیدا وێنەی خوانی خواکان خواردنی گۆشتی مرۆڤە.

٩- التلميح(تێل نیشان) ئەو تێل نیشانەی کە لەزەینی خوێنەردا هەڵدەقوڵێ زیاتر دەقەکەی ڕوون دەکاتەوە[٣١].

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نەم دیاردە چین؟

١- دووری ماوەی جوگرافی لەنێوان وڵاتان و کیشوەرەکاندا سەرەڕای پێشکەوتن و پەرەسەندنی هاتوچۆ، لەتوانای خاوەن بەرهەم دا نییە ئەم کارە بە ئاسانی دابین بکات.

٢- بۆ پێشووی کۆمەڵایەتی دزی دەقەکە دەگەڕێتەوە بەتایبەتی لەجیهانی سێیەمدا، چونکە بەڕێگای تەنگ پەروەردەبووە.

٣- نەبوونی سانسۆرو پەیڕونەکردنی ورد لەلایەن پسپۆرانی ڕۆشنبیرییەوە لەڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبدا.

٤- ون بوونی تەشریعاتی یاسایی بەحەقی ئەو کەسانەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

٥- بەهۆی پێشکەوتنی ڕێگای گەیاندنی پرۆگرامی ڕۆشنبیری لەکەناڵە جیا جیاکانی گێتیدا.

٦- هەست بە پرسیاریەتی نەکردن، بێ ویژدانی و دەروون لاوازی پاڵ بە نووسەرەوە دەنێت کە ئەم کارە مەیسەر بکات.

٧- وێك چوونی شارستانیتەکان بۆنموونە دوو شاعیر لەدوو ژینگەی جوداواز دەژین دەبینین لەزۆر ڕووەوە لەشعرێکدا وێك دەچن و لێکتر نزیکن، لەبۆن و بەرام و ڕەونەقی و جوانیدا وەك یەکن.

شێوەکانی ڕێگەگرتن لەپەرەسەندنی نەم دیاردەیە

١-زۆر دیاردە لە کۆمەڵدا هەیە بە پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵ بەرەو نەمان دەچێ چونکە لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا دزی ئەدەبی نییە، ئەگەر شتێ هەبێ ئەوا ڕێژەیەکی یەکجار زۆر کەمە کە شایانی باس کردن نییە.

٢-لیژنەیەك پێك بێت کە بەوردی بەدوای هەموو کارێکی وەرگێڕدراوو چاپ کراو بچێت.

٣-ڕۆژنامەنووس بە دوای کاری دزی ئەدەبی بچێت.

٤-دادگا بەتوندی سزای ئەو کەسانە بدات کە بەکاری دزی کردن هەڵدەستن.

بەراوردی دەقەکان

دیاردەی دزی کردن لەزانکۆکاندا یان لەناو ئەدیب و شاعیراندا بەتایبەتی لەجیهانی سێیەمدا بەرچاو دەکەوێت، د.محمد مندور لە(نماذج البشریه)لەپێشەکییەکەیدا دەڵێ:ئەم کتێبە پێشکەشە بە ژنەکەم، وای دەردەخات کە لەدەسکردی مەندووره، بەڵام بەخوێندنەوەی کتێبی (نموونەکانی جیهانی لەئەدەبی فەرەنسی و بیانی) جان کالفیه که لەساڵی ١٩٦٣ لەپاریس چاپ کراوه، دەردەکەوێ که د.محمد مەندور هەوڵ و ماندوبوونی (جان کالفیە)ی دزیبوەو بەناوی خۆی بڵاوی کردۆتەوە بە هەندێ دەسکاری بچووکەوە، کاتێ باسکاری خوێندنی باڵا بووم لەپاریس هاوڕێ(کازم جیهاد)یش پێی ڕاگەیاندم که خەریکی چاپ کردنی کتێبێکە لەسەر دزییەکانی ئەدۆنیس، دوای ئەوەی پێکەوە فەرەنسی وعەرەبییەکانمان بەراورد کرد،

بۆم ڕوونبۆوە کە قسەکانی کازم جیهاد ڕاستە، ئەدۆنیس هەندێ شتی لە ئەدەبیاتی فەڕەنسی وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی ئەدۆنیس ڕۆشنبیرییەکی قوولّی لەسەر ئەدەبیاتی فەرەنسی هەیە. بۆیە بە ئاگایی و بێ ئاگایی لەبەرهەمەکانیدا ڕەنگیان داونەتەوە دیارە ئەم وەرگرتنەش هەندێ جار بەکاریگەری ئەدەبی دەژمێردرێت، زۆرجاریش ناچێتە کاری گەری ئەدەبییەوە، بەڵکو بەکاری وەرگرتن و گواستنەوە دادەنرێت.

دەقێکی (الاصمعی) دەخەینە ڕوو کە ئەدۆنیس دەقاو دەق بەدەسکاریەکی کەمەوە وەری گرتووە.

دەقێکی الاصمعی

خرجتُ حاجاً الى بيت الله الحرام عن طريق الشام فبينما نحن سائرون، إذ خرج علينا أسد عظيم، هائل المنظر،فقطع على الركب الطريق، فقلت لرجل بجانبي أما في هذا الركب رجل يأخذ سيفا ويرد عنا هذا الأسد؟ فقال أماً رجلاً فلا اعرف، ولكني أعرف امرأة تردّه من غير سيف، فقلت وأين هي؟ فقام وقمت معه إلى هودج قريب، فنادى يا بنية! انزلي وردّي عنّا هذا الأسد فقالت: يا أبت أيطيب قلبك أن ينظر إلى الاسد وهو ذكر وأنا انثى؟ ولكن قل له: إبنتي فاطمة تقرئك السلام وتقسم عليكَ بالذي لاتأخذه سنةٌ ولا نوم إلا ماعدلتّ عن طريق القوم قال الأصمعي: فوالله ما استتمت كلامها حتى رأيت الأسد ذاهباً أمامنا ![٣٢]

دەقی نەدۆنیس

– كناحشداً كبيراً، نساء ورجالاً، نسير فى طريق النساء
فجأة خرج علينا فهد قطع الطريق قلت لرجل بجانبي:
–أليس هنا فارس يردّ عنّا هذا الفهد؟
لاأعرف، ولكن أعرف امرأة تردّه.
–اين هي؟
سارَ وسرتُ معه الى هودجٍ قريب فنادى:
نادأ، انزلي وردّي عنّا هذا
الفهد.
فقالت:
أيطيب قلبك أن ينظر اليّ وهو
ذكر وأنا انثى؟
قل له: نادا تحييك وتأمرك أن
تفتح الطريق.
فحنى الفهد رأسه وغاب)[٣٣]

دەقی البیریس پێناسەی شیعری نوێ

اذا كنا نريد تعريفاً للشعر خاص بعصرنا، ينبغي ألا نبحث عنة في تقلبات الشكل ، ولا في الاختفاء التدريجي لضوابط البيت، بل في وظيفة الممارسة الشعرية التي تجعل من نفسها بحثاً عن حقيقة خفية ولهذا كان للشعر الحديث الحق فى أن يكون غامضاً، متردداً، لا منطقياً، ولا يستطيع أن يستخلص أي فائدة من المصطلحات الشكلية لحاجته، على العكس الى الحرية المطلقة في التصوف والتبؤ))[٣٤].

دەقی ادونیس

ان الشعر الجديد،، باعتباره كشف ورؤيا، غامض، متردد، لامنطقي ولهذا، لابدله من العلو على الشروط الشكلية، لأنه بحاجة الى مزيد من السر والنبوة، فالشكل يمحي أمام القصد والهدف ، مع ذلك فان تحديد شعر جديد خاص نبا نحن فى هذا العصر، لا يبحث عنه جوهرياً في فوضى الشكل، ولا في التخلي المتزايد عن شروط البيت، بل في وظيفة الممارسة الشعرية، التى هي طاقة ارتيادٍ وكشف.[٣٥]

شاعیرە نوێخوازەکانی لای خۆشمان، گۆران، شێخ نوری شێخ سالّح، دلّدار بە ئەدەبیاتی تورکی بەتایبەتی بەشاعیری گەورەی تورک(تۆفیق فیکرەت) موتە ئەسیر بوونە، لەم بارەیەوە مامۆستا (ئەحمەد تاقانە) دەلّێ: وەك دەردەکەوێ تۆفیق فیکرەت،

شاعرێکی گەورەی ئەوتۆ بووە، کە ئەو کەڵە شاعیرانە پەیڕەویان کردووەو کەوتونەتە ژێر ئەو بارەی کە کاری لەخۆیان و شیعریان کردووە. هەرچی شێخ نوری شێخ سالحە، شیعری تۆفیق فیکرەت ئەوەندە کاری لێکردووە، تەنانەت هەندێ لەشیعرەکانی بەگۆرینەوەی دەقاودەق کردووە بە کوردی، یان کۆپلەیەکی لەلای خۆیەوە ناوەتە سەر لەوە بێدەنگ بووە، کەبڵێ ئەو شیعرە گۆرینەوەیە، بەم جۆرە بەهی خۆی لەقەڵەم داوە، هەروەها ئەو شیعرەی (دڵدار)یش کە ئاماژەمان بۆکرد هەر دەبێ لەم خانەیەدا پۆلێن بکرێ هەرچی مامۆستا (گۆران)یشە، شیعری فیکرەت وەك خۆشی باسی کردووە، زۆر کاری لێ کردووە، بەڵام پیاو بۆ خودای بڵێ، بەشێوەیەکی زیرەکانەو هونەرمەندانەو شاعیرانە، هەندێکی لێ وەرگرتووەو لێی فێربووە دیارە شاعیری بەتواناو لێ هاتوو، دەتوانێ سوود لەئەدەبیاتی نەتەوەی دی وەربگرێ و لەبەرهەمی خۆیدا موتربەی بکات و بەرهەمێکی بەپێزی لێ دروست بکات [٣٦]، هەندێ لەشاعیرە لاوەکانیشمان بەهۆی خوێندنەوەی ئەدەبیات عەرەبی و فارسییەوە، کاریگەری و وەرگرتن بەهەندێ لە شیعرەکانییانەوە دیارن..

فیکرەت و شێخ نوری شێخ سالح

لەنێو شیعرەکانی شێخ نوری دا چوار شیعریان بەرچاو دەکەوێ نەك هەر شیعری تۆفیق فیکرەت کاری تێ کردوون بەڵکو دەگاتە ڕادەی گۆرینەوەی دەقاو دەقی زۆر لایەنی ولێ وەرگرتنی زەق و دیار، ئەم شیعرانەی خوارەوە ئەو سەرنجەی راکێشاوین.

گریە ـ خسران ناونیشانی شیعرێکی تۆفیق فیکرەتە کە دەقە تورکییەکەی بەم جۆرەی خوارەوەیە

گریەی خسران
گریانی نائومێدی

بگری ئەی، ئەی شیعری ناتوانابگری
هیوای دەم بەبزە لەگیانمدا مردن
ئێستا بەهەتییوە، کفن لەسەر شانی بێزاری
سەرسەرییانە دەگەڕێ پەریی خەیاڵ
بگری، ئەی گیانی خەم پێکاو، بگری
هەستە ورشەدارەکانی ناو شیعرم کوژانەوە ئەو هاڵاوانە، ئەو کۆمەڵ کۆمەڵ پڕیشکانە
ئێستا شتێك خۆڵەمێشی ساردو سرن

* * *

بگری ئەی چارەی خەزان بگری
هەڵچوونەوەم شەختەیان بەگریانەکانی ناو دڵم بەست
ئێستاکە من بەشینێکەوە گیرۆدەی خەزانم
گریانێکی دوانەهاتووم دەوێ

* * *

بگری ، ئەی شیعری ناتوانا، بگری
بگری، ئەی گیانی خەم پێکاو، بگری
بگری ، ئەی چارەی خەزان، بگری
بگرین، بەڵکو، گریان پەتایەك بێ
جۆش و کوڵی گریانێکم بۆ بهێنی [٣٧]

ناونیشانی ئەم شیعرە لەلای شێخ نوری بووەتە(رەخنە لەخۆو سکاڵا) دەقەکەی ئەمەی خوارەوەیە:

بگری ئەی شاعری ناتەوان بگری
مرد لە رووحی منا هەموو ئامال
بێ خودان ، کفن بدوشی مەلال
ئەگەڕێ سەرسەری پەریی خەیاڵ

* * *

بگری ئەی ڕووحی غەمنیشان بگری
کە بەکوللی نەما لە شیعری منا
زەڕەیە لفظی رێك و مەعنا
وەکو ئەنسوردە ئاگری سەما

* * *

بگری ئەی چیهرەیی خەزان بگری
گریمی دڵ مێشکی بکا هەیە جان
بێت و گەر بکەی بەوەقفی خەزان
گریەیەکی غەریباو بێ سامان
* * *
بگری ئەی نااڵەی فیغان بگری
گریەیەکی وەها بەجۆش و خرۆش
کە نەمێنێ نەعەقڵ و نەفەهم و نەهۆش
خەرقەیی ماتەمی و نااڵە بەدۆش
* * *
بگری ئەی ئەبری بێ ئامان بگری
تۆی کە چاوانی من بکەی تەمسیل
گریەیی چاوی تۆ ئەکەم بەدەلیل
وەکو تۆ خوێنی دڵ ئەکەم بە سەبیل
* * *
بگری ئەی شیعری ناتەواون بگری
بگری ئەی رۆحی غەمنیشان بگری
بگری ئەی چەهرەیی خەزان بگری
بگری ئەی نااڵەو فیغان بگری
بگری ئەی ئەبری بێ ئامان بگری[٣٨]

دەقی شیعرەکەی (تۆفیق فیکرەت)
لەبەهاردا
–لەفرانسوا قۆپەوە وەرگیراوە–
بەناو شەقامی بەسێبەرو نهێنی پەروەردا
پێکەوەو تەباو هاوئاهانج و هاوسەر
پڕ لەجوانی و رووناك
پێ، ڕاو بکەین
من سەرواکان و تۆ پەپوولەی زەرکفت
* * *
لەدەشتەکاندا لەناو ئەو تەنیاییە خەمهێنەدا
ئاوازەکانی کامەرانی بوون وەك بەلرزێنەوە وایە
لووت بەرزی بەجێ بێڵە
بێ... بابیستین.. بێ
من زەمزەمەی شیعرو تۆ ئاهەنگی مەلان..
* * *
شتەکان خزمەتکاری بێ منەتی هیواکانمانن
هەموو جێیەك وەك ڕێگاکان هەڵکەوتووی دڵداریمانن
حەسوودی پێ براوو بەشکۆ
بێ...با کۆبکەینەوە..بێ
من نیوە دێڕە شیعری تەندار، تۆ گوڵی نەرمونیان
* * *
پڕ زەمزەمە، بارگەکراو بە دەروونێکی پرشنگدار
ڕۆژە هەمیشەییەکانمان با بەسەرچن نایاب و گوڵڕەنگ
تۆ شیعری تەندارێت و
من شاعیری سرووش بۆ هاتوو
تۆ جوانی و فسوون، من ڕۆژ بە ڕۆژ گیرۆدەتری تۆ..[٣٩]

دەقەکەی (دڵدار)ی شاعیر
بۆ ئەو کەسەی کە..
لەبن سایەی چەمەنزاری بەهاری
با پێکەوە بین یەك دڵ و ڕوخۆش
دڵ روون و خرۆش باڕاوێ بکەین سا
هەڵبەستە من و تۆ دڵی پر جۆش
* * *
تەنهایی بیابانێکی پڕ سۆز..
جا لەڕێیەوە ئاوازی زەمین سوی سروور
سا بەسیە غرور، ساتێ بیبیەین سا
من نەی دمێ دڵداری و تۆ دەنگی طیور
* * *
خدمەتچی نیازمانە شتومەك لەژیان..
توحفەی دەسی دڵداریە با نرخ و بەها
پەرێزو (معلا) کاتێ بچێین سا
من بەستەی بەرجوستەو تۆ نێرگزی شەهلا
* * *
پڕ زەمزەمە باغێکە زەمین تۆم هەبێ بەدەم

خۆش نەشووە چە جاجێکە ژیان ساغری گۆڵکوون
تۆ شیعری (مجسم) ، من شاعیری (ملهم)
تۆ (حسن و فسوون) من هەمدەمە مەفتوون(٤٠)

کۆتایی

لەکۆتایی باسەکەماندا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە

١. جیاوازییەکی ورد هەیە لەنێوان بیروڕای ڕەخنەگران لەسەر کێشەیدزی ئەدەبی، چ ئەوانەی لایەنگری واژەن، یان ئەوانەی لایەنگری مانان، یاخود ئەوانەی لایەنگری هۆنینەوەن.
٢. بیروڕای ورد لەنێوان ڕەخنەگرانی کۆن و نوێ دا لەبارەی کێشەی دزی ئەدەبییەوە خۆی دەنوێنێ.
٣. مەبەستیان بریندار کردنی شاعیران نەبووە، بەڵکو دەرخستنی ڕەسەنایەتی وەرگرتن بووە، هەرچەندە لەهەندێ ڕەخنەدا شکاندنی شاعیری پێوە دیارە.
٤. ڕەخنەگران پێوانەیەکیان هەبووە لە کێشی دزییدا، ئەویش ئەوەیە کە دانیان بەوەرگرتن کردووە، بۆ داهێنانی وێنەی هونەریی هەر هەمووش لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دزی کردنی وێنە، ناشیرین ترین دزیی کردنە.
٥. دەق ئاوێزان چارەسەرێکی نوێیە لەئەدەبیاتی ئەوروپی دا بۆ تێکەڵاوبوونی شارستانیەکان و نزیك بوونەوەیان و سوود لە یەکتر وەرگرتنیان و موتربەکردنی ئەدەبی خۆمالّی کە مۆرکی تایبەتی خۆی هەبێ.
٦. ڕەخنەگرانی نوێ درێژەوەبووی سروشتی بیروڕای ڕەخنەگرانی کۆنن، پێویستە دیاردەی گەڕانەوە بەرەو کەلەپوور لەبەرچاو بگرین کە هۆیەکی ئەم بووژانەوە نوێیەیە، هۆیەکی بەهێزیشە لەنزیك بوونەوەو پێکەوە گرێدانی بیروڕای ڕەخنەگرانی کۆن و نوێ لەبارەی دزی ئەدەبییەوە.

سەرچاوە

١. الفيروز آبادى، القاموس المحيط، مكتبة التراث،١٤٠٧هـ.
٢. د. عبدالعزيز عتيق، في النقد الأدبي، دار النهضة العربية١٣٩١هـ، ص.٣١.
٣. د. انعام خوالي عكاوي، المعجم المفصل في الأدب، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢، ص٥٢٤.
٤. أبو الفرج الاصفهاني، كتاب الأغاني ، دار التونسية،١٩٨٣.
٥. د. محمد مندور، النقد المنهجي عندالعرب، دار النهضة القاهرة،ص٣٠٨.
٦. د. محمد الراية، تاريخ النقد الأدبي في الأندلس،ص٤٣٤.
٧. 7-Gilles Deleuze, Dialogues, avec claire, Ed, Flammarion, paris, 1977 .P.13
٨. د. محمد مندور ، النقد المنهجي عند العرب ، دار النهضة، القاهرة.ص٣٥٧.
٩. د. بدوي طبانة، السرقات الأدبية، دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٤، ص٦٥.
١٠. د. عبدالطيف محمد السيد الحديدي: السرقات الشعرية بين الآمدى والجرجاني في ضوء النقد الأدبي القديم والحديث، دار السعادة، قاهرة، ١٩٩٥.
١١. د. حسن طبل، المعنى الشعرى في التراث النقدي، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٩٨، ص٢٠٣.
١٢. ابي هلال العسكري، حققة وطبعة.....د. مفيد قميحة، كتاب الصناعتين، دار الكتب العلمية،بيروت ط٢، ١٩٨٤. ص١٤٦.

١٣. الحصري(ابو اسحاق القيرواني)، زهرة الآداب و ثمر الالباب. دار إحياء الكتب العربية، ١٩٥٣،ص٦٦٦.

١٤. الأمدى(الحسن بن بشر) ، الموازنة بين أبى تمام و البحترى، بدون تاريخ، ص١٣١.

١٥. ابو هلال العسكري، كتاب الصناعتين، ص١٤٦.

١٦. محمد مصطفى هدارة، مشكلة السرقات في النقد الأدبي، المكتبة الاسلامي ، بيروت، ١٣٠٩هـ، ص٤٩.

١٧. القاضي الجرجاني، تحقيق محمد ابو الفضل ابراهيم علي، الوساطة بين المتنبي وخصومه، دار إحياء الكتب العربية، ط١٩٥١،٢،ص١٨٣.

١٨. يحيى بن حمزة العلوي، الطراز، دار المقتطف، مصر،١٩٧٢، ص١٨٨.

١٩. محمد مصطفى هدارة، مشكلة السرقات في النقد الأدبي، المكتبة الإسلامي، بيروت، ١٣٩٠، ص٣١٠.

٢٠. الصاحب بن عباد، الكشف عن مساوئ المتنبي، مكتبة القدس، مصر،١٩٤٩.

٢١. عبدالحي دياب، التراث النقدي قبل مدرسة الجيل الجديد، دار الكاتب العربي، القاهرة، ١٩٦٨، ص٧٩.

٢٢. د.محمد مندور، النقد المنهجي عند العرب، ص٣٠٨_٣٠٩.

٢٣. د. محمد زكي العشماوي، قضايا النقد الأدبي بين القديم و الحد،ث، دار النهضة العربية، بيروت ١٤٠٤هـ، ص٣٦٤_٣٦٥.

٢٤. د.عبدالفتاح علي عفيقي، الذوق الأدبي، مطبعة الأمانة، القاهرة، ١٩٨٧، ص١٢٤_١٢٥.

٢٥. 25- poetique, Paris, No8.

٢٦. 26-Julia Kristeva, Reches pour une semanalyse, Ed, du seuil, paris, 1969.

٢٧. 27-Julia Kristeva, le texte du Roman, Paris, 1976.

٢٨. كاظم جهاد، ادونيس متحلا، مكتبة مدبولي١٩٩٣.

٢٩. نفس المصدر السابق.

٣٠. 30-Lautreamont et sade, Ed, minuit, paris,1963.

٣١. 31-Michael Riffaterre, Laproduction du texte,Ed,du seuil, paris,1979.

٣٢. الوهايبي، الجسد المرئي والجسد المتخيل في شعر ادونيس، قراءة تناصية، تونس،١٩٧٨.

٣٣. ادونيس، الاعمال الكاملة، تحولات العاشق، دار العودة ص٥٣١.

٣٤. 34-R.M. Alberes, Bilan litteraire du xxesiece Ed, alBain Michel, paris,1957

٣٥. ترجمة جورج طرابشي (الاتجاهات الادبية في القرن العشرين) عويدات، بيروت ،١٩٦٥.

٣٦. ادونيس، زمن الشعر، دار الفكر، بيروت،١٩٨٦.

٣٧. رامان ژمارە٤١/١٩٩٩.

٣٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٩. مصلح جەلالی، شێخ نوری، دەنگی رەسەنی شیعر، بەغدا، ١٩٨٤، ل ١٣٠.

٤٠. رامان ژمارە٤٢/١٩٩٩.

٤١. عبدالخالق علاءالدين،دڵدار شاعیرێکی شۆرشگێڕی کورد، دار افاق العربیه، بغداد،١٩٨٥.

نووسینی: نەجم ئەڵوەنی

جوگرافیای دەق

پێڕستی ناوەڕۆك

١- پێشەکی

٢- چەمکی جوانی شوێن

٣- گرنگی شوێن لە نامە شیعرییەکەی نالی دا:

٤- جۆرەکانی شوێن لەنامە شیعرییەکەی نالی دا:

ا- شوێنی جوگرافی:

١. شوێنی سادەی کراوە

٢. شوێنی سادەی داخراو

٣. شوێنی کراوەی لێکدراوە یان ناسادە

٤. شوێنی داخراوی لێکدراو

ب- شوێنی سروشتی

ج- شوێنی نابینی

٥- ئەنجام

٦- سەرچاوەکان

پێشەکی

نالی وەکو شاعیرێکی گەورەی کورد کەلەسالّی ١٨٠٠ز لە دایك بووەو تا کۆتایی نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیە ژیاوە، سەرەڕای ئەوەی خەڵکی گوندێکی دوا کەوتووی کوردستان بووەو لەدێی خاك و خۆڵ هاتووەتە دنیاوە، بەڵام لەڕێی شیعرەکانیەوە توانای لەبن نەهاتووی داهێنانی خۆی سەلماندووەو یەکەم کەس بووە کە لەناوچەی سلێمانی لەو سەردەمە دەستی بەنووسینی شیعر بەشێوەی کرمانجی خواروو کردووە.

ئەم شاعیرە لەو کاتەوە بووەتە قوتابخانەیەکی شیعری فراوانی کوردی و کاری کردۆتە سەر زۆر بەی شاعیرە ناوارەکانی ئەو ناوچەیەو لە شیعری زۆر بەی ئەوان دا وەکو سالم و کوردی و وەفایی و شێخ نوری شێخ سالّح وگۆران ....تاد جێ پەنجەی دیارەو بەئاسانی دەناسرێتەوە.

چەند جارێ دیوانەکەی چاپ کراوەتەوەو کتێب و وتارو لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی کراوە، بەڵام تائێستا وەکو بلیمەتێك حەقی خۆی نەدراوەتێ و گەلێ لایەنی هونەریو وردەکاری لەشیعرەکانی دا هەیە چاوەڕێی ئەوەن کەسێك پەیان پێ بەرێ و بیان دۆزێتەوەو لێکۆڵینەوە یان لەسەر بکات، بۆئەوەی زیاتر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

لەکاتی رووخانی میرنیشینی بابان و داگیرکردنی شاری سلێمانی لەلایەن سوپای تورکی عوسمانلی یەوە، ئەو لەشاری شام بووەو لەحەج گەڕاوەتەوە،، ئیتر دەرفەتی گەڕانەوەی بۆنەماوەو لەوێوە نامەیەکی بەشیعربۆ(سالم)ی شاعیرو هاوڕێی نووسیوە. پرسیاری ئەوەی لێ دەکات کە ئایا فرسەت هەیە بۆ سلێمانی بگەڕێتەوە؟ ئەویش بەنامەیەکی شیعری(٣٩)بەیتی وەلامی داوەتەوەو داوای لێ دەکات کە نەگەڕێنەوە. لەبەرئەوە سەری خۆی هەڵدەگرێو ڕوودەکاتە ئەستەمبوڵ و لەوێ دەمێنێتەوەو لەوێش دەمرێ و لەگۆڕستانی ئەبا ئەیوبی ئەنساری بەخاك دەسپێردرێت.

لەونامە شیعرییەدا، نالی گەلێ بایەخی بەشوێن داوەو گەلێ واتاو چەمکی سیاسی و مێژوویی و ئایینی و جوانیی پێ بەخشیووە. ئەم لایەنە لێکۆڵینەوەی لەسەرنەکراوە، بۆیە منیش بەدەرفەتم زانی ئەم باسەی لەسەر بنووسم. هیوادارم کەشیعرەکەم بێ ناز نەکردبێو کارێکم نەکردبێ دڵی نالی و نالی دۆستانم رەنجاندبێت.

لەم باسە دا لەروانگەیەکی فەلسەفی ـــ ئەدەبییەوە باسی جوانی شوێنم لەو نامەیە دا کردووەو بەشەکانی باسەکەم بەم جۆرە دابەش کردووە:

١. **چەمکی جوانی شوێن:** لەم بەشەدا بەکورتی باسی چەمکی جوانی شوێنم لەفەلسەفەی ئایدیالیستی زاتی و ماتر یالیزمی میکانیکی و ماتریالیزمی زانستیدا کردووەو پاشان ئەوەم دەرخستووە کە فەلسەفەی ماتریالیزمی زانستی لەوانی تر باشترو گونجاو تر ئەم لایەنەی تەفسیر کردووە. لەبەر ئەوەش من خۆم باسەکەم لەژێر ڕۆشنایی ئەو فەلسەفەیەدا ئەنجام داوە.

٢. **گرنگی شوێن لەنامە شیعرییەکەی نالی دا:** لەم بەشەدا باسی ئەوەمان کردووە کەبۆچی نالی لەم نامە شیعرییەدا ئەوەندە گرنگی بەشوێن داوەو زۆربەی وێنە شیعرییەکانی لەسەر بناغەی شوێن دامەزراندووەو بەجۆرێك شوێنی هێناوەتە ناو دەقەوە، بووەتە بەشێکی گرنگ لە رەگەزەکانی بنیادی ئەو دەقەو لابردنیان دەبێتە هۆی تێکدان و هەڵوەشانەوەی سەجەم شیعرەکە. بۆچوونی خۆمان لەم بارەیەوە دەرخستووەو ئەوەمان دووپات کردووەتەوەکە شوێن لای نالی بێجگە لەوەی کە لەم دەقەدا هێمای ولاتێکی داگیرکراوە، هەروەها لانکەی خەون و هیواو ئاواتەکانی ئێستا و ئایندەی شاعیربووە،بۆیە بووەتە مالّی خەون و لەدەیەها وێنەی شیعرییدا باری دەروونی و خەم و ئاواتەکانی شاعیری لە ئامێز گرتووە.

٣. **جۆرەکانی شوێن** : لەم بەشەدا جۆرەکانی شوێنم بەگوێرەی شیعرەکە بەسەر چەند بەشێکدا دابەش کردووە کەئەمانەن:

أ. شوێنی جوگرافی.

ب. شوێنی سروشتی.

ج. شوێنی ئایینی.

لەناو ئەم بەشەشدا شوێنم بەگوێرەی ئاستی واتایی بەسەر دووبەشدا دابەشکردووەو پاشان جۆری شوێنی کراوەو داخراوم خستووەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

لەکۆتاییشدا ئەنجام و گرنگترین سەرچاوەکانی ئەم باسەم دەست نیشان کردووە.

چەمکی جوانی شوێن

جوانی وەکو چەمکێکی فەلسەفەی بەگەلێ شێوەو بۆچوونی جیاواز لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە هەر فەیلەسوف و شاعیرو ئەدەبێك لەروانگەی فیکری

خۆیەوە ئەم چەمکەی بەکارهێناوەو تەوزیفی کردووە.

بەگوێرەی فەلسەفەی ئایدیالیستی زاتی ((جوانی تەنیا بەرهەم و ڕەنگدانەوەی زات نییە بەڵکو بگرە ئەفراندنێکی سحرییانەی تاکیشە))[1]، هەروەها فەلسەفەی ماتریالیزمی میکانیکی، جوانی بەڕەنگدانەوەو لاسایی کردنەوەی واقیع دەزانێ، بۆیەش داوایان لەشاعیران و هونەرمەندان کردووە کەلەسروشت دا بەدوای جوانی دا بگەڕێن و تەنیا شتە جوانەکان هەڵبژێرن . کەچی لەڕوانگەی فەلسەفەی ماتریالیزمی زانستییەوە، واتا فەلسەفەی مارکسیزمەوە، ئەوەمان بۆدەردەکەوێ کەڕاستە جوانی لەدیمەنەکانی سروشت و ژینگەی مرۆڤدایە، بەڵام شاعیران و هونەرمەندان تەنیا لاسایی واقیع ناکەنەوەو بەرهەمەکانشیان تەنها ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو واقیعە نییە بەڵکو ئەوان جوانی واقیع دەبینن و پاشان بەشێوەیەکی کارامەو زیندوو وێنەجوانەکانی ئەو واقیعەیە بەگوێرەی تێڕوانینی خۆیان دادەمەزرێننەوەو لەبەرهەمەکانیان دا پیشانی ئێمەی دەدەن . لەبەر ئەوە ئەوان واقیع فۆتۆکۆپی ناکەن، ئەگەر چی ئەو هەستەمان لادروست دەکەن کەلەوێنە شیعریو هونەرییەکانی خۆیان دا گوزارشت لە واقیع دەکەن و وێنەجوانەکانی ژیان و سروشتمان بۆ نەخشە دەکێشن.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەتێڕوانینی جیاواز بۆچەمکە گشتییەکەی جوانی لە جیهانی فەلسەفە لەئارادایە.بەهەمان شێوەش چەمکی شوێن لەڕوانگەی جیاوازەوە باس کراوەو هەر فەیلەسوف و ئەدیب و ڕەخنەگرێك بەگوێرەی بینای فیکریو جیاوازی ئایدۆلۆژی خۆی هەوڵی داوە لەم چەمکە گرنگە بدوێ یاخود لەبەرهەمی خۆیدا بەکاری بهێنی و تیشك بخاتە سەری.

لەبەر ئەوەی شوێن بەشێك لەسروشت پێك دەهێنێو جوانی شوێن زیاتر لەسروشت دا بەدەردەکەوێت، بۆیە سروشت بووەتە مەیدانی یەکەمی هونەرو شیعر. هونەرمەندان وشاعیران بەزۆری پەنایان بۆ سروشت بردووە بۆ ئەوەی لەڕێی دیاردەو دیمەنەکانی ئەوەوە جوانی بخولقێنن و لەوێنە هونەرییەکانی خۆیاندا هەستی جوانی پێ دەربڕن و سەرنجی بینەرو خوێنەر بۆلای خۆیان ڕابکێشن. سروشت و واقیعیش لێك جیانابنەوە، بەڵکو هیگڵ ئاسا هەرگیز هونەر ناتوانێ لەم دوو سەرچاوەیە دەست هەڵگرێت و ئاویان لێ نەخواتەوە[2] .چونکە هونەر بەگشتی واتە وێنە دروست کردن،سروشت و واقیعیش دووبناغەی یان دوو سەرچاوەی گرنگ و پێویستی وێنەی هونەرین. ئەمەش مانای ئەوە نییە کەوێنەی شوێن لەسروشتەوە یەکسەر دەگوێزرێتەوە بۆ ناو بینای هونەری دەق بەڵکو دەتوانین بڵێین بنیادنانی هونەری شوێن مانای ئەوەیە کە سروشت ملکەچی جوانەوەی دەروون و پێویستییەکانی بکرێت، لەبەر ئەوەشە شاعیر بۆئەوەی ڕاستگۆیانەیان بەباشترین شێوە گوزارشت لەباری دەروونی خۆی بکات، بۆی هەیە دووبارە سروشت بنیاد بنێتەوەو بەو جۆرە دەسکاری دیمەنەکانی بکات کە خۆی ئارەزووی لێیە[3]. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وێنەی شیعرییە، بەتایبەتی وێنە شوێن ، کەزیاتر مەبەستی ئێمەیە، گەڵ لەوێنەی واقیعی خۆی یاخود وێنە جوگرافی و سروشتی یەکەی واقیعی تر دەبێ. چونکە وەکو کارڵ ڤیسلەر دەڵێ: وێنەی شیعری خەونی شاعیرە، خەونیش پابەندی لۆجیکی کات نییەو دان بەیاسای رێژەییدا نانێت، ئەمەش دەرفەتی زیاتری بەوێنەی شیعری داوە کەبەپیت بێ و هەستی تێدا چڕ بکرێتەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی کەشیعر هێمایەو سەرچاوەکەی لە لاشعوردایە، بۆیە وێنەکانی لە وێنەی واقیع و لەهەموو حەقیقەتێك کاریگەرترەو زیاتر کارلەهەست و بیری خوێنەر دەکەن[4].

هەموو دەقێکی ئەدەبی ڕەسەن بایەخی بە شوێن

داوه. لەناو شوێنیش دا، باسی روو داوو بەسەرهاتی مرۆڤ و جولّەی کات و رەوتی مێژووی کۆمەلایەتی، رەنگی داوەتەوە، بۆیە ئێمە دەتوانین لە شوێن دا سایکۆلۆجیەتی ئادەمیزاد بخوێنینەوە، هەروەها ئاستی رۆشنبیری و کۆمەلایەتیو جۆری بیرکردنەوەو خەون وئاوات و ترس و نهێنیو ڕابردوو ئێستای دەنیشان بکەین.ئەمانەش هەموویان لەرێی وشەو زاراوەی ئەدەبیو وێنەی هونەری شاعیرەوە بۆمان ئاشکرا دەبێو لەرێی ئەوانەشەوە کەزەخیرەی زمانی شاعیر پێک دەهێنن، دەتوانین بینای فیکری ناوەوەی شاعیر بناسین و فەلسەفەی کۆمەلایەتی ئەوی پێ دیاری بکەین. هەروەکو تیشیرنیشفسیکی دەڵێ((ئەدەب ناتوانێت لەخزمەتی هیچ رەوتێکی فیکری دا نەبێت چونکە ئەم کارە لەسروشتی ئەو دایەو پێی ناکرێت دەستیلێ هەڵگرێت تەنانەت ئەگەر ئەم ئارەزووەشی هەبووبێت))[٥].

سەرەڕای ئەوەی کەدەبێت وشەی شیعری، لەواتای زمانی و فەرهەنگی وشەی ئاسایی لابداو دووربکەوێتە، بۆ ئەوەی لەدەقیشیعریداجێی ببێتەوەو شیعرەکە نەخاتە داوی دەربڕینێکی ڕاستەوخۆو سادەوە، دەبینین ئەو وشەیە بەهەر چەشنێك بێت جۆرە پەیوەندییەکی بەواتای یەکەمەوە دەمێنێت ئەگینا کاریگەری لەسەر خوێنەر نامێنێ و ئەو واتاو ڕێنەیەی کە دروستی دەکات لەبەر نامۆیی، ئاڵۆز دەبێو جوانی خۆی لەدەست دەدات. بەهەمان شێوەش ئەو وشەو زاراوانەی کەناوی شوێنن و ئیشارەت بەو دەدەن جۆرە پەیوەندییەکی زەینی لای خوێنەر لەنێوان شوێن لەواقیع و شوێن لەدەق دا دروست دەکەن و وای پێ دەکەن کە قەناعەتی هەبێت ئەو جۆرە شوێنانە ڕاستەقینەن و کەس و ڕووداوو زەمەنی ڕووداوەکانیشی بەشێکن لەمێژوویەکی دیاری کراوی ژیانی ناو کۆمەڵ.

بەهۆی ئەمەشەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەدەب، پەیوەندی بەبوونی مرۆڤەوە هەیەو ((گوتارێکە ئاراستەی حەقیقەت و ڕەوشت کراوە..ئەدەبیش هیچ بایەخێکی نابێت ئەگەر یارمەتیمان نەدات بەشێوەیەکی پەسەندتر لەژیان تێبگەین))[٦]، لەگەڵ ئەوەش دا دەبێ دەرك بەوە بکەین کە لەنێوان نیشانەکانی مەرجەع و ئاستی دەربڕینی هونەری جیاوازی لەرووی جوانی دەربڕینەوە هەیە چونکە بەو جیاوازییە، نووسین سەربەخۆیی خۆی دەبێ و پەیوەندی یە تایبەتییەکانی ناوەوەی دادەمەزرێنێت. ((بەو سەربەخۆییەش لەمەرجەع جیا دەکرێتەوە، لێی دوور دەکەوێتەوە. بێ ئەوەی لێی دابڕێت))[٧].

لەبەر ئەوەی ئێمە بڕوامان وایە کە شوێن پەیوەندی بەمرۆڤ و ژیانی کۆمەلایەتیو مێژووی کۆمەڵگەوەهەیە،بۆیە شوێن وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی یان بەشێك لەبینای هونەری دەق، لەبەها کۆمەلایەتی و سیاسیو ڕەوشتییەکانی مرۆڤ جیا ناکەینەوە وەکو ئەوانەی کە خۆیان پابەند دەکەن بەهەندێ نەزعەی ئایدیالیستی یەوەو لەرووی جوانییەوە دەیانەوێ جوانی بەگشتیو جوانی شوێن بەتایبەتی لەو هەموو بەهاو چەمکانە جیابکەنەوە لەسەر بناغەی ئەوەی کە ـ گوایە ـ جوانی کاری هونەری پەیوەندی بە ڕەوشت و سیاسەت ئایین و...تاد نییە چونکە وەکو ئەوان دەڵێن هەموو ئەو بەهایانە لەبەها جوانەکانەوە(القیم الجمالیە) داڕێژراون[٨].

جوانی شوێن لەرووی هونەرییەوە پەیوەندی بەجوانیو ئەندازەی شوێنی سروشتیو جوگرافی واقعییەوە هەیە، لەبەر ئەوەشە سەرجەم وێنەکانی شوێن لەهەر دەقێکدابێت ڕەنگدانەوەی جوگرافیاو هەندەسەی شوێنی واقیعی پێوە دیارە، ئەگەر چی وێنەی یەکەم لەدەقدایەو بەشداری لەدامەزراندنی بینای ئەودا دەکاو تەفاعولی لەگەڵ سەرجەم توخمەکانی تری ئەو دەقەدا هەیە، بەڵام دووەم

لەواقیع دایەو شوێنی لەسەر زەوی دیارەو لەرووی هەندەسەییەوە بوعدەکانی روون و ئاشکراترن.هەردووجۆرەکانی شوێنیش واتا شوێن لە دەق و شوێن لەواقیع دا رەنگدانەوەی قۆناغێکی ئابووری- کۆمەلایەتین و لەشێوەی فیکرو بینادا بەر جەستەبوون ئێمەش وەکو نۆرتراب فرای دەڵێت ناتوانین ئەدەب لەگوتارەکانی تری ناو کۆمەڵگەجیاکەینەوە، بۆیە هەندێ جار شتی ئەدەبی لەدەرەوەی ئەدەب دا دەبینینەوەو هەروەها شتی دەرەوەی ئەدەبیش لەناو ئەدەب دا بەرچاومان دەکەوێت[٩].

شوێن وەکو هەردوو چەمکەکەی، لای ئێمە پەیوەندی بەباری ((سایکۆلۆژی مرۆڤ وشێوازی ژیان و چۆنیەتی سەوداکردنی ئادەمیزاد لەگەڵ سروشت دا هەیەو قەوارەیەکی کۆمەلایەتی کەپوختەی تەفاعولی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵی لەخۆگرتووە، بۆیە ئەمیش وەکو هەربەرهەمێکی کۆمەلایەتی ترهەڵگری بەشێکە لەرەوشت و بیرو هوشیاریی نیشتەجێیانی))[١٠].

باس کردنی جوانی شوێن و گوزارشت کردن لەفەلسەفەی ژیان، باشترین بەڵگەیە بۆئەوەی بڵێن نالی شاعیر لەڕێی شوێنەوە هەوڵی داوە بۆچوونی خۆی دەربارەی مێژووی مرۆڤ و جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی سەدەمی بابانەکان لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دا بکات چونکە وەکو ((تیشتیشیرین)) دەڵێ ((نەخشە سازیو پێکهێنانی قسەو موفرەداتی زمانی نووسەر گوزارشت لەو بینافیکرییەی ناوەوەی دەکەن کەبەشێوەیەکی ئۆرگانی پێوەی پابەندەو لەهەموو دیاردەیەکدا دەربڕینێکی بۆ دەدۆزێتەوە))[١١]

ئێمەش لەگەڵ ئەم زانایەدا دەڵێین هەموو وشەیەک ئەگەر چی ئاڵۆزو واتاکەی بەتەواوی ڕوون نەبێ، تەعبیر لەفیکرو فەلسەفەو چەمکی ڕەوشتی و سیاسی نووسەرەکەی دەکاو دەتوانین لەڕێی ئەو وشەیەوە ڕەوتی فیکریو ئینتمای کۆمەلایەتی و مەیلی سیاسی نووسەرەکەی پێ دیاری بکەین و ناسنامەکەی ئاشکرا بکەین.

گرنگی شوێن لەنامە شیعرییەکەی نالیدا

ئەوەی نامە شیعرەیەکەی نالی بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کەئامادەبوونی شوێن، بەشێوە جیاوازییەکانییەوە، هەروەها بەوشێوە چڕو پڕە، تەنیا لەبەر ئەوەنەبووە کەبەهۆی ڕووخانی میرنشینی بابانەوە ئیتر ڕێگە لەبەردەم ئەو شاعیرە گیراوە کە جارێکی تر بۆ سلێمانی بگەڕێتەوە،بەڵکو هۆی هەرە سەرەکی ئەوە بووە کە شوێن بەواتای نیشتمان لەو زەوت کراوە، ئەمەش خۆی لەخۆی دا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سلێمانی وەکو شارێك بەلای ئەوەوە نەك تەنیا پایتەختی بابان بووە، بەڵکو هەموو شوێنێکی ئەو شارە وڵاتی خەون و ئاوات و نیشتمانی حەزەکانی شاعیریش بووە یادگارەکانی لەوێبەجێ ماون و لەو شوێنەدا(ڕابردوو، ئێستا، ئایندە)ی نالی مرۆڤ یەکیان گرتووەو زنجیرە هەستێکی دەروونی قوڵ ئەوسێکاتەی لەو شوێنەدا لەناخی شاعیردا پێکەوەگرێ داوەو هەستی هەژاندووە.لەم شوێنەدا شاعیرلە عیشق وجوانی تێڕاماوەو قەریحەی شیعری تێدا شکۆفەی کردووە. هەرلەوێدا خەمی بۆ دووری حەبیبە هەڵڕشتووەو بەئازارەکانی جودایی ئاگر بەر بووەتە دەروونی و بروسکەی عیشق و نائومێدیو ژوان و دابڕان لەناخی دا ئامێتە بووەو بوونەتەپەڵە بارانی شیعری ڕەسەن..

دابڕان لەم شوێنەو گیرۆدە بوون بەداوی هیجرەت و غوربەت و سووتان بەسۆزی دوری و خۆزگەی گەڕانەوە، بێجگە لە دەست دانی ئازادیو دیل بوونی کوردان لەبن دەستی داگیرکەری توركی عوسمانلی، ئەمانە هەموو پێکەوە بوونەتە ئەو هۆکارە دەروونییانەی کە شوێن، واتە سلێمانی، بەدارو بەردو

سەیرانگاو رووبارو پردو شەقام و مزگەوت وخانەقاو حوجرەی خوێندن وباخچەو چیمەنەوە بێنە ناو خەیاڵی شاعیرو بەشێوەیەکی داهێنەرانە دووبارە دامەزرێنەوەو لەچوارچێوەی وێنەی شیعریی سیحر ئامێزدا خۆیان بنوێنن و مێژووی ژیانی شاعیرو خەڵکی سلێمانی و مێژووی ئەو سەردەمەو ئەفسانەو فیکری ئایینی ئەوان و سیستەمی ژیانیان بۆ ئێمە لەم کاتەدا بەشێوەیەکی شیعری، بەزمانی وشەو خەیاڵی شاعیر بۆ بگێڕینەوەو ئەو هەستەمان لا دروست بکەن کە وابزانین بەرامبەر تابلۆیەکی راستەقینەو راستگۆیانەی مێژووی مرۆڤی ئەوکاتە وەستاوین. کەواتە ئەگەر ئەو رووداوە رووی نەدابایە، شاعیریش نەی دەتوانی ئەم شیعرە بخوڵقێنێو بەشێك لەمێژووی ئەو کاتەمان بۆ بگێڕێتەوە. ئەگەر چی لەهەمان کاتدا بڕوامان وایە کە شاعیر مێژوو نووس نییەو بەشێوازی ئەوان ئەرکی گێڕانەوەی مێژوو ناکەوێتە ئەستۆی، چونکە نەشاعیرو نەدەقی شیعری ناچارنین کە رووداو وەکو خۆی بگێڕنەوە. لەبەر ئەوەی کەدەقی شیعریو شاعیر، مێژوو پەرت دەکەن، بەناو رووداوەکان دا شۆڕدەبنەوە، تا دەگەنە بەشێکی بچووکی ساتەکان و پاشان ئەو بەشانە بەگوێرەی پڕۆسەی داهێنان دووبارە دادەڕێژنەوە.[١٢]

کاتێ نالی بەهۆی هێزێکی رێگە گرەوە، لە سلێمانی و خانەقاو حوجرەو سەیرانگاو دەشتی فەقێکان و سەرچنارو شیوە سۆورو کانی ئاسکان و کونەباو گردی سەیوان و هاوەمیی برادەرەکانی بێ بەش دەبێ، واتا لەخەون و خەیاڵ و ئاوات و یادگارەکانی دادەبڕێ. ئارامی نامێنێ، چونکە شوێن بەقەد ئەوەی ژینگەی خەونە، ئەوەندەش ئارامی بەمرۆڤ دەبەخشێو دەروونی هێمن دەکاتەوە. کاتێ مرۆڤ دەکەوێتە دەرەوەی شوێن (واتە شوێنی ئارامیو خەون) جەدەلییەتی پەیوەندیو تەفاعول و هەڵچوون و سۆزگەرمی نێوان ناوەوەی شوێن و دەرەوەی شوێن و دروست دەبێ. لەدەرەوە بۆ ئارامی شوێن، تووشی ترس و دڵەڕاوکە دەبێت و حەز دەکات هەموو ئاستەنگەکان لەناوبچن تا جارێکی تر دەرفەتی گەڕانەوەی بۆ باوەشی شوێن بۆدروست ببێتەوە.

سلێمانی و خانەقاو حوجرە، بەلای نالییەوە بەهۆی غوربەت و دابڕانەوە تەنیا ئیشارەتێکی رووتی شوێن نین و ئاماژەیەکی سادە نین بۆ چەمکی شوێن، بەڵکو ئەمانە ئاڵتەرنەتیڤی مانا دەروونییەکانیان، لای ئەم تەنیا نۆستە لۆجیای شوێن بە چەمکە گشتییەکەی پڕ ناکەنەوە، بەڵکو سلێمانی و بەتایبەتی، خانەقاو مزگەوت، سەرچاوەی خەونن، خەونیش بووەتەهێماو بەناو جەستەی ئەم چامەیەدا تەشەنەی کردووە. بووەتە شەپۆل و جوانی خوڵقاندووە، بەو جوانییەش شوێنی بەهەموو واتایەکی زەینیو مەعنەویو حەقیقی و مێژوویی و ئەفسانەیی دامەزراندووەتەوە. ئەم جۆرە شوێنانەش کەخەیاڵ بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن وەکو((باشلار)) دەڵێ: ((وەکو شوێنێکی بێ بایەخی خاوەن بوعدی هەندەسی نامێننەوە کە مرۆڤ تەنیا بەشێوەیەکی مەوزوعی تێدا ژیابن، بەڵکو دەبنە ئەو شوێنانەی کەئادەمیزاد بەو پەڕی خەیاڵەوەژیانیان تێدا بەسەر بردووەو لەزۆربەی کاتدا هێزی ڕاکێشانیان هەیە، چونکە تاڕادەیەکی پارێزراو بوونیان تێدا چڕ دەبێتەوە))[١٣]. نالیش بەو شێوەیە سەودای لەگەڵ شوێن دا کردووەوبوونی دابڕاوی لەنێو ئەودا کۆدەکاتەوەو بەدوای ناسینەوەی خودی خۆیدا دەگەڕێت.

شوێن لەم نامە شیعرییەدا، بووەتە جێگای یەکگرتنەوەو جیا بوونەوەی دووکاتی جیاواز کە رابردووو ئێستایە. جارێ رابردوو بەهەموو قورسایی خۆیەوە ئامادە دەبێو پاشان ئێستا رەنگ و شێوەو ئیشارەتە گۆڕاوەکانی زەق دەکاتەوە. نالی لەکاتی یەکەم دا واتا رابردوو، شوێن دەخەملێنێو ئارایشی دەکا، بۆئەوەی وێنە جوانەکانی لەزەینی ئێمەدا

بچەسپێنێ. کەچی ا ەکاتی ئێستادا، دەیکاتە دژە شۆێن و سیفاتە دزیوەکانی، دەخاتە بەردیدو تەماشاکردنمان.

لەبەرئەوەی رابردوو هەمیشە لەناخمان دا دەژێت، بۆیە وێنەی شوێنەکانی بەبەردەوام، لەزیندە خەونەکانماندا دووبارە دەبێتەوەو لەڕێی ئەم جۆرە خەونانەوە، بۆئامێزی دەگەڕێینەوە، لەگەڵیدا بچوک دەبینەوەو بۆ کاتێ منداڵیو لاوێتی دەگەڕێینەوەو هاوڕێیانی ئەو سەردەمە بەسەرچووانەمان وەبیردێنێتەوە. بەگوێرەی ئەمەش نالی کاتێ یادی خاك و خۆڵ و سلێمانیو خانەقاو حوجرە دەکاتەوە بەهەمان شێوە لەزەمەنی ئێستا بەرەو کاتە بەسەرچووەکانی رابردوو دەگەڕێتەوەو هاوڕێیانی سەردەمی فەقێیەتی زیندوو دەکاتەوەو لەگەڵ خۆیدا دەمانباتەوە ئەو کاتانەی کە دەرسیان پێکەوە خوێندووە یان یارییان کردووە یاخود بەکۆمەڵ بۆسەیران چوون.

لەبەر ئەوەی سلێمانی بەزۆر داگیرکراوە، بۆیە نالی واهەست دەکات کە خۆشترین جێگاو سەیرانگاکانی ئەم شارە، پاش ئەوڕوودواوە تێکچووە. کاتێکیش شوێن وەکو جێگایەك بۆ سەیران و خۆشگوزەرانیو جێژوانی یاران، دەڕووخێ، یان بەهەر هۆیەکەوە داگیر دەکرێو لێیی بێ بەش دەبین، وێنەی ئەو شوێنانە لەناو دەروونماندا وەکو خۆی دەمێنێ یان لەخەیاڵمان دا جوانتر دەبێت، لەبەر ئەوەی خەیاڵیش بنەمای دامەزراندنی وێنەی تازەو جوانە، بۆیە ئەوشوێنانە هەمیشە لەخەیاڵی شاعیرو لەوێنە شیعرییەکانیدا تازەو جوانن و لەبیر ناکرێن و بەهێزەوە لە شیعرەدا بەدەردەکەون.

ئەگەر چەمکی شوێن زۆرجار بوعدی جوگرافی و هەندەسی شوێنمان وەبیر دەخاتەوە، هەروەها سەرەڕای ئەوەی کەبنیادو شێوەی شوێن لەدەق دا رەنگدانەوەی شوێنی جوگرافیوسروشتیەو لەسەر بناغەی ئەوان وێنەو شێوەکانی دادەمەزرێن، لەگەڵ ئەوەش دا لە کاتی خوێندنەوەی دەق دا دەبێ هەست بەوە بکەین کە ئێمە ((لەناو شوێن بەگوێرەی جوگرافیای دەق دەژین، نەك لەدەق دا بەگوێرەی جوگرافیای راستەقینەی ئەو شوێنەی کە لەواقیع دا دەیانناسین))[١٤]، کە ئێمەش شوێن لەم نامە شیعرییەی نالیدا دەخوێنینەوە دەبێ بەهەمان شێوە تەماشای جوگرافیای شوێن لەم دەقەدا بکەین و لە جوگرافیای شوێنی راستەقینەی جیابکەینەوە، ئەگەر چی ناوی شوێن و ئیشاراتەکانی ناو شیعرەکە، هەمان ناوو ئیشاراتن کەلە جوگرافیایحەقیقی شاری سلێمانیدا بەرچاومان دەکەون. چونکە ئەو شوێنانە بەخەیاڵی داهێنەرانەی نالی جارێکی تر داڕێژراونەتەوە. دەبێ لێرەدا ئەوە بزانین کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان جوگرافیای ئەو دوو شوێنەدا هەیە. واتا لەنێوان شوێن لەدەق و شوێن لەدەرەوەی دەق دا.لەناو دەقدا ئەگەر رۆمان بێیان چیرۆك یاخود شیعر((بوعدی ئولفەت شوێنی بوعدی هەندەسیدەگرێتەوە))[١٥].

شوێن لەدەقێکەوە، بۆدەقێکی تر، بەگوێرەی جیاوازی زەمەنی نووسینیان لەرووی رووخسارو شێوەو چەمکی جوانناسییەوە جیاوازی هەیە، بۆیە شوێنیش لەم نامە شیعرییەی نالیدا سیمای تایبەتیو چەمکی کۆمەلایەتی و مۆرکی جوانناسی سەردەمی خۆی پێوە دیارەو بەباشترین شێوە گوزارشت لەمێژووی دامەزراندنی دەقەکە دەکات و لەرووی رووخسارو چەمکەوە، جیاوازی لەگەڵ شوێنی ناو دەقی ئەم سەردەمەدا نابێبەچاوی ئێستا تەماشای بینای هونەری ئەو شوێنانە بکەین کەنالی لەم نامەیەدا وێنەی کێشاون.

نالی لەم دەقە شیعرییەدا دەنگ و رەنگ و بۆن و جولانەوەو وەستان و خۆزگەو چاوەڕوانیو مێژوو و ئەفسانەو ئایینی لەشوێن دا کۆکردووەتەوە، هەروەها لەم شوێنانەدا کات و شوێنی پێکەوە گرێ داوەو لە شوێن دا کات و لەکات دا شوێن

دەخوێنینەوە، بۆیەناکرێت لەم دەقەدا کات لەبەرچاو بگرین و شوێن لەبیر بکەین یاخود تەنیا تەماشای شوێن بکەین و کات بخەینە پەراوێزەوە بەڵکو زۆرجار بەهۆی رووداوەوە ئەمانە بوونەتەهاوشانی یەکترو لێك جیا نابنەوە، ئەگەرچی ((کۆلێردیج)) وتویەتی ((هەمیشە تێگەیشتنمان لەکات بەتێگەیشتنمان بەجێگاوە بەستراوە))[16]، بەڵام ئەم شیعرەی نالی پێچەوانەی ئەو بۆچوونەشمان بۆ دووپات دەکاتەوە. لەم دەقەدا ئەوەمان بۆئاشکرا دەبێت کە ((ناکرێت ئەم دوو بوعدە لە زۆر مەبەستی عەمەلیدا لێك جیابکەینەوە))[17]. ئەوەی ئەم دەقەش بەوردی بخوێنێتەوە هەمان بۆچوونی ئێمەی لە لا گەڵە دەبێت چونکە نالی خۆی مەبەستیئەوەبووەلەڕێی کاتەوەگرنگی شوێن دەربخات و لەناو شوێنیشدا کاریگەری کات بەنیسبەت رووداوەوەبسەلمێنێت.

جۆرەکانی شوێن لەنامە شیعرییەکەی نالیدا

لەم نامە شیعرییەی نالیدا شوێن بەچڕی و بەجۆری جیاواز بەدەردەکەوێت. هەندێکیان شوێنی جوگرافی و حەقیقیو سروشتین و هەندێکیان ئەندامە شوێن و شوێنی ئاینین واتە بوونیان پەیوەندی بەبیروباوەڕی ئایینییەوە هەیە. ئەو شوێنانە بەگوێرەی واتاو دەلالەتیان دەکرێن بەچەند بەشێکەوە: هەندێکیان شوێنی سادەن چونکە تەنیا ناویان هاتووەو رووداویان لەخۆنەگرتووە. یان تەنیا ناوی شوێنێکی دیاری کراون و مەبەستی تر نادەن بەدەستەوە. کەچی هەندێکی تریان شوێنی لێکدراون، واتا جگە لەوەی ناوەکانیان ئیشارەتە بە شوێن، مەبەست و دەلالەتی تریش دەگەیەنن و رووداو لەخۆدەگرن و رووداو کاری لەسیماو شێوەو سیفاتیانی کردووەو گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. هەروەها ئەو شوێنانەی لەم دەقەدا ناویان هاتووە ئەمانیش دەبن بەدوو بەشەوە، هەندێکیان کراوەن و هەندێکی تریان داخراون. مەبەست لەکراوەش ئەوەیە کە شوێنی گشتین و داخراویش ئەو شوێنەیە کەتایبەتییە. بۆئەوەی ئەو شوێنانە بەشێوەیەکی مەنهەجیو بەشێوازێکی زانستی بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، ئەوەمان بەباش زانی کەبەم شێوەی خوارەوە جۆرەکانیان دابەش بکەین و لەگرنگی بوون و دەورو چەمك و دەلالەتیان لەناو بەیتەکان دا بدوێین:

أ. شوێنی جوگرافی :

ئەگەر تەماشای هەردەقێکی ئەدەبی رەسەن بکەین بۆمان دەردەکەوێت کەئەو دەقانە هەریەکە بەگوێرەی مەبەست شوێنی تێدا دروست کراوە. بەڵام مەرج نییە ئەو شوێنانە وێنەی شوێنێکی جوگرافی دیاری کراوبن یان لەرووی جوگرافی یەوە لەسەر زەوی بوونیان هەبێت. بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو وێنانە سەرچاوەی یەکەمیان چەندەها جۆری جیاوازی شوێنی جوگرافین و هێماکانیان لەزەینی نووسەردا ماون و لەزەمەن و حاڵەتی داهێنان دا بەشێوەیەك لەشێوەکان چڕ دەبنەوەو دێنە ناو دەقەوە. لەدەقیشدا سیمای تایبەتی خۆیان وەردەگرن، چونکە نووسەر بەپشت بەستن بەزەین ئەو سیمایانەی پێ دەبەخشێت. ((لەم حاڵەتەدا نووسەر بایەخ بەوە نادات کەلەدەقەکەیدا پەیڕەوی شوێنی جوگرافی بکات واتە گوێ بەوە نادات کەتاچی قەدەرێ لەرووی پانتاییەوە وەکو شوێنی واقیعییە))[18]، ئەگەرچی ناوی شوێنەکان لەهەندێ حاڵەت دا وەهمی ئەوەمان لادروست دەکات کە لەوانەیە ئەو شوێنەی لەدەق دا باس کراوەیان وێنەیکێشراوە لە شوێنێکی جوگرافی دیاری کراو بچێت. لەم نامە شیعرییەی (نالی)یشدا تووشی هەمان هەڵوێست و وەهم دەبین. چونکە نالی بۆتەشکیل کردنی وێنەی شوێن سوودی لە جوگرافیای شاری سلێمانی (ناوەوەو دەرەوە) وەرگرتووەو ناوی ئەم شارەو سەیرانگاکانی، خانەقاکەی مەولاناو حوجرەکەی خۆی و ناوی کۆمەڵی شوێنی وەکو

سەرچنارو کانی ئاسکان...تاد وەرگرتووەو لە دەقەکەداتەوزیفی کرد ون.

شوێنی جوگرافی لەم دەقەدا بەسەر شوێنی سادەو لێکدراو، کراوەو داخراودا بەم شێوەی خوارەوە دابەش کراوە:

١- شوێنی سادەی کراوە:

وەکو: رێگا، شارەزوور، کۆیی یار، سەرزەمین، خاك و خۆڵ، مەحەللەکان، مەدرەسە، دەشتی فەقێکان، ئەم شوێنانە لەبەیتەکان دا تەنیا ناویان هاتووەو هیچ مەبەستێکی ترنادەن بەدەستەوە. ئەمانە دەوری ئەوە دەگێڕن کە جوگرافیای شوێن لەدەقەکەدا دیاری دەکەن، بێ ئەوەی لایەنێکی تر یاخود واتاو مەفهومێکی دیکە روون بکەنە.

بۆ نموونە لەبەیتی یەکەمدا (رێگە، شارەزوور)، یەکەمیان هێمای شوێنەو ناوی نییە، دووەمیشیان ناوی شوێنی گشتییە، ئەگەرچی ئەو شوێنە لەرووی جوگرافییەوە دەکەوێتە کوردستانەوە، بەڵام وەکو یەکەم شوێنێکی سادەی کراوەیە. واتا یەك ئاستی واتایی هەیە.

شاعیر دەڵێ:

قوربانی تۆزی رێگەتم، ئەی بادی خۆش مرور
ئەی پەیکی شارەزا بەهەمووشاری(شارەزوور)[١٩]

لێرەدا (رێگە)ئاماژەیە بۆ سەرەتای جوڵەی (با)، شارەزووریش جێی مەبەستی ئەو گەشتە دوورەیە، کە لە شامەوە دەست پێ دەکات و لەکوردستان کۆتایی دێ. (با) ، لەم شیعرەدا وەزیفەیەکی زۆر گەورەی پێ سپێردراوەو لەسەرجەم ئەم دەقەدا بووەتە گۆشەنیگای شاعیرو لەباتی ئەو بەناو شارمانداً دەسوڕێنێتەوەو بەشوێنەکانی ئاشنامان دەکات. لەبەر ئەوەش دەبینین دەلالەتی(با)لەم بەیتەدا چڕترو کاراترە لەناوو ئەرکی ئەودوو شوێنە.

هەروەها گەڕەکی یار وەکو شوێنێکی سادەو گشتی ئاماژەی پێ کراوەو شاعیر دەڵێ:

وەك ئاهەکەم دەوان بەهەتا خاکی کۆیی یار
وەك ئەشکەکەم رەوان بەهەتا ئاوی (شیوە سوور)[٢٠].

لەم بەیتەدا (کۆیی یار)تەنیا ئیشارەتە بەوەی کە گەڕەکی یارە، بێ ئەوەی ماناو دەلالەتێکی تر بگرێتە خۆی، تەنانەت (خاك و خۆڵ)کە شوێنی زیندەگی حەبیبە بووەو نالی لەوێ ماوەیەکی لەتەمەنی بەسەر بردووەو هەر لەوێش عەشقی حەبیبە لەدڵی داوەو بووەتە هۆی ئەوەی کەسەدان شیعر بۆ خۆشەویستی ئەو بهۆنێتەوە. لەم دەقەدادەبینین بەرامبەر عەشق و خۆشەویستی سلێمانی، بایەخی خۆی لەدەست داوەو تەنیا لەیەك بەیتدا بەشێوەیەکی سادە هاتووە لەوێش دا شاعیر بە (با) کەدەڵێ:

داخل نەبی بەعەنبەری سارایی (خاك و خۆڵ)
هەتا نەکەی بەخاکی (سولەیمانی) یاعوبوور[٢١].

واتە نەچی بۆ(خاك و خۆڵی) بۆن خۆش بەعەنبەری خالیس، هەتابەخاکی سلێمانیدا تێنەپەڕی. بۆن خۆشییەکەی (خاك و خۆڵ) بەهۆی یارەوەیە واتا(حەبیبە) وای لەنالی کردووە کە ئەو شوێنە بەبۆن خۆش بزانێ ئەگینا شایانی ئەوەش نەدەبوو لێرەدا ئەو وەسفەشی بکات. ئەگەر چی وەسفەکە گشتییەو لەدەرەوەیەو وجوودی (خاك و خۆڵ) هیچ چەمکێکی تازەو گرنگی نەخستووەتە سەر ئەم دەقە. کەچی کاتێ دێتە سەر باسی سلێمانی دەبینین بەدوای یەك دا لەچواردە شوێن وەسفی ناو شارو خەڵکی شارو باخچەو رووبارەکانی شار بەم شێوەیە دەکات:

١. ریاضی رەوضە(واتا باخچەی بەهەشتە).
٢. پڕ لەغلیمان و حووریيە(واتا لاوان و کچانی جوانن).
٣. خاکی میزاجی عەنبەرە(وەکو عەنبەر بۆن خۆشە).
٤. داری رەواجی عوودە(گرانبەهایە وەکو عوود)
٥. بەردی خەراجی گەوهەرە (پڕ لە داهاتە)
٦. جۆباری عەینی نوورە(ڕۆشن و بێ گەردە)

٧. شامی هەموو نەهارە (شەوی‌هەمووی رۆژە)
٨. فوصولی هەموو بەهارە(خەزانی تێدا نی‌یە)
٩. تۆزی هەموو عەبیرە(بۆن خۆشە وەك عەبیر)
١٠. بووخاری هەموو بوخوورە(هەڵمی هەموو بۆن خۆشە وەك بخوور)
١١. شارێكە عەدل و گەرمە(خاوەن دەسەلاتێكی دادپەروەرە)
١٢. جێگەكەی خۆش و نەرمە(شارێكی دڵگیرە)
١٣. بۆ پاراستنی لەچاوی بەد شارە زووری پێ دەڵێن.
١٤. خەڵكەكەی ئەهلی زانیست و بازگاكانی‌و شارستانین.

لەو هەموو وەسفانەدا نالی خەیاڵ و ئەفسانەو هەندێ وێنەی حەقیقی ژیانی تێكەڵ كردووە بۆ ئەوەی جوانترین وێنەی ئەو شارەو خەڵكی ئەو شارەمان بۆ نەخشە بكێشێ‌و بەبەر جەستەیی بیخاتە بەرچاومان، هەروەها شاعیر پەنای بردووەتە بەر هەموو زەخیرەی مەعریفی خۆی بۆئەوەی‌لەم كارەدا سەركەوتن بەدەست بهێنێ و خوێنەر بەراستگۆیی وەسف و وێنەكانی قەناعەت پێ بكات. لەبەر ئەوە ئەگەر بكرێت لەم شوێنەدا بەراورد لەنێوان گرنگی (خاك و خۆڵ)و شاری سلێمانی لەم دەقەدا بكەین بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم شارە بەلای ئەوەوە گەڵ لە خاك و خۆڵ گرنگترو جوانترو خۆشەویستر بووە، سەرەڕای ئەوەی كە خاك و خۆڵ مەنزڵگای حەبیبەو عەشق و جێژوانی نێوان نالی و دولبەرەكەی بووە.

بۆئەوەی نالی سەرنجمان بۆ جوانی ئەو شارە راكێشێ تووشی سەرسوڕمانمان بكات، هەوڵی داوە لەرێی كۆمەڵێ وشەی هەستی وێنەی خەیاڵییەوە زانیاریەكی نوێ لەڕێی پەیوەندیەكی چاوەڕوان نەكراوەوە لەنێوان بوونەهەستی و ناهەستییەكانەوە بەئێمە ببەخشێت، بۆیە دەبینین سلێمانی بەبەهەشت و لاوان و كیژانی ئەوشارە بەغیلمان و حۆری كاكۆڵ و زوڵف موشكین چوواندووەو دەڵێ:

یەعنی ریاضی رەوضە كەتێدا بەچەن دەمێ
موشكین دەبی بەكاكۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور[٢٢]
كە شاعیر كۆمەڵێ وشەی هەستی بەهەموو جۆرەكانیەوە بەكار دەهێنێ ((مەبەستی ئەوەنی‌یە وێنەی كۆمەڵێ شتی هەستی پێ بنوێنێ، بەڵكو لەراستیدا مەبەستی ئەوەیە كە تەسەورێكی زەینی دیاری كراو بەرجەستە بكات كە واتاو بەهای شعوری خۆی هەیە. هەرچی بە هایەكی ئەو وشە هەستییانەیە ئەوەیە كەلێرەدا دەبنە هۆكارێك بۆ بەگوڕخستنی هەستەكان و خورپە پێ بەخشینیان، چونكە ئەگەر شیعر وەكو ڕاپۆرت بوو یان بەتەواوی عەقڵ بەسەریدا زاڵ بوو دەبێتە مایەی بێزڵێ بووەنەوەو بێزاری))[٢٣] نالیش، بۆیە لەوەسفی سلێمانی وەكو شوێنێك لەناو دەقدا گەڵ وشەی هەستی بەكارهێناوە وەكو(خاك، دار، عوود، بەرد، جۆبار، بوخار، شار، مەحەللە.. هتد)بۆئەوەی وێنەیەكی زەینی رۆشنمان بۆبكێشێ، بەڵام بەحوكمی ئەوەی پرۆسەی داهێنانی شیعر بێ خەیاڵ ئەنجام نادرێ، بۆیە بەشەپۆڵی ئەو خەیاڵە زیاتر وێنەكەی هێناوەتە بەرچاوو گەشتری كردووەو دەرفەتی نەداوە لەژێرباری عەقڵ دا وێنەكە كاڵ و بێ تام بێو ببێتە هۆی بێزاربوونی خوێنەر. بۆ نموونە نالی (خاك و دارو بەردو جۆگەو شەو رۆژو تۆزو هەڵمی) شاری سلێمانی بە(عەنبەر و عودو گەوهەرو نوورو عەبیرو بوخوور)چووانـدووە. بەمەش حەقیقی و مادی‌و هەستی تێكەڵ بەخەیاڵ كردووەو زیاتر لامان وێنەی شاری رازاندووەتەوەو دەڵێ:

خاكی میزاجی عەنبەرو، داری رەواجی عوود
بەردی خەراجی گەوهەرو، جۆباری عەینی نوور
شامی هەموو نەهارو، فوصولّی هەموو بەهار
تۆزی هەموو عەبیرو بوخاری هەموبوخوور[٢٤]

لەمەوە بۆمان دەردەكەوێت كە شوێن لەدەق دا رەگەزێكی گرنگەلە رەگەزەكانی تری بنیادی شیعرو جیاوازییەكی زۆری لەگەڵ شوێنی جوگرافی

دەرەوەی دەق دا هەیە لەبەر ئەوەش تاوانێکی گەورە بەهەقی دەقێکی رەسەن و پڕ داهێنان دەکەین، ئەگەر باسی خووسووسیەتی شوێن بکەین یان ئەگەر بەگوێرەی تایبەتمەندی جوگرافی - رووبەر، تەفسیری بکەین، چونکە لەم حاڵەتەدا ئەوەپشت گوێ دەخەین کە شوێن رەگەزێکی بنیادنەری دەقێکی داهێنراوەو سەربەخۆیی و دەلالەتی تایبەتی خۆی هەیەو لەرەگەزەکانی تری دەق وەکو کات و کەس و رووداوو روئیاو..تاد جیاناکرێتەوە[٢٥].

ئەو شوێنانەی کە لەم باسەدا ئاماژەمان پێ دان واتا(رێگا، شارەزوور، کۆی یار، خاك و خۆڵ...تاد)ئەمانە تەنیا یەك بوعدو یەك ئاستی واتایی‌یان هەیە، واتا دەبنە سەربانی ڕووداو(رووداوی گرتن و داگیرکردنی سلێمانی)، بەڵام تێکەڵ بەوردەکاری کردار نابن و بوعدو ئاستەکانی دەوڵەمەند ناکەن. لەوانەیە هەندێکیان زۆر بەووردی‌و جوانی وەسف کرابن، بەڵام ئەو کارە پەیوەندی بەرووداوەکەوەنی‌یە، بۆیە بەو شوێنانە دەوترێت شوێنی سادە یان یەك ئاست، واتا تەنیا یەك بەهای واتاییان هەیە[٢٦].

٢-شوێنی سادەی داخراو

شوێنی سادەی داخراو، ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کەتایبەتن بە کەسێك یان شتێك یا خود دیاردەیەك و بەڕووی هەموو کەسێکدا کراوەنین و لەڕووی واتایەوەش یەك ئاستیان هەیەو بەڕووی ئاستی واتایی تردا کراوەنین. ئەم جۆرە شوێنانەش نموونەیان لەم نامە شیعرییەی نالیدا بەرچاو دەکەوێت وەکو:

(سەیوان) نەظیری گونبەدی کەیوانە سەبزو صاف
یاخۆ بووە بەدائیرەیی ئەنجومی قوبوور[٢٧]

لەم بەیتەدا (قوبوور) کەکۆی قەبرە، واتا گۆڕ شوێنێکی داخراوو سادەیە، چونکە تەنیا دەلالەت لەمردن دەکاو هیچ واتایەکی تر نابەخشێ.

هەروەها شاعیر دەڵێ:

واصیل بکە عەبیری سەلامم بەحوجرەکەم
چیی ماوە، چی نەماوە ، لەهەیوان و تاق و ژوور؟[٢٨]

لەم بەیتەدا نالی هەوالّی حوجرەو هەیوان و تاقی ژوورەکەی دەپرسێت بێ ئەوەی شتێکی تر بدرکێنێ، کەچی لەبەیتی دوای ئەم بەیتەدا دەلالەت و ئاستی واتایی ژوورەکەی لەداخراوی سادەوە بۆ داخراوی لێکدراویان ناسادە دەگۆڕێو کۆمەڵێ واتاو مەبەستی تری پێدەدات، کەلە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێدەکەین.

٣-شوێنی کراوەی لێکدراو یان ناسادە

ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کەگشتی و کراوەن و لەهەمان کاتدا دەتوانن چەند ئاستێکی واتایی‌یان هەبێت. نموونەی ئەم جۆرە شوێنانەش لەم دەقە شیعرییەی نالیدا بەرچاو دەکەوێت.

شاعیر دەڵێ :

داخۆ دەروونی شەق نەبووە (پردی سەر شەقام)؟!

پیرو فوتادە تەن نەبووە(داری پیرمەسوور)[٢٩]

پردی سەرشەقام لێرەدا شوێنێکی گشتی‌و کراوەو ناسادەیە چونکە بێجگە لەوەی هەستی مرۆڤی پێ بەخشراوە لەهەمان کاتدا رووداو کاری تێکردووە، یان شاعیر وای مەزەندەکردووە کە لەژێر کاریگەری داگیرکردندا دڵ و دەروونی لەخەفەتدا شەقی بردبێت. ئەم فیعلی شەق بردنە ئاستی واتایی و شعوری پردەکەی بۆ ئاستی هەست و هەڵوێستی مرۆڤ بەرز کردووتەوە.

هەروەها لەژێر کاریگەری رووداودا دەبینین هەندێ گۆڕان لەسیفات و سیماتی مەعنەوی شوێن دەگۆڕین. فیعلی داگیرکردن وای بەنالی کردووە کەوا هەست بکات شوێنی خۆشگوزەرانی‌و یاری کردن و کات بەسەربردنی فەقێکان(کەناری حەوشی خانەقاو دەشتی فەقێکان و گردی سەیوان)و هەندێ شوێنی

تـر ئاسـتی دڵگـیریو ئولفـەتیان لەدەسـت داوەو بوونەتە شوێنی نەیار یان ئەو شوێنەی مـرۆڤ لەبـەر ناخۆشی لێیان دوور دەکەوێتەوەو حەز نـەکات رووکاتـە ناویان. بۆ نموونە شاعیر:

ئێستەش کەناری حەوشەکە جێی بازو کەوشەکە
یاریی تیایە، یا بووەتە مەعرەزی نوفوور؟[٣٠]
یان دەڵێ:
توخوا فەزایی دەشتی فەقێکان ئەمێستەکەش
مەحشەر میثالە یا بووەتە(چۆڵی سەلم وتوور)؟[٣١]

بەم شێوەیە، نالی لەرێی شوێنەوە سـایکۆلۆجیەتی شـوێنمان بـۆ تەفسـیر دەکـات. هـەروەها لـەرێی شوێنەوە پـەیوەندی مێـژووی ئێستای دەق لەگـەڵ مێـژووی کۆنـی پێـش دەقەکـە لـەناو دەق دا دەخولقێنێ. بەمەش دوو رووی یەکگرتووی یـان هـاو شێوەی دوو مێـژووی جیاوازمـان لەزەمـەنی ئێستای دەق دا بۆئاشـکرا دەکـات، چونکـە شـوێن لـەرێی دەقـەوە دەمانگەیەنێتـە مێـژوو، جـا ئـەو مێـژووە لەئێمەوە نزیك یـان دوور بێـت،[٣٢] لەبـەر ئـەوە ئێمـە خۆمـان لـەناو ئـەو دەقـەدا بەرامبـەر بـە مێـژووی داگیرکاری و سـتەمی دەوڵـەتی تورکـی عوسمـانلی دەبینینـەوەو وێنەیـەکی کاریگـەری ئـەو سـەردەمە ناخۆشەمان دێتە بەرچاو. هەروەها نالی لـە رێـی ئـەم بەیتـەوە دەمانباتـە دەرەوەی مێـژووی مـرۆڤ و زەمەنی ئێستای ژیانی ئادەمیزاد، کاتێ کە سەیران و گەشتی دەشتی فەقێکان، پاش رووداوی داگیرکردنی سلێمانیو رووخانی میرنشینی بابان، بـەرۆژێ حەشر دەچوێنێ. واتـا بـەم نموونەیـە، نـالی دەیـەوێت بـیرو هۆشمـان ئاراستەی ئـەو دیـوی زەمـەنی ئێسـتامان بکات.

بەم جۆرە شاعیر دەرگای فیکری مرۆڤی سەردەمی خۆیمـان بـۆ دەکاتـەوەو ئـەوەمان بـۆ دەردەخـات کـەفیکری ئـەوان لەسـەر بناغـەی فەلسـەفەی ئایدیالیستی ـ رۆحی دامەزرا بوو.

ئەگـەرچی ئێمـە لـەڕووی مەنهەجیـیـەوە هـەوڵمان داوە جۆرەکانی شـوێن جیابکەینـەوە، بـەڵام هـەندێ جار زەرورەتی دەق ناچارمان دەکات پێکەوەیان کـۆ بکەینـەوە، چونکـە هـەردووکیان پێکـەوە هـاتوون و پـەیوەندی لێکچواندن یـان خواسـتن لەیـەك دێـڕە شیعردا پێکەوەیان دەبەستێتەوە. بـۆ نموونـە نـالی دەڵێ:

(سەیوان) نەظیری گونبەدی کەیوانە سەبزو صاف
یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبوور؟!

لـێرەدا دەبینـین (سـەیوان)کـە شـوێنێکی گشـتیو کراوەیـە، لەگـەڵ(ئـەنجومی قوبـوور)، کـە شـوێنێکی داخـراوو سـادەیە، لـەرێی لێکچوزاندنـەوەی پێکـەوە بەستراون.

لـەم بەیتـەدا (سـەیوان) هێمـای ژیـان و جوولـەو خۆشیـیە، کەچی (ئەنجومی قوبوور)، هێمای مردن و وەستان و ناخۆشـیـیە. بـەهۆی کـرداری مردنـەوە سەیوان سیفەتەکانی خۆی لەدەسـت داوەو سـیفەتی دووەمـی لـەزەینی شـاعیرەوە خواسـتووە. هـەروەها سەیوان بەهۆی کاریگەری ئەو کرداڕەوە کـە رووداوی کوشـتن یـان شـەڕ خولقاندوویـەتی ئاسـتی واتـایی لەسـادەوە بـۆ ناسـادە لـەرێی هێمـای قوبـوورەوە گۆڕاوە.

٤-شوێنی داخراوی لێکدراو.

مەبەست لەم جۆرە شوێنانە ئەوەیـە کەتایبـەتین و ئاسـتی واتاییـیـان فراوانـە، واتـە بۆهەموکەسـێك کراوەنین، بەڵام لەرووی واتاشەوە دەوڵەمەندن.

شـوێنی داخـراو،زیـاتر لەشـوێنی کـراوە، توانـای دروستکردنی خەونی هەیە،چونکە ئەم شوێنانە باشتر دەتوانن رازو نهێنییەکانیمرۆڤ بپارێزن و لەو پـەڕی ئارامییەوە، دەرفـەتیان پێدەدات، کـە بەناوخـەون و یادگارەکانیـاندا گەشت و گـوزار لـەنێوان رابـردوو، ئێسـتادا ئـەنجام بـدەن و دوورو نزیـك، لـەپانتایی خـەوندا کۆبکەنـەوە .لەبەرئەوەیشـاعیر لەهـەموو کەسێك زیاتر توانای خەوبینینی هەیە، بۆیە دەبینـین نالی داهێنەرانـە لـەرێی زیندە خەونـەوە توانیویـەتی

رابردووی دووری، لەگەڵ ئێستای نزیکی، رووبەری دووری غوربەتدا دیمەنەکانی رابردوو لەگەڵ وێنە زەینییەکانیئێستایدا لەرێی وێنەی شیعرییەوە بەرجەستە بکات .

نالی دەڵێ:

حەوزی پڕی کەنائیبی دیدەی منە لەوێ
لێڵاوی دانەهاتووە وەك سەیلی (شیوە سوور)؟[٣٣]

لێرەدا(حەوز)بەهۆی ئەوەی کە(نائیبی) دیدەی نالیەو لەوانەیە لەژێر کاریگەری رووداودا وەك (شیوە سوور) لێڵاوی داهاتبێ،بۆیە دەبینین بووەتە شوێنێکی داخراوی فرە ئاستی واتایی ، چونکە لەچەمکی سادەی حەوزەوە گواستراوەتەوە بۆ ئاستی لێکدراوی لەرێی ئەوەوە کەلەخەیاڵی شاعیردا بووەتە جێگیری چاوی ئەو (واتا ئاوی حەوزەکە، فرمێسکی چاوی نالیە، وەکو ئەویش لەپێش رووداودا پاك و بێگەرد بووە، بەڵام پاش رووداو ئەو سیفەتەی لەدەست داوەو وەکو ئاوی (شیوە سوور) لێڵاو بووە، یان وشك بووەو کوێرایی داهاتووەو رەونەقی نەماوە. ئەم شوێنە، دوای ئەوەی کەهاتووەتە ناو دەقەوە، وەکو خۆی نەماوەو سیفەتی نوێی وەرگرتووە. هەروەها بەشداری لەبنیادنانی بەشێك لەروداوی ناو دەقەکەی کردووەو کاری کردۆتە سەر بەشەکانی تری ناودەقەکە، بەتایبەتی (شیوە سوور). بەم جۆرەش بووەتە سەرچاوەی لەدایك بوونی وێنەیەکی داهێنەرانەی، بێ نموونەی، شیعری کوردیو لەسەرجەمی ئەم دەقەدا بەهایەکی جوانی، پڕ واتای وەرگرتووە.

کاتێك نالی دێتە سەر باسی حوجرەکەی خۆی، دەبینین ئاستی واتایی ئەو ژووره سادەیە بەقوواڵی لەناو لاشعوری ئەودا رەگی داکووتاوە، بۆیەش لەناو ئەم دەقەدا بووەتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵێ وێنەی دانسقەو پڕ واتا. لەبەر ئەوەش کەئەم حوجرەیە مانّی خەونەکانی نالی بووە، بۆیە لەلای ئەمەوە نرخێکی واتایی گرنگی پێدراوە، چونکە شوێنی داخراو بەتایبەتی مانّ دەتوانێت ((یادگارەکانی ـ مرۆڤ ـ بپارێزێت و لەهەمان کاتدا دەرفەتی دەداتێ کە بەها سەرەکییەکانی خۆی وەکو چەند وێنەیەك))[٣٤] ی جوان و رازاوەو بەهادار لەدەست نەدات.

حوجرەکەی نالی تەنیا ژوورێك نەبووە کەچەند سانّێکیتەمەنی تێدا بەسەر بردبێت، لەبەر ئەوە کۆمەڵێ چەمکی مێژوویی وەرگرتووە .جارێك دەبێتە ئەشکەوتی(حەرا)و جارێکی تریش دەبێتەئەشکەوتی(گا). ئێمەش دەزانین ئەو دوو شوێنە داخراوە لەمێژووی فیکری ئیسلامدا چەند بەهایان بەرزو پیرۆزە. شاعیر لەباسی حوجرەکەیدا دەڵێ :

ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغیارە، یانە خۆ
هەر غاری یارە، یا بووەتە غاری مارو موور؟[٣٥]

ئەو حوجرەیە لەهەست و نەستی نالیدا بەهایەکی بەرزی هەیە. لەئامێزی ئەودا هەستی بەئارامی کردووە، کەلێشی دابڕاوە نائارامییەکی سەخت دڵ و دەروونی داگرتووەو بووەتە مایەی دڵەڕاوکێ و ئازارێکی بێ سنوور. گرنگی ئەو شوێنانە لەگەڵ سادەیی وێنەکانیاندا ئەوەندەکاریگەری دەروونییان هەیە کەبەئاسانی وێنەکانیان بێتەوە بەچاوو بەزیندە خەون جارێکی تر شاعیر بتوانێت لەساتە خۆشەکانیدا بژێتەوە.

کاتێ کە نالی وەکو شاعیرو مرۆڤێك لە حوجرەکەی دوور کەوتووەتەوەو پاشان رێی پێ نەدراوە جارێکی تر بۆ ئامێزی بگەڕێتەوە، لەنێوان غوربەت و حەزی گەڕانەوەو ساتەکانی چاوەڕوانیدا، بەزیندە خەون وێنەکانی ئەو شوێنە دروست دەکاتەوەو پاشان لەم شیعرەدا بەشێوەیەکی جوانتر بنیادی دەنێتەوە چونکە (ئەو شوێنانەی کە مرۆڤ زیندە خەونی تێدا ئەنجام دەدا جارێکی تر خۆی ، لەزیندە خەونی تردا بنیاد دەنێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو یادگارانەش کەدەربارەی ئەو مالانەی تێیدا ژیاوین جارێکی دیکە،

بەزیندە خەون تێیدا دەژینەوە، بۆیە ئەو مالآنە بەدرێژایی ژیان لەگەلمان دا دەژین)[٢٦].لەبەر ئەوەشە کە نالی لە ولآتی غەریبی و لەئاگری دۆزەخی دووریدا، جارێکی تر، ،زیندە خەون، یادگاری ڕۆژانی فەقێیەتی ناو حوجرەو خانەقاکەی مەولانا، دەژێنێتەوەو بەو چەشنە خەونەکانی بۆ ئێمە بەرجەستە دەکات و لەناو ئەم شیعرەدا، ڕۆحی پێدەبەخشێتەوە.

ب. شوێنی سروشتی

مەبەستمان لە شوێنی سروشتی ئەو شوێنانەیە کەبەشێکن لەسروشت و دروستکەری دەستی مرۆڤ نین ئەگەرچی هەر خۆی ناوی لێناون، بۆ ئەوەی بناسرێنەوەو لە شوێنی تر جیا بکرێنەوە.

لەژێر کاریگەری ڕووداوی داگیر کردنی سلێمانی دا، شاعیر واهەست دەکات کە ئەو شوێنانەش گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو لەشێوەی ئاسایی خۆیان نەماون و دیمەنە جوانەکانیان ناشیرین بووە. لەوانەیە بەداگیرکردنی شوێنی جوگرافی ـ حەقیقی، ئەو شوێنانە هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتبێ واتە دوژمن دەستی ستەمی بۆ درێژنەکردبن، بەڵام بەهۆی باری دەروونی شاعیرەوە دەبینین ئەو شوێنانە لەناو جوگرافیای دەق دا گۆڕاون و شێوەکانیان تێکدراون.

لەناو نامەکەی نالی دا، ناوی کۆمەڵێ شوێنی سروشتی هاتووە. شاعیر باسی شێوەی یان ڕووخسارو دیمەنی پێش داگیرکردنیان دەکاو ئەگەری ڕووخان و تێکدانیان دەخاتە پاش ئەو ڕووداوە، واتە کرداری شێواندنی ڕووخسارو ئەو شوێنانە دەخاتە دوای داگیرکردنەکەو هۆی تێکدان و شێوانەکەش وەکو ئەنجامێك بۆ ئەو کرداره دوژمن کارییە دەگێڕێتەوە، لەم بەشەدا دەبینین شاعیر سەرەتاوەسفێکی دیوی دەرەوەی شوێن دەکا.ئەو شوێنانەش کەبەم شێوەیە وەسف کراون.دەخرێنە نێوکۆمەڵی شوێنی سروشتی سادەی یەك ئاستییەوە، واتە تەنیا یەك واتایان هەیە. سەرچاوەی سەرچنار نموونەیەکە لەم جۆرە شوێنانە، شاعیر دەڵێ:

ئەمجا مەوەستە تادەگەییە عەینی(سەرچنار)
ئاوێکە پڕ لەنارو چنارو گوڵ و چنوور
چەشمێکە میثلی خۆر کەلەصەدجێ، بەرۆشنیی
فەورانی نووری صافە لەسەر بەردی وەك بلوور
یاعەکسی ئاسمانە لەئاوێنەدا کەوا
ئەستێرەکانی ڕابکشێن وەك شەهابی نوور[٢٧]

هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەکە شاعیر هێشتا نەچووەتە قۆناغی باس کردنی ڕووداوەوە، بەڵام پاش ئەوەی لەوەسفی دیوی دەرەوەو ناوەوەی سلێمانی دەبێتەوە ئینجا دێتە سەر باسکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە پاش ڕووداوی داگیرکردنەوە ڕوویانداوە. ئەو حاڵەتەش بەپردی سەر شەقام دەست پێ دەکات وبەشەرحی حاڵی نەخۆش و لاوازی خۆی لەغوربەت دا کۆتایی پی دەهێنێ. هەر بەو جۆرەش نامەکە دوایی دێت.

دوای ئەوەی کەشاعیر لەوەسفی سەرچنارو سلێمانی دەبێتەوە ئیتر هەموو ئەو شوێنانەی کەدەچنە خانەی شوێنی سروشتییەوە زۆر بەیان دەبنە شوێنی کراوەی ـ لێکدراو، واتا ئاستی واتاییان، بەهۆی کارێگەری ڕووداوو حاڵەتی دەروونی شاعیرەوە، بەرز دەبێتەوەو هەریەکە چەند واتاو مەبەستێك لەخۆدەگرن، تەنیا لەدوو شوێندا نەبێت، شوێنەکان، دەبنە داخراوی لێکدراو. ئەو دوو شوێنەش پەیوەندییان بەگوڵ و پێشەوەی گەلای درەختەوە هەیە واتا تایبەتن بەشوێن لەگوڵ و درەختدا.

شاعیردەڵێ:

سەبزە لەدەوری گوڵ تەپە وەك خەططی ڕوویی یار
یا پووشی وشك و زووره وەکو ریشی (کاکە سوور)[٣٨] .

لێرەدا نالی سەبزەی دەورەی گوڵی چواندووە

بەخەتی رووی یار، (دەورەی گوڵ)، (رووبی یار) دوو شوێنی سادەو داخراون، بەڵام کەسەبزەو خەتی رووی یاری لەوشکیو زۆریدا بەریشی کاکە سوور چواندووە، ئاستی واتایی ئەو دوو شوێنە داخراوەی فراوان کردووە چونکە یەکەمیان لەبەر پشتگوێ خستن و دووەمیان لەبەر خەفەت وەکو پووشی وشك و ریشی سپی یان لێهاتووە. ئەم گۆرانە واتاییەش پەیوەندی بەکاریگەری رووداوەوە هەیە. بەهەمان شێوەش شاعیر باسی سەوزە درەختەکانی مەدرەسەی کردووە دەڵێ:

مەیلێ بکە لەسەبزە درەختانی مەدرەسە:
ئەوراقیان موقەد دیمەیی شینە بانە سوور[٣٩]

لەم بەیتەدا (موقەددیمە)شوێنی داخراوی لێکدراوەو(شین) هێمایە بۆ بەهار و جوانیو ژیان واتە گەڵای درەختەکانی تەڕن و نیشانەی ژیانیان پێوەدیارە. رەنگی سووریش هێمای وشك هەڵهاتن وپایزو وەرینی گەڵایە. دیارە مەبەستی شاعیرلەناوهێنانی ئەو دوو رەنگە ئەوەیە کە پێش رووداو گەڵاکان شین بوونەو پاش رووداویش رەنگی خەزانیان پۆشیووە. نالی لەم دوو دێڕەدا بۆ ئەوەی وێنەی شوێن پێکبهێنێ، پێویستی بەوە هەبووە کەسروشت ملکەچی بزووتنەوەی دەروون و پێویستی یەکانی بکات، لەبەر ئەوەش هەموو مافێکی بەخۆی داوە کەسروشت دامەزرێنێ و بەئارەزوو بەپێی دیدی تایبەتی خۆی یاری بە رووخسارو دیمەنەکانی بکات[٤٠]. بۆیە لەم دوو دێڕەدا بەو چەشنەی بەراستی زانیووەو وشەی بەکارهێناوەو دەسکاری سروشتی ناو دەقی کردووە تابتوانێ بەجوانی تەعبیری لەو مەبەستانە بکات کەخۆی ویستوویەتی.

ئەوەی لەم بەشەدا پەیوەندی بە شوێنی کراوەی ناسادەوە هەیە زیاتر لەوێنەی هەندێ شوێنی وەکو:ـ

١ـ کانی با
٢ـ کانی ئاسکان
٣ـ شیوی ئاودار
٤ـ تانجەڕۆ
٥ـ دیمەن و باخچەی ناوخانەقادا بەرجەستەبووە.

بۆ نموونە شاعیر دەڵێ:

ئایا بە جەمع و دائیرەیە دەوری (کانی با)،
یا خۆ بووە بەتەفریقەیی شۆڕش و نوشوور[٤١].

لەم بەیتەدا (کانی با)وەکو سەیرانگاو سەراوێکی خەڵکی سلێمانی لەژێر کاریگەری رووداودا، واتاو چەمکی پێشینی گۆڕاوەو بووەتە شوێنێك کەدەلالەت لەمردن بکات ، واتا جولانەوەی تێدا گواستراوەتەوە بۆ ئاستی سیفر، بۆیە خۆشی و سەیرانی شوێنەکەش سڕاوەتەوەو مردن پڕی کردووەتەوە. ئەم وێنانەش کەباشترین تەعبیر لەباری دەروونی شاعیر دەکەن بەهەمان ئاست بەردەوام دەبن و لەگەڵ شوێندا مردن شوێنی ژیان دەگرێتەوەو جوانی هەڵدەوەرێو سۆزی راستەقینەی عەشق بەفێڵ وریای سۆفی دەگۆڕدرێتەوەو رووبارو سەرچاوە، ڕووبی و بێ گەردییان دەبێتە لێڵیو جولانەوەیان دیلی خاك دەبێو چیمەنی ناو شوێنە پیرۆزەکان دەبنە جێ لەوەڕگای رەشە ولاخ. بەگشتی هەموو دیمەنێکی جوان لەناو دەچێ و ناشیرینی و دزێوی دەبنە رووی راستەقینەی ژیان. لەژێر کاریگەری ئەم بارە دەروونییە پڕ لەدڵەڕاوکەو قەیرانە سەختانەدا شاعیر دەڵێ:

ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانیی ئاسکان)
یاخۆ بووە بەمەلعەبەیی گورگ و لووڕەلوور؟![٤٢].

یان دەڵێ:

ئێستەش سوروشکی عیشقی هەیە(شیوی ئاودار)
یاخۆ بووە بەصۆفیی وشکی لەحەق بەدوور؟![٤٣]

هەروەها دەڵێ:

داخۆ دەروونی صافە، گوڕەی ماوە(تانجەڕۆ)
یاخۆ ئەسیری خاکە بەلێڵی ی دەکا عوبوور[٤٤]

لەم سێ دێڕەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەغوربەت و کاریگەری رووخانی میرنشینی بابان و

داگیر کردنی شاری سلێمانی شاعیریان تووشی قەیرانێکی گەورەی دەروونی کردووە. لەدەست دانی شوێنیش بووەتە هۆیەکی زۆر گەورە بۆ ئەوەی لەرێی شیعرەوە ترس و دڵە ڕاوکەی ئەو لەدەست دانە لەرێی شوێنی ناو دەقەوە دەربڕێ و یەک بەیەکی ئەو شوێنانە لەزەینی خۆیدا ئامادە بکاو حاڵەتی دەروونی و پەشێوی خۆی لەرێیانەوە پیشان بدات. دەتوانین بڵێین ئەو دڵەڕاوکەیە یان ترسە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەبەهۆی داگیرکردنەوەیەوەندی ئولفەت لەنێوان رۆحی شاعیرو ئەو شوێنانە کەوتووەتە مەترسییەوەو تا رادەیەکی زۆر رووی لەنەمان کردووە.چونکە شاعیریش وەکوەمور مرۆڤێک دەخوازێت.(کەتەکامول لەنێوان خۆی و شێوە سەرەکیەکانی دونیای سروشت و ریتمەکانی ژیان دا بەدی بهێنێ و خۆی لەگەڵ شتەکاندا بگونجێنێو هەستەکانی پێ ببەخشێت، وەکو ئەوەی کە رۆژێک وتوویانەهونەرمەند شتەکان بەخوێنی خۆی پەنگ ڕێژدەکات، ئەمەش ئەو هەڵوێستەیە، کەلەسەر بناغەی ئەو فەلسەفەی دەروونی وێنەی شیعری دادەمەزرێت)[٤٥].

بەگوێرەی ئەم بۆ چوونەش دەتوانین لەرێی شوێنەوە بەم جۆرەی خوارەوە حەقیقەتی دڵەڕاوکەی شاعیر دیاری بکەین:

١	شوێن کانی ئاسکان مەلعەب	گیانەوەر ئاسک گورگ	هەڵوێستی دەروونی چاوەڕێ کراو ئولفەت و ئارامی ترس و دڵەڕاوکێ
٢	شوێن شیوی سوور چاو	کەرەستەی شوێن فرمێسکی عیشق وشکی	هەڵوێستی دەروونی چاوەڕێ کراو بێ گەردی و راستگۆیی فێڵبازی و ناحەقی
٣	شوێن دەروونی تانجەڕۆ خاک	سیفەتی شوێن سافی و بێگەردی ئەسیری و لێڵی	جۆری جوولە خێرایی سیستی هەڵوێستی دەروونی ڕووگەشی و دڵگەشی نەخۆشی

بەم جۆرە شاعیر نەخشەی ناوەوەی دەروونی بۆ ئێمە ئاشکرا دەکا کە ئەوپەڕی (دڵەڕاوکەو ترس)ی تێدا بەدەردەکەوێت. هۆی ئەو بارە دەروونییەش بەروونی بۆ نەمانی ئولفەتی شوێن و دوریو غەریبی و سەرگەردانی شاعیر دەگەڕێتەوە. بەم شێوەیە راستی ئەوەمان بۆ بەدەردەکەوێت کەمرۆڤ (هەر لەکۆنەوە هەتا ئێستا شوێنی کردووەتە ئەو دەفتەرە بینراوو نزیکە کە رۆشنبیریو فیکرو هونەرو ترس و ئاوات و رازو ئەوەی پەیوەندی پێوە هەیەو ئەوەی لەرابردوو بەو گەیشتووە، تێیدا تۆماری کردووە، بۆئەوەی بۆ ئایندەی بەمیرات بەجێ بهێڵێ)[٤٦]. ئالیش بەهەمان شێوە لەرێی شوێنەوە نەک هەر فیکرو ئاوات و رازەکانی بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە، بەڵکو خەم و خەفەت و ترس و هەڵچوونی باری دەروونی لەئەنجامی لەدەستدانی شوێنەوە بۆ ئێمە کردووەتە میرات و ئێمەش لەزەمەنی ئێستاماندا

لەرێی ئەم دەقەی ئەوەوە هەست بەهەمان نائارامی و ترس و دڵەڕاوکێ دەکەین نەبادا تووشی هەمان هەڵوێست ببین و شوێن کەهێمای وڵاتە لەدەست بدەین و لەدەرەوەی شوێن هەست بەبچووکیو دیلی وغەریبی و زەلیلی خۆمان بکەین.

نالی لەرێی شوێنەوە هەوالێ مێژووی سەردەمی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام نەك وەکو مێژوو نووسێك بەڵکو وەکو شاعیرێك. لەنێوان ئەم دوو دوانەش دا واتا مێژوو نووس و شاعیر جیاوازییەکی زۆر لەرووی شێوازەوە هەیە ئەگەرچی هەردووکیان حەقیقەتێکی مێژووییمان بۆ دەگێڕنەوە. جیاوازیەکەش بۆ کەرەستەکانی دەربڕینی هەردووکیان دەگەڕێتەوەنەك بۆ خودی مێژووەکە. واتەئەم دووانە یەك حەقیقەت بەدوو شێوازو کەرەستەی دەربڕینی جیا بۆئێمە دەگێڕنەوە.شاعیر لەرێی وێنەوە مێژوومان بۆ باس دەکا، بەوەش زۆر کارمان تێدەکاو لەناخماندا هەڵوێست دەخولقێنێ. بۆ نموونە شاعیر دەڵێ:

سەیرێکی خۆش لەچیمەنی ناو(خانەقا)بکە
ئایا رەبیعی ئاهووە، یا چایری ستوور؟![٤٧]

لەم نموونەدا چیمەن شوێنێکی سروشتی دەستکردو کراوەو ناسادەیە چونکە بەهۆی رووداوەوە لەباتی ئەوەی جێی سەیران و دڵخۆشی هاوڕێیانی شاعیر بێت کە بە(ئاهوو)ی چووانەدن، بووەتە چایری دوژمنان وداگیرکەران کە نالی بە وڵاخی داناون، بۆ ئەوەی وێنەی ئەوانمان لەلا نابوت و ناشیرین و گەندەڵ بکات.

لەم باسەدا کەپەیوەندی بە مێژووەوە هەیەن نالی کەرەستەو موفرەداتی مێژوو نووسی بەکار نەهێناوە بەڵکو وێنەو هەوالەکەی لەرێی موفرەداتی شیعرییەوە دەربڕیوە، بۆیە لەباتی هاوڕێ ئاهوو، لەباتی دوژمن کەوشەیەکی سیاسی رووتەو لەفەرهەنگی مێژوونووساندا زۆر بەکارهاتووە، وشەی(ستوور) ی خواستووە کەزیاتر لەگەڵ فەرهەنگی شیعریدا دەگونجێت. بەم فیعلەش نالی زیاتر راستی ئەو بۆچوونەی (بیلینسکی) مان بۆدەسەلمێنێ کەدەڵێ:(هونەرمەند بابەتی داهێنانەکەی لەخودی ژیانەوە وەردەگرێت، چونکە جگە لەو سەرچاوەیە هونەر هیچ سەرچاوەیەکی تری نییەوناشبێت هەبێت.بەڵام تەعبیر کردن لەژیان بەشێوەیەکی هونەری، مانای ئەوە نییە کەئەو تەعبیرە تەنیا فۆتۆکردنێکی رووتی واقیعە، چونکە چالاکی هونەریی بەرهەمێکی داهێنەرانەیەو کەرەستەی واقیع بەکار دەهێنێ بەڵام بەگۆڕینی شێوەکانیان دووبارە خەڵقیان دەکاتەوە)[٤٨]. بەم شێوە هونەرییە نالی شاعیر مێژووی سەردەمەکەی بەشیعرو کەرەستەی شیعری گێڕاوەتەوەو خیانەتی لەگەڵ توانای شیعرو جوانی شیعردا نەکردووەو بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی سیاسی گەورەی لەو چەشنە، پەنایبۆ دەرەوەی شیعر نەبردووەو دەرفەتی نەداوە شیعر بکەوێتە داوی ناشیعرییەوە.

ج. شوێنی ناپینی

مەلا خدری نالی وەکو قوتابیەکی دەرچووی قوتابخانەی مزگەوت و قورئانی پیرۆز، بۆ دەربڕینی هەست و بیرو باوەڕی خۆی، ناکرێت پەنا بۆ ئەو میراتە رۆشنبیرییە گرنگە نەبات و لەوانەوە کۆمەڵێ وشەو زاراوەی ئایینی کەدەلالەت لە شوێن دەکەن وەرنەگرێ و تێکەڵی هەندێ ناوی شوێنی ئایینی ناو سلێمانی نەکات. بەپێچەوانەوە ئەگەر بەو جۆرە رەفتار بکات ناتوانێت بەشێوەیەکی راستگۆیانە، ئازارە پەنگ خواردووەکانی ناو دەروونی بنوێنێو وێنەی کاریگەری شوێنمان بۆ دامەزرێنێت، چونکە کەلتووری ئایینی پێش هەموو کەلتوورێکی تر، دەوری سەرەکی لەبیناي فیکری و رۆشنبیری ئەودا هەبووەو تێکەڵ بەدەروونی بووەو بەرۆژانە لەرێی سلوك و کرداروەوە مومارەسەی کردووە.

نالی لەم نامە شیعرییەدا، ناوی کۆمەڵێ شوێنی ئایینی بەکارهێناوەو کردوویەتییە جوگرافیای

شیعرەکەی. ئەو شوێنانەش ئەوەندە کاریگەرانە تێکەڵ بەجەستەی شیعرەکە بوونە ئەگەر هەریەکێکیان لابەرین بنیادی دەقەکە تێك دەچێو لەوانەیە هەڵوەشێتەوە. گرنگترین ئەو شوێنانەش ئەمانەن:ـ

١ـ ریاضی رەوض
٢ـ داری پیرمەسوور
٣ـ شێخ هەباس
٤ـ خانەقا
٥ـ سەقەڕ
٦ـ صوور

راستە هەندێك لەو شوێنانە ناون بۆ کەسی ئایینی وەکو (پیرمەسوورو شێخ هەباس)، بەڵام لەهەمان کاتدا مانای شوێنیش دەگەیەنن.

نالی کاتێ وەسفی سلێمانی دەکات دەڵێ :

یەعنی ریاضی رەوضە کەتێدا بەچەن دەمێ
موشکین دەبی بەکاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور[٤٩]

شاعیر لەم بەیتەدا شاری سلێمانی بەباخچەی بەهەشت لێکچواندووەو خەڵکی ئەم شارەشی بەغیلمان و حووری کاکۆڵ و زوڵفی موشکینی ناو بەهەشت داناوە.لێرەدا (ریاضی رەوض)شوێنێکی پیرۆزو خۆشی ناوبەهەشتە.

هەروەها لەشوێنێکی تردا دەڵێ:

داخۆ دەروونی شەق نەبووە(پردی سەرشەقام)
پیرو فوتادە تەن نەبووە(داری پیرمەسوور)[٥٠]

راستە لەم بەیتەدا، نالی ،(داری پیرمەسوور)ی وەکو (مرۆڤ)ێکی پیرو پەك کەوتە پیشان داوە، بەڵام سێبەری ئەو دارە خۆی لەخۆی دا دەوری شوێنی بۆ ئەو کەسانە گێڕاوە کە بۆ مەراز حاصل بوون لەسایەیدا دادەنیشتن و دەحەسانەوە، هەروەها زۆرجار ئەو شوێنانە لەجەژنەکاندا دەبوونە جێی سەیرانگای خەڵکی.

لەبەیتێکی تردا دەڵێ:

ئێستەش بەبەرگ و بارە عەلەم داری(شێخ هەباس)
یا بێنەواوو بەرگە گەڕاوە بەشەخشی عوور؟![٥١]

لەم بەیتەشدا (شێخ هەباس) کەناوی پیاو چاکەو مەزارەکەی، دەوری شوێن دەگێڕێت بەنیسبەت ئەوانەوە کەدەچوونە زیارەت کردنی.

هەر لەم نامەیەدا نالی هەواڵی خانەقاکەی مەلانا دەپرسێو دەڵێ:

قەلبی مونەووەرە لەحەبیبانی نازەنین
یا وەك سەقەر پڕە لە رەقیبانی لەندەهوور؟![٥٢]

نالی لەم بەیتەدا باسی ناوەوەی خانەقاکە دەکاو بەدڵی دەچوێنێو کەسانی ناوی دۆستی شاعیرن بە خۆشەویست و نازەنین دا دەنێ، بەڵام پاش رووداوی گرتنی سلێمانی لەلایەن تورکی عوسمانلییەوە وا مەزەندە دەکات ئەو دڵە بووەتە دۆزەخ و پڕ بووە لەکەسی خراپ و بەدکردارو نانەجیب. لەم شیعرەدا گۆڕانی ئاستی واتایی شوێن لەرێی هونەری دژیەکەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووەتە دی:



دوای ئەوەی غەم وغوربەت ئازارێکی بێ سنووری نالی دەدەن ئەوسا بەو پەڕی پەرێشانییەوە لەنێوان خۆزگەی گەڕانەوەو چاوەڕوانی، لەکۆتایی ئەم نامە شیعرییەدا بەسالم دەڵێ:

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ رەنگە بێ بەئاوو بەچاودا بکات عوبوور
ئایا مەقامی رووخصەتە لەم بەینە بێمەوە،
یامەصڵەحەت تەوەققوفە تایەومی نەفخی صوور؟[٥٣]

نالی لەو دوو بەیتەدا بەتایبەتی لەرێی دەستەواژەی(نەفخی صوور)ەوە لەزەمەنی ئێستاوە

بۆ زەمەنێکی روحیمان دەگوێزێتەوە، چونکە(نەفخی صوور) ئیشارەتە بەرۆژی قیامەت و(صوور)یش (ناوی ئەو شاخەیە کە ئیسرافیل لەسەری رادەوەستێ و دووجار فووی پیا ئەکا. بەفووی یەکەم هەموو زیندووان ئەمرێنێ و بەفووی دووەم هەموو مردووان زیندووئەکاتەوە)[٥٤].لەرێی ئەم قسانەوە چاوپێکەوتنەکەی خۆیی و سالم دەخاتە رۆژی قیامەت.

بەم شێوەیە شاعیر باشترین تەعبیری لەرۆشنبیری و فیکرو کەلتووری سەردەمەکەی خۆی کردووەو لەمانەشدا هەمووی، شوێن ، دەورێکی سەرەکی گێڕاوەو بوو تە رەگەزی گرنگی ئەم دەقەو زۆربەی چەمکەکانی لەرێی خۆیە بۆئێمە راڤە کردووە.

ئەنجام

پاش لێکۆڵینەوەلەچەمکیجوانی شوێن لەنامە شیعرییەکەی نالیدا توانیمان بەم ئەنجامانەی خوارەوە بگەین:ـ

١. بەهۆی رووخانی میرنشینی بابان و داگیرکردنی شاری سلێمانی لەلایەن سوپای تورکی عوسمانلییەوە نالی لەولاتی شام، لەغەریبی ماوەتەوەئەمەش بوەتەمایەی ئازارێکی دەروونی گەورە لای ئەوو هەستی کردووە کەسلێمانی بەهەموو واتاکانی شوێنەوەلەو زەوت کراوە، بۆیە دەبینین شوێن وەکو رەگەزێکی بنەڕەتی لەم نامە شیعرییەدا بەدەردەکەوێت و وێنە دروست دەکات و جوگرافیای نوێ پێك دەهێنێو مانای تازە دەخولقێنێ.

٢. ئەگەرچی جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان شوێنی جوگرافیو شوێن لەم دەقەدا هەیە چونکە یەکەم سەرچاوەی دووەمە، بەڵام لەناو ئەم دەقەدا شوێن بەشێوەیەکی نوێو داهێنەرانە دامەزراوەتەوەو لەرووی رووخسارەوە گەڵ جیاوازی لەگەڵ شوێنی دووەم داهەیە.

٣. شوێن لەرووی رووخسارو واتاو دەلالەتەوە لەژێر کاریگەری ستەم و داگیرکردندا گۆڕانی بەسەرداهاتووەو رووخسارو واتای تازەی وەرگرتووە.

٤. شوێن بەگشتی لەم دەقەدا دەبێتە چەند بەشێکەوە کە ئەمانەن:
١) شوێنی جوگرافی
٢) شوێنی سروشتی
٣) شوێنی ئایینی
ئەمانەش لەرووی ئاستی واتاییەوە دەکرێن بە چەند بەشێکەوە وەکو:
١) شوێنی سادە
٢) شوێنی لێکدراو
ئەم شوێنانەش دیسان دەبن بەدوو بەشەوە کە ئەمانەن:
١) شوێنی کراوە
٢) شوێنی داخراو

٥. لەم نامە شیعرییەدا بایەخێکی ئەوتۆ بەخاك و خۆڵی جێ مەنزڵگای حەبیبە نەدراوە، هەروەها تەنیا لەیەك بەیت دا ناوی هاتووەو یەك ئاستی واتایی وەرگرتووە. کەچی سلێمانی و شوێنە گرنگەکانی ناو ئەم شارەو دارو بەردو رووبارو جۆگەو کانیو سەیرانگا و پردو ناوی گەڕەکەکان و ناوی شوێنە ئایینییەکانی بایەخێکی زۆریان پێداراوەو ئاستی واتایی زۆربەیان فرەوانەو بوونەتە هێمای گەڵ شتی گەورەو بەشێوەیەکی سەرەکی وێنە گرنگەکانی ناو ئەم نامە شیعرییە پێك دەهێنن.

٦. شوێن لەم دەقە شیعرییەدا بووەتە سەرچاوەی یەکەمی رەنگدانەوەی باری دەروونی شاعیرو بەهۆیانەوە جوانترین و راستگۆییترین تەعبیرەکانی دەربڕیوە.

٧. نالی لەرێی شوێنەوە بەبیرو فیکرو کەلتوورو

ئاستی رۆشنبیری سەردەمەکەی ئاشنامان دەکات.

٨. شاعیر لەرێی شوێنەوە رەخنەی توندی لەداگیرکەرانی عوسمانلی گرتووەو سووك و ریسوایانی کردووەو لەهەندێ شوێندا بەکافرو ولاخ و گورگو درندەی چووواندوون. کەچی خەڵکی سلێمانی کردووەتە ئەهلی بەهەشت و بەئاسکی چووواندوون و ستایشی زیرەکی و توانای ئیداری و بازرگانی ئەوانی کردووە.

٩. نالی لەم نامەیەدا هەڵوێستی سیاسی نواندووەو مێژووی سەردەمێکی بەشیعر تۆمار کردووە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتی نەداوە کەشیعرەکەی بکەوێتە داوی راپۆرتنووسی و بەهۆی موفرەداتی سیاسی و مێژوویییەوە بەهای جوانی شیعرەکانی نەفەوتاندووە.

پەراوێزەکان

(١) روجیة غارودی، الماركسية وعلم الجمال، ترجمة جورج طرابيشی،ط١، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٥، ص١١.

(٢) هيغل،المدخل الى علم الجمال ، ترجمة جورج طرابيشی، دار الطليعة، بيروت، ط١، ١٩٧٨، ص٤٣.

(٣) الدكتور عزالدين اسماعيل ، التفسير النفسی للادب، دار العودة ودار الثقافة، بيروت، بلا سنة الطبع، ص٦٥.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤

(٥) م. اوفسيانيكوف و.ز. سمير نوفا، موجز تاريخ النظريات الجمالية، تعريب باسم الشقا، دار الفارابی، بيروت، ط ٢، ١٩٧٩، ص ٣٨١.

(٦) تزفيتان تودورف، نقدالنقد، ترجمة سامی سيودات، منشورات مركز الانماء القومی، بيروت،ط١، ١٩٨٦،ص٩.

(٧) يمنی‌العيد، تقنيات السرد الروائی فی ضوء المنهج البنيوی، ط١، دارالفارابی، بيروت ـ لبنان، ١٩٩٠ ، ص١٧.

(٨) جان ماكوری ، الوجودية، ترجمة د. امام عبدالفتاح امام سلسلة عالم المعرفة، العدد٥٨،يصدرها المجلس الوطنی‌للثقافة و الفنون والاداب، الكويت ،١٩٨٢،ص٣٩.

(٩) تزیفیتان تۆدۆرۆف، سەرچاوەی پشوو،ل٩٥.

(١٠) ياسين النصيّر، الرواية والمكان، الموسوعة الصغيرة، العدد(١٩٥)، دار الشؤون الثقافية العامة، وزارة الثقافة و الاعلام ، دار الحرية للطباعة، بغداد،١٩٨٦،ص١٦–١٧.

(١١) ا.ف.تيشتيشرين،الافكاروالاسلوب، دراسة فی الفن الروائی ولغة، ترجمة د. حياة شرارة، وزارة الثقافة و الفنون، الجمهورية العراقية، دار الحرية للطباعة، بغداد،١٩٧٨،ص٢٠.

(١٢) محمد المسلاتی، المكان وجغرافية النص، مجلة الرواد، العدد الاول، تصدر عن ملتقى الرواد، بغداد،سنة ٢٠٠٠،ص١٢٥.

(١٣) جاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمةغالب هلسا، مقدمة المؤلف، الجمهورية العراقية، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠، ص٣٧.

(١٤) محمد المسلاتی، المكان وجغرافية النص، ص١٢٣ـ١٢٤.

(١٥) غالب هلسا، المكان فی الرواية العربية، مقال منشور فی كتاب (الرواية العربية واقع وافاق)، تأليف محمد برادة وآخرون، ط١، دار بن الرشد، بيروت ـ لبنان١٩٨١،ص٢١٦.

(١٦) ئیان وات، سەرهەڵدانی رۆمانی ئینگلیزی، وەرگێڕانی رەووف بێگەرد، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، چاپخانەی(علاء)، کۆماری عێراق، بەغداد، بێ سالّی چاپ، ل٢٥.

(١٧) ايان وات، ظهور الرواية الانكليزية،ترجمة د. يوئيل يوسف عزيز، الموسوعة الصغيرة،

العدد(٧٨)، دار الحرية للطباعة، بغداد، (سنة الطبع -؟-)،ص٢٧.

(١٨) (١)محمد المسلاتي، المكان و جغرافية النص، ص١٢٣.

(١٩) مەلا عبدالكريمی مدرس و ئەوانی تر، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦،ل١٧٤.

(٢٠) سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

(٢١) سەرچاوەی پێشوو،ل١٨١.

(٢٢) سەرچاوەی پێشوو،ل١٨١.

(٢٣) الدكتور عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب، من٧٠

(٢٤) مەلا عبدالكريمی مدرس و ئەوانی تر، دیوانی نالی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە، ل١٨٢.

(٢٥) محمد المسلاتي ، المكان وجغرافية النص، ص١٢٣.

(٢٦) ياسين النصير، الرواية والمكان، ص٧٣.

(٢٧) مەلا عبدالكريمی مدرس و ئەوانی تر ، دیوانی نالی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە،ل١٨٦.

(٢٨) سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٥.

(٢٩) سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٤.

(٣٠) سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٢.

(٣١) سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٤.

(٣٢) محمد المسلاتي، المكان وجغرافيه النص، ص١٢٥.

(٣٣) مەلا عبدالكريمی مدرس و ئەوانی تر، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە،ل١٩٢.

(٣٤) جاستون باشلار ، جماليات المكان، ترجمه غالب هلسا، ص٤٤.

(٣٥) مەلا عبدالكريمی مدرس و ئەوانی تر، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە،ل١٩٥.

(٣٦) جاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة غالب هلسا، ص٤٤.

(٣٧) مەلا عبدالكريمی مدرس و ئەوانیتر ، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە،ل١٧٨ـ١٧٩.

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو،ل ١٨٩.

(٣٩) سەرچاوەی پێشوو،ل ١٩١.

(٤٠) الدكتور عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب،ص ٦٥.

(٤١) مەلا عبدالكريمی مدرس و ئەوانی تر ، دیوانی نالی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە،ل ١٨٦.

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٧.

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٨.

(٤٤) سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٨.

(٤٥) الدكتور عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب، ص٦٥.

(٤٦) ياسين النصير، الرواية والمكان، العدد(١٩٥)،ص١٧.

(٤٧) مەلا عبدالكريمی مدرس و ئەوانی تر، دیوانی نالی ، لێکۆلینەوەو لێکدانەوە،ل١٨٨.

(٤٨) م. اوفسيانيكوف و ز. سميرنوفا، موجز تأريخ النظريات الجمالية، ص٣٤٢.

(٤٩) مەلا عبدالكريمی مدرس و ئەوانی تر ،دیوانی نالی، لێکۆلینەوەو لێکدانەوە،ل١٨١.

(٥٠) سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.

(٥١) سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٥.

(٥٢) سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٠.

(٥٣) سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٧.

(٥٤) سەرچاوەی پێشوو، پەراوێزی ژمارە(٤٢)، ل١٩٧.

سەرچاوەکان

١. ئیان وات، سەرهەڵدانی رۆمانی ئینگلیزی، وەرگێڕانی رەووف بێگەرد، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن، چاپخانەی(علاء)، کۆماری عێراق،

به‌غدا، بێ سالّی چاپ.
٢. ایان وات، ظهور الروایة الانکلیزیة، ترجمة د. یوئیل یوسف عزیز، الموسوعة الصغیرة، العدد(٧٨)، دار الحریة للطباعة، بغداد،(سنة الطبع؟.)
٣. أ.ف. تیشتیشرین، الافکار والاسلوب، دراسة فی الفن الروائی ولغته، ترجمة د. حیاة شرارة، وزارة الثقافة والفنون، الجمهوریةالعراقیة، دار الحریة للطباعة،بغداد،١٩٧٨.
٤. تزفیتیان تودوروف، نقد النقد، ترجمة سامی سویدات، منشورات مرکز الانماء القومی، بیروت، ط١، ١٩٨٦.
٥. جاستون باشلار، جمالیات المکان، ترجمة غالب هلسا، الجمهوریةالعراقیة، وزارة الثقافة والاعلام، دار الحریة للطباعة، بغداد،١٩٨٠.
٦. جان ماکوري، الوجودیة، ترجمة د. امام عبدالفتاح امام، سلسلةعالم المعرفة، العدد (٥٨)، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الکویت، ١٩٨٢.
٧. روجیة غارودی، المارکسیة وعلم الجمال، ترجمة جورج طرابیشي، ط١، دار الطلیعة للطباعةوالنشر، بیروت، ١٩٧٥.
٨. عزالدین اسماعیل، التفسیر النفسی للادب، دار العودة ودار الثقافة، بیروت، بلا سنة الطبع.
٩. غالب هلسا،المکان في الروایة العربیة، مقال منشور في کتاب (الروایة العربیة واقع وآفاق)، تالیف محمد برادة وآخرون .ط١، دار بن الرشد، بیروت ولبنان، ١٩٨١.
١٠. مەلا عبدالکریمی مدرس و ئەوانی تر ، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا،١٩٧٦.
١١. م. اوفسیانیکوف و ز. سمیر نوفا، موجز النظریات الجمالیة، تعریب باسم السقا، دار الفارابی، بیروت، ط٢، ١٩٧٩.
١٢. محمد المسلاتي، المکان وجغرافیة النص، مجلة الرواد، العدد الاول، فصیلة عامة تصدر عن ملتقی الرواد، بغداد، سنة٢٠٠٠.
١٣. هیغل، المدخل الی علم الجمال، ترجمة جورج طرابیشی، دار الطلیعة، بیروت، ط١، ١٩٧٨.
١٤. یاسبین النصیر، الروایة والمکان ، الموسوعة الصغیرة، العدد(١٩٥)، دار الشؤون الثقافیة العامة، وزارة الثقافة والاعلام، دار الحریة للطباعة، بغداد،١٩٨٦.
١٥. یمنی العید، تقنیات السرد الروئی فی ضوء المنهج البنیوي، ط١، دار الفارابی، بیروت - لبنان، ١٩٩٠.

کۆچی گەنجی کورد بەرەو هەندەران

بەشی یەکەم

لایەنی تیۆری

پێشەکی

گەلی کورد لەم هەرێمەدا دەیان ساڵە بەبەردەوامی و بەدڕندانەترین شێوە سەرکوت دەکرێ و ڕێی پێ نادرێ بنەماکانی کیانێکی سەر بەخۆو شایستە بە مرۆڤ، بۆ خۆی لەسەر خاکی خۆی بە داهات و سامانی خۆی بە هزرو بازوی ڕۆڵەکانی خۆی،بونیاد بنێ. بگرە چەندین جار هەوڵی قەلاچۆکردنیشی دراوەو سەریان نەگرتووە. بۆیە مرۆڤی کورد بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو بە بەردەوامی لە دوو ڕێیانی (خۆبەدەستەوە دان و یاخی بوون) دا بووە، بە ناچاری یەکێ لەو دوو ڕێگەیەی هەڵبژاردووە.لەنێوانی ئەو دوو جەمسەرە دژەشدا لەسەر پلەو ئاستە جیا جیاکانی ڕاوەستاوە، هەڵکشاوە، داکشاوە، شێوازێك لە شێوازەکانی یاخی بوونی مرۆڤی کورد بریتی بووە لە (هەڵاتن) یان (سەر هەڵگرتن)، دیارە بەپاڵ ئەم شێوازەوە چەندین شێوازی تری(یاخی بوون وبەرهەڵستکاری) هەبوون و هەن، بەڵام ئەم توێژینەوەیە بایەخ دەدا بە شێوازی کۆچ و سەرهەڵگرتن.

سەرهەڵگرتن و ئاوارەبوون دیاردەیەکی جیهانیەو بەگوێرەی دواین ئاماری(UN)ئێستا نزیکەی ١٥٠ ملیۆن مرۆڤ لەدنیا دا لە ئاوارەییدا دەژین . زۆر لەو وتارو باس و لێکۆڵینەوانەی لەم بارەیەوە بەرچاومان کەوتون لەسەر ئەوەکۆکن کە دیاردەی کۆچ یەکێکە لە دەرهاویشتە بەرچاوەکانی دیاردەی کۆلۆنیالیزم دابەش بوونی دنیا بەسەر باکوورو باشوورو پێش کەوتوو، دواکەوتوودا.

ئەم دیاردەی کۆچ کردنە لەوڵاتانی دامێنی پڕلە شلۆقی و شەپو شۆڕو برسێتی و نەبوونیو بێکاریو دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیو سیاسی یەوە، بەرەوووڵاتانی سەنتەری سەرمایەداریی ئارام و سەقام گیرو پەرەسەندووی خۆرئاوا، دیاردەیەکی مێژووییە و یاساو ڕێسای خۆی هەیە. کوردیش وەك بەشێك لەگەلانی دنیای دواکەوتووی دامێن ، بەدەر نییە

لەکاریگەریەکانی ئەو یاساو ڕێسایانەی کۆنترۆڵی دیاردەی کۆچ دەکەن و بڕەوی پێ ئەدەن.

ئەم هەڕێمە بەر لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کەوتبووە (دامێنی دامێنەوە)واتە هەم لەژێر دەستی یەکێ لە وڵاتانی دامێندا بوو، هەم ناوچەیەکی داخراوی یاساغ و بڤەبوو، بۆیە یاساو ڕێسا جیهانیەکانی دیاردەی کۆچ لەدامێنەوە بەرەو سەنتەر، ڕاستەو خۆو دەست بەجێ مرۆڤی کوردی نەدەگرتەوە، تا ڕادەیەکیش (دەوڵەتی مەرکەزی) کە خۆی لەدامێنی دنیادابوو، بۆ مرۆڤی کورد ببووە چەشنێك لە (سەنتەر)، واتە زۆر جار دیاردەی کۆچ لەم هەڕێمەوە بە هەرچی شێوازێك بووبێ ، ڕووی لەسەنتەری ناوچەیی کردووە، کە پایتەختی دەوڵەتە مەرکەزییەکەو شارەکانی دەرەوەی ناوچە کوردستانیەکان بووە. دەوڵەتی مەرکەزیی داگیرکەری کوردستان، بەردەوام لەجۆری عەسکەرتاری و پۆلیسی بووە. بەچشنێ کە هەموو سنورەکانی و شکانیو ئاویو ئاسمانیی ئەم وڵاتەی بەشورایەکی پۆلایین تەنی بوو. خەڵکی ئەم وڵاتە بەداگیر کراوو داگیرکەر بیشەوە لە زیندانێکی گەورەدا دەژیان، تاڕادەیەکی زۆر لە دنیا بێ ئاگا بوون، دنیاش لێیان بێ ئاگابوو. بۆیە دەکرێ بڵێین گەلانی عێراق بە گشتی بە سەردەستەو ژێر دەستەیەوە (دەستەو دایرەی ڕژێمی لێ دەرچێ) لە بارو دۆخێکی تایبەتیدا دەژیان بە جۆرێ کە یاساکانی کۆچ لە دامێنەوە بەرەو سەنتەر بە دەگمەن دەیگرتنەوە. دەسەڵاتێکی پۆلایین، زەبرو زەنگ و سیخوڕی کردن بەسەر خەڵکەوە، توقاندن و لێپرسینەوەی پۆلیسی لەبارەی هەر هەڵسو کەوت و ڕەفتارو گفتارێکەوە، مرۆڤی ئەم وڵاتەی خزاندبووە کونجی قەناعەتێکی زەلیلانەوە، ڕەنگ و ڕووی خۆبەدەستەوەدان سیمای گشتیی ژیانی داگرتبوو، کوردیش سەرباری ئەو بارو دۆخە گشتییەی دەیان ساڵ بوو گەلانی عێراقی گرتبووە، هەل و مەرجی سەخت و دژوار تری تایبەت بەخۆیی هەبوو. بەڵام پشت ئەستوور بە میراتێکی مێژوویی و بەبەهاکانی مرۆڤی سەربەست و ئازاو جەنگاوەرو پشت ئەستوور بە سەختیی چیاو کەژەکانی ، بەبەردەوامی ڕێگەی دووەم، واتە(یاخی بوون)ی لەبەردەمدا والابووە و ڕێی نەداوە هەرەس و خۆ بەدەستەوەدان سیماو ڕوخساری گشتیی داگرێ. یاخی بوون سیفەتێکی لە مێژینەو ڕەسەنی مرۆڤی کوردەو بە هەمە چەشنەشێوازی ئەو یاخی بوونەی پیادە کردووە.

بە حوکمی بالاّ دەستیی چەمك و بەهاکانی کوردایەتیو بارودۆخی توندوتیژو داخرانی هەموو دەروازەو پەنجەرەکانی سەر دنیا، لەسەر مرۆڤی ئەم وڵاتە: ئاراستەکانی یاخی بوون، دیاری کراووبێ ئەڵتەرناتیف بوون و بەدەگمەن نەبێ ڕوویان لە(هەڵاتن و سەرهەڵگرتن و کۆچ نەبووە).

دوای ڕاپەڕین و داڕمانی دەزگا پۆلیسیەکانی دەوڵەتی مەرکەزی، دوای کۆڕەوە ملیونیەکەی گەلی کورد و والاّ بوونی سنوورە سەختەکان، دوای کرانەوەی دەرگاو پەنجەرە داخراوەکانی سەر ئەم هەرێمە بەڕووی دنیادا، دوای ڕزگار بوون لە دۆخی (دامێنی دامێن)ئیتر ئەم هەرێمەش بووە بەشێك لە دامێنە پلە یەکەکان و بگرە تا ڕادەیەکی زۆریش لەگەڵ ڕووەوە ڕاستەو خۆترو کراوەتر لە دامێنەکانی دەوروبەر، پەیوەندیی بەسەنتەرەوە گرێ دا.

لەم هەل و مەرجە نوێیەدا کە دە ساڵە لە ئارادایە، ئەم هەرێمە گەلێ دیاردەی نوێ، بەهاو پێوەری نوێ، چەمك و ئاراستەو تێگەیشتنی نوێی بەخۆوە دیوە، کە بەئاسانی لەوانەی بەر لە ڕاپەڕین و سەردەمی (دامێنی پلە دوویی) کوردستان، جیادەکرێنەوە.

ئەو جیل و وەچانەی پەروەردەی کلتوری(کوردایەتی و یاخی بوونی) بەر لە ڕاپەڕین و گەرمەی ڕاپەڕین بوون، ئەوانەی ئاوێتەی چەمکەکانی خەبات و خۆڕاگری و قوربانی دان بوون، ئەوانەی بەگیان، بەخوێن، بەسەرومااڵ، بەهەڵوێست و بە

وشه، بەهەست وسۆز، هەل و مەرجی شۆڕش و ڕاپەڕینییان خولقاند، ئەوانە هەر بەو بەئامانج گەیشتنەی خۆیان دوا لاپەڕەی فەرهەنگێکی لێوان لێوی(چەمك و بەهای یاخی بوون و بەرهەڵستکار) بیان نوسیەوە کتێبەکەیان جوت کردەوە.

وەرچەرخانی (دوای ڕاپەڕین و کۆڕەوو ئازاد کردنی هەرێم)و پاشان دەرئەنجام و دەرهاویشتە سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتی و دەروونییەکانی، جێیان بە چەمکو بەهاکانی بەرلە ڕاپەڕین و گەرمەی ڕاپەڕین ، لەقکردو هێدی هێدی ئەو چەمك و بەهایانە، شەوق و ڕەونەق و سیحریان لەدەست داو کاڵ بوونەوە. چەمکەکانی (شۆڕش، پێشمەرگە، قوربانی، خەبات، نیشتمان پەروەری، کوردایەتی..هتد) بە شێوەیەکی بەر چاو وەك هەر کالایەکی کۆنە، یان مۆدێل بەسەرچوو، پێچرانەوەو لەبەر دەست هەڵگیران، لە شوێن و کات و بۆنەی تایبەتدا نەبێ، ناخرێنەوە بەر دەست و بەسەر زمانی کەسدا(بەتایبەتی نەوەی نوێ) ناکەن عبوور، جارجارێکیش نەبێ، بەدڵی (تێکۆشەرە دێرینەکانیشدا)ناکەن ختوور..!

ئەونەوەیەی لە ڕۆژ کانی ڕاپەڕین دا هێشتا مناڵ و هەزەکار بوون، ئەوانەی هۆشیاریی سیاسیو نەتەوەییان بە چەمك و بەهاکانی بەر لە ڕاپەڕین و ڕاپەڕین زاخاو نەدرابوو، ئەوانەی ئەگەری (بەئاسانی کەوتنە ژێر کاریگەریی هەل و مەرجە نوێیەکەی دوای ڕاپەڕین) دەیگرتنەوە، ساڵ بەساڵ لە سایەی سیستمێکی نوێ دا، لە کەش و هەوایەکی جیاوازدا ئاوێتە بە بڕێ چەمك و بەهای خێزانی و سیاسیو ئابوریو ئەخلاقیو ئاینیی جیاواز لە ژێر باڵی سیستمێکی مەیل و نەستی جەمعیی کۆمەلایەتی نوێداو، بەپاڵ قەلای هەندێ ئەفسانەو کاریزمای نوێوە، گەشەیان کردووە، ئێستا قورساییەکی تەواویان هەیە لە دیمۆگرافیای کوردستاندا.

ئەو نەوەیە کە بە بۆچوونی ئێمە، ئێستا تەمەنی لە نێوان(١٨تا٢٥) ساڵیدایە، واماوەی دە ساڵە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، بە بەهاکانی دوای داخستنەوەی کتێبەکەی فەرهەنگی(چەمکەکانی کوردایەتی)گۆش دەکرێن.

چەمکەکانی(ڕاوو ڕووت و تاڵانیو ئاودیوکردن و قاچاخچێتیو گەلاو بازاڕی دۆلارو پاسپۆرتی تەزویرو پارەی تەزویرو هەموو شتێکی تەزویرو سنورداش و شەڕی ناوخۆو سەنگەر گواستنەوەو خیانەت و تێکشکاندنی کاریزماکانی کوردایەتی، بەدەست و تەورو زمانی کورد، دیمەنەکانی خۆرئاوای پڕ شەوق و زەوقی سیحراویی سەرسوڕهێنەری کەنالەکانی تەلەفیزیۆن و سەتەلایت، هەواڵە گەرم و گوڕەکانی هێڵە ڕاستەوخۆکانی تەلەفۆن و فاکس و ئەنتەرنێت)، ئەوانە بڕێکن لەو چەمك و بەهایانەی ماوەی دەساڵە باڵیان کێشاوە بەسەر ژیانی خەڵکدا بەگشتی و گەنجی کورددا بە تایبەتی.

لەم هەل و مەرج و کەش و هەوایەدا، بەشێکی زۆری گەنجی کورد کەمترین و لاواز ترین پەیوەندی بەم خاك و ئاوو میللەت و ئەزموون و مێژووەوە گرێیان دەداتەوە.

چونکە بۆ پەیوەست بوون بە نیشتمان و میللەت و چارەنووسی یەوە، مرۆڤ پێویستی بەوەیە بە چەمکەکانی ئەو فەرهەنگە گۆشبکرێ و لەسایەی ئەو بەها نیشتمانیانەدا پەروەردەببێ کە خۆی دەستی لە داڕشتن و بەرهەم هێنانیدا هەبێ یان بووبێ، یان لایەنی کەم لە چاری ناچاری و لەنەبوونی ئەلتەرناتیڤدا قەبوڵی کردبن. بەڵام گەنجی ئەمڕۆی کورد، لەم هەرێمەدا سەرباری ئەوەی هیچ دەستێکی نەبووەو نیە لە داڕشتن و بەرهەمهێنانی چەمکەکانی (کوردایەتی و شۆڕش و ڕاپەڕین)دا، لەلایەکی تریشەوە زۆربەی ئەو چەمکانە(وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن) خۆیان سیحرو ڕەونەقیان لە دەس داوەو سووڕی ژیانیان تەواو بووەو تین و تاوو شوحنەو حەماسەکەی جاران نا بەخشن ، سەرباری هەموو ئەوانە، گەنجی ئەمڕۆ چاریشی ناچارنیە بڕێ

چەمك وبەهای ئەو تۆ قبوولّ بكات، كە دەستی لە بەرهەمهێنانیاندا نیەو نەبووە، چونكە ئەمرۆ ئەڵتەرناتیڤ زۆرن و فورسەتەكانی هەڵبژاردن كراوەو فرەن لەبەردەمیدا. هەروەها ئەمرۆ (مەیلی گشتی) ی كۆمەڵگەی بە ئاراستەیەكدا ملی ناوە، كە پشت كردنە چەمكەكانی (نیشتمان و میللەت و هتد)یی، بەلاوە زۆر نەنگ نیە. .گرە تاڕادەیەك(خیانەتیشی) پێ قووت دەچێ!!

ئەوساو ئێستاش، گیانی یاخی بوون لەناو كوردا بەگشتی و لەناو گەنجەكانیدا بەتایبەتی بالاّ دەست ولە بەرچاوە..بەڵام شێوازو ئاراستە و كەرەسەو ئامانجی یاخی بوونەكە ، لەمیانەی ئەو ساو ئێستادا گۆڕانێكی یەكجار پێشەیی بەسەردا هاتووە. سەرەكیترین و لەبەر چاوترین شێوازو ئاراستەی یاخی بوونی گەنجی ئەمرۆی كورد دیاردەیەكی هێناوەتە ئاراوە كە بابەتی ئەم توێژینەوەیەمانە.. ئەویش دیاردەی(كۆچی گەنجی كوردە بەرەو هەندەران).

ئەگەر چی هیچ ئامارێكی ڕەسمی و باوەڕپێكراومان لەبەردەستانیە بەڵام دەتوانین بڵێین لەماوەی ئەم دەساڵەدا بەدەیان هەزار ژن و پیاو، پیرو گەنج و منداڵ خوێندەوارو نەخوێندەوار ، خاوەن بڕوانامەو خوێندكار، شاری و لادێی، دەوڵەمەندو هەژار ، بێكارو فەرمانبەرو كاسب و لات و رەجاڵ.. تێكۆشەری دێرین و بێلایەن، جاش و باش.. بەتاك وكۆ و دەستە دەستە ، ئەم هەرێمە جێ دەهێڵن و ڕێگاكانی هات و نەهات دەگرنەبەر ، بەقاچاخ و سەرچڵی، سنورەكانی ولاّتێك و دوان و سیانی(دامێن) دەبەزێنن و ڕوو لە سەنتەرەكانی خۆر ئاوادەكەن.. ڕێژەی هەرە زۆرو بەرچاوی ئەم لێشاوی سەرهەڵگرتن و كۆچە، گەنجانی كوردی گرتۆتەوە چونكە ئەم (كۆچ)ە بەرجەستەكەری یاخی بوونی گەنجە، (یاخی بوون) لەچی و بۆچی و لەژێر كاریگەریی كام لە فاكتەرەكاندا ؟ دیاردەی كۆچ و لێشاوی سەرهەڵگرتنی گەنجی كورد بەرەو هەندەران، تادێت ڕوو لەزیاد بوون و تەشەنەسەندنە.. ساڵ بە ساڵ ڕێگەو شێوازی نوێی سنور بەزاندنو خۆدەرباز كردن دەدۆزنەوە، هیچ بەهایەك..هیچ كۆسپێك هیچ شكستێك، هیچ خەرجیو ترسێك، تەنانەت ترسی مەرگیش ناتوانێ ببێتە ڕێگرێكی هەمیشەیی لەبەردەم خەون و هەوڵ وتەقەڵای گەیشتنیان بە(هەندەران)ی ﴿دالّدەدەرو پەناگەی پڕ لە ئاسایش و ئازادیو ئیش وپارەو قەدرو ڕێز.﴾

ڕۆژنیە هەواڵی دڵتەزینی كارەسات و دەسبڕین و سنووورداش و تێهەڵدان و گرتن و پارەو پوول تیاچوون و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و شەپۆ ئاژاوەی ناو ماڵ وبەتاڵان فرۆشتنی وا رو وێخت ، تەنانەت هەواڵی تاوانی كوشتن و دزین بەمەبەستی مەیسەركردنی گەیشتن بە هەندەران، نەبیستین.

لەم ولاّتەدا بە هەزارها دایكی مەینەت بار، ڕۆژانە گوێ قوڵاغن تاقە هەواڵێكی ڕۆڵەكانیان لەلایەكەوە ببیستن.. هەزارەها دەستگیرانی تازەنەمام، چاو لەڕێن، داخۆ كەی ئەو فریاد ڕەسە مەزنەی (ناوی هەندەرانە) ڕێ دەدا بە فریاد ڕەسەكانی ئەمان كە بێنەوەو باوەشیان پیا بكەن و ڕزگاریان بكەن..كێن و لەچی و بۆ كوێ؟ ئەوانە پرسیار گەلێكن كەكەمترین بەهاو نرخیان هەیە بەلای گەنجانەوە. بازاڕگەرمی ئەم لێشاوی سەهەڵگرتنە بێ پەی و بێ كۆتاییە، تا ئێستا نەبۆتە مایەی ئاوڕدانەوەیەكی جدی و زانستی لەم دیاردەیە، نەلەلایەن دەزگا حكومیەكانەوە، نە لەلایەن دەزگا زانستی و ڕووناكبیریەكانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا تەنانەت ئامارێكیشمان نیە بۆ ژمارەو تەمەن و ڕەگەزو پیشەی ئەو دەیان هەزار كوردەی بەهەندەراندا پەڕش و بڵاوبوونەتەوە، هەر لە ئوسترالیاوە تا گرینلاند كە ڕەنگە جگە لە چەند كوردێك پەنانەری تری تیا نەژیێ.

هیچ کۆرو کۆبونەوەیەك.. دانیشتنێکی دەستە جەمعی ، یان دوو قۆڵی نیە، کە ئەم باس و خواسانەی تیا نەکرێتەوە، هەرکەس دوو قسە بزانێ ، قسەیەکی لەسەر ئەم باسەیە ! ئەوەی ناوی چوار گەڕەکی شارەکەی خۆی نازانێ، ناوی چەندین پایتەخت و شارو ناحیەی ئەوروپی دەزانێ.

ئەوەی ئەمڕۆ دژی ئ م دیاردەیە قسە دەکات، هیچ بەدووری مەزانە سبەینەك هەر ببێتە پشتیوانێکی سەرسەختی کۆچ، بگرە ڕەنگە ببێتە سەر قافڵەو قاچاخچی ڕێی هەندەرانیش !

بارودۆخەکە تا بڵێی ئاڵۆزە .. گیرو گرفتەکە زەویەکی بەیارەو دەست و بێڵ و گاسنی کێڵان هێشتا ڕووی تێ نەکردووە. ئەوەی هەیەو بەرچاوی ئێمە کەوتووە لەوە نەترازاوە کە هەندێ وتارو ڕاو بۆ چوونی شەخسی ، تێوری،حیزبیو ئایدۆلۆژین و مافیان بەسەر زانست و واقیعەوە نیە.

هەیە پشتگیری لەم دیاردەیە دەکات ، بە پاساوی ئەوەی بەم چەشنە(لووبی کورد)لە وڵاتانی دنیا دروست دەبێ و کە گەڕاشنەوە وەك کۆمەڵە خەڵکێکی شارستانی و تێگەیشتوو دێنەوە بۆ کوردستان .

هەیە دژیاتی ئەم دیاردەیە دەکات، بەپاساوی ئەوەی بۆتە مایەی نەزیفی وزەو توانای نەتەوەو نیشتمان، لەکاتێکدا ئەم وڵاتە پێویستی بە هەموو تواناکان هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەو سەرلەنوێ خۆبونیادنانەوە.

هەیە لە دەست و توانایدایە کە سنورێك بۆ ئەم لێشاوو نەزیفە دابنێ، لەڕێی جیاوازو هەمە چەشنەوە، کەچی خۆی لێ کەڕ کردووەو مێشێ میوانی نیە.

لەو میانەشدا جگەلەوانەی کە کۆچیان کردووەو ئەوانەی بڕیاری کۆچیان داوە، دەیان هەزاری تریش بەبەردەوامی و لەهەر لەحزەیەکدا بێت پڕۆژەو کەرەسەیەکی خاوو لەسەرپێن بۆ کۆچ و سەر هەڵگرتن.

لەوچەند ویستگەیەش بترازێ، هەندێ وردە قسەو قسەڵۆکی تریش لەملاو لەولا دەبیسترێن، وەك ئەوەی کەبێ هیچ بەڵگەیەك یان ئامارێك هەن دەڵێن ئەمە تەنها چاولێکەرییەو هیچی تر.. یان دەڵێن خەتای سەتەلایت و تەلەفزیۆنە خووی گەنجەکانی خراپ کردووە.. یان دیسان بەبێ بەڵگە و ژمارە، حکوومەت و حیزبەکان لەم دیاردەیە بەرپرس دەکات بەهەر حاڵ لە نەبوونی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستیانەدا ، هەر تفەنگەو بەتاریکییەوە دەنرێ.. هەندێکی بەڕێکەوت شتێ دەپێکێ و ئەویتریشی قسەیەو بەبادا دەکرێ.

(باسی یەکەم)

گرفتەکەچییە؟ وچیی لێ حاڵی دەبینن؟

لێشاوی بەربڵاوی کۆچ و سەرهەڵگرتنی مرۆڤی کورد بەگشتی و گەنجانیان بەتایبەتی ، بەرەو هەندەران، دیاردەیەکی مەترسی دارەوڵەوە ترازاوە کەبە دیاردەیەکی چاولێکەری وکتوپڕو کاتی لێکی بدەینەوەو چاوو گوێی خۆمانی لەئاستدا دابخەین. ئەگەر چی هەرئێستا گەلێ دەرهاویشتەو دەرئەنجامی خراپی لێ کەوتۆتەوە هەم لە ئاستی ژیانی تاکەکان و هەم لە ئاراستەی گشتیی ژیانی کۆمەڵیش دا ڕەنگیان داوەتەوە، بەڵام وا پێشبینی دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا دەرئەنجامی زۆر سەختی لێ بکەوێتەوە و(کوردیش) وەك میللەتێکی تازە ئازادو تازە نەفەس باجی زۆر گەورەی لە بەرامبەردا بداتەوە، گرفتەکەش بەلای ئێمەوە هەر ئەوەنیە کە دەیان هەزار گەنجی کورد، وڵات جێ دێڵن و بەس.. ئەگەر چی ئەوە خۆی لەخۆیدا بۆ کیانێکی تازە نەمام، کارەساتێکی گەورەیە، بەڵام گرفتی سەرەکی و مەترسی دار بەلای ئەم توێژینەوەیەوە لەدوو تۆیی ئەو فاکتەرانەدا خۆی حەشار داوە کە لەجەمسەرێکەوە بوونەتە هێزی گوشارو تووڕدانی

گەنجان بۆ دەرەوەی خولگەی بەهاکانی نیشتمان و نەتەوەو گەل و مێژوو. لە جەمسەرەکەی تریشەوەبوونەتە هێزێکی ئەفسوونایی ڕاکێشان و لە خۆگرتن، ئەمیشیان هەر لە دەرەوەی بەهاکانی نیشتمان و نەتەوەو گەل و مێژوو لە ناو کەمپ و شەقامە جەنجاڵەکانی سەنتەرەکانی خۆرئاوا دا.

گرفتی سەرنج ڕاکێش و مەترسی دار بە لای ئەم لێکۆڵینەوەیەوە خۆی لە، فەوتان و لەدەس دانی ڕێژەیەکی زۆر لە بەهاکانی مرۆڤی کوردی بەرهەڵستکارو قوربانی دەرو خۆراگرو نیشتمان پەروەردا، دەبینێتەوە. بەگشتی گەنجی کوردی ئەمڕۆ نامۆیە بەفەرهەنگی بەهاوکلتوری باوو باپیرانی و تا ئێستا . وەك پێویست گوێی پێنەداون و پردێکی پەیوەندی و ڕایەڵەیەکی دایالۆگ و لەیەکتری حاڵی بوون لە نێوان باوکان و دایکان و ڕۆڵەکانیاندانیە..زمانی گفت و گۆو ڕازو نیاز لە نێوان کۆمەڵگەی باوك سالار و کۆمەڵگەی ڕۆڵەکانیاندا لە ئاردانیە. بگرە بە پێچەوانەشەوە زمانی هەڕەشەو ڕەفتاری توندو تیژ و سووکایەتی پێکردن لەلایەك و ڕێزنەگرتن و گوێ پێ نەدان و بەهەند وەرنەگرتن لە بەرامبەریدا، زمانێکی زاڵو بالادەستە،چ لەئاستی خێزانی کوردستانیدا و چ لەئاستی خوێندگەو خوێندنی بالاو تەنانەت حیزب و ڕێکخراوەکانیشدا، کە حەتمەن بارو دۆخ و کەش وهەوای ناحاڵی بوون. گرژو گرژتر دەکات ودەیگەیەنێتە ڕادەی تەقینەوەولێك ترازانی یەکجارەکی و تەلاقێکی جەستەیی و ڕۆحی لەنێواندا روو دەدات .. بەڵێ گەنجان نیشتمان و نەتەوەو مێژوو و بەهاکانی باوو باپیرانیان تەلاق دەدەن و بە هەڵەداوان ڕوو لە سوار چاکە فریاد ڕەسە خۆرئاواییەکە دەکەن و توند توند.. بەو پەڕی زەبوونی و خۆبە کەم زانییەوە باوەش بە دامێنی دا دەکەن و ساڵەها لێی دەپاڕێنەوە، تا دواجار ئەویش بەلووت بەرزییەکەوە لە خۆی، یان لەیەکێ لە یاوەرو غوڵامەکانی مارەیان دەکات.

باسی دووەم
بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

لە وەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەوڵێکی جددی و زانستیانە یە بۆ شیکردنەوەی ئەم دیاردەیەو دۆزینەوەی ڕاستیەکان لەڕێی توێژینەوەیەکی تیۆری و مەیدانیەوە.

باسی سێیەم
ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە چیە؟

ئامانج دەست نیشانکردنی فاکتەرەکانی تۆڕدان و فاکتەرەکانی ڕاکێشان و لە خۆگرتن و دیاری کردنی کاریگەری و جێ دەستیانە بەسەر لێشاوی بەردەوامی کۆچ و ئاوارەبوونی گەنجی کوردەوە.

دواتریش پێشنیاز کردنی هەندێ ڕاو بۆ چوون لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا کە بە ژمارە دەستمان دەکەون.

باسی چوارەم
قۆناغەکانی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

١) سەرەتا بیرۆکەیەك بوو ئینجا بوو بە خولیای گەڕان بە دوای سەرچاوەدا، دواتر لەگەڵ داڕشتنی هەندێ پرسیارو تاقیکردنەوەیان لەسەر هەندێ کەسی نزیك، بیرۆکەکە زیاتر پوخت و گەلاڵە بوو و فۆرمێکی ڕاپرسیم ڕێکخست کە سەرەتا پێکهاتبوو لە (٢١)پرسیارو (٥) زانیاری شەخسی .

٢) لەگەڵ ڕاگەیاندنی سازدانی فێستیڤاڵی سالانەی گەلاوێژدا و لەبەر گرنگی ئەم پێشبڕکێیە، بڕیارمدا دەس بەکاربم و توێژینەوەکە لەم فێستیڤاڵەدا پێشکەش بکەم ، یەکەم هەنگاو لە هۆڵی یانەی قەڵەم بوو (پرسیارەکانم لە چەند گەنجێکی(کورڕو کچ)ی ئەندامانی یانە کردو وەلامەکانم بە نووسین وەرگرتەوە).

٣) لەهەنگاوی دووەمدا و بەهاوکاری هاوپێیان لەسەنتەری چالاکی گەنجان لەسلێمانی بە هەمان دەستوور پرسیارەکان ئاراستەی دەستەیەك گەنجی کوڕو کچ کراو وەلامەکانیش بە نوسراوی وەرگیرانەوە.

٤) لەهەنگاوی سێیەمدا و بەهەمان دەستوور لەناوپەیمانگەی تەکنیکی ی سلێمانی دا بەهاوکاری مامۆستایان وەلامی پرسیارەکان بە نوسراوی لە دەستەیەکی تری گەنجی خوێندکاری کوڕو کچ وەرگیرانەوە.

٥) لەهەنگاوی چوارەمدا و بەهاوکاریی بەڕێز مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی /کۆلیژی زانستە مرۆییەکان/ لە زانکۆی سلێمانی،هەمان ڕێو شوێنمان گرتە بەر لەگەڵ دەستەیەکی تری خوێندکاراندا.

٦) دوا جاریش بە هاوکاری بەڕێز جێگری راگری کۆلیژی پزیشکی و سکرتێرەکەی لەتەك دەستەیەك خوێندکاری گەنجی کۆلیژی پزیشکیدا هەمان ڕێوشوێنمان گرتەبەر.

٧) پاش کۆکردنەوەی هەموو فۆرمەکان کە ژمارەیان ١٢٦ بوو پاش هەڵاوێرد کردنی ئەوانەیان کە تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵی و لەسەرو ٢٥ ساڵیەوە بوو تەنها ١٠٠ فۆرمیان مایەوە.

٨) لەبەر نەبوونی کۆمپیوتەر ، بەناچاری لە ماوەی مانگێکدا ڕۆژانە چەند سەعاتێك خەریکی گواستنەوەی هەموو وەلامەکان و زانیاریەکان بووم بۆ ناو ئەو(خشتە)ی زانیارانەی دانە دانە دروستم دەکردن و پڕم دەکردنەوە .. لەئەنجامدا کۆی وەلامی (٢١)پرسیارو(٥)زانیاریی شەخسی(١٠٠)فۆرمم لەناو(١١) لیستی بۆلێن کراوداریکخستنەوە، کە کۆیان دەیکردە٢٦٠٠وەلام،

٩) لەپاش تاوتوێ کردنەوەی خشتەکان و تێڕامان لەوردەکاریەکان، بۆمان دەرکەوت وەلامی هەندێ لە پرسیارەکان هیچ دەلالەتێکی ئەو تۆ نابەخشن و خزمەتێك بە لێکۆڵینەوەکە ناگەێنن، بڕیارماندا هەندێ پرسیار بە وەلامەکانیشەوە(لەهەموو فۆرمەکاندا) پشت گوێ بخەین و پرۆسەی جیاکردنەوەو شی کردنەوەیان بۆنەکەین.

١٠)پاش ئەوەی پرس و ڕایەکی وردمان بە خاوەنی دکتۆرایەك و خاوەن ماجستێرێك و بەکالۆریۆسێك کرد پرۆسەی نووسینی بەشە تیۆریەکەی لێکۆڵینەوەکەمان دەس پێکرد و دواتر دەستمان دایە شیکردنەوەی واتاو دەلالەتەکان لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەو ڕێژەو ژمارانەی دەستمان کەوتبوون. هەر لەم قۆناغەدا دەستمان کرد بە جیاکردنەوەی وەلامەکانی (١٠) پرسیارو زانیاریی شەخسیەکان و گۆڕینیان بە ژمارەو ڕێژەی سەدی.

١١)هەندێ نموونە لەوتەی نوسراوی گەنجانی ریفرۆندامەکەمان وەك خۆی تۆمار کرد و هیچ قسەیەکمان لەبارەوەنەکردن.

١٢)پاشان پوختەیەکی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە و پێشنیازەکانمان نووسیەوە و کۆتایمان بە لێکۆڵینەکەمان هێنا.

فۆرمی ڕاپرسی

تەمەن بە ساڵ /کار/

ڕەگەز/ /پلەی خوێندن/

پرسیاری یەکەم : حەز ئەکەیت کوردستان جێ بهێڵیت و بچیت بۆ هەندەران؟

پرسیاری دووەم : أ)ئەگەر (بەڵێ) بۆ؟

ب)ئەگەر (نەخێر)بۆ ؟

پرسیاری سێیەم : ئەگەر کوردنەبوویتایە دەخوازیت چی بوویتایە؟

پرسیاری چوارەم :ئەگەرکارت بۆ مەیسەر بێت، حەز ئەکەیت ئێستا لە کوێ بژیت؟

پرسیاری پێنجەم :بە زۆری هەست بەکامیان دەکەیت:

١. بەختەوەری.

٢. بێزاری.

٣. چەوساوەیی و مافخوراوی.

پرسیاری شەشەم: هۆکاری ئەو هەستەت چییە؟

پرسیارحەوتەم: ئەگەر هەست بە (بێزاری، یان چەوساوەییو مافخوراوی) دەکەیت:

ئایا چارەسەر بەلای تۆوە لە کامیان دایە:

١. کۆچ بۆ هەندەران.

٢. خۆدەوڵەمەند کردن لێرە.

٣. خۆڕاگری و تێکۆشان بۆ پاشەڕۆژێکی باشتر.

پرسیاری هەشتەم: ئایا چەند کەس لە ناو خێزانە گەورەکەتدا ئێستا لە هەندەران دەژین؟

پرسیاری نۆیەم: ئایا چەند هاوڕێی کۆن و نوێت ئێستا لە هەندەران دەژین؟

پرسیاری دەیەم: ئایا بڕوات وایە کە گەیشتن بە هەندەران دەبێتە هۆی:

١. چارەسەر کردنی کێشەکانت.

٢. زیاد بوونی قەدرو ڕێزت لە ناو خێزان و دەوروبەردا.

٣. دەوڵەمەند بوون و بەختەوەریت.

بەشی دووەم

لایەنی مەیدان

شیکردنەوەو بەراورد کردنی زانیاری و ئامارەکان

باسی یەکەم

شیکردنەوەو بەراورد کردنی وەڵام و زانیارییەکانی پرسیاری یەکەم:

ئارەزووی(کۆچ کردن) و (کۆچ نەکردن) - پەیوەندییان بە ڕەگەزو بە تەمەنەوە:

پرسیاری یەکەممان ئاراستەی هەر (١٠٠) گەنجەکەکرد، کە(٥٧)یان کچ و(٤٣)یان کوڕ بوون، لە تەمەنی جیاوازو پلەی خوێندنی جیاوازدا تەمەنەکان لە (١٨) ساڵ تا (٢٥) ساڵە و پلەی خوێندنەکانیش بریتین لە: "ئامادەیی ، پەیمانگا، زانکۆ" وەڵامەکانیش بەم جۆرە بوون:

١. بەگشتی لەو (١٠٠) گەنجە بە کوڕو کچیانەوە، ڕێژەی (٤٤٪)یان وەڵامەکەی(بەڵێ)بووە.

٢. ڕێژەی ئەو کوڕانە بە(بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە، بۆ کۆی کوڕەکان، دەکاتە(٦٢،٨٪).

٣. ڕێژەی ئەو کچانەی بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە، بۆ کۆی کچان، دەکاتە(٢٩،٨٪).

بەسەرنجدانێکی ئەو ڕێژانەی ئەم ڕاستییانەمان بۆ دەردەکەون:

A.نزیکەی نیوەی گەنجەکانی ڕیفراندۆمەکە، حەز دەکەن کوردستان جێ بهێڵن و هیچ بە هایەکیش ڕێگر نییە لەبەردەمیاندا. ئەوەش ڕێژەیەکی زۆر سامناکە.

B.لە نیوە زیاتری ژمارەی کوڕانی ڕیفراندۆمەکە، ئارەزووی جێ هێشتنی کوردستانیان هەیە.

C.تەنیا نزیکەی(٣٠٪) کچانی ڕیفراندۆمەکە، ئیعلانی ئەو ئارەزووەیان دەکەن بۆ کۆچ کردن.

D.ڕێژەی کوڕانی (بەڵێ) دوو هێندەو زیاتری ڕێژەی کچانی (بەڵێ)یە.

کاتێکیش بەراوردی وەڵامی (بەڵێ) دەکەین بە(تەمەنەکان)دەبینین:

١. ڕێژەی ئەو کوڕانەی (حەز دەکەن کوردستان جێ بهێڵن)و (تەمەنیان)لە

نێـوان(١٨–٢٠)ســـاڵیيه، دەکاتـــه(٦٣،٦٪)ی کۆڕانی ئەو تەمەنە.

٢. ڕێژەی کچانی (بەڵێ)کە تەمەنیان لـە(١٨–٢٠) ســاڵیيه، دەکاتـــه(٣٥٪)ی کچـانی ئـــەو تەمەنە.

٣. ڕێـــژەی کۆڕانـــی (بـــەڵێ) کەتەمـــەنیان لە(٢١–٢٥)ســاڵە. دەکاتـە(٦٢٪)ی کۆڕانی ئـەو تەمەنە.

٤. ڕێـژەی کچـانی (بـەڵێ) کـە تەمـــەنیان لـە(٢١–٢٥)ســاڵە، دەکاتـە(٢٧٪)ی کچانی ئـەو تەمەنە.

لەسـەرنج دانـی ئـەو ڕێژانـەدا بۆمـان دەردەکـەوێت کە:

١. ئـارەزووی سـەر هـەڵگرتن و جـێ هێشـتنی کوردسـتان لـەناو کۆڕانـی تەمـــەنی (١٨–٢٠) ساڵیدا، کـە ڕێژەیـەکی بـەرزەو لـە سـەرو نیـوە وەیە، هەر بەو بەرزییە دەمێنێتەوە لەناو کۆڕانی تەمەن(٢١–٢٥)ساڵدا ، بە دابـەزینێکی زۆر کـەم (٦٣،٦٪بۆ ٦٢٪).

٢. ئارەزووی سەر هەڵگرتن لەناو کچانی (١٨–٢٠) ساڵیدا ڕێـژەی (٣٥٪)ەو، لەتەمـەنی(٢١–٢٥)،(٨٪)ی ئـەو ڕێژەیـــە کـــەم دەکـــات و تەنیا(٢٧٪)ی دەمێنێتەوە.

٣. ڕێـــژەی ئـــارەزووی ســـــەر هـــــەڵگرتن بەبەردەوامی لەناو کۆڕانی تێکڕای تەمەنەکاندا، نزیکەی دوو هێندەی ڕێژەی کچانە.

هـەر لـە وەڵامـی پرسیاری یەکـەمماندا،ئـەو کـوڕو کچانەی کەبە(نەخێر) وەڵامیان داوەتـەوە، ڕێژەیـان بەم جۆرە بوو:

١. (٥٤٪)ی کـــۆی گشـــــتی بەشـــدارانی ڕیفراندۆمەکە، بە کوڕو کچەوە، وەڵامیان (نەخێر)بوو.

٢. ڕێـژەی کچـانی (نـەخێر)بـۆ کـۆی کچـانی بەشدار، دەکاتە(٦٨،٤٪).

٣. ڕێـژەی کۆڕانـی (نـەخێر) بـۆ کـۆی کۆڕانـی بەشدار، دەکاتە(٣٥٪).

بەســـەرەنجدانی ئـــەو ڕێژانـــەی ســـەرەوە، بۆمـــان دەردەکـەوێت کـە هاوکێشـەکە پێچەوانـــە بۆتـــەوەو، ڕێژەی کچانی (نەخێر) نزیکەی دوو هێندەی ڕێـژەی کۆڕانی (نەخێر)ە.

کە بـــەراوردی وەڵامـــە(نـــەخێر)ەکـــان بە(تەمەن)ـەکان دەکەین، دەبینین کە:

١. ڕێـــــژەی کۆڕانـــــی (نـــــەخێر) تەمەن(١٨ـ٢٠)ساڵ، دەکاتە(٣٦٪).

٢. ڕێـــــژەی کچـــــانی (نـــــەخێر) تەمەن(١٨ـ٢٠)ساڵ، دەکاتە(٦٠٪).

٣. ڕێژەی کۆڕانی (نەخێر) لە تەمەنی (٢١–٢٥)ساڵ، دەکاتە(٣٣٪).

٤. ڕێژەی کچانی (نەخێر) لە تەمەنی (٢١–٢٥)ساڵ، دەکاتە(٧٣٪).

لەسـەرنجدانی ئـەو ڕێژانـــەدا جـارێکی تریـش دوو هێندەیی (نەخێر)ی کچانمان بۆ دەردەکەوێتەوە، بە بـــــەراورد لەگـــــەڵ کۆڕانـــــی (نـــــەخێر)ی هاوتەمـــەنیاندا.هـــەروەها جگـــە لـــەوەی ڕێـــژەی (نەخێر)ی کۆڕان لەچاو کچاندا کەمـە، ئاشکرایە کـە کـــۆڕان لەگـــەڵ زیـــادبوونی تەمـــەنیاندا،ڕێـــژەی (نـەخێر)لایـان، کـەمتر دەبێتـەوە. لـەم ڕیفراندۆمـەدا (٣٪)ی دابەزاندووە.

لەهەمان کـاتدا، ڕێـژەی (نـەخێر)ی کچـان، لەگـەڵ زیاد بوونی تەمەنیاندا زیاد دەکات و هەڵ دەکشـێت. لـەم ڕیفراندۆمـەدا بـە ڕێـژەی(١٣٪)زیادی کـــردووە. ئەوەش ڕاستییەکە تەواو پێچەوانەی حاڵەتی کۆڕانە. بە وتەیەکی تـر، کۆڕانـی ڕیفراندۆمەکـە تـا تەمـەنیان زیـاد بکـات ، ئـارەزووی مانـەوەیان لـە کوردسـتاندا کەم دەکات، بەڵام کچانی ڕیفراندۆمەکە تـا تەمـەنیان زیاد بکات ئارەزووی مانـەوەیان لەکوردسـتاندا زیـاتر دەکات.

باسی دووەم

هۆکارەکانی ئاژاوەزووی کۆچ لە لای گەنجان(هۆکارەکانی دەرپەڕاندن و هۆکارەکانی ڕاکێشان)

لەوەڵامی پرسیاری دووەمماندا، کەلقی یەکەمیان بۆ ئەوانە بوو کە(بەڵێ)یان هەڵبژاردبوو، ئەم ئەنجامانەمان دەست کەوت:

١. ڕێژەی (٦٣٪)ی کۆڕانی (بەڵێ)هۆکارەکانی (دەرپەڕاندن)واتە (سیاسی، بێ ئاسایشی، شەڕیناوخۆ)پاڵیان پێوە دەنێت.

٢. ڕێژەی (٥٨،٨٪)ی کچانی (بەڵێ)هەمان هۆکاری (سیاسی، شەڕی ناوخۆ) پاڵیان پێوە دەنێت بەرەو هەندەران.

٣. ڕێژەی (٤٤،٤٪)ی کۆڕانی (بەڵێ)هۆکاری (نائومێدیو بێ ئامانجی و هیوابڕاوی) پاڵیان پێوە دەنێت بەرەو هەندەران.

٤. ڕێژەی (١٧،٧٪)ی کچانی (بەڵێ) هەمان هۆکاری نائومێدی پاڵیان پێوە دەنێت بەرەو هەندەران.

٥. ڕێژەی (٣٣٪)ی کۆڕانی (بەڵێ)،(ئارەزووی تەواو کردنی خوێندن)هۆکاری ڕاکێشەریانە بەرەو هەندەران.

٦. ڕێژەی (٤٧٪)یکچانی (بەڵێ)،(ئارەزووی تەواو کردنی خوێندن)هۆکاری ڕاکێشەریانە بەرەو هەندەران.

٧. ڕێژەی (٢٢٪)ی کۆڕانی (بەڵێ)،(مەترسی بێکاری) دەریان دەپەڕێنێت بەرەو هەندەران.

٨. ڕێژەی (١١٪)ی کچانی (بەڵێ)،(مەترسی بێکاری) دەریان دەپەڕێنێت بەرەو هەندەران.

٩. ڕێژەی (١٨،٥٪)ی کۆڕانی (بەڵێ)، هۆکاری (خۆ دەوڵەمەند کردن لە هەندەران) ڕایان دەکێشێت.

١٠. ڕێژەی (١٧،٧٪)ی کچانی (بەڵێ)، هۆکاری (خۆ دەوڵەمەند کردن لە هەندەران) ڕایان دەکێشێت.

١١. ڕێژەی (١١٪)ی کۆڕانی (بەڵێ)، هۆکاری (ئارەزووی دیتنی وڵاتانی تر)ڕایان دەکێشێت.

١٢. ڕێژەی (٣٥٪)ی کچانی (بەڵێ)، هۆکاری (ئارەزووی دیتنی وڵاتانی تر)ڕایان دەکێشێت.

١٣. ڕێژەی (١٤،٨٪)ی کۆڕانی (بەڵێ)،هۆکاری (دوا کەوتنی کۆمەڵایەتی) دەریان دەپەڕێنێت بەرەو هەندەران.

١٤. ڕێژەی (٧،٤٪)ی کۆڕانی (بەڵێ)،هۆکاری (نەبوونی ئازادی) دەریان دەپەڕێنێت بەرەو هەندەران.

١٥. لەهەر دوو بڕگەی (١٣و١٤)دا، ڕێژەی (دەکاتە سفر٪).

بەسەرنجدان لەو ئەنجامانە، کە وەڵامن بۆ پرسیاری(هۆی‌چییە کە دەتەوێت وڵات جێ بهێڵیت..؟)گەلێك ڕاستیمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە ئەمانە گرنگترینیانن:

١. هۆکاری سەرەکی، بۆ سەر هەڵگرتنی کۆڕانی گەنج،(بەپێی ئەم ڕیفراندۆمە)، هۆکاری سیاسییە کە دەکاتە:"شەڕی ناوخۆ، بێئاسایشی، دڵنیا نەبوون لە پاشەڕۆژی سیاسیی کوردستان ". کەبریتییە لە(٦٣٪)ی پانتایی هۆکارەکان لەلای کۆڕان. هەرەوەها هەمان هۆکار بۆ کچانیش سەرەکییەو ڕێژەکەی دەکاتە(٥٨،٨٪)ی پانتایی هۆکارەکانی سەر هەڵگرتنی کچان.

٢. هۆکارو پاڵنەری سەرەکیی پلە دوو بەلای کۆڕانەوە:" نائومێدییانە لە پاشەڕۆژی خۆیان"، بڕوا نەبوونیانە بەوەی ئایندەیان مسۆگەرو ڕووناك دەبێت لەم وڵاتەدا . ئەم هۆکارە پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە لەناو هۆکارەکانی دەرپەڕێنەرەکاندا، بەرەو هەندەران، کە

دەکاتـە(٤٤،٤٪)ی ئـەو پانتاییـە. کـەچی بـەلای کچانـەوە:"نـا ئومێـدی"لـە پلـەی چوارەمـی هۆکارەکـاندا دێـت، لـە پلـەی دووەمیشـدا هۆکارێکی "ڕاکێشان"،پـەل کێشییان دەکـات بـەرەو هـەندەران، ئـەویش " ئـارەزووی تـەواو کردنی خوێندن"ەو دەکاتە(٤٧٪)ی پانتاییەکە.

٣. هۆکاری سێهەم، بە لای کوڕانەوە"ئارەزووی خوێندن" ە، کەدەکاتە(٣٣٪)، واتـە بـە ڕێـژەی (١٤٪) کەمتر لە کچان . هۆکـاری سێهەمیش لـە لای کچـان" ئـارەزووی دیتنـی ولاتانـە"، کـە هۆکارێکی ڕاکێشەرەو دەکاتە(٣٥٪).

٤. هۆکاری چوارەم لە لای کـوڕان "هۆکـارێکی دەرپەڕێنـەرە"، کـە" مەترسـیی بێکـاریی"ەو ڕێژەکەی دەکاتە(٢٢٪)ی پانتاییەکە. لە کاتێکدا بـەلای کچانـەوە" مەترسـی بێکـاری "تـەنیا (١٣٪)ی پانتاییەکەیەو لە پلەی پێنجەمدایە.

٥. هـێزی ڕاکێشـەری" دەوڵەمـەند بـوون لـە هـەندەران "تـا ڕادەیـەکی زۆر بـە یـەک ڕێـژە کاریگەریی هەیە، چ بۆ سـەر کچان(١٧،٧٪)و چ بۆ سەر کوڕان (١٨،٥٪).

٦. "دواکـەوتنی کۆمەڵایـەتی "، هۆکـارێکی دەرپەڕێنـەرە بـۆ سـەر کـوڕان ، کـە ڕێژەکەیشی(١٤،٨٪)ە. کـەچی بـەلای کچانـەوە هیچ بایەخێکی نەبووەو ڕێـژەی(سفر٪)ی تۆمـار کردووە. ئەویش مایەی سەرنج و ورد بوونـەوەی زیاترو بەر بڵاوترە.

٧. بەلای کوڕانـەوە"ئـارەزووی دیتنـی ولاتـانی پێشکەوتوو"، ڕێژەیەکی زۆر کەمی هەیە لە چاو ڕێـژەی هـەمان هۆکـار بـەلای کچانـەوە. کوڕان(١١٪)و کچان(٣٥٪).

٨. کەمترین ڕێژەی هۆکارەکانی سـەرهەڵگرتن، بـەلای کوڕانـەو. دەگەڕێتـەوەبۆ " نـەبوونی ئـازادی" کـە دەکاتـە(٧،٤٪)، کـەچی بـەلای کچانەوەئەم هۆکارەش(سفر٪)ی تۆمار کردووە.

٩. هۆکارەکانی "کۆچ"دوو پۆلی سەرەکین:

یەکەم ـ هۆکارەکانی دەرپەڕاندن، کە لەناو ولاتەوە سەرچاوە دەگرێو گـەنجان ناچـار دەکـات ولات جـێ بهێڵن و ڕوو لە هەندەران بکەن.

دووەم ـ هۆکارەکانی ڕاکێشان و پـەل کێشـکردن ، کەلە دەرەوەی ولاتەوە سەرچاوە دەگـرن و هـۆش و بیرو سـەبری گـەنجان دەدۆشـن و سـەرنجیان بـەلای خۆیاندا بەرەو هەندەران ڕادەکێشن.

هۆکاری بنـەڕەتی و سـەرەکی بـۆ کۆچـی هـەردوو ڕەگەز، کەتێکڕایی ڕێژەکانیان(٦٠،٥٪)ە، لە چەشنی پۆلی یەکەمیانداییـە، واتـە هۆکارەکـانی دەرپەڕاندنـە، کـە (شـەڕی نـاو خـۆو نـا جێگیریی بـاری سیاسـیی کوردستانە).لەپلـەی دووەمیشـدا بـەلای کوڕانـەوە هێشـتا هـەر هۆکـارێکی تـری دەرپەڕێنـەر، کـە"نـائومێدی" یـەو(٤٤٪)ی ئـەو کوڕانـەمان دەگرێتەوە کە جێمـان دێڵـن. ڕێژەیـەکی سـامناك لـە گـەنجی کـورد، نـا ئومێـدن لـەم ولاتـە و لـە شـێوەی ژیانیـان، لـە خێزانـەکانیان، لـەڕێکخراوەکانیان، لـە حیزبـەکانیان، لـە حکومەتەکـەیان و تەنانـەت لـە خۆشـیان.داخـۆ ئەمـە چ زەنگێکـی خەتـەرەو بۆمـان لێدەدرێت، کێ ئەم زەنگە خەتەرە دەبیستێت..؟؟.. میللەتێکی تازە ئازاد، بۆچی دەبێت بەو ڕێژە بەرزە، گەنجەکانی نائومێد بن.

لەلایـەکی تـرەوە بـا سـەرنج بدەینـە دوو هۆکـاری سەرەکی بۆ ئارەزووی کۆچی کچانمان کە لە گرووپی هۆکارە(ڕشاکێشەرەکان)ـن، واتە هۆکاری (ئارەزووی تـەواو کردنـی خوێنـدن لـە هـەندەران)، وە هۆکـاری (ئـارەزووی دیتنـی ولاتـانی تر)، ئـاخۆ ئـەم ڕێژانـە مایـەی سـەرنج نـین،(٤٧٪)بـۆ یەکەمیان و(٣٥٪)بـۆ دووەمیان..؟ ئـاخۆ جێـی لێکۆڵینەوەیـەکی تایبـەتی نییە کە تێبگەین و بزانین بۆچی کچان زیاتر لە کوڕان وان لە ژێـر کاریگـەریی (ڕاکێشـان ـ جـذب)دا؟کـەچی کـوڕان زیـاتر لـەکچان وان لـەژێر کاریگـەریی هۆکارەکانی (دەرپەڕاندن ـ طرد)دا؟

بۆ نموونه (شەڕی ناوخۆ٦٣٪، نائومێدی ٤٤٪، بێکاری ٢٢٪، دواکەوتنی کۆمەلایەتی ١٤،٨٪، نەبوونی ئازادی (٧،٤٪). واتە کوڕانی ئەم ڕیفراندۆمە بەو ڕێژانەی سەرەوە لەژێر کاریگەریی پێنج هێزی (دەرپەڕاندن)دان، لەکاتێکدا کچان بەو ڕێژانەی پێشتر دیاری کران و لە ڕێژەی کوڕان کەمترن وان لە ژێر کاریگەریی تەنها (سێ هێزی دەرپەراندنا) بەڵام بەڕێژەی زیاتر لە کوڕان وان لەژێر کاریگەری(سێ هێزی ڕاکێشان)دا.

بەهەر حاڵ لە دوایین بەراوردی وەڵامەکانی دیوێکی پرسیاری یەکەم و دیوێکی پرسیاری دووەمدا بۆمان دەرکەوت کە هۆکارە(ناوەکییە دەرپەڕێنەرەکان) تائێستا بەڕێژەیەکی زیاتر و کاریگەرتر کاری خراپیان بۆ سەرگەنجانی کورد هەیە و لە بەرامبەریشدا هۆکارەکانی(ڕاکێشان و چاولێکەری)ش، زیاتر کاریان لەسەر گەنجانی کچمان هەیە.

باسی سێهەم

هۆکارەکانی ئارەزووی (مانەوە)و کۆچ نەکردن:

لقی دووەمی پرسیاری دووەم، بۆ ئەو گەنجانە بوو کە وەڵامی پرسیاری یەکەمیان(نەخێر)بوو. واتە ئەوانەی کە ئارەزووی کۆچ کردنیا نییەو نایانەوێ کوردستان جێ بهێڵن. پرسیارەکەش ئەمە بوو:

ئایا لەبەر کام لەم هۆیانە ناتەوێت نیشتمان جێ بهێڵیت:

نیشتمان پەروەری /عاتیفی و خێزانی/ترسی نادیاری چارەنووس لە هەندەران..؟

وەڵامەکان بەم جۆرە بوون:

١. ڕێژەی (٨٠٪)ی کوڕانی (نەخێر) هۆکاری نیشتمان پەروەری لە پشتیانەوەیە، بەڵام ڕێژەی (٥٩٪)ی کچانی (نەخێر) هۆکاری نیشتمان پەروەری لە پشتیانەوەیە.

٢. ڕێژەی (٤٦،٦٪)ی (نەخێر)ی کوڕان بۆ هۆکاری عاتیفیو خێزانی دەگەڕێتەوەو(٥٦،٤٪) ی (نەخێر)ی کچانیش بۆ هەمان هۆکار.

٣. ڕێژەی (٤٦،٦٪)ی (نەخێر)ی کوڕان بۆ هۆکاری (نادیاری چارەنووس لەهەندەران)و (٥٩٪)ی (نەخێر)ی کچانیش بۆ هەمان هۆکار دەگەڕێتەوە.

کەسەرنج بدەینە ئەو ڕێژانەیسەرەوە دەردەکەوێت نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی خاک، کە هۆکارێکی (هێشتنەوەو گلدانەوەیە)کاریگەرییەکی زۆر مەزنی هەیە بەسەر کوڕانەوە، بەڵام هەمان هۆکاری گلدانەوە کاریگەریی لەسەر کچان کەمترە و تەنیا دەگاتە(٩٥٪) ی ئەو کچانەی نایانەوێت کوردستان جێ بهێڵن، واتە بە جیاوازیی (٢١٪) لە چاو کوڕاندا .

هۆکارێکی تری گلدانەوەو ڕێگر لەبەردەم کۆچ کردندا هۆکاری عاتیفی و خێزانیو ڕاهاتنە لەسەر ژیانی ئێرە، کە لای کچان ڕێژەی (٥٦،٤٪)و لای کوڕان ڕێژەی (٤٦،٦٪)ی تۆمار کردووە، واتە بەزیادەی(١٠٪)بۆ کچان ، کە زیاتر لە کوڕان پەیوەستی ژیانی خێزانی و ناو کەس و کارو خۆشەویستەکانیانن.

هۆکارێکی تر کە لەهەندەرانەوە سەرچاوە دەگرێو گەنجانمان سارد دەکاتەوە لە کۆچ و لێرە گلیان دەداتەوە، هۆکاری (نادیاریی چارەنووسی کۆچ بەرانە لە هەندەران) کە بەڵای کوڕانەوە(٤٦،٦٪)وبەڵای کچانەوە(٥٩٪)ی هۆکاری کۆچ نەکردن و سەرهەڵنەگرتنیانە.

لێرەشدا کچان بە ڕێژەی (١٢،٤٪)لە کوڕان زیاتر هەست بەو مەترسییە دەکەن و ئەوەش هۆکاری واقیعیو کارەساتی گەورەی لە دواوەیە، کە هەڵبەتە زۆرمان لە ڕووداوەکانی بیستووە، دەست بڕین و جیابوونەوەو لێک ترازانی خێزانەکان و حاڵی زۆرخراپی ژنانی کورد لە غەریبیداو بوونیان بە

کۆیلەی ناو شوققەکان یان کۆیلەی کارێکی تاقەت پڕووکێن. ئەوانە هەمووی پۆلێیان هەیە لەوەدا کە ڕێژەی هەست بە مەترسیی چارەنووس لە هەندەران لەلای کچان زۆر زیاتر بێت وەك لای کوڕان ، ئەگەرچی ئەو مەترسییە لەلای کوڕانیش هێشتا هەر زۆرە.

باسی چوارەم

نکوڵی کردن لە(کورد)بوون

لە پرسیاری سێیەمدا ویستوومانە بەکەنالێکی تردا خۆمان بگەیەنینە ڕاستییەکان، بۆیە پرسیومانە(ئەگەر کورد نەبوویتایە، دەخوازیت چی بوویتایە)..؟

وەڵامەکانیش بەم جۆرە بوون:

١. (٥١،٢٪)ی کوڕانی بەشدار لە ریفراندۆمەکەدا، (٥٤،٦٪)ی کچانیشیان، دەخوازن(هەر کورد بوونایە).

٢. (٤٤،٢٪)ی کوڕان و(٤٣،٧٪)ی کچانیان دەخوازن (کورد نەبوونایە)و جۆرەها ئینتیمای نەتەوەیی تریان هەڵبژاردووە، وەك (ئینگلیز بە پلەی یەکەم، پاشان سویدیو ئەمریکی و ئەڵمانیو ئێرانیو فرەنسیو عەرەب و تورك و جوولەکەو..هتد).

٣. (٤،٦٪)ی کوڕان و(١،٧٪)ی کچان بە(نازانم) وەڵامیان داوەتەوە.

ئەو ڕێژە مەترسی دارانەی کە چ لای کوڕ(٤٤٪)و لای کچ(٤٣٪)زۆر لە یەکەوە نزیکن و خۆزگەیان ئەوەیە کە (کورد)نەبوونایە، جێی سەرنجێکی جددییە. داخۆ دایکان و باوکان، مامۆستایان سیستەمی پەروەردەو فێرکردن، خوێندنی بالاو ڕاگەیاندنەکان، ڕێکخستنی حیزبەکان، دام و دەزگا حکومیو ڕێکخراوەکان.. لەخۆیان ناپرسن (ئەم کارە بۆ وای بەسەر هات..؟!)بۆچی بە هەمووان هەل و مەرجێکیان هێناوەتە ئاراوە کە (٤٤٪)ی گەنجەکانمان نکوڵی لە (کورد) بوونی خۆیان بکەن و بخوازن هەر کورد نەبوونایە..؟! جێی سەرنجە ئەو ڕێژەیە تەواو دەقاو دەق یەکی گرتۆتەوە لەگەڵ ڕێژەی(٤٤٪)ی کوڕان کە حەز دەکەن کوردستان جێ بهێڵن، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە کە بەهۆی ئەم پرسیارەوە ڕاستییەکی شەرمن و شاراوەشمان لەوەڵامی پرسیاری یەکەمی کچاندا بۆ ئاشکرابوو، ئەو ڕاستییەش ئەمەیەکە:

پێشتر بۆمان دەرکەوت کە تەنیا (٢٩،٨٪)ی کچان دەڵێن(بەڵێ)بۆ جێ هێشتنی وڵات و کۆچ بەرەو هەندەران، کەچی لە وەڵامی ئەوەدا کە(ئەگەر کورد نەبوویتایە، دەخوازیت چی بوویتایە..؟)ڕێژەی (٤٣،٧٪)ی کچان ئارەزووی (کورد نەبوونی)خۆیان ڕاگەیاندووە..! واتە(١٣،٩٪) ی ئەو کچانەش کە پێشتر وتوویانە(نەخێر بۆ جێ هێشتنی کوردستان)، هیچ هەستێکی نەتەوەییو کوردایەتی لە پشتیانەوە نییە، ئەمە سەرباری ئەوانەیان کە هەر زووتر (بەڵێ بۆ کۆچ)یان هەڵبژاردووە.

باسی پێنجەم

لێشاوی سەرهەڵگرتن و تەڵاقدانی نیشتمان

هەر بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و بە دوادا چوونی دیوە شاراوەکانی ناخی گەنجان، پرسیارێکی ترمان ئەمە بوو:

(ئەگەر بۆت بلوێت، حەز ئەکەیت ئێستا لە چ جێیەکی ئەم دنیایەدا بژێیت..؟)، لە وەڵامدا :

١. تەنها(١٦،٣٪)ی کوڕان و(٣١،٦٪)ی کچانی بەشدار لەم ڕیفراندۆمەدا ئارەزوو دەکەن(ئێستا هەر لە کوردستاندا بژێن).

٢. (٨٣،٧٪)ی کوڕان و(٦٨،٤٪)ی کچانی ڕیفراندۆمەکە ئارەزوو دەکەن (ئێستا لە دەرەوەی کوردستاندا ژیان بەسەر بەرن).

بـــه وەڵامـــەکانی ئـــەم پرســـیارەدا پۆ بچـــین و بەراوردیان بکەینـەوە لەگـەڵ وەڵامـەکانی پرسـیاری یەکـــەم و دووەم و ســـێهەمدا بەئاشـــکرا بۆمـــان دەردەکەوێت کە ڕێژەکـانی (سـەر هـەڵگرتن و سـەوز بوونی تۆوی کۆچ) لە قوواڵایی دڵو دەروون و مێشکی گەنجی کورددا ئەوەندە مەترسی دارن کە ئەگەر ئـەم ڕێژانەی پرسیاری چوارەم بەراورد بکـەین بـە ڕێـژەی وەڵامـەکانی پێشـوو بـە تـەواوی سەرسـام دەبـین و دڵمان نوقمی ترسێکی بێ پایان دەبێت. ئەگەر بێت و هەل و مەرجی سەفەرێکی بێ مەترسـی و هـەرزان بـۆ هـەموو کـەس بڕەخسـێ، ئـەوا لـە ماوەیـەکی زۆر کەمداتەنیا(١٦٪)ی گەنجی کوڕو (٣١٪)ی گەنجی کچ لـەم وڵاتـەدا دەمێننـەوەو ئـەوی تـری هـەر هـەمووی نیشتمان تەڵاق دەداو دەچـێ لـە جێیـەکی تـری ئـەم دنیایە نیشتمانێکی تر بۆ خۆی بنیاد دەنێت و خـۆی لێ ماڕە دەکات..!!.

تێکڕا لـە کچ و لـەکوڕ بـە تێکـەڵی ، تـــەنیا(٢٥٪) دەخوازن لـــەم وڵاتـەدا بمێننـەوە، واتـە(٧٥٪)ی ئـەو گەنجانـەی ئێسـتا لـێ ڕە دەژیـن، لەگـەڵ یەکـەمین فرسەتدا هەڵدێن و حـەوت بـەرد لـەدوای خۆیـان جـێ دێڵن، کە زۆربەیان خوێندکـاری پەیمانگـە و زانکـۆن. ئیـتر جێـی خۆیـەتی بپرسـین حکومـەتی هـەرێمی کوردستان چ دڵێکی بە ئایندەی ئەو گەنجانە خۆشـە کە ئێسـتا سـاڵانە دەیـان ملیـۆن دینـار خـەرجی خوێندنیان بۆ دەکێشێت..؟

باسی شەشەم

باری دەروونی و پەشێویی گەنجان و پەیوەندیی بە بڕیاری سەر هەڵگرتنەوە

بەر لەوەی دوا بڕیار بدەیـن لـەبارەی هۆکارەکـانی سـەرهەڵگرتنی گەنجـ ـەوە زۆر پێویسـتە تیشـکێک بهاوینە سەر باری دەروونییـان بزانـین گـەنجی کورد

کام جۆرە هەستە، بەسـەریدا زاڵـە. بۆئـەم مەبەسـتە پرسیارێکی تری پێفراندۆمەکەمان ئەمە بوو:

(کام هەستەیان بەسەرتا زاڵە: بێزاری - مافخوراوی - بەختەوەری..؟)بایەخی ئـەم پرسـیارەش لەوەدایـە کـە دیـوی نـاوەوەی گەنجـەکان دەخوێنێتـەوەو پانتاییـەکی زیـاترو فراوانـتری قەیرانەکـە پۆشـن دەکاتەوە.

وەڵامەکانیش بەم جۆرە بوون:

١. (٥٥،٨٪)ی کوڕانـــی بەشـــدارو(٦٦،٧٪)ی کچانی بەشدار، هەست بە بێزاری دەکەن.

٢. (٦٢،٨٪)ی کوڕانـــی بەشـــدارو(٣١،٦٪)ی کچانی بەشدار، هەست بە مافخوراوی دەکەن.

٣. (١٨،٦٪)ی کوڕانـــی بەشـــدارو (٢١٪)ی کچانی بەشدار، هەست بە بەختەوەری دەکەن.

پێشتر وتمان کە تەنیا(١٦٪)ی کوڕان مانەوەیان لە کوردسـتاندا پـێ پەسـەندە، لـە بەرامبەریشدا ئـەوا ئێستا بۆمان دەردەکەوێت کـە تەنـها(١٨٪)ی کـوڕان هەست بـە بەختـەوەری دەکـەن، ئـەو دوو ڕێژەیـەش زۆر لە یەکترەوە نزیکن و دەلالەتی خۆیان هەیە. کـە مـرۆڤ لـەوڵاتی خۆیـدا بەختـەوەر نـەبێت و هەسـت بـەبێزاریو نـامۆییو مـافخوراوی بکـات، ئیـتر بۆچـی سەری خۆی هەڵ نەگرێت..؟؟!

ڕێـژەی ئـەو کچانـەی دەخـوازن لـە کوردسـتاندا بمێننـەوە، تـەنیا(٣١٪)بـوو، وا ئێسـتاش بۆمـان دەردەکـەوێت کـە ڕێژەی ئـەو کچانـەی هەسـت بـە بەختـەوەری دەکـەن، تـەنیا(٢١٪)ی کچانن. ئـەگـەر چـی ئـەم دوو ڕێژەیـەش زۆر لـە یەکـەوە دوور نـین، بەڵام بەبەراورد کردنیان لەگەڵ ڕێـژەی بەختـەوەریی کوڕاندا بۆمان دەردەکەوێت کە تا ڕادەیەک کچـان لـە کوڕان زیاتر هەستی بەختەوەرییان هەیە بە جیاوازی (٢،٥٪)بۆ کچان. هـەروەها بۆمـان دەردەکـەوێت کـە (١٠٪)ی ئـەو کچانـەی مانـەوەیان لـە کوردسـتاندا لا پەسـەندە بەختـەوەریش نـین و لـە ژیـانی خۆشـیان

ڕازی نین. کەچی لەلای کوڕان(٢،٥٪)ی ئەو کوڕانەی بەختەوەریشن ڕازی نین لە کوردستاندا بمێننەوە.

لەلایەکی ترەوە ڕاستییەکی تریش ئاشکرا دەبێت کە:

بەرزیی ڕێژەی بێزاربیە لەلای کچان، کە دەکاتە نزیکەی(٦٧٪)، واتە بەڕێژەی (١١٪)زیاتر لە کوڕان. ئەم ڕێژەیەی بێزاری کچانیش زۆر نزیکە لە ڕێژەی ئەو کچانەی حەز دەکەن لە دەرەوەی کوردستاندا بژین، کە دەکاتە(٦٨،٤٪)ی کچان.

لەلایەکی تریشەوە دەبینین کوڕان بەڕێژەیەکی بەرز هەست بە مافخوراوی دەکەن، کە دەکاتە(٦٢،٨٪)ی کوڕان، کەچی تەنیا(٣١،٦٪)ی کچان هەست بە مافخوراوی دەکەن. ئایا ئەوە جێی پرسیارو لێ وردبوونەوە نییە؟ ئایا ڕاستە کە کوڕان لە کچان چەوساوەترن بەڕێژەی دووهێندە..؟یان ئەو ڕێژانە ئاماژەن بۆ ئاستی وشیاری و تێگەیشتنی گەنجی کوڕو کچ ..؟ ئایا ئەوە ڕاستە کە هەموو چەو ساوەیەك هەست بە چەوساوەیی خۆی ناکات..؟ ئایا ڕاستە هەست بە چەو ـاوەیی و مافخوراوی ڕادەیەکی دیاری کراو لە هوشیاری گەرەکە..؟

باسی حەوتەم

هۆکارەکانی پەشێویی باری دەروونیی گەنجان و چەند بەراورد کارییەك

بۆ زیاتر ڕۆچوون بەناخی گەنجانداو تێگەیشتن لەو هۆکارانەی وان لەپشت هەستە زاڵەکانیانەوە، لێمان پرسین:

(ئایا ئەو هۆکارانە کامانەن کە بوونەتە مایەی بێزاری یان مافخوراویت..؟: کۆمەڵایەتی، ئابووری، عاتیفی، سیاسی، فیکری)، لە ئەنجامدا ئەم وەڵامانەمان دەست کەوتەوە:

١. (٥٨٪)کوڕانی بێزارو(٥٥٪) کچانی بێزار، بێزارییەکانیان دەگێڕنەوە بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی، وردتر بڵێین بۆ نەریتی دواکەوتووی ناو خێزان و کەس و کارو ناو کۆمەڵگە بەگشتی. ئەو دوو ڕێژەیەش زۆر لە یەکەوە نزیکن و نیشانەو بەڵگەی ئەوەن، کە لە نیوە زیاتری ئەم جیلە نوێیە بەگشتی (کچ و کوڕیان) لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتیمان ناڕازین و لێی بێزارن.

٢. (٥٠٪)کوڕانی بێزارو (٢٦٪)کچانی بێزار بێزارییەکانیان دەگێڕنەوە بۆ هۆکاری ئابووری، واتە نەبوونی، دەستکورتیو کەم دەرامەتی و بێ پارەیی. لێرەشدا تێبینی ئەوە دەکەین کە ڕێژەی کوڕان دوو هێندەی کچانە، ئەوەش نیشانەی گەڵێ ڕاستییە، لەوانە: کچان زۆر خەمی خەرجییەکانیان نییەو خۆیان خەرجیی خۆیان ناکێشن، بەڵکو خەرجییان زیاتر لەسەر کەس و کاریانەو تا ڕادەیەکی زۆر لێی بێ خەمن. کوڕانیش پێداویستییە تێر نەکراوەکانیان زۆرەو پارەو پوولی ئەو خەرجییەیان پێ هەڵ ناسوڕێو ئەوەی کەس و کاریشیان دەیان داتێ بەشیان ناکات و بەردەوام لە سەنگەردان لەگەڵ کەس و کاریاندا. ڕەنگە زۆر لە کوڕەکان بیر لەوە بکەنەوە کە لە ئایندەدا بەو لاتییە نە ژنیان پێ دێت و نەماڵیان بۆ پێکەوە دەنرێت، بۆیە ئەم بێ دەرامەتییەیان بۆتە مایەی هەستی بێزارییەکی زۆر لەلایان.

٣. (٣٣٪)ی کوڕانی بێزار و(٢٦٪)ی کچانی بێزار، بێزارییەکانیان دەگێڕنەوە بۆ هۆکاری عاتیفی و سۆزداری.ڕەنگە ئەو کەم دەرامەتییەی کوڕان هەستی خۆ بەکەم زانینێکی عاتیفی لەلا دروست کردبن کە ڕێژەکەی(٧٪)ی لە ڕێژەی کێشە عاتیفییەکانی کچان زیاترە. یان ڕەنگە ئەم ڕێژانە بە جۆرێکی تر نیشانەی ئەوە بن کە کچان ئەگەر چی کێشەی عاتیفیشیان زۆر بێت، بەڵام شەرم ڕێی لێ گرتوون و نەیان درکاندووە.

٤. (٦٧٪)ی کوڕانی بێزار و(٥٠٪)ی کچانی بێزار، بێزارییەکانیان دەگێڕنەوەبۆ هۆکاری شەڕی ناوخۆو باری نا جێگیری سیاسی و داگیر کراویی کوردستان .

ڕێژەی بێزاریی(سیاسی) لەلای کوڕان و کچان نۆر نزیکن لە ڕێژەی سەر هەڵگرتنیانەوە بەهۆی بارو دۆخی سیاسییەوە:

ئەو کوڕانەی لەژێر فشاری هۆکاری سیاسیدا دەیانەوێت کوردستان جێ بهێڵن، ڕێژەیان(٦٣٪) و کچانیشیان (٥٨،٨٪)ە. کە ڕێژەی هەرە سەرەکین لە هۆکارەکانی کۆچ دا. لێرەشدا وا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە(٦٧٪)ی کوڕان و(٥٠٪)ی کچان بێزارییەکانیان هۆکاری بارو دۆخی سیاسیی کوردستانی لە پشتەوەیە. ئەو دوو ڕێژەیەش وێڕای ئەوەی نیشانەیەکی باشی سەرەتای هۆشیارییەکی سیاسیی گەنجانە، لە هەمان کاتدا زەنگێکی خەتەرەو لەبن گوێی سیاسەت مەدارە بڕیار بەدەستەکاندا لێدەدا(ئەگەر بیبیستن).

٥. (٨٪)ی کوڕانی بێزار و(١٠،٥٪)ی کچانی بێزار، بێزارییەکانیان دەگێڕنەوە بۆ هۆکاری فیکریو ڕووناکبیری، ئەوەش مەسەلەیەکە کە دەکرێ لە باسێکی تردا لێی بکۆڵڕێتەوە.

٦. (٥٨٪)ی کوڕانی مافخوراوو(٦١٪)ی کچانی مافخوراو، مافخوراوییان دەگێڕنەوە بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی، واتە دواکەوتوویی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و مامەڵەی خراپی دوور لەگیانی هاوڕێیەتیو تێگەیشتن و ڕێزگرتن لەلایەن خێزان و مامۆستاو کەس و کارو جیلەکانی پێشتری کۆمەڵ،بۆ گەنجەکان، ئەوانە هەر هەموویان هەستێکی قورسی مافخوراویی لەلا دروست کردوون.

٧. (٦٢،٥٪)ی کوڕانی مافخوراوو(٢٢٪)ی کچانی مافخوراو، ئەو هەستەیان دەگێڕنەوە بۆ هۆکاری ئابووری و دارایی. ئەمەش، جارێکی تر ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە ئەرکی سەرشانی کوڕان (ئێستا و ئایندە) لە ڕووی دارایی‌و دەرامەتەوە، دوو هێندەو زیاتری ئەرکی سەرشانی کچانە. بۆیە تەنیا(٢٦٪)ی کچانی بێزارو (٢٢٪)ی کچانی مافخوراو، ئەم هەستەیان دەدەنە پاڵ هۆکاری ئابووری. لەکاتێکدا(٥٠٪)ی کوڕانی بێزارو (٦٢،٥٪)کوڕانی مافخوراو، ئەم هەستەیان دەدەنە پاڵ هۆکاری ئابووری.

٨. (١٦،٧٪)ی کوڕانی مافخوراوو(١٦،٦٪)ی کچانی مافخوراو، مافخوراو، خۆیان دەدەنە پاڵ هۆکاری عاتیفی.ئەو دوو ڕێژەیە کەتا ڕادەی جووت بوون لە یەکترەوە نزیکن، کاری ڕێکەوت نییە، بەڵکو ئەوە بەڵگەی هاو سۆزیو هاو فەرهەنگیو دەردیی ئەم جیلە نوێیەیە.

٩. (٩١،٧٪)ی کوڕانی مافخوراوو(٧٢٪)ی کچانی مافخوراو ، ئەو هەستەیان دەدەنە پاڵ هۆکارە سیاسییەکان. بەو مانایەی کە هەست دەکەن مرۆڤی کورد لەڕووی سیاسییەوە مافخوراوە چونکە کیانێکی سیاسیی سەربەخۆی نییە، ئەوەش نیشانەیەکی چاکی سەرەتای هوشیارییەکی سیاسییە کە دەکرێو شایستەی ئەوەیە حیزبەکان و سیاسییەکانمان لێی تێبگەن و پەرەی پێ بدەن و بیگەیەننە ئاستی هۆشیارییەکی نەتەوەیی تۆکمەو ئەقڵانی.

١٠. (١٢،٥٪)ی کوڕانی مافخوراوو(١٦،٦٪)ی کچانی مافخوراو ئەو هەستەیان دەدەنە پاڵ هۆکاری فیکری و ڕووناك بیری.

ئێستا با بەراوردێکی ئەنجامی وەڵامەکانی پرسیاری یەکەم و پرسیاری پێنجەم بکەین:

١. (٨ر٥١٪)ی ئەو کوڕانەی حەز دەکەن وڵات جێبێڵن،(٥ر٧٦٪)ی ئەو کچانەی حەز دەکەن وڵات جێبێڵن، هەستی بێزاری زاڵە بەسەریاندا.

٢. (٦٣٪)ی ئەو کوڕانەی حەز دەکەن وڵات جێبێڵن،(٤ر٢٩٪)ی ئەو کچانەی حەز دەکەن

ولآت جێبێڵن، هەستی چەوساوەیی و مافخوراوی بەسەریاندا زاڵە.

٣. تەنیا(٥ر١٨٪)ی ئەو کوڕانەی حەز دەکەن ولآت جێبێڵن، (٦ر١٧٪)ی ئەو کچانەی حەز دەکەن ولآت جێبهێڵن، هەستی بەختەوەریان هەیە.

٤. ڕێژەی سەرەکی لەو کچانەدا کە حەز بە کۆچ و سەر هەڵگرتن دەکەن هەست بە بێزاری دەکەن (٧٦،٥٪)

٥. ڕێژەی سەرەکی لەو کوڕانەشدا کە حەز بە کۆچ دەکەن هەست بە مافخوراوی دەکەن ـ٦٣٪

٦. جارێکی تریش ڕاستی جیاوازیی نێوان ئاستی هوشیاریو تایبەتمەندێتی شەخسیەتی کچ و کوڕ دووپات دەبێتەوە، زۆرینەی کچان لە بێزاریدا و زۆرینەی کوڕان لە مافخوراویدا کۆچ دەکەن و سەر هەڵدەگرن.

٧. ڕێژەیەکی کەمیش لە هەردوو ڕەگەزەکە ئەگەر چی هەستی بەختەوەریان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆچیار بەلاوە پەسەندە(٦ر١٧٪) بۆ کچان،(٥ر١٨٪)بۆ کوڕان.

٨. ڕێژەی گشتیی کوڕانی بێزارو مافخوراو، بۆ کۆی کوڕانی بەشداری ڕیفراندۆم دەکاتە(٨١٪).

٩. ڕێژەی گشتیی کچانی بێزارو مافخوراو، بۆ کۆی کچانی بەشداری ڕیفراندۆم دەکاتە(٧٩٪).

ئەو ڕێژانە ئاماژەن بۆ بارودۆخێکی زۆر مەترسی دار و سامناك، زەنگێکی خەتەرە بۆ هەموو کۆمەڵگا:

وریابن گەنجەکانتان لەباریکی دەروونیی زۆر سەختدا دەژین. زیاتر لە سێ چارەکی گەنجەکانتان بە کوڕو کچەوە لە نێو تەمەنی ١٨تا٢٥ ساڵیدا گیرۆدەی هەردوو هەستی دژواری بێزاریو مافخوارین. زیاترینی هەڵسوکەوت و ڕەفتارو گوفتارو بڕیاریان لە ژێر فشاری ئەو دوو هەستەدا دێنە ئاراوەو کۆمەڵگەش لێیان بێ خەبەرە.

باسی هەشتەم:

گەنجەکانمان چۆن بیر دەکەنەوە؟

١. ٥١٪ی کوڕان و ٣٣٪ی کچانی بێزارو مافخوراو بڕوایان وایە کەسەرهەڵگرتن بەرەو هەندەران تاکە چارەسەرێکی بنەڕەتی یە بۆ (بێزاری و مافخوراوییەکانیان).

٢. ٤٢٪ی کوڕان و ٧ر٦٦٪ی کچانی بێزارو مافخوراو بڕواییان وایە بە خوڕاگری و تێکۆشان بۆ بنیادنانی ئایندەیان لەناو ولآتدا چارەسەری بێزاریو مافخوراوییان دەکەن. ئەمەش مایەی خۆشحاڵیەو دەشێ بەهەند وەربگیرێ و بەدەنگیەوە بچین، دەنا ساڵێکی تر لەم کاتانەدا ڕێژەکە نزم تر دەبێتەوەو زیاد ناکات.

٣. تەنیا ٧ر٦٪ی کچانی بێزارو مافخوراووسفر٪ی کوڕان بڕوایان وایە کە مرۆڤ بتوانێ لەناو ولآتدا لەڕێی خۆ دەوڵەمەند کردنەوە چارەسەری بێزاری و مافخوراوییەکانی خۆی بکات. ئەوەش ئاماژەو نیشانەیەکی زۆر خراپە کە ئەوە دەگەیەنێت لە کوردستانداو لە سایەی ئەم هەل و مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەدا، تەنانەت سەرمایە داریش ناتوانێ ئاسودەبێ و سەروەت پەیدا کردنیش ناتوانێ گەنجەکان گل بداتەوەو بەخاك و ئاوی ولآتەوە گرێیان بدات.

٤. ٢٪ی کوڕانی بێزارو مافخوراو بڕوایان وایە کە تەنها بە مردن ڕزگاریان دەبێ.

باسی نۆیەم

ئایا ڕاستە کۆچ چاولێکەرییە؟

ئامارەکان وادەگەیەنن کە ١٠٠٪ی ئەو کوڕو کچانەی حەز دەکەن کوردستان جێبێڵن و ١٠٠٪ی ئەوانەشیان کە حەز ناکەن کوردستان جێبێڵن، هەر دوو وەکو یەک هاوڕێ و کەس و کاری نزیکیان هەیە کە ئێستا لەهەندەران دەژین و بەشێوەیەک یان بە چەند شێوەیەک (ڕاستە و خۆ و ناڕاستەوخۆ) پەیوەندییان پێیانەوە هەیە.

کەواتە ئەم ڕێژانە نیشانەی حاشا هەڵنەگری ئەوەن کە دیاردەی کۆچی گەنجان زۆر لەوە ئاڵۆزترە هەروا بەساکاری بیسپێرین بە مەسەلەی چاولێکەری لەناو گەنجاندا. بانگەشەکردنی بێبەڵگەو بێ لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی گوایە (کۆچ: چ نیە جگە لە چاولێکەری)، مێخێکەو هەموو گرفتە ئاڵۆزو سەختەکانی ژیانی گەنجان و خەڵکی بەگشتی پیا هەڵدەواسرێ لەلایەن هەندێ لە ناوەندەکانی دەستەڵاتەوە(خێزان، خێڵ، خوێندنگە، مزگەوت، حزب، ڕێکخراو،حکومەت). خۆ ئەگەر پاساوی چاولێکەری ڕاست بوایە، دەبوایە ئەوانەی کە بۆ کۆچ وتویانە(نەخێر) هیچ کەس و کارو هاوڕێیان لە هەندەران نەبوایە، یان بە پێچەوانەشەوەهەرکەس هاوڕێ و کەس و کاری لە هەندەران بێ، نابێ (نەخێر)بۆ کۆچ بکات.

باسی دەیەم

چەمکی (هەندەران)لە فەرهەنگی گەنجی کوردا:

دوا پرسیاری ئەم توێژینەوەیەو فۆرمی ڕاپرسییەکەمان پرسیارێکی جەوهەرییەو دوا حوکمی زانستیانەو بابەتییانەی لەسەر بنیاد دەنرێ. ئەمەش دەقی پرسیارەکە بوو:

ئایا تۆ بڕوات وایە کە: گەیشتن بە هەندەران دەبێتە هۆی:

١. چارەسەر کردنی کێشەکانت، هەر جۆرێ بن؟

٢. زیاد بوونی قەدرو ڕێزت لە ناو خێزان و کەس و کارو کۆمەڵدا؟

٣. دەوڵەمەند بوون و بەختەوەری، بۆخۆت و کەس و کارت؟

مەبەستیش لەم پرسیارە ئەوەیە کە بە ئاشکراو بێ پەردە بۆمان دەربکەوێت ئایا (هەندەران) لە مێشک و دڵ ودەروون و لێکدانەوەی گەنجەکانماندا چ پلەو پایەو جێیەکی بچڕیوە؟ ئایا لەفەرهەنگی عەقڵی و عاتفیاندا چ بایەخێکیان بە چەمکی هەندەران بەخشیوە؟ با لە ڕێی ژمارەوە، بزانین گەنجی کورد چۆن بیر دەکاتەوەو چۆن دەڕوانێ بۆ چەمکی هەندەران ؟

١. ٦٥٪ی کوڕان و ٤٤٪ی کچانی بەشدار بوو لەم ڕاپرسیەدا،(گەیشتن بە هەندەران) بەچارەسەرکەری بنەڕەتیی کێشە جۆراو جۆرەکانیان دادەنێن.

٢. ٧٢٪ی کوڕان و ٦ر٥٢٪ی کچانیش بەهۆکاری سەرەکیی زیاد بوونی قەدرو ڕێزیانی دەزانن.

٣. ٤ر٨١٪ی کوڕان و ٨ر٣٦٪ی کچان بە هۆکاری سەرەکیی دەوڵەمەند بون و بەختەوەریی دەزانن.

لێرەدا سەرنج دەدەین کە کوڕان بەم ڕێژانە لە زۆرەوە بۆ کەم بڕوایان بە گەیشتن بە هەندەران هەیە:

٤ر٨١٪ بۆ خۆدەوڵەمەند کردن/ ٧٢٪ بۆ قەدرو ڕێز پەیدا کردن/ ٦٥٪ بۆ چارەسەری کێشەکانیان.

کچان بەم ڕێژانە لە زۆرەوە بۆ کەم پشت ئەستورن بە هەندەران:

٦ر٥٢٪ بۆ زیاد بوونی قەدرو ڕێز/٤٤٪بۆ چارەسەری کێشەکانیان /٨ر٣٦٪بۆ خۆدەوڵەمەند کردن.

کەواتە لێرەدا بە ژمارە بۆمان دەردەکەوێ کە، بەها مادییەکان کە خۆی لەدەوڵەمەند کردندا

دەبینێتەوە، بەلای کوڕانەوە ڕێژەی هەرە سەرەکیی بچڕیوە کە دەکاتە ٤ر٨١٪، لە بەرامبەردا ئەو بەها مادییە کەمترین ڕێژەی لەلای کچان بچڕیوە کە دەکاتە ٨ر٣٦٪.

بەهایەکی مەعنەوی کە(ڕێزو قەدرە) لەلای کچان ڕێژەی سەرەکیی پچڕیوەکە دەکاتە٦ر٥٢٪.

لەگەڵ ئەوانەشدا ڕێژەی پشت ئەستوری و بڕوای کوڕان بە هەندەران لە هەرسێ بواری (ماددی، مەعنەوی، شەخسی) دا زۆر زیاترن لە ڕێژەی بڕواو متامنەی کچان بەگشتی هەندەران.

لەبواری چارەسەری کێشەی شەخسی دا: کوڕان ٢١٪ بڕوایان لە کچان زیاترە.

لەبواری بەها مەعنەویەکاندا: کوڕان ٤ر١٩٪بڕوایان لە کچان زیاترە.

لەبواری بەها ماددیەکاندا: کوڕان٦ر٤٤٪بڕوایان لە کچان زیاترە.

کەلەڕوانگەیەکی فراوانترەوە تەماشا دەکەین دەبینین:

٤٤٪ ی کچان و٧٢٪ی کوڕانی بەشدار لە ڕاپرسیەکەدا هەروەها ٥٨٪ی تێکڕای کوڕان و کچانی بەشدار،بەشێوەیەك لەشێوەکان بە پلەیەك لە پلەکان، کەم تازۆر بڕوایان وایەکە:

(نەکێشەکانیان لێرە پێ چارەسەر دەکرێ، نەقەدرو ڕێزی شایستەیان دەست دەکەوێت، لە ئایندەشدا نەدەوڵەمەند دەبن و نە بەختەوەر. بەڵکو تەنیا(هەندەران)ـە ئەو (فریاد ڕەسە)ی کە تازوتر بیگەنێ و لە دامێن و سایەیدا بژین، درەنگە ! هەندەران دوا چارەسەرو دوا مەنزڵ و فریاد ڕەسە !

باسی یانزەهەم

(چەند نموونەیەك لە وتەی گەنجان)

کچێك : دەچمە شوێنێك شەڕی ناوخۆی تیانەبێ.

کوڕێك : کۆمەڵگاکەم گاڵتەم پێدەکات و پێم دەڵێت: کوڕە ناسکەکە. لە ماڵیشەوە پێم دەڵێن: منااڵیت. دەچم بۆ هەندەران لەوێ ئازاد دەبم ناسکیش بم عەیب نابێت.

کچێك :ئەوەی لەم ولاتەدا بەختەوەر بێ، بێ عەقڵە.

کچێك : (بێزاری)هەموو شتێکی لەبیر بردومەتەوە: هیچ شتێ لەنەتەوە خۆشەویستر هەیە ؟

کوڕێك : هەندەران کێشەی خۆم چارەسەر ناکات، بەڵام هەموو کێشەکانی خێزانەکەم چارەسەر دەکات، لەم بەینەدا من خۆم بەغەریب دەزانم.

کوڕێك :حەزدەکەم هەر کورد بم بەڵام بەم حاڵەوەنا.

کوڕێك : ڕەنگە لەوێ لەتەنیایدا شێت ببم. ڕەنگە لێرەش لەبێزاریدا بمرم، نازانم(شێتی) یان(مردن) کامیان هەڵبژێرم.

کوڕێك: که کوردستان لەسەر نەخشە نەبێ، ئەوا هەندەران فریادڕەسمە.

کچێك: لەکوردستان لە دایك بووم، لێرەش دەژیم و هەر لێرەش دەمرم.

کچێك: دەبێ ئەم واقعە دواکەوتووە بگۆڕین.

کچێك: کەنائومێدی دام دەگرێ بیر لە هەندەران دەکەمەوە، کۆچ تەنیا هەڵاتنەو بەس.

کوڕێك: ڕەنگە لە هەندەران بێزاریەکەم زیاد بکات بەڵام خۆ مافەکانم دەست دەکەوێت.

کوڕێك: بێزارم، لەخەڵك و لە حکومەتی هەرێم بێزارم.

کوڕێك: حزب و ڕاگەیاندنەکان ساردمان دەکەنەوە لە بڕیاری کۆچ، تا خۆیان لەسەر تەختی حکوم بمێنن، کارێکی باشیش ناکەن.

کچێك: ئەوانەی ڕۆیشتن ئیتر کەس و کاری تۆ نین.

کچێك: ئەوانەی لە هەندەران بە سەفەر دێنەوە، ساردمان دەکەنەوە. ئەی خۆیان بۆ ناگەڕێنەوە..؟

کچێك: له داخی نەبونی ئاو و کارەبا سەری خۆم هەڵدەگرم.

کچێك: دەورو پشتەکەم هەموویان بێزارن، ژیانمان دووبارەبونەوەیەکی بێ تامە.

کچێك: ئامۆزایەکم لە هەندەران بەزۆری دایك و باوکی لەوێ ماوەتەوە، دەڵێ(ئەو ئازادییەی لە کوردستان هەتانە لە هیچ شوێنێ نییە).

کچێك: تەنها کۆچ چارەسەرە..تەحەمول نەما ، کێ ئەڵێ بەیانی نامرم.

کوڕێك: مردنیش هەر لەگەڵ کوردا بێ باشە، ئەم وڵاتەی منی پێگەیاندو دەمکا بە پزیشك، ئەرکی سەرشانمە خزمەتی بکەم.

کوڕێك: بەڵێ کۆچ دەکەم بۆ پارە پەیدا کردن چونکە تەنیا بە پارە ئەدرو ڕێزم زیاد دەکات لە ناو ئەم کوردە پارەپەرستەدا.

کوڕێك: لە منالێمەوە تا ئێستا ، لەسەرەتاییەوەتا زانکۆ هەر بە پلەی بەرز دەرچووم، کەچی ژیانم هەر لەنزمیدایە، برادەرە فاشیلەکانم ئێستا کە لە هەندەران دێنەوە چاکترین سەیارەیان پێیەو یاری بە پارە دەکەن، منیش هێشتا لە (قیسمی داخلی) ئاوی زێراب دەخۆمەوە.

کوڕێك: ئەگەر کورد نەبوومایە، حەزم دەکرد هەر لە ناو سکی دایکما بمردمایە.

باسی دوانزەهەم

ئەنجام و پێش نیازەکان

سەرەکی ترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەگوێرەی ئامارەکان:

یەکەم: کۆچ بەرەو هەندەران لە ناو گەنجاندا، لە کوردستاندا لەوە ترازاوە کە دیاردەیەکی لە ناکاو و کاتی، یان چاو لێکەری بێت.

دووەم: ئەم دیاردەیە لەناو کوڕانی تەمەن(١٨تا٢٥)ساڵیدا بازاڕی گەرمترە وەك لە ناو کچانی هاوتەمەنیاندا.

سێهەم: هۆکارە دەرپەڕێنەرەکان(سیاسی، شەڕی ناوخۆ، بێکاری، دواکەوتنی کۆمەڵایەتی) بەگشتی ڕۆڵیان هەیە لە تەشەنەسەندنی ئەم دیاردەیەدا، بەشێوەیەکی تایبەتیش کاریگەریەکی زۆریان هەیە بەسەر بڕیاری سەر هەڵگرتنی کوڕانی گەنجەوە.

چوارەم: هۆکارە ڕاکێشەرەکان لە هەندەرانەوە(تەواو کردنی خوێندن لە هەندەران، دیتنی وڵاتانی تر، دەوڵەمەندی لە هەندەران)کاریگەریی پلە، یەکیان هەیە بەسەر بڕیاری کۆچی کچانی گەنجەوە.

پێنجەم: ڕێژەی ئەو کچە گەنجانەی کۆچ ڕەت دەکەنەوە دوو هێندەی ڕێژەی کوڕانە. ڕێژەی ئەو کوڕانەی کۆچیان لاپەسەندە دووهێندەی ڕێژەی کچانە.

شەشەم: بەگشتی وتێکڕا نزیکەی نیوەی کوڕان و نیوەی کچانی گەنجی هاوتەمەن، خۆزگە دەخوازن(هەر کورد نەبونایە).

حەوتەم: بەگشتی و تێکڕا(٧٦٪)ی گەنجی کوڕو کچ، ئێستا حەز دەکەن لە وڵاتێکی تری غەیری کوردستاندا بژین.

هەشتەم: بەگشتی و تێکڕا(٦١٪)ی گەنجی کوڕو کچ، هەستی بێزاری دایگرتون.

نۆهەم: بەگشتی و تێکڕا(٤٧٪)ی گەنجی کوڕو کچ، هەست بە چەوساوەیی و مافخوراوی دەکەن.

دەهەم: تەنیا(١٩٪)ی گەنجیکوڕو کچ، هەست بەبەختەوەری دەکەن.

یانزە: تێکڕا لە نیوە زیاتری هەستی بێزاری و مافخوراوی گەنجان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی ناو خێزان و سیستمی خوێندن. هەروەها بۆ بارودۆخی شەڕی ناوخۆو باری نا جێگیری سیاسی لە کوردستاندا.

دوانزه: نیوه‌ی کۆپانی بێزارو چەو ساوه، سێ یەکی کچانی بێزارو چەوساوه، بڕوایان وایە کەتەنها کۆچ و سەرهەڵگرتن بەرەو هەندەران چارەی کێشەکانیان دەکات.

سیانزه:(١٠٠٪)ی ئەو کوڕو کچانەی کۆچیان لا پەسەندەو(١٠٠٪)ی ئەو کوڕو کچانەی کۆچ ڕەت دەکەنەوە هاوڕێ و کەسی نزیکیان لە هەندەران دەژین.

چواردە: تێکڕا لە نیوە زیاتری کوڕان کچانی ئەم تووێژینەوەیە،(گەیشتن بە هەندەران) بە دوا هیوا دادەنێن و هەندەرانیش بە (فریاد ڕەس) دەزانن.

پێشنیازەکانمان (بۆ حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان)

یەکەم:چەسپاندنی ئاشتیەکی سەرتاسەری و ئاسایی کردنەوەی بارو دۆخی سیاسیی هەرێم(چ لە ناو خۆدا)و چ لەگەڵ دەوروبەردا.

دووەم:گۆڕینی پڕۆگرام و فەلسەفەی کارکردن، بەئاراستەو مەبەستێك کە لەگەڵ چەمکەکانی (ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و جیهانگیریدا) بێنەوەو پێچەوانەیان نەوەستنەوە.

گەشەپێدانی خولیاکانی گەنجان و چ بۆ دۆزینەوەی بەهرەی تازەیان.

پێشنیازەکانمان (بۆ حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان)

یەکەم: دامەزراندنی دەزگایەکی لێکۆڵینەوەو سەر ژمێری و کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی کۆچ و کۆچبەرانەوە.

دووەم: فەلسەفەو پڕۆگرامی سەرجەم پڕۆسەی خوێندن و پەروەردەو خوێندنی باڵا بخرێتە بەر لێدوان و ڕەخنەوگۆڕانکاریی جەوهەری و پێشەیی، بە چەشنێ کە خوێندکار خۆی تەوەرو ئامانجی پڕۆسەکە بێت .

سێ هەم: بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن(تووێژەری کۆمەڵایەتی) دابین بکرێو ڕۆڵێکی ڕاستەقینەیان بدرێتێ.

چوارەم: بەعەداڵەتەوە فرسەتەکانی کارکردن بۆ گەنجان زیاد بکرێ(ـە لە فەرمانگە و کارگەکانی حکومەتدا، چ لەرێی هاندان و کار ئاسانیبۆ کەرتی تێکەڵو تایبەت و بازاڕی ئازاد).

پێنجەم: بڕی چەند هەزار دینارێك وەك سلفەی هاوسەرێتی بدرێ بە بووك و زاوای نوێ، لەناو گەنجاندا.

شەشەم: بایەخێکی زۆر زیاتر بدرێ بە لیژنەی ئۆڵۆمپی وله بوارەکانی ئەدەبی و هونەری و زانستی دا فیستڤاڵ و پێشبڕکێی بەردەوام سازبکرێ، چ بۆ

خەڵاتەکانی (چیرۆک)ی پێنجەمین

فێستیڤاڵی گەلاوێژی ٢٠٠١

١. زارو مارەکان ـ فەرهاد پیربالّ.

٢. مەملەکەتی تاریکی ـ ئاکۆ کەریم معروف.

٣. مۆنالیزا لە چاوی منەوە فرمێسك ـ خالد خاکی.

٤. ئەفسونی ئاوێنە رەشەکە ـ حسن نازدار.

٥. سنووری فەرامۆشی ـ مەنسور حامدی.

٦. نهێنیەکانی ئەودیو وێنەی ژەنەرالّ ـ دانا فایق.

٧. بەیەك گەیشتنی حەزەکان ـ سەمەد ئەحمەد.

٨. نێوەی ونبوو ـ زەینەب یوسفی.

٩. گەڕانەوەی پیاوێك لە تاریکیدا ـ سیامەند هادی.

فەرهاد پیربالّ

زارو مارەکان

تێبینی: ئەم چیرۆکە، لە کاتی خوێندنەوەدا، دیواری چوارەم دەشکێنێت، واتە جەماوەر (گوێگر) بەشداریی نووسەر دەکات لە کاتی خوێندنەوە و تێگەیشتنی تێکستەکەدا.

1

((هانصوو)) کچێکی چاو و برۆ ڕەشی خرپن؛ لە سەرەتادا نیگای، پاشان ئەو تاڵە مووە قەترانییە بریقەدارانەی کە کەتبوونە سەر شانی، سەرنجیان راکێشام:

ــ ((هانصوو)) بە تورکی واتە چی؟

گوتی: وشەیەکی لێکدراوە، واتە (هانم سوڵتان).

بۆ ئەوەی‌پردێك بەرەو کەناری رۆحی دروست بکەم، گوتم: ئنجا بە ڕاستی؛ تۆ، لە خانمێکی سەردەمی سوڵتانەکان دەچیت.

کە سەیری چاویم دەکرد، بۆنی بخوور و سەمای ڕووتی کلارنێت و تامی سماقڕێژی ڕانەگۆشتی برژاوم بیر دەهاتەوە؛ گوتم:

ــ حەزم دەکرد منیش سوڵتانێکی ئەو سەردەمە

(١)

فەرەیدوون، لە ناو فڕۆکەخانەی دیمەشق، بە فڕۆکەوانە فەرەنسییەکەی گوت:

ــ ڤیزەم هەیە، دەعوەتنامەم هەیە، بە پەساپۆرتی راستەقینەی خۆم، بە شێوەیەکی قانوونیش هاتوومەتە ئێرە، هەموو شتێکم تەواوە؛ کەچی ناهێڵن پێ بنێمە ناو خاکی سووریاوە.

فڕۆکەوان گوتی:

ــ ئێ؟

فەرەیدوون پارایەوە:

ــ یارمەتیم بدە !

ــ چۆن؟

ــ هەڵفڕینی فڕۆکەکەت سەعات و نیوێك دووا بخە !

ــ نابێ.

دێرینانه بوومایه. سه‌روقژی به پشتا خست، پێکه‌نی:

ــ ئاسان نیه.

من، له‌گه‌ڵ سێ قوتابیی دیکه‌ی کوردی سووریا و ئێران و تورکیا، که شاندێکی قوتابییان بووین، بۆ به‌شداریکردن له کۆنفرانسێکی نێوده‌وڵه‌تیی و قوتابییاندا، هاتبووینه شاری ستراسبۆرگ. هانصووش له‌گه‌ڵ پێنج شه‌ش قوتابیی دیکه‌ی تورکیا، نوێنه‌رانی قوتابیانی تورکیا بوون. له ستراسبۆرگ، له هوتێلێکی چوار ئه‌ستێره‌ی قه‌شه‌نگدا یه‌کترمان ناسی.

ــ ئه‌گه‌ر حه‌ز ده‌که‌ی بزانیت هانصوو کێ بوو؛ بڕوانه گۆشه‌ی 14.

ــ ئه‌گه‌ریش حه‌زده‌که‌ی بزانیت سه‌ره‌تای ئه‌م یه‌کتر ناسینه چۆن بوو؛ بڕوانه گۆشه‌ی 10.

2

ــ دانی پێدا بنێ؛ تۆ یه‌که‌که‌یت؟

ــ نه‌خێر.

ــ سه‌ر به تاڵه‌بانیت یان بارزانی؟

ــ سه‌ر به که‌سیان نیم.

تا هێزی له له‌شدا بوو، له ناکاو، کۆڵه‌مستێکی سره‌وانده نێوچه‌وانم:

ــ ئه‌دی ئه‌م هه‌موو به‌ڵگه‌نامه و نه‌خشه جوگرافی و ره‌سمانه‌ی کوردستان چین له‌گه‌ڵ خۆت ده‌یانبه‌یته‌وه، ها؟ خوشك حیز؛ دان به شتێکدا بنێ؛ ده‌ی!

ــ خۆم راگرت، ڕامام تا ئه‌و کاته‌ی هه‌موو قسه‌کانی خۆی ته‌واو کرد. پاشان، منیش، له ناکاو، هه‌تا هێز له گیانمدا هه‌بوو، شاپێکم له ناو گه‌ڵی هه‌ڵدا، هه‌ڵبه‌زییه‌وه و به‌لادا که‌وت. له‌و ده‌مه‌دا، هه‌ژده پۆلیس، به جارێك هوروژمیان بۆ هێنام و که‌وتنه سه‌رم. گوێم لێ بوو، به تورکی هه‌ر یه‌کێك جنێوێکی ده‌دا:

ــ بۆ؟

ــ ناتوانم.

فه‌ره‌یدوون، دووای بیرکردنه‌وه‌یه‌ك، تووڕه بوو:

ــ ده که‌وایه: پێت ده‌ڵێم: ئه‌م فڕۆکه‌یه به سه‌لامه‌تی ناگه‌ڕێته‌وه پاریس.

ــ چۆن؟

ــ ده‌یته‌قێنمه‌وه.

ــ ئه‌گه‌ر حه‌ز ده‌که‌ی بزانیت فه‌ره‌یدون به چی و چۆن فڕۆکه‌که‌ی ده‌ته‌قاندوه، بڕوانه گۆشه‌ی (١٣).

ــ ئه‌گه‌ریش حه‌زده‌که‌ی بزانیت فه‌ره‌یدوون پێشتر چ هه‌وڵێکی ئاشتیخوازانه‌ی دابوو بۆ ئه‌وه‌ی ڕێگه‌ی پێ بده‌ن دابه‌زێته ناو دیمه‌شق؛ بڕوانه گۆشه‌ی (٢٣).

(٢)

چه‌ند ڕۆژێك پێشتر، له هه‌مان فڕۆکه خانه‌دا، فه‌له‌ستینییه‌کان فڕۆکه‌یه‌کیان ڕفاندبوو. ئه‌م ڕووداوه دڵی خه‌ڵك و ئه‌م فڕۆکه خانه‌یه‌ی ترساندبوو.

ــ ئه‌گه‌ر حه‌زده‌که‌ی گفتوگۆی نێوان فه‌ره‌یدوون و به‌ڕێوه‌به‌ری فڕۆکه‌خانه‌که بخوێنیته‌وه، بڕوانه گۆشه‌ی 7.

ــ ئه‌گه‌ریش حه‌زده‌که‌ی بزانیت برااره‌ره کورده‌کانی فه‌ره‌یدوون له ده‌ره‌وه‌ی فڕۆکه‌خانه‌وه چ هه‌وڵێکیان بۆ فه‌ره‌یدوون دابوو بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ربازی بکه‌ن؛ بڕوانه گۆشه‌ی (١٨).

(٣)

فه‌ره‌یدوون بڕیاری دا پێش هه‌موو شتێك، قسه له‌گه‌ڵ خه‌ڵکی ناو هۆڵه‌که بکات؛ بۆ ئه‌وه‌ی قه‌ناعه‌تیان پێ بێنێت که سواری فڕۆکه‌که‌ی خۆیان نه‌بن و سه‌عات و نیوێك خۆیان دووا بخه‌ن تا هاوڕێکه‌ی فه‌ره‌یدوون له ده‌ره‌وه‌ی فڕۆکه‌خانه‌که‌وه دێت و ڕزگاری ده‌کات و ده‌یباته ده‌ره‌وه. ئه‌گه‌ر خه‌ڵکه‌که ڕازی نه‌بوون و به قسه‌یان نه‌کرد، بچێت

ـ ئای لەو قەحپەدایکە !
ـ بە هەموو سەرۆك حکومەت و سەرۆك حزبەکانی، ناتوانن شاپێکی ئاوها لە پۆلیسێکی ئێمە هەڵدەن، کەچی ئەو ـ دیوتە ـ دایك حیزە..
خۆی لە ئێمە کردۆتە فس فس پاڵەوان !
ـ تێی هەڵدەن ! بەشەق..
ـ ئەمە یەکەمین جارە کورد بتوانێت دەست لە تورکێك بەرز بکاتەوە !
ـ با بە هەموومان بیگێین !
ـ بیبەن !
لە کۆتاییدا، گوێم لە دەنگێکی بڵحتر بوو:
ـ بەسیەتی ! جارێ لێرە ئەوەندە بەسە !
ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت بردمیان بۆ کوێ و چییان لێکردم؛ بڕوانە گۆشەی 17.
ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت بۆچی لەو دەمەدا گۆرانییەکی بڵند ئەرصۆم بیرهاتەوە؛ بڕوانە گۆشەی 20.

3

دەنگەکان دەیانگوت:
ـ بەڵگەنامەی لەبارەی ئەرمەنییەکانیش پێیە.
ـ نەخێر کوردەو پەکەکەیە.
ـ دنیایەك وێنەی مەلا مستەفای بارزانیی پێیە.
ـ ئەم گەنجە رۆشنبیرانەی ئەوروپا، زۆربەیان، سەر بە تاڵەبانین.
ـ ئەگەر سەر بە حزبێکی کینە لە دڵ نەبێت، چۆن دەتوانێ لە ناو فرۆکەخانەی ئەستەمبوڵ، شەق لە گونی ئەفسەرێکی تورك هەڵبدات؟
ـ چاوێکی کوێر بکەن بۆ ئەوەی ببێت بە پەند !
ـ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هیچ کوردێك زاتی ئەوە نەکا دەست لە پۆلیسی تورك بەرز بکاتەوە !
دەنگێك قفڵی لە قسەکان دا:
ـ مادام لە فەڕەنسا پەناهەندەیە، ناتوانین تەسلیمی عیراقی بکەینەوە.

ئەم جارە لە فرۆکەوانەکە بپارێتەوە.
ـ ئەگەر دەتەوێ دیمەنی قسەکردنی فەرەیدوون لەگەڵ خەڵکی ناو هۆڵەکە ببینیت؛ بڕوانە گۆشەی (٢٣).
ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت سەفەری یەکەمی فەرەیدوون بۆ دیمەشق چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی (١١).

(٦)

لە کۆتاییدا،
بەڕێوەبەری گشتیی فرۆکەخانەکە (کە فەرەیدوون هەستی دەکرد سەرۆك دەوڵەتێکی عەرەبییە قسە دەکات) بە فەرەیدوونی گوت:
ـ گوێ بگرە ! ئێمە هەموومان بە هەموو شێوەیەك هەوڵمان زۆر لەگەڵ تۆ دا کە لەم بڕیارەت پەشیمان ببیتەوە؛ پەشیمان نابیتەوە.
ـ نەخێر
ـ لەوەش دەچێ تۆ زۆر کەللەڕەق بیت و واش بزانیت بتوانیت بە ئاسانی گاڵتە بە عەقڵی ئێمە بکەیت.
ـ ئێوەن کە گاڵتە بە کەرامەتی من دەکەن.
ـ بۆیە، ئێمە، ناچارین بە زۆرەملێ و بە هەرچی شێوەیەك بێت، بە زەبری شەق و قۆنداغی کلاشنکۆف، سواری فرۆکەکەت بکەینەوە. لێرە بەملاوە، زۆر بەباشی گوێم لێ رابگرە و تکایە باش بزانە چیت پێ دەڵێم. ئێمە، لە دووای دوو کۆبوونەوەی بە پەلەی ڕەسمی، لە ماوەی ئەم نیو سەعاتەدا، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان داوە و تۆش بە باشی گوێمان لێ بگرە:
هەر ئێستا بە ئارامییەوە یان بە شەقی پۆلیس، هەشت پۆلیس دێن قۆڵبەستت دەکەن و سواری فرۆکەکەت دەکەن؛ هەر هەشتیشیان لە ناو فرۆکەکەدا، بە پێوە، تا دەگەنە پاریس، چاویان بەسەرتەوە دەبێت و پاسەوان دەبن: دوو پۆلیس لە

ـ ئەگەر حەز دەکەی بزانیت لەو دەمەدا من بیرم لە چی دەکردەوە؛ بڕوانە گۆشەی 20.
ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت پاشان چی ڕوویدا؛ بڕوانە گۆشەی 21.

4

برادەرە کوردەکانی پاریسم، هەموو جار کە لێیان دەپرسیم:
ـــ باشە، فەرەیدوون، تۆ بەم زووفە ناخۆشەی کوردستان، بۆچی بە یەکجاری دەگەڕێیتەوە؟
ڕاستییەکەی، نەمدەزانی چۆن وەڵامیان بدەمەوە:
ـ لەبەر هەزارو یەك هۆ.
ـــ ئەگەر حەزدەکەی باشتر لە شەخسیەتی مێلانکۆلیی من تێ بگەیت؛ بڕوانە گۆشەی (١٦).
ـ ئەگەریش حەزدەکەی یەکێك لە جەربەزەییەکانی ژیانی من بخوێنیتەوە؛ بڕوانە گۆشەی (٢٣).

5

دووای ئەوەی لە سەفەرەکەم بە نائومێدی گەڕامەوە پاریس، ئیتر تووشی ڕەشبینییەکی تەواو هاتم، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ((قسەی پیرەژنە جادوگەرەکان ڕاست دەرچوو))؛ ((بە یەکجاری دەگەڕێمەوە ولاتەکەی خۆم)).
چەندین نامەم بۆ هانصوو لە ئەستەمبوڵ دەنووسی، وەڵامی نەبوو. دەمویست بە ڕێگەی دیمەشقەوە بە یەکجاری بگەڕێمەوە هەولێر؛ هەموو ژیانی ڕابردووی دەربەدەریی خۆم و هەموو عیشقە درۆزنەکانی دووڕە وڵاتیم لەبیر بکەم. هەندێ جاریش دەمگووت:
((وا باشترە سەفەرێکی دیکە، بۆ بینینەوەی هانصوو، بەرەو ئەستەمبوڵ بکەمەوە)).
لە ناو دوودڵیی گەڕانەوەی یەکجارەکیم بۆ کوردستان و سەردانی هانصوو لە ئەستەمبوڵدا، لە ناکاو، بەیانییەك، نامەیەکی هانصووم لە ئەستەمبوڵەوە پێگەیشت. تێیدا بەپەلە ـــ بێ پشتی سەرتەوە، دووان بەرامبەرت، دووان لە دەستە چەپت، دووانی دیکەش لەلای ڕاستت. باش بزانە چیت پێ دەڵێم: لەو ساتەوەی سواری فرۆکەکە دەبیت، بچووکترین جووڵانەوەو ئاخێزی گومانلێکراوت هەبێت، مانای وایە تۆ بزانە کە دەمودەست تەققەت لێ دەکرێت و دەکوژرێیت! خۆشت لەمە بەرپرسیاریت و ئیمزات لەسەری کردووە. ئەوەشت لە بیر بێت کە ئێمە ئەو بڕیارە ڕەسمییەی لە ناکاو دەرمانکردووە، هەر ئێستا، بۆ هەموو نەفەرەکانی ناو فرۆکەکە دەیخوێنینەوە و ئاگاداریان دەکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش شایەد بن و ئاگادار بن و بەدڵنیاییەوە بگەنە پاریس:
ـــ بەڵام من پێم گوتیت: بە هیچ شێوەیەك بە دڵنیاییەوە ناگەنە پاریس.
ـ دە، فەرموو، کەواتە، ئەمەی خۆت دەیڵێیت و ئەو شتانەی ئێمەش تازە گوتمان، ئیمزایان لەسەر بکە!
ـــ ئایا فەرەیدوون ئیمزای لەسەر ڕەوایی گوللەبارانکردنی خۆی کرد یان نا؟؛ بڕوانە گۆشەی (٥).
ـــ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدون لەو دەمەدا بیری لە چی دەکردەوە؛ بڕوانە گۆشەی (١٢).

(٥)

فەرەیدوون گوتی:
ـ من ئیمزا لەسەر ئەوە ناکەم کە لە خۆڕایی و بێ هیچ گوناهێك بمکوژن.
ـ بەڵام تۆ تیرۆریستی.
ـ نەخێر، من تەنیا بە دووای مافێکی هەرە سادەی خۆمدا دەگەڕێم.
ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت ناونیشانی ئەم چیرۆکە بۆچی کراوەتە (زارو ماروکان)؛ بڕوانە گۆشەی (٦).
ـ ئەگەریش حەزناکەی؛ بڕوانە گۆشەی (١).

ئەوەی نوقتە و فاریزەی بۆ رستەکانی دانابێت ــ نووسیبووی:

((فەرەیدوون گیان نامەکەتم بەدەست گەیشت کە تێیدا دەڵێی ڤیزەشت هەبووە و کەچی نەیانهێشتووە داخڵی ئەستەمبوڵ ببیت و من ببینیت بۆیە تکات لێدەکەم با لە دیمەشق یەکتر ببینین سەعات و رۆژێکی دیاریکراوم پێ بڵێ و بە نامە بە زووترین کات بۆم بنێرە بۆ ئەوەی لەو سەعات و رۆژە دەستنیشانکراوەدا منیش بێمە دیمەشق و لەوێ یەکتر ببینین چونکە زۆر شتی چارەنووسی هەیە کە پەیوەندییان بە ژیانی داهاتووی من و تۆوە هەیە پێویستە باسیان لێ بکەین)).

ئیمزای هانصووی

خۆت

ــ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت ئەو سەفەرەم بەرەو دیمەشق، بۆ بینینی هانصوو چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی (٨).

ــ ئەگەریش حەزدەکەی بە فراوانی بزانیت چیرۆکی گەیشتنم بۆ فرۆکەخانەی دیمەشق چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی (٢٣).

6

لە کاتی کۆڕەوەکەدا، ئێمە، زۆربەی برادەرانی کوردی پاریس، هەموو ئێوارەیەک، کاتژمێر هەشت، هەر جارەی لە ماڵی یەکێکماندا، بە دیار تەلەفزیۆنی فەرەنسییەوە، کۆدەبووینەوە: بە دیار دیمەنەکانی ((کۆڕەو)) دڵمان پڕ دەبوو لە حەژمەت و سوگواری و زۆرجاریش سەرمان بەسەر سنگی خۆماندا شۆڕ دەکردەوە و هۆن هۆن دەگریاین.

رۆژێک، لەسەر داخوازیی سەرۆکی رێکخراوی فرانس لیبێرتێ، مەدام دانیال میتیران، لەگەڵ هەشت کەسی دیکە، بووینە شاندێک و چووینە تورکیا: بۆ ئەوەی خۆمان بگەیەنینە سەر سنووری تورکیا ــ عێراق و فریای کوردە ئاوارەکانی ناو چیاکان

(٦)

زۆر سەیر بوو! فەرەیدوون چیرۆکی گەڕانەوەی یەکجاریی خۆی بۆ وڵاتەکەی، وەک چیرۆکی زارو مارەکان دەهاتە پێش چاو هەموو جارێک بۆ ماوەی دوو ــ سێ مانگ لە پاریس کاری دەکرد و پارەی پاشەکەوت دەکرد، بۆ ئەوەی زارێک هەڵبدات ((سەربکەوێت و)) بگەڕێتەوە کوردستان؛ کاتێ دەگەیشتە سنووری گەیشتن، مارەکان رێگەیان لێدەگرت ((هەموو پارەکانیان لێدەخوارد)) و دەیانگەڕاندەوە ناو سکی خۆیان.

رۆژێک بە حەمەی هاوڕێی خۆی گوت:

ــ حەمە، ڕات چیە زارێک بۆ ئێرانیش هەڵدەم و ئەم جارەیان بە ئێراندا بگەڕێمەوە؟

حەمە، بە پێچەوانەی فەرەیدوونەوە، گەڕانەوە بۆ کوردستانی، لە پێش چاو ڕەش ببوو؛ گوتی:

ــ فەرەیدوون، چیرۆکی گەڕانەوەی تۆ بۆ کوردستان، بە ڕاستی، وەک گەمەی زارو مارەکانی لێهاتووە. زاری چی بۆ ئەم دۆزەخە هەڵدەدەی؟ بۆ خۆت لەم پاریسە خۆشە دانیشە و واز لەم زار و مارانە بێنە! هەزار نەفرەت لە کوردستانیش کە کلیلی دەرگا و پەنجەرەکانی خۆی، هەمووی سپاردۆتە دەست بێگانەوە! ئەمانە مارن لە چوار دەوری ئێمە ئالاون.

ــ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون لە چ کاتێکدا خۆزگەی بەوە دەخواست سەگێک بووایە؛ بڕوانە گۆشەی 23.

ــ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون لە گەڕانەوەی خۆیدا بۆ کوردستان، لە ناو فڕۆکەخانەی دیمەشق، یەکەم هەنگاوی، چۆن و چی بوو بۆ تەقاندنەوەی فڕۆکەکە؛ بڕوانە گۆشەی (٢٣).

(٧)

ڕەمبەڕمبێکی پڕ ژاوەژاو لە قاڵدرمەکانەوە دەستی پێکرد. سی و شەش پۆلیس بوون، بە خۆیان و

بکەوین.
کە گەیشتینە ناو فڕۆکەخانەی ئەنقەرە، پۆلیسی فڕۆکەخانەکە گوتی:
ــ لە ناو شاندەکەی ئێوەدا، ئەوانەی کوردی عێراقن، نابێ داخڵی تورکیا بن.
لە ناو شاندەکە دوو کەسمان کوردی عێراق بووین. لەبەر هەندێ هۆی ئاسایشی تورکیا، ڕێگەیان نادەینێ: گەڕاندنیانەوە بۆ پاریس، بێ ئەوەی پێ بنێینە سەر خاکی ئەنقەرە.
جاری دووەم، لە سەر حیسابی خۆم و بەتەنیا، بە عارەقەی نێوچەوانی خۆم، پارەی سێ مانگ کارکردنم لە چێشتخانەیەك دایە بلیتێکی فڕۆکە و چوومە ئەنقەرە؛ لەوێشەوە خۆم گەیاندە سەر سنووری تورکیا ــ عێراق. زیاتر لە دووهەزار کۆماندۆ و چەکدار و پۆلیس، لەگەڵ زیاتر لە سێ صەد دەبابە و زیلی سەربازی، ئەو مەڵبەندەیان تەنیبوو: لێنەدەگەڕان هیچ کەسێکی ئەمدیو بچێتە ئەودیو، هیچ کەسێکی ئەودیویش بگاتە ئەمدیو. سەیر بوو! من چیرۆکی گەڕانەوەی یەکجاریی خۆم بۆ وڵاتەکەم، وەك چیرۆکی زارو مارەکان دەهاتە پێش چاو: هەموو جارێك بۆ ماوەی دوو ــ سێ مانگ لە پاریس کارم دەکرد و پارەم پاشەکەوت دەکرد، بۆ ئەوەی زارێك هەڵبدەم و سەربکەوم و بگەڕێمەوە کوردستان؛ کاتێ دەگەیشتمە سنوری گەیشتن، مارەکان ڕێگەیان لێدەگرتم ((هەموو پارەکانیان لێدەخواردم)) دەیانگەڕاندمەوە ناو سکی خۆیان.
ئەو ڕۆژە، خەڵکی سڵۆپی و خەڵکی گوندەکانی ئەو دەوروبەرە، پەیتا پەیتا، دەگەیشتنە سەر سنووڕەکە و دووای سەیرکردنی ئەم قیامەتە، دەگەڕانەوە مەڵبەندەکانی خۆیان؛ هەرچی کەلوپەل و خواردن و کەرەستەیەکی دیکەیش کە بۆ کوردە عێراقییەکان هێنابوویان، لەگەڵ خۆیان دەیانبردنەوە: چونکە پۆلیسی تورك ڕێگەیان نەدەدا تەنانەت هیچ پێخەف و خواردنێکیش، لە کڵاشنکۆفەکانییانەوە (سێ چوارێکیان غەددارەیان پێ بوو)، بە تەپەتەپ، بە پەلە، ڕژانە ناو هۆڵەکە. خەڵك زەندەقیان چوو. بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی دیمەشق چاوی ئەبڵەق ماــ، بە چرپە لە یەکێك لە یاوەرەکانی خۆی پرسی:
ــ چیە ئەوە؟
یاوەرەکەی وەڵامی دایەوە:
قوربان قومبەلەو تەقەمەنیی پێیە.
ئەم قسەیەی کرد و دەستی بۆ جەنتا و باوڵەکانی فەرەیدوون درێژ کرد.
بەڕێوەبەر تەریق بۆوە، سەیرێکی بەپەلەی خەڵکەکەی کرد و خۆی لە یاوەرەکەی تووڕە کرد:
ــ حەیوان، تەنیا دوو پۆلیس بەس بوو.
بەدەست ئاماژەی بە پۆلیسەکان کرد: ((تەفتیشی بکەن))؛ ئینجا ڕووی کردەوە فەرەیدوون:
ــ پێم بڵێ: تۆ چ تەقەمەنییەکت پێیە؟
ــ هیچ.
ــ ئەدی داتناوە بە چ شتێك فڕۆکەمان بتەقێنیتەوە؟
فەرەیدوون، گیان لە خۆ بێزار، تووڕە:
ــ بە ڕۆحی خۆم دەیتەقێنمەوە.
ــ ئەگەر حەزدەکەی زیاتر گوێت لە گفتوگۆی نێوان فەرەیدوون و بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکە بێت؛ بڕوانە گۆشەی (١٧).
ــ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون، پێش ئەوەی بڕیاری تەقاندنەوەی فڕۆکەکە بدات، چ پێشنیارێکی ئاشتیخوازانەی کردبوو؛ بڕوانە گۆشەی (٢٣).

(٨)

فەرەیدوون زۆر هەوڵی لەگەڵ بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکە دا، زۆریش لەبەری پاڕایەوە؛ ڕێگەی پێ نەدا کە دابەزێتە ناو دیمەشق؛ تەنانەت نەیهێشت دابەزێتە خوارەوەش بۆ ئەوەی بچێ هانصوو ببینێت یان تەنانەت تەنیا چاوی بە دایکی خۆیشی

کوردی تورکیاوه بگاتـه دەست کـوردی لێقـەوماوی عـێراق. گوێـم لێ بـوو، پـیرەژنێکی دیاربـەکری کـه پێخەف و خواردنی بۆ کوردەکانی عێراق هـاوردبوو، زۆر دڵتەنگ ببوو؛ هاواری کردە کۆماندۆ تورکەکان:

ــ بـه کوردیـان حسـێب مەکـەن، بـه جوولەکـەیان حسـێب بکـەن! لێیـان قـەوماوە و ئێمـه هـاتووین خێریان پێ بکەین.

هەتا چاو بڕ دەکا فەردە نان و هۆردی نان و سینیە نان و مەنجەڵی خواردن، لە ناوە، لـه دیـوی تورکیـا دانرابـوون ((فـڕێ درابـوون))، هـی خێرۆمـەندەکانی کـوردی تورکیـا بـوون، کـەچی کـوردە ئـاوارە برسـییەکانی عـێراق (لەوبـەرەوە) کـه تـەنیا پـەنجا مـەترێك لـه نانەکانـەوە دوور بـوون، برسـی ڕەتـاو؛ بۆیان نەبوو تەنانەت یەك نانیش چیە بیخوازنـەوە و برسـێتیی خۆیـانی پـێ بشـکێنن. دیسـان، گوێـم لـه هاواری پیرەژنە دیاربەکرییەکە بووەوە:

ــ باشـه، ئـەی هـاوار؛ بـه ئینسانیشـیان حسـێب مەکەن؛ وابزانن سەگی برسین و لەم ناوە کـەوتوون؛ ئێمەش هاتووین خێریان پێ بکەین.

یـەکێك لـه کۆمـاندۆ تورکـەکان لـه پیرەژنەکـەی خوڕییەوە:

ــ چەغە دەڵەقۆڕ؛ هەی دێڵەسەگی پیر!

من لە پاریسەوە بەڕێ کەوتبووم و بـه تـەمای ئـەوە بووم بتوانم لەم سنوورەوە بە ئاسانی ئـاودیو ببـم و بگەمـەوە هـەولێر؛ کـه ئـەم قیامەتـەم بینـی، ئیـدی نەدەکرا تەنانەت هەر بیریش لە پەڕینەوە بکەمەوە. هەر ئەو ڕۆژەش بوو، لەوێ مووسا عەنتەرم ناسی.

ــ ئەگـەر حەزدەکـەی بزانیـت هەڵوێسـتی مووسـا عەنتەر لەو ڕۆژەدا چی بوو؛ بڕوانە گۆشەی 12.

ــ ئەگـەریش حەزدەکەی بزانیت ئەم چیرۆکـه بۆچی ناوی نراوە (زارا و مارەکان)؛ بڕوانە گۆشەی (٦).

7

پێـم گـوت: بـەڕێز، تاکـاتـان لێدەکـەم، مـن ڤـیزەم بکەوێت.

فەرەیدوون کەللەیی ببوو، نەیدەزانی چۆن تووڕەیـی خۆی دەربڕێت:

ــ باشـه مـادام وایـه، چـوارده هـەزار فرەنکـه فەرەنسیەکەم بدەنەوە!

ــ چوارده هەزار فرەنکی فەرەنسیی چی؟

ــ ئەو چوارده هـەزار فڕەنکه فەرەنسییەی کـه مـن داومەتە بلیتی ئەو تەیارەی کە ئێوە دەتانەوێ ڕێگە و ڕێگە منی پێ بگەڕێننەوە.

ــ ئێمە بەڕێرسی ئەم جۆرە شتانە نین.

ئـاه خوایـه! چـی بکـا؟ ئەمـه بـوو بـه چـی؟ ئـەوە چەندەمین جارە کـه ئـەم هـەموو پـارە زۆرەی بـه بلیتـی فڕۆکـه بفـەوتێت و نەشـتوانێت بچێـت دایکـی خۆی و دەزگیرانەکەی ببینێتەوە؟

بەڵام، نەخێر: ئەو چ مەجبوورە لـەو چـوارده هـەزار فرەنکەی خۆی خـۆش بێـت؟ کـەی پێـی دەکرێـت و دەتوانـێ جـارێکی دیکـه دیسـان چـوارده هـەزار فڕەنکی دیکه پاشـەکەوت بکاتـەوە و سـەر لـه نـوێ ڤیزەیـەکی تـازە بـۆ دیمەشـق یـان بـۆ ئەسـتەمبوڵ پەیدا بکاتەوە؟ نەخێر. ئەو؟ لە پاریس، بـۆ مـاوەی دوو ساڵ، هەر چـی عارەقـەی گیـانی خـۆی هـەبوو، ڕشتنی؛ تەنیا بۆ ئەوەی بلیتێکی فڕۆکەی پێ بکڕێت و بـه یـەکجاری بگەڕێتـەوە ((ولاتـه کاولبووەکـەی خۆی)) و لـەم پەناهەندەییـه سـەمەرکییه رزگـاری ببێت!

فـەرەیدوون، بـه دەم ئـەم خەیاڵاتـەوە، لـه ناکـاو بڕیاری دا: ئەگەر ئیزنی نەدەن بچێتە نـاو دیمەشـق؛ ئەوا فرۆکەکـه ــ لـه کـاتی گەڕاندنـەوەی خۆیـدا بـۆ پاریس ــ دەتەقێنێتەوە!

ــ ئەگەر حەزدەکەی بزانیـت فـەرەیدوون گەیشـتە ج ئەنجامێك، بڕوانە گۆشەی (٣).

ــ ئەگـەریش حەزدەکـەی بزانیـت فـەرەیدوون پێـش ئەوەی بڕیاری تەقاندنـەوەی فڕۆکەکـه بـدات، چیـی دیکەی کرد؛ بڕوانە گۆشەی (٢٤).

وەرگرتووە. ڤیزەکەشم بە شێوەیەکی قانوونی لە سەفارەتخانەی خۆتان لە پاریس وەرگرتووە.
دیسان سمێڵی گیڤ کردەوە:
ـ ڤیزەت وەرگرتووە، وەرتنەگرتووە، فلقیر! پێت دەڵێم: قانوونە؛ ئەم ڤیزەیە نایخوات و دەبێ بگەڕێیتەوە پاریس!
منیش تورە، خۆم پێ ڕانەگیرا:
ـ کەواتە، ئێوە سەفیر و سەفارەتخانەتان هیچ مەعنایەکیان نیە لە پاریس.
پەنجەی شایەتمانی بە ڕوومدا بەرز کردەوە:
ـ جنێو بە سەفارەتخانەمان نەدەیت!
ـ جنێوم نەداوە، قسەکانی خۆتان دەسەلمێنم: ئەگەر ڤیزەی سەفارەتخانەتان نەیخوات، کەواتە ئەم سەفارەتخانە و قونصولخانەیەتان بۆچی داناوە؟ سەفیر و قونصولخانەتان، ئەگەر ڤیزەکەی نەیخوات، کەواتە هیچ قەدر و قیمەت و ئیعتیبارێکی نیە؟
دەم و چاوی خۆی ئارام کردەوە، بەڵام بە هەڕەشەوە:
ـ دەمت داخەو درێژەی مەدەرێ! هەر پۆلیسێکی ئێمە بەقەد پازدە سەرۆك حکوومەت و وەزیرەکانی ئێوە قەدر و قیمەت و ئیعتیباریان هەیە. ئێمە سەگیشمان لە سەرۆك حکوومەتەکانی ئێوە بە شەرەفتر و بە قیمەتترن؛ تێگەیشتی، داك حیز! خۆشت ئەمە باش دەزانی! بەسیەتی؛ جەنتاکەت کۆبکەوە و سواری فڕۆکەکەت ببە! دەی!
ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت، دووای ئەم هەموو جنێوە، سەرەنجامی من بەچی گەیشت؛ بڕوانە گۆشەی 9.
ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت هەڵوێستی بەرپرسە فەرەنسییەکەی فڕۆکەخانەکە چی بوو لە ئاست ئەم گیروگرفتەی من؛ بڕوانە گۆشەی (٩).

(٩)
بەرپرسە فەرەنسییەکەی فڕۆکەخانەکە، پیاوێکی بەویقار، واقیعبینتر دیار بوو، هەندێ قسەی کرد:
ـ من بە داخەوەم بۆ ئەم حاڵەتەی تۆ. تۆ لەسەر هەق دەزانم بەڵام هیچم لەگەڵ حکوومەتی ئێرەو ((قانوونەکانیان)) پێ ناکرێت. بۆیە هیوادارم و داخوازیت لێدەکەم کە لەم بڕیارە ترسناکەت پەشمان ببیتەوە!
ـ ئەگەر حەزدەکەی بەراوردی ئەم بەرپرسە فەرەنسییە بکەیت لەگەڵ بەرپرسەکەی پێشوو؛ بڕوانە گۆشەی (١٤).
ـ ئەگەریش تاقەتت لەم چیرۆکە چووە، دەتەوێ چیرۆکی دڵداریی نێوان فەرەیدوون و هانصوو بخوێنیتەوە؛ بڕوانە گۆشەی **14**.

(١٠)
ئەو ماوەیە، بە تایبەتیش سااڵنی دووای ڕاپەڕین، پەناهەندەی کوردی عێراق، لە هەموو کونجێکی دنیاوە، لە ئەورووپا و ئوستراالیا و ئەمریکاوە تاك تاك، کۆمەڵ کۆمەڵ، لە ڕێگەی ئێران و سووریا و تورکیاوە، بۆ سەردانی ((کوردستانی ئازادکراو)) دەهاتنەوە، کەسوکاری خۆیان دەدیتەوە.
پەناهەندەی کورد، لەو وڵاتەی تێیدا پەناهەندە بوون، ڤیزەی ئێرانی یان سووری یان تورکییان وەردەگرت و ئیتر لە ڕێگەی سنووری ئەو وڵاتانەوە دەگەیشتنەوە هەولێر یان سلێمانی.
ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون سەفەرەکانی پێشووی بۆ کوردستان چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی**6**.
ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون، چیی دیکەی لە ناو فڕۆکەخانەکە بەسەرهات؛ بڕوانە گۆشەی 7.

8

بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی، دەیگووت:

ـ پەناهەندەی فەرەنسایە، حکوومەتی عێراق ئەگەر وەگیری بکەوێت یەکسەر ئیعدامی دەکات.

ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت تەسلیمی عێراقیان کردمەوە و چۆن؛ بروانە گۆشەی 3.

ـ ئەگەریش حەزدەکەی بەپەلە بزانیت چارەنووسم چی بوو؛ بروانە گۆشەی 21.

9

ئەفسەرەکە شاپ و پێلەقەی تێ هەڵدەدام، دەیگووت:

ـ هەی کوردی قەحپەداك، تۆ چیت کە ئەم بەزمەمان پێ بکەیت؟ دانیال میتران، کەر لە قوزی بات، ئەو بوو کە ئێوەی کردە میللەت؛ ئەگینا ئێوەچی بوون؟

ـ ئەگەر حەزدەکەی لەم گێژەنە رزگار بیت و چیرۆکی دڵداریم لەگەڵ هانصوو بخوێنیتەوە؛ بڕوانە گۆشەی 1.

ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت من بۆچی نەمدەویست بە خەتی ئێرانەوە بێمەوە؛ بڕوانە گۆشەی 15.

10

هانصوو لەگەڵ قوتابییە تورکەکانی دیکە، کە چوار کچ و شەش کوڕ بوون، لە ناو هۆڵی هوتێلەکە، لە دووری ئێمە دانیشتبوون. ئێمەی شاندی قوتابیانی کورد، وەك ئەوان، لەسەر نانخواردن بوویـن؛ لەناکاو، خزمەتکاری هوتێلەکە پارچە کاغەزێکی هێنا و دایە دەست سەرۆك شاندی ئێمە، کاك ویداد قەیماغ. ئەویش، دووای سەیرکردنێکی نامەکە، گوتی:

ـ وەفدی قوتابیانی تورکیا نامەیەکیان بۆ ناردووین. عەگیل، کوردی قامشلی، نوێنەری کوردی سووریا بوو:

(١١)

فەرەیدوون ئەو کاتەی بڕیاری دا بە ڕێگەی سووریاوە بگەڕێتەوە کوردستان، وڵاتی سووریا بە ئاسانی ڕێگەی دەدایە کوردە عێراقییە پەناهەندەکانی ئەورووپا، تەنانەت بەبێ ڤیزە، بێنە سووریا. فەرەیدوونیش، دەم و دەست، بلیتی فڕۆکەی بڕی و بەبێ ڤیزە بەرەو دیمەشق بەڕێ کەوت. کاتێ گەیشتە دیمەشق، لە ناو فڕۆکەخانەی دیمەشق، پۆلیس گوتی:

ـ داوای لێبوردنت لێدەکەین، بڕیارێکی تازەمان دەرکردووە کوردی عێراق بەبێ ڤیزە بۆی نیە بێتە سووریا.

فەرەیدوون لە پاریس چواردە هەزار فرەنکی فەرەنسیی دابووە بلیتی فڕۆکەی چوون و گەڕانەوە (کە دەیکردە پارەی دوو ئوتۆمبیلی بەرازیلی). ئەو پارەیەی هەمووی فەوتا، ڕێگە و ڕێگە گەڕایەوە پاریس. لە دڵی خۆیدا گوتی: ((بەختی کوردە حەیاتەکەیە، ((قەیناکە، سێ مانگی دیکە کاردەکەم و بلیتێکی تازەی پێ دەکڕمەوە)). سەیر بوو! فەرەیدوون چیرۆکی گەڕانەوەی یەکجاریی خۆی بۆ وڵاتەکەی خۆی، وەك چیرۆکی زارو مارەکان دەهاتە پێش چاو: هەموو جارێك بۆ ماوەی دوو ـ سێ مانگ لە پاریس کاری دەکرد و پارەی پاشەکەوت دەکرد، بۆ ئەوەی زارێك هەڵبدات و ((سەربکەوێت)) بگەڕێتەوە کوردستان؛ هەموو جارێك کە دەگەیشتە سنووری گەیشتن، مارەکان، ڕێگەیان لێدەگرت ((هەموو پارەکانیان لێدەخوارد)) و دەیانگەڕاندەوە ناوسکی خۆیان.

ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون کەی و چۆن کەڵکەڵەی سەفەری دووەمی کەوتە سەر؛ بڕوانە گۆشەی (١٩).

ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون پێشتر چەند جاری دیکە هەوڵی دابوو بێتەوە کوردستان، بڕوانە گۆشەی (٢٠).

ـ ئێ؟ دەڵێن چی؟
ویداد قەیماغ هەر بە فەرەنسی نامەکەی خوێندەوە:
ـ بەڕێزان نوێنەرانی شاندی قوتابیانی کورد! زۆر خۆشحاڵ دەبین ئەگەر، دووای نانخواردن، بێن قاوەیەکمان لەگەڵ بخۆنەوە و یەکتر بناسین!
من بە بیستنی ئەم دەعوەتنامەیە، یەکسەر، ئاخێزێکم کردو تەماشای شوێنی شاندی قوتابیانی تورکیام کرد؛ لە دوورەوە دیتم: هانصوو، بە زەردەخەنەوە، دەستی ڕادەتەکاند: ((وەرە)). تەماشای کاك ویداد قەیماغی سەرۆك شاندی خۆمانم کرد:
ـ چاوەڕێمانن!
ویداد و عەگیل و خانی، هاوخوێن و هاوشاند، ئاگایان لە سەین و بەینی من و هانصوو نەبوو؛ هیچ وەڵامێکیان نەبوو. من بێدەنگییەکەم شکاند:
ـ هاورێیان، نانمان تەواو کردووە؛ با بچین!
ویداد قەیماغ، کوردی دێرسیم بوو:
ـ ئەگەر بە ڕای سەرۆك شاندی خۆتان دەکەن، نابێ بچین.
وتم: بۆ؟
عەگیل وتی: ئێ با حکوومەتەکەیان نانێکی بدایەتە ئەو هەموو ملیۆن کوردە ئاوارەی سەر سنوور، هیچ دەعوەتی قاوەی ئێمەشیان نەکردایە.
منیش وتم: دەچینە لایان و تۆ لەوێ ئەمەیان پێ بڵێ!
خانی، کوردی سەقز بوو، گوتی:
ـ ئەوان ئەسڵەن دان بەوەدا نانێن کە کورد نەتەوەیە، کەچی ئێستا دەعوەتی سەر مێزمان دەکەن.
ویداد گوتی: هەر چۆنێك بێ، نابێ بچین.
ـ ئێ بۆ؟
ـ تەنازوولە.
گوتم: نەخێر؛ گرێی هەست بە کەمی کردنە.
خانی، بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

(١٢)

فەرەیدوون لە دڵی خۆیدا دەیگوت:
((سێ مانگان، لە پاریس، لە کاتژمێر هەشتی ئێوارەوە تا هەشتی بەیانی، لە هوتێلان، پاسەوانی بکە و پارە پاشەکەوت بکە بۆ ئەوەی بتوانیت بلیتێکی فڕۆکە بکڕیت و بگەڕێیتەوە ولاتی خۆت؛ کەچی لە ناو فڕۆکەخانەی دیمەشقدا ڕێگەت نەدەنێ دابەزیتە سەر خاکیان و ناچارت بکەن ڕێگە و ڕێگە، بە هەمان فڕۆکە، بگەڕێیتەوە پاریس بە مەرجێك ڤیزەشت وەرگرتبێت و پەساپۆرتی پەناهەندەیی خۆشت هەبێت و بە شێوەیەکی قانوونیش هاتبیت، هیچ سەرپێچییەکیشت لە ژیانتدا بەرامبەر هیچ حکوومەت و هیچ کەسێکیش نەکردبێت! ئەم هەموو مەهزەلە و مەرگەساتە؛ لەبەر ئەوەی تۆ کوردیت!)).
فەرەیدوون لەلایەك بیری لەلای دایکی و لە لایەکی دیکەوە بیری لە لای هانصوو، بە غەمگینییەکی نائومێدانەوە پارایەوە:
ـ ئازیزەکانم، ئێوە ولات و میللەتێکی موسڵمانن، لە ڕاهی خودا، ڕێگەم بدەن بچم دایکم ببینمەوە؛ دایکی خۆم، کە سێزدە ساڵە نەمبینیوە. چاوەڕێم دەکا.
ـ قەدەغەکراوە.
ـ من پەناهەندەیەکی کوردم، قەدەغەکراوە کە دەمەوێ بەیەکجاری بگەڕێمەوە ولاتی خۆم؟
ـ هاتنە ناو خاکی ئێمە بۆ کورد قەدەغەکراوە.
گریان قوڕگی فەرەیدوونی گرت:
ـ من بۆ دیتنی دایکم دەگەڕێمەوە، دەزگیرانەکەم...
ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت بارودۆخی ئەو کاتەی گەڕانەوە بۆ کوردستان چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی (١٠).
ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت هەڵوێستی فەرەیدوون دووای ئەم قەدەغەکردنە چی بوو؛ بڕوانە گۆشەی (٢٣).

ـ یەعنی تۆ دەتەوێ بچیت؟
ـ بەڵێ.
عـەگیل گوتـی: فـەرەیدوون، زۆر عەیبـە بچیـت دەعوەتی سەر مێزی خەڵکانێك بیت کـە دان بـە ٢٣ ملیۆن خەڵکی نەتەوەکەت نانێن.
ویداد ڕووی لە من کرد:
ـ تۆ چما خۆت ئەم شتانە نازانیت؟
ـ ئێ، ئێمە کە لێرەین، ئێستا دەلیڤەیەکی باشە بۆ ئەوەی ئەم قسانەیان پێ بڵێین، ئەمان خۆ قوتابین و خەڵکی ڕۆشنبیرن.
ویداد گوتی: تورك، هەموویان، گەورە و بچووك، ئێستاش، قسە کۆنەکەی ئەتاتورك دەڵێنەوە: ((تورکیا تورکلەریدر)).
ـ پێم وا نیە ئەم قوتابییانەی ئێرە هێندە دەمارگیر بن!
عەگیل وتی:
ـ پێویستە ئەوان بێنە سەر مێزی ئێمە، نەك ئێمە بچینە سەر مێزی ئەوان.
من کارەکەم زۆر بە دەمارساردییەوە وەرگرتبوو:
ـ کاکە، ئەی هاوار، چ پێویستی بەم دەمارگرژییە دەکات؟ شاندی قوتابیانی تورکن و دەعوەتی قاوەخواردنەوەیەکیان کردووین. دە هەستن، ناوی خوای لێ بێنن!
ـ تۆ زۆر عاتیفیانە سەیری مەسەلەکە دەکەیت.
من کە هەستم دەکرد ئەو دلیڤەیەم لە دەست دەچێ، هەستامەوە:
ـ من حەزدەکەم بچم.
عەگیل وتی:
ـ فەرەیدوون، عەیبە بۆ ئێمە!
گوتم: عەگیل، من سیاسی نیم. هیچ کامێکیشمان نوێنەری هیچ حیزبێك نین تا لە سەرمان بکەوێت. ئەنستیتووی کوردی پاریس ئێمەی کردۆتە شاندی ئەم کۆنفرانسە. مەگەر ئێمە نەهاتووین کە دیالۆگ لەگەڵ قوتابیانی دنیا بکەین و دەردی خۆمان لە بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی دیمەشق، کە دوو یاوەری چەکداری ئەسمەری تێکسمڕاوی لەپشتەوە بوو، جاوی لە فەرەیدوون زەق کردەوە:
ـ بە چی فڕۆکەکە دەتەقێنیتەوە؟ چیت پێیە؟
کە ئەم پرسیارەی ئاراستە کرد، فەرەیدوون تەماشای ئەو خاڵە زۆر پەشە گەورەیەی سەر ڕوومەتی دەکرد، کە زیاتر لە زیادەگۆشتێکی ناشیرین دەچوو کە بەسەر ڕوومەتییەوە شۆڕببۆوە:
ـ هیچم پێ نیە.
ـ ئەدی بەچی دەیتەقێنیتەوە؟
ئەم پرسیارەی، بە فەرەنسییەکی هێند شەق و پەق ئاراستە کرد، کە فەرەیدوون لە دڵی خۆیدا گاڵتەی پێی دەهاتەوە و پێکەنینێك گرتی؛ بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی کاتێ تەماشای مەچەکی دەکرد، بە خەتێکی کوتراوی شین لەسەری نووسرابوو (ئاخ مظفر!). فەرەیدوون گوتی:
ـ ئەمە گیروگرفتی خۆمە.
ـ چی؟
ـ بە چی دەیتەقێنمەوە.
تووڕە بوو، شیڕاندی: بە چی دەیتەقێنیتەوە؟
فەرەیدوون وەڵامی نەدایەوە، تەماشای مەچەکە کوتراوەکەی دەکرد کە لەسەری نووسرابوو (ئاخ مظفر). لە ناکاو، دیسان چاوی زەق کردەوەو شیڕاندی:
ـ بەچی دەیتەقێنیتەوە؟
فەرەیدوون دڵبڵند، لە خۆ دڵنیا، سەیری ناو چاوی کابرای عارەبی دەکرد کە دەتگوت دوو چاڵی پڕ قەلەڕەشی بە زاق و زیقن:
ـ گرنگ ئەوەیە کە ئەم فڕۆکەیە بەسەلامەتی ناگاتەوە پاریس!
هەستی بە ئیهانە کرد، ڕووی کردە یاوەرە چەکدارەکانی:
ـ پۆلیسەکان بانگ بکەن، خۆی و هەموو جەنتاکانی

خەڵك بگەیەنین؟
ـ کورد حسێبی لەگەڵ تورك جیابە.
ـ تورکیش خۆ مرۆڤن. قسەیان لەگەڵ دەکرێت. پاشان خۆ ئەمانە قوتابین، حکوومەت نین.
ـ باشە، گوێت لێ نەبوو؛ لە وتارەکەی ئەمڕۆیاندا لە ناو کۆنفرانسەکە چیان دەگوت؟
ـــ گوێم لێ بـــوو. دە هەڵسـە بـا بچـین وەڵامیـان بدەینەوە!
ـ بێهوودەیە.
ـ من هەمیشە لە ژیاندا ڕووبـەڕووی بێهوودەییـەکان بوومەتـەوە. کـە هەستام، بـەڵێنێکم لـە لایـان بـە جێهێشت:
ـــ بـە هیـچ شـێوەیەك بـە نـاوی شـاندی قوتابیـانی کوردەوە قسە ناکەم.
مێزەکەی خۆمانم بەجێهێشـت. هـانصوو، دیـار بـوو کورسییەکی بەتاڵی، لەلای دەستەڕاستی خـۆی، بـۆ من هەڵگرتبوو.
ـ بۆتژوو..
دووای تەوقە کردن لەگەڵ یەکەیەکەی قوتابییەکان، چووم لە تەنیشت هانصوو دانیشتم.
ـــ ئەگـەر حـەز دەکـەی بزانیـت هـانصوو کـێ بـوو؛ بڕوانە گۆشەی 14.
ـــ ئەگـەریش حەزدەکـەی بزانیـت چـیرۆکی یەکترناسینمان لەگەڵ هـانصوو بـە چـی گەیشـت؛ بڕوانە گۆشەی 19.

11

گوێم لێ بوو، دەنگێکی گڕ دەیگوت:
ـــ گـەورەم مـن وای بـە بـاش دەزانم، هـەر بـەم حاڵەیەوە، تەسلیمی حکوومەتی عێراقی بکەینەوە.
ـ ئایا تەسلیمی عێراقیان کردمـەوە یـان نـا؛ بڕوانـە گۆشەی 8.
ـــ ئەگـەریش لـەم چیرۆکـە جـارس بوویتـە و حەزدەکـەی چیرۆکێکی دیکـە بخوێنیتـەوە؛ بڕوانـە گۆشەی (١).

تەفتیش بکەن.. تا دەگاتە کونی قوونیشی!
پشتی تێم کرد و جنێوی دا: سەگبابی حیز.
ـ ئەگەر دەتەوێ بزانیت ئایا فەرەیدوون بـە ڕاسـتی هیچ قومبەلە و کەرەستەیەکی تەقاندنەوەی پێ بوو؛ بڕوانە گۆشەی (٧).
ـــ ئەگـەریش حەزدەکـەی بزانیـت فـەرەیدوون لـەم کاتەدا چیی بە بەرپرسی فڕۆکەخانەکە گوت؛ بڕوانـە گۆشەی 7.

(١٤)

بەرپرسی فڕۆکەخانەکـە دەیویسـت هەڕەشـە لـە فەرەیدوون بکات:
ـ من دەمەوێ ئامۆژگارییەکت بکەم.
ـ بەڵێ.
وتی: دەزانی ((ئاسایش)) چیە؟
ـ بەڵێ.
وتی: تۆ قەت زندانت دیوە؟
ـ بەڵێ.
بە زەردەخەنەیەکی ناشیرینەوە، گوتی:
ـ دە کەواتە، تۆ هیچ پێویستییەکت بـە ئامۆژگـاریی من نیە خواحافیز.
ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون پێشتر چەند جـاری دیکـە هـەوڵی دابـوو بگەڕێتـەوە کوردسـتان؛ بڕوانە گۆشەی (٢٠).
ـ ئەگەریش تاقەتت لەم چیرۆکـە چـووە و بەلاتـەوە چیرۆکێکی تێکـەڵ و پێکـەڵی بێزەوەنـە؛ دەتوانـی چیرۆکێکی دیکەم بخوێنیتەوە لە گۆشەی 15.

(١٥)

کاتێ خـەڵکی نـاو هۆڵـی چـاوەڕوانیی فڕۆکەخانەکـە زانیبوویان ((پیاوێکی کورد)) دەیـەوێ فڕۆکەکـەیان بتەقێنێتـەوە؛ کچێکـی عـارەبی عـازەب، لـەلای کۆنترۆڵەکـە، دیـار بـوو شـتی قاچـاغی لێ گـیرا؛ کۆنترۆڵەکـە ((ویـت ویـت ویـت ویـت..) زەندەقـی

12

مووسا عەنتەر، لە ناو کۆماندۆ تورك و رۆژنامەنووسە ئەروروپیەکاندا، بە هەر دوو دەستی، لە سەری خۆی دەدا و قژی خۆی دەڕنییەوە؛ پەنجەی شایەتمانی بۆ کوردە ئاوارە برسییەکانی ئەودیو تەلبەندەکە دڕێژ دەکرد و بە فەڕەنسی هاواری دەکرد:

ــ ئیلفۆ فێڕ کەلکەشۆز! ئیفلۆ تغووڤێ ئوون سۆلیسیۆن!

ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت سەفەری سێهەمم بۆ تورکیا چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی 7.

ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت بۆچی و چۆن بڕیارم دابوو بە یەکجاری بگەڕێمەوە کوردستان؛ بڕوانە گۆشەی 4.

13

دڵم خەریك بوو شەقی دەبرد؛ بە ئەفسەرە تورکەکەی ناو فڕۆکەخانەی ئەستەمبۆڵم گوت:

ـ ڤیزەم هەیە، دەعوەتنامەم هەیە، بە پەساپۆرتی راستەقینەی خۆشمەوە و بە شێوەیەکی قانوونی هاتووم، هەموو شتێکم تەواوە؛ ئیتر بۆچی ناهێڵن داخڵی ئەستەمبۆڵ بم؟

ئەفسەرە تورکەکە، سمێڵی، دوو ئەوەندەی سمێڵی خۆم؛ باڵای لە خۆم زۆر کەڵەگەتر؛ دەمانچەیەك بە لاکەلەکییەوە؛ شەش یاوەری چەکدار لە پشتەوەی؛ چاوی لێم زەق کردەوە:

ـ ناهێڵن داخڵی ئەستەمبۆڵ ببیت.

ـ ئێ بۆچی؟

ـ پێتم گوت: قانوونە.

ـ قانوونی چی؟

ـ ئەم ماوەیە، هەموو کوردێکی عێراق قەدەغەیە دابەزێتە ناو خاکی تورکیا.

ــ بەڵام من ڤیزەم وەگرتووە و بە شێوەیەکی قانوونی هاتوومەتە تورکیا.

کچەکەی برد. کچەکە هاواری لێ هەستا:

ـ بابە، بابە.. ! فریام کەوە؛ زێڕەکانم لێ گیرا.

باوکیشی، لەو دەمەدا، لە ناو حەشاماتەکەوە، بێزار، هاواری کرد:

ـ کچم زێڕی چی و حاڵی چی؟ چما ئێمە دەگەینە پاریس؟ وەرە، ((فرۆکەکەمان دەتەقێتەوە)).

ـ ئەگەر دەتەوێ بزانیت خەڵکی ناو هۆڵەکە لەبەر چی باوەڕیان وابوو کە ڕاستەو فەرەیدوون فرۆکەکە دەتەقێنێتەوە، بڕوانە گۆشەی (٢).

ــ ئەگەریش حەزدەکەی یەکسەر و بە کورتی سەرەنجامی ئەم چیرۆکە بزانیت؛ بڕوانە گۆشەی (٤).

(١٦)

فەرەیدوون گەنجێکی باڵابەرزی کەشخەی، متمانەبەخۆی، تەمەن سی وسێ ساڵە بوو، کاتێ لە بەغدا کۆلێژی ئەندازیاری تەواو کرد، چەند ساڵێك بوو جەنگی عێراقی ــ ئێرانی دەستی پێکردبوو؛ دەبووایە جلی سەربازی لە بەربکات و بچێتە سەنگەری جەنگ.

نەچووە مەیدانی جەنگ، چووە ئێران و داوای پەناهەندەیی کرد: بۆ ئەوەی لەوێشەوە بچێتە ئەورووپا. هەر چۆنێك بێت توانیی کە خۆی بگەیەنێتە فەرەنسا و لە پاریس بڕوانامەی دکتۆرا لە بارەی ئەندازیاریی بیناسازی بهێنێتەوە.

فەرەیدوون ئەگەرچی توانی سێزدە ساڵی ڕەبەق لە شارەکانی ئەورووپا و بە تایبەت لە پاریس بەسەر ببات، بەڵام لەگەڵ ئەوەش، هیچ ڕۆژێك نەبوو چەند کاتژمێرێك بۆ بیرکردنەوە لە وڵاتەکەی خۆی تەرخان نەکات. هەندێ جار، بە تەنیا، لەسەر کورسی و میزێك، هیتفۆن لە گوێ، دادەنیشت؛ بۆ ماوەی یەك کاتژمێری تەواو خۆی نوقم دەکرد لە ناو ئاوازەکانی عەلی مەردان. فەرەیدوون باوەڕی وابوو کە ئەم ئاواز و گۆرانییە کوردییانە ئاکار و ڕۆحییاتی کوردیی

ـ با ڤیزەشت هەبێت، پێتم گوت: ((کوردی عێراق نابێ داخڵی تورکیا ببێت))؛ ((تەواو)).
ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت چیی تر لە نێوان من و ئەفسەرە تورکەکەی ناو فڕۆکەخانەکەی ئەستەمبوڵ ڕووی دا؛ بڕوانە گۆشەی 7.
ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت دووای کە من لە ئەستەمبوڵەوە گەڕامەوە پاریس چۆن هەوڵمان دا لەگەڵ هانصوو یەکتر ببینینەوە؛ بڕوانە گۆشەی 5.

14

هانصوو، بە ئەسڵ کچە کوردێکی خەڵکی هەیمەنە بوو، لە دایك و باوکێکی کورد، لە ئەستەمبوڵ دەژیان، باوکی، لە سەر دەریای مەرمەرە، ماسیگر بوو. هانصوو لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە بەشی سینەما دەیخوێند. دەیگوت: ((خاڵێك و دوو برام لە پاریسن. دایك و باوکیشم، بە ئەسڵ عەشیرەتی شێخ بزەینین، کاتی خۆی لە کوردستانی عێراقەوە نەفی کراونەتە (هەیمەنە)ی نزیك ئەستەمبوڵ)).
ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت لەگەڵ هانصوو چۆن یەکترمان ناسی؛ بڕوانە گۆشەی 10.
ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت لە شاری ستراسبۆرگ لەگەڵ هانصوو چۆن ژیانمان بە سەردەبرد؛ بڕوانە گۆشەی 16.

15

حەمەی هاوڕێم خەڵکی سلێمانی بوو. حەوت ساڵ زیاتر بوو لە شاری ئەلبی لە باشووری فەرەنسا دەژیا. کاتێ دایکی کۆچی دووایی کرد، بە پەلە داخوازیی لە حزبێکی ئیسلامی کرد (کە بارەگاکەیان لە لەندەن بوو) بۆ ئەوەی واسیتەی بۆ بکەن و قونصوڵخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پاریس ڤیزەیەکی بداتێ بۆ ئەوەی بگاتە تاران و ئنجا مەریوان، لەوێشەوە بتوانێ بچێتە سلێمانی و فریای پرسەی دایکی بکەوێت.

لەبیرکراوەی ئەو سێزدە ساڵەی رابردووی پێ دەبەخشنەوە! فەرەیدوون، بێ تام غەریبیی شارەکەی خۆی دەکرد. هەر ئەو غەریبییەش بوو کە ئەوی کردە شاعیر؛ لای ئەو شیعر بریتی بوو لە دەردی بێ ولاتی و مەرگەساتی غەریب بوونی مرۆڤ.
ـ ئەگەر حەزدەکەی لەو هۆیە شەخسییانە تێ بگەیت کە پاڵیان بە فەرەیدوونەوە دەنا بگەڕێتەوە کوردستان؛ بڕوانە گۆشەی (٢٢).
ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون ئەو هەموو پارەیەی لە پاریس بۆ ((بلیتی گەڕانەوە)) چۆن پەیدا دەکرد؛ بڕوانە گۆشەی (١٢).

(١٧)

بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی دیمەشق، پیاوێکی زرتەبۆزی خڕی ئەسمەر بوو. کاتێ بە خۆی و دوو یاوەری چەکدارەوە هاتە لای فەرەیدوون، ئەگەرچی قاتێکی شیك و جوانیشی لەبەردا بوو، بەڵام فەرەیدوون خۆیشی نازانێ بۆچی، وای هەست دەکرد ئەو کابرایە لەژێر خەیمەیەکەوە بە دیشداشە و عەگاڵەوە هاتۆتە لای. لە فەرەیدوونی پرسی:
ـ تۆ خەڵکی کوێیت؟
ـ Pardon؟
ـ تۆ خەڵکی کوێیت؟
ـ من عەرەبی نازانم، بە فەڕەنسی قسە بکە!
لە فەرەیدوون تووڕە بوو:
ـ تۆ عێراقیت، چۆن عەرەبی نازانی؟
فەرەیدوون بە فەڕەنسی وەڵامی دایەوە:
ـ من کوردم؛ هێندە لە عێراق نەژیاوم.
تووڕەتر، چاوی زەق کردەوە:
ـ نازی ئەوەمان بەسەردا مەکە کە لە ئەورووپا ژیاویت. با تێت بگەیەنم: باش دەزانم لە فەڕەنسا ((پەناهەندەیت))؛ لەو ئەورووپایەشدا کە تۆ خۆتی پێ هەڵدەکێشیت، بێگومان لە چێشتخانەیەکدا

کاتێ گەشتبووە تاران، پۆلیسی فرۆکەخانەی تاران چوار شەو و چوار رۆژ تێیانهەڵدابوو: لە بەر ئەوەی حەمە، هەشت ساڵ پێشتر، بە پەناهەندەیی، لە ئۆردووگای پەناهەندە کوردە عێراقییەکان لە شاری کەرەج بووە؛ بە قاچاغ شاری کەرەجی جێ هێشتووە و سنووری ئێرانی بڕیوە. دەیگوت:

ــ پێیان گوتووم: ((تۆ ئەگەر جاسووس نەبیت، بۆچی کاتی خۆی بە شێوەیەکی قانوونییانە ئێرانت بەجێ نەهێشتووە؟)). منیش لە وەڵامدا گوتم: ((ئەگەر ئاوها بێت؛ کورد هەموویان جاسووسن)). گوتیان: ((بۆچی؟)) گوتم: ((چونکە هیچ کوردێک ئەمڕۆ لە دنیادا نیە کە بە لای کەمەوە جارێک سنووری وڵاتێکی بە قاچاغ نەبڕیبێت!)).

حەمە، دووای ئەوەی لەناو زندانداً چوار شەو و چوار رۆژ بەسەر مردنی دایکیدا تێپەڕ دەبێت، ڕێگە و ڕێگە دەیگەڕێننەوە پاریس. دەیگوت:

ــ لەماوەی ئەم چوار شەو و چوار رۆژەدا وایان لێکردم کە نەک تەنیا ئێران، بەڵکو هەموو وڵاتانی رۆژهەڵات و تەنانەت کوردستانە حیزەکەی خۆشمانم لە پێش چاو بکەوێت.

حەمە دەیگوت:

ــ هەتا فرۆکەخانەیەک لە هەولێر یان لە سلێمانی دانەمەزرێت و ڕاستەوخۆ خەتی نێوان پاریس ــ هەولێر دروست نەکرێت؛ من هەرگیز جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە کوردستان.

حەمە حەقی بوو. منیش لەوە دەترسام ئەگەر بە خەتی تاران دا بێمەوە، هەمان شتم بە سەر بێت: چونکە منیش کاتی خۆی، بە قاچاغ لە ئێرانەوە بەرەو ئەوروپا دەرچووبووم.

ڕۆژێک بە حەمەی هاورێم گوت:

ــ حەمە، ڕات چیە زارێک بۆ ئێرانیش هەڵدەم و ئەم جارەیان بە ئێراندا بگەڕێمەوە؟ حەمە، بە پێچەوانەی منەوە، گەڕانەوە بۆ کوردستانی، لە پێش چاو ڕەش ببوو؛ گوتی: قاپشۆڕ بوویتە.

ئەم قسانەی، بە فەرەنسیەکی شەق و پەق لەدەم بەردەبۆوە.

فەرەیدوون گوتی:

ــ ببووڕە، حەزدەکەم موئەددەبانە قسەم لەگەڵ بکەی. من تازە بڕوانامەی دکتۆرام لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرتووە و خاوەن کەرامەتم، مسیۆ!

ــ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون چۆن لە کۆتاییدا بووە زەلیلی ئەم پیاوە عەرەبە و لێی دەپارایەوە؛ بروانە گۆشەی (٢١).

ــ ئەگەریش حەزدەکەی دیمەنێکی عەنتیکەی ناو فرۆکەخانەکە ببینیت؛ بروانە گۆشەی (١٥).

(١٨)

کە فەرەیدوون گەیشتە ناو فرۆکەخانەی دیمەشق و ئەم بەزمەی بەسەر هات. باش بوو ژمارەی تەلەفۆنی بەرپرسی حزبێکی کوردستانی لەلا هەبوو کە لە دیمەشق نوێنەری حزبەکە بوو و ((دەستی دەڕوێی)). ژمارەی تەلەفۆنەکەی دایە خێزۆمەندێکی ناو فرۆکەخانەکە و بارودۆخی خۆی تێگەیاند، وتی: ((پێی بڵێ کە فلانە کەس ئاوهای بەسەر هاتووە؛ فریای بکەوێت)).

نوێنەری حزبە کوردییەکە لە دیمەشق، کە کۆنە هاوڕێی پازدە ساڵەی فەرەیدوون بوو، بە تەلەفۆن خەبەری بۆ ناردبۆوە و گوتبووی کە ((لە ماوەی سەعات و نیوێکدا گێروگرفتەکەی چارەسەر دەکرێت و ئازاد دەبێت)). گێروگرفتی فەرەیدوونیش ئەوە بوو کە نیو سەعاتی دیکە فرۆکەکە هەڵدەفڕێ و فەرەیدوونی لەگەڵ خۆی دەبردەوە پاریس. کەواتە، دەبووایە فرۆکەکە سەعات و نیوێک خۆی دووابخات.

ــ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت ئاخۆ بەرپرسە حزبییە کوردییەکە لە دیمەشق فریای فەرەیدوون کەوت یان نا؛ بروانە گۆشەی23.

ــ ئەگەریش حەزدەکەی فەرەیدوون خۆی، بە زمانی

ـ چیرۆکی گەڕانەوەی تۆ بۆ کوردستان، بە ڕاستی، وەك گەمەی زارو مارەکەی لێهاتووە. زاری چی بۆ ئەم دۆزەخە هەڵدەدەی؟
نەگبەت، بۆ خۆت لەم پاریسە خۆشە دانیشە و واز لەم زارو مارە بێنە! هەزار نەفرەت لە کوردستانیش کە کلیلی دەرگاو پەنجەرەکانی خۆی، هەمووی سپاردۆتە دەست بێگانەوە! ئەمانە مارن لە چوار دەوری ئێمە ئالاون.
ــ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت یەکەم هەوڵدانم بۆ گەڕانەوە بە خەتی ئەستەمبوڵەوە چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی 6.
ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت سەفەری گەڕانەوەی سێیەم جارم بە ئەستەمبوڵەوە چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی 18.

16

بە درێژایی پێنج ڕۆژی کۆنفرانسەکە، هەموو ئێوارەیەك، دووای تەواوبوونی سیمینار و گفتوگۆکان، من خۆم لە برادەرەکانی شاندەکەی خۆمان، هانصوو خۆی لە برادەرەکانی شاندەکەی خۆیان دەدزییەوە؛ دەچووین بەیەکەوە لە کۆڕنیش و لاگازینۆکانی ئەم بەر و ئەوبەری ڕووبارەکەی ستراسبۆرگ دادەنیشتین. تەنانەت هەندێ جار لە کاتی کۆنفڕانسەکەشدا دەچووینە دەرەوە و یەکترمان دەعوەت دەکرد. شەوانیش، تەنیا یەك باڕمان کردبووە جێژووانی خۆمان: باڕی ((ئەلبێرتۆ)) کە کەوتبووە ناوەڕاستی شارەکە. بۆ نانخواردنی شێو، کاتژمێر دەوری یەکی شەو، دەگەڕاینەوە لای کۆرنیشی سەر ڕووبارەکە.
ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت ئەو پەیوەندییەی ئێمە جیددی بوو یان ڕێبوارانە؛ بڕوانە گۆشەی 22.
ــ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت چارەنووسی ئەو خۆشەویستییەمان بە چی گەیشت؛ بڕوانە گۆشەی 19.

خۆی، چیرۆکەکەت، لە سەرەتاوە بۆ بگێڕێتەوە بڕوانە گۆشەی1.

(١٩)

فەرەیدوون، کە لە پاریس دکتۆرای لەبارەی ئەندازیاریی بیناسازی لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرت، چەند ساڵێك بوو کوردستانی عێراق ئازاد کرابوو. فەرەیدوون حەزی دەکرد بزانێت ئەو کوردستانە ئازادە چۆنە؟ شاگەشکە ببوو لەوەی کە دەتوانێ ماوەیەکی دیکە کەسوکاری خۆی ببینێتەوە. زیاتر لە سێزدە ساڵ بوو شارەکەی خۆی نەدیتبوو. ڕاستییەکەیشی، فەرەیدوون هەر کە نامەی دکتۆراکەی تەواو کرد، بڕیاری دا بە یەکجاری بگەڕێتەوە کوردستان و لە شارەکەی خۆیدا کارێك بدۆزێتەوە و چیتر نەگەڕێتەوە پاریس.
ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانی کە فەرەیدوون بۆچی بڕیاری دابوو بە یەکجاری بگەڕێتەوە کوردستان بڕوانە گۆشەی 4.
ـ ئەگەریش حەزدەکەی شارەزایی زیاتر لە بارەی شەخسیەتی فەرەیدوون بخوێنیتەوە؛ بڕوانە گۆشەی (١٦).

(٢٠)

فەرەیدوون، لە بەر ئەوەی دووازدە سێزدە ساڵێك پێشتر لە کەرەج، لە ئۆردووگای پەناهەندەکانی کوردی عێراق، پەناهەندە بوو؛ نەیدەوێرا بە ئێراندا بگەڕێتەوە هەولێر. لە سەفەری یەکەمیدا، کە لەگەڵ وەفدی دانیال میتراندا هاتبوو، هەر لە فڕۆکەخانەوە نەیانهێشت پێ بنێتە خاکی تورکیاوە. لە سەفەری دووەمیدا، لە کاتی کۆڕەوەکەدا، خۆشبەختانە توانی بگاتە سنوور و لەولای سلۆپییەوە بۆنی کەسوکاری خۆی بکات لە سەفەری سێیەمیشیدا، دیسانەوە، پۆلیسی فڕۆکەخانەی ئەستەمبوڵ، دەرگای هاتنە ناو خاکی تورکیای لێ داخست. لە

17

لـه ناکاو هەستم کرد هۆشێك، وردە وردە، وەبەر گیانمدا دێتەوە. تەنیا هێزی ئەوەم لە لەشدا هەبوو کە چاو بکەمەوە و بڵێم:

ـ ئا.. خ..

پیاوێك دەستی لەسەر نێوچەوانم دانا، گوێـم لێ بوو گوتی:

ـــ مـن بەڕێوەبـەری گشـتیی ئاسایشـم. کـوڕم، هەڵسەوە!

گوێم لە نالّە و هاوارێ چـەند کەسـێك بـوو، لـە دوورەوە، دیار بوو ئەشکەنجە دەدران.

ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت دووای ئەوە چی ڕوویدا؛ بڕوانە گۆشەی 11.

ـــ ئەگـەریش حەزدەکـەی واتایـەك بـۆ ئـەم بێهوودەییەی من بدۆزیتەوە؛ بڕوانە گۆشەی (٦).

18

لـە دڵی خۆمدا دەمگـوت: ((ئەگـەر کـورد بیـت، هەمیشـە، لەگـەڵ تورکـان هیچـت پـێ نـاکرێت)). کەلوپەلـەکانی خۆمـم پێچایـەوە و دەسـتم دایـە جەنتاکانم:

ـ باشە، بە گوێتان دەکەم و دەگەڕێمەوە پاریس.

لـــەو دەمـــەدا، ئەفســـەرە تورکەکـــە، بـــە سەرسوڕماوییەوە لێمی پرسی:

ـ ها؛ بۆ کوێ؟

ـ خۆم کۆدەکەمەوە و دەگەڕێمەوە پاریس.

ـ ڕاوەستە جارێ!

ـ بۆ ڕاوەستم؟

ـ تۆ ئەو تورکییە لە کوێ فێربوویتە؟

ـ لە هەولێر.

ـ تۆ تورکمانی؟

ـ نەخێر کوردم.

ـ کەواتە پەکەکەیت؟

ـ نەخێر.

سەفەری چوارەمیدا، دیسـان، حکوومـەتی سـووریا، ڕێگەی نەدایێ پێ بنێتە خاکی سووریا.

لـە فـەرەیدوون ببـووە مـەراق دەبووایـە بگەڕێتـەوە وڵاتی خۆی!

ـــ ئەگـــەر حەزدەکـــەی بزانیـــت بەڕێوەبـــەری فڕۆکەخانەکەی دیمەشق لە سەفەری یەکـەمدا چیـی بە فەرەیدوون کرد؛ بڕوانە گۆشەی (١٧).

ـ ئەگەریش حەزدەکەی چیرۆکێکی دیکـەت گـوێ لێ ببێت و باوەڕ بـە ((کۆنفۆڕمـیزمی تـازە)) بـهێنیت، بڕوانە گۆشەی 10.

(٢١)

فـــەرەیدوون دەیویســـت دەســـتی بەڕێوەبـــەری فڕۆکەخانەی دیمەشق ماچ بکات:

ـ برای بەڕێزم، ئەو خێرە گەورەیەم لەگـەڵ بکـەن و ئیزنم بدەن بچم دایکم ببینمەوە. سێزدە ساڵە دایکی خۆمم نەبینیوە. ئێستا ئەوەتا لە خـوارەوە، لـە نـاو هۆڵی پێشوازیدا، چاوەڕێم دەکا.

ـ بڕیارێك دەرچووە: هیچ کوردێکی عێراق بـۆی نیـە بە هیچ شێوەیەك پێ بنێتە خاکی سووریا.

ـ ڤیزەم هەیە.

ـ با ڤەزەشت هەبێت.

ـ ڤیزەم پێش دوو ڕۆژ لە سەفارەتخانەی سووریا لە پاریس وەرگرتووە.

ـ تۆ نابێ لەم هۆڵە بچیتـە دەرەوە، تـا ئـەو کاتـەی سواری فڕۆکەکەت دەبیت و دەگەڕێیتەوە پاریس.

ـ باشە ڕێگەم بدەن تەنیا تا خوارەوە بچم چاوم بـە دایکم بکەوێت و دەگەڕێمەوە.

ـ قەدەغەیە.

ـ دەستت ماچ دەکـەم. دایکـم ئـەوەتا لـە خـوارەوە چاوەڕێم دەکا. سێزدە ساڵە نەمبینیوە.

ـ فڵقیر.

ـــ ئەگـەر حەزدەکـەی بزانیـت ئایـا پـارەی بلیتـی سووتاوی سـەفەرەکەیان دایـەوە و فـەرەیدوون یـان

ـ سەر بە تالەبانیت یان بارزانی؟
ـ سەر بە کەس نیم.
ـ جەنتاکانت دانێ؛ تەفتیشیان دەکەین!
ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت لە کاتی پشکنیندا چی ڕوویدا؛ بڕوانە گۆشەی 2.
ـ ئەگەریش حەزناکەی بزانیت؛ بڕوانە گۆشەی 20.

19

هانصوو، بۆ سبەینەکەی دەگەڕایەوە ئەستەمبوڵ، پێی گوتم:
ــ لە دوو سبەی بەملاوە، هەر کاتێ هاتیت، تۆ دەعوەتی منیت لە ئەستەمبوڵ.
من دەمزانی: هانصوو لە ئەستەمبوڵ لە شوقەیەکی تایبەتی خۆیدا دەژیا. گوتم:
ـ بابت پێ بزانێ، سەرم نابڕێ؟
ــ نەخێر؛ تەنانەت زۆر کەیفخۆش دەبێ ئەگەر بزانێت هاورێی من کوردێکی عێراقە.
ناونیشانی خۆی لە لام بەجێهێشت و گوتی:
ـ لە ئەستەمبوڵ چاوەڕێتم.
ــ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت سەفەرەکەم بەرەو ئەستەمبوڵ، بۆلای هانصوو، چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی 22.
ــ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت لە شاری ستراسبۆرگ لەگەڵ هانصوو چۆن ژیانمان بەسەردەبرد؛ بڕوانە گۆشەی 16.

20

من لەو دەمەدا بیرم لە دەنگە خۆش و سیحراوییەکەی بڵند ئەرصۆی دەکردەوە، لە دڵی خۆمدا دەمگووت:
ــ حەیف بۆ تورك ! ئەم هونەر و کولتوورە جوانەیان هەیە؛ ئەمەش سیاسەت و ئەخلاقیانە؟ میللەتێك چۆن دەتوانێ هونەر و کولتوورێکی هێند جوانی هەبێت، سیاسەت و ئەخلاقیشی هێندە

نا؛ بڕوانە گۆشەی (٨).
ــ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت ئایا کورد چ پەیوەندییەکی بە سروشتی دووپشکەوە هەیە؛ بڕوانە گۆشەی 20.

(٢٢)

فەرەیدوون لە دەفتەری یاداشتەکانی خۆیدا، لە لاپەڕە (١٧)دا بابەتێکی نووسیوە بە ناونیشانی (ئەو هۆکارە شەخسییانەی وایان لێکردووم، دووای سێزدە ساڵ دەربەدەری، بە یەکجاری فەڕەنسا جێ بهێڵم و بگەڕێمەوە ولاتی خۆم). لەو دەفتەرەدا، هەزار و سێ صەد سی‌و سێ هۆکاری دەستنیشانکردووە. جوانترین ئەو هۆکارانە ئەمەیە کە دەڵێ: ((غەریبی کردنی دایکم)).
ــ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت دایك چ هۆکارێکی گەورە بووە لە گەڕانەوەی یەکجاریی فەرەیدوون بۆ کوردستان، بڕوانە گۆشەی (٢١).
ـ ئەگەریش حەزدەکەی بە شێوەیەکی تیۆری لە پەیوەندی نێوان ((دەسەلات)) و ((یاخیبوونی تاکەکەس)) تێ بگەیت؛ بڕوانە گۆشەی (٤).

(٢٣)

هۆڵی چاوەڕوانی ناو فڕۆکەخانەی دیمەشق پڕ بوو لە خەڵك، کە چاوەڕێیان دەکرد نیو سەعاتی دیکە ئاماژەیان بدرێتێ و سواری فڕۆکەکەی خۆیان بن و هەڵفڕن بەرەو پاریس. هەر هەموو خەڵکەکە بە خواستی خۆیان و بە ویستی خۆیان و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان سواری فڕۆکەکە دەبوون: تەنیا فەرەیدوون نەبێ؛ بەبێ خواستی خۆی، بەزۆرەملێ سواری فڕۆکەکە دەکرا لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکەکە فەڕەنسی یان فەڕەنسی زمان بوون، یانیش زۆربەیان فەڕەنسییان دەزانی؛ فەرەیدوون ڕووی قسەی، بە زمانی فەڕەنسی تێکردن:
ــ بەڕێزەکانم، خوشکان، برایانی ئازیزم! داوای

فاشیستانه و بۆگەن؟
ـ ئەگەر حەزدەکەی کەمێك شارەزای ژیانی تایبەتی من و بۆچوونە تایبەتییەکانم بیت؛ بڕوانە گۆشەی (١٦).
ـ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت بۆچی من لە ناکاو خۆم لەگەڵ سەگی ئەوروپییەکان بەراورد کرد؛ بڕوانە گۆشەی 23.

21

نەمدەزانی چەند ئەو و چەند رۆژ بەسەر بوورانەوەی مندا تێپەڕ ببوو؛ بەڵام کە هەستامەوە و هەستم بە برسێتییەکی زۆر کرد، زانیم کە لە بیست و چوار سەعات زیاتر بێهۆش کەوتبووم.
پیاوێکی سەر ماش و برنج، لەسەر کورسی و مێزێك، لە دوورەوەی من، دانیشتبوو؛ گوتی:
ـ ئیفادەکەت باش بوو. بەر دەبیت ئینشاڵڵا.
من هەرگیز بیرم نەدەهاتەوە کە ئیفادەم دابێت و قسەم لەگەڵ کرابێت لە دڵی خۆمدا گوتم: ((حەتمەن بۆشم وەردەگرێت و دڵم دەداتەوە))؛ ((تووشی چورتمێك بوومە و بە خۆم نازانم)).
ـ ئەگەر حەزدەکەی واز لەم چیرۆکە بێنیت و چیرۆکێکی دیکە بخوێنیتەوە؛ بڕوانە گۆشەی (١٦).
ـ ئەگەریش دەتەوێ بۆت بسەلمێ کە کورد لە دەرەوەی وڵاتی خۆیدا بەڕاستی لە سەگ کەمترە؛ بڕوانە گۆشەی 23.

22

ئێوارەیەکی درەنگ، لە پاریس لە گەڕەکی سانت دونیس، بەدەم پیاسەوە، تاسە و غەریبییەکی زۆری هانصووم دەکرد. لە تاو ئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو نەمبینیبوو، لە ناکاو بڕیارم دا و خۆم کرد بە یەکێك لە لە مااڵی ئەو پیرەژنە عارەبە سیحربازانەی کە بەخت بۆ پیاوان دەگرنەوە. پیرەژنە فاڵگرەوەکە، تەماشای جامە ئاوە ڕەنگینەکەی بەردەم خۆی لێبوردنتان لێدەکەم ئەگەر بەم قسانەم ناچارتان بکەم دەقیقەیەك گوێم لێ رابگرن! من دەرۆزەکەر نیم و پێویستیم بە هیچ ماددیاتێکی ئێوە نیە، بەڵام لێتان دەپارێمەوە بۆ ئەوەی لە باری مەعنەوی و رۆحییەوە یارمەتییەکی بچکۆڵەی من بدەن! من کوردم، سێزدە ساڵ زیاترە لە فەڕەنسا بە پەناهەندەیی دەژیم. لە ماوەی ئەم سێزدە ساڵەدا توانیم بەرزترین پلەی بڕوانامەی خوێندن لە فەڕەنسا وەدەست بهێنم کە دکتۆرایە لە بواری ئارشیتێکتووردا و لە کۆتاییشدا، کە ئێستایە، بڕیارم داوە بە یەکجاری بگەڕێمەوە وڵاتەکەی خۆم: کوردستانی عێراق. هەڵبەتا، دەزانم، ئێوە، کە زۆربەتان فەڕەنسین، لەوانەیە پێتان خۆش بێت پەناهەندەیەکی فەڕەنسا بیەوێت بە یەکجاری بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی. بۆ منیش، بێگومان، سەر بڵندییە و هەتا دەمرم سوپاسی فەڕەنسا و خەڵکی فەڕەنسا دەکەم کە لە ماوەی ئەو سێزدە ساڵەدا منی حەواندەوە و بڕوانامەی دکتۆرای پێ بەخشیم. هەر چۆنێك بێت، هیوام وایە کە پشتگیری لەم هەڵوێستەی من بکەن کە ئێستا دەمەوێ بە یەکجاری بگەڕێمەوە وڵاتی خۆم. من، بەستر پێریز، لە پاریس، لە قونصوڵخانەی سووریا، ڤیزەی هاتنە سووریام، بە ئیمزای خودی سەفیری سووری لە پاریس، لە پەساپۆرتەکەی خۆم داوە. دەعوەتنامەیەکی ڕەسمیشم لە دیمەشقەوە بۆ هاتبوو، ئەویشم پیشانی سەفارەتخانەی سووری داوەو تەصدیق کراوە، بە شێوەیەکی قانوونیانە و زۆر ڕێك و پێك گەیشتوومەتە ئێرە، کەچی ئێستا ڕێگەم نادەن دابەزمە ناو دیمەشق! حەزدەکەم ئاگاداری ئەوەشتان بکەمەوە، ـ ئەگەر مۆڵەتم بدەن ـ کە من نیو سەعاتێك دەبێ لە پاریسەوە گەیشتوومەتە ئێرە؛ بە هەمان ئەم فڕۆکەیە هاتووم کە ئێوە ئێستا دەتانەوێ سواری بن و پێی بگەنە پاریس. من دەمەوێ، کە مافی ڕەوای خۆمە،

دەکرد:
ـ چەند ساڵە یەکترتان خۆش دەوێ؟
ـ ساڵێك نابێ.
ـ چەند دەبێت نەتدیوە؟
ـ سێ مانگ زیاترە.
ـ دایکت ناوی چیە؟
ـ بەڵقیس.
پیرەژنە جادووگەرەکە، لە تۆیی هاڵاوی ڕەنگینی نێوانمانەوە، کە لە جامەکە هەڵدەستا، داهاتووی منی دەخوێندەوە:
ـ گوێ بگرە، کوڕم! تۆ سەفەرێکت لە پێشەو دەچیت بۆ لای دەزگیرانەکەت، بەڵام ناتوانی ببینیت؛ دەگەڕێییتەوە. ئەو کچەی کە تۆ خۆشیت دەوێ، هەر چوار دەوری، بە دوژمنەکانی تۆ تەنراوە. دوژمنت نین، بەڵام لە هەر ساتێکی کە تۆ دەتەوێ لێی نزیك بکەویتەوە و بۆنی بکەیت؛ لێت دەبن بە دوژمن: دەبن بە پەرژینی دەوری ئەو. کوڕم، سەد مخابن و حەیف؛ تۆ هەرگیز بەو دەزگیرانەت ناگەیت! وازی لێ بێنیت باشترە! چونکە، سەفەری دووەمیش بۆ هەمان مەنزڵی ئەو دەکەیت و دیسان بێهوودە؛ ناتوانیت بیدۆزیتەوە. ئەو کچە، شەیدای کردووی. وێنەی دایکی خۆت یان کەسێکی نزیکی خۆتی تێدا دەبینیت. کوڕی من، بەداخەوە، ئەوەتا دیارە: لە سەفەری سێیەمیشدا، دیسان، بە دڵشکاوی و هەناسەساردییەوە دەگەڕێییتەوە. هەرچی هەتە لە پێناو گەیشتن بەو خۆشەویستەت خەرجی دەکەیت، کەچی هەرگیز نایگەیتێ. لە ئێستاوە بزانە: ئەو خۆشەویستەی تۆ بزر، نەبوو حسێبە.
ئەم ڕەشبینییەی پیرەژنە فاڵگرەوەکە وای لێکردم زیاتر ڕژد بم لەسەر ئەوەی توانای خۆم تاقی بکەمەوە و سەفەرێك بەرەو ئەستەمبوڵ بکەم.
ـ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت لە سەفەرەکەم بەرەو ئەستەمبوڵ، هانصووم دۆزییەوە یان نا؛ بڕوانە دابەزمە ناو دیمەشق و باوەش بە دایکمدا بکەم.. دایکم، کە سێزدە ساڵی ڕەبەقە لێی دوور کەوتوومەتەوە و نەمبینیوە. دەمەوێ بچم، دووای سێزدە ساڵ خانەبەکۆڵی و مەنفا، نیشتمانە ئازادکراوەکەی خۆم ببینمەوە. بەڕێزان، خوشکان، برایان! نە خوا، نە شەیتان، تەنانەت هەر کەسێك تەنیا یەك تۆزقاڵ ویژدانی هەبێت، قبووڵی ئەوە ناکات ڕێگە لە بەردەم ئەم ئارەزووە سادەیەی من بگرێت. ئەمە، ئێوەی ئەوروپایی باش دەزانن، سادەترین و ڕەواترین مافی مرۆڤە کە ئارەزوو بکات بە یەکجاری بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی؛ کەچی، پۆلیسی فرۆکەخانەی دیمەشق، ئێستا، لێرە، لێم ناگەڕێت و ئیزنم نادات کە من دابەزمە ناو دیمەشق. ئەمە لە کاتێکدا، وەك باسم کرد: من لە سەفارەتخانەی دیمەشق لە پاریس، ڤیزەی هاتنە ناو سووریام وەرگرتووە و بە شێوەیەکی‌قانوونی هاتووم و تەنانەت دەعوەتنامەیەکیشم هەیە! ئێستا، پۆلیسی ئێرە زۆرم لێدەکەن و ناچارم دەکەن کە لەگەڵ ئێوە بە هەمان فرۆکەی ئێوە ـ کە من لە پاریسەوە پێی هاتووم ـ بگەڕێمەوە پاریس. بۆیە، بەڕێزان، ئازیزەکانم، تکاتان لێدەکەم و لێتان دەپاڕێمەوە: سەفەرەکەی خۆتان، لەبەر خاتری من و بۆ پشتیوانیی من، تەنیا سەعات و نیوێك دووا بخەن و سواری ئەم فرۆکە مەبن! ئەمەش چونکە، من لێرەوە تەلەفۆنم بۆ یەکێك لە بەرپرسەکانی وڵاتەکەی خۆم کردووە و بەڵێنی پێداوم کە لە ماوەی یەك سەعات و نیوی داهاتوودا پەیوەندی بە پۆلیسی ئێرەوە دەکات و ئازادم دەکەن. تکاتان لێدەکەم، لێتان دەپاڕێمەوە کە ئەم داخوازییە بچووکەم جێبەجێ بکەن!
لەو دەمەدا، بەرێوەبەری فرۆکەخانەی دیمەشق، لە تەنشت فەرەیدوون قووت بۆوە و چاوی لێی زەق کردەوە:
ـ ئەدی ئەگەر جێبەجێ نەکەن؟

گۆشەی 13.

ــ ئەگەریش حەزدەکەی ئەو نامەیەی هانصوو بخوێنیتەوە کە لە ئەستەمبوڵەوە بۆمی ناردبوو؛ بڕوانە گۆشەی 5.

من بە هەموویانم گوتبوو: ((تکایە سەفەری خۆتان سەعات و نیوێك دووا بخەن، چونکە بەرپرسێکی هاوڕێم، دووای سەعات و نیوێکی دیکە، دەگاتە فڕۆکەخانە و قوتارم دەکات)). هیچ کەس هیچ بایەخێکی نەدایە پاڕانەوەکەی من. لەوەش دەچوو هاوڕێ حزبییەکەم لە دەرەوەی فڕۆکەخانەوە، لە کاتی خۆیدا فریام نەکەوێت. بێزار، جگەرە لە دووای جگەرە دامدەگیرساند. کە بیرم دەکردەوە: یەکە یەکەی ئەوانەی لە فڕۆکەکەوە دابەزیبوون، ئەوروپی، ئاسیایی، قوڵەڕەش.. پەساپۆرتی خۆیان پیشان دەدا و دەڕۆیشتن؛ تەنیا من نەبی، پۆلیس ڕایگرتبووم، چونکە پەناهەندە بووم. هەندێك لە ڕێبوارانی ناو فڕۆکەکە، تەنانەت سەگیشیان پێ بوو. سەگەکان، وەك هەر مرۆڤێك، تێدەپەڕین و دادەبەزانە خوارەوە: تەنیا من نەبێ. کە دیمەنی ئەم سەگانەم دەدیت وا بە ئاسانییەوە دادەبەزنە نا دیمەشق، دڵم زۆر بە خۆم دەسووتا؛ هەستی پڕ سۆیی بێ وڵاتیم دڵمی ڕنەك دەدا، دەمگووت: ((ئەوەتا، ئێمەی بێ وڵات، لە سەگیش کەمترین)).

ــ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت کە چۆن پێشتر لە ئەستەمبوڵیش ڕێگەیان نەدامێ داخڵی تورکیا ببم؛ بڕوانە گۆشەی 13.

ــ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت لە سەفەرەکەم بۆ دیمەشق، لە ناو فڕۆکەخانەدا، من چۆن جەسارەتم کرد بڕیار بدەم فڕۆکەکە بتەقێنمەوە؛ بڕوانە گۆشەی (٢٣).

ــ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت پۆلیسی فڕۆکەخانە کاردانەوەی بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی فەرەیدوون چی بوو؛ بڕوانە گۆشەی (١٤).

ــ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت هانصووی دەزگیرانی فەرەیدوون ڕۆڵی چی بوو لەم هەموو سەرا و دەراوەی بەسەر فەرەیدووندا هات، بڕوانە گۆشەی 14.

(٢٤)

بەرپرسی فڕۆکەخانەکە، سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو یاوەرە چەکدارەیشی لە پشتەوە ڕاوەستابوون، لەوە دەچوو هێندە متمانەی بەم هێزەی خۆی نەبێت. فەرەیدوون لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ((باش هەست بەوە دەکات کە بەم بڕیارە چ زوڵمێکی گەورەیان لە پەناهەندەیەکی وەك من کردووە)). بەرپرسەکە تەماشای ناو چاوە تووڕەکانی فەرەیدوونی دەکرد و دەیویست بزانێت ڕەتدانەوە و هەڵوێستی چی دەبێت. گوێی لێ بوو فەرەیدوون، لە ناکاو، پێی گوت:

ــ گوێ بگرە!

ــ بەڵێ.

ــ ئێمەی کورد سروشتی دوویشکمان هەیە.

پێکەنی، گوتی: چۆن؟

فەرەیدوون گوتی: کە ئابڵووقەمان دەدەن و چارەمان نامێنێت: بە خۆمانەوە دەدەین، خۆمان دەکوژین.

بە تووڕەبوونێکی گاڵتەجارانەوە، گوتی:

ــ سەد جار!

گوتم، ئاخر ئاگادارە..!

ــ لەچی؟

ــ ئێوەش لەگەڵ خۆمان وێران دەکەین!

ــ ئەگەر حەزدەکەی بزانیت وەڵامی بەرپرسی فڕۆکەخانەکە چی بوو؛ بڕوانە گۆشەی (١٤).

ــ ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون لە کۆتاییدا بڕیاری چیی دا؛ بڕوانە گۆشەی (٣).

ئاکۆ کەریم

مەملەکەتی تاریکی

بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی رابردوو وەک ئەم دوای نیوەڕۆیەی سەرەتای مانگی پایز جەوهەر هەستی بە تەنیایی نەکردووە، تەنیاییەک بەو جۆرەی شەیتانێک لە گیانیدا بێت و بەرەو رووداوێکی چاوەڕوان نەکراوی بەرێت. بۆ چەند رۆژێکە لەسەر هەمان ئەو کورسییە دانیشتووە کە داپیرەی بە چاوی کوێرەوە لە قامیشی زەرد دروستی کردبوو، چاوەکانی بە بێدەنگی لە قوڵایی بێدەنگی دەڕوانێ و هێندە بە ناخی یادەوەرییەکانیا رۆچووبوو کت و مت وەک ئەوەی سالانێک بێت بە مۆمیا کراوی لە خەونێکی خۆشدابێ، بەر لەوەی بۆ دواجار ئەڵقەی دەرگای حەوشە راکێشێ وەک تارمایییەکی کشاو لەبەر رووناکیدا بەو کۆڵانەدا تێپەڕ بوو، کە بێجگە لە سێبەری کاڵی چەند درەختێکی زەردو رووتەڵە کە بەسەر خۆڵ و وردەبەردی عەردەکە رژابوو هیچ شتێکی تر دەنگ و رەنگی نەبوو. بەم هاتنەوەیە کە لە پێشبینی هیچ کەسێکدا نەبوو، ئەو خانووە کۆنانەی بەناڕێکی لە سەر زەوییەکی خوار دروست کرابوو، وەک ئەوەی هەر هەموویان یەک خەونی ناخۆشیان بینیبێ بەپرتاو راچڵەکین، یەک لە دوای یەک ئەو پەنجەرانە دەکرانەوەکە عەیامێکە دەستێکی میهرەبان نەیخستونەتە سەر پشت. لەو پەنجەرە تاریکانەوە کە لە شێوەی کتێبێکی کۆن دەچوون هەندێ سیما دەردەکەوتن و بە تووندیپەردەکانیان لائەدا، دەنگی کردنەوەو داخستنی دەرگاکان و پاشان راکەڕاکەی هەندێکیان بۆ سەر لقی درەختەکان و، ئەو سەربانانەی لەشێوەی پاڕانەوەی دەستێکدایە کە باوەش بۆ شینایی ئاسمان بکاتەوە دەهاتنە بەرچاو. لەم ئان و ساتەدا هەندێکیان بەچاوی پرسیارو گومانەوە دەیانڕوانی و ئەو قەیرە کچانەی کە تاوەکو ئەم ساتە وەختە جورئەتی ئەوەیان نەکردووە پڕ بەدڵ لە جەوهەری تەنیامان وردبنەوە، ئێستاکە لە درزی دیوارە گڵینەکانەوە لەگەرمایی گیانی دەخۆنەوە چاو لە شوێن پێی هەنگاوەکانی هەڵناگرن. کچێک وەک ئەوەی لەبەر لێوەوە دوعا بۆ بەختی خۆی بکات وتی: ئەمە خەونە.

پیرترین پیاوی گەڕەک کە بەردەوام لەژێر سێبەری دیوارە نیوە رووخاوەکاندا خەریکی پێچانەوەی سیغارە، بەبێدەنگی لە جەوهەر ورد دەبێتەوە

لەدوای ئەو هەموو بێدەنگییەی لە ناخیدا پەنهانی دابوو لەبەر خۆیەوە وتی:

ـ ها.. جەوهەر بەرەو کوێ.. هێشتا ماویەتی بۆ خۆر ئاوابوون؟

بێ ئەوەی هەست بە هیچ شتێك بکات بە بەدەمیا تێپەڕی، لە دوای کەمێك رۆیشتن بەلای دەستە راستی کۆلانەکەدا پێچی کردەوەو گەیشتە سەر ئەو تووله رێگایەی کە پاشەڕۆی وشکبووەوەی ئاژەڵ و پەلەوەرە مالّییەکانی تیا رۆکرابوو. لەملاولای رێگاکەوە پۆله مراوییەك لەناو زەلکاوێکی بچووکدا پەڕوبالّیان قوڕاوی کردبوو، بەدەنووکی هەندێکیانەوە گیای ئاوی و قەوزەی وشکبووەوەی بۆندار بەڕەنگی سەوزو قاوەیی زەردباو لە چاوە خەواڵووەکانیاندا بەوردی دەڕژا. ئەمە رێگای چەندین ساڵەیەتی و لە تاریکە شەویشدا بێت پاشماوەی هەنگاوەکانی دەناسێتەوە، ئەم رێگایە بەو پێیەی روو لە هەوراز بوو لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا ئەو گۆڕانکارییەی لە کەش و هەوادا رووێداوە شێوەی پلیکانەی وەرگرتبوو. بەدیوی ڕ ڕدیودا رووبەڕووی ماڵەکەیان دەبووەوە، لە سەرنجی یەکەمدا لەجێ نزرگەیەکی پیرۆز دەچوو. نزیك دەرگای حەوشەکەیان بووەوە بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو ئاژەڵانەی لە نێوان کێڵی داڕماوی گۆڕەکاندا لە خەونێکی قورسدا بوون، پێش ئەوەی دەستە ماندووەکانی درێژ بکات بۆ ئەڵقەی دەرگاکە ـ با ـ یەکی تووند لە ناوەختا هەڵیکرد، لە چاو تروکانێدا هەموو ئەو پارچە کاغەزانەی لەگەڵ خۆیدا بەرەو شوێنێکی نادیار برد کە باپیرە ئەو بەردە رووناکانەی پێ دەپێچایەوە کە وەك دیارییەك لەبری خوێنی باڵندەکان ئەیدایە دەست منالّەکان.

بۆ جاری دووەم پاڵێکی نا بە دەرگاکەوە، بەڵام ئەمجارە وەك رۆژانی رابردوو نەبوو بۆ یەکەمین جارە بێ ئەوەی کلیل بە کارببێنێ دەرگاکەی کردەوە، بەر لەوەی بە تەواوەتی لەودیو دەرگاکەوە ئاوابێ چەند منالّێك بەچاوی گریانەوە بەلایدا تێپەڕبوون ڕووەو باـ ی غەریبی گۆڕستانەکە دەڕۆیشتن، یەکێك لە منالّەکان لە پێشەوە دەڕۆیشت بە پەتێکی رەنگ شین کۆترێکی کوژراوی لە دوای خۆیەوە بەسەر خۆڵەکەدا ڕادەکێشا کە بۆنی خاکێکی وشکی لێدەهات. لە دوای هەر هەنگاوێك دەزوولەیەك خوێن لەژێر بالّە سپیەکانییەوە دەڕژانە سەر ئەو وردە بەردانەی لە گیرفانی منالّەکانی تڕەوە دەڕژا. لە مەودای ئاسۆیەکی دوورتڕەوە پۆلە کۆترێك زیاتر بالّی فڕینیان بەرەو شینایی ئاسمان بەرینتر دەکرد، ئەم دیمەنە هەست و نەستی جەوهەری بەرەو سەرکێشی و فەنابوون دەبرد و بێدەربەست بوو لەو شەیتانەی بە هێمنی لە گیانیدا راکشاوە. لە دوای تێڕامانێکی قوڵ منالّەکان لە نێوان درك و دالّی گۆڕستانەکەدا لەبەر چاو ونبوون، بەر لەوەی بڕیاری چوونە ژوورەوە بدات لە دوای بێدەنگییەکی قوڵ لەبەر خۆیەوە وتی:

ـ چ تەنهاییەك لە گیانی منالّەکاندایە.. چ مردنێکە فڕین؟!

لە دوای تێپەڕبوونی منالّەکان وێنە پەرت پەرت و بلاّوەکانی رۆژانی رابردووی شێوەی خەونێکی پچڕ پچڕ و ڕستی حەرفی رژاو دەهاتنەوە بەر دیدو خەیاڵی، ئەو وێنە ترسناکەی کە ئێستاکە لە گیانێکی شەیتانیدا پەنهانە، گیانێك کە تاریکی داپۆشیوەو وەك بوونەوەرێکی ئەفسانەیی لە دەمارەکانیا دەگەڕێ. بەر لەوەی لەسەر کورسییەکە هەستێ پرسیارێك خەونەکان و بیرکردنەوەی ئاڵۆز کرد، ئەگەرچی پرسیارەکە شتێك لە گومان هەڵدەگرێ بە دوو دڵی و لەبەر خۆیەوە وتی: بشێ لەناو خودی شتەکاندا رۆح و گیانێکی تر هەبێ؟

هەستێکی وەهای لەلا دروست بوو، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بە چاوێکی تر بڕوانێتە شتەکان و لەیەك بەیەکی وێنەکانی دەوروبەری رابمێنێ. ئالەو ساتەدا کە تەنهایی لە هەموو گۆشەو پەنایەکی ماڵەکەدا بوو ـ شنە با ـ یەکی فێنك بەسەر باخچەکەدا هەڵیکرد،

سێبەری پۆلە باڵندەیەکی بینی کە بەناو فوارەی حەوزەکەدا تێپەڕین، سێبەرەکان لەو پەڕەکاغەزە سووتاوانە دەچوون کە پێش وەخت لەگەڵ ـ با ـــ دا ئاوابوون. بۆ چەندین جار ئەم وێنەیە لەسەر گەلای وەریو کە بەسەر چیمەنێکی تەپۆ شێداردا رژابوو دووبارە دەبووەوە، هەروەها لەسەر دەرگاو پەنجەرەو پەڕەی گوڵە شەوبۆکان دەهاتنە بەرچاوی، بەڵام بەشێوەی جیاواز. جارێك لە دەستێکی خوێناوی دەچوو کە لە تاریکە شەودا بەدەم هاوارێکی سامناکەوە رابکات، جارێکی تر لە سیمای کیژۆڵەیەك دەچوو کە لەو دیوپەنجەرەیەکی تەم لێ نیشتووەوە بەدەم وتنی گۆرانیەوە لە چاوەڕوانیدا گیانی لەدەست دابێ. یا خود لە کۆمەڵە پەنجەیەکی باریك و لاواز دەچوو کە شوێنەواری بەسەر خشتی دیوارێکەوە تۆزو خوڵی رۆژگار دایپۆشیبێ. ئابەو شێوەیە وێنەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئاڵۆزو گرانتر دەبوون، تا ئەو سنوورەی هەستی بەوە کرد شتێك لە گیانیا دەگەڕێ، شتێك زۆر ترسانکتر لەو خەونانەی کە دەیبینێ، شتێك کە دەنگی شەیتانێکی تاریکە پێی دەڵێ:

ـ برۆ بەرەو سەردابەکەی باپیرە، برۆ بەرەو ئەوێ تێدەگەی ژیان لە تاریکیدا چەندە جوانە!

بێدەنگی یەك شێوەی ــ با ــ یەکی سارد لە تاریکی ژوورەکاندا هەستی پێدەکرێ، تەنانەت ئەو ئاوێنە تەڵخانەی بە دیواری ڕاڕەوەکەدا هەڵواسراون ئومێدی هیچ روونا کییەکیان لێناکرێ. ئەو پەنجەرانەی کە تاوەکو ساتە وەختێکی زۆر کەم لە ڕابردوو پڕاوپڕ بوون لە ڕۆشنایی‌یەکی شین هێواش هێواش تاریکی دایدەپۆشین.

هەر ئەوەندەی پەڵە هەورێکی شین بەناو ئاوی مەنگی حەوزی فوارەکەدا تێپەڕبوو لەسەر کورسی‌یەکە هەستاو لە دوای ئەوەی بە تەنیشت باخی گوڵەکاندا بەوردی هەنگاوی هەڵدەبڕی، دیسانەوە لەبەر خۆیەوە وتی: چ پایزێك میوانی باخچەکەیە؟! بۆ چەند ساتێك سەرنجی ئاوەکەی دا نەیتوانی بەتەواوەتی ڕوخساری خۆی بناسێتەوە، پاشان دوا وەسیەتی باپیرەی هاتەوە یاد کە بەچەند شەوێك پێش مردنە کتوپڕەکەی بەدەم زەردەخەنەیەکی ساردەوە پێی وتبوو: کاتێ دەڕوونمان تاریك دەبێ هیچ ڕۆشناییەك ناتوانێ وێنەکانی دەروونمان ڕوناك کاتەوە، هەوڵبدە شتەکان لەبەر چاوت تاریکی نەیخوات، برۆ دەستی ڕوناکی بگرە و لە بێدەنگیدا مەژی، کوڕەکەم بێدەنگی کتێبێکی کوشندەیە!!

بەدەم ئەم یادەوەرییە کۆنەوە باخچەکەی بەجێهێشت و ڕووەو سەردابەکەی باپیرەی ڕۆیشت، ئەو شوێنەی کە بۆی دەچوو هێندەی ئەوەی لە

سنوقێکی داخراو دەچێ لە هیچی تر نەدەچوو. ئەگەرچی بۆ گەیشتن بەو شوێنە دەبێ بەراڕەوەکەدا بڕواو، پاشان بەلای دەستە چەپدا کەژووری سروت و نوێژە تایبەتی‌یەکانی داپیرە بوو تێپەڕێ. کەمێك بەو لاوتر‌ەوە چەند پلیکانەیەك دێتەڕێی کە لە خشتی سوورەوەکراو دروست کرابوون، لەسەر هەر پلیکانەیەك مۆمێك بە کوژاوەیی دانرابوو. ئێستاکە لە دوای ئەو هەموو سالانەی کە زۆر بە سادەیی تێپەڕین، هێشتا بەترس و دوودڵی‌یەوە بڕیاری ئاشکراکردنی ئەو نهێنی‌یانە ئەدات کە تاوەکو ئێستا بەشاراوەیی ماونەتەوە.

ئەو شوێنەی کە هەموو جارێك داپیرە پێی دەگووت: ژووری نەفرەت.. جەوهەر زۆرباش لە یادی ماوە کە ئێوارەیەکیان ئەوکاتەی سیمای غەمباری لەناو رێحانە رەش و تەڕەکاندا دەشاردەوە لێی پرسیبوو: بۆچی پێی دەڵێ چووری نەفرەت؟ وەك ئەوەی نزاو پاڕانەوەیەك لەژێر لێوەوە بخوێنێ لەوەڵامدا گوتبووی: پڕپەتی لەبەردی مەرگ و دوعای شەڕ. داپیرە نەیدەزانی هەموونەو بەردانەی لەبەر هەتاو وشك دەکرانەوە چاوی ئەو کۆترو بااڵندانە بوون کە منااڵە بێلانەکان لەوەخت و ناوەختا بۆ باپیرەیان دەهێنا؛ داپیرە تەنها بەهەست و خوێندنەوەی دەنگەکان قسەی لەسەر شتەکان دەکرد، هەموو گریان و پاڕانەوەکانی بەچاوێکی تووڕەوە دەباراند کە روونا‌کی‌یان نەدیبوو. جارێکیان جەوهەر لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نووسیبووی: ئەو هەمیشە دەگریا ئەو بەیانی‌یەی لە دوای ئەوەی زووتر لە زۆژانی پێشوو لە خەو هەستا ماوەیەکی زۆر لە ژووره تایبەتییەکەی خۆیدا مایەوە، بە دەنگی بەرز وەك ئەوەی بۆ دواجار گۆرانی‌یەك لە دڵەوە بڵێ گوێم لە دوعا و نزاکانی بوو. ئەوکات لە هیچ شتێك تێنەدەگەیشتم لە دوای ماوەیەك بەدەم هەڵکردنی چرای ژوورەکەوە بە چاوی گریانەوە کە فرمێسکەکانی بۆنی رێحانەیان لێدەهات دەمودەست بە پێوە گیانی لە دەستدا. خودایە دەستەکانی چەندە ساردبوون و فرمێسکەکانی چەند گەرم.

لە پاش کەمێك لە روانینی شتەکانی دەوروبەری چاوە ماتەکانی عادەتیان بە تاریکی‌یەوە گرت، بۆ جارێکی تر وێنەکان لە زهن و خەیاڵیدا شێوەی جۆراوجۆریان وەرگرت، بە ئەندازەیەك هەستی بەوە کرد کە دەست بۆ هەر شتێك دەبات دەموودەست ئەو شەیتانەی لە گیانیدایە دەبێتە ئەو وێنە ترسناکەی کەلەناو قوڵایی تاریکی و بێدەنگی‌دا خۆی حەشارداوە.

وێنەیەك کە زۆرجار لەناو ئەو بەردە پیرۆزانەدا دەیبینی کە وەك ملوانکەیەك دەکرایە ملی منااڵەکان و، دەست و پێ و گەردنی ئەو کچە تۆبەکارانەی کە تەنها لە زۆژانی چوارشەممواندا دەرەوەی ماڵەکەیان دەبینی.

هەر ئەوەندەی وردە.. وردە تاریکی بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو، لە گۆشەی بنمیچی دەستە راستا کە راستەوخۆ بەرامبەر دەرگا ئاسنینە بچکۆلانەکەبوو چرایەکی کوژاوەی هاتە بەرچاو، پێدەچوو بۆ تەنها جارێك هەڵگرابێ. لەگەڵ نزیك بوونەوەیدا هەستی بە بۆن شێیەك کرد لە بلووری چراکەوە هەڵدەستا، لەسەر مێزێکی بچکۆلانە کە بە وردەکارییەکی زۆرەوە نەخشی دیواربەندە دێرینەکانی لەسەر هەڵکۆڵرابوو، کتێبێکی قەوارە گەورە بەکراوەیی دانرابوو، حەرفەکانی کە بە موورووی شین و دەنکە زەنگیانەی رەنگاو رەنگ رازێندرابۆوە تۆزو خۆڵی رۆژگار دایپۆشیبوو، هێمایەك بوو بۆ ئەوەی سەردەمانێکە پەڕەکانی هەڵنەدرابێتەوە. لەو دەمانەدا کتێبەکە لە باڵندەیەك دەچوو لە کاتی فڕیندا وشك کرابێتەوە، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر چاوی لەسەر حەرفەکان نەتروکاند لەگەڵ ئەوەشدا لە نهێنی رستەکانی نەدەگەیشت. بەڵام پێی وابوو باس لە پێکهاتەی مادە کیمیاوییەکان و چۆنییەتی گرتنەوەیان دەکات لە ناو بۆتە شووشەییەکانداو، پاشان لە هەموو ئەمانە گرنگتر پاراستنی نهێنی‌یەکانی و نەدرکاندنیان بکات. لەو شوێنەدا کە نەدەکرا هەروا بە ئاسانی لەو حیکایەتە تاریکە دەرباز بێت هەستی بەوەکرد ئەو

شەیتانە خەوتووەی لە گیانیدایە هەمان ئەو بوونەوەرەیە کە لە نێوان لاپەڕە خۆلاوییەکانیدا راکشاوە، بەدەوران دەوری دیواری سەردابەکە چەند رەفەیەک بە شێوەی دوو هێڵی هاوڕێک لەسەریەک هەڵچنرابوون، رەفەکان بە چوار ریزی لەسەر یەک دریژ دەبووەوە بۆ ئەو گۆشەیەی کتێبە تاریکەکەی تیا پارێزراو بوو. لە نێوانی رەفەکانداو لە هەندێ گۆشەی لابەلادا چەند پارچە ئاوێنەیەکی رەنگاوڕەنگ بە شێوەی لاکیشەیی چوار گۆشەیی سێ گۆشەیی دانرابوو، پێدەچوو پارچە ئاوێنەکان بۆ چاودێری کردنی شوێنەکەبێ لە کاتێکدا کە سەرگەرمی بەکارهێنان و ئامادەکردنی ئەو مادە کیمیاوی کانزاییانەبێ کە بۆ دروستکردنی بەردە پیرۆزەکان بەکاری دەهێنان. هەندێ جار ئەو مادانەی ئاوێتە یان دەگیرانەوە بە گژوگیای سروشتی و، پاشان هارینیان لەگەڵ هێلکە شەیتانۆکەو سەدەفەکانی ژێر دەریاو خوێندنی سرووتێکی سیحراوی بەچاوی نوقاوەوە، لەبەر خۆرەتاوێکی بەتین کە ـ با ـ ی رۆژهەڵاتی لەگەڵدابێ بۆچەند رۆژێك کە ماوەی سێ شەو و سێ رۆژی دەخایاند لەسەر زەوییەکی وشك رۆدەکران و وشك دەکرانەوە. زۆر جار رێکەوت دەوری دەبوو لەوەی بەردەکان رەنگی جیاواز وەربگرێن و، هەروەها بە پێی سروشتی پێکهاتەی بۆتەی شووشە کریستاڵییەکان گیراوەی مادەکان شێوەو جۆرەکانیشی دەگۆردران. هەندێ جار وێنەی گوڵێکی سوور یان گیاندارێکی ئەفسانەیی لێدەردەچوو، لەسەر یەکێ لە رەفەکان چەندین لەو بەردە دەگمەنانە لە ناو بۆتەکاندا کە بە تۆزێکی زەردباو رووکەش کرابوون پارێزراوبوون، هەندێکیان کە لە قوڵایی دەریا بەرین و دوورەکانەوە تا ئەو جێگایەی مەوداکانی هەست و خەیاڵ و روانین هەتەرکا لە ناو شووشە ئاوییەکاندا دەهاتنە بەرچاو، لەسەر رووکەشی بەردەکان چەند نیشانەیەك بە وێنەی خاڵێکی سووری کوتراو لە وێنەی باڵەکانی خاڵخاڵۆکە مەڵکەندرابوون، پێدەچوو دڵۆپە خوێنی ئەو باڵندە کێوی‌و ماڵییانەبێ کە رۆژانە لە قەفەزێکی ئاسنیندا بە دەستی منداڵەکانەوە بە دیاری بۆ باپیرە دەهێنران یا خود پێدەچوو فرمێسکی رژاوی داپیرە بووبێ کە لە قوڵایی دڵ و دەروونیەوە چاوەڕوانی رووناکی دەکرد. داپیرە بەیەکداداان و باڵە فڕەی باڵندەکاندا دەیزانی ئەو منداڵە بەدبەختانە لە جەنگەڵە دوورەکانەوە راوی سەرسەختانەی خۆیان دەکەن، زۆر جار ئەو دەمانەی کە خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت دەرگای هەمیشە داخراوی لە منداڵەکان دەکردەوە، هەستی بەوە دەکرد دەستە زبرەکانیان بۆنی پوش و پەڕوباڵ و ریقنەی ئەو باڵندانەی لێدێت کە لە بەرزایی یە سەخت و دوورە دەستەکان و، پێدەشتە نەزانراوەکانەوە لە ترسی کوشتاری بێ شوماری باپیرە نەخشەی فڕینیان لەسەر جوگرافیای روانین سڕی بووەوە. ماوەیەکی زۆر لەوێداماپەوە، هەستی بەوە کرد ئولفەتی بە تاریکیەوە گرتووە، وەك ئەوەی سیحرێکی شەیتانی لێکرابێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات بوو بە بەشێك لە تاریکی و، وردە.. وردە بە پەنجە شووشەییەکانی کەوتە هەڵدانەوەی پەرەکانی کتێبەکە، لەگەڵ هەڵدانەوە خێرایی یەك بەیەکی پەڕەکان لە نێوان دەستەکانیا دەبوونە وردە بەردو خۆڵەمیش بەسەر مێزەکەدا پەرش و بڵاو دەبوونەوە، ماوەیەکی زۆر بەو جۆرە مایەوە بە ئەندازەیەك کە جەستەی خۆی لە ناو یەکێ لە پەڕەکاندا بینییەوە، جەستەیەکی تەنها کە بە دوو باڵی دوکەڵاوییەوە بەرەو سەرزەمینێکی نادیار کە لە مەملەکەتی باڵندەکان دەچوو پاشماوەی باڵەکانی لەناو تاریکیدا لە ئاسۆیەکی دووردا بەجێدەهێڵێ، جەستەیەك کە پاش ئەوەی رووناکایی لە چاوە بەردینەکانیدا کوژابۆوە. لەبەر خۆیەوە وتی:

مانّاوا باپیرە چی تر توانای گەڕانەوەم نییە.

خالد خاکی

مۆنالیزا

لەچاوی منەوە فرمیسک ئەباریێنێ

لە بێدەنگی شەوا، جە بالێ بەستراوی خەوا، ئامۆژگاری با زاخاوی دەرونی ئەدا:

((چل رۆژی رەبەق ، چل شەو دەقا و دەق ، نەنوستن و گوێ سپاردن بەهۆرەی ئاو، مرۆڤ ئەکاتە خاوەن دەسەلاتێکی رەچاو نەکراو.))

وا ئەمشەو دوا شەو و رۆژی چلەی گوێ هەڵخستن و چاو داپڕانم بوو، ئەی کوا ئەو دەسکەوت و دەسەلاتە؟ ئێش و ئازارێکی سەیر بە گشت لەشمدا دەگە را. بەلام پێم ئەو پەڕ گەوجایەتی بوو بۆ شەوێ، سیو نۆ شەو بەفیرۆ بدەم و هەموو چتێکم لە کیس بچێ. هەر بۆیە هاودەنگ لە گەڵ ئاو کەوتمە هۆرە چڕین و وەڕەس بوونم وەڕەس کرد.

بەیان و نابەیان ، شەکەت و بێتاوان ، دڵنیا چاوەکانم لێك نا. دڵنیا لە کۆتایی چلە، دڵنیا جە بێ ئیشی و بەتاڵی خۆ، دڵنیا ژ تەوفیر نەکردنی کات و ساتی لەخەوهەستان و دڵنیا....

نازانم زۆر خەوتم یان کەم ، ناکاو کزەیەك لە شانمەوە هات و راچڵەکام، بڵێی چزووی چ دەعبایەك لە شانم رۆ چوو بێ؟! یە پەلە دەستم بۆ شانم برد و چتێکی نە نەرم و نە رەق وەبەر پەنجەم کەوت. ئەتگوت شانەکانم هەڵتۆقیبوون. بڵێی چی بێ؟!

(نەکا چارەنووس منی هەژاری هەڵبژاردبێ کەببمە هۆکارەکانی بۆ داردەس بوونی کاوەیەکیتر لە لایەن (فرەدونێکی) ترەوە ؟!) بە گورجی هەڵسام و هانام وەبەر ئاوێنە برد. ئەوەی دیتم ئێجگار سەیر بوو و هەر بە جارێ خەوی لە چاوەکانم تاراند. دەستم بە رووی ئاوێنەکەدا هێنا، چاوەکانم هەڵگڵۆفی، بەلام نا خەون نەبوو، هەر بەڕاستی دوو باڵی خشپیلانە لە

سەر دەفەی شانم روا بوون. جووتێ باڵی نەخشین کە هەرچەن جە رووبار پێستی بڕگە بڕگەیی منا بە ڕواڵەت مینا دوو جەمسەری خواروو ژوور و گەڵێک دوور بوون، بەڵام ئێستا ببوونە یەک. واتە من ببوومە باڵدار، ئەمتوانی پێ لە عەرز ببڕم و بەرەو هەر شوێن و هەرێمێ دڵ بیخوازێ بدەم لەشەقەی باڵ و...

یانی بڵێ بتوانم بەم باڵە ڕەنگاڵانەوە هەڵفڕم هەڵفرم و لە بەرینایی سەرەوە بڕوانمە تەسکایی تەلبەنەکانی سنووری پەروەر ؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسارەو گەڵێ پرسیاری نە ئەقاراویش پێویستیان بە تاقی کردنەوەیە.جیا لەوەش، بۆفڕین راهات و شوێنی بەرزو بەر بڵاو و.....هتد نیازە. چما باڵندە ئاسایەکانیش ئەبێ رابێن ئەگینا هەرگیزا و هەرگیز فێرە فڕین نابن.

زۆر زۆر جل وبەرگم لە بەرکردو لە دوی شوێنی بەرز لە ماڵ وەدەر کەوتم. باڵەکانم لەتۆی جل و بەرگەکەما ئازاریان ئەدام، بەڵام چارم نا چار بوو، هەڵبەت زۆر یش گرنگ نەبوو، ئەوەی گرنگ بوو دیتنەوەی جێ و شوێنی پێویست بوو.

پاش گەڵێ سوڕانەوەو ماندوو بوونم بۆ پشوویەکی کورت خۆم بە چایخانەدا کرد. وەکو هەمیشە، هەندی لە هەڤاڵان گەرمی زەم دابوویانە راوی قسەو باس، بە شێوەیەکی ئاسایی بوومە بەشداری وت و وێژیان و هەر زۆر زوو چەناگەم داگیرساو دەنگی زلم بووە دار عاساو قسە کردنم بووە ڕێساو زبانم سوا.

هەر من گوتم و ئەوانە سەلماندیان هەتا گەیشتم بە باسی باڵکان و چەن سەرم سوڕما کە هیچکام لەوان بڕوایان پێ نەکردم و هەرچەن هەوڵم دا و ئازاری



سەر دەفەی شانم روا بوون. جووتێ باڵی نەخشین کە هەرچەن جە رووبار پێستی بڕگە بڕگەیی منا بە ڕواڵەت مینا دوو جەمسەری خواروو ژوور و گەڵێک دوور بوون، بەڵام ئێستا ببوونە یەک. واتە من ببوومە باڵدار، ئەمتوانی پێ لە عەرز ببڕم و بەرەو هەر شوێن و هەرێمێ دڵ بیخوازێ بدەم لەشەقەی باڵ و...

یانی بڵێ بتوانم بەم باڵە ڕەنگاڵانەوە هەڵفڕم هەڵفرم و لە بەرینایی سەرەوە بڕوانمە تەسکایی تەلبەنەکانی سنووری پەروەر ؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسارەو گەڵێ پرسیاری نە ئەقاراویش پێویستیان بە تاقی کردنەوەیە.جیا لەوەش، بۆفڕین راهات و شوێنی بەرزو بەر بڵاو و.....هتد نیازە. چما باڵندە ئاسایەکانیش ئەبێ رابێن ئەگینا هەرگیزا و هەرگیز فێرە فڕین نابن.

زۆر زۆر جل وبەرگم لە بەرکردو لە دوی شوێنی بەرز لە ماڵ وەدەر کەوتم. باڵەکانم لەتۆی جل و بەرگەکەما ئازاریان ئەدام، بەڵام چارم نا چار بوو، هەڵبەت زۆر یش گرنگ نەبوو، ئەوەی گرنگ بوو دیتنەوەی جێ و شوێنی پێویست بوو.

پاش گەڵێ سوڕانەوەو ماندوو بوونم بۆ پشوویەکی کورت خۆم بە چایخانەدا کرد. وەکو هەمیشە، هەندی لە هەڤاڵان گەرمی زەم دابوویانە راوی قسەو باس، بە شێوەیەکی ئاسایی بوومە بەشداری وت و وێژیان و هەر زۆر زوو چەناگەم داگیرساو دەنگی زلم بووە دار عاساو قسە کردنم بووە ڕێساو زبانم سوا.

هەر من گوتم و ئەوانە سەلماندیان هەتا گەیشتم بە باسی باڵکان و چەن سەرم سوڕما کە هیچکام لەوان بڕوایان پێ نەکردم و هەرچەن هەوڵم دا و ئازاری خۆم کردە بەڵگە. ئەوان پتر بەرەنگارم وەستان. بە بۆچوونیان هزر و فام نەیئەتووانی ئەو ڕاستیە وەر بگرێ و بە پێی وتەیان: ((مرۆڤ ئەبێتە ملە، بەڵام نابێتە مەل.))

لە چایخانە هاتمە دەر، چاوم ڕێشکەو پێشکەی ئەکرد. سەرم زرنگەی ئەهات . یانی مرۆڤ ناتوانێ ببێتە خاوەنی جووتێ باڵ؟ ئەی ئەم بالانەی من چبوون ؟! تۆ بڵێی من ملەیەکی بەمەل بوو نەبم؟!

پیاسەم زۆری نەخایەند کە ئەوەی لە دووی ئەگەڕام دیتمەوە، شوێنێکی بەرزی رازاوەدیمەن و چۆڵ، خێرا جل و بەرگم فڕێدا، باڵەکانم ڕزکار بوون، تەزووی ئۆخەی هات بە لەشمدا، یەک دوو باڵم کوتاو هەستم بەسووک بوونێکی دڵڕفێن کرد . دیتم هەر بەڕاسی لاقم لە عەرز بڕاوە و خەریکم هەڵدەفڕم.

وا تاقمی هەڤالانی چایخانە پێکەوە پیاسە ئەکەن، لەم سەرەوە چەن ورد ئەبینرێن. بەرەو رووبان چووم و بە هەموو تووانەوە قاوم کردن. سەریان هەڵهێنا وبە قامك منیان بە یەکتر نیشان ئەدا.

دیارە کە منیان دیتووە. کەگەیشتمە حاسیان گشت پێکەوەدانەوینەوە. وامزانی بە نیشانەی پاش گەز بوون لە هەڵەیان کڕنۆشم بۆ دەبەن. کەچی کە ڕاست بوونەوە هەرکام بەردێ بە دەستەوە منیان کردە نیشانە. لەیەك دوو بەرد خۆم پاراست. بەڵام ئەنجام بەردێك و دووان و سیبان پێکامیان. سەرم لە گێژەوە هات ، تووانم برا، بە سەرەوە بە سەر قەڵافە تەپاڵەیەکدا رووخام و ئاگام لە هیچ نەما.....

لە کەیەوە لەم نەخۆشخانەم و هەموو گیانم گیراوەتە گەچ؟!

کە چاوم هەڵبڕی دکتۆر بە کراسێکی ئاودامانی سپیەوە جە ژوور سەرم ڕاوەستابوو، ختووکەیەك بەلەشمدا هات و پرسیاری باڵەکانمم کرد. دکتۆر بزەیەکی گرت وەکا بزەکەی ((داوینچی لەسەر لێوی مۆنالیزا)) و بە کاوەخۆ گوتی:

((مزگێنیم بەو هیچ خەمی بۆ مەخۆ، رەگ و ریشەی شێرپەنجەمان دەرهێناوە.))

:شێرپەنجە؟!

:باش بوو زوو هاتی و پێش لەوەی شێرپەنجە تەواو بنج داکوتێ فریا کەوتین و....

یەك بە خۆ هاوارم کرد: دوکتۆر! ئەی باڵە کانم ، باڵەکانم چییان لێهات ؟

:لەسەرخۆ بە پیاو! مرۆڤ و باڵ؟ مرۆڤ مەل نییە و نابێتە باڵدار. تۆ گەلێ نیازت بە پشوودانە، بنوو....دلێ ئەرخایەن بەو بنوو....

ئەمەی گوت و وەرگەڕا کە بڕوات. دیتم سەر شانەکانی ئەویش بەرزەوە ببوون، دیار بوو کە ئەویش چلەی گرتبوو و رەنگە باڵەکانیان قرتاندبێ، یاخۆ تازە سەریان هەڵدابێ و.... بۆنی شیاکەی لەژێر گەچەکە ژوورەکەی هەڵگرتووەو من ناتومێد بیر لەوە ئەکەمەوە((ئاخۆ گوریسێ کە لەهەر سەرێکەوە باڵ پێوی بکەی گەزێکی کەم بێ، بەڵگەی درێژ بوونی دەستە یان کورت بوونی گەزی گوریس چن؟)).

نهێنیەکانی

ئەو دیوو وێنەکەی ژەنەڕاڵ

چەند کارێرێك دوای بوونی بە سەرۆك، ژەنەڕاڵ هەموو خەڵکی ولاتی ئاگادار کردەوە کە ((لە مالّ و دوکانەکان.. لە فەرمانگەو کارگەکان.. لە مزگەوت و قوتابخانە و سەرجەم شوێنە گشتییەکانی تری ولاتدا، دەبێ وێنەی سەرۆك بە شوێنی شیاوەوە هەڵبواسرێ...)). ئەمە یەکەم بڕیاری ژەنەڕاڵ بوو دوای بوونی بە سەرۆك. سەرەتا کەس گوێی بە بڕیارەکە نەداو کەسیش باسی لە جێبەجێکردن یان نەکردنی بڕیارەکە نەکرد، چونکە زۆربەی خەڵکی ولات پێیان وابوو کە ئەم بڕیارەش وەکو سەرجەم بڕیارەکانی تری سەرۆکەکانی پێشوو بۆ ماوەیەك باسی دەکرێ و پاشان پشتگوێ دەخرێ و لە بیر دەچێتەوە..

بەڵام دوای ئەوەی سەرۆك سوور بوو لەسەر جێبەجێبوونی بڕیارەکە و سزای تووندیشی بۆ سەرپێچی کەران زیاد کرد، ئیدی تاکە تاکە دەستکرا بە هەڵواسینی وێنەی سەرۆك.

نازانم بۆچی هێندە حەزم بە بوونی وێنەی سەرۆك دەکرد لە ماڵەکەماندا، هەر بۆیە گەلێك جار باوکمم هاندەدا و زۆرم لێ دەکرد کە هەوڵی پەیدا کردنی وێنەیەکی سەرۆك بداو لە ماڵەوە هەڵیواسین... بەڵام باوکم بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە، هەموو جارێك مۆڕەیەکی لێدەکردم و بێدەنگی دەکردم.

لەو کاتەوەی بڕیارەکە دەرچووبوو هیچ کەسێك زاتی نەکردبوو بە ئاشکرا ناڕەزایی لە دژی دەربڕێ، تا ئەو کاتەی چەند مەلایەکی کەلله رەق بڕیارەکەیان بە حەرام و پێچەوانەی شەرع لە قەڵەمدا و دەنگی ناڕەزاییان دژی بەرز کردەوە.

ئەو مەلایانە دەیانگووت (لە هەر شوێنێك وێنەی مرۆڤ هەبێت.. مەلائیکەتەکانی خوا ڕوو لەو شوێنە ناکەن..)

پاش ئەوەی سەرۆك بڕیاری لە سێدارەدانی ئەو مەلایانەی ڕاگەیاندو بڕیارەکەش بە بەرچاوی خەڵکەوە بەسەر هەندێکیاندا جێبەجێکرا، ئیدی مەلاکانی دی هەرزوو لە قسەکەیان پاشگەز بوونەوە

و لەگـــەڵ کۆمـــەڵێك مـــەلای دیکـــەدا رایانگـــەیاند ((هەڵواسینی وێنەی سەرۆك نەك حەرام و پێچەوانەی شەرع نیە.. بەڵکو ئەرکێکی دینی پیرۆزیشە..))

هـەروەها دەیانگووت ((نـەك تەنـها لـە نـاو مـاڵ و شوێنەکانی کـارکردن و شـوێنە گشـتییەکان.. بـەڵکو هەقـە هەرهـەوومان یـەکی وێنەیـەکی سـەرۆك بـە بەرۆکمانەوە هەڵواسین!..))

دوای لە سێدارەدانی مـەلا کەللـە رەقـەکان، ئیـدی خەڵکەکە بە جۆرێك کەوتنە پەلە کردن و پەیداکردنی وێنـەی سـەرۆك، دەتگـووت سـەرۆك بـە خـۆی و تەورێکـەوە بەسـەر سـەریانەوە راوەسـتاوە، هـەر کەسێك بـە زووترین کـات وێنـەی دەست نەکـەوێت سەری لە لەشی جیا دەکاتەوە...

ئـەو ئێوارەیـەی بـاوکم بینـی بـە وێنەیـەکی ژەنەڕاڵـەوە گەڕایـەوە، خۆشترین ئێوارە و کات بوو لە تەمەنمدا بۆیە بەپەلە بـە پیریـەوە چـووم و بـە خێرهاتنـەوەم لێکـرد.. یەکـەم جاربوو لـە ژیـانمدا هێندە بە گـەرمی پێشوازی لێبکەم، بەر لـە هـەر شتێك وێنەکـەم لـە دەسـتی وەرگرت و بە خۆشحاڵییەوە لە رەنگی قژو برۆو شێوەی دەم و چـاوو سمێڵـی ژەنەڕاڵ ورد بوومەوە.

بەڵامەوە گرنگ نـەبوو باوکم بە چ کوێرەوەرییـەك ئەو وێنەیەی پەیدا کردبـوو بـەڵکو پێبڕانی شـەرەفی هەڵواسینی وێنەی ژەنەڕاڵ لە ماڵەکـەماندا گرنگترین شت بوو بەڵامەوە.

باوکم دەیووست وێنەکە لە ژووری میـوان یـان لـە ژووری دانیشتنی خۆمان هەڵبواسرێ، بەڵام من گەلێك لەبەری پارامەوە و داوام لێکرد کە لە ژوورەکـەی مـن هەڵیواسـین.. بەڵێنیشـم پێـدا بـە زووترین کـات لـە چوارچێوەی بگرم و سڕینەوە و پاککردنەوەی هەموو رۆژێکیشی لە ئەستۆی خۆم بێت.

دوای هەوڵێکی زۆر هەر چۆنێك بوو باوکمم رازیکرد، وێنەکەم هەڵگرت و بەرەو ژوورەکەی خۆم ملم نا. تـا چرکەیەك زووتر وێنەکەم هەڵبواسـیایە هێنـدە زووتـر دڵخۆش و ئاسوودەتر دەبووم.

بۆیە بڕیارمدا وێنـەی منداڵـە کەمانچـە ژەنەکـە کـە پێشتر هاوڕێیەکی خۆشەویستم بـە بۆنـەی سـاڵڕۆژی لەدایك بوونمەوە بە دیاری بۆی هێنابووم لە نێو چوار چێوەکەی دەربهێنم و وێنەکەی ژەنـەڕاڵ لـە شـوێنی دابنێم. لە کاتی دەرهێنـانی وێنـەی منداڵـە کەمانچـە ژەنەکەدا هێندە بە پەلە بووم بۆیە چـەند جارێك بـە دەسـتمەوە دڕاو لـە چـەند لایەکـەوە پارچـەی لێبـووەوە. پاشـان وێنەکەی ژەنەڕاڵم هێناو بـە پەلـە خسـتمە نـاو چوارچێوەکەوە، بـەڵام پـاش ئـەوەی بـە وردی سەرنجم لێدا هەستم بـە کەمێك خواری کرد، هەر چەندە ئەگـەر زۆر بـە دیقەتەوە سەرنج بدرایە ئـەوجا هەسـت بـە خواریەکـەی دەکـرا، بـەڵام دڵـم نۆقـرەی نـەگرت و زۆر بـە وریاییـەوە وێنەکـەم دەرهێنایـەوە. تـا ئـەو کاتـەی دڵـم رازیبـوو بـەڕێکی وێنەکە چـەند جارێك دەرمهێنا و تێـم کـردەوە!!. پاشـان دەسـتمکرد بـە خاوێنکردنـەوەی شوشـەو چوارچێوەی وێنەکـە، ئینجا بـەرەو لای ئـەو بزمـارە چـووم کـە پێشـتر وێنـەی منداڵـە کەمانچەژەنەکـەی پێوە هەڵواسرابوو.

بەڵام چەند هەوڵم دا دەستم نەگەیشـتە بزمارەکـەو نـەمتوانی وێنەکـە هەڵبواسـم. نـەمدەزانی پێشـتریش هێنـدە کورتـە بـاڵا بـووم و دەسـتم نەدەگەیشـتە

بزمارەکە یان لەو کاتەوەی وێنەکەی ژەنەڕاڵ هاتبووە ماڵەکەمانەوە باڵام بچووك بووبۆوە، بێ ئەوەی بیر لە بەژن بڵندی یان کوورتی ڕۆژانی زوو بکەمەوە چاوم بە چواردەورمدا گێڕا بەو مەبەستەی شتێك بدۆزمەوەو بیخەمە ژێر قاچم تا ئەوکاتەی وێنەکەم هەڵدەواسم؛ نزیکترین شت لێمەوە کتێبخانەکەم بوو، بە پەلە چەند کتێبێکم راکێشا و خستمە ژێر قاچم نازانم بە ڕێکەوت ئەم کتێبانە بە دەستمەوە هاتن یان لەبەر گەورەیی قەبارەکانیان دەرمهێنان: (القران الکریم، کوردو کوردستان، بەندەکانی مافی مرۆڤ، ئینجیلی پیرۆز، راس المال، ....)).

هەموو کتێبەکانم لەسەر یەکتری دانان پاشان لە سەریان راوەستام بەڵام هێشتا دەستم نەدەگەیشتە بزمارەکە بۆیە چەند کتێبێکی دیکەم دەرهێنا و لەسەر کتێبەکانی پێشووم ریزکردن. دوای ئەوەی جارێکی دیکە شووشەو چوارچێوەکەم پاککردەوە، ئینجا وێنەکەم هەڵواسی.

لەو کاتەوەی وێنەکەی ژەنەڕاڵم لە ژوورەکەمدا هەڵواسیبوو، ڕۆژ نەبوو چەند جارێك خاوێنی نەکەمەوە و بۆ چەند ساتێکیش بەرامبەری ڕانەوەستم. بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەو گۆڕانکارییە بوو لە وێنەکەدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەستم پێدەکرد. بەردەوام وێنەکە لەبەرچاوم ترسناك و ترسناکتر دەبوو، هەتا ترسناکتریش خۆی پیشان بدایە کەمتر خۆمم بە خاوێنکردنەوەی ماندوو دەکرد بەڵام جار لە دوای جار زۆرتر سەرنجم دەداو لێی ورد دەبوومەوە.

چاوەکانی ژەنەڕاڵ سات بە سات لەبەر چاوم سوورتر دەبوون و برۆکانی لە یەکتری نزیك دەبوونەوە، هەستم دەکرد وردە وردە چەناگەی درێژ دەبێ و لچی بەرز دەبێتەوە و ددانەکانی گەورە دەبن. تا ئەو کاتەی وێنەکە هێندە گۆڕا کە هیچ شوێنێکی نەك لە وێنەکەی پێشوو بەڵکو لە وێنەی مرۆڤیش نەدەچوو.

دواجار، روخساری ژەنەڕاڵ لەبەر چاوم بە جۆرێك ترسناك بوو ئەگەر زۆرم لە خۆم نەکردایە هەرگیز نەمدەوێرا سەیری بکەم. چاوەکانی ببوون بە دووپیاڵەی پڕ لە خوێن، دوو کەڵبەی تیژ لەم لاو لەو لای لێویەوە سەریان دەرهێنابوو هەستم دەکرد خوێنیان لێ دەچۆڕێ. سەرتاپای پێستی دەم و چاوی بە موو داپۆشرابوو کە ڕەنگی دەم و چاویان بە تەواوی بۆر کردبوو.

چیدی نەموێرا سەیری ئەو دیمەنە ترسناکە بکەم، بۆیە بڕیارم دا نەك ژوورەکەم بەڵکو ماڵەکەمان و گەڕەکەکەشمان بۆ هاتایی بە جێبهێڵم. هێشتا هەنگاوێکی تەواوم هەڵنەهێنابوو، دوودەستی تووکنی بەهێز تووند تووند قاچەکانمیان گرت و بەرەو لای وێنەکەی ژەنەڕاڵیان راکێشام، دەستەکان هێندە ڕەش بوون پێدەچوو لە خەڵووز دروست کرابن. نینۆکە درێژو چەقۆییەکانی لە پێستی قاچم چەقیبوون. هەتا دەستەکان نزیکتریان دەخستمەوە لە وێنەکە، ڕوخساری ژەنەڕاڵ تۆقێنەرتر دەبوو. چیدی نەمدەوێرا لە وێنەکە بڕوانم بۆیە بە هەردوو دەستم تووند تووند چاوەکانم گرتبون. لە ناکاو دەنگی پێکەنینێکی ترسناك ژوورەکەمی لەرزاند. هێندەی نەمابوو دەنگەکە پەردەی گوێچکەکانم بدڕێ. ئەگەر هێزی ئەو دوو دەستە نەبایە کە تووند قاچەکانمیان گرتبوو دڵنیام لەبەر بەهێزی و ترسناکی پێکەنینەکە خۆم نەدەگرت و بەلادا دەکەوتم. بە پەلە دەستم لەسەر چاوەکانم لابرد و چاوەکانم هەڵهێنان بینیم دەمی ژەنەڕاڵ هێندەی دەمی تیمساحێك کرابۆوە و بێ ئەوەی هیچ بڵێ قاقا پێدەکەنی. لەگەڵ پێکەنینەکەشدا دڵۆپ دڵۆپ خوێن لە دەمیەوە دەهاتە دەرێ و دەڕژایە ناو ژوورەکەمەوە، هەستم دەکرد بەردەوام هەوڵدەدات بەهێزتر پێبکەنێ. هەتا بەهێزتر پێدەکەنی نینۆکەکانی دەستی زیاتر لە قاچم دەچەقین و دڵۆپە خوێنەکانی دەمیشی زیاتر دەبوون و بە خۆڕتر دەڕژانە ناو ژوورەکەمەوە. ئەو کاتەی لە هۆش خۆم چووم و ئاگام لە خۆم نەما هێشتا ژەنەڕاڵ تینی دەدایە بەر خۆی و زۆری لە خۆی دەکرد تا زیاتر و قایمتر پێبکەنێ. نازانم ماوەی چەند بە بێهۆشی مامەوەو، کەی و چۆن بەئاگا هاتمەوە؟ بەڵام کاتێك بەئاگا هاتمەوە خۆم و سەرتاپای ژوورەکەم لە خوێندا نوقم بووبوون.

سەمەد ئەحمەد

بەیەک گەیشتنی هەزەکان

....، ئــەویش، کــەخۆی لەبەتانییەکــە پێچــابوو لەپەناگەمدا، بەڕواڵەت نوستبوو، بەڵام بێدار بوو... منیش، لــەبیابانی نەستی خۆمدا کەوتمــە تێفکرینو بیرکردنــەوەو دروستکردنی تــانوپۆی خەیاڵــە پچــڕ پچڕو ناتەواوەکەم کە چەند وەختە دەمەوێت تەواوی بکەمو بۆم تەواو ناکرێت..

ڕێچکەی خــەیاڵم لەتولــە ڕێیــەکی بــاریك دەچــوو، پێبەپێ بەشوێن پێو هــەنگاوەکانمدا گەڕامــە دواوە، لەگــەڵ هاویشتنی هــەر شــەقاوێکدا، دەیــان دڕکــەز لەگۆشتو خوێنم دەچەقین، لەجێی خۆمو لەســەرخۆ دەکەوتمــە بژارکردنــی قاچــە دڕکاوییــەکانم، جــارێکی دی؛ بەڵام لەجاران بەگوڕتر بۆ پێشەوە تــەکانم دەدا، ڕۆیشتمو لام نەدا، تا گەیشتمە مەزاری خۆم زۆر شتم بینی. بەڵام هیچیانم بەهــەند وەرنــەگرت، هــەموویان لەئاقار شەنگەباڵای ئەم یــادەدا کەئــەمڕۆ دەمهــەوێت بەسەری بکەمەوە، بنچکە باڵاو دەستەمۆ بوون..

ئیــتر لــەوێوە ئیســتێکم کــردو رازێکــی ڕەشــتاڵە لەئامێزی گرتم، بەجیا بەدووی دۆزینەوەی سەرەداوی ئازاری خۆمدا کەوتمو خەیاڵم بە (با)سپارد...

وەکــو کەڵــە ئاسکێکی چوســتو چــاڵاك لەهەڵبــەزو دابەزدا بووم، دەچوومە حەواو دەهاتمە خوارێ.

(ئەو)، ئەوســا هێشتا کــچ بــوو، دەمێك بــوو خــەونی ڕەنگــاوڕەنگم پێــــوە دەبینــــی، هــــەر جــــارەی بەشێوەیەك...

(ئــەو)جــارێك دەبــووە چڵــە نــێرگزێکی بــەهاری چاوگــەش‌و پەپولــە هــەناوی هــەڵدەمژی...، لــــەم هەڵمژینو ڕاموسانەشدا چەند هێندەی دی کوڵمەکانی شــەنگترو هــەناوی گەشتر دەبــووەوە.. لــەو دەمــەدا لەگەڵ فریشتەکاندا دەبووە هاوڕێو هاو...، هەر کــە لەوخــــەوەش بێــــدار دەبوومــــــەوە، جەســــتەیەکی ئارەقاوی‌و سیمایەکی شەرمن‌و هــەناوێکی شــپرزە..، ســەرم بۆخــوارەوە کزدەکردو لــــەنێوەندی لاقــەکانم ڕادەمام..!

ئــەم خەونانــە بــەوردو هەڕاشیانەوە، وەکــو گوڵــەباخ چڕۆیان کــردو جارێکی دی لەنەستی منــدا ژیانــەوە، منیش چاوی یەك یەکیانم مــاچکردو بۆنــی هەناســەی هەموویانم کردەوە، گەرم تر لەجاران لەئامێزم گرتن.

(بەڵام هەندێ جار، ئێڵنجێم دێت بەحاڵی ئەو کیژانەی کە بەتۆپزی‌و بێ‌ویستی خۆیان دەیانخزێننە ناو تەون‌و رایەڵی جاڵجاڵۆکەی خەو خەیاڵی کوڕان‌و زرتە پیاوانی سوڵتانی شارەوە، کیژۆڵەکان دەکەن بەشەیتان‌و، بەکەیفی خۆیان دەیانشێڵن هەتا شەیتانی دەبن...).

خەیاڵم لەشێوەی هەورێکی کەوەیی جار جارە لەخۆیدا مۆڵی دەخواردو چڕدەبوەوە، هەندێ جاریش رۆشن‌وگەش خۆیان نمایش دەکرد...لەپاش سکاڵاو سەربوردەی ئەم خەونانە بەزەیم لێدەچۆڕا بۆ ئەو کیژانەی کە بەبێ مەیلی خۆیان وەکو ئاسکۆڵەیەکی ناسك دەکرانە پاڵەوانی خەونە هەڵبڕکاوەکانی کوڕانی گورك ئاساو هەرزەو سەرسەری...

بەڵام هەندێ جاریش دروست پێچەوانەی ئەمە راستە، کوڕان ئەگەر گورگیش بن، هەر هێندەی ئەو گورگە بەرپرسن کە تاوانی خواردنی جەستەی حەزرەتی یوسف یان لەئەستۆ نا..

بێ مەبەست‌و نازانم بۆچی سەرم هەڵبڕی، روانینم ئاوێتەی تیشك‌و شەوقی گڵۆپەکە بوو. لەگۆشەی لای راستی ژورەکەمەوە قژێکی زەرد، بەڵام تاڵ تاڵە سپی تێکەڵ ببوو، لەشێوەی راستەهێڵ هێواش هێواش بۆ ناوەڕاستی ژورەکە کشا... بەدەنگێکی کزۆڵەو نزمەوە خۆی پێناساندم؛ کە نوێنەری خەونەکانی کچانی عازەبی شارە.. لەگۆشەی لای چەپیشمەوە ، چەند گەندە مویەکی رەش‌و چەند تەڵ ریش‌و سمێڵی ماش‌و برنجی، رەق‌و نووك تیژ، بەهەمان دەستوور لەشێوەی راستەهێڵ هاتن، هەتا ناوەڕاستی ژورەکەم کشان.. ئینجا بەدەنگێکی گڕ، بەڵام بەتاساوەوە خۆیان پێناساندم کە نوێنەری خەونەکانی کوڕانی شارە...

هەردوو هێڵەکە هەر بەحەواوە چەند جارێك بەدەوری یەکدا خولانەوە، پاشانیش لەیەکدی دورکەوتنەوە، بەرەو بنمیچی ژورەکە هەڵکشان، پاش تاوێك وەکو دوو راستەهێڵی تەریب‌و یەکسان شان بەشانی یەکدی هاتنەخوارێ، هەریەکەیان بەنیگای قوڵیان ئەوی‌دییانی دادەپۆشی، بەشێوەیەك سیمای یەکدیان گرتبوو، بەئاسانی راستەهێڵ‌و نوێنەرەکانم بۆ لەیەك جیا نەدەکرانەوە، لەدوورەوە ماچبارانی یەکتریان دەکرد... دواجار وەکو دووپارچە سەهۆڵ توانەوە‌و بوون بەچەند دڵۆپە ئاوێك.

لەم حەلەدا، هزرم رێگەی نەداو ئەم پرسیارەی لەخۆی کرد:

-دوو راستەهێڵی تەریب چۆن بەیەك دەگەن؟

-ئەمە یاسای ماتماتیکە، کێ دەتوانێت لێی یاخی بێت‌و هەڵی بوەشێنێتەوە؟

هێشتا پرسی ترم زۆر مابوو..، قریشکەو هاوارێك لەچەند دڵۆپە ئاوەکەوە بەرز بوەوە، تەورێك ناوەڕاستی هەردووکیانی دوولەت کرد، هێواش هێواش گرێکان لەیەکدی ترازان، ماچە رەنگاڵەییەکان کە تازە گەیشتبونە سەر کوڵمی یەکدی وەکو پەپولەی شەرمن‌و باڵگراو بەسەر عەرزەکەوە راکشان... لەدڵۆپە ئاوەکانیشدا، پێکهاتەو یاسای ئاو تێکچوو، ئۆکسجین‌و هایدرۆجینەکان لەیەکدی جیابوونەوە..لەپاش تاوێك، سەدایەك لەبۆشایی ژورەکەمدا دەنگی دایەوە:

-کێ گوناهکارە لەم نێوەندەدا، کچ یان کوڕ؟

-کەسیان.

-ئەدی کێ؟

-تاوان بارت بۆچییە، بۆ خۆت گێل دەکەیت بۆرەپیاو، یانی نازانی..؟؟

* * *

قەڵەمەکەم کەچەند وەخت بۆ لەنێوان پەنجەکانمدا دەساڕۆ مابۆوە، خۆی رسکاندو لار بوەوە‌و بەدەمدات کەوتە سەر سنگی لاپەڕە خاڵی‌و سپی‌یەکەی سەر باوەشم.. کەبەنیاز بووم سەرەداوی خەیاڵە ناتەواوەکەم تەواوبکەم‌و بەیادی ئەوشەوەی(ئەو)بوك‌و(من)زاوا، شتێك بنووسم..

هـــەر هێنـــدەی بڵێـــی؛ یـــەك‌و دوو، ژورەكـــەم بروسكەیەكی‌داو باری ئاسـایی خـۆی وەرگرتـەوە. بەڵام لەپاشی ئـەم نمایشانە روخسـارم هـەڵبزڕكاو جەستەشم شەكەت تربوو.

مـن دەمویست لەگـەڵ رووداوەكـانی شـاردا بژیـم‌و هـەرچی نـهێنی‌و خـۆش‌و نـاخۆش، زانـراوو نـەزانراوو هەیـە لـەدوتوێی خـەیاڵی خۆمـدا مۆڵیـان بـدەم، یـان گەڵاڵەیان بكەم...

دەمویسـت؛ تێبگـەم لەسیحری پێكـەنین، لەئـەوكی گریـان‌و لەشـــەوقی مانگەشـــەو، لەمـــەنگی دەریـــاو، لەسەرشێتی شەپۆل، لەنـهێنی‌و زمـــانی بێدەنگـی، لەفڕوفێڵ‌و زۆرزانی سەراب، دەمویست؛ هەر ئەم شەو سـەردانی نزرگـــەی عاشـــقان بكـــەم‌و لـــەڕازی مەعشوقەكان بگەم.

بـــەڵام(ئـــەو)، كـــەخۆی لەبەتانیەكـــە پێچـــابوو، لەپەناگەمدا بەڕواڵـەت نوستبوو، بـەڵام بێدار بـوو.. نەنوسـتبوو. حـەزی دەكـرد قەڵـەم‌و كاغەزەكـــەم لەدەست فڕێداو لەیادی ئەو شەوەی(ئـەو)بوكی یـەك شـەوە(مـن)زاوا چـەند جارێك مـاچم كـات... بـەڵام نەجوڵاو خۆی مت كرد.

(ئەو)جارێكی‌دی گوێی لـە دەنگی نـاخی خۆی‌گرت، پێڵوی رۆحی هەڵخست، بەئاوازی یادی ئـەو شـەوەی ئـەوبووكی یـەك شـــەوەو مـــن زاوا، لەدڵـــەوە هاتـــە سەما...

دڵی منیش بوو بەنیشتمانی كچان‌و كوڕانـی عـازەبی شارو خەونەكانیانی لەئامێز گرت... وشەكانیان وەكو زنجیر لەدەست‌و قاچم ئاڵان‌و...(من)مت بووم...

سەرەتـــا قـــەیرە كچـــەكان هاتنـــە خزمـــەتم زۆر بەزەبوونییـەوە گوتیـان: (حـەزمان دەكـرد سـیمامان وەكـو گـوڵ گـەش‌و جـوان بوایـــە، بـــەڵام ئـــاخ، لەبەرئـەوەی روخسـارمان ناشـرینە كوڕێـك نـەهات بمانقرتێنێت‌و بۆنمـان پێـــوە بكـــات، تـــەنیایی بـــوو بەهاوڕێ‌و هاوسەرمان، ئەگەر چی ناخمان وەكو بەفر سپی‌و پاكە وەكو گوڵیش بۆنخۆش، بـەڵام ئـەم بۆنـە كەسی مەست نەكرد... ئێمە نوێنەری هـەموو قـەیرە كچـە ناشـرینەكانی شـارین، ئـەم رازەمـــان بگەیێنـــە بەهـەموو كوڕانـــی شـــار، پێیـــان بڵـــێ: مەملەكـــەتێ لـەكچان هـەن لـەچاوەڕوانی ئێـــوەدا كـــانی چاویـــان وشكی كردو قژی رەشیان سپی بـوو، مـەمكی قـوت‌و سركیان وەكو گندۆرە بڵ بوو بڵ... هەر نەهاتن...

پێیان بڵێ: جەستەی تەزیوو سستمان تینوی پەنجەو خنوكەی ئێوە بوون... بۆچ نەهاتن؟

پێیان بڵێ: ئەگەر ئێمـە مەیمونـەكانی شـاربین، ئـەوا ئـەوان سـەگە خوێـڕی‌و برسـی سـەر زبڵدانـی جـادەو كۆڵانەكانن...

بـەكوڕانی شـار بڵـێ: زۆر بـێ ئینسـاف بـوون. چـەند شـەنگ دەبـوو گـەر كـوڕان هێنـدە دڵ رەق‌و دیـل‌و وابەســتەی چــاوی برســیان نەبوونایــە؟ خۆزگــە كەمێكیش گوێ‌بیستی رازی دڵی سافمان دەبوون.

بەكوڕانی شارەكەم بڵێ: مەملەكـەتێ لەقـەیرە كچان هەن خۆیـان بـۆ عیسـا هەڵنـەگرتوەو راهیبـە نـین... خۆیـان لەپـەنای بێدەنگیـدا حەشـارداوە، ئەگـــەر هیمـەتی كوڕانـی شـار نـەبێت، لـــەجیاتی وان مـــردن بەئاسـانی بـەبێ ویسـتی خۆمـان لـەئامێزی خۆیمـــان دەنێت...

پێیان بڵێ: ئەگـەر ئێمـە نـەبین دەبـێ كوڕانـی شـار ئەوسا چی بكەن؟

بەكوڕانی شارەكەم بڵێ: سیمامان وەكو پەڕەی گـوڵ خاوێن بوو... نەهاتن، ئەمێسـتا سـەرو قژمـان وەكـو كۆترە داریكی پـایزە، روت‌و سپیـیە... روخسـارمان وەكـو دەشـتای پـاش بـاران شـــەقار شـــەقارو چـــاڵ چاڵە..).

سكاڵاو وێـردو رازەكـانی قـەیرە كچـانی شـار لێـم نەدەگـەڕان تـاك تـاك‌و دەسـتە دەسـتە دەهاتنـە خزمەتم، لەدەریای خۆیاندا دەیانتاساندم...

خۆم گورج كردەوەو، جارێكی دی قەڵەمەكـەم راست كردەوە، كەتا ئەو كاتە هیچ نەبزوا بوو، هـەر لـەجێی خۆیدا بوو... لێرە بـەدوا، لەگـەڵ هـزری خۆمـدا، كـە

زۆر سرك‌و سەركێش بوو، كەوتمە گێرمەو كێشەی زیاترەوە... بەجۆرێك سەر قاڵی رووداوەكان بووم، چیدی نەمدەتوانی لەم دورەوە وەكو كەسێكی ئاسایی تەماشای رووداوەكان بكەم.. هێواش هێواش چەند جارێك هەر لەجێی خۆمەوە بزوام‌و باریك بوومەوە... ئیتر بووم بەڕۆح‌و چومە جەستەی پاڵەوانی چیرۆكەكانمەوە، ئیتر ئەوە من نەبووم كە قەڵەمبازی بەووشەو جێگۆڕكێ بەپووداوەكان بكەم... بەڵكو بەكەیفی‌خۆی بەهەورازو نشێودا سەری دەخستم‌و دای دەبەزاندمەوە.

یەكەم جار بەكێوی برسێتی‌دا سەری خستم، لەجێی خۆی تاساندم. پەیامی مەرگی برسێتیم بەشاردا پەخشكرد، پاشان لەگەڵ (ئەهریمەنی شەڕ) كەوتمە شەڕێكی دەستەویەخەی خوێناوی‌و قورسەوە، هەرچی بێ دەست‌وپێ‌و پەككەوتەی شەڕ هەبوو، هەرچی ئاوارەو بێخانەی شار هەبوو، بوون بەشوێنكەوتەم‌و خۆشم بووم بە سوپا سالاریان، لەدوای هێورببوونەوەی شەڕەكان ئەم بانگەوازەم جارپرا:

(ئەی مەسیحایی ئاشتی ئەی گروی مرۆڤایەتی، ئارامیمان دەوێت ئارامی، ئێمەی قوربانیانی شەڕ لەدەرگای حەق دەدەین، ئەوە بەهارە، بۆچی لەم مەملەكەدا هیچ شین نابێت؟ دەدەی لەم سەرەتای بەهاردا ئاشتیمان وەكو نەرگز بۆ دەسكەنە بكەن، وەكو شەونم بەهێمنی دابارێن‌و جەستەی خوێناویمان بشۆنەوە...).

*

پاڵەوان لێم نەدەگەڕاو پەلكێشی دەكردم بۆ هەموو كۆڵان‌و گەڕەك‌و ماڵێك... تەنانەت بەشێوەی (دۆنادۆن)دەیكردمە جەستەی هەموو بونەوەرێكی تەرەوە، وەكو فریشتەی خێر دووبالّم لێڕوا بەئاسمانی شاردا گێڕامی لەبەردەم قەڵا ئاسنینەكەی زیندانداندا فڕێی دام، هەڵوێستەیەكم كردو زۆر ترسام، دوو دڵ بووم، بچمە ژوورێ، یان نا.. سەرەنجام چومە خزمەتی زیندانیەكان‌و هەموویانم بەسەركردەوە، لەزام‌و جەستەی كون كونیان عەبڵقەبووم... لەوەنەوشە هەتوانم بۆ دروستكردن‌و برینەكانیانم ساڕێژكرد، بەڵام هەرچەندم كرد ئەفسوس، نەمتوانی جارێكی دی هیوا لەدڵیاندا بڕوێنمەوە، بەچاوی پڕ لەفرمێسكەوە مااڵ ئاوایم لێكردن... ئەمانیشم بەجێ هێشت.

وەكو چرایەكی گەش بەتاقی ئاسمانەوە داگیرسابوم، شەوقم هەموو درزو كون‌و كەلەبەرێكی شاری رووناك كردبۆوە.

ئەمجارەیان بووم بەمیوانی كۆڕی هەرزەو لاوە هەژارەكانی شار، ئەو لاوانەی كە تا ئەوكاتە دڵی لەخۆبایی كچانی لوت بەرز لەئاستیاندا وەكو بەرد وابوون...

مەراقم بوو لەڕازی ناخی ئەمانیش بگەم، بێ مۆڵەت وەرگرتن چوومە ژوورێ . ناخ‌و دڵیان كەلاوەیەكی بێ دەرگاو چۆڵ‌و هۆڵ بوو... هیچم نەبینی، لەخزمەتیاندا ئیستێكم كردو دانیشتم گوێم شلكرد لەسكاڵای ئەمانیش زۆر بەزەبونییەوە پێیان گوتم:

-(ئێمە خێڵی كوڕانی هەژارو نامرادی شار، دڵمان نەبوو بەجێنیشان‌و هیچ كێژێك نەیدواندین، چاومان تەقی لەئاقار الرولەنجەی كیژاندا، زۆرجار بۆ پیاسەو هاتوچۆی كچانی شار، دڵمان وەكو بەری دەست رادەخست، كەچی ئەوان بەڕێچكەی شەقامی دڵی ئێمەدا گوزەریان نەدەكرد... قوڵایی دڵمان وەكو كانی رون‌و وەكو دەریا فراوان بوو، بەڵام ئەوان ماسیەكی سەركێشی لەخۆبایی بوون، لەدەریای دڵی ئێمەدا مەلەیان نەدەكرد، تەمەنمان لەگەڵ ئەو خەونە شێتانەیەدا بەسەر بردو هەر شەوەو بەكێژێكەوە شەیتانی دەبووین...(.

لێرە بەدوا نەمتوانی چیدی هەنگاو هەڵێنم، هێزم لێبڕاو تەواو شەكەت بوم. هەر چۆنێك بوو خۆم باریكتر كردەوەو بەتۆپزی لەقوتی پاڵەوانی چیرۆكەكەم هاتمە دەرێ، كە تا ئەو كاتە لەجەستەی

ئەودا بووم‌و بەئارەزووی خۆی بەکەندو لەندیدا دەدام...

زۆری نەمابوو هەردوو گوێم کاسبێت، دڵم تادەهات زیاتر دەگوشرا، ماوەیەکی زۆر حاڵێکی نائاسایی چەستەو رۆحمی تەنیی.

بەڵام دواجار خۆم رسکاندو هێواش هێواش وەبەرخۆم هاتمەوەو لەباریکی ئاسایدا لەنگەرم گرت...

ئینجا فەرمانم بەقەڵەمەکەی دەستم کرد، کەتا ئەو کاتە لەنێوان پەنجەکانمدا رەق ببوو، کە بچێت خەونە تەرییەکانی قەیرەکچانی شارو کۆڕە هەژارەکان کۆدەکاتەوەو یاساکانی ماتماتیک کەدەڵێت: دوو راستەهێڵی تەریبی یەکسان بەیەک ناگەن هەڵوە شێنێتەوە، ئەو یاسایە درۆ دەکات...

لێرە بەدواوە، لەم یاسایە یاخی دەبم... دەبێت پیرۆزی‌و راستگۆیی خۆیان لەدەست بدەن.. مادامەکی؛ دوو هێڵی تەریب یەکسانن بەیەک، هەر ئاوهاش دەبێت بەیەک بگەن!

(ئەو) کە دەمێکە لەپەناگەی منداخۆی لەبەتانییەکە پێچاوە، بەڕوالەت نووستووە، بەڵام بێدارە، نەنووستووە.

هەر لەژێربەتانییەکەوە لەجێی خۆی بزواو کەوتەجوڵە، منیش، بۆ پشوودان، قەڵەمەکەم لەسەر سنگی لاپەڕەکە داناو چەند جارێك پەنجەکانم تەقاند...

خەیاڵە تەریبییە ئاوێتەبووەکانی منو ئەو وەکو پەڵە هەورێکی پەمەیی روح سووك بەسەر سەرمانەوە دەسوڕایەوە... ئێمەش جەستەمان لەبەردەم پلوسکی یادی ئەو شەوەی ئەو بوکی یەك شەوەو من زاوا راخست‌و... بەسوزێکی گەرمەوە هێڵە تەریبە بەیەك گەیشتوەکانمان لەئامێز گرت‌و...

لەدڵی پاکژی هەردوکمانداماچ باری‌و رۆحیشمان بوو بەیەك.

زەینەب یوسفی

نیوەی ونبوو

هەموو لەشم هەژا. بە دڵە خورپێیەوە وەڵامم داوە: ئاخر ئێوە کێن.. نێوی من چلۆن ئەزانن؟ بە دەنگێکی پچڕاوەوە وتی: "تکات لێ ئەکەم خێرا بیتە ئەم شوێنە کە وتم... درەنگە... ئازاوەرە... باسی ژیان و مردنە... ئیتر شتێ نایژم... چاوەڕوانتم." و دەنگی بڕایەوە. بە دەستە لەرزۆکەکەم گۆشی تەلیفۆنەکەم لەسەر جێگای خۆی دانا. زۆرتر لە ساعەتێ بەکۆنفرانسەکەم نەمابوو. لەگەڵ ئاغای ((حەمە سەعید)) بڕیارمان دابوو، ئەم دووایین ساعەتە، چاوێ بخشێنین بەسەر دەقەکەو بۆ ئەو پرسیارانەی وا لەوانەیە لەمنی بکەن، خۆم ئامادە کەم. بەڵام ئەوە خەیاڵ... خەیاڵی ئەو موزاحیمی تەلیفۆنیە کە فرەتر لە حەوتەئێك ئەبوو، ژیانی لێ تاڵ کردبووم، ئەو دەنگە پچڕاوەیە... ئەو دەنگە تکاکارانەیە.. وا زۆر ناسراو ئەهاتە بیرم؛ خەریك بوو شێتی ئەکردم. ئیتر دانیشتن سوودێکی نەبوو. زەمان وەپێش دائەچوو، دەشبا بڕۆشتبام و رۆیشتم. فرەتر لە بیست دەقە لە رێگا بووم. بە خێرایی ئەڕۆیشتم. پام نابووە بان تەختەگازەکەو ئەمگازاند، بەڵکوو بەر لە گەیشتنی کاتی کۆنفرانسەکە، خۆم بە بنکەی ناوەندی بگەێنم؛ بەڵام، بەر لە ئەم کارە، دەشبا، ئەوم بدیبایە. شوێنە کە درۆس بوو. دڵەخورپە دایگرتبووم و تەواوی لەشم ئەهەژا. ئەم زانی کە رەنگە هەزاران مەترسی لە کەمینا بێت، بەڵام هەستێکی بزر، شتێ وەکوو هێزێکی سەرسوورهێنەر، بەرەولای ئەو ئەیکێشام. بەرەولای ئەو دەنگە ناسراوە. هەرچی بیرم ئەکردەوە و ئەم کۆشا، تێ نەئەگەیشتم ئەو دەنگەم لە کوێنا بیستووە. دەستم نا بان زەنگەکە. درگا بە خێرایی کرایەوە حەوشێکی گەورە و بە بەرد رازاوە، لەبەر چاوم دا دەمی کردەوە. هەوا بڕێ لە ژوور حەوشەکە بوو کە زۆر بەفەڕو پڕ هەیبەت بوو؛ بەڵام دارە رەنگ زەردو روت و قووتەکان و باخچە شێدارەکە و خەرمانی گەڵای رژاو، باسی تەنیایی و خەڵوەتی حەوشەکە و باخچەکەیان ئەکرد. بە دوو دڵیەوە رۆیشتمە ئەو بەرەوە، چەن ساتێ چاوەڕوانی ساحێب دەنگەکە،

یان لانی کەم، کەسێ کە بێتەوەپیریمەوە وێستام. بیرەنگی و خەم، وەکوو دوو رۆحی مات و قورس، تەواوی ماڵەکەی پڕ کردبوو. کەسێ نەهات و منیش بە پەلە سووڕامەوەو ویستم کە بگەڕێمەوە؛ بەڵام دیسانەوە هەر ئەو دەنگە ناسراوو پچڕاوە، لەسەر جێگا وشکی کردم: "تکات لێ ئەکەم مەترسە.. وەرە بۆ ناو ئەم ژوورە وا درگاکەی تاکە". کەوتبومە گیانە بەڵام نەم ئەتوانی واز لە هەموو شتێ بهێنم و بڕۆم تەکانێکم خواردو رۆیشتمە ئەو بەرەوە. گەیشتمە بەر درگای ژوورەکە. سااڵنێکی نیوە تاریك بوو. پەردەکان کێشرابوون بەڵام کەسێ لەوێ نەبوو. کتێبخانەیەکی گەورە بەشێکی سااڵنەکەی داگیر کردبوو": زۆر بە دیدارتان شاد بووم خانمی پەناهی". ئیتر خۆم بۆ رانەگیرا و قیژاندم": ئاخر ئێوە کێن.. ئەم شانۆە جەفەنگە چیە وەڕێتان خستووە.. بۆ ئەشکەنجەم ئەدەن". و ئەسرینەکانم، دڵۆپ دڵۆپ رژایە سەر گۆنام. لە ناکاو، سەندەلی پشت کوسی نوسینەکە، کە بەرەو دیوارەکە دانرابوو، سووڕایەوە و ئینجا ئەوم بینی. نا... باوەڕم نەئەکرد... نەئەکرا.. نا.. نیوەیێك لە جەستەی مرۆڤێك لە سەر سەندەڵی دانیشتبوو . لە تەوقی سەرەوە تا نووکی پێی، بەڵام تەنیا لای راستی. لای چەپی مۆتەك بوو،.. سێبەرێك.. یان شتێ وەکوو تارمائێك، زۆربێرەنگ قیژاندم و خۆم بەرەو دواکشاندەوە.، ئەو بەدەم پاڕانەوە قیڕاندی: نا.. نا.. مەچۆ.. تکات لێ ئەکەم.. ناتەوێ یارمەتی مامۆستا پیرەکەی خۆت بدەی... سەردەمێك تۆ باشترین و ئازیزترین خوێنکاری من بووی. ((شێوەی دەربڕینی وشەکانی تۆزێ ئارامی کردم. وتی: "وەرە.. تۆزێ نزیکتر بەرەوە.. مەترسە... بڕوا بکە هیچ مەترسێك لە ڕێگات دا نیە. ئەمە منم کە کڵۆڵ و پەك کەوتووم.. تکات لێ ئەکەم سووری ئازیزەکەم تۆزێ فرەتر تێفکرە". ئیتر هیچ گومانێکم نەما.. ناسییم. خۆی بوو. مامۆستای ئابووری و فەلسەفەی سەردەمی زانکۆم، ئاغای رەسوول عەزیز. نااڵندم: "ئاخر چلۆن؟" بە پەلە وتی: "حەکایەتێکی سەیرو سەمەری هەیە.. داوات لێ ئەکەم بیتە نزیکترەوە.." نەم ئەتوانی جوڵە بکەم و هەنگاو هەڵێنم. بەردەوام فرمێسکم ئەڕژاندو بە ئەو راما بووم. بە دەنگێکی نەرم و هێمنەوە وتی: "سووری مەگری.. ئێستا کاتی فرمێسك هەڵڕشتن نیە.. وەرە دانیشە" چوومە بەرەوە دانیشتم. زارم وشك ببوو. پێم وابوو کەاڵڵ بووم. لە خەوو بێداری خۆم درەژنگ مابووم.

چاوەکانم پاك کردەوە و باشتر سەیری ئەوم کرد ووتی: "هەڵبەت کە خەون نابینی... ڕاستی ئەتزانی کە تۆ تەنیا مرۆڤی ئەم جیهانەی کە ئەتوانی وەفریام کەوی؟" قیژاندم: "بۆچی من.. ئاخر بۆچی من.. من چ کارێ.. چیم لە دەست دێ؟" و ئەو دەستی پێ کرد: "لەوانەیە هەرگیز تێ نەگەیشتبووبێتی کە لە نێوان تەواوی خوێندکارەکاندا، تۆ تەنیا کەسێ بوویت کە لەگەڵ منداپەیوەندێیکی رۆحیت هەبووە؛ و ئەمە هەر تۆ بوویت کە پەرتووکەون بووەکانی منت دۆزیەوە." وتم: "من؟.. ئاخر چلۆن. کام پەرتووکی وون بوو؟" هەناسەیەکی هەڵکێشا وتی: "بەڵێ تۆ.. تۆ بوویت بێ ئەوەی خۆت بزانی بەاڵم سووری گیان.. درەنگە.. ئەمن کەوتوومەتە نێوان ئەو گێژاوە مەترسیەدا کە تۆ هەر بەردەوام باست بۆ ئەکردم.. بەاڵم مەخابن گوێم شل نەکرد، تا ئەم پەندەم بەسەر هات." بە بێ بڕوایی وتم: "بەاڵم من.. من لە هیچ شتێ بەخەبەر نیم.. ئاگام لە شتێ نیە. داوات لێ ئەکەم تەواوی کەی..ئیتر ئەم باسە ببڕەوە.. ئەم گاڵتەو گەپە چیە کە وەڕێت خستووە؟" هەستامە سەرپێ سامێ گرتی و بە مەترسیەوە وتی: "نا.. مەچۆ ئەبێ بڕوام پێ بکەی چ دەلیلێ باشتر لەمە کە من نیوەی خۆم وون کردووە. یانێ ئەمە تۆ رازی ناکات؟" دیسانەوە دانیشتم وتم: تکات لێ ئەکەم.. هەموو شتێکم بۆ بڵێ وە بۆمی روون کەرەوە.. یانێ بیرو باوەڕی من روونا ك کەرەوە". بە هێمنەنایەتێکی

سەرسوڕهێنەرەوە وتی: "بیرو باوەڕی تۆ.. ڕووناکە.. بەڵام ئەگەر تۆ بتەوێ.. تۆ .. ئەژانم کە .. ئەتوانی.. تۆ.. ئەتوانی..ئەتوانی..درەنگە..تێکۆشە.. بیروباوەڕی تۆ.. ڕووناکە.. تۆ.. ئەتوانی." هەستێکی ناسراو بەڵام نادیار، تەواوی لەشی داگرتم. مەسخ بووم.. ئەمە چ حاڵێك بوو. بۆ وام لێ هات.. دەمویست راکەم و بڕۆم و خۆم لەم شانۆیە دوور خەمەوە.. بەڵام نەئەکرا، شتێ منی بۆ دونیای سەیرو سامناکێ ڕائەکێشا. دەنگی مامۆستام لە دوورەوە ئەبیست کە ئەی وت: "هەر تەنیا تۆیی کە ئەتوانی.. یارمەتی من بدەی. تەنیا تۆ." دەنگەکە دوور بوەوە، زۆر دوور دەمەویست هاوار بکەم، بەڵام ئەو لە دوورەوە هاواری ئەکرد:" تەنیا تۆ سووری سە..وری گیا...ن هەر .. تۆ.. سە..و..ری ئا..ز..یز.. هەر .. تۆ.. ". سەیری ژێر پامم کرد. هیچ شتێ نەبوو. بێجگە لە تاریکی و کەش و هەوایێکی تەماوی تێکەڵاو بە تۆزێکی ناسك لە نوورێکی عەجیب، هیچ شتێ نەبوو. لای خۆم تێفێکریم، بۆ هەست ئەکەم ئەمە نوورە؟ تا ئەو کاتە نووری وام نەدیبوو. بۆ دەست و پێم ڕوانیم، هەڵبەت نا دەست و پێ بە مانای پەیکەرێکی فیزیکی نا، بەڵام شتێکی قابل بە گۆڕاندن. بە ئاسانی توانیم پاکانم وەکوو تۆپێکی گەورە دەربێنم و ئینجا بە تۆپێکی زۆر چکۆلە بیگۆڕمەوە. جا دوای ئەوە ئەوەندە درێژم کردەوە کە درێژیان فرەتر لە دە گەزیش ئەگەیشت. پێکەنینم بەو جیهانە سەرسوڕهێنەرە ئەهات. پێکەنینێکی زۆر سەیر. جۆرێکی عەجیب بووە بە شێوە گەلێکی جۆربەجۆر، ئەم توانی پێکەنم ئەم توانی لێوەکانم کێش بێرم و پێکەنم.. ئەوەندە کە دەبووا دەستم درێژ بکەم و گۆشەی لێوەکانم بکێشمەوەو بیهێنمەوە یەکدا. لە پڕ بسکەکانم بەم لاو بەولا ڕایان کرد دەستەکانم درێژ کردەوە، ئەوەندە کە ئاخریانم نەئەدی. دەستم بردو تاڵ تاڵ کۆم کردنەوە و دیسانەوە خستمە نێو کونەکانی بان سەرم کە ئێستا ئەوەندە گەورە ببونەوە کە نینوکەکانم ئەچوون پێیان. بەهەر جۆرێ بوو نایانمەوە سەر جێگای خۆیان و پێستی سەرمم هێنایەکدا. دیسانەوە قژەکانم وەکوو هەوڵیان لێ هات. زۆر پێکەنیم. عەجیب بوو کە قەت نەئەترسام. تەنیا هەموو شتێ بۆم تازە بوو. کەوتبوومە بیری فەزاوە ئەمەی کە لەوێدا هیچ دەنگی نیە و ئەمە کە هیچ ئۆکسیجینێ لەوێ نیە تا دەنگ بتوانێ حەرەکەت بکات و بڕوا؛ بەڵام من نەك هەر دەنگی قاقای پێکەنینەکانی خۆم ئەبیست، بەڵکوو دەنگەکانی دیکەشم ئەبیست کە بەردەوام دوورو نزیك ئەبوونەوە. تۆزێ ڕۆیشتمە پێشەوە. یانێ لە نێوی هەوادا هەنگاوم نا بە جۆرێکی مەستی هێنەر ئەڕۆیشتم. ژێر پێکانم خنکەیان ئەهات. دیسانەوە ڕۆیشتم. وێکڕا سێ بوونەوەرم بینی کە لە دەوری پەیکەرێکی سێگۆش و نوورانی و چکۆلە کۆ ببوونەوە. ئەوان بە قسەو باسەوە مژوڵ بوون و بەردەوام ئەدوان. هەر چەند نەیانم ئەناسی، بەڵام بە جۆرێك ناسراو ئەهاتنە بەر چاوم. یەکەمیان بە پەیکەرێکی ئینسانیەوە چوارمشقی دابوو. ئەت گوت لەسەر قاڵیێکی نەرم و گەرم دانیشتوە، بەڵام هیچی لە ژێر نەبوو. جووتێ چاوی مەس و گەورە، بێ هیچ برتیەئێك لە ژیان و ئەوین، ڕومەتی ڕازاندەبووەوە. لووتی جوان بوو. دەمی میزان، بسکەکانی، چین چین ڕەش و قەترانی ڕژابووە سەرشانەکانی. هەیکەلێکی ڕێکی بوو. بۆ ئەوانی تر ئەی روانی؛ بەڵام مات بوو، مەسخ بوو. وەکوو ئاسن وەکوو کۆتەڵێکی بێ گیان و سارد بەڵام زۆر بە سامناکیەوە قسەی ئەکرد. دوومیان، پەیکەرێکی قەڵەوی بوو. چاوەکانی دەرپۆقیبوون و تاونە تاوێك، گلێنەکانی دەرئەپەڕین و ئەویش بە پەلە ئەیانی خستە جێگای خۆیان. زگێکی گەورەی بوو. وەکوو دەهۆڵ کە هەر دەستی پێدا ئەخشاند. دەست و پێیەکانی کورت و چاخ بوون. دەت وت بەشتێ هەڵیان واسین بەڵام هیچ

شتێ نەبوو، هەروا لە جێگای خۆیدا شۆڕ ببووە. ئەوی دیکەیان لەپو درێژ بوو. دەتکوت کۆتەڵێك لە ئیسقانە. ساردو سڕ بوو. نەم ئەزانی چ رەنگێکی هەیە. تەنیا ئەمزانی هەر سەیری ئەکردم لە پڕ دڵ و دەروونم ئەهاتەیەکدا. لێ ئەترسام زۆر مەترسی هێنەر بوو. شتێ عەجیب و چکۆلە، لە نێوان سێ گۆشە نوورانیەکە بوو هەر هەڵی ئەخستەوەو خۆی بەم لاو بەولادا ئەکوتا. تۆزێ رۆیشتمە بەرەوە، بەڵام ئەو سیانە هەر ئاگایان لە من نەبوو. کۆتەڵە هەوەڵیەکە بە ئارامی دەستی خستە نێوان بسکە رەشەکانی ووتی: "من بیرو ڕای ئێوەم قەبوول نیە.. شەڕی پارلێمانی و رێخستنی ئۆپۆزۆسیۆنی لادان، بێشك ئەتوانێ رەوتی پێش کەوتنی خەباتی گەلەکەمان راوەستێنێ. پەرەپێ دانی هەستی ناسیۆنالێ شێوینیستی، لە نێوان خەبات کارانی، ولاتانی پێشکەوتن خواز، باش ئەتوانێ، ئەوان تووشی لادان بکات. بۆ کەسێ بیر ناکاتەوە؟ زۆر لە مێژە هەروا بوەو ئێستەش وایە و هەرواش ئەبێ. ئەم جۆرە کارکردانە بنەڕەتی دەسەلاتی ئێمە پتەوتر ئەکاتەوە. بێ ئەوەی کە گەلە شۆڕشگێڕەکان تێ بگەن. ئەبێ بە پەموو سەریان ببڕین. من لەم ڕێگادا، ئۆتۆریتەیەکی زۆرم خستۆتەڕێ، سەیرم کەن.. بڕوانن.. دەستە شەقارشەقارەکانم.. لێوە وشکەکانم پێتان ئەڵێن ئەمن چیم کێشاوە.. بەڵام هەر لە بان تەختی پاشایی خۆم دا دانیشتووم". کۆتەڵە قەڵەوەکە تەکانێکی خواردو وێکڕا هەر دوو چاوی دەرپۆقین. ئازا هەر دوکیانی خستە جێگای خۆیان ووتی: "ئاخر ئەزیزەکەم لە کوێنا دیوتانە یان بیستووتانە کە یەکێ لە خوداکان دەستەکانی شەقار شەقار و زامدار بووبێ؟ کەی ئەتانەوێ لەم بیروباوەڕە کۆنەپەرەستانەیە دەست هەڵبگرن. پێم وایە ئاخری رۆژێ دێت کە بە ئەم شێوەی ئێوە، هێزەکانی قەڵەباڵغ، ئەو ئۆپۆزۆسیۆنە پووچەڵتانە تێك ئەداو وردی ئەکات. بۆ هەر لە دەوری خۆتان ئەسووڕێنەوە؟ بۆ ئیمان ناێرنە سەر دیالەکتیکی ئابووری ئێمە؟.. سك برسیەکان، ئەم ناسیونالێ شێونیستانەی ئێوە بێ ئابڕوو ئەکەن. سکیان تێر کەن ئێستا بە هەر شتێ، سەم و ژاری فیزیکی یان هەر گەن و گوڵێکی دیکە". دیسان هەر دوو چاوی دەرپۆقی. بەپەلە خستیانە سەر جێگایان و پەرەی بە قسەکانی داو وتی: "تەنیا رێکارتان ئەوەیە کە ئەوان داماوی خۆتان بکەن.. بانترین فازی پێش کەوتنی دەوران، تەنیا منم و بەس.. منێ کە ئەوەندە بە نێو پێ خۆرە تێئۆریە ئابووریەکانی خۆم دا شۆڕ بوومەتەوە کە خۆم تووشی نەخۆشی کردووە، و ئەزانم ئەم ئازارە کۆنەی "گەدە"مە رۆژێ ئەم کوژێ بەڵام تەنیا بە ئەمە دڵ خۆشم کە ئەگەر دەوران بیەوێ بگۆڕدرێ و ئەم نەخۆشیە پەرە بگرێ، کارێ ئەکەم کە هەموو شتێ لەگەڵ منداا، وێران و نابوود بکرێ.. بەڵێ. رێگای ماندوو نەبوون و بە کەیف ژیان کردن هەر ئەمەیە.. بەڵام... بەڵام نازانم لەگەڵ ئەم چکۆلە گەوجە چی بکەم". بە دەستە کورتەکانی ئیشارەتی کردە سێگۆشە نوورانیەکەو ئەو شتە وا لە نێوانیا هەر هەڵی ئەخستەوە. وتی: " ئەگەر ئەوەندە خۆی نەخستبایانە نێو کارەکانا.. ئێستا ئەوەندە فیکرو بیری ئێمەی مژوڵ نەئەکرد".

سەرم سووڕمابوو. ئەمانە کێ بوون. بەڵام هەرچاوم بەسێگۆشە نوورانیەکەوە بوو لە یکڕا سێمین کۆتەڵ وا باریك و سارد بوو هەستایە سەرپێ و دەستی کردە هەنگاونان. کوت و پڕا پای چەقایە نێو گۆمێك لە ئینرژیێکی سوور. بەپەلە پای دەرهێنا و تۆزێ موچانیەوە و دیسانەوە دەستی بەهات و چوو کرد. شتێکی نگریس لە ئەودا بوو کە ئەی ترساندم. بۆ ڕاندی: "دەست هەڵ بگرن ئەی خودایانی ترسنۆك، ئێوە ئیتر چۆن خودائێکن؟!! ئەی هێزو هەیبەتی خودائیتان وا لە کوێ؟ وا ئەزانن بەم تئۆریانە و ئەم فەلسەفە گەوجانانە، ئەمە ئێوەن کەتا ئێستا بە مرۆڤ ئۆتۆریتەتان داوە؟ نا.. ئەمە

منم کە بێ هیچ ماف ێ و بـێ هیـچ پیاسـەکردنێ، تووندوتیژ رۆیشتومە پێشەوە.. ئێوە وا ئەزانن ئەگەر ملیتاریسم لە ماوەی چەرخەکان و هەزارەکانا لـە پشـتی سـەری ئێـوە نەبوایـە، ئێـوە چ گوێکتـان ئـەخوارد؟ نـا ئۆپۆزۆسـیۆنە ناحـەزەو نائـەو دیالەکتیکی ئابووری و گەوجانەن ئێوە هیچ کارێکیان نەکردووە. خودا.. ئەبێ خودا بێ. بگرمنێ و بنەڕێنێ و ملی ئەم جۆرە چکۆلە بێ بایەخانـە و بـە ئاماژەی قامکێك بشکێنێ. ئێوە وازانن مێشکە بایخ دارەکـانی من، رەش و سپی و سـوورو زەردو تەنانـەت سـەوزی من، لەو خوارەدا، هەروا دەسـت بـەتاڵ دانیشـتوون؟ نا.. ئەوان هەر ئەو دۆسە گرنگ و باشەی منن کە بـە ئۆتۆریتەکانی نادیاری خۆیان تا ئێستا، تێ کۆشـاون و ئێوەیان یارمەتی داوەو گەن و گووەکـانی ئێوەیـان داپۆشاوە. بەڵام ئیتر پێـم وایـە، دۆسـتایەتی لەگـەڵ ئێوە قازانجێکی بۆ من نیە.. تـا ئێسـتا هـەر شـتێکم کێشـاوە بەسـیەتی و ئێسـتا.. هـەر ئێسـتا بـە خـاپوورکردنی ئـەم مشـکە چکۆلەیـە پێتـان نیشـان ئەدەم کە نابـێ کـات و سـاتی گرنگـی خـۆم بێهـودە لەدەسـت بـدەم.. هـەر ئێسـتا..." وەیکرا ئەوشـتە چکۆلە لە نێوان سێگۆشـە نوورانیەکـە خـۆی خسـتە دەرێ و بە سووچێکا رای کرد، بەڵام کۆتەڵی هـەوەڵ بـە پەلـە ئـەوی گـرت و دیسـانەوە خسـتیە نێـو زیندانەکـەی. ئیـتر نـەم توانـی سـەقام بگـرم. چۆمـە بەرەوە ووتم: "بۆ ئازادی ناکەن؟.. راستی ئەمە ئیتر چۆنیەتی؟ ناوی چیـە؟ یانـێ بەراسـتی مشـکە؟" لـە پرسەرەکانی هەرسێ کۆتەڵ چەرخان و بەقینەوە لـە مـن رامـان. کۆتـەڵی هـەوەڵ وتـی: "نـەکا ئەمـە ئـەو سـوورییە گەوجەیـە؟" کۆتـەڵی دووهـەم چاوەکـانی دەرپۆقـین و هـەروا وێڵیـانی کـرد ووتـی: "بـەڵێ.. خۆیـەتی.. بـەڵام وەکـوو شـتێ لـە هـەموو شـتێ ئاگـادارە.. بـەڵێ.. بـە راشـکاوی ئـەزانێ". کۆتەڵـە ئیسـقانیەکە بـێ جـم و جـۆڵ وێسـتا بـوو سـەیری دەکردم. بەقینەوە قیژاندم ووتم: "تکاتان لێ ئەکـەم، ئەم باسە ببڕنەوە. بەسیەتی ئیتر.. نازانم باسی چـی ئەکەن، راشکاوی چی و شتی چی؟ مـن کـە.. بـەڵام، نـا.. وەکـوو شـتێ ئـەتان ناسـم.. بـە..ڵـێ.. ئـەتان ناسـم." و نیگـام تێکـەڵاوی نیگـای مـات و مەسـخی کۆتـەڵی هـەوەڵ بـوو. قیژانـدم: "بـەڵێ.. بـەڵێ ئـەت ناسم.. بە خۆت و ئەو کارە بۆگەنەت. ئاخر بـۆ، ئـەم خەڵکە بەدبەختە، بەرنادەی.. چیت ئەوێ ئەی ئـاخر بڵێ تۆ چیت ئەوێ لە ئەوان؟" بە هێمەنی مۆرەکـانی گەردەنم چەرخان، وەختە بوو لە کەیف و خۆشـی دا بمرم. چاوەکانم دەرپۆقان. هەروا، وەکوو کۆتەڵەکە، بێ ئەوەی بیخەمە جێگای خۆیان، قیژانـدم: "وە تـۆ ئەی پیرەزاڵی گەوج.. تۆ تاکەی ئەتەوێ لـە خوێـن و گۆشت و ئیسقانی ئەم خەڵکە بخۆی و لووش کـەی و ئەو سکە زلتـە هـەر زل کەیتـەوە؟ هیـوادارم رۆژێ بگـات، ژانـی دەزگـای "گـەدەت"، تـەنیا هـەر خـۆت بڕۆخێنـێ و بفـەوتێنێ، نەکەسـێ تـر". رام کـردە بەرەوناقی کۆتەڵی سێیەم گرت و نـەڕاندم)): "تـۆ.. تۆ کەی ئەتەوێ ئەم دەسماڵە رەشە لە بان چاوتەوە لابـەی و بـە هـەر دوو چـاوت سـەیری جیـهانی رووت بکەی؟ نەکا لـە جەسـتە سـووتاوەکانی منداڵەکان و مەمکە بڕاوەکانی ژنەکان ئەترسی؟ هـا.. بـەڵام نـا.. ئـەبێ لای بـەی.. منیـش یارمـەتیت ئـەدەم وە ئـەم دەسماڵـە نگریسـە لا ئەبـەم.. ئـەم دەسماڵـە نفرینـاویە." ئەو هـەروا وێسـتا بـوو سـەیری ئـەکردم. چنگم خستە بان دەسماڵەکەو هەڵم کەند ئای خودای گـەورە.. نـا.. نـا.. نەئـەکرا.. چـەندە سـامناك بـوو سەدان و هەزاران چاوی زۆر چکۆلە.. وەکوو نـووت.. وەکـوو.. نووکـی دەرزی لـە کاسـەی چەشـمەکەیدا، بریقە بریقیان ئەهات. هەر کامیان بە چەشنێ تایبەت و رەنگێکـی نائاسـایی. حەپەسـابووم مـاقم پـەری.. وشك بووم. دەسەکانم رچان و هەروا بەسـەر سـینگی دا هاتنە خوارەوە. ئەو پێکەنی.. قاقـای کێشـا. بـە چەشنێ کە تەواو شت و مەکەکانی دەوروبەری هەڵ قوڵـین. بـە هێمنیـەوە سـەرم سـووڕاندەوە. ئـەو

دووانەکـەی دیکـەش ترسـابوون و سـەیری کاسـە چەشەکەو چاوەکانیـان ئـەکرد. پێـم وابـوو ئـەوانیش ترسـابوون ماتیـان بردبـوو لـە پـڕ کۆتەڵـە سـاردەکە دەستە ئیسقانیەکانی خستە نێو بسکەکانم و پێچایـە دەوری دەستی خـۆی. ئـەو دووانەکـەی دیکـەش لـە ترساندا دوور کەوتنـەوە. بـەڵام ئـەو هـەر بـەردەوام قاقای ئەکێشا و ئەی پۆڕانـد و بـە بسـکەکانم بـەرزی کردمەوە و کوتامیە بان سێ گۆشە نوورانیەکە. وێکڕا سێگۆشەکە شکاو وردو خاش بوو ئـەو شتە چکۆلـە ئازاد بوو؛ بـەڵام کۆتەنّەکـە تێنەگەیشت و بـەردەوام منی بەم لاو بـەولادا ئـەکوتا. قاقـای قـین و غـەزەبی ئەکێشاو ئەی خلۆپاندمـەوە. لـە پـڕ ئـەو دووانەکـەی دیکـە نـەڕاندیان. کۆتـەڵ ئاگـادار بـوو و منـی خستە سـوچێکەوە و سـەیری دەوروبـەری خـۆی کـرد. لـە کونـەکانی دەم و لووتیـەوە دوکـەڵ ئەهاتـە دەرێ. بەڵام کار لە کار ترازا بوو. لە بەر چاوەکـانم، نیـوەی وون بووی مامۆستاکەم، ئەوەندە بـەرین و یـەکدەس دەرکەوت، کەتەواو فەزاکەی پڕ کردەوە. بە چەشـنێ کە ئیتر هیچ ئاسەوارێك لـە سـێ کۆتەڵەکـە نـەما. لـە کاتێکدا کە کەوتبوومە نێوان گێـژاوێ لـە ئینرژیدا و وەختە بوو نووقم بم، دەستێکی گـەورەو سـپی و پـڕ شـەوق و ورشـەدار، هاتـە پێشـەوە و منـی وەکـوو مێرووڵەیەك گرت و لە گێژاوەکە دەری هێنام.

تـەکانێکم خـوارد. بـەڵام چاوەکـانم هـەر بەسترابوون. دەنگی مامۆستام بیست کە لە دوورەوە لـە زۆر دوورەوە ئـەی وت: "سوپاسـت ئەکـەم سووری.. سوپاست ئەکەم سووری گیـان"بـە ئـارامی چاوەکانم کردەوە. مامۆستا لە بەردەم دا وێستا بوو، کیفە کۆنەکەی گرتبووە دەستیەوە. رووەمـەتی خـاوێن و پـڕ بـزەی، هێنایـە پێشـەوەو ووتـی: "سـووری.. ئازیزەکـەم تـەنیا پێنـج دەقـە بـە دەسـت پێکردنـی کۆنفرانسـەکەت مـاوە.. ئەگـەر پەلـە بکـەی سـەتی سەت، ئەتوانین خۆمان بگەیێنین."

سیامەند هادی

گەڕانەوەی پیاوێک لە تاریکیدا

((ڕەنگە چەند ساڵێکی دی هەموو ئەوانەی کە بەدەم چڕپنی ئاوازێکەوە دەچنەوە دەرەوە، کەسیان حەز بەوە نەکەن کە جارێکی دی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خاڵی دەست پێکردن و هەنگاونانیان..)) ئەمەی وت و بە بەردەوامیش وەک کەشتیوانێک چۆن بۆ کەناری دوورگەیەک بڕوانێت، تەماشای لەسەر ئەو نەمامە لەنگەری گرتبوو، کەلەو دیو پەنجەرەکەوە تازە لە چرۆکردندا بوو. وای بە خەیاڵدا دەهات هەموو شتێکی دەوروبەری لە ژێر چاودێری ئەودان و، گشت دیاردەکانیش وایان دەخستە ڕوو کە هەموان چاوەڕێی فرمانەکانی ئەون. بەڵام چوار چێوەی ئەو ژووره لای ئەو ببوە هەسارەیەکی دیکەو ڕەنگ و ڕووخسارو دەسەڵاتی ئەوی لە چواردەوری دوورەدەستەوە. تاریکبوونی ئەو دیو پەنجەرەکەو دەنگی باڵەکانی پەپوولەیەک کە بە دەوری گڵۆپی ژوورەکەدا سوڕی دەخوارد، نیگای بۆ سەر خۆی گوێزایەوە. ئەو پەپوولەیەی کە بە گەردی باڵەکانیدا وا دەردەکەوت کە ڕەنگە بە تەنها جارێک ماچی گوڵێکی کردبێت و، هێشتا فریای گوێزانەوەی هەڵاڵەیەک نەکەوتبێت بۆ پیتێن. وەک بۆڵەیەک لە بەرخۆیەوە وتی ((رقێکی ئەستورم بەرامبەر ئەو کەسانە هەیە کەپاش ماوەیەکی دیکە دەربارەی منداڵیت پرسیارت لێدەکەن. چونکە هەموو ئەوانەی کە ڕەنگە دوای ماوەیەکی دی لێرەوە تێپەڕن، پێویست ناکات بزانن ئێمە لە ئێستادا چیمان کردووە، بەڵکو دەبێت هەوڵی وێناکردنی هەموو ئەو شارو دەریاو باخچە و ڕێڕەوانەبن کە پاش ماوەیەک پیایاندا تێدەپەڕن..)).

دوور کەوتنەوەی پەپوولەکە لە گڵۆپەکەو گەڕانی بەنێو ئاسمانی ژوورەکەدا، خەیاڵی وەستاندو چوارچێوەی ژوورەکەی وەک تۆڕێک بۆ فڕینی ئومێدەکانی هاتەوە بەرچاو. بە خێرایی چاوی بەدیوارە خاوێن و دەرگاو پەنجەرە تازە بۆیەکراوەکاندا گێڕا، تا لە کۆتایدا نیگای لەسەر تابلۆی ژوورەکە لەنگەری گرت، کە وێنەی شارێک بوو لەسەر هەسارەی مەریخ و چەند ئاپارتمانێکی شووشەیی و ڕازاوە بە ئاسماندا هەڵچووبوون. دوای تێڕامانێکی زۆر خۆی لە یەکێک لە ژوورە شووشەییەکانی ئاپارتمانێکدا بینییەوە، کە لەسەر کورسییەکی ڕووپۆشراو بە ئاوریشم دانیشتبوو، بیری

له گـەورەبوونی شـارەکان و چڕی دانیشـتوانی سـەر هەسـارەی مـەریخ دەکـردەوە. کـە ڕۆژانـە خـەڵکی لەشـەقام و کۆڵانـەکاندا لـە پاڵەپەسـتۆدابوون بـۆ هاتووچۆ کردن. نەخشەیەکی بۆ بەربەست کردن لـەو چڕی دانیشتوانە، لە ڕێگەی ئامێرێکی زۆر بچووکـەوە بەدەنگ دارشت.

ئەوەندە سەرقاڵ بـو پێدەچوو بە درێژایی بیست و پێنج ساڵی تەمەنی سەرقاڵ بوونـی لـەو شێوەیەی بەخۆیەوە نەدیبێت.. دەنگی هەورەبروسکەیەك لـەو کاتـەدا هێنایـەوە نێـو ژوورەکـەو، چـاوی لەسـەر تابلۆکەوە بۆ پەنجەرەکـە پـێ گوێزایـەوە، تەماشای کـرد نمـە بـارانێك بەسـەر گـەڵاو لـق و پۆپـی درەختەکاندا دەباری.

لـە چـاو تروکانێکدا گـەڵاکانی درەختەکـە زەرد هەڵگـەڕانو دەسـتیان کـرد بـە وەریـن و لـە چـاو تروکـانێکی دیکـەدا درەختەکـە چـرۆی کـردەوەو، ڕەنگی سەوز سەرتاپای درەختەکەی داپۆشی.. پاش ماوەیـەك هـەڵوەرین و پوکانـەوەی جەسـتەی پەپوولەکـە وەك سـووتوی پەڕۆیـەکی سـوتاو لەسـەر تـاقی پەنجەرەکـە سـڕنجی بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـا. پاشـان بـۆ گـەڕان بـەدووی گـەردی باڵـەکانی پەپوولەکـەدا سـەری بـۆ ئاسمـان بـەرز کـردەوە. ساپیتەی ژوورەکـە وەك چـاودێرێك بەسـەر ئـازادی ئاواتەکانییـەوە وەسـتابوو، کـە ببـووە ڕێگرێـك لـە هـەڵفرینی چۆلەکـەی خـەیاڵی. هەسـتی دەکـرد ئـەو ساپیتەیە فشارێکی گـەورەی خسـتۆتە سـەر لـق هاوێشـتنی خەونـەکانی و، ئەسـتەمە بتوانێـت بـەبێ ڕووخـاندنی ئـەو ساپیتەیە ئارەزووەکـانی فەراهـەم بکات.

هەر بۆیە وتی ((پێدەچێت تۆ بتوانیت بە شەقامە خاوێن و ڕووناکەکانی ڕوانین دا ئازادانە گوزەر بکەیت و، ئاوڕیش لەو ڕووخسارانە نەدەیتەوە کە ئـارەزووی بینینیـان ناکـەیت و، بـێ بنـەماش ستایشـی هیـچ ڕاوچییـەك نەکـەیت. بـەڵام لـەژێر سـایەی ئـەو ساپیتەیەدا تۆ دەبێت بەکۆت و زنجیرەوە بەشـەقامە پیس و تاریکەکاندا تێپەڕیت و، بە بـەردەوامیش لـەو ڕووخسارانە بڕوانیت کـە تاسـەر ئێسـقان دزێـون، لـە خۆڕاش بەشان و باڵی ڕاوچیەکاندا هەڵدەیت..)).

هەر لـە سـەر کورسـییەکەیەوە وەك دڵدانەوەیـەك ڕووی بەرەو تابلۆکە وەرگـێڕا. لەگـەڵ یەکـەم نیگـای تابلۆکـەدا ڕەنگـی تێکچـوو، ددانـەکانی لەسـەر یـەك تونـد بـوون و چاوی چـەپی زیـاتر کرایـەوە. چونکـە تابلۆکە گۆڕانکاریەکی گەورەی بەسەردا هـاتبوو. کـە وێنـەی کۆمـەڵێك ئـافرەت و پیـاوی نیـوە پۆشـتەی دەنوانـد، لـە دارسـتانێکدا سـەرقاڵی ڕنینـەوەو کۆکردنەوەی گەڵاو لق و پڕو پۆی درەختـەکان بـوون و، بەسەرو ڕوخساریان دا لە مەیموون دەچوون! دڵی تونـد گوشـراو نـەیتوانی بـۆ ماوەیـەك لـەو دیمەنـە بڕوانێت، هەر بۆیە بە خێرایی ڕووی وەرچەرخاند و لە پەنجەرەکەوە چاوی چەپی بڕییە درەختەکـە. قـەدی درەختەکـە تـا ڕادەیـەکی بـاش ئەسـتور بووبـوو، پڕوپۆشی بە دەوروبەری خۆیدا بڵاوتـر دەینواندو تـا دەهات گەورەتر دەبوو. چونکـە شـەوو ڕۆژو مـانگ و ساڵەکان هێندە بە خـێرایی بـەدووی یـەکدا دەهـاتن، کە کێشـانی جگەرەیـەك شـەو و ڕۆژەکـانی مـانگێکی لەگـەڵ خـۆیدا دەسـوتان، خـۆر هێنـدە بـە خـێرایی هـەڵدەهات و ئـاوادەبوو، وەك دیمـەنی کشـانی ئەستێرە دەهاتـە بـەرچاو. ماوەیـەك تەنـها فریـای هەڵکردن و کوژاندنەوەی گڵۆپـی ژوورەکـە دەکـەوت، هەر بۆیە دوای ماندووبوونێکی زۆر کۆڵێداو، بڕیاری دا ساتێك بە تاریکی و ساتێك بە ڕووناکی بەرێتە سەر.

ڕووی لـە پەنجەرەکـە وەرگـێڕاو بـە ئاهێکـەوە چاوێکی بـە دیوارەکـانی ژوورەکـەدا گـێڕا، بـەرچاوی لێـڵ بـوو، چونکـە هەسـتی دەکـرد ئـەو دیوارانـە لـە دەوروبەرەوە پاڵەپەستۆی دەخەنە سەرو دەیانەوێت هەموو ڕوانینەکانی لـە چوارچێـوە بـدەن. ماوەیـەکی زۆر پێش ئێستا دیواری لای ڕاستی ئـەو ژوورە پێـی ڕاگەیاندبوو، کە لـە کـاتی نزاکردنـدا دەسـتەکانی بـە

کراوەیی بەرزبکاتەوە بۆ ئاسمان! یان دیواری لای چەپ ئاگاداری کردبۆوە کە نوێژی بەیانی لە کاتی خۆیدا بکات، چونکە خێری لە هەموو نوێژەکانی دیکە زیاترە! جگە لەمانەش شەوێك هەردووکیان بە تۆندی هاواریان بەسەردا کردبوو، کە دەبێت خۆی بە بەرپرسیار بزانێت لە بەرامبەر کەسانی دەوروبەری. ئەویش تەنانەت گرنگی بەو کارانەش نەدەدا کە پەیوەندی بە خودی خۆیەوە هەبوو. هەر بۆیە لەو کاتەدا کە لە دیوارەکانی دەڕوانی لە دڵی خۆیدا وتی ((ئەم دیوارانە بە تۆندی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا لە قاڵبت دەدەن و، بە شێوەیەکی فراوان و ڕەواسزا بۆ هەموو ئارەزووەکانت دادەڕێژن و، بواری تەنها مەودایەکی بچووکیش بۆ تێڕامانت ناهێڵنەوە. بە چوونە دەرەوەشت لەو چوارچێوەیە، دەبێتە بێ نرختترین کاهینی ئەم سەرزەوییە..)).

دوای بێزاربوون لە دیوارەکان جارێکی دی نیگای بۆ سەر تابلۆکە گوێزایەوە. تەماشای کرد تابلۆکە گۆڕانکارییەکی سەیری بەسەرداهاتووە. تابلۆکە وێنەی کۆمەڵێك پیاوی نورانی دەنواند کە سەرقاڵی دابەشکردنی چەند کەبێبێك بوون بەسەر خەڵکیدا، ڕوخساریان تەلیسمی مژدەیەکی ئایندەی لێدەباری.

بە سەیرکردنی ڕوخساری ئەواندا بۆ ماوەیەك ئاوڕی لە ڕوخسارو جەستەی خۆی دایەوە. تەماشای کرد قژو ڕیش و سمێڵی لەگەڵ درێژ بوونداو ناوبەناو تاڵی سپیشیان تێکەوتبوو. بەوەشدا بۆی ئاشکرا بوو کە چەند ساڵێك لە تەمەنی تێپەڕیوە.

وەك گومانێك دەستی بەسەر ڕوخساریدا هێنا، چەند چرچو لۆچێك لە دەموچاویدا ڕێگەیان لە خێرایی دەستی گرت و، لێرەشەوە پیربوونی خۆی بە تەواوی لابووبە یەقین..

دەنگی بایەکی بەهێز لە پەنجەرەکەوە سەرنجی ڕاکێشاو، خەیاڵی بە تەواوی لە خۆی دوورخستەوە. گەورەبوونی درەختەکە بایەکەی لەبیربردەوە. لە کاتی تەماشا کردنی گەڵا ڕژاوەکانی سەر تاقی پەنجەرەکەدا، ژەنگی پەنجەرەکە زۆر سەرسامی کرد، سەرتاپای پەنجەرەکە لە داخوران و داڕزاندا بوو. بە خێرایی ڕووی بەرەو دەرگاکە وەرگێڕا، تەماشای کرد بە هەمان شێوە ژەنگ وەك کاژی مار چەند تۆێژاڵێکی لە دەرگاکەوە هەڵوەراندۆتە سەر زەوی ژورەکە.. بەو پارچە ژەنگانەدا زەوی ژوورەکەی کەوتەوە یاد، کە بە بڕوای ئەو وەك سێبەری خۆی بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی لێی دەربازبێت و، هەمیشە بە دوویدا ڕادەکات. هەر بۆیە وتی ((سیما ڕیشەییەکانی ئەم زەوییە وەك مۆرێك بەنێو چەوانتەوەیەو، لە هەر شوێنێك بدوێی یان گوزارشت لە خۆشی یان ناخۆشییەك بکەیت، خێرا دەتناسنەوەو دەچێتە نێو چوارچێوەی چەند سیفەتێکی گشتیەوەو، تایبەتمەندی خودی خۆت وەك لەدەست دانی کۆلارەیەك دوای پچڕانی دەزوولەکەی لەدەست دەدەیت. بەراکردنیش لە سروتەکانی ئەو زەوییە، دەبیتە خۆفڕۆش و بێوەفا..)). لەسەرو ئەمانەشەوە ئەوەی کە زۆر بێزاری دەکرد ئەوەبوو کە ئەو زەوییە دەیبەستەوە بەرابردووەوە، ئەویش بە بەردەوامی لە ڕابردوو هەڵدەهات. ئەو چاوی ڕاستی لە یەکێك لە جەنگە خوێناوییەکانی بەرگری کردندا لەدەست دابوو، هەر بۆیە بە چاوی چەپ دەیڕوانی، بەڵام هەرگیز حەزی نەدەکرد دەربارەی لە دەستدانی ئەو چاوەی پرسیاری لێبکەن. تەنانەت حەزی بەوەش نەدەکرد پرسیار لە منداڵیشی بکرێت. جارێك زۆر بە تووڕەییەوەو لە وەڵامی پرسیارێکدا ڕووی کردە هاوڕێیەکی و پێی وت: هەموو منداڵی من ئەوە بوو کە هەموو جارێك قامیشێکی درێژم دەهێناو لەنێو قاچەکانمدا دامدەناو، دەستێکم پێوە دەگرت و بە دەستەکەی تریش دارێکی کورتم پێبوو، خێرا خێرا لە دواوە دەمدا بە قامیشەکەدا، وەك ئەوەی بەسەر ئەسپێکی ئەفسانەییەوەبم ڕامدەکرد، بەبێ ئەوەی گوێ بە هیچ سنورێك بدەم. بەڵام بێ ئەوەی خۆم

ئاگادار بووبم بە نوکی قامیشەکە چەندین هێڵ و سنورم لەسەر خۆڵەکە بە دوای خۆمدا بەجێدەهێشت..! بۆ دەربازبوون لە ڕێساکانی ئەو زەوییە جارێکی دی نیگای بۆ سەر تابلۆکە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتبوو. وێنەی کۆمەڵێك خەڵك بوو کە بە چەکوش و داسەوە بەسەر شەقامێکی پاندا دەڕۆیشتن و، هەریەکەو دەستێکی بەرز کردبۆوەو بە لافیتەکانی دەستیاندا پێدەچوو خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازدابێت و داوای گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری بکەن. ماوەیەکیش لە تابلۆکە راماو دواتر دەستی بەڕیشدا هێناو هەستی کرد تەمەنێکی لەسەیر کردنی دیمەنی ئەو تابلۆیەدا بەسەر بردووە. لەو کاتەشدا هەستی کرد دەستەکانی بە تەواوی لەرزۆك بوون.. کاتێك بە خێرایی چاوی بە دەرگاو پەنجەرە ژەنگاوییەکاندا گێڕاو تەماشایەکی دیوارەکانی کرد، بۆی دەرکەوت وەك ڕیشاڵەکانی سەرگەڵایەك درزێکی زۆر کەوتبوە سەر دیوارەکانی ژوورەکە. لەو کاتەدا بۆی دەرکەوت کە لەشی بە تەواوی لاواز بووەو چاوی زۆر کز بووەو دەستەکانیشی وەك پژۆپۆی درەختێکی بەر ڕەشەبایەکی بەهێز دەلەرزن.. هێواش هێواش سەری بۆ لای تابلۆکە وەرگێڕا. تەماشای کرد لە تابلۆکەدا کۆمەڵێك خەڵك سەرقاڵی گفتوگۆکردن بوون. هەر سێ چوارکەس بەجیا لەگەڵ یەکدی دەدوان. هەبوو پشتی بە پشتی یەکێکی دییەوە نابوو. هەموان پێکەوە قسەیان دەکرد. پیاوێك لە ناوەڕاستدا بەسەرسامییەوە دەیڕوانی. کە پێدەچوو نەزانێت گوێ لە کێ بگرێت! وردە وردە تابلۆکە گۆڕاو ڕەش داگەڕا. هەر بۆیە ئاوڕی لە پەنجەرەکە دایەوەو، تەماشای کرد پژۆپۆی درەختەکە بە تەواوی پانتایی پەنجەرەکەی داگیر کردبوو. لق و گەڵاکانی هاتبوونە نێو ژوورەکە. هیچ مەودایەکیان بۆ ڕوونا کی نەهێشتبۆوە کە دزە بکات و خۆی بکات بە ژوورەکەدا. هەر بۆیە ژوورەکەی یەکپارچە تاریك کرد. دڵی بە خێرایی کەوتە لێدان. لەو کاتەدا کتوپڕ یادەوەرییەکی منداڵی هاتەوە یاد کە شەوێك لە شەوەکانی زستان بوو، هەمووی چەند ڕۆژێك بەسەر مردنی باپیریدا تێپەڕیبوو. لە ژوورێکی پشتەوەی ماڵەکەیان سەقاڵی گەڕان بوو بە دوای تەسبیحەکەی باپیریدا، تاکو وەك یادگارییەك لای خۆی بیپارێزێت. بەڵام لەو کاتەدا گلۆپی ژوورەکە کوژایەوەو ژوورەکە بە تەواوی تاریك بوو. بە تاریکی هەستایە سەر پێو، ویستی لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە. لە کاتێدا کە ئاوڕی لە دواوە دایەوە، تارمایی باپیری لە سوچێکی ژوورەکەدا هاتە بەچاوی. هەر دووچاوی گرت و بەدەم هاوار کردنەوە ڕایکردە دەرەوەو، خۆی لە ژوورەکە قوتارکرد..

مەنسوری حامیدی

سنوری فەرامۆشی

ئیمرۆ سێشەممەیە. نامەوێ وەبیرت بێنمەوە چۆنمان بڕیار دا بەسەرهاتی بابت بنووسین. کاك "عەولا" [1] مالّمان لە بەهەشت بوو. نا، نا بمبورە. مالّمان لە سەردەشت بوو. نازانم بۆ چ هەمیشە لە جیاتی سەردەشت، دەڵێم بەهەشت؟! دەمگوت زۆر منداڵ بووم، خۆشم لە دەنگی بابت دەهات. دەنگی بابت ئەودەم، تامی چای شیرینی بەیانانی دەدا. سەردەشتیش رۆژەکانی پڕ بوون لە بەهار و شەوەکانی پڕ لە شەوە و جندۆکەو چیرۆکی خۆشی پەنای ئاگردان و کورسی. رۆژانە خەیاڵم دەبوو بە پەپوولە و ئارامی لێ هەڵدەگیرا. گوڵ نەدەما پاڵێکی پێوەنەنێم و قاقا بە رووی پێنەکەنم. هیچ دەزانی ئەودەم خوا جیرانمان بوو، ئەڵبەت خوا جیرانی هەموو کەسی تریش بوو. بابم هەمیشە دەیگوت خوا هەموو کەس دەبینێ، نابێ کاری خراپ بکەین. هەر لەوێ شێعرم دۆزییەوە. کە لێی ورد بوومەوە، دیتم لە رەنگی ئەستێرەن. ئیتر چاوم لە ئەستێرە نەترووکاند. دەستم پێیان رادەگەیشت، وەك هێشووە ترێی رەزەکانی بەهەشتەکەم و دەمتوانی لێوەیانکەم و بیاندەم بە خەڵکی کە ئەودەم زۆرم خۆش دەویستن. دەزانی چیە؟ کاك "محەممەد"ی بابت دوێنێمی لە ئێمرۆ گرێ داوە. پێرێ کە بە یەکەوە بووین و گوتت با بچین بابم هەڵگرین و تاوێ بۆ لای (جەزەیرە)ی [2] بەرین. من شتێك بە زرمە لە ناو دڵم شکا. دەمویست شتێك بڵێم، ئێستاش نازانم چیم دەگوت، کە نەمگوت، تۆ کە لە ماشێنەکە دابەزی و چووی بە شوێنا، من بۆ ئەوەی چاوەڕوانی زۆر ئازارم نەدا، بە پەلە گەڕامەوە نا خۆم. کاری هەمیشەییمە. بیرم لەوە دەکردەوە، مرۆ کە دەنگ هەڵبڕێ، تەنیا نامێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر دەنگی هەر لە گوێی خۆیدا بزرینگێتەوە. لەوێ نەبووی کە پرسیارم لێکردی: ((دەی برا: بابت بۆ چ وا تەنیا ماوە؟)) چ پێوپست نەبوو وەڵامم دەیەوە. هەموو کەس دەیزانی کە باوکت نەخۆشە، بەڵام سەرەڕای ئەوە، تۆ گوتت: ((تووشی نەخۆشی "ئالزایمێر" [3]، واتا نەخۆشی لەبیر کردنەوە بووە.)) هەر لە دڵدا

گوتم: ((خۆ ئێمەش بەردەوام خەریکین هەموو شت لەبیر بەرینەوە تاکوو بە وەبیر هێنانەوەیان دڵنیا بین بەرەوپێش هەنگاومان ناوە)). هاتمەوە دەر. کە هاتی، بن پیلی بابت گرتبوو. بڵێی ئەو چەندی دەستی تۆ گرتبێ؟ دەرگای ماشێنەکەم کردەوە. بابت هەروا راوەستابوو. دوور دەپوانی. هەستم کرد شتێکی لێ بەجێماوە. وێدەچوو زۆرت پەلە لێکردبێ. منیش هەمیشە پەلە دەکەم ئێستا کە تەمەنم چل و چەند ساڵە، وە دەزانم بیست ساڵ بە تەواوی نەژیاوم. دایك و باوکم لێم بە پەلە بوون تا زووتر گەورە ببم. هەر لەبەر ئەوەیە زۆر شتم لە رابردوودا لێ بە جێ ماوە و نەمتوانیوە دەربازیان کەم. من کە لام وایە دایك و باوکەکانمان، لە دەس پرسیارەکانمان، منداڵیمان دەدزن، وەڕێ کەوتین. نازانم تۆ بۆ کوێ چووبووی؟ هەر لە لامان نەبووی. تەنیا ماشێنەکەت لێدەخوڕی. وا بزانم رێگا سەیری گرتبووی. پرسیارم لە بابت کرد:

ــ کاك محەممەد چۆنی؟

رووی تێکردم. هات پێبکەنێ، لێی بوو بە ئازار. تۆ هەڵتدایە:

ــ هەروایە، پێی ڕاهاتووە.

نەمزانی ئەودەم کێ ئەو شێعرەی "وەفایی" [٤] هاویشتە ناو دڵم:

دەزانێ تاوی بارانە، شەڕانی پێکەنینی گوڵ

دەمێك نابێ لەسەر خەندێکی، سەد جارم نەگرییننێ

کاك محەممەد جۆرێکی تری قسە دەکرد. دڵت نەبوایە نەتدەزانی دەڵێ چی؟ ئەودەم وامدانا، تۆش کاك محەممەدت هەر وەك بابێك ناسیوە و پڕ نەچوویە ژوور کاك عەولاّ، ئەودەم کە دەتگوت بابم کاك محەممەدی ماملێ کوڕی مام سەعیدی ماملێ، یەکە دەنگخۆشی شاری مەهاباد بوو، من خەریك بووم مێشکی خۆم رێك دەکوشی تا وەبیرم بێتەوە هەوڵ جار لە کوێ ناوی کاك محەممەدم بیست. بە پەلە گەڕامەوە سەردەشت. سالّی هەزارو سێسەدو چل و شەشی هەتاوی بوو. پوورم لە مێردەکەی زیز ببوو. هاتبووە لامان. بە دەنگێکی بە سۆزەوە هەر کە بابم وەدەر کەوت تێی هەڵکرد:

کاغەز دەنووسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە

دەنگی قورینگان دێ لە حەوا، دەڵێن کوێستانچی دێنەوە

شەو داوەتیان تێکڕا دەگرت لالە بە دەستان

چەن جوان و پاك و شیرینە، کێژی کوردستان

بێ ئەوەی لە هیچ بگەم، لە سۆزی دەنگیدا توامەوە.

ــ پورێ گیان! ئەم گۆرانیە خۆشە هی کێیە؟

رووی لەولا کرد. منیش نەمهێشت تێبگا کە فرمێسکم بینیوە. ماوەیەك بوو منداڵەکانی نەدیبوون.

ــ رۆڵە گیان! ئەم گۆرانیە هی کاك محەممەدی ماملێ یە. تازە داینناوە.

ــ ئەدی لەیلا کێیە؟

ئاخێکی لە ناخەوە هەڵکێشا.

ــ لەیلا نازدارێکی لەبار و چەلەنگ بوو، بەڕێیان کردە کوێستانان، ئیتر نەگەڕاوە.

چاوم لە ئاسمان بڕی و گوێم بەڕێ کرد. دەنگی قورینگان نەدەهات. زۆر لە مێژە قورینگ نایەنەوە ئەم ولاّتە. زۆرم لە سەردەشت پێنەچوو. نەگەیبووینە "تاقەدار" [٥]، گەڕامەوە. ئەرێ لە بیرتە گۆرانێکی بابت دانا و گوتت: ((ماوەیەکە بابم دەنگی خۆشی ناناسێتەوە.)) پێم نەگوتی زۆر کەس هەن کە خۆشیان ناناسنەوە، هەرچەند بە دڵ دەمویست وا بڵێم.

بابت هەروا خەریك بوو خۆی رادەژاند. زۆرتر وەئەوە دەچوو زیکر بکا. سەیر نییە، موریدی خانەقا بوو. بە شێعری وەفایی فرچکی گرتبوو. پێشتر بیستبووم، رەنگە هەر لە تۆشم بیستبێ، شەوێك لە شەوانی مەهاباد کە کۆلانەکانی شار ببوونە گوێ بۆ

بیستنی دەنگی سیحراوی مام سەعیدی بابی کاك محەممەد، لە پڕ میرزا عەبدوڕەحیمی سابلاغی (وەفایی) سەر لە پەنجەرەی ماڵەکەی دەر دێنێ و دەڵێ: ((ڕۆڵە سەعید! تۆ کە هەر گۆرانی دەڵێی، وەرە ئەم شێعرو ئاهەنگانەی من فێر بە.))... و هەر لەوێڕا مام سەعیدی بەرەو خانەقا ڕادەکێشێ و (وەفایی)ش دەبێتە میوانی هەمیشەیی مالّی دڵیان. تۆ دێژەت پێدا: ((ئەڵبەتە مام سەعیدی باپیرم، دوو برای تریشی هەبوو بە ناوی ڕەحیم و ڕەحمان کە بە داخەوە ڕەحیم لە تەمەنی لاویدا بە هۆی نەخۆشی خرۆکە، جگە لە ڕەشایی چی تری بۆ نامێنێتەوە. هەر تك روو دەکەنە شاری قەڵادزە و تا سەر هەر لەوێ دەمێننەوە.

گەیشتینە جەزیرەی. لە ماشێن دابەزین. جەزیرە ناوێکە لە خۆڕا بەم شوێنەیان داوە. ئەگینا هیچ جەزیرەیەك بەدی ناکرێ. ڕەنگە مەبەست لە جەزیرە، ئەو مرۆوانە بن کە بۆ هەڵاتن لە دەس خۆیان، دەمێ ڕوو دەکەنە ئەم شوێنە. چ خەیاڵێکی خاوە. دەبیسم جارجارە هێندێك کەس هەڵدێنە هەندەران تاکوو لە کۆڵ خۆیان ببنەوە، بەڵام لە بیریان دەچێ خۆیان بە جێ بێڵن. لەوێ تێدەگەن بە هەڵە چوون و هەر لە سەر جێگەی خۆیانن. تۆ هەروا بن پیلی بابت گرتبوو کە گەیشتینە قاوەخانەکەی جەزیرەی. هەر یەکەی لە سەر کورسیلەیەك دانیشتین. چاوم لە چاوی کاك محەممەد بڕی. چاوی نەدەتروکاند. لام وایە بەرەو دووری بەڕێی کردبوون. گەیشتۆتە جێیەکی ئێمە قەت نەگەینێ. بە نیگا خەیاڵمی دەپێکا. سەیر چووبووە دەخۆیەوە. بیر لەوە دەکەمەوە، ئێمە چ تاوانبارین؟! تا ئەو کاتەی شتێك لە لامانە و لەبەر دەستماندایە، نە دەیناسین و نە بایەخی بۆ دادەنێین، بەڵام هەر کە لە کیسمان چوو، دەیکەینە بەشێك لە هەناو و دەروونمان و بە وەبیر هێنانەوەی، پەکوو پەکوومانە.

کاك محەممەد لە بەرانبەرم دانیشتبوو. چایی دەخواردەوە و منیش خەریك بووم چام دەخواردەوە. دەمگوت بڵێی چەند دڵ بە دەنگی کەوتبێتە خورپە؟ یان چەند کەس بە زایەلەی دەنگی داسوکنابێ؟ و چەندە بە سازی دەنگی کەوتبێتە ڕاوی چاوی باز؟ و چەندە ڕاز کە کەوتۆتە سەر زار؟ و چەند خەیاڵ بۆتە پەپوولەی بێئارم؟ و...

چایی دووهەمی دەست دایە. چ دەستێکی لەرزۆك و بیانووگر. حاڵم سەیر گۆڕاوە. دەدڵدا دەڵێم: ((مەگین چەندەی ڕێگە بڕیوە کە ئاوا شەکەت و ماندوو سەری خستۆتە سەر شانی ئێوارە.)) خۆ دەمزانی گەلی لێقەوماو و بێ پشتیوان تا چ ڕادەیەك بارگرانایی دەخاتە سەر شانی هونەرمەندانی، بە تایبەتی ئەو کاتەی هونەری هونەرمەند لە دەنگیدا بێ و نەشێ دەنگ هەڵبڕێ.

نەمانهێشت ئەو بگاتە جەزیرەی، گەڕاینەوە. تۆ کە دەستت بە گوتن کرد، بابت چەن بە ناتەواوی دەستی پێکرد. سەیر گۆڕاوە، نە شیعرێك، نە وشەیەك، چی بە دەستەوە نەماوە، تەنیا دەنگی دەهات و من هەر دەنگم لێوەنەدەهات.

مەودای نێوان جەزیرە و ماڵە کاك محەممەد — هەڵکەوتوو لە چوارڕێی مەولەوی — سەیر لێك کشابۆوە. دەتگوت دوو جارم عومر کردووە. تۆ، بابت بە دایکت ئەسپارد و لێك جیا بووینەوە. چەشنی سێ جەزیرەی تەنیا. تەنیای تەنیا. ئەوین لە کۆڵان و شەقامەکانی شاردا پیاسەی دەکرد. چ سەیرە، ئیمشەو ئەوەی ئەویندارە خەو بردوویەتی.

---

١. مەبەست کاك عەولای مامڵێ کوڕی کاك محەممەدی مامڵێیە.
٢. جەزیرە، سەیرانگەیەکی نزیك شاری مەهاباده.
٣. نەخۆشی فەرامۆشی.
٤. مەبەست شاعیری بە ناو بانگ میرزا "عەبدوڕەحیمی سابلاغی"یە.
٥. شوێنێکی نزیك شاری مەهاباد کە لە پەنای سەددی مەهاباد هەڵکەوتووە.

سازدانی: کاوه حاجی عەزیز

چاوپێکەوتن لەگەڵ

(د. کەمال مەعروف)دا

د. کەمال مەعروف دەنگێکی ئەکادیمی و رەخنەیی و ناوازەی گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیمانە، لەزۆربەی گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکاندا بابەتی سەر بەلێکۆڵینەوەو دیراسات و رەخنەی هەیە، هەر بۆیە بەچاکمان زانی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا ساز بکەین لەشەوێکی فێستیڤاڵدا چاومان پێکەوت و گفتوگۆیەکمان لەگەڵدا سازدا.

• نووسەرانی کورد تا چەند توانیویانە لەگەڵ کارەساتەکاندا مامەڵە بکەن و، تا چەندێ لەگەڵ خۆیان و خوێنەراندا راستگۆبوون؟

➢ نووسەرانی کورد لە ئاستەنگەکانی کورد دواون، بەڵام لە ئاستی رووداوەکان نین، چونکە رووداوەکان زۆر مەزنترن کە پێویستی بەدەیان رۆمان و نووسین هەیە، ئەمەش بەلای منەوە هێشتا پێویستی بە کاتە تاکو وەکو پێویست بتوانرێ لەسەری بنوسرێ. چونکە رۆمان نووسین کارێکی ئاسان نییە، پێویستی بە شارەزایی و تەکنیك و زمانی چڕو دەوڵەمەندی هەیە. پەیوەندی مرۆڤ بە شتەکانی دەوروبەریەوە پەیوەندییەکی سوودمەندی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی جوانییە، خودی شیعر شۆڕشێکە لەسەر واقیع و ڕوداوەکانی واقیع، شاعیر دانانیشێ شیعری ڕۆمانسی بۆ شۆڕش بنووسێ، بەڵکو لە ناو واقیعەکە دەژی لە ناوی دەتوێتەوە دەبێتە بەشێك لە واقیع، کاتێ لەسەری دەنووسێ بە ویژدانەوە بۆی دەچێ، کاتێ ڕەمزو ئەفسانە بەکار دەهێنێ، لە ئەنجامی ژیانی لەگەڵ ئەم دیاردانەدا ئەگەر وانەکات، دەوری ون دەبێ بۆیە دەبێ قسە لە ویژدانەوە بۆ ویژدان بکات، چونکە هونەرو ئەدەب واقعی نییە، بەڵام واقعێکە واقیع ناگوێزێتەوە کە ڕوودەدات، بەڵکو لە واقیعدا ئیلهام وەردەگرێت. مالینوفسکی دەڵێ: هەڵوێستی سیاسی شاعیر دەبێ لەگەڵ سیاسی جیاواز بێ، نابێ بۆ هێزی بەدبین، یا خود بۆ پەراوێزەکان بنووسێ، تاکو ئیستا چەند شیعرو هەندێ کورتە چیرۆك لەسەر کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال نووسراون کە دەکرێ باشتری

لەسەر بنووسرێ و بە شێوەیەکی هونەری بخرێتە روو. بۆ نموونە ئاراگۆن کە باسی چاوە جوانەکانی ئەلزا دەکات، مەبەستی رووداوێکی گرنگی مێژوویی‌یە، کە ئەویش شەڕی جیهانی دووەم و هێزی ڤاشستی هیتلەرە، بەڵام چۆن باسکردنێك کە بە شێوەیەکی هونەری سیمبول ئامێز رووداوەکانی تێکەڵکردووە، کە بە هیچ شێوەیەك لە نرخی هونەرەکەی کەم نەکردۆتەوە، بەمەش لە لایەك بە تۆمار کردنێکی مێژوویی دادەنرێ، لە لایەکی ترەوە رەوڕەوەی هونەری شیعری نەشێواندووە، بەڵکو شان بە شانی یەکتر هەم خزمەتی گەورەیی ئەدەب و هەم خزمەتی رووداوێکی مێژوویی و مرۆڤایەتی کردووە، پێم وایە نووسەری کورد کاتێ دەنووسێ، دەبێ لەگەڵ قەڵەم و هونەرەکەی راستگۆبێ، ئەگەر وایان پەیڕەو کرد ئەوا لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ خوێنەراندا راستگۆ دەبن، ئەگینا دەبن بە پاشکۆو نە خزمەت بە ئەدەب و نە خزمەت بە خۆیان و خوێنەران ناکەن.

• رەخنەی کوردی ئیمڕۆ چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ پێتوایە کە رەخنەی کوردی لە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی خۆی دەرچووبێت؟

➢ لایەنی نێگەتیڤی رەخنەی کوردیمان، هەندێ رەشکردنەوە هەیە، لە سەر بنەمای دۆستایەتی و برایەتی و حیزبایەتی دەنووسرێت، ئەم جۆرە نووسینانەش بە هیچ شێوەیەك نە خزمەت بە ئەدەب و نە خزمەت بە ئەدیبەکە ناکات، لایەنێکی تری نەبوونی رەخنەی پسپۆڕی کە ئەمەیان زۆر پێویستە و لە ولاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپادا پەیڕەو دەکرێت، تەنانەت گۆڤاری تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێت، چونکە پسپۆڕی لە بورای شیعر، یا خود چیرۆك یان لە دەقی ئەدەبیدا مانای قوولبوونەوە دەگەیەنێ، پرۆسەی رەخنە پرۆسەیەکی رۆشنبیرییە، لەلایەك دەبێ رەخنە گر رۆشنبیریەکی بەرفراوانی هەبێ لە لایەکی ترەوە دەبێ خاوەن بەرنامەیەکی تیووری بێت سوود لە تیورە تازەکانی ئەوروپا وەربگرێت. بە داخەوە زۆر جار بە ناوی رەخنەوە لە لایەن کەسانی دەروون نەخۆشەوە، تیرو توانج و قسەی ناشیرین ئاراستەی خاوەن بەرهەم دەکرێت. خاڵێکی تر، رەخنەکانمان نابێ بە تەنیا گفتوگۆ لەگەڵ ئەدەب بکات بەڵکو دەبێ گفتوگۆ لەگەڵ ژیان و هەڵوێست لە بارەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە وەربگرێت، پێویستە ئەوانەی لێکۆڵینەوەی رەخنەیی بە ئەنجام دەگەیەنن، دوای پێشکەوتن و گۆڕان بکەون کە لە ژیانی ئەدەبیدا روودەدات، خاوەنی هۆشیارییەك بن کە لە توانایاندا بێت، چارەسەری گیروگرفتەکان بکەن و ئەزموونی خۆیانی پێ بەهرەدار بکەن. خەوشێکی تری رەخنەی کوردی نەبوونی تیورێکی نوێی کوردییە لە رەخنەو ئەدەبدا. لایەنی پۆزەتیڤی ئەوەیە کە لە دەقەکە دەکۆڵێتەوە، کەشفی رێڕەوەکانی، سەرەڕۆییەکانی، دەخاتەڕوو، لەبەر رۆشنایی تیورو تەوژمە تازەکانی رەخنەی جیهانی دەقەکە

شـیدەکاتەوە، بڕیارەکـانی، ئەنجامـەکانی تۆمـار دەکات.

• هەندێ رایان وایە کە رەخنەی کوردی بۆ جـاران ئایدیۆلۆژیایـەك خـۆی لـە پشـتەوە مەلاسـدابوو، ئایـا ئەمـە خزمـەتی بـە ئـەدەبی کوردی کردووە؟

➢ لە قۆناغی رزگاری نیشتمانی و نەتەوایەتیدا، ئەدەب و هونەر زیـاتر بـەلای نـاوەڕۆکی مەسـەلەکان دەچن، واقیعە نالەبارەکە لە ئەدەب و هونەردا رەنگ دەداتەوە، دیارە رەخنەش تەواوکەری ئەدەبە، بۆیـە شـتێکی ئاسـاییە کـە ئایدۆلۆجیـەتێك لـە پشـت مەسەلەکانەوە بێت، کە شیعر و چـیرۆك و دەق باس لە کێشەی سیاسی، مەسەلەی ئازادی و سـەربەخۆیی و زوڵم و زۆرداری بکـات، رەخنـەش دەبـێ پاڵپشـتی کێشەکان بێت، پرۆسەی رەخنەیش گرنگـی رۆشـنبیر و رەخنەگرە لەم قۆناغەدا کە قۆناغێکی مێژوویی‌یـە، دەبێ رەخنەگر کەم و کوڕیەکان بخاتە ڕوو، خـەون و ئاواتـەکان دیار بکـات. لـە کۆمـەڵگای کوردەواریـدا سیاسـەت بەسـەر ئەدەبەکـەماندا زاڵـە، پێویسـتە شتەکان جودا بکرێنەوە، جیـاوازی بکرێت لـە نێوان دەقێکـی سیاسـی داهێنـەرو سیاسـەتێکی ڕووت، پێویستی ئازاد بێ لـە ئایدۆلۆجیـە و سیاسـەت دا لـە رێگای هونەرەوە سەیری سیاسەت بکرێت. ئـەدەب و هونەر ئاڵۆزن و سەربەخۆییەکی رێژەییـان هەیـە، بـە شێوەیەکی میکانیزمی بە واقیعـەوە پەیوەسـت نـین، پـەیوەندی نێوان واقیـع و ئـەدەب پەیوەندی‌یـەکی میکانیزمی ساکار نییە، هەر ڕووداوێك ڕوویـدا شـاعیر یـا خـود نووسـەر لەسـەری بنووسـێ، ئـەم جـۆرە تـێڕوانین و بـۆ چوونانـە لـە چلـەکان و پـەنجاکاندا پەیڕەو دەکرا، لە پاش نەوەتەکانـەوە رەخنـەکانمان لەسەر بنەمایـەکی تیـوری چـەمکی شـیعرو رۆمانیـان شیدەکردەوە، ئەدەب وەکو ئەدەب مامەڵەی لەگـەڵ دەکـرا، وەکـو ئایدۆلۆجیـەتێك سـەیر نـەدەکرا، لـە رۆژگـاری ئیمڕۆمـاندا خوێنـەریش دەبـێ بەشـداری خوێندنـەوەی دەق و گفتوگـۆی لەگـەڵدا بکـات، کـە ئەمەش پێویستی بە بزوتنەوەی رۆشنبیری هەیە کـە هـەموو دەزگاکـانی راگـەیاندن و رۆشـنبیری و پـەروەردەیی بگرێتـەوە، تـاکو نەوەیـەکی رۆشـنبیرو خوێندەوار بێتـە کایـەوە، بەشـداری لـە پرۆسـەی رەخنـەو رۆشـنبیری بکـات، ئەگـەر دەقـی ئـەدەبی تێڕوانین و هەڵوێست بێ لە جیـهاندا، دیـالۆگێك بێت لەگـەڵ دیاردەکـان جیـهان و ئـارەزووی پێشخسـتنی بکات بێگومان، رەخنەش لـەم بـوارەدا دووڕە پـەرێز نابێ و بەشداری تێدا دەکات. گابریل گارسیا مـارکیز دەڵـێ: ئـەدەبی مولتـەزیم ئـەدەبێکی باشـە، پاشـان دەڵـێ نووسـەرێ لـە ئـەمریکای لاتینـی هەڵبکـەوێ ناتوانـێ بـە کێشـەکانەوە مولتـەزیم نـەبێ، بـەڵام ئیلتیزام شتێکە و پارتایەتی شتێکی ترە، کە نووسەر دەبـێ خـۆی لێ دوور بخاتـەوە، بـۆ مەسـەلەی خزمەتیش دیارە خزمەتی بە ئەدەبی کوردی کـردووە و نەشـی کـردووە، ئـەو ئەدەبـەی کـە ڕوخسـارو ناوەڕۆکی شان بە شانی یەکتر بێ رۆڵی باشی بینیوە لە خزمەتکردنی ئەدەبی کوردیدا، ئەو بەرهەمەش کە بـە تـەنیا هـەر بایـەخی بـە نـاوەڕۆك داوە، لایـەنی جوانکاری فـەرامۆش کـردووە، ئـەوا خزمـەتی بـێری نەتەوایـەتی، مەسـەلەی نیشـتمانی کـردووە، رۆڵـی باشی بینیوە لە ورووژاندنی جەماوەر و هـانیداون بـۆ خـەبات و تێکۆشـان لـە پێنـاوی ئـازادی و سەربەخۆیی‌دا.

• ئایـا بونیادگـەری قوتابخانەیـە یـان فەلسەفەیە یان میتۆدێکی رەخنەیەو، چ کارێکی لەسەر دەقی کورد کردووە؟

➢ بونیادگـەری قوتابخانـە و فەلسـەفە نییـە، بـەڵکو رێگایەکـە لـە تـێڕوانین، بەرنامەیەکـە لـە دیاریکردنی بـوون (مـرۆڤ و رۆشـنبیرو سروشـت)، کەواتـە بونیادگـەری رێبـازێکی فیکرییـە، سـەرەتای نوێخوازییە لە رەخنـەی ئـەدەبیدا تـەفکیکی قۆنـاغی پاش نوێخوازی دێت.

دوسوسور دەڵێ: لێکۆڵینەوەی زمان لە چاوتروکانێکی کاتی دیاری کراودا کە باری رابردوو لەبەر چاو ناگرێت، بونیادگەریەکان شیکردنەوەی بنیادی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی و ئەدەب دەکەن کە بنیادێکی جێگیرە دووری پەرێزە لە تەوەرەی مێژوویی پێشکەوتوو، لیڤی شتراوس کاتێ لێکۆڵینەوەی بنیادی کۆمەڵایەتی و عەقڵی کۆمەڵگا جیاوازەکانی کرد، تەوەرەی مێژوویی تەواو فەرامۆش کرد.

دیریدا و فۆکۆ دەڵێن لە راستیدا شتێك نییە پێی بووترێ مێژوو، و تێگەیشتنی باو لای بونیادگەریەکان دەربارەی پەیوەندی مێژوو بە زمانەوە، کە زمان چەمکی مێژووی دۆزیەوە نەك پێچەوانەکەی، بەڵام لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەب و رەخنەدا بونیادگەریەکان نەفی تەواوی مێژوو دەکەن، سەیری ناوەوەی دەق دەکەن، وەکو بنیادێکی زمانەوانی، رەتی نووسەرو سەربردەی کەسایەتی دەکەن، رۆلان بارت دەڵێ: خودی خوێنەر بۆشاییە هەموو خوازراوەکان وێنە دەکێشێ کە نووسینەکەی لێپێك هاتووە، کە رۆڵی دانەر بە تەواوی رەتدەکاتەوەو جەخت لەسەر وەزیفەی خوێنەر دەکات، یەکێتی دەق لە بنەچەوە سەرچاوەی نییە، بەڵکو لە مەبەست و رێبازیەتی لە کۆتاییدا بارت بڕیاری خۆی دەدات بە لە دایکبوونی خوێنەر و مردنی دانەر. هەروەها دەڵێ: دەق لە جۆرەها نووسین پێك دێت کە لە فرە رۆشنبیرییەوە سەرهەڵدات و لەگەڵ یەکتردا دەکەونە دایەلۆگ، بە پشتبەستن بە دەق ئاوێزان رۆڵی دانەر دەبێتە لەبەر نووسینەوە. چونکە دەق لە ریزکردنی وشەکان دروست نابێت بەڵکو بۆشاییەکە ئاسۆی هەمەلایەنەی هەیە، (دەق لە چنین و وەرگرتنی سەرچاوەی رۆشنبیری هەمەلایەنەوە پێکدێت). فۆکۆ و بارت ئەدەب و هونەر لە ئارەزووی مرۆڤایەتی رووتدەکەنەوە، رەخنەگری ئیسپانی (ئۆرتیغاغاست) جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە هونەر و شیعر لە سۆزو بابەتی مرۆڤایەتی پووت بکاتەوە، چونکە لەناوبردنی وێنەی مرۆڤایەتی و رەشکردنەوەی دەبێتە هۆی لەدایکبوونی چێژێکی هونەری، ئەم فەیلەسوفە هێرش دەکاتە سەر هونەری رۆمانتیکی چونکە تەعبیر لە سۆزو نەست دەکات، هەروەها رەخنە لە مۆسیقاش دەگرێت کە تەعبیر لە سۆزی مرۆڤایەتی دەکات، بە هۆی مالارمێ لە شیعردا سروشت و مرۆڤایەتی رەتکرایەوە. ئەمانە هەندێ تێڕوانینی بونیادگەریەکان بوون، بە بۆچوونی خۆم مردنی دانەر قسەیەکی ناتەواوە، دەقی ئەدەبی دیاردەیەکی ئالۆزو پەیوەستە بە کۆمەڵێ هۆی سۆسیۆلۆجی و مێژوویی و رۆشنبیرییەوە چونکە زۆر دەق هەیە، ناتوانرێ لێی تێبگەی ئەگەر بۆ کەسایەتیەکە نەگەڕێتەوە، چۆن رەخنەگرو خوێنەر دەتوانن لە ئەزموونی شاعیری رۆمانتیکی شیللی یا خود بلێك یان کیتس و کولێردج بگەن، بێ ئەوەی بۆ جیهانی شیعری رۆمانتیکی نەگەڕێنەوە. رۆڵی دانەر لە دروستکردنی دەقی ئەدەبیدا شاعیر ئەگەر ونیش بێت لە ناو ئەزموونی شیعری نوێدا، هەردەم داهێنەری راستەقینەی دەقەشیعرەکەیە کە دروستیکردووە کە دەقەکە بە سەر جیهان و تێڕوانین و خودی شاعیرە، ئەلێوت لەم بارەیەوە دەڵێت: ئامانجی شاعیر دەربڕینی خود نییە بەڵکو هەڵاتنە لە خود، ئەمەش لەگەڵ مردنی دانەردا یەکناگرنەوە.

ج کارێکی لەسەر دەقی کورد کردووە، هەروەکو ئاشکرایە ئەوروپیەکان لە شەستەکانەوە لێی دوور کەوتنەوە، عەرەبەکانیش لە حەفتاکانەوە لێی نێزیك بوونەوەو دەستیان کرد بە وەرگێرانی کتێبەکانی رۆلان بارت و فۆکۆ.. هتد.

لە ناو ئێمەشدا لە بیستەکانەوە هەندێ شت لەسەر بونیادگەری بڵاوکراوەتەوە، بەشێکیان پچڕ پچڕ و بێمانایە، چونکە بە ئاشکرا دیارە کە وەریانگێڕاوە، بەڵام نەیانزانیوە وەریبگێڕن بۆیە شتێکی لێدەرچوو نەخوێنەرو خۆشیان لێی تێناگەن، پێموانییە ج کاریگەریەکی لەسەر دەقی کوردی کردبێت.

• پێتوایە کە دەقی کوردی کەڵکی لە کەلتوری کوردی یان جیهانی بینیبێ؟ تا چەندە ئەمە راستە؟

➢ بێشك دەقی کوردی کەڵکی زۆری لە دەقی جیهانی بینیوە؟ شیعرو چیرۆك و دەقی کوردی کاریگەری ئەدەبیانەی بیانی بەسەرەوەیە، جا ئەم کاریگەریە و سوود وەرگرتنە، هەندێ جار لە ڕێگای زمانی عارەبی و فارسی و تورکییەوە بووە، هەندێ جاریش لە ڕێگای زمانانی ئەوروپییەوە وەکو ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسی و سویدی و زمانانی ترەوە بوونە، شاعیرانی ڕووس بە تایبەتی پۆشکین، مایکۆفسکی، تۆلستۆی، دوستۆفسکی شوێن پەنجەیان بەسەر دەقی کوردییەوە دیارە، شاعیرانی فەرەنسیش وەکو ئەلبێرکامۆ، گلیقیك، جاك بریڤیر، بۆدلێر، ئاراگۆن کاریان کردۆتە سەر شاعیرانی حەفتاکانە، وەکو شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق صابر، عەبدوڵڵا پەشێو، فەرهاد شاکەلی و چەندانی تر هەروەها ئەدەبیاتی ئینگلیزی چ ڕۆمان بێ یا خود شیعری ئینگلیزی کاری لە شاعیرو چیرۆکنووسانی کورد کردووە، بە تایبەتی لە چیرۆکنووس و شاعیرە لاوەکانمان، شاعیرانی ئینگلیز وەکو ت.س ئەلیوت، شیلی، گولدث سمیث، هتد دیارە کەڵك وەرگرتن لە شارستانێتی ئەوروپا شتێکی باش و بە نرخە بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی ئەدەبی کوردیمان و دەوڵەمەند کردنی ئەزمونەکەی، بە مەرجێ شاعیر یا خود چیرۆکنووس بتوانێ بە شێوەیەکی هونەرمەندانە سوودی لێوەربگرێت لەگەڵ ئەدەبەکەماندا موتربەی بکات و جارێکیتر بە شێوەیەکی تر دایرێژێتەوە وەکو (گۆران)ی شاعیر لە تاقیکردنەوەی شیعری خۆیدا پەیڕەوی کردو توانی بەرهەمێکی دانسقەو بێوێنەی پێ بینێتە کایەوە، چونکە ئەدەبەکەمان نابێ بە ئەدەبێکی داهێنەرو سەرسوڕهێنەر ئەگەر پەیوەندی نوێ دروستنەکات و خوێنەریش بەشتی نوێ نەهەژێنێ و شتێکی نوێی نەخاتە بەردەست.

• ئێوە چۆن دەق ئاوێزان و دزی ئەدەبی جیادەکەنەوە؟

➢ دزیی ئەدەبی ئەوەیە شاعیر یا خود ئەدیبێ دەست بەسەر بەرهەمی کەسێکیتردا بگرێت و بە ناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە و پەنجە بۆسەر چاوەکەی دریژنەکات جا ئەم دزی کردنە لە گواستنەوەی دەقێك یا خود نووسینەوەی وشە بە وشەی کتێبێکەوە دەبێ هەتا دەگاتە وەرگرتنی دێڕێك و دەیکاتە مولکی خۆی و شانازی پێوە دەکات، بەڵام دەق ئاوێزان بە مانای ئاڵ و گۆڕی نێوان دەقە جیاوازەکانە، بڕین و تێکەڵاوی شارستانێتەکانە لە کاتی ئاڵ وگۆڕدا گەلێشت لە دەقەکان وەردەگرێت بەڵام سەنتەری خۆی دەپارێزێ و نووسەرەکە باوکی دەقەکەیە و بە هۆی گۆڕین و ئاڵ و گۆڕەوە دەق ئاوێزان چێ دەبێ، لە کاتی گۆڕیندا شتەکان دەشێوێنێ و ڕوویەکی تری پێدەبەخشێ.ئەوروپیەکان دەڵێن شاعیرێك لاسایی هونەری شاعرێکی تر بکات دزیی کردن نییە، مادام شتی نوێی بۆ زیاد کردووە، بەڵام ڕەخنەگرە عەرەبەکان دەڵێن لاسایی کردنەوە دزیی ئەدەبییە، ڕەخنەگرە ئەوروپیەکان دەڵێن دزیی کەسایەتی ئەوەیە کە شاعیرێك بیرو دەستەواژە و وێنەی دووبارە بکاتەوە، بەرنامەی ڕەخنەی ڕۆژئاوا کاریگەری ئەدەبی بە شێوەیەکی کامل وەردەگرێت بەڵام بەرنامەی ڕەخنەی عەرەبی بەشێکی وەردەگرێت چونکە دێرە شیعر یەکە یەکە قەسیدەکەی لەسەر دروستدەبێ.

• ئایا ئێستاش پێت وایە، کە شیعری کوردی لە قەیراندا بێت؟ ئەدی چۆن چارەسەر دەکرێت؟

➢ تاکو ئێستا نەوەی نوێ بە دوای ناسنامە و شێوەی هونەریا دەگەڕێن، ئاسۆی شیعریان دیار نییە، لاوەکان بەکەش و هەوای جوواواز دەنووسن، شتی نوێیان پێیە، بەڵام سەرەڕۆیی فیکری و نوێخوازیان بەخۆوە نەگرتووە، ئەو ڕەمزو وێنانەی کە لە شیعردا بەکاری دەهێنن، زۆر ڕەمزو وێنەی سواون، نەیان توانیوە کەڵك و سوود لە کەلەپووری خۆمالّی و بیانی وەربگرن، ئەمەش بۆ ئەوە

دەگەڕێتەوە کە بەشێکیان نەک هیچ زمانێکی جیهانی تەنانەت زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیش نازانن، هەندێکیان بەسەقەتی وەریدەگێڕن، بۆیە هیچ مانایەک نابەخشێ، تەمەنێکی کورتی شیعریان هەیە، نەبوونی مەعریفەت و کەم شارەزایی بە بەرهەمەکانیانەوە زۆر بەزەقی بەرچاو دەکەوێ، لە بواری وەرگێڕاندا زۆر لە دواوەین، تەنگژەی زمان بەرامبەر شارستانێتی نوێ، زمانەکەمان، زمانێکی شارستانێتی پێوە دیار نییە، چونکە لە رووی شارستانێتیەوە دواکەوتووین، تاکو ئێستاش زمان لە لای ئێمە هۆی پەیوەندیکردنە، لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە لە بواری ئابووری و سیاسی و رۆشنبیریەوە وەکو پێویست هەنگاومان بۆ پێشەوە نەناوە، دیاردەی شارستانێتی نەچۆتە ناو ویژدان و بیرو عەقڵ و هۆش و دەروونمانەوە. زمانەکەمان راستە بەرەو پێش چووە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێ تەعبیر لە زۆر شتی شارستانێتی بکات، تاکو ئێستا بۆ زۆر زاراوە یەکگرتوونین، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەزمانەکەمان کەم و کوڕی تێدایە، بەڵکو ئیشی بۆ نەکراوە. بۆشاییەکی مەزن لە نێوان شاعیرو خوێنەر دا چێ بووە، خوێنەری کورد مردووە ئەوەی دەیخوێنەوە بابەتی سیاسی و میژوویی‌یە، بەلای شیعرەوە ناچن. (نزار قەبانی) لە بارەی خوێنەری تەمبەڵەوە دەڵێ: ئەم تەمبەڵییە کارەسات و داب و نەریتە لە لای زۆربەی خوێنەرو گوێگری عەرەب، پاشان بەردەوام دەبێ و دەڵێ: کاتێ بۆ ئەم تەمبەڵە شیعرێ دەخوێنیتەوە کە پڕە لە خۆشەویستی، گریان، پێکەنین.. هتد. وەڵامەکەی ئەوەیە دەڵێ لێی تێناگەم، کاتێ بۆی راڤەدەکەی شیعرەکە دەکوژی.

ئەم جۆرە شیعرانە ئەگەر چاپ بکرێن، لە دووسەد نسخە زیاتر نییە، وەکو دیاری پێشکەش دەکرێن، شوێنی شیعر لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرەو پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و پەرەسەندنی دام و دەزگای دەوڵەت لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەدەب و نووسین دەوەستێ شیعر بۆتە هونەرێک کە حکومەتی هەرێم لە رووی چێژەوە بایەخی پێنادات، دیوانە شیعر بە چاپ ناگەیەنێ، بۆ نموونە دەزگاکانی رۆشنبیری هەرێم وەکو دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، دەزگای ئاراس و موکریان بایەخ بە شیعر نادەن، دەرچوانی زانکۆ وەکو پێشوو دەرچووانی شیعرو چیرۆک نین، بەڵکو لە بواری ئیداری و تەکنیکی دەردەچێ، ئەمەش پاڵی بە شیعرەوە ناوە کە بچێتە دواوەی بایەخە کۆمەڵایەتیەکانەوە. بۆ چارەسەری ئەزمەی شیعر ئیمڕۆ لە ئەمریکا و فەڕەنسادا بە شێوازی نواندن شیعر پێشکەش دەکرێن، شیعرەکانی (ئالن غنسبرغ) بە هۆی کاریگەری دەنگ و گوێ بە خەڵکی ئاشنا دەکرێن، لە شەقام و باغچەو ناو میترۆدا بە زمانی سەرزارەکی دەخوێندرێنەوە،شاعیرە فەرەنسیەکانیش وەکو (serge peay) سێرج پیی، بە رێگای یاریکردن بە دەنگ و بەکارهێنانی کاریگەری گوێ و چاو، پێکردنی مۆم لەسەر شانۆ، جوولاندنی وێنەی خەیاڵی لە پشت شاعیرەوە بە کاربردنی دەف و ئامرازی تۆمار کردن بۆ گێڕانەوەی دەنگەکانی باو شەپۆلەکانی دەریا دەخرێنە روو (سێرج پیی) لە دیداری (کافالا)ی شیعردا لە ساڵی ١٩٩٨ لە یۆناندا، دوودارى بە دەستەوە گرت و وتی: دار رێنمایی کوێر دەکا، هەروەها رێنمایی منیش دەکا لە کاتی خوێندنەوەی شیعردا، بەم شێوەیە شیعر دیواری دوورە پەرێزی دەڕوخێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا تێزی زانکۆکان لەسەر شاعیر دەنووسرێت، لە هەمووئەکادیمیەکانی جیهان سەکۆی شیعر هەیە، ئاهەنگ و فێستیڤاڵی شیعر بەردەوامە، رێکخراوی رۆشنبیری جیهان یونسکۆ رۆژێکی تایبەتی بۆ شیعر تەرخان کردووە...

● رەخنەگرانی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ کێت بەلاوە پەسەندە؟

➢ هەروەک لە هەموو بوارەکانی تری بەرهەم هێناندا، رەخنەی باش و بەپێزو رەخنەی نابەجێش هەیە، رەخنەگر هەیە خاوەنی زانیاریەکی زۆرەو پشت بە بنەمایەکی لێکۆلینەوەی زانستی ورد دەبەستێ، رەخنەگریش هەیە هیچ بەرنامەیەکی

مەعریفی لە پشتەوەنییە، درێژ دادڕی و بێسەروبەری بە رەخنەکانیەوە دیارە، تەنانەت خودی خۆشیان نازانن چیان وتووە. بە شێوەیەکی گشتی ئیمڕۆ لە رەخنەدا کۆمەڵێ تەوژمی رەخنەیی جۆراوجۆر هەیە، لە حەفتاکاندا لە بواری رەخنەدا هەندێ ناوی درەوشاوە هەن کە شوێن پەنجەیان لە رەخنەی کوردیدا بە راشکاوی دیارەو رۆڵی باشیان بینی لە شڵەقاندنی گۆمی مەنگی ئەدەبی کوردیدا ئەوانەی لە یادم مابن، مامۆستای خۆشەویستم د.عیزەدین مستەفا رەسوول، هاوڕێ دڵشاد مەریوانی نەمر، فوئاد مەجید میسری، کەمال غەمبار و کەمال میراودەلی، فوئاد و ئەکرەم قەرەداغی و مارف بەرزنجی و چەندانی تر ئەوانەی ئێستا کە زۆر بە دڵمن و پەرە بە رەخنەی کوردی دەدەن ئەمانەن: عەتا قەرەداغی، حەمە سەعید حەسەن، ئازاد عەبدولواحید، رەئوف حەسەن، سابیر رەشید، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، رەئوف عوسمان، غەفور صالح و چەندانی تر.

• ژیاننامەی دکتۆر کەمال مەعرووف بە پێنووسی خۆی:

ساڵی ١٩٥٠ لە شاری کۆیە لە دایکبووم، ساڵی ١٩٧٥ دیراساتی کوردیم لە زانکۆی سلێمانی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٧ ماجستێرم لە سەردڵداری شاعیر لە سۆربۆن وەرگرتووە، ساڵی ١٩٩٠ دکتۆرام لە پاریس حەوت لەسەر بزوتنەوەی نوێخوازی لە شیعری نوێی کوردیدا تەواو کردووە، لە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بە زمانی عەرەبی و کوردی و فەرەنسی بەرهەم بڵاو کردونەتەوە.

بەزمانی فەرەنسی ئەم کتێبانەم بە چاپ گەیاندوون.

1.La vie et Louvre du poepte kurde Dildor, Ed, Murice Thorez, paris, 1989.

ژیان و بەرهەمەکانی دڵداری شاعیر، پاریس، ١٩٨٩.

لێکۆڵینەوە

2.Les Lurs, le Luristan et lepopet Baba Tahir Hamadani, Ed, Sarl Futur, paris, 1989.

لۆڕ و لۆڕستان و بابە تاهیری هەمەدانی سەرەتای ئەدەبی کوردی، پاریس، ١٩٨٩.

لێکۆڵینەوە

3.Question de consience, Arbil, 2000.

مەسەلەی ویژدان، ئەحمەد موختار جاف، هەولێر ٢٠٠٠.

(پێشەکی و وەرگێڕان)

4.La Tempête Blanche, Arbil, 2000.

گەردەلوولی سپی لەتیف هەڵمەت، هەولێر، ٢٠٠٠.

(پێشەکی وەرگێڕان)

5.Les petits miroires de sherko Bekas Ed, Lharmatan, paris, 1996.

ئاوێنە بچکۆلەکانی شێرکۆ بێکەس

(پێشەکی و وەرگێڕان)

به زمانی کوردی

١.لێکۆڵینەوەیەک لە هۆنراوەکانی رۆستەم حەوێزی، هەولێر، ١٩٧٦.

٢.زەکی هەناری و هۆنراوەی منداڵان، وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر ٢٠٠٠.

٣.ئەدەبی کوردی و رەخنەی ئەدەبی نوێ، بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ سلێمانی ٢٠٠٠.

به زمانی عەرەبی

١.الحركة التجديدية في الشعر الكردي الحديث، ستوكهولم، ١٩٩٢.

لەگەڵ هاوڕێ د.فاضل قافتان دوو نامیلکەمان به زمانی کوردی و عەرەبی به چاپ گەیاندووە.

١.پرۆژەی به کوردی کردنی زانست.

٢.مفاهيم الديمقراطية.

خەڵاتی هۆنراوەی پێنجەمین فێستیڤاڵی

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ ٢٠٠١

پلەی یەکەم:

١. عەشق نامەی مەعشوقێکی سپی - سەلاحە رەش.
٢. دەستەکانی ئاشوب - وریا جەلی زادە.
٣. سەفەر - فەوزیە سوڵتان بەگی.
٤. گەڕانەوە بۆ ڕۆیشتنی (با) - عیرفان مستەفا حەمە ڕەحیم.
٥. کاتێ باران بە گومانەوە دەپەیڤێ - عبدالمطلب عەبدوڵڵا.
٦. سەلامێك بۆ نیشتمان - هەورامان وریا قانع.

پلەی دووەم:

١. تەرمێك لەولا نیشتمان - سەلام مستەفا.
٢. قەڵا گوڵینەکانی وەهم - لەیلا عەلی.
٣. سەرگوزەشتەکانی نوچ - ڕۆژ هەڵەبجەیی.
٤. ئەدرەسێکی سپی - عەبدوڵڵا ئەحمەد.

پلەی سێهەم:

١. لەرینەوەی پەردەکانی شەو - عیرفان ئەحمەد.
٢. حەنین دەمکوژێ - ئیسماعیل بەرزنجی.
٣. هیواکانم بە پشکۆی چاوەڕوانی ئەستێرە - روبار عبداللطیف.
٤. دەقی مردن - موحسین ئەدیب.
٥. دواگۆرانی شەو - دڵشاد ئەحمەد.
٦. میرنشینەکانی هەنگ - مودرك ژاڵی.
٧. گەشتە خەمبارەکانی ئێمە - محەمەد کوردۆ.
٨. لە ژیان خەمتر - لەتیف فاتح فەرەج.
٩. عاشق و شاعیر و موسافیر - ئیدریس عەلی.
١٠. ئەو گوڵانەی تەمەن لە مەنفا ناشتنی - ڕەنج شوکری تۆفیق.

عەشق نامەی مەعشوقێکی سپی



لە.. منی رەشتاڵەی کوڕی.. نەگبەت،
بۆ .. ئەوی سپی.. کچی خۆشبەخت
پەیامێکە بەرلەوەی بگاتە بەردەم هەور، شەوە تاریکەکان دەیخوێننەوە
نهێنییەکانی خوێندنەوەی ئەم چامەیە
لە نهێنی خەونی موعتادەکان ئەچێ..
لە ئۆمەڵە شاخێکی سەخت و گەردن کەش‌ەوە یەکەم حەرفی زمانی ئەپژێو
لە راستە شەقامی ئتوی مەلیک‌ادا فێری وتنەوەی لاوک دەبێ.
لە سێبەری هەناریکی هەڵەبجەدا.. چیرۆکی عاشقە مەئیوسەکانی ئەنووسێتەوە
لە شەوێکی باق و بریقی ئسەرچنار‌ادا سەیری دەسەسرێ سەرچۆپییەک ئەکا.. لە کاتی هەڵپەڕینا
ئگوڵە دالیا‌ا هاورێیەک و شایەتێکی نزیکی رووداوی ئەم دیرۆکەیە
ماموستایەک بە کڵۆیەک تەباشیرەوە دوا سەرنجی خۆی دەخاتە سەر تابلۆی تەواو نەکراوی بەردەمی..
تا ژمارە بیست هەموو وەرزەکانی ساڵ بەرێ ئەکاو تا ئەم لەحزە مالئاوایی لە بیست ساڵ عەشق ئەکاو
هێشتا تازە.. نامەکانی سەبری ئەیوب ئەخوێنێتەوە..
ئاگادارییەک بۆ.. عاشقە رەشتاڵەکان
غرور مەبن
گەر چەڵەمەشکێنەی ئەمجارەتان بردەوە

تێبینییەک بۆ.. مەعشوقە سپییەکان

زویر مەبن

گەر نەفامانە گوناهێکتان بەرامبەر کرا..

ئەم ئێوارە یەکەم ئێوارەو دوا ئێوارە نییە شــەوێک لــە خــەونی هــەرزەکاریم و. وێنەیــەک لــە ئــەلبومی یادگاریەکانم دەمبەنەوە بۆ زەمەنی پشکنینی کۆلّانە تاریکەکانی عەشق

دەمبەنەوە بۆ جێژوانی بەیەک گەیشتنی گێلاسەکانی هەوەس و دەمە تەقێی رازو و نیازی کەنارییەکان

گەڕانەوە بۆ تەمەنی بەرائەت و ئامێزی گەرمی موحیببەت

هەموو رۆژی بۆ چەند جارێ لەم شەقامەدا ون دەبم

ون دەبم و سەفەرێک بەرەو تراژیدیای سەربردەی خەونەکان دەکەم

خەونەکانی ئەو عاشقەی هەتا ئێستاش لە ناخەوە پێنەکەنیو

هەر بە فرمێسک سلاّوی لە هەڵهاتنی خۆرو مالّئاوایی لە ئاوا بوونی ئەکرد

ئەو عاشقەی یەک یەک هاوڕێیەتی ئەستێرەکانی کردو.. نامە نامە موناجاتی مانگی ئەخوێندەوە

لە تاریکی شەوە دەیجورەکانا.. چیرۆکی بێکۆتایی لە سێدارەدانی ئەو گۆرانیانەی نووسییەوە

تا هەنوکەش لەدڵی خاکدا شاردنیەوەو لە زاری (با)وە جار جارە دەیانڵێتەوە

ئەم ئێوارە دوا ئێوارە نییە بۆ بن درەختێک بگەڕێم.. بە بیرەنگی کۆتایی فەشەلەکانم بنوسمەوە

فەشەلەکانی تێکەڵ کردنی ڕەنگەکانی عەشق و

فەشەلەکانی هەڵگیرساندنی ئەو ئاگرەی بەرگەی ڕەشەبایەکی نەگرت

من دەمویست یەک یەک توترکەکانی ئەو باخە بشکێنم

پیاسەیەکی دەمەو عەسرانی تیا بکەین

ئەو دەیوت.. کەسێ نییە بۆن بە بۆنی گوڵەکانی عاتیفەی منەوە بکات

من دەمویست پێکەوە جەستەمان لە ئاوی گۆماوێ نغرۆ بکەین

ئەو دەیوت.. لە نێوانی جەستەی سپی منی سپیو جەستەی ڕەشی تۆی ڕەشدا

دنیایەک ڕەنگ هەیە.. فرسەخێکی زۆری ماوە

تەواو دەنگم گڕ نەبوو بوو ئەو بەیانیەی بە ماچی پەنجە مێوژە مژە یەکمان ناسی

بەرلەوەی ئەو بناسم

من بەردێکی ڕەق و کوتەکێکی بێ گیان بووم

لاقرتیم بە دوا قوزەو پاڕانەوەی ئەو توتکە سەگانە ئەهات کە بێرەحمانە ئەمکوشتن

بەر لەوەی بە پەنجە ناسکەکانی پەنجەی سڕم راچڵەکێنێ
نەمدەزانی گوڵ چنین و ئازاری درک بۆوەک یەک نین
نەمدەزانی لورەی گورگ و چریکەی کەناری بۆ وەک یەک نین
نەمدەزانی نەڕەی جەلادو ئای ئای ئەمزهەری خالقی بۆ وەک یەک نین
نەمدەزانی شیعر بۆچی هەندێ کەڕەت دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لێدێو هەندێ جاریش پێ ئەکەنێ
لە ئەفسانەی عەشقی گەلاّو شنەی با.. گوڵە گەنم و نمەی باران.. یاخی بوون و ئەشکەوت..
نەدەگەیشتم
کە دەستەکانم لە نێو تەوقەی دەستی ئەودا خەبەریان بویەوە
ئاوازەکانی عیشق و .. حەرفەکانی شیعرو.. تاکتیکەکانی سیاسەت.. بونە هاوڕێم
من شاعیرانە عاشقی بووم و.. ئەو سیاسییانە دەستی هێناو خستیە دەستم
من شاعیرانە لێوم نزیک کردەوە ماچی بکەم..ئەو سیاسییانە روومەتی هێنایە پێشەوە..
شاعیرە ماچ.. لێوی هەنگە بۆ هەڵمژینی شیلەی گوڵ
سیاسییە ماچ.. زمانی درکە بۆ هەڵوەراندنی پەڕەی گوڵ
ریسەکانی سیاسەت زوو دەبنەوە بە خوری
شیعر درەنگ تر
عەشق بۆ ئەبەد..
بەزەیم بەو دوو دڵدارەدا دێتەوە..
بە تیرو دڵ نامەکانی دەڕازێننەوەو شەوانیش بە دزییەوە بەردەبنە جەستەی خۆیان
بەزەیم بەو ماسیانەدا دێتەوە..
بێهودە بەو دەریایەدا دێن و دەچن، نەفامانە دەکەونە تۆڕی ماسی گرەکانەوە
بەزەیم بەو ساوایانەدا دێتەوە
لە ئێستاوە خامی سپی و بستێک لە خاکی گۆڕستان میراتیانە
بەزەیم بەو ئینجانە گوڵەدا دێتەوە..
بۆ چەند ساتێ بۆنی عەتر دەپڕژێنێ و رەشەبایەک دەیشکێنی
بەزەیم بەو شەهوانیەدا دێتەوە..
رۆژانە چاو باشقاڵ ر ئەوانە بێدارو بۆ ساتێکیش ناگاتە لوتکەی هەوەس
بەزەیم بەو عاشقە رەشانەدا دێتەوە..

خەو بە سپییەکانەوە دەبینن و کاڵفامانە فرمێسکی گەرمیان بۆ ئەڕژن

بەزەیم بە خۆمدا دێتەوە.. خۆمی ڕەش

جەستەم کردە بەرانێک و بەقوربانی ئەوم کرد.. ئەوی سپی

بەدوای کوێرێکدا ڕۆیشتم.. وتم بەڵکە ئەو ڕێی قاچاغی قفڵەکان پێ بزانێ و دەرگاکانم بۆ بکاتەوە

لە دوای شەلێکەوە ڕامکرد.. وتم بەڵکو ئەو خێراتر هەنگاو بنێ و بمگەیەنێتە دوا مەنزڵ

لە دوای لاڵێکەوە ئەنف و بێم دەوتەوە.. وتم بەڵکو هۆرە چڕ بێ و فێری نوێترین گۆرانی بم

گوێم بۆ ئاموژگاریەکانی شێتی ڕاگرت.. وتم بەڵکە لە من ئاقڵ تر بێ و بەیەقینم ئاشنا بکا

لە نامەی یەکەما.. ساویلکانە بۆم نوسیبوو

لە دڵێکی بێگەردەوە.. بۆ گوڵێکی بۆن نەکراو

ڕێبوارێکی شەکەتم و تینوێتیم تەنها بە عەشق دەشکێ

لە چاوەڕوانیا یەک یەک گەلاّ وەریوەکانی پایزم ناسی

نامەی دووەم.. عاشقانە بۆم نوسیبوو.. قافڵەکانی عەشق شـــەوە تاریکـەکان جێئـەهێڵن و لـە سـپێدەدا دەگەنە دوامەنزڵ

وەرزەکانی بەفر بارینیشم بەرێ کرد

لە نامەی سێیەما بۆم نوسی..

سالاّن دەڕواو وا خەریکە لەگەڵ خوێنما تێکەڵ ئەبێ

وەرزەکانی سەیران و شەڕی بەدمەستەکانی قەراغ شاریشم بەرێکرد

چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم

تەنها تاشە بەردەکانی شاخ و کانیاوەکان و جەولەکانی گەرمیان و کوێستان خوێندیانەوە

نامەی هەشتەم لە زمانی منااڵێکی بەریئەوە بۆم نوسیبوو

(پەپەو) گیان.. لە بۆنی سێو هەڵهاتم و نەمردم

(پەپەو) گیان.. ئێستاکە من منااڵە ساویلکەکەی جاران نیم و لە چۆلەکە باوکانەیەکی سەرە ئەچم

تۆ لە گوڵە دالیا بپرسە.. کەس نییە وەک من بۆ بەربانگی ئەم عەشقەی تۆ..

بێ باکانە بەرۆژوو بێ

دوانامە بە شاپەڕی کۆترێکی سپی و بەمەرەکەبی خوێن بۆم نوسی تا ئەبەد عاشقێکی سەرشێتم

من هەڵەبجەییەکی خنکاوم

خنکاو بە (با)

هەڵەبجەییەکی دۆڕاوم

دۆڕاو لە شەڕ

هەڵەبجەییەکی فاشیلم

فاشیل لە سیاسەت و خواردنەوەی ئاوی حەیات

چیتلێم ئەوێ من لە زەرنەقوتەیەکی دایک کوژراو مەحزون ترو

لەپەڵە گەنمێکی سوتاو خەمبار ترم

لە ئێوارەیەکی پەمەییدا

لە باخچەکەی گوڵە دالیا وتم ئەمە فرسەتە با ئەم زەوی‌و ئاسمانە بدەن لەیەک

وتی نابێ

وتم ئەمە دوا مۆڵەتی عەشقە با ئەم ساردوگەرمە بدەن لەیەک

بە بوغرایەکەوە پێی وتم من لە چیایەک بەفر ئەچم و تۆش لە رەشمار

وتم ئێ چی دەبێ گەر منی رەشمار بەو چیای بەفرەدا داگەڕێم

وتم وەلێ ئاگادار بە ئەم رەشمارە ئازارمەدە.. کە تۆڕە بووم ئەوسا شێتانە.. شێتانە.. شێتانە ئەتگەزم

لە دوای گەستن قیامەتێ ئەخولقێ و دادگاش فتوای بە جەهەنەم بوونمان دەداتێ

تەنها ساتێ سەرم نا بە سنگییەوە

لە گەڕانەوەمدا.. جارێ حەقیقەتی بەهەشتمدا

دایکم وتی.. هێی.. رۆڵە رەشتاڵەکە باشیرم حەرام نەگەرێ و بگەڕێوە

هاوڕێیەکم پێی وتم.. هێی.. کوڕە رەشتاڵەکە بگەڕێوە

مامۆستاکەم وتی.. هێی.. خوێندکارە رەشتاڵەکە بگەڕێوە لەوانەی سلوکدا سفر

شیعر وتی.. برۆ برۆ هەتا دەگەیتە دوا مەنزڵ من هاوڕێتم

دڵێکم بە خوا خۆشبوو لە میهرەبانی خۆی جورئەتی ماچێکم پێببەخشێ

شەوێک لەسەر بەردەنوێژێکی رەق تفەنگێک لە تەنیشتمەوەو لەسەر سەرینێکی بەرد خەونم بینی

ئەفسوس لە خەوما خواش سپی بوو.. سپی..

گوێ لەو ئەسپ سواڕە سپییە مەگرە لەگەڵ یەکەم چوار نالەکەی ئەسپەکەیدا

گەیشتە لوتکەو ئالای بەرزی شەکاندەوە

گوێ لەو ئەسپ سواڕە رەشتاڵە گلاوە بگرە

کە ئەزانێ ڕێگای لوتکە چەند هەڵدێرو چەند سەر سم و چەند هەورازی سەختی تیایە

گوێ لەو سەرکردە سپیيە مەگرە هەر لە بێشکەی منالّییەوە

بێ ئەوەی لە سەرمای بەستەڵەک و لە قرچەقرچی گەرما بگا

بە کۆرپەیی تاجی شاهانەی کرایە سەر

گوێ لەو سەرکردە رەشتاڵە بگرە سەراپا ژینی پڕ حەسرەت و پڕ غەریبی و پڕ نوشست و راچەنین بوو

گوێ لەو عاشقە سپیيە مەگرە لەگەڵ یەکەم ژواندا دەست لە ملانێی مەعشوقەکەی بوو

گوێ لەو عاشقە رەشە بگرە لەبەر خۆیەوە هەزاران ماچی مەعشـــوقەکەی ئـەکاو لـە دووڕەوە خـۆی بـۆ دەکوژێ

گوێ لە ئەوی سپی مەگرە کە دەڵێ من عاشقم

گوێ لە منی رەشتاڵە بگرە لەسەر گۆنام نیشانەی زەخمی ماران گازی پێوەیە

من بە تەنها جەستەیەکم لەم شەقامە تەزیوەدا دێم و دەچم

تنۆک تنۆک وا خەریکە بەفری سپیش دائەباریّ

ئەی بەفر..

ئێستا تەنهام.. تەنهاو تەنها

تۆش سەرمەستانە دادەباریّی

ئێستاکە من هەر خۆم تەنهام کەس شک نابەم دەستی هانای بۆ درێژ بکەم

هەموو دونیا سپی سپی ئەکاتەوە

شەقام و ئاسمان و درەخت و تۆش ئەی بەفر.. تۆش هەر سپی

تەنها جەستەی من رەش

گەورەم بەفر.. دابباریّ.. تا ئەتوانی بێرەحمانە دابباریّ

جەستەم تەنها.. عەقڵم تەنها.. تەنها وەک تەرمێکی کوژراوی ژەهر

تەنها وەک پەڕەسڵکەیەکی بەجێماوی دوای گەرمیان و کوێستان

بێ منەت بە.. هەموو شتێ لە ئێستادا سپی سپی ئەکاتەوە

بێ منەت بە.. دەباریّ و لە شوێنی خۆم هەردوو قاچم سڕ سڕ بکەو بموەستێنە

با چیدی هەنگاو بۆ گەشتەکانی وەهم نەکەم

ببارێ و پەنجەکانم بتەزێنە

با چیدی بەر ئەو پەنجانە نەکەوێ لە ئاگر گەرمترن و ئەمکەن بە کۆی زوخاڵ

ببارێ و لێوەکانم لە گۆنجە

با چیدی ناوی ساختەو گۆرانی درۆو خۆشەویستی مزەوەر نەهێنم

ئەوە جەستەم لە حزورتا تاکو تەنها راوەستاوە

ببارێ و بمکە بە داهۆڵێکی هەڵواسراو.. بمکە بە سەهۆڵ و شەختە.. بمکە بە پەیکەرێکی رەق و تەق

ببارێ و چاوەکانم نابیناکە.. باچیتر سەودای هەراجی فرۆشتنی نیشتمان و قاقای خائینان نەبینم

بەچیم ئەکەی بمکە.. دابباریّ و دابباریّ.. بمشۆرەوە.. بمشۆرەوە

ئوسڵی جەستەی پیس و بۆگەنی سیسالّ تەمەنم لێدەرکە

وا خەریکە ژەنگ یەکپارچە رۆحم ئەگرێ..وا خەریکە کارژی جەستەم سەراپا ژەنگ ئەیگرێ

بمشۆرەوە.. گەورەم بەفر.. بمشۆرەوە

با چیتر رەش وەک رەش و.. جارێکی تر سپی وەک سپی بخوێنمەوە

بمشۆرەوە

من ئەمەوێ.. پاک ببمەوە

پاک ببمەوە

پاک..

پاک..



وریا جەلی زادە

دەستەکانی ئاشووب

لەوەتەی هەین
ڕەشەبایەک دەمانبات و
دەریاچەیەک قوتماندەدا
سەرمان بەفر سپی کردو
بەرووح شاباشی بەرد دەکەین
دوعاکانمان ناگەن بەخوا
خول دەخۆن و لە هەوریٚکدا، ئەتک دەکرێن
تا لە سیحری چاوەکانی داک (حەوا)دا
ئەسپی لەزەت لغاو کەن و
تێکەڵ خورەمی خوێن بکرێن.....
سەفەرە،
سەفەری ئەسپەکانی خەون و
سەفەری هەڵهێنجانی خوێن
وەرە هاوڕێ،
لەقژی ئەو کالیپتۆسەدا
جگەرەیەک داگیرسێنین
کە عاشقان،
بۆ سەفەرێ، لێرە سەر خەویان شکاندو

دووا ماچیان دابەهەتاو
باکوێنرێ، خەونەکانمان لێک داتەوەو
ئەو پەپولانە نەکوژین،
بەسەر گوڕی امریەمایکدا
تفەنگەکان هەڵبواسین
بالەئایەتێ (غەرق) بین، کێلێ ماچ کەین
کە دەرویشێ،
شمشێری سوو لەمەمکان و روخساری شکاند!!
پرسە بگرین، بۆ پەریسێلکەی ئەوین و
لە (عید میلادای ماچێکدا
پێک هەڵبدەین!!
ئەو ریشۆلانە بنێژین
کەلە وەرزێکی سپیدا، باڵیان لێکداو
بەفر ماچی پێنەدان و
لێرە مردن!!
وەرە هاوڕێ،
با لە ماچێ، ئایشەو فاتمان گربدەین و
بۆ بەرۆکی ئەو گولاڵانە،
تەسلیم نەبوون، شیلە بگۆڕن بەژەهرو
ماچی هەنگەکان بکوژن
سروودی عیشق بخوێنین!!
ئەوە بروسکەی مردنەو لێرە چاوانی دەڕێژێ
وا هەورێکی (موحەجەبە)
بەسەر پشتی ئەسپێکەەو دەحیلێنێ
زۆر دەترسم بەتەنویری (بسم اللە)یەک
گرمانبداو،
بدرێینە بەر داری (حەد) و فەساد بکرێین

وەرە پێکرا، بەردی بەخت هەڵبواسین
بەسەر کێڵی ئەو ئالەق لەقاوەی
لە ماچێکی عاشق بوونا
خوێنی کردە سەر گۆمەزی لێکدابڕان
ئەفسوس ئەفسوس
لە راست خوێنا،
کەنیسەکان لێوی ماچێکیان نەترازاند
زەنگی مەرگێکیان لێنەدا
مناڕەکان
شمشێر زمانی بڕین و
تاکە ئایەتێ نەخوێندرا
کەچی ئێستێ
لە نێوان ژانی سەلیب و
میهری منارەی مزگەوتێ
تەرمی خۆمان هەڵگرتووەو، پرسە دەگرین!!
زۆر دەترسم
قەلەرەشێ،
ڕووحمان بکا بە پیتەکانی ئاشووب و
خوێنمان بکا بە مانشێتێ،
بەسەر ڕووی ڕۆژنامەیەکدا
پاکیزەکان بیخوێننەوە!!
من لە شمشێرێ دەترسم
کەللە سەری پێکی عەرەق شەق بکات و
نوێژی نیوە شەو بکوژێ
دوعاکانمان ئەتک بکاو
خۆی لە خوێنی تەهلیلەیەک بسمیل بکا!!
وەرە هاوڕێ،

ئێرە دەریاچەی (ئیجە)یەو
وا خەریکە بەلەمەکێ نقووم دەبێ
ئەو باڵندە بەرزە فرە، بۆراق نیە
هەڵمانکێشی،
ئەوە حەزرەتی (نالی)یەو
لە دووای (حەبیبە) دەگەڕێ!!
ئەفسووس... ئەفسوس
لە منداڵدانی دایکمدا
من و قورئانی سەرسنگم
لە زنجیرێ توند کراوین، گۆڕ غەریبین
کوا عاشقێ، ئەو زنجیرە دوولەت بکا!!
چیم لەدەست دێ؟
ئەو تۆفانە لە تۆفانەکەی (نووح) دەچێ
من لە بۆنی خوێنی (هابیل)
بۆنی زەیستانی (مریەم)
بۆنی ماچی منداڵەکەم (غەرق) بووم
من لە سپی ئاو دەترسم، قووتم بدا!!
گوێزە بانەی بوونم خوێنەو
ئەو چاوانە چاوی منن،
هونەرمەندێ، بەسەر رووەتی (فاتیحا)
فلچە بارانی کردووە
پەڵە هەورێ، فرمێسکی چاوانی ژەهرەو
وا خەریکە ئاوێزانی رووحم دەبێ
فریاد رەسێ لە کوێ بێنم
گۆڕی غەریبیم هەڵکەنێ؟؟؟
لەوەتەی هەین دڵمان لای خوا جێهێشتووەو
بۆ سوڵتانی رۆژوو دەگرین

چەند گوناهن ئەو کۆترانەی
بەسەر کێلی مەرقەدێکدا
رەشەبایەک هێلانەیان لێتێکدەداو
بێ سەر دەمرن!!!
چەند ناشیرنن ئەو تووتیانەی
لە قەفەزدا، فێری زمانی شەڕ دەکرێن!!!
بەسە ئەی با،
بەر لەوەی لورەی شمشێرت پێمان بگا
دەستەکانمان بوون بەسەوڵی بەلەمێک و
پیاوەتیمان دابەئاو!!
بەسە ئەی ئاو،
بەرلەوەی گوێ بیستی شەپۆل بین
رەشەبایەک سەری بڕین...
بەسەر سەفەر،
بەر لەوەی قاسد بگاتە ئەو خاکەوە
قاچەکانمان بەسەر خاکی سەرابەوە
لێکترازان...
بەسە ئاشووب،
دڵمان لە خاکی (عەدەم)دا
فریشتەکان کردیان بە داری (ئەدەم) و
فرێدرایە دۆزەخەوە...
وەرە هاوڕێ،
سگی ئەو هەورە شەق کەین و
بارۆژووەکانمان بشکێنین
لەروویارێ پاک بینەوە
بالەماچی پێکی شەراب هەڵبدەین و
دووا فاتیحا بخوێنین!!!

سە فەر

ئێوارەیەک لەگەڵ
کەژاوەی پەپوولە سەرهەڵگرتوەکانی شارەکەم
دەکەومەڕێ
هەموو ئەو ئاوێنە تەماویانەی
لێڵم دەکەن و
ئەو دارستانە روتەی لە سێبەریدا خنکام
بەجێ دێڵم
بەشی خەزانی خۆزگەم ناکات
کۆشی نارنجی ئەم پایزە
دەبێ بە وەرزێکی دی و
ڕەنگی ئەبەدی بسپێرم
دواین گەڵای وەریوی ئەم عەشقەم

***

ئێوارەیەک
یەخەم لە بێهوودەیی چرکە زەلیلەکانی
زەمان دادەتەکێنم
حاشا لەو پێکەنینە ژەهراویەی
تەمەن مەسموم دەکا

حاشا لەو تاڵە تیشکەی
خەونەکان دەسوتێنێ
احاشا لەو بەهارەی تەنیایی گوڵدان و
برینی باغچەی سارێژ نەکردا
حاشا...
حاشا لەو بەهەشتەی بیری مرد و سوڵتانە!!!
**
ڕۆحم لە ژێر تەرمی
ڕۆژە کوژراوەکاندا بۆنی گرت
پەنجە لەرزۆکەکانی مەرگیش
ناتوانن رزگارم کەن
ئاخ کچە تاقانەکەی دایکم!
چەندە لە پەرستگەکاندا نوێژمان کردو
بارانێک تەڕی نەکردین
چەندە تەرمی وشە تروێر کراوەکانمان
لە گۆڕستانی گیانماندا
هەڵگرت و شێعرێک نەتەقیەوە
بە ڕوی تاریکیدا
چەندە لە تەوافی پەلکە زێڕینەدا مردین
***
دەچمە خەڵوەتی ئەو باڵندانەی
لە فیراقی ئاسماندا
زیکر دەکەن
دەچمە سلاوی ئەو ڕێچکانەی
پەڕینەوە لە سنووری زام و برین
سلاوتان لێ بێت
باڵە سەبورەکانی عەشق

کەی بالای پیری ئەم زستانە هەرەس دێنێ و
دەم گەیەنێتە بڕایموکی خەونەکانم
**
نوقمی بەستەڵەکی سەفەرم و
ویستگە ئاوارەکانی غوربەت چاوەڕوانمن
تا چاو مەتەر دەکات رەهێڵەی تاریکی
تا گوێ بڕ دەکات لورەی شەقام
تا ئاسمان کە دەگرێ تەرزەی تانە
منم و بلیتێ حەسرەت و
جانتایەک پڕ لە ژان!

ئێوارێ ناشقەکانی تەمەن لە دورگەی گوماندا

خۆر لە تەنیاترین چرکەی تەمەندا
جێم دەهێڵێت
پەنجەرەکان ناموّن
نامکەنە میوانی ساتە خەونێکی خودا
ئێوارەیە!
سەمفۆنیای ئەم غوربەتە
ئاسمانی رۆحم دەڕووشێنێ و
خونچەی هەزاران گوڵەزام
لە بیابانی دڵما

دەکەونە سەما

ئێوارەیە!

کۆچی باڵندە خاموّشەکان بە ئاسمانی حەوشەکەماندا

عەشقە بێهێلانەکەی خوّم و

سەفەرە بێ گەڕانەوەکەی دایکم و

برژانگی قرتاوی نەوڕەسەکانم بیر دەخاتەوە

چ تاریکە شەقامی ئەم میّژووە تاڵەم!!

من هەمیشە

تەرمی بەر لە دایک بوونی خوّمم لەسەر شانەو

دوّزەخ بە دوّزەخ

بوّ دەفتەری خەونە دووکەلّوییەکانی

میّژووی دەخوێنمەوە

حەسرەتی تریغە سەرابییەکان

پەڕەوازەی ئەم دوڕگەی گومانەی کردم

گومان بوو بە یەکەم منداڵی خەباتم و

هەموو روّژێ

بەرد بارانی ئەو تروسکە ئاوێنەییانە دەکات

وا بە ژووری بێقەراری روّحمدا هەڵمواسیون

دیوێکم گومان

دیوێکم عەشق

بە کەنارە لماویەکانی زەماندا

رادەکەم و ناگەم بە توّ

گومانم هەیە لە دلوّقانی ریّگا و

گەڕانەوەی شەهیدەکان

گومانم هەیە بە بێ توّ

سکالاّم بگاتە ئاسمان و

ئەم بارانە گریانەم خوّش کاتەوە

ئێوارەیە تەمەن لە پەنجەی بێزاری‌دا
خەریکە دەبێتە خەڵووز
نە من بوومە عەشق و
نە گومان بوو بە ئارامگەی نەمن
حەز دەکەم
یەخەی شەو داتەکێنم لە بێدەنگی
تاوێک گوێ بگرمە هاژەی ئەو ئاوازانەی
لە دەریای نیگەرانیدا
دێن و دەچن
حەز دەکەم
بەسەر باڵی چرکە پەپوولەییەکانی زەمانەوە
پیاسەیەکی ئەزەلی‌ترین وشە
ئەزەلی‌ترین باران
ئەزەلی‌ترین بەندەری خۆشەویستی مان بکەم.

خەون نابینم

چی‌تر لەگەڵ بیقەراری ئێوارە نارنجێکان
سەفەری ولاّتی باران ناکەم
تینوترم لەوەی
بارانی وەرزی ئەم گریانە تەڕم کات
تەزیو ترم لەوەی دامگرسێنێت
بریسکەی یادی ئەو بەهارەی

هەرگیز نایات
ئیتر خەون نابینم
چی‌تر لەگەڵ بێدەنگی و شەقام و وشەکان
دڵداری ناکەم
هەرگیز نامگەیەننە زریکەی روحم
هەنگاوی خەواڵوی ئەندیشەم
**
لە پرسەی ئاوازە بێ لانەکاندا
ئاسمان سەری هەڵگرت
منیش بومە غوربەت نشینی
ئەم ولاتی ڕەشەبایە
ئاخ! لە تەنیایی ئەمِ غوربەتە وێڵە
ڕۆژ نییە نەمدزن
کۆڵانە بونبەستەکانی ئاشنایی و
لە تراوێلکەی شێعرێکا نەخنکێم
ئیتر ناخەوم
چی‌تر خەون نابینم
تا دەڕۆم...
دورتر دەبم لە روحی خۆم
ناموٚتر دەبم بە بەهار
بە گوڵ...
بە باران...
ناموٚتر دەبم بە نهێنی/ جادە پڕ جریوەکانی کاروان!

عیرفان مستەفا حەمە رەحیم

گەڕانەوە بۆ رۆیشتنی (با)

پەری لە تاقی ئاوا وێنە کۆنەکەی خۆی جێ هێشتووە، خۆرنشینی مەلە کردووی سەرشەپۆل
هێرش دەکاتە سەر رەنگەکانی، ئەم وێنەیە پڕە لە خەیاڵ و یادەوەریەکانی خوا

-I-

ئاو لە شەڕی ناو ئەفسانەکانەوە دێتەوە، ئەو ئەفسانانە خاوەنی ژمارەیەکی بێ شومارن
لە باخچەکانی حەقیقەت، دەفتەرێکی ئاسمانین لە تەلاّ
ئاو بە ناو تەمی ئەم باخچانەدا بە چەپکێ هۆشەوە دێت و دەچێت، لەبەر خۆیەوە سەرمەستانە
گۆرانی دەڵێ، بەناو شەوبای ئارەزووی درەختەکانا دەگەڕێ
دەپەڕێتەوە بۆ ناو ئەو مێرگانەی لە کەناری بەیانا رووتن و ئەسپە ڕەسەنەکانی جوبریل لە ناویانا
بە جنونی وەحییکەوە دەحیلێنن، حیلەیان دەگاتە کەشکەلاّنی ئاسمان
سوارەکان بەسەریانەوە لە خۆدەچن و دەکەونە ناو خەیاڵی فراوانی تەمەوە
سوارەکان گیانیان بەشێکە لەو بایەی سروشت دەینیرێ، جەستەشیان ناتەشێکی نەفرەت لێکراو
چەمەکان بەرەو خوار تا کەناری ئەو دوورگەیە دەکێشن، کە تەنها پەرستگایەکی زۆر کۆنی
لەسەرەو بە تەنهاش یەک مرۆڤ، ئیتر لێورێژە لە بوونەوەری نادیارو دیار
تەنیایی مرۆڤی کردە دووبەش و بەشێکی ناردەوە بۆ ئاسمان و بەشەکەی تریشی دا بە خەم
«پەرستگا نزرگەی خەونیکە هەر خوا دەیبینی، بەلاّم مرۆڤ لە ناویدا، پیاسە دەکا

پیاسەکانی مرۆڤ بەم زووییە تەواو نابن، کات و ماوە بۆ کوژانەوەی گیانی»

تەنیایی مرۆڤی کردە دوو لەت و لەتێکی بەخشیەوە بە ئاسمان و ئەوی تری

لەسەر زەوی بەرەڵا کرد... خەون لەناو ئەم پەرستگایەدا بەم هەموو سیحرەوە چی دەکا؟

چەمەکان گەمارۆی کەنارەکانی دەدەن مرۆڤە لەتەکەش لە ناو خەونەکەدا جێماوە

وێنەی بەشە ئاسمانیەکەی خۆی لەسەر شەپۆلە تورەکان دەنەخشێنێ

ئاو بە قاچی رووتەوە لەسەر بەردە مەرجانیەکان سەمادەکات، تا ئەژنۆ، پێکانی ئەبریسکێنەوە

لە نێو رانەکانیا تەم دێتە دەر، ئەو بەردەوامە لە سەما، دارگوێزێکی پیر سەری لە تەم سوڕ دەمێنی

خەیاڵی دەکاتە ئاوێنەو تەم لەسەر ڕووی ئاوێنەکە وەک منداڵێکی رووتی تازەبوو دەزریکێنێ

خاک بە چاوی خەواڵوەوە سەیری دەکات وا دەزانێ هەڵمی هەناسەکانی ئاوە

ــ با ــ ش بە لقی گوێزەکەوە گوێزێکی تەڕ لێدەکاتەوە و دەیگرێتە ئاوێنەکە و دەیشکێنێ

بە پێکەنینەوە بانگی تەم دەکات، ئاو گوێی لێیە پێی دەڵێ بایەوان،

ئاسمانیش کتێبێ دەنێرێ و ئایەتێکی لەسەر تۆمار دەکات بە هێمنی بە گوێی ئاوا دەچرپێنێ:

ئەمە فرزەندێکە لە من، ئاسمان و خاک دەخەون ــ باش لە بانگکردنی ناوەستی

چەند باوکێکی میهرەبانە ــ با ــ

-II-

بنەوشەییانە گڕ بەسەر لێوی بروسکە پریشک وەشینەکانەوە دەلەرزی، هەرزەکارانە شەوق لەسەر

شمشێری وەستێنراوی بەردەکان سەما دەکات..

ئاژاوەی تیشکەکانی ناو ئەم چلچرای گریانە دەگاتە ئەو پەڕی هێمنی دارستانێک، درەختەکانی

لەناو شەودا خەوتوون، گەڵاکانیان لە یەزدان دەپارێنەوە نەوەرینە دامێنی خاک تا ــ با ــ نەگات

ئەم چلچرا غەمگینە لە تاقی گا بەردەکانی ئەو بەردا دانراوە، کەنارێکن بۆ ئەو چەمە خاوێنانە

بەیانیان وەک لەش هاژەیان دێ و مەغریبان وەک گیان هێور دەبنەوە

چلچرا نور بەناو هەوادا پەرش دەکات و چنگی دەخاتە سەر دڵی بەستراوەی ئاو بە شادەماری ژیانەوە

هەست دەکات لەلەشی نەرمی ئاوا گەرمایی نەماوە، ئاو مردووە و ژیان لە گیانەوەرەکان وەردەگرێتەوە

کتێبە ئاسمانیەکانی بە کراوەیی دەداتەوە ــ با ـ هەڵیان کێشێتەوە بــۆ ســەر لەوحــەکان، چ گۆبــەندێک

لەناو هەستەکاندا بەرپابووە؟

پەری وەک بازێکی تازە فڕیو باڵەکانی بە تەواوی لەسەر هەوادا رادەخات لەشی پڕ دەبێ لە ئاهەنگ

ئەم گەلییە زۆر قووڵەو لە بەهەشتە نادیارەکانی ئاسمان دەچێت، ئەو پێی وایە بەرەو ئاسمان

بەرز دەبێتەوە، نازانێ ئارەزووی فیردەوسەکانی زەوی پەلکێشی دەکاتە ناو عیشقەوە
لەم دەمەدا ئاسمان چ چۆلەوانیەکی فراوانە؟
تیشکی چلچرا بەژێر باڵی پەریدا بە تیژی تێدەپەڕێ و دەچێتە دیدەی ئەو ئەستێرانەوە
کە بەچڵی لاولاوەکانی عومرا تا سەر سەکۆی فەناگەکان شۆڕبوونەتەوە
ئەو خەونەی لە ئاسمان دیویەتی زەوی بۆی تەئویل دەکات و ئەو خەونەش لە زەوی بینیویەتی خوا
دڵی بەردەکان شەق دەبێ، ئەو وەختەی کە بە درێژایی تافە کانا ستونیانە هەڵدەکێشێ و
نیلوپەڕەکان گرێ دەدا بە لەوحەکانی غەیبەوە
چەمی خواروویی گەلی هەر لەو هێڵە سپیانە دەچێت کە بە قەڵەمی بروسکە لە تـەوێڵی هـەورە تارەکـان
دەکێشرێن
پەڕەسێلکە وەریوەکانی ئێوارە دەچنە ناو بۆشاییەوە، بەسەر خولگە شەرابیەکانی خۆرنشینەوە
تەواف دەکەن بە دەوری ئەو شانپۆشە جولاوەدا کە با لەشانی خۆری کردووەتەوە
ئەو شانپۆشە جووڵەی لە جووڵەی ئەو ئالایە دەچێت کە بەدەزووی بەرزەخین بە نادیارەوە بەستراوە
دەنگی ــ با ــ لە سوچە نادیارەکانی گەردوونەوە دەگاتە ناو هەوا سەمای شانپۆشەکە دەگۆڕێ
پەڕەسێلکەکان لەسەر ئەو بازنانە سەف دەبەستن کە سەمای شانپۆش بڵاویان دەکاتەوە
ئەوان چاوەڕێی سوژدەی ئەو ئاتەشپەرستن کە لە ناوەندی ئاتەشگەکانی خوارەوەدا
وەک بەردێکی نورین بە دیار زیکری شەوەوە دادەگیرسێ
لەگەڵ داگیرسانیا پەڕەسێلکەکان باڵەکانیان وەک بەڕمااڵێک بۆ وشە پیرۆزەکان رادەخەن
وشەکان نزم نزم دادەبەزن و بە ئەسپایی دەکەونە ناو دێڕی دەفتەرەکانی باوەڕەوە
پەریش لە کلاوڕۆشنەی گومبەتەکەوە لەناو لەشی داگیرساویدا ون دەبێت و
ئاسمان لەو پەڕی شەوقدا دەکوژێتەوە، زەویش بە هێمنی لەناو تاریکیدا دەکەوێتە تەجەللا
پەڕەسێلکەکان بوونەتە پارچەیەک لە زیکری ناو پەرستگا، بە خەمباری بە چلورە بە بەردبووەکانی
ئاسمانی وەرشەوینی کەعبەکەیەوە هەڵنیشتوون
حیکایەتی ئاتەشگەیان لە بارەگای مەلەکەکاندا بەلەبەر وتووەتەوە، لەسەر دەستی پەرێ فێری تەهلیلەی
ئاگر بوون
ئینجا لە بەحری خەیاڵات و ئیشراقا وەک بەدمەستی وەنەوز دەیانباتەوە
ئەو وەختەی ئەستێرە گوێیان لە بانگی شەوانە، کۆڕەکانی بەردەرگا جێ دەهێڵن، هەریەکەیان دەچێتەوە
ماڵەکەی خۆی

دەست دەکا بە خوان ڕازاندنەوە، لێرەش دەمەو بەیانە و تازە خەریکە مرۆڤەکان لەناو نورا پەیدادەبن
پەری بە تەنها لەوێیە، لەسەر رایەخی زیوینی کەزیەکانی دانیشتووە
لەکو کوختیەکانی باوەڕی رادەمێنێ
بەو پەڕی دلاڕامیەوە سەیری ئەو فولکانە دەکات، بە دەوریدا پەی دەبن و دەکوژێنەوە
ئەوێ مەعبەدێکی سەمەرەیە، لێورێژە لە ئیمان و بەتاڵە لە جەنگەکانی بێ مانایی
ئیمان مانای ژیانە (ئەمە بیروباوەڕی بارانە لەوەختی بارینا)
باران یەقینانە بەسەر درەوشانەوەی بەردە مەرجانیەکانی قوبە و مناڕە زیو ڕەنگەکان دەبارێ و
پاکیان دەکاتەوە لە تەپ و تۆزی ڕاڕایی و هۆشیان دەکاتە ئاوێنە
(شیرینترین ئاو ئاوی ئەو کانیانەیە کە شەوگاران لەژێر تریفەی مانگا دەخەون و
سەحەران لە گیانی بەردەکانەوە هەڵدەقوڵێن)
شەو لەوێ بە کراسێکی ئەبریشمی ورشەدار بە نەخشی ئەستێرە بنەوشەیەکانی تەنیایی
کە لە ئەشکەوتی حەقیقەتدا بەجێ ماون، بە بۆشایی ژوورە مەعنەویەکانا دێت و دەچێت
لەشی تاریکی خۆی ئاوێزانی لەشی ڕۆشنی ئەو دەکات، لە کاتی پاڕانەوەدا پەنجەکانی
لە کەزیە داگیرساوەکانی نزیک دەکاتەوە، بە هێمنی ڕووی سور سور هەڵدەگەڕێ، خوێن لە لەشیدا
دەمەیی
لەخۆ دەچێ و مانگ لە ناو مەرکانەکانی شەفەقدا جێ دەهێڵێ
(مانگ کچی شەوگارە و پەنجەرەی ئاتەشگە دایکیەتی)
ئاو بۆ خۆی مۆمەکانی حەشر بە بەرچاوی تەنیاییەوە گرێدەدات
بە پریشکی داگیرساوی ئەو گورزە نیازەکەی کە لە مابەینی مەمکە شووشەییەکانیدا لە کاتی
کوژاندنەوەی ئاسمانا بەجێ مان بۆ ئەوەی زەوی داگیرسێنن، ئەوان وەک پشکۆی ناو کوانووی
گیان دەسوتان، ڕەنگیان کریستاڵیانە دەچوویەوە
هەر بە تامای کشان بوون بەسەر تافاوە خوڕەکانی لەشی ئەودا، کە کەفچڕیان
گیاکان سەرمەست دەکات، ئەوان چەمێک لەناو گەلییەکەدا دروست دەکەن
کە دەگاتە ڕۆشنایی هاژەی خۆی ونەکات، لە جووڵە دەکەوێت
(ئێزەکەکان وەحی نێرراون لە لایەن سروشتەوە بۆ دەریا)
پەری قەندیلەکانی پەرستگا ئەباتە ناو بۆشاییەکانی شەوەوە، بە تەسبیحاتی نور دایاندەگیرسێنێ
تەماشای ئەو دیوی دەرگای عیشق دەکات، چاوی پڕ دەبێت لە زیکر

گوێ شل دەکات بۆ ئەو تەنیاییەی کە گەمارۆی جەستەی گەردوونی داوە
تەقسەکانی ئەوین لە بەستەڵەکی جەستەدا گەش دەکاتەوە
نیگەرانی دەروونی لەناو جامی ناو لەپی بارانا گرد دەکاتەوەو دەیکاتە روغەنی چراخانی
ئەو جەژنە گەردوونیانەی زەمەن تەدارەکیان رێک دەخات و ژیان دەیانبا بەڕێوە
ئەو خۆی لەبەردەم ئاوێنەی تیشکا رووت دەکاتەوە
دەست دەکات بە ژماردنی تاڵ بە تاڵی کەزیەکانی بۆ دۆزینەوەی ژمارەی وشەکانی
ناو فەرهەنگی ئەو زمانەی کە با پێی دەدوێت
ــ با ــ سەر قافڵەی خواناسانە
ئەو دوڕو مەرجانەی کە لە دورجی غەریبی ئەوان، وەک بەرزەخ نادیارن
بەختەوەری لەبەدبەختی جیادەکەنەوە، کۆڵانێکن لە کۆڵانەکانی ئەندێشە
مەعدەنێکن لە قوولاییەکانی عەممانا
بە حەفتا زوڵمەت پۆشراون امرۆڤ زوڵمەت لە وەهمی رەنگاوڕەنگ دەچنێ
هیچ دەریاوانێکی خورافی ناتوانێ بە هونەرەکانی خۆی تەلیسمی تەنیایان بشکێنێ
وەک بلوری سیحرێنی ئەو فانۆسانەوان
کە تا ئەزەل لە پێناوی ڕۆشنکردنەوەی کونجە تاریکەکانی عەدەمدا
لەسەر تاقی لە خۆرنشین داتاشراوی ئەم تاقگانە دانراون
میوەی ناو سەبەتە دێرینەکانی خەونیان پێ دەدۆزرێتەوە
ئەوان خۆیان وشەیەکی بێ مانان لە ئایەتە نوسراوەکانی ناو وێردی دواین سەفەر
پەیکەری پەیامبەرێک بە هەموو نەفامیەکانی چێژەوە بەسەر خوانەکانی زمانا کەلەبەردەم
شەمعەدانی لە خەزان رەنگکراوی قەدەردان، بەشی کردن
سێوەکانی دا بە ئارەزوو و هەنارەکانیش بە فام
بەڵام قۆخە لاسورەکانی لە زەمبیلەکانی تیشکا شاردنەوە
مۆمەکان لە کاتی سوتانا چێژ لە جوانی خۆیان دەبینن، لە مەحەفلەکانیشا گڕ بەردەدەنە خەیاڵیان
پرشنگیان بەناو درزی ئەو گۆزانەدا تێدەپەڕێ کە پڕن لە شەڕاب
بەو نیازەی رەهگوزەری کریستاڵی ناو باخچەی پەرستگاکەی
کە لە چراخانی کراوەی ناو جەژنی ئاتەشگەی گیانیەوە تا کەنارەکانی تەنیایی درێژ دەبێتەوە
ڕۆشنبێ بۆ ئەو میوانە لە شتەمینانەی کە لە هەرێمی زەمهەریرەوە دێن

ئەو وەختانەش دەگەنە جێ خوێنی پەنجە نەرمەکانیان بەر دەبێت، چاویان وەک خۆر لـە پێڵوەکانیانـەوە هەڵدێ

قاچەکانیان وەک شووشە ورد دەبێتە سەر سەکۆی بەرزی هەیوانی ئازارەکان

ئەوان باڵە نوورانیەکانیان دەلکێنن بە ڕمی درەوشاوەی ــ با ــ وە

گیانیشیان دەبێتە ماڵێ بۆ ئارەزووە شیرینەکانی ئەو دڵنشینانەی کە مەستن و

مانای ژیان نازانن، کەچی لە ناو جەوهەری ژیانان کە سەمایە سەما

لەناو بیرەوەریەکانی عیشقدا ئازار خەوتووە، پەریش لە دەریاچەی خەیاڵی ئەودا مەلە دەکات

کە دەچێتە سەر بەردە مەڕمەڕەکانی کەناریش، تریفـەی تـازە هـاتووی مـانگ دەڕژێ بەسـەر لاشـەی کافورینیا

لە بۆشاییدا جیهانێک لە رەنگەکانی شەوق دروست دەبێ، لێوەکانی وەک گوڵ دەکرێنەوە

ناو لەپی کراوەی سەر ڕانەکانی پڕ دەبن لە ئارامی، ئاوەکەش لە تاو ئارەزوودا هەڵدەچێ

مەرگیش بە عەبا خۆڵەمێشیەکەیەوە لەناو تاریکیەکانی ئەو بەردا ون دەبێت

ئەو بەهرەش کە پێی بەخشراوە تا گیانی بوونەوەرە روحانیەکانی پێ بکێشێ

لەناو پێکەنینی کانیەکانی ژیانا لێی دەکەوێ، کە لەمبەرەوەن بەدەم مانگەوە پێدەکەنن و

دانەکانیان وەک مەرجان دەدرەوشێنەوە، بیریان تا لای خوا بڕ دەکات.

هەڵمێک لە لەشی ئەو باڵندانە بەرز دەبێتەوە کە شوێنی مەرگ دەکەون

هەڵمێکە لەو گیانانەوە بەدی دێت کەلەشی مەحوودەکەنەوە و بەرچاوی چنارە بەژن زرافەکانی

باخچە دەگرن تا تەمی درەوشاوەی سەر دەریاچەکە نەبینن، تا بیر لە جەستەی پەڕی نەکەنەوە

ئەو ڕەنگانەی کە لە لێکدانی تاریکی و هەڵم پەیدا دەبن، لێکدانی تیشکی چاوانی ئەو و

فرمێسکی تەڕی چنارەکان دەیانکوژێننەوە و فڕێیان دەدەنە ناو عەدەم (ئەمە شەڕی ڕەنگەکانە)

مەلەکان لەو بەرەوە وا ئارەزووی دامرکاوی مەرگ وەک پەیکەری فیرعەونێک

بەسەر نوکی شمشێرەکانیەوە مۆمیایان دەکات و پێیان دەڵێ: ئێوە بێ بەشن لە ڕۆح

ئێوە بێ بەشن لە جەستە

ئەوان ئاوازی تەرنیمەکەیان هێشتا تەواو نەکردبوو لە گەرویانا وەستا، دەنگیان کوژایەوە

بەڵام مەرگ هێلانەیەکی تـاریکی لەسـەر چڵـی دار ئەبەنوسـی بتخانەکـەی خـۆی بـۆ دروسـت کـردن، ئەوانیش بەیەکجاری

وەکو هەڵمە تەڵخڕەنگەکە سەرنگوم بوون، ئەوان چەند بێگیان بوون، ئەوان چەند بێجەستە بوون

لەو کەلاوانەی کە لەگەڵ هێلانەکانا پەیدا بوون باییێک بە تورِیی رەشەباوە هەڵدەکات
بایەکیش بەسەر ئاوی حەوزە قەوزەدارەکەوە لە جووڵە دەکەوێت، سەری دەکێشێ بە درەختە وەهمیەکانا
نەسیمێک لە ئەستێرکی مەعبەدەوە هەڵدەکات مۆمیاکان بەسەر شمشێرەکانا دەتوێنێتەوە
شمشێرەکانیش دەبنە غوبارێکی سورباو و باکان هەڵیدەگرن و دەیبەنەوە بۆ ناو لەشی بەتاڵی مەرگ
نەسیمێکیش لە مابەینی مەمکەکانی پەریەوە هەوڵدەکات، فوو دەکات بە عەورەتی فلوتەکانا
پەڕەسێلکەکانی ناو مەعبەد بێدار دەکاتەوە و بە ژێر وەرینی گەلای زێڕەو شاوی پەڵگەکانا
هەڵیان دەفڕێنێ، گەلاکان لەو دەستە دەچن کەلەسەر دڵی بچکۆلەی ژیانا کراوەتەوەو
لە ناو گیانی ئەو تافانەدا لێدەدات کەلەم بەرو ئەو بەری گەلیەکەدا چێنراون
هاژەیان دنیا پڕدەکات کە فڕیان لەناو فنجانی شکاوی نا لەپی مەیگێڕێکا دەمێنێتەوە
کە دەمەو غوربەت بە تەنیا لە ناو کورسیە بەردینەکانا گیان دەدا
ئەم نەسیمە بەناو ورشەی گەلا وەریوەکانی دەگەڕێتەوە، دەگاتە ئەو دارستانەی لەناو مردنا خەوتبوو
ناوی بووراوەی ژێر هەرمیکان کە لەشی هەموو جۆگەکانیان قورس کردبوو
وەک کیژێکی مەستی خەولێ کەوتوو بە ئاگا دێنێتەوە، بە تیشکی بریسکاوی چاوەکانی
سنگی شەق دەکات، درەختەکان دەبنە یەک پارچە سەهۆڵ و دارستانیش دەرِیایەکی بەستوو
ئایەتی حەشر دەخوێنێ فودەکات بە دەوروبەری خۆیدا
لە لەشی بەفر باخێک دادەهێنێ
باخێکی دوور لە ڕووناکی ئاگر، باخێکی دوور دوور لە پەرستگە و ئاتەشگە
بەڵام باخێکی نزیک نزیک لە تەنیایی، باخێکی نزیک لە جەوهەری سەما
باخێک میوەکانی وەک تەرزە، ئاسمانی چڵەکان دەیانبارێنن بەسەر راگوزەری نسارگەکانا
ئەم باخە نزیکی گوندێکە جەستەی لەبەفرە و کوچەکانی لە باران
ماڵەکانی لە تەمن، ئاسمانی لە هەور، وەرزەکانی لە کۆچن و کانیەکانی لە خەون
بەڵام پیاوەکانی لە تەنیایی و ژنەکانی لە ڕۆشناییین
وای چ گوندێکی دڵگیرە
زیندەگی منااڵەو لە بێشکەی ماڵەکانیا خەو بردوویەتیەوە

-III-

ئەو بە لەشێکی بێدارەوە لە دەروازەی پەرستگاوە دەردەکەوێ، لە چاوانیا خومار دەبارێ

به چاوی مەستەوە سەیری شەونمی سەرگیای هەڵچووی ژێر درەختەکان دەکات
لە هەڵکشانی تەمی سەر لەشی دار مێوەکانیش ئەو مرۆڤە بە مەستی دەبینێ
کە لە ناویدا هاتەدەر و بە جەستەی بەجێهێڵراوەوە بە جێی هێشت
ئەو گیانی کێڵگەیەکی چێنراو بە ئایەتەکانی خوا
وەک تاوسێک لە فیردەوسەکانا بەو هەموو ڕەنگ و غوبارەوە دەڕەقسێ
جەستەی ناو تەمی باخچەکەش ڕووت ڕووتە، بەڵام ئەوەندە خێرایە لەسەماکردنا
خێرایی بووەتە بەرگێکی مۆسیقی و عاریەتی ئەوی پۆشیووە
ــ با ــ سەری سوڕ دەمێنێ لەو لەشەی کە ڕووتە و چاوەکان نایبینن، نازانێ کە لەش کەوتەناو
خولگە موسیقیەکانی گەردوونەوە دەبێتە چاوگی ڕووناکی
ڕووناکی ئەو هێزەیە بوونەوەرەکان پێی دەبینن بەڵام خۆی نابینرێ
ڕووناکی هەموو شتێ دەبینێ و شتەکانیش لەناو ڕووناکیدا بینراون
(ڕۆشنایی منداڵێکی ناسکە لەماڵی خێراییدا لە دایک دەبێت و
دەبێتە کێژە گەورەی ئیرادە)
ئەمە حکمەتێکی نا تەبایە بە دەستوورەکانی فیزیا یا خود بەشێکە لە فیزیای گیان
ئەو بەتیشکە وەشێنراوەکانی جەستەی سنووری زەمەنە مەنگەکان دەبەزێنێ و
دەکەوێتە ناو مۆسیقای فامەوە، کۆک دەبێت لەگەڵ ئیرادەی خواوەندە گەردوونیەکانا
ــ با ــ بە بەرگێکی بارانڕێزەوە ئەو تیشکانە کۆدەکاتــەوە کــە لــە پەنجــەکانی ئــەوەوە وەک نــەیزەک
دەردەچن
دەکەونە ناو بۆشایی باخچەوە، کە دەکەونە ناو لەپی ــ با ــ، وەک بروسکەی نەوەشێنراو دەدرەخشێن
بە دەستیەوە وەک قەیتەرانی دەم تافێک دەلەرزن و بلاودەبنەوە
پاش ساتێ بە کێشی ڕەشایی چاوی پەری لەسەر ژێی کەمانەکەی بەنیمچە شکاوی ڕیزیان دەکات
ئەویش پەنجە لەسەر ژێکان دادەنێ بە ئاوازێکی دێرین وایان لێدەکات بچنە ناو پەنجەکانیەوە
لەگەڵ شەرابی مەیگونی ناو دەمارەکانیا ئاوێزان بن، لەم وەختەدا دنیا لەناو هارمۆنیەتا نوقم دەبێت
ــ با ــ ش دەبێت بە گۆرانیەک هەموو بوونەوەرەکانی باخچە بە مەقاماتی ئاو دەیچڕن
ئەو دەبەنە بەر بارەگای خەڵوەتخانەی پایزێک کە نیگاکانی لێورێزن لە لەزەتی مەرگ
بەڵام گیانی لێواو لێوە لە باوەڕی جاویدانی ئژیان لەم ناوەندەدا مەرجانێکی نە دۆزراوەیە)
زستانێک لە ژێر ئەم گەلا ڕەنگینانە شاراوەتەوە، کە بەفری گیرۆدەی کەژو کێوی ناو یادەوەری

هیجرەتە کوتووپڕەکانی ئەوە بۆ ئەو پەڕی خەیاڵی
وا پەپولە بەهاریەکانی کەناری چەمی چاوەکانی کە بەناو بینینا گوزەردەکەن لە پەنجەرەکانی ئارەزوویەوە
هەڵدەفڕنە سەر گوڵە هەمە ڕەنگەکانی دەروونی، سەرنج دەدەنە ئەو دیوی لاشەی کافوری پەریەکی بارانی
کە ئێواران لەسەر کانی بە گۆزەیەکی پڕ لە هۆشەوە دێتەوە
بەناو تەمەکەدا دەڕوات تا دەگاتە لای نەعشەکان، گۆزەکەی لەسەر مێزە بەردینەکان دادەنێ و
بە نینۆکە ئەڵماسیەکانی دەست دەکات بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو توغرایەی کەلەسەر لەوحەکانی
غەیب هەڵکۆڵراون، لەگەڵ کەوتنی هەر نەقشێک بروسکە ئاسمان پڕ دەکات
برق دەچەمێتەوە بەسەر باخچەکانا
ئەو نەقشانە فریشتە قەدەر ناسەکان لەبەر کتێبی گەورەی گەردوونا لەسەر ئەو قوڕە سورکراوەیە
هەڵیان کۆڵیبوو کە لەشی ئادەمی لێ دروستکرا
(نەقشەکان بەشێکی زیادەن لە قەدەری مرۆڤەکان)
ئەم فریشتانە ڕێگاکانی دنیایان لە خۆیان ئاڵۆزاندبوو، بەهەر ڕێگایەکدا دەگوزەران
هەر دەچوونەوە سەر کتێبە کۆنەکانی زەمەن کە شەریعەتی خێڵەکانی تۆفانیان لەسەرە
هەرگیز نەیانئەتوانی بچنەوە سەر کانیەکانی حکمەت
ئەوان لەمەوسمێکی درەنگ درەنگا دابەزیبون
ئەوکات تازە میوەکان لەژێر سایەی شاتووەکانا قەتارەیان دادەنا
ئەم گۆزە لەبیر کراوە پڕە لە ئاوی سازگاری کانیلەکانی حیکمەت
پەریەکان بەو هەموو هونەری سەمایەوە کە لە جووڵەی ئاگرەوە فێربوون
دەچن لە مسوەدە فڕێ دراوەکانی ئەوانا دەخوێنن، کە شەونم بەیانیان ماچیان دەکات و
نوسینەکانیان زیاتر گەش دەکاتەوە، ئەو مسوەدانە دەفتەری دروستکراون لە گەلای وەریوو تۆکڵی
تەڕی دارگوێزەکان
ئەو لەناو عیبادەتا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە، لەشی زۆر لەسەرخۆ وەک هەتاوێکی لاواز پەی دەبێت
تەوێڵی ئەوەندە لەسەر بەردە نوێژەکە داناوە، لێورێز بووە لە ئیشراق
گەر ئاوی کانیەکە بە نازی مانگ و شەرابی تریفە هەڵنەچێ و نەگاتە تەوێڵی و فێنکی نەکاتەوە
لەم نوێنی خەیاڵەدا بۆ ئەبەدی خەو دەیباتەوە

پەری کە بەڕێی ماریفەتدا دەڕوات بەرەو مەقامە بالاکانی ئیرادە، لەشی پڕ دەبێت لـە ئـاوی گـەوارە و
روناکی
لە چەقی فولکەکانی نیوەشەودا رادەوەستێ، جەستەی سروشتی بەرد وەردەگرێ
هۆش دەکاتەوە، خەیاڵی وەک خەدەنگی وەشێنراو تیژ تیژ بەناو خەوتنا رەت دەبێت
دڵێ نەزانین دەپێکی، جا کڕنووش دەبات لە ژێر سێبەری شکاوەی چڵێکی شۆڕا
لە شۆڕەبی سەر زنەکانی ئیشراق، لە پاش بێ دەنگیەکی قوول، دەکەوێتە حاڵ و حەلوەلا
باران بە ڕووت و قووتی دەبینێ کە لە دەوری نوریکا هەڵدەرزێ
ــ با ــ بە پۆشاکێکی ئاگرینی قەدەری شەڕگەکانەوە دێتـە پێـش چـاوانی، بـە قـەد تـەنیایی سـواریکی
شکستە ماندووە
ئەو بەلەمە حەزینەی بیردێنێتەوە کە ئاو گەمەی پێ دەکردو
ئەمانیش لەناویدا هەر چاوەڕوانی دەرکەوتنی بورجئاگاکان بوون
بەم بەلەمە سێوە زێڕینەکانیان لەسەبەتەی ئارەزووا دەبردە پەرستگاو
هەڵیاندەدانە ناو گۆمەشینە مەنگەکانیەوە، تا لەو بازنانەوە کە لەسەر رووی ئاو پەیدا دەبن
فولکەکانی قەدەریان بخوێننەوە، سێوەکان بەری ئەو درەختەن کە چارەنوسیانی دیاری کرد
ئەو لەوێ تەوێلی لەبەردەنوێژەکە دەکاتەوە، دەستێ دێنێ بەڕیشی خەنەیی خۆیا
چاوەگەشە تەمینەکانی بەڕووی ژیانا پێوەدەدات
ڕۆشنایی دێتـە سـەر بەردەنوێژەکـەی وەک پانـە بـەردێکی وەشـێنراو بـۆ سـەر ڕووی گۆمـەکان
هەڵدەبەزێتەوە
تا دەکەوێتە ناو لەپە کراوەکانی پارانەوەی
ڕۆشنایی دەست دەکات بە گێڕانەوەی خۆشەویستی گەردەکانی لەو وەختانەی
لەشی وەک گێژاوێک دەیانێرێ و لەشێوەی تیشکێکا لە گریان دەردەکەون
کە دەچێتە ناو یاسای خێڵە بەربەریەکانی پێکەنین
«ڕۆشنایی لە نهێنیەکانی ژیان پڕە»
ئەم هەموو چنارو سنەوبەرانەی کە لە دنیای هەنگوینی ئەودا بە دەستی خوا چێنراون
هەروەک پلوسکە بارانەی سەر دەریاچەیەکی خەمناک چەشنی پیرێکی چەماوە لە نور دەچەمێنەوە
پاشان لە بەردەم یادبودی ئارەزووەکانا رکوع دەبەن

لە سوژدەگای هەتاوی گیانا چڵەکانیان خاو دەبنەوە رەگەکانیان چڕ لە وزەی مەعەدەنەکانی ناو خاک دەبەن

ئەویش دەچێتە ناو سێبەری پڕ نەوازشی ئەوان و دەستی دەخاتە سەر ئەژنۆی

لۆتسیانە لێی دادەنیشێ، چاوانی بە داخراوی دەهێڵێتەوە

لەو شەپۆلانەوە کە بەناو دڵێدا دەڕۆن، پەی بە مەنزڵی نادیاری پەری دەبات

لەشەوڕەوی خۆیان ئاگاداری دەکاتەوە، لە ئەشکەوتەکەی ئەو بەرەوە لە شێوەی دوو کۆتری سپی‌دا

دەردەکەون، بەرەو ئەو ئاگرە دەفڕن کە لەسەر لوتکە کراوەتەوە

لەوێشەوە حنزولیانە بە دەوری ئەو نوورەدا هەڵدەکشێن کە وەک راستەهێلێک

سەر لوتکە دەگەێنێ بە قووبەی ئاسمان، بە نیازی گەیشتن بەو مەقامە دێرینانەی

کە پەیامبەرەکان لە ناخی تاریکیەوە بەپێ پلیکەی بروسکەدا گەیشتوونەتە سەریان و

لەوێوە سەیری هەموو ئەو ڕۆژانەیان کردووە کە تیایانا تێمان نەوەی حەوشی دڵەکانی کردووە

هەر لەوێوە چاودێری ئەو ساتە وەختانەشیان کردووە کە مرۆڤیان کردووە بە فریشتە

ئەوان لەوێوە لەناو باوبۆراندا شێتەڵ دەبن

بە درزی ئازاری سۆفیەکانا، جەستەی خوێناوی خۆیان لە زیندانی ڕۆحیانا دەردەهێنن و

دەیانخەنە سەر پشتی ئەو دوو تەوسەنەی کە لە مێرگەکانی ئەوێ ئامادە کرابوون بۆ گەڕانەوەی

ئەو هەوالانەی لەگەڵ حیلەیانا تێکەڵ بووبوون و نەگەیشتنە ناو دڵی زەوی

ئەم تەوسەنانە بەسەر پردی نەزانینا جەستەکانیان دەپەڕێننەوە بۆ ئەو بەری عەدەم

بوون لە نینۆکەکانیان خەنجەرێک دروستت دەکات و ئاهەکانیان لەسەر دەروازەی ئەشکەوتەکە بۆ دەنووسێتەوە

دڵەکانیان دەردەهێنێ و فڕێیان دەداتە ناو دوورجی داخراوی کیژە پاکیزەکانی پایزەوە

کە پرچیان لە خوێنی چۆڕاوی ئەوان خەنەیی دەکەن جا دەچنە نا تەقسی جەستەوەو

لەگەڵ پەریەکانا دەڕەقسێن

ئەوان لە میحرابی یەقینی ئەوا پارانەوەیان لێ بەرزدەبێتەوە بەرەو منارەی

ئەو پەرستگایانەی وەک ئاوێکی سازگار گومان لە گیان رادەماڵن

ئەوێ پەرستگەی ئەو هەسارە تەنیایانەیە کە بە کۆمەڵ دەکوژێەوە

یانی بە تەنیا لە تابووتی شەوا گیان دەسپێرن بە هەتاوی بەد گومانی خولگەکانیان

هەورامان وریا قانع

سەلامێک بۆ نیشتمان

لە کوێوە دێی؟

لەو جۆگانەی کە پڕن لە شمشێری خەوالوی ئەسحابەکان

یان لەو دەهلیزە تاریکانەی کە تۆقین لە ناویا دەلەرزێ

لەو وەرزانەوە دێیتەدەر

نەدرەختی تێدایە نە ــ با ــ

نە مەلی تێدایە نە گەلا

یان لە ناو دەفتەری ئەو تەلەبانەی

جانتاکانیان پڕن لە چەموڵەی حازرکراو

لە ناو تەرمی نەشاراوەی گوڵەکانەوە

یان لە سەمفۆنیا تازەکانی خوێنەوە دێی

لەو فانۆسانەوە هەڵدەکەیت کە نووساون بە تەوێڵی ئەسپەکانەوە

یان لەو چرا کوژاوانەی بە ڕێگاکانی خۆش بەختیدا هەڵواسراون

لەو کێڵگانەوە سەردەردێنێ کە بۆن و بەرامەی بەهەشتیان لێوە دێ

یان لەو قیامەتانەی کە پڕن لە فرمێسکی ژنەکان و لە هەناسەی تانجیە کوێرەکانی ڕاوکردن

لە کوێوەدێی ئەی جەنگ لە کوێوە دێی؟!

تۆ کە هاتیت

ئێمە تازە خەریکی داڕشتنی کوردی بووین لەسەروەنەوز
تازە پیریەتیمان لە خۆمان دەتەکاند و
پەیژەکانی خەونمان دادەنا
تازە ڕۆحمان بۆ دەرچوونی خەیاڵەکانی منداڵی کردبووەوە
تا دەشت بە دەشت، وەرز بە وەرز، شار بە شار
هەواڵی نەیزەکە تازەکانی هەستانەوە بڕوێنن
تۆ کە هاتیت
هێشتا سەلاممان لەو باخەوانانە نەکردبوو
ئەژنۆیان لە ناو هەرەسی وەرزە دوورەکاندا مابووەوە.
چەپک چەپک گوڵەکان خەریکی ڕوخساریان بوون
ئەو پیاوانەمان نەدواندبوو
بۆنیان بە سەدەفەکانەوە دەکردو لە خۆکوشتنی ماسیەکان ڕادەمان
هێشتا وەڵامی ئەو ژنانەمان نەدابووەوە
گوڵە مێخەکیان بە ئێوارە تازەکانەوە دەچەقاندو
لاشەیان خوێنێکی نەبینراو بوو
پێشوازیشمان لەو کچانە نەکردبوو
سەرقاڵی کون کردنی ڕابردوو بوون
بە پەنجەی شایەتمانی براکانیان
نا هێشتا ئەو فرمێسکانەمان نەسریبووەوە
دەرگاوانێکی خۆش باوەڕ
بۆ لە دەست دانی کلیلەکان هەڵی دەڕشت
عەشق درزێکی بێ باریش بە کچانی دەووت:
"ژیان کڕینی ئەو فرمێسکانەیە کە من لە کێلونی دەرگایەکدا دۆزیمنەوە"
لەبەردەم پەنجەرەیەکدا وەستابووین
ئەو دیوی باو بۆران ئەم دیوی تارمایی ڕەنگاوڕەنگ
ئەو دیوی پیاوێک بوو
ماڵ بە ماڵ خەونی خۆی دەگێڕاو

نەیدەهێشت خەیاڵت سەربکاو ئەو سەری دارستان ببینی
پیاوێک بوو
لە سۆزی سێدارەو لەشەو بۆی مردن و لە میهری پۆستاڵ رادەما
لە ئەژنۆی چەماوەو لە چاوی باروت و لە ماچی خوێنانی رادەما
لە فریشتەی دەمتەمۆو لە سحری قورئان و لە جوانی سەربڕین رادەما
پیاوێک بوو
لە تابووت، لە ژەهری نەشئبەخش، لە رۆحی پڕ خەڵوز
لەحەزی مردنا ئارەزووی نووستنی هەڵدەستا
غروروری ئەستێرەی دەپۆشی و
خوناوی سەر سینەی وولاتی بە شمشێر لادەبرد
چەکمەجەی ئاڵتونی دیواری پڕی بوو
لە رەنگی شێواوی سۆزانی و
لە ئاهی ناوادەی گۆڕستان
پڕی بوو لە دەنگی کەوتنی منارەو
لە عەتری گەردنی ئاسکەکان
پڕی بوو، پڕی بوو، پڕی بوو
ئەم دیوی پەنجەرەش
ماڵێک بوو
لە باوەش مەرگدا راکشاو
پڕ تەرزەی فێڵاوی و پڕ شەڕی نەبڕاوە
پڕ دڵی خۆڵاویی و پڕ وشەی جادووباز
پڕ برای درەندەو پڕنێزەی چەقێنراو بە سنگیدوا رۆژدا
پڕ راوچی ئامادە بۆڕاوی منداڵی و پڕ پیاوی ناوەخت و پڕ وەفای فرۆشراو
ماڵێک بوو
لە غەمزەی چاوی کوێر لە چپەی دۆزەخی و لە ورشەی بریندار
ئەی جەنگ کە هاتیت و بە ناوماندا تێپەڕیت
لە دواتەوە

بردینیان بۆ دیتنی مەزاری پەپوولەکان و
وێنەی چەقۆی هەڵواسراوی ناو گومەزەکانیان پیشاندابن
بردینیان بۆ دیتنی ئەو مندالانەی
تۆزیان بە چلورەکانەوە دەکردو
خوێنیان لە بابۆڵەنانەوە دەپێچا
رۆیشتین بۆ سەردانی ئەو دەف ژەنەی
ئاوازی بۆ مەرگی نیشتمان دادەناو
قاقا بە پیریەتی گوڵەکان پێدەکەنی
رۆیشتین بۆ سەردانی ئەو فاڵ چییەی
بەبست لەم سەری مەحشەرەوە تا ئەو سەری خەلیقەتی دەپێوا
رۆیشتین بۆ دیتنی ئەو کچانەی
باڵق بوونی یەکتریان دەگوشی و هەناسەیان بۆنی دارچینی لێدەهات
ئەی کچ
خەیاڵی خۆت بۆ درەختێک باس بکە
کە چیتر رازی نیە بە بێدەنگی
لەگەڵ ئاوێکدا راکشێ پاکیزەیت تەفسیر نەکات
من نا، دەشتێک بکە بە هاودەمت گوڵاڵەی شەهوەتت ئازارنەدا
من نا، کەناڕێک بکە بە گوێ گرت وشەیەکی تیا نەبێت بۆ ئابڕو چوون
من نا، خەونی بابردووی نەورەسێک لەگەڵ خۆتا بگەڕێنە
کوچە شاراوەکانی لەزەتت پیشان بدات
تۆ چی دەکەیت ئەی کچ تۆ چی دەکەی
گەر کوڕەکان بۆیان نەبێت سەلامەکانت هەڵگرنەوە
بۆیان نەبێت لە ناو تەمێکدا حەشارت دەن تا پڕیانکەیت لە گۆرانی
ئەی جەنگ بۆ دواجار لە دواتەوە
بە ناو ڕاڕەوەکاندا تێپەڕین و
دەستە سپیەکانی سادەیی
یەکە یەکە ئاڵۆزی لە پەنجەکانیەوە دەپێچا

کاتێ چوینە خزمەتی یا شێخ و
لەسەر سمفۆنیایەکی نەرمی کوردایەتی داینیشاندین
تورەیمان بۆنی گڕوگاڵی لێدەهات و
ڕۆحمان بووە بەردێکی بچکۆلانەی ناو ئینجانە خاڵیەکەی
ئیدی تێگەیشتم
مەحاڵە لە نێوان شوراکانی نەبینین و مەقسەڵەکانی چەپاندندا
کۆڵانێک بۆ قسە مابێتەوە
مەحاڵە لە نێوان ئەم بەروبەری سەنگەرێکدا
زەوی بۆنی سادەیی لێبێت
مەحاڵە مەحاڵ
ئەم ماڵە
لەوانەیە ئافات بێت و بە هەڵە پێی بڵێن ماڵ
ئەم گەڕەکە
پێدەچێت تاعون بێت بە هەڵە پێی بڵێن گەڕەک
ئەم شارە
ڕەنگە گۆڕستانێکی رازاوە بێت و بە هەڵە پێی بڵێن شار
ئەم زەویە کێ دەڵێ
برینێکی ئەبەدی نییەو بە هەڵە پێی دەڵێن زەوی؟
ئاسایی‌یە پێلانەکانی کوشتن ڕەنگاو ڕەنگ بێو
حەزە سادەکانی ئێمەش ڕەش و سپی
زەحمەت نییە
هەناسەکانی پیاو کوژێ
لەبەراتا وەک نوقڵانە دابەش بکرێ و
هەناسەکانی درەختێک گومانی خیانەتیان لێ بکرێ
ئاسایی‌یە لە ناو حەوزێ هەڵەدا مەلە بکەیت و
کەچی بۆنی گوڵەباخ و هەرمێت لێ بێت!
نیشتمان

ئەو کۆترانەی نۆرەیان بۆ مەرگ گرتبوو
چیدی بە ئەفسانەی فڕین نەدەخڵەتان
ئەو منالانەی شەڕی ئەستێرەکانیان بینیبوو
چیدی رازی نەبوون پەرداخی پڕ لە گۆرانی
لە ناو باخچەکاندا بشارنەوە
چاوەروانی چی دەکەی لە تاریکی
گەر رەمزی جوانی جەماوەر بێت
ئەو گەریدە نابینایە
ژیانی پارچەیەکە لە راوەستان
ئەو سەربازە پڕ چەکە
سەلامی کێڕۆڵەیەک ئەیشلەژێنێ
ئەوەی تریان کە بێشەیەک حەربەی بەستووەو
بەناو ژیاندا رادەکات
هەرگیز هەنگاوێ ناچێتە پێش
قڕیشکەی ئەو زستانە پیرە
لەرزێکە لە ترسی بەهار
زەین کوێری مرۆڤەکانی خانەقا
داڵغەیەکە بۆ دورکەوتنەوە لە مردن
دۆزینەوەی باڵە نادیارەکانی رەشەبا
ئەگەرێکە لە نێوان گومان و حەقیقەتدا
نیشتمان تۆ چی دەکەی؟ گەر شەو بڕیاری مانەوەی دا لە ناو رۆحت
گەر ئاو چیدی رازی نەبوو بە رەنگی پەلکە زێڕینە
گەر جەلادێ دەستی بە خەیاڵ بشۆرێ و
سیمای ریحانەی گرتبێت
تۆ چ دەکەی نیشتمان تۆ چ دەکەی؟
تەماشا روخسارت لە بەردەمی لەشکرەکانی تاعوندا
چ خوبارێکی رەنگاورەنگی لێهەڵدەستێ



سەدەیەکە، دووانە، سیانە
دەیانەوێ لە نەخشەکانت بکەنەوەو
فڕێت دەنە دەرەوەی زەوی
دەیانەوێ لەو دیوی ئەتڵەسەکانەوە
بۆ ریسوا بوون هەڵتواسن
تۆ دەتویست
هەر ڕۆژەی لە ماڵی کوڕێکت میوان بی و
هەر جارەی لە بەردەرگای کراوەی گەڕەکێکدا
بەبێ ترس رابکشێیت
تۆ دەتویست
کۆڵانێک نەمێنێت گەلایەک ڕاگرێت بۆ تەفتیش
شەقامێک فێری نەکردیت ئارەزووی کوشتن بێت
درەختێک نەچێنرێت وەک مەرگ ناشرین
نیشتمان
ببورە هەموومان درۆمانی کرد لەگەڵت
ببورە حورمەتی گوڵەکانمان نەگرتیت
ڕێزمان بۆ جوانیت دانەنا
هێندەی سۆزانیەک خۆشمان نەویستیت
بۆنی تۆمان لە جلەکانمان کردەوە
سۆزی تۆمان بە دروشمێکی تۆزاوی گۆڕیەوە
ببورە نیشتمان ببورە
هەموومان درۆمان کرد
مەمان بەخشە نیشتمان مەمان بەخشە
نە ئێمە نەوەی تۆین نە تۆش دایکمان.

سەلام مستەفا

تەرمێک لەولا نیشتمانەوە

گریانێک لەولا منەوە.. پێکەنینی دەبەستەوە
بەر لە ڕشانەوەی گوڵێک
چرایەک خۆی کوژاندەوە..
بەر لە تریقانەوەی ئەستێرەیەکی داخراوی سوور
بەر لە دادگایی کردنی مشتێک خۆڵ
گۆڕاڵێک زامی تێکەوتوو بەچۆکدا هات!
بەر لەوەش بەهەشت.. دەرکە بۆ دۆزەخ بکاتەوە
لەوێندەر.. ئەسپێکی بە گور
چاوەکانی هاویشتە نێو چاوی هەورو
دەستەکانی بۆ ادیلانێایەک دڕێژ کرد!!
لەوێندەر سوێسکەیەک بە تووڵەمار ڕادەبوێرێ و
تەنافێک بە گوریسی شیتاڵ شیتاڵی
ناو بیرێک پێدەکەنێ و
سەگی نێو دەشتە خرپنووکەکانیش
ئازادی پردێک بە پەڕینەوەی ئاو دەسپێرن
لەوێندەر..
لە نێو هەر بستە چاڵێکدا

بۆ له دایک بوونی پرسیارێ.. وەڵام دەمرێ
بۆ له خاچ دانی بزمارێ چەکوش دەگری
بۆ زیندوو بوونەوەی پەڕێک
هەزاران مار..
له هێلانەی هەزاران شینەشاهۆوە
دێنە دەرێ!!
ئەوێندەر..
ئەو نیشتمانە سەرمەستەیە
پێش ئەوەی سروودێ بڵێ...
سەبرێک لەناو کەندەڵانەوە دێتە دەر
دەیوەستێنێ و..
لەباشووری خۆرهەڵاتی پەرتوکێکدا
لەگەڵ تاڵێ قژی خۆیدا دەیسووتێنێ
لەو نیشتمانەدا
بەردی نێو چەرمی دار لاستیکێک دەزێ و
تاشە بەردێ
بەر لەوەی بۆ دووەم جار بڵێ تلدەبمەوە.. دەتوێتەوە!
پلیکانەیەک.. پلە پلە ڕۆدەچێ و
ژێرزەمێنێک.. سارێژ لە فاڵ و سیحر و تەم
سەد لەپی دەستی پڕ لە نوور دەگرێتەوە!!
ژنێک دەگەوزێ و.. مامانێک دەخەوێ و
لەبار چوویەک دەوەرێ..
هەر لەوێدا چاڕۆکەیەک
پێش ئەوەی خۆری بینیبێ
بەدەم لێدانی دەف ژەنێکی کزەوە.. دەکرێتەوە
هەر لەوێدا..
پەنجەرەیەک لە گۆڕەکەی دێتە دەرو خەون دەبینێ
کە دەبینێ دەرکەکان پڕن لە داخستن.. دەمرێتەوە

* * *

من لەم نیشتیمانەدا ڕادەگوزەرێم

نە کەرۆشکەکان سەردەبڕم و

نە کیسەڵەکانی بەخێۆ دەکەم و

نە پرسیاریش لەنغرۆ بوونی پیاۆ دەکەم

نە بێدەسەلاتی بەتەپوتۆزی

سەر گەلای دار ترشەکان دەفرۆشم و..

نە غەیبەتی هاوڕێکانیشم...

دەهاوێژمە نێو دەغیلە داربینەکەی داریاسەوە

نەپڕم لەشیلەی گوڵی چوالەو

نە درم وەک ئەو میشە گەمژەیەی

لە ناوەختا بە جگەرەکەمەوە دەنوسێ و

نە کەڕیشم وەک کەمانێکی لادراوی

هەڵواسراوی نێو تاقێکی

پڕ لەتەزبیح و نێرگەلە..

من هەر سەیری دێرێکی دواکوتراو دەکەم

دێرێ نە نانی تیایە نە مرۆڤ

نە ئاوی تیایە نە بەهار...

نە پەنجەی تیایە نە وشە...

دێرێ.. بێ پەساپۆرت بێ ناونیشان

بێ چەقاندنی ئەستێرە

بەبێ ئالا..

زۆر حەز دەکەم بیکەمە ماڵ و نیشتمان

* * *

من لەسەر باڵی شەرم ڕا دەگوزەرێم

شەرم دەکەم لە کاتێکدا ماسیگرێک

برژانگەکانی تەرتەڕن لە قولەپێی..

چاویلکەیەک تەمەنی خۆی بخواتەوەو

لەبەردەم تەختەو منداڵدا
سەر بە االف و باایەک بنێتەوە
شەرم دەکەم لە کردنەوەی دەرگاکان بەدیوێکدا
لەو کێلونەی کێژێکی تاقانە پێم دەفرۆشێ
لەو خەونەی بێ ئاگام و
پشیلەیەک دەیەوێ پرسیاری پەرینەوەم لێ بکا..
لەو چرایەی حەوت پشتە
سوێندم بۆ دەخواو..
نەکرا شەوێ بە شەونمێ دایگیرسێنم
من بە سەر باڵی هێمنیدا ڕادەگوزەرێم
لەگەڵ فڕینی چەند جارەی باڵندەکانا
فێری هێمنی دەبم
لەناو دەفرە پڕەکانی پڕ لە خەیاڵا
حەز بە بێ دەنگی دەکەم
حەز دەکەم بەر لەوەی خۆر لە دێیەک بدا
بێزاری لەمندا نەمێنێ
لە مندا گوڵەکان بکرێنەوەو
لەمندا بنمیچەکان گەورە بن و
لەمنیشدا پەڕ هەڵفرێتەوە دووبارە..
لەو دیو سنووریش مرۆڤێکی وەک خۆمی لێ بێ!
حەز بە هەڵکردنی چەترێک دەکەم لەو لامەوە
تا خەوتنی پڕ لە مشتێ بیرەوەری
لەسیبەریا بخەوێنم...
حەز بەچاندنی ئاهی گوڵەحاجیلەیەک دەکەم
لەوانەیە بتوانم کۆمەڵێ ئۆخەی بنێمە نێو
لاسکێکی فڕێدراوی بیماریەوە
حەز بەئاشتکردنەوەی درەختە زڕەکان دەکەم
هەتا لەتام نەتۆرێن.. تا بچنەوە بەردەم

ماچ و پەنجەو ڕنینەوە..
من لەسەر باڵی پرسیار ڕادەگوزەرێم
پرسیار لە نیشتمان..
پرسیار لە قەرەجێک..
بەر لەوەی بۆ هەڵماتێن هاتبێتە دواپین گەڕەک
لەبار هەڵگرێک.. بەر لەوەی قولاپێک
لەبەردەم پیرە بڕبەنگێکدا هەڵکورمابێ
لەدیوارێک بەر لەوەی هەزاران ناوی
بەسەر سنگا داکوترابێ..
لە شاعیرێکی بزر بوو..
بەر لەوەی هەر دە پەنجەکەی
بەر لە هەموو شیعرەکانی
لە سێدارەو خاچ درابێ!!
لەسەر باڵی پرسیار ڕادەگوزەرێم
کەچی.. نیشتمان کەوتۆتە لێپرسینەوە لە نیشتمان
هەموو شتێ لە نیشتمانی مندا پرسیار دەکا..
ئاخۆ دەکرێ لەسەر تەرمی خوا لێخۆش بوو
وێنە بۆ یادگاری بگرین؟
دەکرێ شەرم لەخۆڕ بکەین
لەو کاتەدا منداڵێکی پەنجە پەڕپو
لە دیوارێک.. وشەی ئازادی دەنووسێ؟!
دەکرێ بەهار بخەینە پێش پاییزەوە..
کە پەپولەو ماسییەکی ژێر قەوزەیەک
وەکو یەکدی دەکەونە نێوان مەرگێ
پەنجەی لەرزۆک و تۆڕەوە؟
بۆ لێگەڕێین..
دار هەناریێک گریانی هەور نەبینێ
بۆ لە ئاوازێک بتۆرێین پێش کازیوە

به چەمێکی نەوتبێ
پڕ بە من زیخم تیا ڕۆکە..
پڕ بەمن عەشقی تەمەنم بپابڕێژە
ناکرێ بە نێو پەرژین و دێبەرەکانا
هەناسەمان لەگەڵ عەناسەی تاسّاوی
لەچکێکی فڕێ دراوی
تێکەڵ بە ماچ تێکەڵ نەکەین..
هەموو شتێ لە نیشتمانی مندا پرسیار دەکا!
دێو جامە لەڕۆحی ڕاوا چی بەسەر هات؟
دەسرازە بەکام سنووری تەلبەندەوە خۆی هەڵواسی؟
ئاوێنە چی دەڵێ کاتێک
ڕوخساری خۆی لە پارچە شکاوەکانیدا دەبینێتەوە؟
چەقۆ چۆن خۆی سەر نابڕێ..
کە میوانێکی ناوەختی سەر سفرەیەکی بەتاڵ بێ؟
گوللە چۆن خۆی دەپێکێ
کە سێدارە جەللادی پیاهەڵواسرابێ

* * *

دە پێم بڵێ با سلاوم بنێرم...
سلاو.. پێش لە دایکبوونی سلاو!
سلاو بەر لەوەی زەردەوالەیەک
لە ئەلبومی پەپولەکاندا هەڵیگرێ!!
بەر لەوەی تانجییەک لیکی دەمی
بەملی کەرۆیشکێکا کرابێ!
سلاو.. بەر لەوەی سەرکردەیەک
کراسێکی بەکورسی چنراوی کردبێتە بەرسکێکی هەشت نۆ مانگی
بەر لەوەی کۆتڕێک بەگمەگمێکی ناوەختە
لەودیو پەنجەرەی هەڵواسراوی پەرلەمان
دۆزەخێکی لەکلاوەکەی پێچابێ و

نەزانێ کوێیە نیشتمان!
دوایی سلاوێش دیسان سلاو
سلاو لە پرچێکی ئاڵۆزکاوەوە
پێش ڕوودانی ڕنینەوە
پێش ئەوەی کامێرایەک
چاوە داخراوەکانی گورگێک بکاتەوەو
دوا ساتەکانی خۆشی و هەڵواسین بدرکێنێ
سلاو.. لەو کاتەدا
گۆزەیەک ناوەوەی خۆی پڕ پڕ دەکا لە چراخان
لەو کاتەدا تەنیا لیرەیەکی زیادە
خۆی ناکاتە قوربانی بۆ باوەشی نان
دەپێم بڵێ با گریانەکانیش بنێرم
گریان.. بەر لە دایکبوونی گریان
لەو کاتەدا سمۆرەیەک..
نەخشەی ئازادی دەدزێ و نەخشەی ئازادی دەفرۆشێ و
شەڕی ئازادیش دەهێنێ!!
لە بەردەم هەر کانیەکا ڕادەوەستێ
گریان.. ڕەنگی ئاو دەکڕێ و شەرمی ئاو دەخواتەوەو
تەرمی ئاویش دەنێژێ!!
گریان لە ڕاسپاردەی ئەمیرێکەوە
بۆ دێوەخانێکی پڕ لە سەرباز
لە سەربازێکیشەوە بۆ پەڕوێیەکی شڕی
بەرزکراوەی لێوان لێو لە ئەستێرەو باز
لەگەڵ هەموو سلاو و گریانەکانیشدا
تررس دەرکردنی دەوێ نیشتیمان!
ترس.. لەو میٚروولانەی لە ژووریٚکدا دێنە دەرو
لە باخێکدا دەکوژرێن و..
لە سەرەتای باران بارینیشدا باڵ دەگرن

ترس لەو کەمانە بەجێماوەی
ئاوازێک هەڵی دەواسێ و ئاوازێک لە پەنجەرەی دەتۆرێنێ و
بڕوانامەی نۆتەکانیش..
لەسەر کەوڵی دەڵەکێک دەنووسێتەوە!
ترس.. لە شەڕە خەیاڵییەکانی نێو سەراب
لەوێدا لە سۆراخی ڕێشۆڵەیەکی بێ بەفرا
نامە تۆپەڵکراو و فڕێ دراوەکەی نیشتیمان
لە گزگلێکی تازە کەوتووی
بەردەم دار مازوویەک دەچوو
دەڵکا بە هەنگاوی گەڕیدەکانەوەو
دەڵکا بە سێبەری هەورەکانیشەوە
* * *
دەوەرە و بپرسەو بڵێ
بۆچی پەنجەی منداڵە قەموورەکەی دراوسێم پەڕی؟
بۆ پڕاوپڕم لە پەردەی داپۆشراوی بەردەم چیمەن؟
وەرەو بڵێ..
تا لەگەڵ حەزرەتی ڕەینەوە ترست نەهێلم نیشتمان
من دەزانم
ترس بۆ ماڵیەو نارۆا
لە شەرابێکی سستەوە دەستم پێ کرد
بە کڕینەوەی کوپە خاڵییەکان کۆتاییم هات
لە بەهارێکی نەوسنەوە
مەدالیای ئاوم ڕاوەشاند
بە تۆپەڵە بەفرەکانی زستانەوە ماچی دڵدارپم دەبەخشی
بەخشیم بەو بارانەی لێ نەگەڕا
نامەکەی نەخوسێتەوە
لێ نەگەڕا.. دواین پێچی کلیلی خۆر بکرێتەوە
لە قینەوە دەستم پێ کرد

قینم لەداری بەڕوو بوو
بۆ ماڵەکانی هەڵتەکاند
قینم لە ادارا‌و قەفەز بوو
بۆ کەوماری شازادەی کەوی بەزاندم
قینم لە بەستەی ژێر خۆری سەر خەرمان و
سەرنجی دوای پەڕینەوەی دواین مین و
بە جێمانی تاکە پێلاوێکی لەتی نێو باران بوو
کە چۆن دەبێ بەسەد پرسیارەوە بمرم
کە من عەشقم تێکەڵاوە
بە دوو چاوی چاویلکەیەکی کزەوە
ئەی چۆن دەبێ یەکیان بدەم بە سێبەری دوای تاریکی و
هاوار نەکەم کوا سێبەری ئەوی ترم
ترس لە هەنگاوەکەی ئەولا منەوە
لەوێ.. کۆتەرەیەک
نهێنی دارەترشەکانی دەنووسیەوە
کنگرێک پریاسکەیەکی لە خۆی دەئاڵاند و
ڕەگێک دەیووت: من کە درەختێکی هەڵکەندراو بم
چیم داوە لە هاژەی چەم
سیحری ڕووبارم بۆ چی‌یە
پۆڕێک دەیووت: من کە مەلێکی باڵ شکاو بم
چیم داوە لە سەیر کردنی ئاسمان
سەمای باڵندە نایەتە سەر شا پەڕی من

* * *

هەموو شتێ لە نیشتمانی مندا نیشت
برا نیشت.. چرا نیشت.. سەما دەنیشێ
باڵی کەنەسمەکانی دوور لە شەقام و
چاوی باڵخەنجەرەکانی دوور لە سنوورو
وەنەوزی (گاکۆتر)ەکانی بەردەم سیرە

هەموو نیشتن
نیشت چەتری گوڵینکەداری بەجێماو
نیشت مرواریـیە تاقانەکەی سنگی دولبەر
نیشت باگردێنەکەی سەربانی قوڕو
نیشت تەنورەکەی تەنیشت مزگەوت
دەماو دەم گێڕایانەوە:
کچە شوانێ.. سێبەری ژێر دارەبەنێکی بە تەمەن ئابڕووی تکان
مراوییەک.. لە بۆگەنبووی ئەستێرو جۆگەلەو کانی
زەندەقی چوو!
کاروانچیەک.. بارەکانی دا بەپەندو
پەندەکانی بۆ دڵدارو دڵدارەکەشی سەرە ڕۆ
کە قومێ ئاوی تاڵیشی نۆشی
تووڵە ڕێیەکی هەڵبژارد بۆ ڕێی سەفەر
پەنجەرەیەک.. بێ ئەوەی تەنیا جارێکیش بکرێتەوە
تێر تێر گریاو تەوریکی کردە هاوەڵی
چونکە زانی.. دەرگا لە ماچ و لە دەستی گوڵ تۆراوە!
فریشتەش نایەتە ئەمدیو!!
زۆرانبازێک لە تەمەن کەوتە شکەوە
گۆڕ هەڵکەنێک.. گۆڕەکەی دایکی ئاو ئەدا
قوتابییەک.. بە هەر دووکیانی ڕاگەیاند:
مامۆستاکەم هەر دەڵێ سارڵ تەواو دەبێ!!
دارستان چۆن دەسوتێنرێ پرس بە باڵندە نەکرێ؟
شەپۆل چۆن پیش ناخواتەوە
کەنار زوو زوو لێی بتۆرێ؟
کێژێ چۆن دێتە سەر ریگا
بلوێر خۆی خزاندبێتە تەنیشت خەنجەری شوانەوە
مرواری چۆن قەوزە ماچکا غەزەب لە جۆگە گیرابێ؟
کاروانچی بۆ دەگاتە نێو تەمتومان و سەرابەوە

گەر لە عەشق جێ نەمابێ؟
پەنجەرەش وەنەوز نادا
گەر سلاّو و عەشقی لاولاو نەدزرابێ؟

* * *

ئێستە نیشتیمان کەوتۆتە لێپرسینەوە لە نیشتیمان
ئاخۆ داهۆڵ.. لە کام بستەجێدا بچەقێنین؟
لە دێبەرا.. یا خود لە دێبەری مالاّ
لە دێبەری گلێنەدا.. یا خود هەناو
یان لە دێبەری ژاکاوی نێو قیامەتی بەکۆڵی رۆژژمێری ڕەشی سالاّ؟
لە کوێدا داهۆڵێکی تر بچەقێنین..
نزێک گۆڕستانی ئەمبەر..
یان ئەو دەشتە فراوانەی دامانناوە بۆ ئەرخەوان؟
نزیک تەلبەندە دوورەکان..
یا خود ئەو چەند گردۆلکەیەی ناومان لێناوە کوردستان
نیشتیمان کەوتۆتە لێپرسینەوە لە درەختەکانی نیشتیمان
دەکرێ هێلانەکانتان بگوێزینەوە..
نزیک دەشتی ڕاو و شکار؟
نەخێر قوربان
دەکرێ قەدەکانتان بکەینە تاتە شۆرو داری تەرم
نەخێر قوربان
ئەی دەکرێ شوێن خەوی باڵندە نەبینراوەکانمان پێ بڵێن؟
نەخێر قوربان
ئەی ناکرێ شوێن خەوی بەرازەکانیش بزانین؟
بۆ چی قوربان؟
چونکە بڕیاری نیشتیمان لە پەڵە هەورێ جوانترە
لە دێو جامە دڵگیرترە
بڕیاری نیشتیمان دەڵێ:
مامزەکان گەلێ زۆر بوون.. بەرازەکان برسییانە..

ئەمە تەنیا خەڵاتێکی بچکۆلەیە

دیاریەکە ژەمێ تانە

* * *

نیشتیمان کەوتۆتە لێپرسینەوە لەمنی نێو نیشتیمان

من لە ژێر بارانێکدا ڕاوەستاوم

کراسە تەرەکەی بەرم

دەدەم بە تەنافی پەراسووەکانمدا

باری قورسم تەنیا یەک تاڵ مووی درێژە

دوای ماچ کردنی دڵدارەکەم لەسەر بڕۆکەم مایەوە

تا هەنووکە (٣٦٥) ڕۆژ لە باوکم کەوتومەتە شکەوە.

(٣٦٥) پرسیارو (٣٦٥) ئازارو (٣٦٥) نوسراوم

بە کێلی سەرگۆڕەکەیدا هەڵواسیوە

تا بزانم نیشتیمان لە دایکبووی کام کیشوەرە

یان وەک منی بێ نیشتیمان بێ باوک و دایک و هەتیوە

ئێستە وەڵامی نیشتیمان دەدەمەوە

من (سەلام)م

باوکم وەک پیرۆزی دین ناوی لێنام

دایکم بەرماڵی ئێوە دەپێچام

هاوڕێکانیشم پێم دەڵێن.. سەلام واتە:

(س) ستالین.. (ل) لینین.. (أ) ئەنجلس.. (م) ماركس

ئێستا من لەم نێوەندەدا ڕاکشاوم

پرسیارێکە بۆ هەموومان

گیاندارێکی نێو لەوەڕگەی گیاندارانم

یان کۆترێکی سپیم و

دوورم لە نامەی نیشتیمان.

عیرفان ئەحمەد

لەرینەوەی پەردەکانی شەو



شەقام تەڕو، کزەبا خاموٚشی
لێرەم و وا لە پاڵ ئەم درەختە پیرەی لا ڕێ چاوەڕێم
لە زرنگەی فنجانەکانی جوانیدا
با قومێک لە نیگای قاوەیت بخوٚمەوە
با مشتێ لە سوتانی زەمەنی تێپەڕیو
لە پەڕەیەکی تەنکی تەمەنا بپێچمەوە
بە هەتاو دایدەگرسێنم و دوو مژی عاشقانە لێ دەدەم
دووری قورسە
لە بەلەمی چاوەڕوانی کەنارەکان شەتەک نادرێ
ئێرە قورسە
ئەم هەموو شمشێری یەقینە
ئەو هەموو شۆڕە سوارانە
لەسەر پشتی ئەسپێکی ماندوو زین ناکرین
بڵێ،، بارانی گەرِیدە،، چ بکەم؟
ئەوەتام لە قوژبنێکی جەنجاڵدا
جاڵجاڵۆکەی تەنهایی ئەیتەنێت
ئەوەتام بە قەلاّ پۆپەی درەختی تەعبیرەوە

چڵێ شیعرێک ئەمگرێت
شەقام تەڕو، کزەبا خاموێش
لێرەم و وا لە پاڵ ئەم درەختە پیرەی لارێ،، چاوەڕێتم
دڵۆپێ ئاو وا لە ئەنێی روانینەوە
پیاسەکانم بەسەر شۆستەی شێداری دوای بارانەوەن
شوێن پێکانم مشتێک کلیلی رژاون،،، بە قفڵی ئارەزوومەوە
درەخت وتی من چڵ و پۆپی هەناسەم
دەگاتە گشت قوژبنێکی عاشقانەی ئێرەو ئەوێ
کەچی هێشتا بۆنی ئەوم نەگرتوە
ئاخر بڵێ زاهیدی شیعرو شکۆفە چۆن پێی دەگەی؟
هەزاران جار چەترەکەت هەڵ دەدەیتەوە
ژێر پێت پڕ دەبێ لە سێبەر،،
چەترەکەت دادەخینەوە
باران دەگاتە قوڵە پێت
باران گەڕیدەی نێو هەوارەکانە
تەنانەت لەسەر پاڵتۆکەم گوڵ و گیای تەڕی شەتڵ کرد
لە پەنجەرەی سەرەتای تکێی منالیشدا
لە ئینجانەی تەنیایدا
دوو سێ لەت ئەستێرەی ناشت و
زریوەی بەسەردا باراند
پێی بڵێ
باڵێکم هەیە،، ئەوی تریان دی تۆیە بمدەرەوە
با بەسەر کەنارێکی ئەرخەوانیدا لەنگەر بگرم
قەڵەم لای خۆمە با بە بروسکەیەک نەختێ تیژی بکەمەوە
لەتێکی هەرەسم هەڵگرەوە،، ئەوی تریان بە پێوەیە
تونێلێک لە چیای هیوادا لێبدە
شەمەندەفەری سەفەر بەڕیوەیە
مشتێ لەو زوقمە بشکێنە، مشتەکەی تر شەپۆل ئەدا

قومێ لە تاڵی فنجان بخۆرەوە،، قومی دوەمی شیرینە
چاوێکی کزی پەنجەرە تیمار بکە،، ئەوی تریان رون ئەڕوانێ

ئەی بارانی گەڕێدەی سەر گوند و روبار
تۆ لاسەکە گیای تەڕو بڕت بەسەر کەپردا پەخشان کرد
تۆ سەمازانێکی سرکی
کاتێ سەرگەرمی بالیەی ئەو دیو خەیاڵی شەوانی
هەورەکانی دەهۆڵت بۆ دەکوت
ئەواسا ئیتر بەسەر گۆنای بلورینی جامخانەکاندا دائەکەیت
سەر دەنێتە سەر سنگی
ئەو سنەوبەرانەی، کوکوختیەکان لە شەوی گمەدا نوستون
جار ناجارێ بە نینۆکی کریستاڵی
پەنجەرەی بێداری قەیرە کچێ ئەژەنێ

تۆ چیت بارانی گەڕیدە
چ قوژبنێکت نەدیوە لەم جیهانە
چەند ملیۆن چەترەت تەڕ کردوە،، لە دەرگای چەند خونچەت داوە
تۆ دەزانی یەکەم گوڵە گەنم کەی پێگەیی؟!
یەکەم کانی کەی نرکانی و،، یەکەم قوڵپی رۆشنایی کەی هێنایەوە؟!
لاسکی تەڕی گوڵە نێرگزێکم لایە
گوڵەکەی بە تۆیە،، بمدەرەوە
با سەما سەری وون نەکات
میرۆڵەیەک دەناسم تۆپەڵی ترسی بە دەمەوەیە
بە زستان بڵێ،، لێی نەسەنێ.
تۆ موزیک ژەنێکی بەهرەمەندی
چاوم لێی سەنتوری چیمەنەکە دەژەنێ
ئاگام لێیە با هان ئەدەی
تەنەکە قوپاوەکانی کۆڵانەکان بدا بە یەکداو

سەدای سامناکی جازێکی بێ ساز ئەدەی
ئەی بارانی گەریدەی نێو ئاوەدانی
فێرم بکە بە هەموو ئازارێکەوە
بە دەرگای زاما تێپەڕم
خۆشەویستی بکەمە کۆڵی ویژدان
لە سێبەری گوێزەکان هەڵنەکەوم
هێندە بچووکم کەرەوە
تا ئەتوانم لە سێبەری قامیشێکا رابکێشم
هێندەش گەورەم بکەرەوە
لە چاوی شینی ئەیلولی کیژێکدا جێم نەبێتەوە
ریکۆڕ دەری نەغمە و چرپەی ئێستای تەمەن
نەواریکی ئالۆسکاوە
بە پەنجەیەک کۆکی بکەو بۆ منالی هەڵکەرەوە
شەقام تەڕو، کزەبا خاموێش
لێرەم دا لە پاڵ ئەم درەختە پیرەی لاڕێ،، چاوەڕێتم
باران دڵمی وەکو تۆ پەڵە لۆکەیەک خوساندەوەو دیار نیت
هەناریک بەڵقی پایزەوە کەوتە خوارێ و
خوێنی مزری لە جانتا سپیەکەمەوە
خاڵ خاڵ بۆنی شەوی لێ دێ
چیایەک دانی سپی تلەبەردی شۆرایەوەو
هەڵم و هەڵا لە دەمی ئەشکەوتیەو
تێکەڵ بە فڕینی پۆلە مەل بوو، هەر دیار نەبوی
لە رەنگی دەرگای ماڵێکی هێلکەیم داو
پیاوێ بە رۆب و چەترەوە
بە پەرتوکی ئاڤێستاوە
+ کاکە چونی کەسێکت نەدیوە
پوتەکانی لە بەفرو کلاوەکەی مانگە شەوە
ناوی عەشقە

ــ نەمدیوە

+ سوپاس بۆ تۆ

چووە پۆلی یەکەمینی خوێندنگای سەرەتایی و

وانەی کۆچی باڵندەو جوگرافیای باو

مێژوی کوردە ئازاکانم پێ بڕین

+ سلاو ماموستا

کەسێکت بەر چاو نەکەوتوە

چاوی بە نیگای گەرمی منالان هەڵکردوە

پوتەکانی بەفرەو مانگەشەوی لەسەردایە

ناوی ــ عەشق ــ ە

سوپاس،، سوپاس

دەگەڕێم تا دەیدۆزمەوە

ژن و پیاوی لە هجرانی سوری خاک و

جانتاو سەفەری مەنفاکان

+ ببورن کەسێک نەهاتۆتە ڕێتان

لە بەندەر و تیرمینالْ و

کۆستی زەوی

چیرۆکی دەریای بێ سنور

وولاتی جنراوی ژێر کەڵبەی قرش

چاوەکانی لە (وان و زرێبار) دەچن

پوتەکانی لە بەفرو مانگە شەوی لەسەردایە

بزانن لە سوچێکی جانتای سەفەرتانا نیە

یان لە مژێک لە دوکەڵی

سوچێکی مەیخانە مەنفاو پێکی تاڵی

دور ولاتی

ــ نەخێر

+ سوپاس،، سوپاس

دەگەڕێم تا دەیدۆزمەوە

له‌ شه‌ویٚکی فیٚستیڤاڵدا

له‌ کاتیٚکدا خه‌ریکی راپه‌ڕاندنی کاره‌کانی فیٚستیڤاڵ بووین به‌ باشمان زانی شه‌ویٚك له‌ شه‌وه‌کانی فیٚستیڤاڵ له‌ ناو میوانه‌کاندا بین و سه‌رنجیان ده‌رباره‌ی پێنجه‌مین فیٚستیڤاڵ بزانین، ئه‌م دوو پرسیاره‌مان ئاراسته‌ی میوانه‌کان کرد.

راو بۆچوونتان به‌رامبه‌ر به‌ فیٚستیڤاڵ چییه‌؟ چ پێشنیازێکتان هه‌یه‌ بۆ فیٚستیڤاڵی ئاینده‌؟

❖ **ماموٚستا عه‌بدولڕه‌زاق بیمار:** به‌راستی فیٚستیڤاڵ بوو.. ئاهه‌نگی شیعرو چیرۆك و لێکۆڵینه‌وه‌ بوو.. وروژاندنی چه‌ندین پرسیار بوو له‌ ده‌روونی گوێگران و به‌شدارانی کۆڕه‌کان. شیعر خوێندرانه‌وه‌، چیرۆك پێشکه‌ش کرا.. لێکۆڵینه‌وه‌ پێشکه‌ش کرا.. خوا هه‌ڵناگرێ نووسه‌ران و شاعیران خۆیان ماندوو کردبوو. هه‌ولیٚان دابوو شتی نایاب پێشکه‌ش بکه‌ن.

❖ **نه‌جم ئه‌ڵوه‌نی نووسه‌رو ماموٚستای زانکۆ:** به‌ بۆنه‌ی پێنجه‌مین فیٚستیڤاڵی گه‌لاوێژه‌وه‌ پێش هه‌موو شتێك ده‌ستخۆشی له‌ هه‌موو ئه‌ندامانی لیژنه‌ی ڕێکخستنی ئه‌م فیٚستیڤاڵه‌ ده‌که‌م، هیوادارم هه‌موو ساڵێك به‌م چه‌شنه‌ و باشتر و ڕێکتر ئه‌نجام بدرێ.

دیاره‌ سه‌رکه‌وتنی ئه‌م جۆره‌ کۆڕوکۆڕبه‌ستنه‌ پەیوەندی به‌و لێکۆڵینه‌وه‌و باسانه‌وه‌ هه‌یه‌ که‌ پێشکه‌ش ده‌کرێن، منیش وه‌کو یه‌کێ له‌ میوانه‌کان و یه‌کێ له‌وانه‌ی له‌ هه‌ندێ له‌ سیمینارەکاندا ئاماده‌ بووم هه‌ستمکرد که‌ ئه‌و باس و لێکۆڵینه‌وانه‌ی له‌ ڕۆژانی ئه‌م فیٚستیڤاڵه‌ قه‌شه‌نگه‌دا پێشکه‌شکران له‌ ئاستێکی باشی زانستیدا بوون و بوونه‌ مایه‌ی دڵخۆشکه‌ریی ئێمه‌و وروژاندنی کۆمه‌ڵێ پرسیاری گرنگ له‌ ناخماندا به‌ تایبه‌تی ده‌رباره‌ی ئایندەی ڕۆشنبیریی کوردی و چۆنیه‌تی به‌ره‌و پێشبردنی له‌ پێناوی زیاتر خزمه‌تکردنی کوردو کوردستان و به‌گه‌یشتنی گه‌لی کورد به‌ ئاواته‌کانی سه‌ربه‌خۆیی و سه‌رفرازی یه‌کجاری. له‌م فیٚستیڤاڵه‌دا سه‌ره‌ڕای جیاوازی فیکری نووسه‌ران، که‌ ئه‌مه‌ش، به‌ڵگه‌ی پێشکه‌وتنی فیکری ئێستای کورده، له‌ هه‌مان کات دا سه‌رجه‌می قسه‌و باسه‌کان ده‌ڕژانه‌ ڕووباری بیٚگه‌ردی کوردایه‌تییه‌وه‌و له‌ خزمه‌تی جوانتر کردنی وشه‌ و زمانی نه‌ته‌وه‌یی کورددا بوون.

دوا وشه‌م ئه‌وه‌یه، که‌ ده‌ستخۆشیتان لێده‌که‌م و هیوای سه‌رکه‌وتنی مه‌زنترتان بۆ ده‌خوازم.

❖ **د. فه‌رهاد پیربا‌ڵ:** فیٚستیڤاڵ کاریٚکی زۆر باشه‌ بۆ یه‌کتر کۆ کردنه‌وه‌ی نووسه‌رانی کوردستان

لە ژێر کەپرە رەنگینەکەی ئاشتی و ئەدەبیاتدا؛ دروستکردنی پردێکە بۆ بە یەکتر گەیشتنەوە. پێشنیاریشم ئەوەیە کە سالّی داهاتوو تەنیا سێ خەلّات (بۆ شیعر و چیرۆك و لێکۆڵینەوە) تەنیا خەلّاتی یەکەم بدرێتە خاوەن بەرهەمەکان ئەوانی تر (دووەم و سێیەم.. هتد) تەنیا ڕێزلێنان بێت.

❖ **محسن ئاواره:** خۆی لە خۆیدا ئەم گردبوونەوەی نووسەران و رۆشنبیران و ئالّ و گۆڕکردنی بیروڕاو پێکشادبوون و گوێگرتن لە بابەتە پێشکەش کراوەکان و گفتوگۆ کردن لەسەریان تەکان و هاندانی گەورەن.

سەبارەت بە شیعر.. بە راستی شیعری کرچ و کاڵ و شیعری باش پێشکەشکرا خۆ ئەگەر لیژنە نەبووایە و وەکو تیروپشك (یانصیب) شیعرەکان هەڵبژاردرابان هەر وا دەردەچوو.

لەمەڕ چیرۆکەکان، لە شیعر باشتر بوون لەمەڕ لێکۆڵینەوەکان بابەتی باش پێشکەشکران لە شیعرو چیرۆك زۆر باشتر بوون. بۆ مەسەلەی پێشنیار بۆ فێستیڤاڵی ئایندە دەکرێ ناوی لێبنرێ فێستیڤاڵی گەنجەکان یا بابەتی سەردەم و ئایندەخواز ئەگەر بۆ سالّی ئایندە هاوێر بکرێت بۆ دوو باڵ بە باشی دەزانم:

١. نەوەی هەفتاکان.

٢. نەوەی تازە لە نەوەد (٩٠) بە سەرەوە هەروەها بە دیار بخرێ ئەو بابەتانەی دەنێردرێن لە جوغزی کێشراو سەبارەت بە هەر دووی خالّی سەرەوە نووسەران خۆیان بەرپرسن لە بەهێزی و لاوازی بابەتەکان بۆ ئەوەی گلەیی لە لیژنە نەکرێ جگە لە ڕەچاو کردنی گوێگران ڕەنگە لیژنە بابەتێکی دەست نیشان کردووە و خەلّاتی بۆ داناوە کەچی لە لایەن گوێگران ڕەت دەکرێتەوە بە پێچەوانەی ئەو حاڵەتەش لیژنە بابەتێکی پێ لاوازە و خەلّاتی بۆ دانەناوە کەچی لە کاتی خوێندنەوە، دانیشتوان و گوێگران ئەو بابەتە بە بەرز دەنرخێنن و پێی سەرسام دەبن لەو حاڵەتەدا لیژنە پەنجەی بڕیاردانی دەگەزێ و توشی تەنگەژەی بڕیارەکەی خۆی دەبێ.

❖ **کەمال غەمبار:** پێنجەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ خۆی لە خۆیدا ڕێزلێنانە لە گۆڤاری گەلاوێژ، چ لە ڕووی تەمەنی بەردەوامی و چ لە ڕووی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسیدابینی، ئەگەر ئێمە هەموو سالّ یادی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی کوردستان کە لە سالّی ١٨٩٨ دا لە قاهیرە دەرچووە، تەنانەت لەو سەردەمەدا کە لە ولاّتێکی وەکو میسر لە ئاوارەییدا دەرچووە ڕووبەڕووی دەسەلاّتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بۆتەوە، نیشانەی داکۆکێکردنە لە دۆزی نەتەوەییمان و ترازانە لە مۆرکی باوی ئەو سەردەمەی کە گیانی نەتەوە خوازی ئەوەندە پەرەی نەسەند بوو، بە هەمان شێوە، دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ کە لە سالّی ١٩٣٩ تا سالّی ١٩٤٨ بەردەوام بوو گەورەترین ڕۆڵی لەو ڕۆژگارەدا بینی، کە چەند وەچەیەك قەردارى ئەو گۆڤارە ڕۆشنبیرییەن یەك لە بارەی خۆم ئەگەر هەر ڕەنگ و دەنگ و سەنگێکم لە بواری ئەدەبیدا هەبێ خۆم بە قەرزاری ئەو گۆڤارە دەزانم و وابۆ جاری دووەمە بەشداری لە فێستیڤاڵی ڕێزلێنان و نرخاندنیدا دەکەم، کە چەندین هۆنراوەو چیرۆك و لێکۆڵینەوە بۆ ماوەی (٦)ڕۆژ پێشکەش دەکرێ و بە وتوویژو باری سەرنج دەربرین دەوڵەمەند دەکرێن. هەڵبەت ئەگەر بەراوردێك لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی کە سالّی رابردوو

پێشکەشکران بکەین دەتوانین بڵێین کە شیعرەکانی پار لە هی ئەم ساڵ بالاتر بوون، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وەك من بۆی دەچم بۆ تەمەنی ئەو شاعیرانەی کە بەشداریان تێدا کردوە.. لەسەرێك ڕێچکە شیعرەکانیان پێشکەشکردووە، زۆربەی هەرە زۆریان دڕێژدادڕییان تێدابوو، لە ڕووی تەکنیکی نوێی شیعر، یەکێتی بابەت و ترپەو ریتم و کێش و تەوزیفکردنی وێنەی شیعری تاراەیەك چەند هۆنراوەیەك نەبێ، ئەگینا لەو ئاستە دا نەبوون کە جێگەی ڕەزامەندی بەشدارانی فێستیڤاڵەکە بن،

ڕەنگە هەندێ لەو هۆنراوانە زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕامان دەست بدەن نەك بۆ خوێندنەوە، هەر لە هۆنراوەی دڕێژیشدا کەم و کوڕێ دەردەکەوێ.

بە پێچەوانەوە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان وردبینی و بەرنامەی لێکۆڵینەوەیان تێدابوو، شتێکیان لای بەشداربووان خوڵقاند، بە تایبەتی لێکۆڵینەوەکانی بەڕێزان: ڕێبوار سیوەیلی، نەجم ئەڵوەنی، بەهات حەسیب قەرەداخی، دکتۆر کەمال مەعرووف، مەلابەختیار، شاهۆ سەعید، کە چەندین پرسیاریان وروژاند، دەرگایان والاکرد کە بەشدارانی فێستیڤاڵەکە باری سەرنجی خۆیان دەربڕن و گوڵەکان بگەشێنەوە، قوتابخانەکانێ ململانێیەکی ئازاد بە خۆیانەوە ببینن.

پێشنیارم بۆ ئایندەی فێستیڤاڵی گەلاوێژ ئەوەیە، کە بەرهەمەکان لە هۆڵێکی گەورەتر پێشکەش بکرێن. پۆلینی ئەو کەسانەی کە بەرهەمیان داوەتە لیژنەی فێستیڤاڵەکە بە پێی تەمەن بکرێ، بەرهەمی دورودرێژ پێشکەش نەکرێن کە دەبنە مایەی بێزاری دانیشتوانی هۆڵەکە. مەرج دانەنرێ بۆ چاپکردنی بەرهەمەکان بە کۆمپیوتەر، ژمارەی بەشدارانی پێشکەشکردنی بەرهەمەکان کەم بکرێتەوە. ماوەی قسەکردن لەسەر بەرهەمێك لە ٣ دەقیقە ببێتە پێنج دەقیقە. هیوادارم کە ئەو بەرهەمانەی ساڵی داهاتوو مایەی ڕەزامەندی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەبن بە پێزترو بالاتربن.

❖ **بەرێز عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا:** فێستیڤاڵ زێتر گردبوونەوەیەکە کە نووسەران تیایدا دەتوانن لە نزیکەوە یەکتر بدوێنن و بیروڕاکانیان بگۆڕنەوە، هەرگیز مەرجیش نییە ئەو گۆڕینەوەی بیروڕایە بکەوێتە نێو هۆڵ، بەو مانایە دەمەوێ بڵێم دەشێ لە پەراوێزی هۆڵدا قسەی جیدی بکرێ، ئەگەر ئەوە لایەنێکی پۆزەتیڤی فێستیڤاڵ بێ ڕەنگە لایەنە نیگەتیڤەکەی لەوەدا کۆ بکەمەوە کە لە حاڵەتێکی سەرپێیانەوە، یان تەنها لە ڕێگەی گوێگرتن کۆمەڵێك دەنگی جیدی بخەینە پەراوێزەوە.. پێشنیاریشم ئەوەیە کە لیژنەی هەڵسەنگاندن بەرفرەوانتر بکرێ و بۆ لیژنەش ئەوانە هەڵبژێردرێن کە ویژدانێکی ئەدەبی زیدوویان هەیە و موتابەعەی ئەمڕۆی ئەدەب دەکەن و دۆگمایانە بیرناکەنەوە و ڕەنگی جۆراوجۆریان قبوڵە. هەروەها دەشێ لە یەککاتدا تۆ سێ هۆڵ تەرخان بکەیت بۆ فێستیڤاڵ کە یەکێکیان بۆ شیعرو ئەویتر چیرۆك و لێکۆڵینەوەی تیا نومایش بکرێ. هەروەها دەشێ هەر ساڵەی بۆ بەشێکی ئەدەبی ساز بدرێ بۆ نموونە شیعریان چیرۆك یان لێکۆڵینەوە ئەو خەڵاتانەی تەرخانیش دەکرێن نەخرێتە خانەی یەکەم و دووەم و سێیەم، بەڵکو شێوەیەکی دیکە بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بیر لە کۆی ئەو بەرهەمانە بکرێتەوە کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا کەسی بەشداربوو

بلاوی کردۆتەوە، یان بۆ نموونە جێکەوتەی ئەو کەسە هەروەها ئیعتباری تەمەن و هتد...

❖ **د.کەمال مەعروف:** فێستیڤاڵی ئەم ساڵ هەنگاوێك بەرەو پێشەوە چووبوو، سەرکەوتووتر و ڕێك و پێك تر خۆی دەنواند، خاڵی گەشبینی گەلێ مەزنتر بوو لە خاڵی ڕەشبینی، دیارە هیچ شتێك لە دنیادا بێ کەم و کوڕی نابێ، ئەوەی زیاتر مایەی خۆشحاڵی بوو لە هەموو لایەکی کوردستانی باشوور تێدا بەشدار بوون، خۆزیا ڕۆشنبیرانی دهۆك و ئاکرێش بەشداریان تێدا دەکردو تەلیسمەکانیان دەشکاند، دەستەیەك لاوی ڕۆشنبیری کوردستانی ڕۆژهەلات بە بەرهەم بەشداریان تێداکرد، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بەرپرسیاران و ڕۆشنبیران بە تەنگ پێشکەوتنی ڕۆشنبیری کوردییەوەن، ڕێزێکی بێپایانی ئەدیبان و شاعیران گیرا. دیارە ئەم جۆرە دیدار و کۆبوونەوانە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە بواری ڕۆشنبیریدا کۆمەڵێ بابەتی هەمەڕەنگ تاوتوێ لەسەر کراو بیروڕا ئاڵ و گۆڕ کرا کە سوودێکی فرە مەزنی هەیە لە بواری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا. لە لایەك ئاستی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە کوردستانی ئازاد دەردەخا کە شیعر و چیرۆك و لێکۆڵینەوە چۆنە. دەنگەکان بە زۆری دەنگی تازە بوون خاوەن ئەزمونیشی تێدا بوو...

پێشنیازم بۆ فێستیڤاڵ:

ــ خۆزیا ساڵی داهاتوو لە هۆڵێکی گەورەتر فێستیڤاڵ سازدەکرا، چونکە بەشێك لە گوێ بیستنی خوێندنەوەی بابەتەکان بێبەش بوون..

ــ خۆزیا ئەوانەی کۆڕەکان هەڵدەسوڕێنن ڕێگا بە کەسانی تێکدەر نەدەن کە بە ناوی ڕەخنەوە تانەو قسەی بازاری بە بەشدار بووان دەڵێن.

❖ **دیار عەزیز شەریف:** لە ڕاستیدا تەقلیدی فێستیڤاڵەکانی کوردستان زیاتر لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆشنبیریی ڕۆشنبیران دایە، هەرچەندە یەکەمین پەیامی فێستیڤاڵ بانگەشەکردنە بۆ نوێکردنەوەو وروژاندنی پرسیارەکان. لەمەوەش بەڕای من دەکرێ لە دوو ڕوانگەوە سەیری دەرەنجامەکانی فێستیڤاڵی گەلاوێژ بکرێ، یەکەمیان ئەوەیە کە لایەنی ئەدەبی بە خۆوە گرتبوو وەك (شیعر، چیرۆك، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) دووەمیان: وتارو لێکۆڵینەوەی فیکریی. ئەوەی من تێبینیم کردبێ بەنسبەت شیعر هەندێ دەقی جوان نمایشکران بەڵام دیسان دووبارە بوونەوەیەك دەبینرا. سەبارەت بە چیرۆك نامەکانی ژاکۆن و چیرۆکەکەی فەرەیدون وێنەیەکی تراژیدی جوان بوون. بەڵام ئەوەی خاڵی جەوهەری بێت لای من قسەکردنە لە سەر ماهیەتی دیراسەکان کە دیارە دیراسە ئەدەبیەکان لە سیاقێکی تەقلیدی زانراو چیتر نەبوون لە ڕووی فیکرییەوەش توێژینەوەی (لە ستایشی کەردا) کەهی کاك ڕێبوار سیوەیلی بوو بەلای منەوە جوانترین دیراسە بوو کە هەڵگری کۆمەڵێ دەلالەت و چەمکی تازە بوو. ئەوەی ماوە بیڵێم گەورەترین کەم و کورتی فێستیڤاڵ لە ڕووی هەڵبژاردنی دیراساتی فیکرییەوە بوو چونکە من ئاگادارم هەندێ دیراسەی فیکری ڕەتکراوبوونەوە کە ئەمڕۆ لە نێو ڕۆشنبیری کوردیدا قسەکردن لەسەریان زۆر زەرورە.

پێشنیازەکان:

١. دروستکردنی هاوسەنگییەك لە نێوان دەقی ئەدەبی و بەرهەمی فیکریی و فەلسەفی.

٢. هەڵگرتنی مەرجی ئەکادیمیەت لەسەر لێکۆڵینەوە فیکریی و فەلسەفییەکان.

٣. زیاتر کردنی کات بۆ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەکان (بە تایبەتی لێکۆڵینەوە هزرییەکان).

❖ **سمکۆ محەمەد:**

ئەگەر فێستیڤاڵ تەنها خۆپیشاندانێکی سالانەی ئەدیب و نوسەران بێ. سەبارەت بە مناسبەیەکی دیاری کراو کە ئەم فێستیڤاڵە سالانە بە خۆیەوە دەیبینێ واتە بێگومان هەموو ئامانجەکانی رۆشنبیر ناپێکێ بەڵکو تەنها شتێکی رووکەشیە کە ئەمە ئیشکالیەتی ئێمەیە لە ناوەندی رۆشنبیری کوردیدا چونکە بەشێك لەو زەمەنەی کە رۆشنبیر تەرخانیکردووە بۆ بەشداریکردن لەم فێستیڤاڵە، شێوەیەکە لە داگیرکردنی زەمەنێك کە دەکرێ سوودی لێ ببینرێ بۆ دەستەبەر کردنی پرۆژەیەکی رۆشنبیری و خزمەتکردنی کەلتوری کوردی...

لە لایەکی ترەوە دەبینین بەداخەوە فەزایەك کە بە لیژنەکانی خەملاندنی دەقەکانەوە دیارە، ئەوەیە کە دەرگیری جۆرێك لە حیساباتی جوگرافی و ئایدۆلۆژی بوونە. بۆ نموونە من وەکو خۆم ئەوە دووەم سالە بە دەقی شیعری بەشداریدەکەم کەچی ناوم لە فێستیڤاڵدا نایەت...؟!

ئێمە کە ئەم سالانە زیاتر لە (١٠) لاو لە شاری هەولێرەوە بە دەقی شیعری و باسی زمانەوانی و چیرۆك کۆمەکی فێستیڤاڵمان کردبوو کەچی بەشداریکردنمان لە فێستیڤاڵ پێنەبڕا.. ! بۆیە باشترواید فێستیڤاڵ کاربکات بۆ دەستەبەر کردنی پرۆژەی رۆشنبیری کە هەنگاوێك بنێ بەرەو دروستکردنی جەدەل و جیاوازی لە نێوان فکرو خەیاڵە جیاجیاکان.. من خوازیارم ئەم شێوە فێستیڤاڵە پێش هەر شتێك قەدەغە شکێنی و سنور شکێنی بێ لەو خاڵە سوورانەی کە بۆ رۆشنبیرانی دەزگاکان دانراوە لە کاتێکدا دەزگا نابێت هیچ سنورێکی دیاریکراوی بۆ هەڵسوڕاوە رۆشنبیریەکانی هەبێت. بەردەوام بێت بیروڕا جیاوازو جەدەلیەکانی رۆشنبیری.

زیرەك عەبدوڵڵا: دیارە فێستیڤاڵی گەلاوێژ وەکو هەر فێستیڤاڵێکی تر خاڵی نییە لە لایەنی پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی.. گەر بە کورتی قسەبکەین یەکێك لە خاڵە پۆزەتیڤیەکانی فێستیڤاڵ کۆکردنەوەو ئاشنابوونی ئەدیب و نووسەرو رۆشنبیران و خوێنەرانی ناوچە لێکترازاوەکانی جەستە هەلاهەلابووەکەنی کوردستانە ئەمە لە لایەك، لە لاکەیتردا قسەکردن و رەخنەگرتن و راگۆڕینەوە لەسەر بابەتەکان خاڵێکیترە کە دونیای جەدەل و جیاوازی دەخولقێنێ..

ئەگەر لە لایەنە نیگەتیڤیەکانی بدوێین ئەوا دەڵێین رەخنەگرتن هەبوو بەڵام هەندێکیان رەخنەی نامەنتیق بوون و لە ئەخلاقیاتی خوێندنەوە و رەخنەگرتن لایان دابوو ئەویش بەوەی خودی نووسەر تێکست (دەق)یان تێکەڵ و ئاوێزانی یەکتری کردبوو ئەوا لە کاتێکدا پێویستە لە یەکتری جیابکرێتەوە، بۆیە ئەم جۆرە رەخنەیە دەچێتە خانەو قاڵبی نائەخلاقی خوێندنەوە..

خاڵێکی نیگەتیڤی تر پلەدار کردنی (پلەبۆدانان) ژانرە ئەدەبیەکانە لە نێو فێستیڤاڵدا بە تایبەتی (چیرۆك و شیعر)، بە بڕوای من ئەوە بۆ خۆی هەڵەیەکی گەورەیە و لەگەڵ مەنتیقدا یەکناگرێتەوە چونکە دواجار ئەوە لیژنەی هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی نییە دەسنیشانی باشی و خراپی شیعر و چیرۆك دەکات و پلەیان پێدەبەخشێت بەڵکو ئەوە خەیاڵ و میزاجی خوێنەر یابیسەرە ئەم حوکمە دەدات لەبەرئەوەی شیعر لە ڕێگای خەیاڵ و میزاج مامەڵە لەگەڵ بیسەر دەکات و کاریگەری لەسەر دەکات ئەمەش دیارە بۆ خۆی رێژەییە، بەو مانایەی ئەگەر (شیعر یا چیرۆك) کە لە میزاجی لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە پلەی یەکەم یا دووەم یا سێیەم وەربگرێت و بە بابەتێکی باش لە قەڵەم بدرێ ئەوا لە وانەیە لە لایەن بیسەرێك بەم شێوەیە نەبێت.. بۆیە بە رای من پلەدار کردنی شیعرو چیرۆك هەڵەیەکی گەورەیە لە دونیای ئەدەبدا..

بە نیسبەت لێکۆڵینەوەکان ئەگەر بە ئینسافەوە قسەبکەین ئەوا لێکۆڵینەوەکان خۆماندووکردنێکیان پێوە دیار بوو، بەڵام بۆ خۆم لەو بڕوایەدا نەبووم کە

هەندێك لێكۆڵینەوە لەم ئاستە نزمە دا بێت، بێگومان ئەمەش دیارە مانای ئەوە نییە کە لێکۆڵینەوەی باشی تێدا نەبووە.. جگە لەوەی ئەو کاتەی تەرخان کرابوو بۆ خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکان و ئەو کاتەش بۆ رەخنەگرتن و قسەکردن زۆر کورت بوو و بەشی ئەوەی نەدەکرد تێیدا دەنگ و رەنگە جیاوازەکان بە تەواوی ببیستین، هەر ئەمەش بوو وایکرد زۆر پرسیار بکرێت لێکۆلەریش خۆی بەم رستەیە دەرباز بکات کە دەڵێ : (من هەموو لێکۆڵینەوەکەم نەخوێندۆتەوە..)

بۆیەمن پێشنیار دەکەم بۆ داهاتوو، کاتەکان لە بەرچاو بگیرێت و زیادبکرێت لەگەڵ ئەوەشدا باشترێکە لە بری ئەوەی هەر دانە (نیوە) رۆژێك دوو لێکۆڵینەوە بە گفتوگۆکانیشەوە پێشکەش بکرێت ئەوا بایەك لێکۆڵینەوە بێت تاوەکو بەشداربووان گوێیان لە هەموو دەنگ و رەنگە جیاوازەکان بێت.

❖ **نیهاد جامی:** رەنگە یەکێك لە قورسترین کارەکان، فرمان دانەکان، بگۆڕین و لە دیدی تاکایەتییەوە بۆچوونەکانمان بگەیەنین، چونکە بێشك فێستیڤاڵ کۆمەڵێك دەقی ئاستجیاواز دەگرێتە خۆی، ئەوە سەرەڕای ئەوەی بە بیستنی ناتوانین بڕیار لەسەر ئاستی دەقەکان بدەین، چونکە دەق بۆ ئەوەی کەشفی دەلالەت و ماناکانی بکرێت پێویستە بە وردی بخوێنرێتەوەو ئەو سرووتە لە کاتی خوێندنەوەدا لە هزری خۆماندا بخولقێنین، سرووتێك لە ناو هۆڵی فێستیڤاڵەکان دەمانپچڕێنن و بە زەحمەت جارێکی تر یەك دەگرینەوە، بۆیە بە بیستنی جارێك رەنگە بڕیاردان تاوانێك بێت، تاوانێك دەتەوێ بیسەپێنیتە سەر ئامادە بوویەك، بەڵام تەنیا ئەو کاتە هەست بە تاوانباری خۆت ناکەی ئەگەر زانیت دەقەکان لە ئاستێکی کزدان، چونکە ئەو کاتە تۆش کە بە (بیستن) لە ناو دەقدا بەشداری، دەبێ هاوبەش بیت لە پرۆسەی (تێڕامان.. بیرکردنەوە.. پرسیار) پرسیار لە ئاستی لاوازی دەق.. تێڕامان لەو نەریتەی رێگە بە دەقە ئفلیجیەکان دەدات هەستی ئیستاتیکی ئامادەبووان بشێوێنێت، چونکە لەو کاتەدا تەنیا شاعیر نیە شیعرێکی خراپی نووسیوەو دەیخوێنێتەوە، بەڵکو ئامادەبوانیش گوێیەکانیان بەو شیعرانە سەقەت دەکەن، ئەوەش وامان لێدەکات ببینە خاوەن چێژێکی شێوێنراو ئەو کارەش مانای وایە بیرکردنەوە لە باری رووناکبیریمان نابێتە خەمی فێستیڤاڵ بەڵکو تەنها وەك چالاکی و دیاردەیەکی رۆشنبیری خۆی دەنوێنێت، بەو کارەش وەزیفەی فێستیڤاڵ دەدۆڕێنین، ئەگەر لەو دەروازەوە قسە لە بەرهەمەکانی (پێنجەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ) بکەین ئەوە بۆچوونەکانمان هەروەك ئەوەیە کە لە پێشتردا وتمان، چونکە وێرانەیەك هەیە بە هۆی دەقە کرچەکان، بانگهێشتمان دەکەن بۆ بێتاقەتی، خۆ ئەگەر دڵنیابین لەوەی شیعرو چیرۆك و لێکۆڵینەوەکانمان حاڵیان لەوەش خراپتردەبێت دەکرێت چیتر گوێ لە بەرهەمەکان نەگرین، بەڵکو سیمینار بۆ ئەو دیاردەیە ساز بکەین، کەچیپە وامان لێدەکات بەرامبەر بە ئەدەب نائومێد بین! ؟ ئایا ئیدی سەردەمی ئەدەب بەسەر چووە ! ؟ یا خود هەندێ پەیوەندی ئەندامانی لیژنەکان دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئەم وێرانەیە ! ؟ لە دیدێکی تایبەتمەندەوە دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە گومان لەوە دەکەم پێویستمان بە ئەدەب و رەگەزەکانی نەبێت. بۆیە بۆ ساڵی داهاتوو پێم وایە لیژنەی هەڵسەنگاندن پێویستە لە هەموو نەوەکانی تیا بێت تا وەکو بتوانن بڕیارێکی دروست بدەن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی دەبێ ئەو کەسانە ئاگاداری تێز و قوتابخانە نوێیەکانی جیهان بن و کەسانێکی دابڕاو نەبن لە واقیعە رۆشنبیرییەکە. سەبارەت بە دەقە شیعریەکان، دەبێ رێکخستنی ئەو دەقانەی دەخوێنرێتەوە بە پێی ئەو ئیقاعە بێت کە سرووتە شیعرییەکەی ناو هۆڵەکە نەشێوێنیت چونکە نرخ دانەنان بۆ بەرزمی شیعرەکان دامان دەبڕێت و ئەو پەیوەندیەی نێوان (شاعیر و وەرگر) ناخولقێنێت. وەك چۆن پێویستە دوای خوێندنەوەی هەر چیرۆکێك پشوویەکی کورت هەبێت، چونکە خوێندنەوەی دوو چیرۆك بە دوای یەکدا، ماوەی ئەوەمان نادات کە لە فەزای چیرۆکی یەکەم دەربچین رووبەڕووی فەزای چیرۆکی دووەممان دەکاتەوە.

رۆشنا ئەحمەد

ئافرەت لە نێوان عەقڵ و جەستەدا

ئەگەر پێشکەوتنی شارستانیەت بە گشتی پەرەسەندنی بارودۆخی ئابوری و پیشەسازی بە تایبەتی هۆکاری سەرەکی بووبن لە خوڵقاندنی ململانێی نێوان ژن و پیاو لە ڕووی دەسەڵاتدارێتی و فەرماندارێتی و هێنانەئارای ستەمکاری و بە کوێلەبوون، ئەوا زۆربەی تێڕوانین و بۆچوونە نامرۆڤیەکانیش فاکتەرێکی بەردەوام بوون بۆ دابڕانی ئافرەت و پیاو لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و بە جیاواز کردنیان لە ڕووی بایۆلۆژی و سایکۆلۆژی بەمەبەستی لاواز کردنی ڕۆڵی ئافرەت و کەمکردنەوەی تواناکانی و بە نامۆکردنی لە هەآسوکەوت و بوونیخودی خۆی وەک تاکێکی نێو کۆمەڵ، هەروەها بۆ چەواشەکردنی هزرو تێفکرینی..

بەشێکی زۆری ئەو بۆچوونانە لەو خاڵەدا گیرساونەوە کە ئافرەت بوونەوەرێکە خواست و پێداویستیەکانی پیاو مەیسەر دەکات، بەو مانایەی جەستەیەکەو خزمەت دەکات، تەنیا وەک جەستەش بوون و ڕۆڵی پڕ بایەخی هەیە، ئەم تێگەیشتن و بڕوایە هەر دوای ڕژێمی دایک سالارێتی و لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەکاندا تا دەگاتە ئەمڕۆ لە زۆر وڵاتانی جیهاندا وەک ڕاستیەکی نامەوزوعی خۆی بەسەر ئەقڵیەتی کۆمەڵگاکاندا سەپاندوە و کۆمەڵی بنەماو شێوازی نازانستییان بۆ داڕشتوە کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی بەهێز بووە بۆ هێشتنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان وەک قەیرانی بێ چارەسەر، بەو پێیەش کە ئافرەت وەک جەستە حسابی بۆ بکرێ کەواتە با لە جەستە تێبگەین وەک چەمک و بابەت و ڕۆڵی مامەڵە کردنی لە نێو بواڕەکاندا تالە ڕێگەیەوە لە ئەو بنەماو یاسایانە تێبگەین کە بۆ خودی ئافرەت خوڵقێنراون و ئافرەتی پێ پێناس دەکرێت، چونکە لەو بڕوایە دام ئافرەت و جەستە لە پێناس کردن و تێڕوانینی زۆربەی کۆمەڵگەکان لەیەک دەچن و مامەڵە کردنیان لە بۆچوونەکاندا جوودا گەرییەکی ئەوتۆی نییە..

جەستە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەردەم دووماناى لەیەکتر جوودای لە خۆگرتووە.. وەک ئامادەبوو — ونبوویەکی بەردەوام، دەمێک وەک نەفرەت لێکراوێکی گۆشەگیر بە جۆرێک پێویستە لەیاد بکرێ و بخرێتە لاوە بە مانای پێویستە مرۆڤ زیاتر هەوڵ بۆ توانا هزر و ئەقڵیەکانی بدات و

هەمیشە بەسەر خواستەکانی جەستەدا بالادەستی بکات، دەمێکیش وەک راستیەکی رەها دەرکی پێ دەکرێت و دەبینرێت و پێویستە بایەخی پێ بدەین و هەموو داواکاری و پێداویستیە مادی و ژیارییەکانی بۆ دابین بکەین، ئەم دوو بۆچوونە لەسەرجەم کۆمەڵگەکاندا وەک یەک بوونیان هەبووە لە ململانێیەکی بەردەوامدا بە مەبەستی جێگیر بوونی یەکێکیان و بەلاوەنانی ئەوی تریان کە تا ئەمڕۆش هەر یەکێک لەم دوو بۆچوونە لە نێو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکاندا بالادەستن..

بێگومان ئەم تێڕوانینە دەرەنجامی جیاوازی هەردوو بۆچونی ماتریالیزم و ئایدیالیزم بوون سەبارەت بە بنەچەی بوون، مادییەکان بانگەشەی یەکێتی بنەچەکان دەکەن و هەموو پێشکەوتن و گۆڕانی توخمەکان بۆ هۆکارە سروشتیەکان دەگەڕێننەوە، لە کاتێکدا ئایدیالیەکان باس لە فرە بنەچەیی دەکەن، بەو جۆرەی هەر بوونەوەرەو لە بنەچە و توخمێکی جووداو و تایبەت بە خۆیانەوە هاتوون و پێشکەوتن و گۆڕانی توخمەکانیش بەڕای ئەوان ئاراستە کراون.. مەبەستداران نەک سروشتی کە ئەم بۆچوونەش لە لایەن سیاسەتەوە بە گشتی و رژێمی سەرمایەداری بە تایبەتی و هەندێ لە زانایانی رەگەزپەرستی ئەوروپا لە قالبێکی تردا سەرلەنوێ بانگەشەی بۆ کرایەوە تاوەکو جیاوازی لە نێوان توانای هەزرو زیرەکی و توانای ئەقڵی داهێنانی پیشەسازی لەنێو کۆمەڵگاکانی جیهاندا بخولقێنن و وەک ڕاستییەکی ڕەها بیسەلمێنن کە توانای ئەقڵی داهێنانی خۆیان بالاترە و لەم ڕووەوە کەوتنەخۆ بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکانی تر بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بەرامبەر ئافرەتیش هەروەک (رجین برنو) دەڵێ: ((بۆرژوا بۆ فراوان کردنی مەنزلگای خۆی پێویستی بە کەمکردنەوەی مەنزلگای ئافرەتە لەنێو کۆمەڵدا..)) لەبەر ئەوە هەردەم ئەو بۆچوونە دووپات دەکاتەوە کە دەڵێ: ((ئافرەت جەستەیەکی بێ ئەقڵە، خۆ ئەگەر ئەقڵیشی هەبێ ئەوا یان ئەقڵێکە کە کاردەکات بەبێ بیرکردنەوە، یان ئەقڵێکە بیر دەکاتەوە بێ ئەوەی کار بکات، یان ئەو ئەقڵەیە کە بوونی نییە نە بیردەکاتەوەو نەکار دەکات..))

بەڕای تیۆری میتافیزیکەکان بوون لە دوو بنچینەی جیاواز پێکهاتووە کە ئەوانیش (ئەقڵ و مادە) یان (ڕۆح و جەستە)ن، هەموو پێداویستییەکانی حەزو ئارەزوویان بەخشیوە بەجەستەو هزرو ئەقڵیشیان داوە بە ئەقڵ یان ڕۆح، ڕەنگدانەوەی ئەمە لە بۆچوونی فیساغورسدا دەبینین کاتێ جیهان و فەلەک دەکات بە دوو بەشی لای راست و لای چەپەوە.. ((بەشی راست ژیانە و پێکهاتووە لە خۆر و هێزو ڕژێم و دەسەلات کە ئەمانە لایەنی باوەڕو بەشی پیاوە، بەشی چەپیش پێکهاتووە لە تاریکی و ژێردەستەیی و گێژاووی و تاڵیەکانی زەوی کە ئەمانە باوەڕو بەشی ئافرەتە)) یا خود وەک (سوکرات) بە شێوەیەکی ماقوڵتر وتوویەتی: ((سیاسەت و دەوڵەت بۆ پیاو، مافڵ و منداڵیش بۆ ئافرەت)) لەم بۆچوونانەدا هزرو ئەقڵیان پەیوەست کردووە بە پیاوەوە و ئافرەتیش لە قاڵبی جەستەدا خراوە، هێزو دەسەلات بۆ پیاو و بێدەسەلاتی و مل کەچیش بۆ ئافرەت.. لەتەک ئەم وتە و تێڕوانینانە ئایین وەک فاکتەرێکی گرنگ زیاتر پێی لەسەر چەسپاندنی ئەو ڕاو بۆچوونانە داگرتووە بۆ بەچۆکدا هێنانی ئافرەت و سست کردنی دەوری لە کۆمەڵدا، چونکە ئایین هەردەم جەستەی کردۆتە پاشکۆی هەموو بوونێک، جەستە لە ڕوانگەی ئاییندا تەنیا بەرگ و پۆشاکی ڕۆحە، ئەگەر ڕۆح یان ئەقڵ ئەم بەرگەی وەلانا و پشت گوێی خست ئەوا جەستە بێ چەندوچوون ڕووەو نەمان و فەنابوون مل دەنێ و بەرامبەر ئەمەش ڕۆحی نێو ئەو بەرگە، ئەقڵی نێو ئەو جەستەیە تەواو ئازاد دەبێ و بە نەمری دەگات.. لەبەر ئەوەش کە ئایین وا دەبینێ جەستە هۆکاری تاوان و خراپەکاریە و جێگەی شەهوەت و هەموو

ئارەزووە پیسەکانە هەمیشە داوا دەکات پێداویستیە پیس و نەفرەت لێکراوەکانی جەستە دەمکووت و پێوەند بکرێت و کۆت لەبەر دەمیان بخرێت هەروەك لە فەرمایشتی یاسا ئاسمانییەکاندا ڕوونە کە: ((خواوەند ئافرەتی وەك دیارییەك بۆ پیاو خولقاندووە.. ئەی پیاوان ژنان هیچ شتێکیان لە دەستدا نیە و دیلی پیاوانن لەبەر ئەوە چاکەیان لەگەڵدا بکەن.. ئەی ئافرەت تۆ قاپی شەیتانیت و لە هەمو درندەکانی سەر زەوی درندەتر و زیانبەخشتری.. ان الرجال قوامون علی النساء.. ئەم تێڕوانینە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا وەك بنەماو یاسایەکی کۆمەڵایەتی بالادەستە و ملیۆنەهای ئافرەتان وتەو فەرمایشتەکان جێبەجێ دەکەن ئەگەرچی هەندێکیان بە پێشێل کردنی مافەکانیشیان رازی نەبن، بە تایبەتی لە وڵاتە موسڵمانەکاندا کە زۆربەی ئافرەتان بەردەوام لە نێو ململانێی دەروونی خۆیاندا تووشی پەرتەوازەیی هەزر و بۆچووەکان هاتوون لە لایەك دڵەڕاوکێ بەرامبەر خواوەندو ئایین، لەلایەکی تر هەوە بەرامبەر ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیانەی بانگەشەی جوداگەری نێوان نێرومێ لە مافەکانیاندا دەکەن و بوون و ژیانیان بە بۆچوونی نابەجێی نەخشێنراو دووپات دەکەنەوە وەك:

١. فێر کردنیان هەر لە منالییەوە کە پێویستە چی بکەن و خەریکی چی بن.. چۆن بێن و بڕۆن.. چی قەدەغەو بقەیە بۆ ئافرەت و چۆنیش دەبێ ملکەچی پیاوان بن.. یا خود بیر لە چ بابەتێك بکەنەوەو چی بەگرنگ بزانن و سەرگەرمی چی بن..!

٢. زەوت کردنی هەست بەخۆ کردن و هەست کردنیان بە لێپرسراوێتی بەرامبەر خۆی و ژیانەکەی، چونکە ڕێگەو شێوازی ژیانی لەلایەن خێزان و کۆمەڵەوە نەخشێنراوەو ئەوانیش لێپرسراوی ژیانین کە ئەمەش ئەو دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و ترسە پێك دەهێنێ کە بەرامبەر بڕیاردان و لێپرسراوێتی ڕووبەڕووی دەبێتەوە..

٣. دانانی سنوور و چاودێر لەسەر توانای هەزر و ئەقڵ و چالاکیەکانی، بە واتای بەندکردنی هەست و ئەقڵ و توانای تێگەیشتنی لە قاڵبێکدا، بەڵگە نەویستە کە وەلامدانەوەو کاردانەوەی جوڵەو چالاکی لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەو توانای هەزر و ئەقڵ خۆی دەبینێتەوە چونکە باری دەروونی و توانای ئەقڵی مرۆڤ پێ بە پێی جوڵە و چالاکیەکانی نەشونما دەکات، بە واتایەکی تر نووساندنی چالاکی و کردەکان مرۆڤ فێردەکات و شارەزای ڕاستی و زانینەکانی دەکات و هەتا مرۆڤ نەجووڵێ فێر نابێ و شارەزا نابێ، دیاریکردنی بواری چالاکیەکانی ئافرەتیش لە خزمەتی مال و منال. یا خود خوێندنێکی نیوە چڵی و کاری نێو دامودەزگایەك زیاتر تێناپەڕێ، دەرفەتەکانی تەسك کراونەتەوە و ژینگەکەی سنوردارە کە ئەمەش کاریگەرە بۆ تێنەگەیشتنی لە دەرەوەی ئەو سنوورە، هەرچیەکی تریش کە لەم و لەو یان لە تەلەفزیۆنەوە دەیبینێ و دەیبیستێ زوو دەیخاتە ژێر کاریگەرییەوە ئەویش بە پێی توانای تێگەیشتنی خۆی یان ئەوەتا دروستانە مەسەلەکان یەکالا دەکاتەوە، یان سووك و ئاسان لاسایی دەکاتەوە بێ ئەوەی فێری چەمکێکی مەعریفی بووبێت، لە هەردوو حاڵەتیشدا دڵەڕاوکێ بەرامبەر دەسەلاتی کۆمەڵایەتی یەخەی دەگرێت..

٤. باس کردن لە جوانی ئافرەت و پیاهەڵدان بە سکێچی جەستەیدا کە هەردەم دروشمی جوانی ئافرەتیان بە درێژایی مێژوو هەڵگردووە و لای زۆربەیان کردوویانەتە پێوەرێك بۆ بوون و کەسایەتی ئافرەت، دەرەنجامیش بۆتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ هاندانی ئافرەتان تا گرنگی بە جوانی جەستەی بدات و هەموو کات و توانا و چالاکیەکانی بۆ جوانکردنی خۆی تەرخان بکات بۆ ئەوەی سەرنج ڕاکێش بێت، لە لایەکی تریشەوە تووشی نامۆ بوونی دەکات، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە قەیرانێك و ژمارەیەك کێشەی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی دەهێنێتە ئاراوە

ئەمە لەگەڵ ئەوەی خۆجوانکردن پێداویستیەکی سروشتی مرۆڤە، چونکە هەڵسەنگاندن و باسکردن لە جوانی جەستەی ئافرەت لە لایەن کۆمەڵ و جیهانەوە وەلامدانەوەیەکی قوڵ و نەگەتیڤ لە هزر و ئەقڵی ئافرەتدا پێك دەهێنێ و جوانی جەستە دەبێتە بەشێك لە بیرکردنەوە و بەشێك لە خواست و هیواو داواکارییەکانی وەك بوون و پێوەرو هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی، لە ڕوویەکی تردوە تێگەیشتن لە جوانی جەستە دەگاتە ڕادەیەك کە ئافرەت خۆی لە پیاو زیاتر جوانی بکاتە پێوەر لە هەڵسەنگاندنی کەسانی تردا، یا خود لای هەندێك لە ئافرەتان جوانی دەبێتە مایەی چاندنی تۆوی بوغزو کینە لە نێویاندا و تێکچوونی پەیوەندیان و ڕادەی سۆزو تێگەیشتنیان لە یەکتر، واتە دروست بوونی چەوساندنەوەی ئافرەت بۆ ئافرەت هەروەك پەیوەندی زۆردارو کۆیلەیەك ئەم کینە بەرایەتی و ململانێیەش بەرەو ئاستێکیان دەبات کێشەکانی زۆرترو ئاڵۆزتر بێت، لە لایەك ئافرەت بە دەستی خۆی ماف و بەهای خۆی و ئافرەتان بخاتە ژێر پێوە و لە لایەکی تریشەوە خۆی بۆچوونە نادروستەکان وەك ڕاستییەك بسەلمێنێ لە دەرخستن و نیشاندانی جەستەی خۆی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی پیاو، واتە خۆی دەیسەلمێنێ کە جەستەیەکە و بە هۆی توانای جەستەیەوە (لەڕووی جوانی) کار لە پیاو.. کۆمەڵ دەکات نەك بە هۆی توانا هزرو ئەقڵیەکانی، وا دەکات بۆچوونەکەی (فیۆرباخ) دەقاودەق مەبەستی پێکابێ لەوەی وتوویەتی: ((ئافرەت مەر لە ڕۆژی لە دایك بوونیەوە بابەتی وروژاندن و دامرکاندنەوەی هەستەکانی پیاوە چ لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە بێ یان فیسیۆلۆژی..)) چۆنیەتی بۆچوون و تێگەیشتنی ئافرەت لەم ڕووەوە کەوتۆتە سەر باری ڕۆشنبیری و چۆنیەتی کەسایەتی خۆی، ئامانجی خستنە ڕووی جەستەشی هەرشتێك بێت دەبێت ئەوە بزانێ کە پێچەوانەی خواست و داواکارییەکانیەتی، پێچەوانەی یەکسان بوونیەتی بە پیاوو لە هەموو بارێکدا لە بەرژەوەندی خۆیدا نییە و لە خزمەتی توانا هزرو ئەقڵیەکانیدا نییە، بەڵکو هەنگاو بە هەنگاو بەرەو دواوەی دەگەڕێنێتەوەو دەیکاتە ئەو جەستە بێ ئەقڵەی بۆچوونە ناماقوولەکان باسی لێوە دەکەن، واتە هەڵوێستی ئافرەت لێرەدا بە پلەی یەکەم کەوتۆتە ئەستۆی خۆی، پێویستە خۆی بە هەڵوێست و تێڕوانینەکانی دا بچێتەوە، ئامانجی بوونی ئەو پێوەرەی نێو بۆچوونەکانی یەکالا بکاتەوەو دەستنیشانی بکات هەتا ئامانج و داواکاری و مەبەستە گرنگ و ئیجابیەکانی خۆی بدۆزێتەوە، ئەو مەبەستانەی لە بەرژەوەندی خۆی و ئافرەتان و کۆمەڵ و هەموو مرۆڤایەتیە، بە پلەی دووەمیشی کە لەم خاڵەدا مەبەستمانە ئەو پێوەرو بنەمایانەیە کە کۆمەڵ لە بەردەم ئافرەتدا دایدەڕێژێ بۆ ئەوەی زیاد لە پێویست گرنگی بە جوانکردنی جەستەی بدات و دووربکەوێتەوە لە بایەخ و هەوڵدانی بۆ هیوا و مەبەستی گرنگتر و بە سوودتر..

بۆچوونی جەستەی مادی و میسالی بۆ دابەش کردنی کۆمەڵ هاتە ئاراوە و لە سەرجەم ڕژێم و سیستمی نێو ئیمپراتۆرەکاندا بانگەشەی بۆ کراوە لەوەی کۆمەڵ وەك جەستە پێکهاتووە لە جەستەی مادی میسالی، وا دەبینرا کە هەموو چینە بێ دەسەلات و ڕەش و ڕووتەکانی گەل لە بنەڕەتدا جەستەیەکی مادیین، بەڵام چینی بەرز و فەرماندارو دەسەلاتدارەکان جەستەیەکی میسالیین کە ئەمان لە هەموو شت زیاتر بایەخیان بە جوانی و ناسکی و ڕێکی جەستەیان دەدا و کام خواردنەی بەتام و چێژە ئەویان دەخوارد و بەردەوام سەرقاڵی لاسایی کردنەوەی هەڵسوکەوت و خوو نەریتی ئەرستۆکراتیەکانی نێو کۆشکەکان بوون، چینەکانی خواروش دەبوو بایەخ بە توانا و هێزی جەستەیان بدەن و خۆراکێکی هەرزانی پڕ لە پرۆتین بخۆن تا تاقەت و هێزیان پێ ببەخشێ چونکە جەستەی ئەوان

بۆ کارکردن بوو، جەستە میسالیەکانیش بۆ رابواردن و خۆش گوزەرانی و گەڕان بە دوای ئەو جەستە مادییانەی خزمەتی دەکردن بە تایبەت جەستەی ئافرەت کە وەک کۆیلەو کڕیار تەماشای دەکرا و هەر بە جەستەی مادی لە قەڵەمیان داوە، وەک ناپلیۆنیش وتوویەتی: ((سروشت خۆی ژنی کردۆتە کۆیلەی پیاو...)) واتە ئافرەت هەر بەشێك بووە لە کاڵا و مولکی پیاو، بەڵگە نەویستە کە بۆرژواو سەرمایەدارەکان هەمیشە ئەوە بۆچوونیان بووە و لە هەموو قۆناغە مێژوویەکاندا هەوڵیان داوە هەموو ڕاو گوزارشتەکان لەتەك تیۆری و بۆچوونە فەلسەفی و زانستییەکان لە چوارچێوەیەکدا دووبارە و زیندوو بکەنەوە کە لە بەرژەوەندی خۆیاندابێ و مافی ئافرەتی پێ زەوت بکەن، بۆ نموونە (دیکارت) لە وتەکەیدا کە دەڵێ: ((من بیر دەکەمەوە.. کە وابێ من هەم))، لە کۆتایی ئەم گومانەشیدا دیکارت گەیشتە ئەوەی کە هەموو یەکێ لە ئێمە:

١- ڕۆح یان ئەقڵێکی بیرکردنەوەی هەیە. ٢- جەستەیەکی مادی هەیە کە لە ڕێگەیەوە بیرکردنەوە ئەقڵیەکەی پێ دەخاتەڕوو، واتە بیرکردنەوەی ئەقڵیمە دەیسەلمێنێ کە من هەم و ئەقڵ بە تەنیا زانیارییەکانم پێ دەبەخشێ سەبارەت بە جەستە و جەستەم تەنیا ئامێرێکە کە ئەم بوونەی من و ئەم ئەقڵەی منی هەڵگرتووە.. ئەم بۆچوونە فەلسەفییە دوولایەنە (ڕۆح و جەستە)یەی دیکارت کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لە فەلسەفەی نوێی ئەوروپاو ڕەنگدانەوەی لە شۆڕشی فەرەنسادا (١٧٨٩) لە سست کردنی بیرۆکەی (جەستەیەکی کۆمەڵایەتی) و هێنانە ئارای بۆچوونی تاکڕەوی وەک فاکتەرێکی دیار بنەمای بۆ هەردوو بۆچوونی (مادی و ئایدیالی) داڕشت لەوەی ماددییەکان جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە ئەقڵ پێکهاتووە لە بەشێك لە جەستەو جیهانیش بریتیە لە جەستەیەکی بێ عەقڵ یان بێ ڕۆح، ئایدیالیەکانیش هەردەم سوور بوون لەسەر ئەوەی جەستە پێکهاتووە لە بەشێك لە ئەقڵ یان ڕۆح، جیهانیش بریتیە لە ئەقڵ یان ڕۆحێکی بێ جەستە.. زانستی نوێ دەریخستوە کە هەریەکە لە جەستەو ئەقڵ.. مادەو وزە لە چەند بوونێکی لە یەکترجوودا پێکهاتووە بەڵکو بریتین لە چەند دیمەن و ڕوخساری لە یەکتر جیاوازی یەك بوون، یەك بوونەوەر، ئایدۆلۆژیەتی سەرمایەداریش بەردەوام سوور بووە لەسەر ئەوەی کە پیاو دەسەلاتدارو خاوەن ئەقڵە.. ئافرەتیش بێ دەسەلات و خاوەن جەستەیە، بێگومان سەرجەم بیرکردنەوەی نوێخواز و زانستیەکانیش جەختیان لە سەر ئەوە کردووە و هەردەم داوا دەکەن بە چاوی یەکسانی بڕوانن نێرومێ چونکە ئافرەت و پیاو بریتین لە دوو شێوە و ڕوخساری لەیەك جوودای یەك بوونەوەر کە ئەویش مرۆڤە و بە هەبوونی ئەقڵ و توانای بیرکردنەوەی باڵادەست بووە بەسەر بوونەوەرەکانی تردا و بە هەبوونی مولك و توانای سەرمایەی مافی بێ سەرمایەکان زەوت دەکات، وەك لە شۆڕشی فەرەنسادا تاك و خۆی وەك بوونەوەرو پێشەوایەك بینی کە خاوەنی مافی تایبەتی خۆیەتی و پێویستە تاك سەربەخۆ بێت، ئەو تاکەی لە ڕێگەی جەستەیەوە دەتوانێ پەیوەندی بە جەستەی کۆمەڵەوە بکات کە وەك دیکارت باسی دەکات ئەو جەستەیەی هزروبیری منی هەڵگرتووە و لە ڕێگەیەوە هەست بە جەستەیەکی تردەکات و پێویستە ناسنامەی تایبەت بە خۆی هەبێ لە نێو (جەستەیەکی کۆمەڵایەتیدا).. دەرکەوتنی ئەم بیرۆکەو بۆچوونەی تاکڕەوی وەك هۆکارەکانی تر پاڵنەرێك بوو بۆ دوورکەوتنەوەی تاکەکان لە پەیوەستیە کۆمەڵایەتیەکان و لێك ترازانی پەیوەندییەکانی نێو خێزان، لە بەر ئەوەی چۆنیەتی پەیوەستە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر پەیوەندی ئەندامانی خێزان ڕەنگ دەداتەوەو وەك (مۆرگان) دەڵێ: ((خێزان پەیڕەوێکی کاریگەرە، بە سستی یان

وەستاوی نابینرێت بەڵکو پێ بە پێی کۆمەڵ لە پلەی نزمەوە بۆ پلەی بالاتر پێشدەکەوێت و هەنگاو دەنێت..)) کەواتە هەموو گۆڕانێکی پەیوەندییەکانی ئەندامانی خێزان لەگەڵ یەکدا بە هۆی گۆڕانی پەیوەستی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ ڕوودەدات، هەتا چەوساندنەوە و زەبر و ململانێی تووند لە پەیوەندی نێو تاکەکانی کۆمەڵدا بەدی بکرێت پچڕان و لێکترازانی ئەندامانی خێزان دەردەکەوێت و زیاتر دەبێت، بۆ نموونە لە وڵاتە سەرمایەدارەکانی ئەورووپا و ئەمەریکادا شیرازەی خێزان هەڵوەشاوەیە، بۆشاییەکی گەورە هەیە لە نێو تاک و دەوروبەرەکەیدا، پەیوەندی ئافرەت و پیاویشیان تین و گەرمییەکەی ڕۆمیۆ و جۆلێتی نییە و لەوە دەچێ هەست و سۆزەکانیان مەبەستدار و دروست کراوە بن نەک سروشتی! هۆکاری لێکترازانی خێزان لەو وڵاتانەدا دەگەڕێتەوە بۆ:

١. داڕمانی ئابووری..

٢. بڵاو بوونەوەی بۆچوونی تاکڕەوی و بوونخوازی (وجودية) لە نێو خاوەن بیرەکانیاندا..

٣. ناهەمواریی بارودۆخی سیاسی لە هەڵایسانی جەنگی دووەمی جیهانی و ئاسەوارەکانیشی لە نامۆبوون و ڕەشبینی و نائومێدی تاکەکان و یاخی بوونیان لە هیوا و ژیان و پەنا بردنیان بۆ بەهەشتی خەیاڵ و یۆتۆبیای واقیعێ بۆنی یاساو سەپاندنی بڕیاری لێوە نەیەت کە ئەمانەش چەند دیاردەیەکیان هێنایەگۆڕ وەک دادایزم و سوریالیزم لە ئەدەب و هونەردا و دیسکۆ و ڕۆک لە مۆسیقا و گۆرانیدا و بەرەڵایی و تلیاك و هیرۆین کێشانی هیپی و گێژەشێوێنەکانی نێو شەقام و کوچەو باڕەکان..

ئەم دیاردانە لە لایەن پیاوانی دەوڵەت و سەرمایەدارەکان قۆزرایەوە بۆ قازانجی بانك و سەرمایەکانیان لەبەرئەوە دەستیاندایە بازرگانی کردن بە تلیاك و هونەرو بەرەڵاییانەوە هەروەکو قۆستنەوەی سەربەخۆیی ئافرەتەکانیان..

یەکسان بوونی ئافرەتی وڵاتە پێشکەوتووە سەرمایەدارەکان بە پیاو لە ئاستی ماڵ و پیشەیی و مەدەنی و سێکس کە لە لایەن (شارل فۆریە) ئاماژەی بۆکرابوو و لە تەك بۆچوونە نوێخوازەکانی تردا بوونە پاڵپشتی ئافرەتەکانیان هەتا بکەونەخۆ و توانیان چەندان بزوتنەوە و چالاکی بنوێنن، بەشداری بەرهەمهێنان بکەن و هاوبەشی بکەن لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری، بەرامبەر ئەمەش یەکسان بوونیان بە پیاو لە مافەکانداو تا ڕادەیەك سەربەخۆیش دەستەبەر بکەن، کارپێکردنی ئەم سەربەخۆیی و یەکسان بوونەی بە پیاو ئەوە وەگەیەنێ کە ئافرەت و پیاویان بە یەکتر نامۆنین، دەرگای دیالۆگ و یەکتر ناسینیان بۆ والایە و لە مومارەسەکردنی پەیوەندییە سۆزداریيەکان و لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیاندا سەربەستن پێش بنیادنانی خێزان، ئەمەش لە گشت ڕوویەکەوە بارو حاڵەتێکی ئیجابیە و مافێکی سروشتی مرۆڤە ئەگەرچی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سەربەستی دیالۆگ و یەکتر ناسینی کچ و کوڕەکان دەکەوێتە دوای بە یەکگەیشتنیان و لەگەڵ پێکەوەنانی خێزانەکەیاندا شارەزای یەکتر دەبن و گوزارشت لە خۆیان دەکەن، چونکە تەنیا پێکەوەنانی خێزان لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەبێتە یەکەمین هەنگاو بۆ قوۆڵ بوونەوەی پەیوەندی ژن و پیاو و تێگەیشتنیان لە یەکتر، لەبەر ئەوە سەیر نییە زۆرجار پەیوەندییە سۆزداریيەکانیان تووشی کەم و کورتی دێن و دەبێتە پەیوەندییەکی دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات کە بە هۆی تێنەگەیشتنی هەریەکەیانە لە ئافرەت و لە پیاو و لە یەکتری و لە ماناو بەهای سۆزی خۆشەویستی بە مانا مرۆڤایەتیەکەی، هەروەها لە ئەنجامی ئەو ترس و دڵەڕاوکێ و کەم و کورتییەی ئابلۆقەی خۆیان و پرۆسەی خۆشەویستیەکەی داوون و دواتر دەبێتە گرفتێکی گەورە و کێشەی جۆراوجۆری لێ دەبێتەوە، کە لە

راستیدا گرفت و کێشەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە بیرو بۆچوونی کچ و کوڕ و ژن و پیاوەکانی ئێمەدایە، چونکە سێکس لە بۆچوونی زۆربەیاندا بووە بە ئامانجی خۆشەویستی و دوا قۆناغی خۆشەویستی، لە کاتێکدا خۆشەویستی پرۆسەیەك نییە کۆتایی هەبێت، بەڵکو پرۆسەیەکی پێرۆزی بێ کۆتاییە و ئەگەر هەست و سۆز بێ و بەرزترینی تواناکانمان بێ وئەگەر هێزێکی گەورەی لە سەرو ئیرادەمانەوە بێ.. پێش هەموو شتێك ماناو بوونی خۆمان دەبەخشێ، چونکە لە خۆشەویستیدا مرۆڤ بوون و بەهای خودی خۆی لە بوونێکی ترو لە بوونی کەسێکی تردا دەدۆزێتەوە، کەسێك خۆشەویستی سەرکەوتوو دەبینێ و دەستەبەری دەکات کە لە ماناو بەها بااڵکەی تێ دەگات و هەموو شتێ دەخاتە پێناو مانەوەی، ئەوە دەسگیری دەکات کە سێکس وەك شێوازێك لە شێوازەکانی دەربڕینی خۆشەویستی دەبینێ نەوەك خۆشەویستی لە خزمەتی سێکسدا بخاتەگەڕو بەهاو ماناکەی بشێوێنێ و خۆشەویستی و ڕێزی خۆی و بەرامبەرەکەشی لە دەست بدات، هەروەك (ئنجلز) لە وتەیەکی جواندا نیشانەی پێ دەدات کە: ((هەموو پەیوەندییەکی نێرومێ لە دەرەوەی خۆشەویستیدا جۆرێکە لە سۆزانییەت..))، لەبەر ئەوەی یەکێك لە هۆکانی دابڕانی ژن و پیاوەکانی ئێمەو تێکچوونی شیرازەی خێزانەکانی ئێمە ئەوەیە خۆشەویستی دەخرێتە پێناو و خزمەتی سێکسەوە.. ئەگەرچی ئەم هۆیە کاریگەرییەکی سەرەکییە لە پەیوەندی ژن و پیاوی وڵاتە پێشکەوتووە سەرەایەدارەکان دا کە سەرەڕای سەربەخۆیی و یەکسان بوونی ژن و پیاویان لە زۆر ڕووەوە بە یەکتر.. تێڕ بوونی سێکس دەبێتە فاکتەرێکی ترو لەگەڵ ئەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەمان بۆکردن یەکانگیر دەبێتەوە لەبەر ئەوەی پیرۆزی و ڕێزی دەسەاڵتی کۆمەڵ لە هەزرو و بۆچوونی تاکەکاندا لە ناوچووە و ئایدۆلۆژییەتی کۆمەڵ دەوری نەماوە، ئەم دابڕانی پەیوەستییەی تاکەکانی کۆمەڵیش لە یەکتر کاریگەرییەکی بەهێزە بۆ دابڕانی پەیوەندی و ئەندامانی خێزان لە یەکتر، بۆ نەمانی ڕێزو پیرۆزی خێزان و کەمبوونەوەی ڕێزو خۆشەویستی ژن و پیاویان بۆ یەکتری، ئەمەش وا دەکات لەسەر بنەڕەتی هەستە سۆزدارییەکانیانەوە تەماشای بنیادنانی خێزان نەکەن و ڕێزو خۆشەویستی نەبێتە هۆی پێکەوەنانی خێزان، بەڵکو لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییە مادییەکان و تێڕبوونیان لە ڕووی سێکسەوە بە گرنگ بزانن، دوور نییە ئەم بایەخ پێدانەشیان دەرەنجامی تاقیکردنەوەی تیۆری و بۆچوونەکانی (فرۆید) نەبێ لەوەی کە دەڵێ: ((تێر نەکردنی غەریزەی سێکس سەرچاوەی هەموو نەخۆشییەکی دەروونییەو هۆکاری تووندو تیژی تاکە لە کۆمەڵدا..))، دیارە جێ بەجێ کردنی ئەم بۆچوونەش بە ئەو شێوازەی ئایدۆلۆژیەتی سەرمایەداری بانگەشەی بۆ دەکات پەیوەندی سروشتی نێوان ئافرەت و پیاوی لەبیر بردونەتەوە و نەك هەر تووشی نەخۆشی دەروونی نەهاتوون بگرە هەموو بە دەست نامۆبوون و نیگەرانییەوە دەناڵێنن و هەتا دڵنیا نەبن لەوەی دەمانچەکەیان لەژێر سەرینیانە ناخەون..

ئایدۆلۆژیەتی سەرمایەداری بە توانا و زەبرو هێزی سەرمایە گشت کون و کەلەبەرێکی ژیانی تاك و کۆمەڵی کۆنترۆڵ کردووە بە جۆرێ سەربەخۆیی ئارەزووە سۆزدارییەکان و پەیوەندییە سێکسیەکانیشی بە خۆیەوەو بە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە پەیوەست کردووە، ئامانجی بیرو ویستی تاکەکانی بەرەو ژیانێکی ڕووکەشانە دەبات کە بەردەوام لە گوتارەکانیدا بانگەشەی بۆ دەکات و چاو لە دەرەنجامە نێگەتیڤەکان دەپۆشێ و لەوەی بەها مرۆڤیەکان دەخاتە ژێر پێیەوە، جەستەی تاکەکانی کۆمەڵی کردۆتە کاڵاو ئامێرێك و بە مەبەستی بازرگانی و دەستکەوتە مادییەکانی

بەکاریان دەهێنێ، بە تایبەت جەستەی ئافرەت کە باشترین دەسکەوتی لە دووایەو باشترین ئامێری بەکاربردنە لە لایەن دەزگا جیاوازەکانی راگەیاندن و بڵاوکردنەوە.. لە گۆڤار و شاشەکانی تەلەفزیۆنی و سینەماوە.. زۆربەی ئافرەتەکانیان بوونەتە کەرەستەیەکی هەرزانی بێنرخی زۆر لە کۆیلە خراپتر و سووکتر لە پێناو خزمەت کردنی پیاوو دامرکاندنەوەی ئارەزووە هێستریەکانی بەو بیانوو و بڕوایەی گوایە خواست و ویستی مرۆڤی هاوچەرخ ئەو فیلم و پڕوپاگەندە پڕ لە سووکایەتی و نازانستیانەیە کە باس لە سادییەت و ماسۆشیەت و لادانی سێکسی دەکەن و لە ڕێگەیەوە بەهەشتی ونبوو لەسەر ئەم زەمینە دۆزەخە دەدۆزنەوە، کە لە ڕاستیدا هەمووی بۆ پڕکردنی بانکەکانیانە و بۆ چەواشە کردنی بیری مرۆڤ و تێکدانی کەلەپووری مرۆڤایەتی و سروشتی مرۆڤ خۆیەتی، چاندنی رۆحی تەسلیم بوون و مل کەچ کردنە لە ناخی تاکەکاندا لەبەردەم هێزی سەرمایەو ژیانی ئالۆزو سەخت و دژواری سەردەمدا، بزرکردنی هەموو ئەو کلتوورانەیە کە رۆحی تەبایی و هاوکاری و یارمەتی تاکەکان لە کۆمەڵدا دەڕووخێنێ و هەموو تاکێ.. هەموو مرۆڤێ تووشی کێشەی بزربوونی خودی خۆی دەکات لە نێوان بەختیاری و نیگەرانیدا و بەردەوام ململانێیان لەگەڵ بکات، پرۆسەی خۆشەویستی لەنێو دڵڕەقی و ستەمکاریدا نمایش دەکات، ئایدۆلۆژییەتی سەرمایەداری کۆلۆنیکارە و ئەمڕۆ لە هەموو کاتێ زیاتر بۆچوونە رەگەز پەرستیەکان زیندوو دەکاتەوە و هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی ئەقڵیەتی مرۆڤایەتی سەردەم دەدات هەتا سەرجەم کۆمەڵگەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، وەک چۆن داهێنراوە مادییەکانی بالا دەست کردووە بەسەر داهێنراوە ئەقڵی و ڕۆحیەکاندا ئاواش دەیەوێ گشت خوونەریتە سۆسیۆلۆژی و نرخ و بەها سروشتیەکانی مرۆڤایەتی لە بەرژەوەندی خۆیدا بخاتە ژێر پێیەوە، باشترین بەلگەش پێشکەوتنی بواری چەکسازییەتی کەلە هەلایسانی جەنگی وڵاتانی تردا تاقییان دەکاتەوە و ملیۆنەها بێ دەسەلات و بێ سەرمایە دەکاتە قوربانی تاقیکردنەوە و خستنەڕووی تواناکانی.. بەڕای من بۆ ئەوەی ئافرەتانی وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری لە نامۆ بوون ڕزگاریان بێت باشتر وایە بۆچوونەکەی فەیلەسوفی ئەڵمانی (ڕایش) بسەلمێنن کە وتوویەتی: ((بەشداری کردن لە بەرهەمهێنان و ڕزگار بوون لە چەوساندنەوەی ڕژێمی سەرمایەداری دوو قۆناغ و هەنگاوی سەرەکین بۆ ڕزگار بوونی ئافرەت..)) واتە ڕزگار بوونیان لە سووکایەتی پێ کردن، لە تێڕوانینی جەستەیی و ئامێریانە بۆیان، لە بەکارهێنانیان وەک کالایەکی سەرەکی پڕوپاگەندەکان.. چونکە پڕوپاگەندە کە بۆرای خەڵەتاندن و هونەری لە خشتە بردنە داری دەستی سەرمایەدارەکان و گرنگترین بواری راگەیاندنی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆیە و لە هەموو بوارێکیش زیاتر جەستەی کۆنترۆڵ کردووە وەک بابەت و کالاو و ڕێباز و شێوازێک بۆ فرۆشتنی مەبەستی خۆیان و ئامێرەکانیان بەکاری دێنن کە ئەمەش هۆکارێکی بەهێزە بۆ نامۆکردنی ئەقڵ و جەستەی مرۆڤ..

دووپات کردنەوەی ئەو بۆچوونانەی دەڵێن: (ئافرەت بێ دەسەلاتە.. ناقیسولئەقڵە.. زەعیفەیە..) تا ئەمڕۆش دەووترێنەوە و بەرپەچدانەوەی لە لایەن ئێمەی کچ و ژنی کوردەوە لاوەکی و ساکارە و نەگەیشتوینەتە بنەبڕکردن و سڕینەوەیان چونکە زۆربەمان لە ژێر کاریگەریدان و خۆمان کاریگەرنین، ئەمەش وادەکات بۆچوونەکان ڕاست بن و بێدەسەلات و زەعیفە بین، لە نێو زۆربەی خێزانەکاندا هەموو گوێڕایەڵ و ملکەچ و کەیبانووین، وێڕای خوێندن و دەست بەکاری هەندێکمان لە دەزگاکاندا کە هەندێکی ترمان لەم مافە ڕەوایەش بێبەشین هێشتا ڕۆڵ و ئامادەگیمان سست و لاوازە.. چونکە ژمارەیەک.. کۆمەڵێک کەم و

کۆڕیمان هەیەو هێشتا چارەسەرمان نەکردوون، لەبەر ئەوەشە تا ئێستا نەمانتوانیوە رێگا چارەیەك بۆ ئەو کێشانە بدۆزینەوە کە ساڵەهای ساڵە بەڕۆکی گرتووین، لاوازی دەورو ڕۆڵی ئێمە بە هۆی ئەو کەموکۆڕیانەوەیە کە لێرەدا هەندێکیان دیاری دەکەین..

١. نەزانین و تێنەگەیشتن، بەشێکی زۆرمان هێشتا کە شارەزای مەسەلەکەی خۆمان نین و ئاستی ڕۆشنبیریمان هێندە نزمەکە نازانین لە پێناوی چیدا دەچەوسێینەوە و مافی ڕەوای سروشتی خۆمان چییە ! بێگومان ئەم نەزانینەشمان لە بەرژەوەندی چەوسێنەرەکانماندایە وە ئەگەر ئەوانیش ئاستی ڕۆشنبیرییەکی بەرزیان هەبوایە دەیانزانی کە چەوساندنەوەی دایك و خوشك و دەزگیران و ژن و کچەکەی مانای چەوساندنەوەی خۆیانە و نەبوونی یەکسانی خۆیانە و بەڵگەی نەشارەزایی خۆشیانە لە مەسەلەکانیان..

٢. بێبڕوایی، ئەو ترس و ڕاڕاییەی یەخەی زۆربەمانی گرتووە بە هۆی نەبوونی بڕوای خۆمانە بە توانا و بیرو بۆچوونەکانمان، ئەوەندەی بەرگەی چەوساندنەوەو جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی بڕوامان پێ نین و زەلیل بوون دەگرین.. هێندە بەرگەی ڕووبەڕووبوونەوەو ڕەتکردنەوەیان ناگرین ئەوەندەش بە دوای یەکسانی خۆمان و چۆنیەتی هێنانەدی ناگەڕێین، لە لایەکی تریشەوە ئەوەندەی گوێ بۆ ڕاو بۆچوونەکانی دەوروبەر شل دەکەین ئەوەندە بە ڕاوبۆچوونەکانی خۆماندا ناچینەوە و توانای ئەقڵیمان هێندە ناخەینە کار تا ترس و ڕاڕاییەکەی خۆمان نەڕێڵین..

٣. نەبوونی یەکگرتن و هاوکاری، لەگەڵ ئەوەی هەموومان لە چەوساندنەوەو بێزارییەکان هاوبەشین و هاوخەمین کەچی بۆ ڕزگار بوونمان و بۆ چارەسەری خەم و گرفتەکانمان پێکەوە هەوڵنادەین و هەموو پشتی یەکتری ناگرین. و یاریدەی یەکتر نادەین..

٤. چاو لێکەری، بەشێکی زۆری ئافرەتەکانمان بوونەتە کۆیلە و ملکەچی مۆدێلی کەرەستە جیاوازەکان و هەڵسوکەوتە نادروستەکان و جیاواز بە بیر و باوەڕیان، خۆزگە هێندەی دیقەت لە بەرکارهێنانی چۆنیەتی جل و بەرگ پۆشین و بۆیاخ کردنی داو و دەرمانەکان دەدەن هێندەش سەرنجیان لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانیان بدایە، کاشکای ئەوەندەی جۆری کەرەستەکان و ژمارەی گۆرانی و فیلمە عەرەبی و بیانییەکان دەناسن و دەزانن ئەوەندەش کێشەو نەهامەتیەکانی خۆیان و کۆمەڵی کوردی خۆیان دەناسی و دەزانی هەتا وەك وڵاتە عەرەبی و بیانییەکان ببینە خاوەن خاك و ناسنامەی تایبەت بە خۆمان..

٥. ڕاکردن لە دەسەڵات، لە زەبرو دەسەڵاتی باوك و برا هەڵدێین، لە تاقیکردنەوەو سەلماندنی دەسەڵاتی خۆمان و لە تواناو دەسەڵاتی ئەقڵ و بیرکردنەوەمان و لە دۆزینەوەی ناسنامەو چارەسەری دروست و گونجاوی کێشەکانمان هەڵدێین.. بەڵام بەرەو ستەم و چەوساندنەوەی مێرد دەچین، بەرەو لاوازی و بێدەسەڵاتی و گێلی و نەفامی و کێشەو گرفتی نوێی تر دەچین، تا وەکو ئازارو خەمەکانی داپیرە و دایکمان بچێژینەوە و کچەکانمانی لەسەر پەروەردە بکەین، لە زۆربەی ڕاستییەکان هەڵدێین و ئاوڕیان لێ نادەینەوە.. بەڵام لە باوەشی نیگەرانی و ملکەچیدا.. لە ئامێزی بێ دەسەڵاتی و زەلیلیدا دەمێنینەوە و لە ژانی دەسەڵاتیان ڕاناکەین..

٦. خۆبە دەستەوەدان و تەسلیم بوون، توانای بیرکردنەوەی ئەقڵیمان کاتێ ڕاست و دروست دەبێ کە مەنتیقیانە لە ژیان تێبگەین و بەڕێوەی ببەین، بەڵام کاتێ پێچەوانەی ئەمانە دەوەستینەوە و کەمتەرخەمی دەکەین و تەمەڵی دەنوێنین ئەوا بێ هەڵوێست دەبین، نەبوونی هەڵوێستی ئیجابیانەشمان

مانای ملکەچی و تەسلیم بوونمان دەبەخشێ، واتە کێشەکانمان وەک خۆیان دەمێننەوە.. وەک کێشەی:

(١) هەڵبژاردن.. کێشەیەکی سەرەکییەو لە زۆربەی قۆناغ و بوارەکانی ژیانماندا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، وەک ئەوەی مافی هەڵبژاردنمان نییە.. توانای هەڵبژاردنیشمان لاوازە، چ لە ڕووی خوێندن یان کارکردن یان شوو کردن، لەبەردەم هەر یەکێک لەم بوارانەدا ئێمەی کچان و ژنان دەچەوسێینەوە، خۆ ئەگەر لە هەڵبژاردنیشدا سەربەست کراین ئەوا زۆرجار خۆمان ستەم لە خۆمان دەکەین بەوەی تەواو نازانین لایەنە باش و خراپەکانی ئەو بوارە یەکالا بکەینەوە تا بەو پەڕی بڕواوە هەڵیبژێرین..

(٢) کەسایەتی و دۆزینەوەی ناسنامە.. هەموو لە ململانێی بەردەوامداین بەرامبەر ئایدۆلۆژیەتی کۆمەڵ و ئەو پێوەرەی کۆمەڵ بۆ ئێمەی دادەنێ سەبارەت بە کەسایەتیمان کە لە ڕووی جل و بەرگ و هەڵسوکەوت و پلەو پایەی کۆمەڵایەتیمانەوە تەماشا دەکرێ، بێگومان دامەزراندنی کەسایەتیەکی تایبەت بە خۆمان پەیوەستە بە تێگەیشتنی خۆمان لە کەسایەتی و لە چۆنیەتی ئەو بەرگەی دەیپۆشین و ئەو هەڵسوکەوتانەی دەیانوێنین لە نێو ئەو دەوروبەرەی تیایدا دەژین، واتە دەبێت شارەزای خۆمان و دەروبەرەکەمان بین و ئەم خاڵانەش لەبەرچاو بگرین:

١) کۆمەڵ چ جۆرە کەسایەتیەک پەسەند دەکات!

٢) هەڵوێستی خۆمان چۆنە بەرامبەر ئەو کەسایەتیەی دروستی دەکەین و تا چ ڕادەیەک پارێزگاری لە بڕوا و بۆچوون و هەڵوێستەکانمان دەکەین..!

٣) دڵنیا بین لەوەی کۆمەڵ تا چ ڕادەیەک بڕوا بە کەسایەتیمان دەکات و دانی پێدا دەنێ!

٤) دەبێ چاک بزانین کە ناتوانین کەسایەتیەکی تایبەت بە خۆمان دابمەزرێنین هەتا سەرجەم کەموکوڕییەکانمان چارەسەر و بنەبڕ نەکەین..

بۆ چارەسەری گرفت و کێشەکانمان دەبێ ورەیەکی شۆڕشگێڕانەمان هەبێ، چونکە خستنەڕووی کەموکوڕی و کێشەکان بە تەنیا نامانگەیەنێتە چارەسەر، بەڵکو دەبێ بە هەموو توانا ئەقڵی و جەستەیەکانمانەوە لە پێناویدا بجووڵێین و بجەنگین و لە پێشەیان دەربێنین و کەمتەرخەمی نەکەین، لەبەر ئەوەی لاوازی و سستیمان لە نواندنی چالاکیەکانمان وای کردووە خۆمان بە پلەی یەکەم بەرپرسیاری چارەنووسی دژواری خۆمان بین و هەروەک (دانیال)یش دەڵێ: ((لەو مرۆڤە بێدەسەڵات تر نییە کە نەتوانێ نرخ و بەهای خۆی بەرز بکاتەوە..)).. بۆ چارەسەر و کەمکردنەوەو نەهێشتنی کێشەکانمان پێویستە:

١. پارێزگاری لە بەهاو ڕێزی خۆمان بکەین و بەچاوی ڕێزەوە بڕوانینە بەرامبەرەکانمان و کۆمەڵ.. چونکە ڕێزگرتنی ئەوان مانای بوونی ڕێزی خۆمان دەبەخشێ..

٢. بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانیاریمان.. چونکە کەسی نارۆشنبیر و کۆمەڵی نارۆشنبیران وەک باڵندەیەکن باڵەکانی لەکارکەوتبن و توانای فڕینی نەبێ و هەردەم دەبێتە نێچیرێکی ئاسان.. وەک داڕێکی لە ڕەگ هەڵکێشراون وردە وردە وشک بێتەوەو ببێتە سووتەمەنیەک کەسانیتر بیسووتێنن و سوودی لێ وەرگرن، لەم سەردەمەشدا کە لە ژێر کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی جیهاندا دەژین و ڕووبەڕووی کێشە جۆراوجۆرەکان دەبینەوە کە ژیانمان ئاڵۆز دەکات و ئامانجەکانیشمان ئاڵۆز و نادیار دەکات بۆ ئەوەش کە نەکەوین و نەچەقین دەبێ توانای تێگەیشتنمان زۆربێ و ئاستی ڕۆشنبیریمان لەگەڵ گۆڕانەکاندا بگۆڕین و بگونجێنین، بەڵام گۆڕانێک کە تێهەڵکێشی

زنجیرەی گۆڕانـە مێژوویـیـەکانی کۆمەڵەکـەی خۆمـان بێـت، واتـە دەبـێ ئاستی رۆشـنبیریمان لـە ژیـانی کۆمەڵەکەمانـەوە هـەڵقوڵابێ و گۆڕانـەکانیش لەگـەڵ شـوێن و دەوروبـەرو سـەردەمەکەماندا بگونجـێ، زانینمـان لـە هـەموو بوارەکـاندا هـەبێ و ئاگـاداری دیاردەکان بین..

٣. خستنە گەڕی تواناکانمان و چالاك بوونمان.. وەك (سپێنۆزا) دەڵێ: ((ئێمە پلەیەکین لە دەسەڵات، دەسەڵاتی ئێمە واتا بوونی ئێمـە، بوونـی ئێمـەش لـە چالاکیەکانماندایە.. بۆ ئەوەی ئازاد بین دەبـێ چـالاك بین، دەبێ رێژەی دەسەڵاتمان زیاد بکەین..)) کەواتە چـالاك بوونمـان دەسـەڵاتمان پـێ دەبەخشـێ.. هـەر کاتیش دەسەڵاتمان هەبوو، تواناو چالاکیمـان هـەبوو ئـازاد دەبـین و لـە جووداگـەری و لـە سـتەم رزگـار دەبین، بۆ ئەوەی لە نـامۆبوون و کۆیلـەیش دەرچـین باشـترین رێگـا ئەوەیـە هەسـت بـە کۆیلـەیی و بـە ئامێربوونی خۆمان نەکەین بـەڵکو هـەوڵبدەین تواناو هێزی خۆمان بخەینەکار و بوونی خۆمان بسەلمێنین، ئـەویش بـەکردە نـەك بەقسـە.. بـۆ ئـەوەی هـەوڵی خولقاندنی بیرو بۆچوونێکـی دروسـت و ڕاسـتەقینەی نوێ بدەین بە خۆمان و بـیرو بۆچوونـە نامرۆڤیـەکان بسڕینەوە لە ئایدۆلۆژیەتی کۆمەڵگەکاندا..

٤. چارەسەری کێشەکان و گۆڕانـی ژیانمـان بـە هـۆی گۆڕانـی خۆمانـەوە دێتـە ئـاراوە، ئـەویش بـە گۆڕانـی ڕەگ و ریشـەیی لـە شـێوازی بیرکردنـەوەو هەڵسوکەوتەکانماندا.. ئەگەر ناو ئەگـەر پشـت گوێـی بخەین ئەوا تـێڕوانینی تـەنیا جەسـتەیی بەسـەرماندا زاڵ دەبـێ و بمانـەوێ و نەمانـەوێ بـەردەوام و بـۆ هەتایی بێ عەقڵ و ژێـر دەسـتە دەبـین لـە روانگـەی پیاو و کۆمەڵدا.. لەبەرئەوە با بکەوینە خۆ و ئـەقڵ و بیرکردنەوەکانمان بە زانین و زانسـتی ڕەنگـاو ڕەنـگ بڕازێنینـەوە و لـە تـەك بایـەخ و بـەهای جەسـتەماندا جوانی و نرخێك بە خۆمـان ببەخشـین کـە کـەم وێنـە بێ..

دووا تر دەبێ بـەو بۆچوونانـەدا بچینـەوە کـە وەك ڕێنیشاندەرێکن بۆمـان و لایـەنی مرۆڤایـەتی دەگـرن وەك: ((هۆکـاری دووا کـەوتنی ئافرەتـان پیـاوی خۆپەرست و ئـافرەتی لاوازە..)) یـان (غـاندی) کـە دەڵێ: ((تەنگ و چەڵەمـەی هیـچ وڵاتێـك بـە تـەواوی لەناو نابرێت بە هـۆی ئافرەتـەوە نـەبێ، برسیەتی و نەخۆشی و نەخوێندەواری دەتوانرێت لـە نـاو ببرێت ئەگـەر ئافرەتـان بـێ وەسـتان ئیشـیان کـرد..))، (ئەدیسۆن)یش دە لێ: ((هیچ شـتێك هێنـدەی پـاکی نرخـی ئـافرەت بـەرز ناکاتـەوە..)) و بـا بـە قسـەی (سوکرات)یش بکەین کە وتوویەتی: ((خۆت بناسە))، وەك وتـراوە ((لـە پشـت هـەموو پیـاوێکی بلیمـەت و سەرکەوتووەوە ئافرەتێك هەیە..)) منیش لەو بڕوایـە دام لـە پشـت هـەموو ئـافرەتێکی بلیمـەت و سـەرکەوتووەوە پیـاوێکی رۆشـنبیر و تێگەیشـتوو هەیە..

سەرچاوەکان..

١. الجسد و الحضارة الغربية المعاصرة/ د.محمد عزيز مخلوف/ المنار ـ ٣٢ ـ ١٩٨٧.
٢. المرأة و الجنس/ د. نوال السعداوي.
٣. أصل العائلة و الملكية الخاصة و الدولة/ انجلز/ منشورات دار النداء للطباعةو النشر.
٤. الجنس الاخر/ سيمون دي بوفوار/ ترجمة لجنة من استاذة الجامعة/ مكتبة الاهلية/ بيروت ١٩٦٦.
٥. النشأ الجنسي و صراع الطبقات/ رايمون رايش/ ترجمة محمد عيتاني.
٦. الابداع في الفن/ قاسم حسين صالح.
٧. علم النفس و التأريخ/ د.ريكان ابراهيم.
٨. المدخل الى علم الانسان/ د.قيس النوري
٩. أعلام الفلاسفة/ هنرى توماس/ ترجمة مترى أمين.
١٠. ئافرەت لە مێژوودا/ د.کمال مەزهەر أحمد.
١١. لەنێو لافـاوی تۆسـیرامدا/ دڵسـۆز/ نوالـە ــ ژ ــ ٣/ ١٩٩١.